میژووی دەوڵەتی عەباسی

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com



منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

نووسینی : محمد سهیل طقوش
وەرگێڕانی: هێمن ئەحمەد

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

www.iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

میژووی دەوڵەتی عەباسی

تأريخ الدوله العباسيه

بلاوکراوەی خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی چوارچرا

زنجیرەی ٤٢٨

ناونیشان / سلێمانی -سەرجنای شەقامی مەولەوی- بەرامبەر پالاس

مۆبایل ئاسیا ٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧ - کۆرەک ٠٧٥٠١١٢٨٢٨٨

Emil: chrachra٨٥@yahoo.com

http://www.facebook.com/chwarchra.chapxanai?ref=tn_tnmn

مێژووی دەوڵەتی عەباسی

تأريخ الدوله العباسيه

نوسینی: محمد سهیل طقوش

وەرگێڕانی: هێمن ئەحمەد

تەنها بەناوی خوای گەورە

ناسنامەی کتێب

- ناوی کتێب بەعەرەبی: (تأريخ الدوله العباسيه)
- نوسینی: د. محمد سهيل طقوش
- ناوی کتێب بەکوردی: (مێژووی دەوڵەتی عەباسی)
- وەرگێڕانی: هێمن ئەحمەد. ژ.م (۰۷۷۰۱۹۷۳۳۰۹)
- پێداچونەوەی: دێرین کامیل
- چاپخانەی: چوارچرا
- نۆرەی چاپ: چاپی یەکەم / ۲۰۱۵
- تیراژ: (۱۰۰۰) دانە
- ژمارەی سپاردنی (۱۲۹۳) ی سالی (۲۰۱۵)ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

پێڕست

پێشکەشە بە..... ---------- ١١
وتەی وەرگێڕ ---------- ١٢
پێشەکی ---------- ١٣
سەردەمی عەباسی یەکەم ---------- ٢٣
سەردەمی بەهێزی و فراوانخوازی و گەشەکردن(١٣٢-٢٣٢ک/٧٥٠-٨٤٧ز) --------- ٢٣
بەندی یەکەم---------- ٢٤
دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی---------- ٢٤
ڕێکخستنی بانگەشەی عەباسی ---------- ٢٤
قۆناغەکانی بانگەشەی عەباسی ---------- ٢٩
بانگەشەکە عەباسی بەدوو قۆناغی گرنگدا تێپەڕبوو:---------- ٢٩
قۆناغی یەکەم موسلیمی خوراسانی: ---------- ٣٣
قۆناغی قوحتوبەی کوڕی شەبیب---------- ٣٦
بەرزبوونەوەی بنەماڵەی عەباس لەدەسەڵاتدا ---------- ٣٨
ڕووکارە گشتیەکانی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی ---------- ٤٢
دابەشکردنی مێژووی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی ---------- ٤٥
سەردەمی عەباسی یەکەم : ١٣٢-٢٣٢ک/٧٥٠-٨٤٧ز ---------- ٤٦
سەردەمی عەباسی دووەم : (٢٣٢-٣٣٤ک/ ٨٤٧-٩٤٦ز)---------- ٤٧
سەردەمی عەباسی سێیەم : ٣٣٤-٤٤٧ک/ ١٠٥٥-٩٤٦ز---------- ٤٩
سەردەمی عەباسی چوارەم : ٤٤٧- ٦٥٦ک/١٠٥٥-١٢٥٨ز ---------- ٥٠
بەندی دووەم---------- ٥٢
نەبو لەعباسی خوێندڕێژ -- نەبو جەعفەری مەنصور ---------- ٥٢
١٣٢-١٣٦ک/٧٥٠-٧٥٤ز---------- ٥٢
ناساندنی نەبو لەعباس ---------- ٥٢
ڕەوشی ناوخۆ لەسەردەمی نەبو لەعباسدا ---------- ٥٤
ڕەوشی دەرەکی لەسەردەمی نەبو لەعباسدا---------- ٥٧
بەرەی ڕۆژهەڵات ---------- ٥٧
بەرەی بێزەنتی---------- ٥٩
وەزارەت لەسەردەمی نەبو لەعباسدا ---------- ٦١
جێنشینێتی -- مەرگی خوێندڕێژ---------- ٦٣
عەبدوڵڵا نەبو جەعفەری مەنسور١٣٦ -١٥٨ک/٧٥٤-٧٧٥ز---------- ٦٤

ناساندنی نەبو جەعفەر ---------- ٦٤
پاشماوەکانی کوشتنی نەبو موسلیم ---------- ٧٤
بزوتنەوەی (سنباد). ---------- ٧٤
چەند بزوتنەوەیەکی تر ---------- ٧٦
پەیوەندی لەگەڵ "طالبی" یەکاندا ---------- ٧٧
سەرهەڵدانی موحەممەدی (النفس الزکیه): ---------- ٧٧
یاخی بوونی ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵلا ---------- ٨٢
ڕەوشی ناو مەغریب ---------- ٨٣
زیندووکردنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی نەمەوی لەئەندەلوسدا ---------- ٨٦
پەیوەندی لە گەل بیزەنتیەکاندا ---------- ٨٩
دروستکردنی شاری بەغداد ---------- ٩١
جێنشینێتی - مەرگی مەنسور ---------- ٩٩
موحەممەدی مەهدی - موسای هادی ---------- ١٠١
نەبو عەبدوڵلای موحەممەدی مەهدی ١٥٨-١٦٩ن /٧٧٥-٧٨٥ز ---------- ١٠١
ناساندنی مەهدی ---------- ١٠١
ڕەوشی ناوخۆ لەسەردەمی (مەهدی)دا ---------- ١٠٢
چاکسازیەکانی مەهدی ---------- ١٠٢
ئەو بزوتنەوانەی کە دژ بە عەباسیەکان بوون لەسەردەمی مەهدیدا ---------- ١٠٤
بزوتنەوەی زەندیقەکان: ---------- ١٠٤
بزوتنەوەی (المقنع - رووپۆشراو) () : ١٥٩-١٦١ن/٧٧٦-٧٧٨ز ---------- ١٠٧
چەند بزوتنەوەیەکی جیاواز ---------- ١٠٨
پەیوەندییە دەرەکیەکان لە سەردەمی مەهدیدا ---------- ١٠٩
پەیوەندی لەگەڵ نەمەویەکاندا لە ئەندەلوس ---------- ١٠٩
پەیوەندی لەگەڵ بیزەنتیەکاندا ---------- ١١٢
وەزارەت لە سەردەمی (مەهدی)دا: ---------- ١١٦
جێنیشینێتی - مەرگی مەهدی ---------- ١١٧
نەبو موحەممەدی موسالهادی ١٦٠-١٧٠ن/٧٨٥-٧٨٦ز ---------- ١١٧
ناساندنی ئەلهادی ---------- ١١٧
ڕەوشی ناوخۆ لەسەردەمی (ئەلهادی)دا ---------- ١١٨
بەپەندبردنی زەندیقەکان ---------- ١٢٠
جێنشینێتی - مەرگی ئەلهادی ---------- ١٢٠

بەندی چوارەم ---------- ١٢٢
ئەبو جەعفەر (هارون رەشید) ١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٨٠٩ز ---------- ١٢٢
ناساندنی هارون رەشید () ---------- ١٢٢
رەوشی ناوخۆ لەسەردەمی (هارون رەشید)دا ---------- ١٢٤
بزوتنەوەی خەواریجەکان ---------- ١٢٦
پەشێوی لە وڵاتی شامدا ---------- ١٢٧
پەشێوەی لە ئەفریقیادا ---------- ١٢٧
پەشێوی لە رۆژهەڵاتدا ---------- ١٢٨
پەیوەندییە دەرکییەکان لەسەردەمی (هارون رەشید)دا ---------- ١٣٥
پەیوەندی لەگەڵ بیزەنتیەکاندا ---------- ١٣٥
پەیوەندی لەگەڵ فەرەنجەکاندا (دانیشتوانی ئۆرپا) ---------- ١٤٠
پاڵنەرەکانی هارون رەشید: ---------- ١٤٣
پاڵنەرەکانی شارلەمان ---------- ١٤٣
جێنشینێتی - مەرگی هارون رەشید ---------- ١٤٧
بەندی پێنجەم ---------- ١٤٩
موحەمەدی ئەمین - عەبدوڵلای مەئمون ---------- ١٤٩
ئەبوموسای موحەمەدی ئەمین ١٩٣-١٩٨ ك / ٨٠٩-٨١٣ ز ---------- ١٤٩
ناساندنی ئەمین ---------- ١٤٩
هۆکارەکانی ململانێی نێوان ئەمین و مەئمون ---------- ١٤٩
قۆناغی ململانێی ئەمین و مەئمون ---------- ١٥٤
قۆناغی دانوستان ---------- ١٥٤
قۆناغی یەکلایی کردنەوەی سەربازی ---------- ١٥٦
ئەبو جەعفەری عەبدوڵلای مەئمون ١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٣ز ---------- ١٥٩
ناساندنی مەئمون ---------- ١٥٩
رەوشی ناوخۆ لەسەردەمی (مەئمون)دا ---------- ١٥٩
رەوشی ناو بەغداد لەسەرەتای سەردەمی (مەئمون)دا ---------- ١٥٩
بەیعەتدان بە (علی الرضا) ---------- ١٦١
بەسەرهاتەکانی گەڕانەوە بۆ بەغداد ---------- ١٦٣
بزوتنەوەکانی دژە دەوڵەت ---------- ١٦٦
بزوتنەوەی ئەبو لسەرایا ---------- ١٦٦
بزوتنەوەی موحەممەدی کوڕی جەعفەر(الصادق) ---------- ١٦٨

بزوتنەوەی (الزط) ---------- ۱۷۰
پەشێوی لە میسر ---------- ۱۷۰
بزوتنەوەی بابەکی خورەمی ---------- ۱۷۱
زانست لە سەردەمی (مەهدی)دا ---------- ۱۷۵
پەیوەندییە دەرەکیەکان لە سەردەمی (مەئمون)دا ---------- ۱۷۸
پەیوەندی لەگەڵ (بێزەنتی)یەکاندا ---------- ۱۷۸
بەندی شەشەم ---------- ۱۸۰
موحەممەدی (المعتصم) - هارونی (الواثق) ---------- ۱۸۰
ئەبو ئیسحاق موحەممەدی (المعتصم) ۲۱۸-۲۲۷ك/ ۸۳۳- ۸٤۱ز ---------- ۱۸۰
ناساندنی (المعتصم) ---------- ۱۸۰
رەوشی ناوخۆ لەسەردەمی (المعتصم)دا ---------- ۱۸۱
بزوتنەوەی (طالبي) یەکان ---------- ۱۸۱
بزوتنەوەی (زط) ---------- ۱۸۲
لەناوبردنی بزوتنەوەی بابەك ---------- ۱۸۲
بزوتنەوەی مازیار ---------- ۱۸۵
دەرکەوتنی رەگەزی تورکی ---------- ۱۸۷
لەناوبردنی ئەفشین ---------- ۱۹۰
پەیوەندییە دەرەکیەکان لە سەردەمی (المعتصم)دا ---------- ۱۹۱
پەیوەندی لەگەڵ (بێزەنتی)یەکاندا ---------- ۱۹۱
مەرگی (المعتصم) ---------- ۱۹۶
ئەبو جەعفەری هارون (الواثق) ۲۲۷.۲۳۲ك/۸٤۱.۸٤۷ز ---------- ۱۹۶
ناساندنی (الواثق) ---------- ۱۹۶
رەوشی ناوخۆ لەسەردەمی(الواپق)دا ---------- ۱۹۷
مەرگی(الواثق) ---------- ۱۹۸
سەردەمی عەباسی دووەم ---------- ۱۹۹
سەردەمی دەسەلاتی تورکی ۲۳۲-۳۳٤ك/۸٤۷-۹٤٦ز ---------- ۱۹۹
خەلیفەکانی سەردەمی عەباسی دووەم و ماوەی خیلافەتی هەر یەك لەوان: ---------- ۱۹۹
سروشتی سەردەمی عەباسی دووەم ---------- ۲۰۰
بەندی حەوتم ---------- ۲۰۶
رەوشی ناوخۆی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی ---------- ۲۰۶
ا-پەیوەندی لەگەڵ تورکەکاندا ---------- ۲۰۶

ج . بزوتنەوەی زەنج : (٢٥٥ .٢٧٠ك/٨٦٩ .٨٨٣ز)---------- ٢٢١
سروشتی ئەم بزوتنەوە و ئامانجەکانی ---------- ٢٢١
پاڵنەرەکانی بەدەنگەوە چوونی ئەم بزوتنەوەیە ---------- ٢٢٤
پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتدا - کۆتایی بزوتنەوەکە ---------- ٢٢٨
هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەی زەنج---------- ٢٢٩
د - پەیوەندی لەگەڵ (طالبي)یەکاندا ---------- ٢٣٠
زەیدیەکان ---------- ٢٣٠
(ئیسماعیلی)یەکان---------- ٢٣٢
(قرمطي)یەکان---------- ٢٣٣
دامەزراندنی دەوڵەتی عوبەیدی(فاطمي)---------- ٢٣٧
بەندی هەشتەم---------- ٢٣٨
ڕەوشی ناوخۆی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی ---------- ٢٣٨
دەوڵەتی (صفاری): ٢٩٨.٢٥٤ك/٩١١.٨٦٧ز---------- ٢٤٠
دەوڵەتی سامانی: ٣٨٩.٢٦١ك/٩٩٩.٨٧٤ز---------- ٢٤٤
ناوی میرە سامانیەکان و ماوەی میرنشینی هەر یەک لەوان: ---------- ٢٤٤
دووهەم: پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە جیاخوازەکاندا لە میسر و وڵاتی شامدا---------- ٢٤٨
دەوڵەتی تۆڵۆنی : ٢٩٢.٢٥٤ك/٩٠٥.٨٦٨ز---------- ٢٤٨
ناوی میرە تۆڵۆنیەکان و ماوەی میرنشینی هەریەک لەوان: ---------- ٢٤٨
دامەزراندنی دەوڵەتی تۆڵۆنی ---------- ٢٤٩
پەیوەندی ئەحمەدی کوڕی تۆڵۆن بە خیلافەتی عەباسی ---------- ٢٥١
پەیوەندی خیمارەوەی بە خیلافەتی عەباسی ---------- ٢٥٥
کۆتایی دەوڵەتی تۆڵۆنی ---------- ٢٥٧
دەوڵەتی ئەخشیدی ٣٥٨.٣٢٣ك/٩٦٩.٩٣٥ز---------- ٢٥٩
دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخشیدی---------- ٢٥٩
پەیوەندی ئەخشیدیەکان بە خیلافەتی عەباسی ---------- ٢٦٠
بەندی نۆهەم---------- ٢٦٥
ڕەوشی دەرەکیی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی ---------- ٢٦٥
پەیوەندی لەگەڵ (بێزەنتی)یەکاندا ---------- ٢٦٥
سەردەمی عەباسی سێیەم---------- ٢٧٢
سەردەمی دەسەڵاتی بوەیهی فارسی٤٤٧.٣٣٤ك/١٠٥٥.٩٤٦ز---------- ٢٧٢
خەلیفەکانی سەردەمی عەباسی سێیەم و ماوەی خیلافەتی هەر یەک لەوان:---------- ٢٧٢

بەندی یەیەم ---------- ٢٧٤
خیلافەتی عەباسی و بوەیهیەکان ---------- ٢٧٤
دامەزراندنی دەوڵەتی بوەیهی ---------- ٢٧٤
پەیوەندی خیلافەتی عەباسی بە بوەیهیەکان ---------- ٢٧٨
سەردەمی عەباسی چوارەم ---------- ٢٨٩
سەردەمی دەسەڵاتی سەلجوقی تورکی٦٥٦.٤٤٧ن/١٠٥٥.١٢٥٨ز ---------- ٢٨٩
خیلەکانی سەردەمی عەباسی چوارەم و ماوەی خیلافەتی هەر یەک لەوان: ---------- ٢٨٩
سەردەمی تورکە سەلجوقیەکان ---------- ٢٩٠
سەلجوقیە مەزنەکان لە خۆراسان و ئێران ---------- ٢٩٠
سەلجوقیەکانی عێراق ---------- ٢٩٠
بەندی پانزەهەمین ---------- ٢٩١
کۆتایی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی ---------- ٢٩١
خیلافەتی عەباسی و تورکە سەلجوقیەکان ---------- ٢٩١
دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجوقی ---------- ٢٩١
ڕەوشی ناو بەغداد پێش کشانی سەلجوقیەکان بەرەو ڕۆژئاوا ---------- ٢٩٣
چوونە ناوەوەی سەلجوقیەکان بۆ بەغداد ---------- ٢٩٣
پەیوەندی نێوان خیلافەتی عەباسی و سوڵتانی سەلجوقی ---------- ٢٩٥
قۆناغی کۆتایی لە حوکمی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی ---------- ٣٠٢
دەوڵەتی ئەتابەگی – شامەکان – مەغزلەکان ---------- ٣٠٢
پێگەیشتنی مەغزلەکان ---------- ٣٠٣
هەلومەرجی فراوانخوازی مەغۆل بەرەو ڕووی جیهانی ئیسلامی ---------- ٣٠٤
ڕوخانی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی ---------- ٣٠٦
کۆتایی ---------- ٣١٢

پێشکەشە بە.....

- ئەو کەسانەی کە چرای زانست هەڵدەگرن بۆ ئەوەی رێگە بۆ گەلەکەیان رۆشن بکەنەوە.
- ئەو سەرکردانەی کەوا پەند لە مێژوو وەردەگرن و سوود بە نەتەوەکەیان دەگەیەنن.
- دایك و پووری خۆشەویستم, کەوا زۆر ماندوو بوون لە پەروەردە کرن و پێگەیاندنم.

وتەی وەرگێڕ

بێگومان مێژوو گرنگیەکی زۆری هەیە لەلای گەل و نەتەوە جیاجیاکان، چونکە بەشێکە لەبوونیان، رابردوویان پیکدەهێنێ و ئایندەیان دیاری دەکات، مێژوو مامۆستایەکە دەتوانی شتی زۆری لێ فێربی و پەندو ئامۆژگاری لێ وەرگری و هەڵەکانی دووبارە نەکەیتەوە، ئەم کتێبەش یەکێکە لە سەرچاوە مێژووە گرنگەکانی کتێبخانەی عەرەبی کە چاپخانەی (دار النفائس) هەستاوە بە چاپ و بڵاو کردنەوەی بە زمانە عەرەبیەکەی، هەبەر ئەوەی کتێبخانەی کوردی، بەراورد بە کتێبخانەی عەرەبی و ئینگلیزی و..... هتد، هەژارە، کردنی بەکوردی دەتوانێ کەلێنێکی بچووک لەبواری مێژوودا پڕبکاتەوە.

بەئومێدی ئەوەی خوێنەرو ڕۆشنبیر و توێژەرانی کورد سوودی لێ ببینن و بە مێژووی ئەو گەل و نەتەوە و گروپ و تاقمانەی کە هاوسنوور و هاو نیشتمانیان، ئاشنا بن.

✍

هێمن ئەحمەد

پێشەکی

سوپاس بۆ خودای پەروەدگاری جیهانیان، درودو سلامیش لەسەر محمد (صلي الله علية وسلم) پێغەمبەری خۆشەویستمان، لەسەر یارویاوەر وشوێنکەوتووان.....

پاشان:

ئەم توێژینەوە باس لەمیژووی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی دەکات لە ڕووی سیاسیەوە بە شێوەیەکی بابەتیانە. ئەوەی ڕاستیش بێ ڕووداوەکانی میژووی دەوڵەتی عەباسی زۆرو ئالۆزو تیکەڵ وپێکەڵەن و پێکهاتەی سیاسی زۆری هەیە. بۆیە دەوڵەتێکی ئیسلامی بەرفراوانی لێ دروست بوو وە بە تەواوکەری دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی دادەنرێت کە چەند لایەنێك ململانێیان لەسەری دەکرد وەکو لایەنی عەرەبی و فارسی و تورکی، پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و دەمارگیری جیاوازی بە خۆوە بینی لەگەڵ گەشەکردنێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گرنگدا، کە ڕێڕەو و ڕێبازی دیاری کرد، بیروباوەری ئیسلامیش هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرا بوو لەدروستبوونی ئەم ڕووداو و ئاوێتەبوونە ئەوەش چونکە کاریگەریەکی بنەڕەتی هەیە لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامیدا.

دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی تەنها بەیعەت دان نەبوو بە خەلیفەیەك ونەدانی بەخەلیفەیەکی تر, یاخود گواستنەوەی دەسەڵات لە ئەمەویەکانەوە بۆعەباسیەکان، بەڵکو ئەم ڕووداوە شۆڕشێکی گشتگیر بوو لەمیژووی ئیسلامیدا و وەرچەرخانێکی گرنگ بوو لە ڕێڕەوی گەشەکردنی ئیسلامی کە بە شێوەیەکی ڕەگو ڕیشەیی کۆمەڵگەی ئیسلامیی گۆڕی و وێنایەکی قوواڵی بە جێهێشت لە هەموو لایەنەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری، دەرگای لە بەردەم موسڵمانە نا عەرەبەکان کردەوە تا بەشداربن لەو لایەنانە. میژوونووسەکانیش هەوڵیان داوە پەنهانی و شاراوەیی ئەم وەرچەرخانە بدۆزنەوە و ڕاڤەی بکەن لەچەند بۆچوونێکی جیاوازدا. هەندێکیان بۆچوونیان وا بوو ئەمە شۆڕشی فارسە دژی دەسەڵاتی عەرەبی، لەکاتێکدا هەندێکی تر پێیان وابوو ئەمە تەنها شۆڕشێکە دژی

دەسەڵاتی بنەماڵەی ئومەیە بۆلابردنیان لە سەر دەسەڵات و دانانی عەباسیەکان لەجێگەیان، هەندێکی تریش وتیان ئەم وەرچەرخانە هەر دەبوو پووی بدایە بە هۆی ئەو گەشەکردنەی کە جیهانی ئیسلامی لەسەدەی یەکەمی کۆچی بەخۆیەوە بینی.
ئەوەی راستیش بێ ئەمە دەرئەنجامی سیاسەتی نا هاوسەنگی ئەمەویەکان بوو بەرامبەر ئەو گەل و نەتەوانەی کە عەرەب نەبوون و بەرامبەر هەندێ لایەنی عەرەبیش، وە هەڵنوتانێکی پووبن و ئاشکرا بوو لە ژیانی سیاسی کەوا عەباسیەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان یەکلاییان کردەوە، هەروەها سوودیشیان لە نەبوونی سەرکردە وەرگرت کەوا مردنی – ئەبوهاشمی کوڕی موحەمەدی کوڕی حەنیفە– بە جێی هێشت خاوەن و ڕابەری–بانگەشەی کەیسانی –، جا ئەم بۆشاییەیان پڕ کردەوە ئەوەش بە کردنی (موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس) بەسەرۆکی بانگەشەی کەیسانی تا–ال محمد–ڕازی بکەن بەرووکەش، ژێر بەژێریش تایبەتی بکەن بۆ – بنەماڵەی عەباس– وە بە هۆی زیرەکی ولێهاتوویی ئەم کابرایە توانی بگاتە مەبەستی خۆی.

جا کاتێک کەسێکی پەیداکرد بۆ سەرکردایەتی، زەمینەی لەباریش بۆ پەسەندکردنی بانگەوازەکە دۆزرایەوە، ئەوەش بریتی بوو لە خوراسان وەکو خاک و خوراسانیەکان وەکو گەلێکی پەرۆش و ئامادە بۆ پەسەندکردنی ئەم گۆرانکاریە کە کۆمەڵێ هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و بیرو باوەڕی پاڵنەریان بوون.
بۆ نموونە عەربەکان لە خۆراسان لەناو خۆیاندا ناکۆک بوون و ململانێ قەیسی – یەمەنی هەر نەدەبرایەوە. هەروەها ئەم وڵاتە چەندین پێکدادانی بە خۆوە بینی لە گەل تورکە بتپەرستەکاندا بە هۆی ئەو شوێنە سنوریەی کە هەیبوو لە ناوچەی – وڵاتی دوای ڕووبار–، هەروەها فارسێکی زۆر هەبوون بێزار بووبوون لە دەسەڵاتی ئەمەوی و پشتگیری لێکردنیان، بەتایبەتیش خۆراسان زۆر دوورە لە ناوەندی خیلافەتی ئەمەوی، ئەمەش هۆی نەگەیشتنی فریاگوزاری بوو بۆی لە کاتی گونجاودا، بۆیە ئەم هۆکارە یارمەتیدەرێك بوو لە دروستبوونی ئاژاوە و ڕاگەیاندنی یاخی بوون لە ناوەندی خیلافەت.

ئابەم شێوەیە ئەبو موسلیم خوراسانی کە ئیبراهیمی کوڕی عەلی ناردی بۆ خۆراسان توانی بانگەشەی عەباسی ئاشکرا بکات وفارسی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی، پاشان سوپاکەی بەرەو عێراق کەوتەڕێ ولەوێش توانی سوپای ئەمەویەکان ببەزێنێ و لە ساڵی (١٣٢ك/٧٤٩ز) چووە ناو بەسرەو کوفەشەوە.

هاوکات ئەبو عەباسی خوێنڕێژ، کەوا (ئیبراهیمی ئیمام)ی بەرای لە سەرۆکایەتی بانگەشەکە دانا, بەرەو کوفە ڕۆیشت، وتارێکی بۆ خەڵکی خوێندەوە تێدا دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیی ڕاگەیاند، بۆیە ناوبراو بە یەکەم خەلیفەی عەباسی دادەنرێ، سەرکردەکانی تریشی ئەو دوای ئەمەویەکانیان لە ناوبرد.

ئەبو عەباس لەپاش مردنی، ئەبو جەعفەری مەنسوری برای لەجێی خۆی دانا، کەوا بەڕاستی بە دامەزرێنەری دەوڵەتی خیلافەتی عەباس دادەنرێ..ئەوجا لەپاش ئەم، خەلیفەکان یەک لە دوای یەک دەسەڵاتیان دەگرتە دەست بۆ ماوەی چوار سەردەمی مێژوویی کە تا ساڵی(٦٥٦ك/١٢٥٨ز) بەردەوام بوو.

کاتێک خیلافەت کەوتە دەستی بنەماڵەی عەباس، سنووری جیهانی ئیسلامی هەردوو هەرێمی جرجان و تخارستانی گرتەوە، نزیکی سنووری وڵاتی تورک وچین بووەوە، لە باشووری ڕۆژهەڵات گەیشتە وڵاتی کەشمیر, وڵاتی نووبە لە باشووری میسر, ئەو ناوچانەی کە لەدوای مەغریبەوە دێت لەبیابان بەرەو باشور , وە چیاکانی قۆقاز و ئەرمینیا لە باکوور، نزیکی سنووری ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بووەوە، دەربارەی ئەندەلوس – پێش ئەوا سنووری لای باشوری گەیشتە نزیکی وڵاتی فەرەنجە ().[1]

دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە چەندین ناکۆکیی ناخۆیی بەخۆوە بینی لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵات کە دواتر پەرەی سەندو بووە پێکدادانێکی خوێناوی، وەکو یاخی بوونی (عەبدوڵڵای کوڕی عەلی) لە (ئەبو جەعفەری مەنسور)ی برازای و ڕەنگە مەترسیدارترین ملمانێ کە سەردەمی عەباسی

---

[1] فەرەنجە:دانشتوانی ئەوروپا

یەکەم بە خۆیەوە بینیبێتی بریتیە لەو ناکۆکیەی کە لە نێوان ئەمین و مەئمووندا رویدا.

خەلیفە عەباسیەکان لە ماوەی سەردەمی عەباسی یەکەمدا دووچاری بەرهەڵستی ئامۆزاکانیان بوونەوە – تاڵبیەکان – کەوا لەکاتی پشتگیری کردنیان لە شۆڕشدا بە تەمابون خیلافەتیان پێ بسپێردرێ. ئەگەرچی کاتێك عەباسیەکان دەسەڵاتیان خستە ژێر رکێفی خۆیان، مافیان پێشێل کرا بۆیە ئەوانیش بە پشتبەستن بە بزوتنەوی دوژمنانی عەباسیەکان روبەڕویان بونەوە. هەروەها عەباسیەکان روبەڕوی بزوتنەوە گەلێکی دەمارگیری فارسی بوونەوە کە دژی دەسەڵاتی عەرەبی بوون، بە تایبەتی لە دوای کوشتنی ئەبو مسلیمی خۆراسانی وەکو بزوتنەوەی بابەکی و خۆرەمیەکان.

هەروەها دەوڵەتی خیلافتی عەباسی لە سەدەی یەکەمیدا چەندین پێکدادانی بەخۆوە بینی لەسەر سنورەکەی لەنێوان خۆی و دراوسێکانی بە تایبەتی بێزەنتیەکان.جا جەنگی هاوینان وزستانان هەر بەردەوام بوو، کە سەرسنور گۆڕەپانەکەی بوو، بەڵام دەوڵەتی عەباسی هەوڵی نەدا دەوڵەتی بێزەنتی لە ناو بەرێ. سەبارەت بە بەرەی رۆژهەڵات ئەوا عەباسیەکان دەسەڵاتی خۆیان لە هەرێمەکانی – وڵاتی دوای رویار– و هەرێمی سند، چەسپاند.

هەروەها دەوڵەتی عەباسی کاری کرد بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتی خۆی لە وڵاتی مەغریب، بەڵام ئەندەلوس زۆری نەخایاند لێی جیا بووەوە ئەوەش بە هەنگاوێکی سەرنج ڕاکێشانە بە سەرکردایەتی (عەبدولڕەحمان ئەلداخل)ی ئەموی، ئیدریسیەکانیش هاوشێوەی ئەو، مەغریبی ئەوپەڕیان جیاکردەوە، ئەمەش وای لە عەباسیەکان کرد هەوڵ بدەن ئەو هەرێمانەی تر کەوا دەیانەوێ جیا ببنەوە، بە شێوەیەکی فەرمی بە دەوڵەتی خۆیان ببەستنەوە – بۆنمونە دانانی (ئەلرەشید ئیبراهیم کوڕی ئەلئەغلەب) بە والی لەسەر ئەفریقیا.

دەوڵەتی خیلافەی عەباسی زۆر کاریگەر بوو بە ململانێی نێوان عەرەب و فارس و تورك لەسەر دەسەڵات. جا دەسەڵاتی فارسەکانیش بە هێز بووەوە بە هۆی بێ توانایی خەلیفەکان لەپاراستنی هاوسەنگی نێوان ئەم گەلانە، بۆیە زاڵ بون بەسەر زۆربەی دامو دەزگاکانی دەوڵەت و وەزیر و سەرکردەی زۆرداریان هەبوو هەر

لەسەردەمی مەنسورەوە، تا ئەو کاتەی کە (هارون رەشید) ناچار بوو وەزیرەکانی خۆی لەبەرمەکیەکان لەدەسەلات دوورباخاتەوە و سەر شۆڕبان بکات، پاشان کە مەئمون سەرکەوت بەسەر (ئەمین)ی برای، جارێکیتر تای تەرازووبان قورس بووەوە و بنەماڵەی سەهل -کەوا فارس بوون- پلەوپایەیەکی گەورەیان بەدەستهێنا لە سەردەمی ئەودا، (المعتصم)یش وای بینی گروپ و تاقمێکی نوێ بۆ خۆی پەیدا بکا کە بتوانێ پشتی پێ ببەستێ، بۆیە تورکەکانی کردە دۆست و نزیکی وەزیرو سەرکردەی خۆی، بەوەش کوتایی بە دەسەڵاتی فارسی هێنا.بە مردنی (الوثق) لەسالی (٢٣٢ك/٨٤٧ز) سەردەمی عەباسی یەکەم کۆتای پێ دێت.

ئەوەی کە عەباسیەکان لە سەردەمی عەباسی یەکەمدا دووچاری بوون لە گرفتی ناوخۆیی و دەرەکی، ڕێگەی لێ نەگرتن دەوڵەتەکەیان بەرەوپێش بەرن و ئاستی بەرز بکەنەوە و توانایەکی سیاسی و شارستانی پێ ببەخشن، ئەوە بوو لە سەردەمی مەنسوردا شاری بەغدایان دروست کردو لەو کاتەوە بۆتە پایتەختی دەوڵەت و یەکێك لە گەورەترین شارستانیەتی ئیسلامی و بنکەیەکی بازرگانی گەشاوەیە. (المعتصم)یش شاری سامەرای دروست کردو نیشتەجێ بوو و کردی بە بناغەی دەوڵەت , بەڵام ئەوە لە گرنگی بەغدادی کەم نەکردەوە.

بازرگانیش گەشەکردنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و پشتی بە بەرووبوومی هەرێمەکانی دەوڵەت دەبەست یان ئەوەی کە لە دەرەوە هاوردەیان دەکردو پاشان هەناردەیان دەکردەوە، هەروەها ژیانی ڕۆشنبیریش گەشەی کردو بە عەرەب کردنی کەلتوری زانستی مرۆڤایەتی چالاك بووەوە.

دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لە سەردەمی عەباسی دووهەمدا کەوا لە سالی (٢٣٢ك/٨٤٧ز) دەستیپێکرد، چالاکی و کاریگەری خۆی لە دەست دا. ئەوەش لە ئەنجامی لاوازبوونی دەستەی حوکمڕانی کە بووە هۆی لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی لە ڕووی سیاسی و ئیداری و داراییەوە، لە ئاکامدا ویلایەتەکان یەکە یەکە لێی جیابوونەوە. بەڵام ئەو بنەمایانەی کە شۆڕش بانگەشەی بۆ دەکرد هەر بەرهەمی هەبوو هەرچەندە خیلافەتیش لاواز بووەوە, دەوڵەت لە سیستەمی حوکمدا لە

مەرکەزی بوون بووە نامەرکەزی بەبێ ئەوەی هیچ لایەنێک جیا بێتەوە، نەتەوەی تازە هاتەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیەوە و توانی بگاتە دەسەڵات و خەلیفەکان کەوتنە ژێر دەستی ئەوان، بۆیە ڕۆڵی سیاسیان کز بووەوە، ئەوەبوو تورکەکان هاتنە ناو گۆڕەپانی سیاسیەوە و بەڕێوەبردنی دەوڵەتیان لە ئەستۆ گرت، خەلیفەکانیش لە سێبەری ئەواندا، ونبوون.

ڕێڕەوی مێژووی سیاسیش وەرچەرخا، وە بەمێژووی خیلافەت نەمایەوە، بەڵکو وای لێهات نەتەوە ئیسلامیەکان ئەم مێژووە دروست بکەن و ئاراستەی بکەن.ئەوە بوو دەمارگیری و نەتەوە پەرەستی بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەژێر دروشمی یەکسانی سەری هەڵدا، خیلافەتیش بەرژەوەندی هەرێمەکانی لەبەرچاو گرت و بەدەنگیانەوە چوو، لەئەنجامیشدا نامەرکەزیەت هاتەکایەوە.

جا شتێکی زۆر ئاساییە لەم ڕەوشە دەگمەنەدا هەوڵی مێژوو نووسەکان بۆ ئەوە بێت سیاسەتی نەتەوە ئیسلامیەکان بە کۆمەڵگە بناسێنن کە هەوڵی ئەوە دەدەن خودی خۆیان و بەرژەوەندیان و دەسەڵاتیان بەهێز بکەن و گەشە ی پێ بدەن، لەباتی ئەوەی خەریکی تۆمار کردنی کار و کردەوەی خەلیفەکان بن.

لەم سەردەمەدا بیرۆکەی کۆکردنەوەی جیهانی ئیسلامی لەژێر یەك سەرکردەی سیاسی، پەرش وبڵاو بووەوە، پەیوەندی خیلافەت لەگەڵ وڵاتەکانی دراوسێیدا جۆلانەی دەکرد لە نێوان دوژمنایەتیەکی سەخت و هاریکاریەکی بە سوود.

سەردەمی عەباسی سێیەمیش کە وا لە ساڵی(٣٣٤ك/٩٤٠ز) دەستی پێکرد کاردانەوەیەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە بینی دژ بە دەسەڵاتی تورکی کەوا زاڵ بوو بوون بەسەر دامودەزگاکانی خیلافەت لە سەردەمی عەباسی دووەمدا، ئەوەش لە ڕێگەی بزوتنەوەیەکی فارسی – شیعی کە (بنەماڵەی بوویە) ڕابەریان دەکردو کەوا وڵات گەلێکی (جیاخواز – إنفصالی)یان بنیاتنا لە فارس و ئەهواز و کرمان و ڕەی و ئەسفەهان و هەمەداندا، توانیان دەسەڵاتی تەواوەتی خۆیان بەسەر عێراقدا بسەپێنن وناویان دەرکەوت ودەسەڵاتی ئەم بنەماڵەیە گەورە بوو و سەردەمی عەباسی سێیەم بە ناویان ناونرا.

لەپاش هەوڵێکی زۆردا (بووەیهیەکان) توانیان پارێزگاری لە پۆستی خیلافەت بکەن و زاڵ بن بەسەر دامودەزگاکانی حوکمداو بەشێوەیەکی ڕەها هەڵسوکەوتیان دەکرد. جا دیاردەی لاوازبوونی خەلیفەکان و لەدەستدانی سامیان تا ئەم سەردەمەش هەر بەردەوام بوو.

سەردەمی عەباسی چوارەم کەوا لە ساڵی (٤٤٧ك / ١٠٥٥ز) دەستیپێکرد کاردانەوەیەکی ئەوتۆی بە خۆوە بینی دژ بە دەسەڵاتی شیعی ئەم سەردەمەش لەسەردەمی پێش خۆی ئەچێ لە ڕووی بایەخدانی سەلجوقیەکان – کەوا جێگەی بووەیهیەکانیان گرتەوە – بە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی، ئەوە بوو دەسەڵاتی خۆیانیان سەپاند بەسەر خیلافەتدا هاوکات ڕێزیان لەخودی خەلیفەو ناوەندی خیلافەت گرت، لەڕووی مەزهەبیەوە ئەم سەردەمە جیاوازە لە سەردەمی پێش خۆی، چونکە سەلجوقیکان مەزهەبی – سونی – یان هەڵبژاردو کەوا خەلیفەی عەباسی بە سەرکردەی ڕوحی ئەم مەزهەبە دادەنرێت. پەیوەندی خیلافەتیش بە سەلجوقیەکان جۆلانەی دەکرد لە نێوان هاریکاریەکی بە سوود و دوژمنایەتیەکی سەخت، بە تایبەتی لە کاتی پەرتەواز بوونی سەلجوقیەکان، خەلیفەکانیش ئاواتە خواز بوون لەگەمارۆ و کۆت و بەندی سەلجوقیەکان ڕزگار بن. بەڵام خیلافەت خۆیی بە دەستەوسانی بینی و توانای نەبوو سنوردێك بۆ ئەو پەشێویە دانێ کە لە ئەنجامی ململانێی بنەماڵەی سەلجوقی هاتبووە ئاراوە، بۆیە پشتی بەست بە خوارزمیەکان بۆ لە ناوبردنی سەلجوقیەکان، ئەمەش دیسانەوە خیلافەتی خستە ناو ململانێیەکی دیکە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە تازەیە، چونکە دەیانەویست بەسەر دامودەزگاکانی خیلافەتدا زاڵ بن.

خیلافەتیش بۆ ئەوەی ڕزگار بێ لەرکێفی خەوارزمیەکان، بەئەنقەست پشتی بەست بە کۆمەڵێکی نوێ، کە مەغۆلەکان بوون کەوا بە تۆندو تیژی و دڕەندەیی ناسراو بوون، ئەوە بوو لە ساڵی (٦٥٦ ك / ١٢٥٨ ز) بە دەستی ئازار بەخشی مەغۆلەکانداء ڕوخا.

وادیارە کتێبخانەی عەرەبی تۆژینەوەیەکی زانستی گشتگیر و تایبەتی نیە کە بتوانێ میژووی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی هەر لە سەرەتای دروستبونیەوەو ناوەکو

ڕوخاندنی چارەسەر بکات و ئەوەی کە نووسینی عەرەبی تا ئێستا چارەسەری کردوە تەنها بەشێکی زۆر کەمە لەم مێژووەدا، جگە لە سەردەمی عەباسی یەکەم کەوا بایەخێکی ئەوتۆی پێدراوە، لەبەر ئەوەش ئەمە پاڵنەرێك بوو بۆ ئێمە کە دەربارەی ئەم بابەتە بنووسین، بۆ ئەوەی وێنەیەکی چڕو پڕ بخەینەڕوو دەربارەی مێژووی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ڕوخانی، لە گەڵ ڕەچاو کردنی ئەو باروودۆخەی کە پێیدا تێپەڕ بووە و ئەو ڕەوتە جیاوازانەی کە حوکمی کردوە، بەمەش ئێمە میژووی قۆناغێکی ئیسلامی – کە بێ گومان گرنگترین قۆناغی مێژووی ئیسلامیە– خستۆتە بەردەستی خوێنەر، چونکە چەندین ڕەوتی سیاسی و ئارەزووی حیزبی و هەستی دەمارگیری لە خۆ گرتووە، کە تا ئەمڕۆش کاریگەری هەیە لەسەر ڕەوشی جیهانی ئیسلامیدا.

لەم توێژینەوەدا بە وردی باسی ڕوداوەکان ناکەم، جگە لەوەی کە پێویستە، ئەوەش بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستیەکان یان وەکو شایەنێك. بێگومان ناتوانرێ بە چڕو پڕی و بابەتیانە باسی ئەم مێژووە تێکەڵ وپێکەڵە بکرێ ئەنها بە گەڕانەوە بۆ بنچینەکانی نەبێ، بە تایبەتی ئەگەر بیرۆکەو زانیاری و هەڵوێست و بۆچوونە جۆراوجۆرەکان لەبەرچاو بگرین.

ئەوەی کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە ئامانج لە خوێندنی ڕوداوەکانی مێژوو بریتیە لە وەرگرتنی پەند و ئامۆژگاری، ئەرکی مێژوو نووسیش ئەوەی بە سەردا ئەسەپێنێ بازیدات بە سەر هەموو ئەو لەمپەرو ڕێگرانەی کە دێنە ڕێ لە کاتی لێکۆڵینەوەدا کەوا دیدەی ڕاستەقینەی لێ دەشارێتەوە و دووری دەخاتەوە لەگەیشتن بە ڕاستیە زانستیەکان.

لەبەر ئەوەش لەم توێژینەودا پشتم بە سەرچاوەی گەورەو گرنگ و زۆرو هەمەجۆر بەستووە، کە خوێنەر لە پەراوێزی توێژینەوەکەدا، دەیبینێ.

وە هیوادارم توانیبێتم خزمەتی حەقیقەتی مێژووی بکەم، هەروەها هیوادارم ئەم توێژینەوە سادەیە نزمترین ئاستی مەرجەکانی توێژینەوەی زانستیی هێنابێتە دی و شتێکی گرنگ و بەسوودم بۆ نەوەکانی دوای خۆمان پێشکەش کردبێت.

سەبارەت بە شێوەی ڕێکخستنی بابەتەکان کەوا خوێنەر ناونیشانەکانی بە نووسینێکی گەورە دەبینێ ئەوا بۆ دە بەند دابەشم کردوە کە بەسەر هەر چوار سەردەمی عەباسیدا دابەشکراوە.

بەندی یەکەم باس لە دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی دەکات، کەوا لە خوراسانەوە بەرەو عێراق دەستی پێ کرد، لەپاشماوەی دەوڵەتی خیلافەی ئەمەوی.

بەندی دووەمی توێژینەوەیەکەش دەربارەی دوو کەسایەتی عەباسی یە: ئەبو عەباسی خوێنرێژو پاشان ئەبو جەعفەری مەنسور- کەوا بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەم دەوڵەتە دانەنرێ. بۆیە منیش باسی هەوڵ و کۆششی هەردووکیانم کردوە لە چەسپاندنی پێی عەباسیەکان لە دەسەڵاتدا و لە ڕوبەڕوبونەوەی ئەو گروپ وتاقمانەی کە لەژێر فەرمانیان دەرچوون، تا ئەوکاتەی کە بە تەواوەتی کارەکە بۆیان یەکلایی بووەوە.

لەبەندی سێیەمدا باسی دوو کەسایەتیم کردووە، (محمدالمهدی) و (موسی الهادی) و هەوڵ و کۆششیان لە تەواو کردنی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی هەردوو خەلیفەی پێش خۆیان.

هەروەها لەبەندی چوارەمدا گرنگیم داوە بە باسکردنی کەسایەتی (هارون ڕەشید) کەوا لە سەردەمی ئەودا دەوڵەت گەیشتە لوتکەی درەوشانەوەی سیاسی و سەربازی، ئەوەش لە میانەی کارەکانی لە کێڵگەی سیاسەتی ناخۆ و دەرەوەدا.

لە بەندی پێنجەمدا باسی کەسایەتی هەریەک لە (ئەمین) و (مەئمون)م کردوە ئەوەش لەمیانەی کارەکانیاندا. ئەوە بوو لەسەردەمی ئەم دووانە دەمارگیری فارسی گەیشتە لوتکەو چووە ناو ململانێیەکی توند لەگەڵ عەرەبدا.ئەمین نوێنەری لایەنە عەرەبیەکان بوو، مەئمون-یش نوێنەری حەزو ئارەزوی فارسەکان بوو، ئەوەش لە میانەی خانەوادەی (بنەماڵەی سەهل)ی فارسی.

سەبارەت بە بەندی شەشەم ئەوا تیشکم خستۆتەسەر دوو کەسایەتی گرنگ، یەکەم (المعتصم) کەوا کۆمەڵێکی نوێی هێنایەناو بازنەی ململانێ نەتەوە پەرەستی بەمەبەستی لە ناوبردنی دەسەڵاتی فارسی، ئەم کۆمەڵەش تورکەکان بوون.

ئەوەبوو لەپاش مردنی ناوبراو، تورکەکان بەسەر دامودەزگاکانی خیلافەتدا زاڵ بوون، پاشان (الوپق) جێی گرتەوە کەوا لەسالی (٢٣٢ ك / ٨٤٧ ز) کۆچی دوایی کردو بەمردنی سەردەمی عەباسی یەکەم کۆتایی پێ هات.

لەبەندی حەوتەم و هەشتەمدا، باسودۆخی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیم لەسایەی زاڵبونی رەگەزی تورکی بەسەر دامودەزگاکانیدا باسکردووە. ئەوەبوو باسودۆخی لاوازو تێکچووی خیلافەت بووە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوە گەلێکی جیاخواز کە هیواو ئاواتە دەمارگیریەکانیانی هێنایەدی لەپێکهێنانی چەند دەوڵەتێکی هەرێمی و پەیوەندی ئەم دەوڵەتانە بە خیلافەت جۆلانەی دەکرد لە نێوان هاریکاریەکی بەسود و دوژمنایەتیکی سەختدا. رووداوەکانی ئەم دوو بەندە، سەردەمی عەباسی دووەمی پێکهێنا کەوا لە سالی (٢٣٤ ك / ٩٤٦ ز) کۆتایی هات.

لە بەندی نۆهەم پەیوەندی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی بە (بووەیهیەکان)م باسکردووە کەوا ناوی سەردەمی دەسەڵاتی فارسی لێنرا، ئەوەش سەردەمی عەباسی سێیەمە کەوا لە سالی (٤٤٧ك/١٠٥٥ز) کۆتایی هات.

بەندی دەیەمیشم تایبەتکرد بۆ ڕیزکردنی ڕوداوەکانی سەردەمی عەباسی چوارەم کە بریتیە لە دەسەڵاتی سەلجوقی تورکی. وە پەیوەندی نێوان دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی و تورکە سەلجوقیەکانم ڕوونکردۆتەوە کەوا لەنێوان دوژمنایەتی و هاریکاری کردنی یەکتر جۆلانەی دەکرد.

ئەم سەردەمەش بەڕوخانی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی کۆتایی هات لەسالی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز) لەسەردەستی مەغۆلەکان..

من دڵنیام کە خوێنەر چێژو سوودێکی باش لەم توێژینەوەدا وەردەگرێ، هەروەها لەباسکردنی ڕووداوەکان بێ لایەنی تیا بەدی دەکات.

داوام ئەوەیە لە خوای گەورە ئەم کارەم لەپێناوی ئەودا بێ، خوێنەری موسڵمان سوودی لێ ببینێ، خوا خۆی بیسەر و فریادڕەسە.

بەیروت لە ١٩٩٦/٢/١

د. محمد سهیل طقوش

سەردەمی عەباسی یەکەم

سەردەمی بەهێزی و فراوانخوازی و گەشەکردن

(١٣٢-٢٣٢ك/٧٥٠-٨٤٧ز)

خەلیفەکانی سەردەمی عەباسی یەکەم و ماوەی خیلافەتی هەریەک لەوان :

أبوالعباس عبدالله السفاح - (خوێنڕێژ)	(١٣٢-١٣٦ك/٧٥٠-٧٥٤ز)
عبدالله أبوجعفر المنصور	(١٣٦-١٥٨ك/٧٥٤-٧٧٥ز)
أبو عبدالله محمد المهدى	(١٥٨-١٦٩ك/٧٧٥-٧٨٥ز)
أبو محمد موسى الهادى	(١٦٩-١٧٠ك/٧٨٥-٧٨٦ز)
أبو جعفر هارون الرشيد	(١٧٠-١٩٣ك/٧٨٦-٨٠٩ز)
أبو موسى محمد الامين	(١٩٣-١٩٨ك/٨٠٩-٨١٣ز)
أبو جعفى عبدالله المأمون	(١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٣ز)
أبو إسحاق محمد المعتصم	(٢١٨-٢٢٧ك/٨٣٣-٨٤١ز)
أبو جعفر هارون الوپق	(٢٢٧-٢٣٢ك/٨٤١-٨٤٧ز)

بەندی یەکەم

دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی

ڕێکخستنی بانگەشەی عەباسی

دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی تەنها بەیعەت دان نەبوو بە خەلیفەیەك و نەدانی بە یەکێکی تر، یاخود گواستنەوەی دەسەڵات لەئەمەویەکانەوە بۆ عەباسیەکان لەحوکمکردنی موسڵماناندا، بەڵکو ئەم بەسەرهاتە لە گۆڕانکاریەکی ناو خانەوادەی دەسەڵاتدارد زۆر گەورەترە.

بۆ گومان شۆڕشی عەباسی و ئەو گۆڕانکاریە بنەڕەتیەی کە لەئەنجامیدا هاتەکایەوە لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا، بە وەرچەرخانێکی گرنگ و یەکلایی کەرەوە دادەنرێ لەم کۆمەڵگەیە کە بە درێژایی سەردەمی عەباسی یەکەمدا پەیوەست بوو پێی.

بێگومان ڕێکخستنی بیروباوەڕی لەماوەی ئامادەکاری بۆ شۆڕش سەلماندی کە ئەم کارە نیشانەی بلیمەتی و زیرەکیە لە گەڵاڵەکردن و ڕێکخستندا. عەباسیە یەکەمینەکان ڕێبازێکیان دانا لە ڕێکخستنی نهێنی کە دوایی بووبە نموونەیەك پەیڕەو دەکرا. هەندێ لەو دەوڵەتانەی کە لەسایەی خیلافەتی عەباسیدا هەستان پەیڕەویان کرد، وەکو (فاطمي)یەکان، سەرەڕای ئەو بزوتنەوە نهێنیانەی کە لەوڵاتانی موسڵماندا سەریان هەڵدا، وەکو (قرمطي)یەکان، جا ئەم ڕێکخستنە لەسەر نهێنییەکی ڕەها هەڵدەستێت. ئەوان لەئەنجامی ئەو کارەساتانەی کە لەسەردەمی ئەمەویدا بەسەر (ئەل البیت) بنەماڵەی پێغەمبەر دامات، ئەم شێوازە نهێنییەیانە پەیڕەو کرد و ئەوەی کە دەوڵەتی ئەمەوی بە ئەنقەست کردی لە لەناو بردنی بزوتنەوەی عەلەوی و بە تایبەتی ڕابەرەکانی، بە شێوەیەك کە جارێکی تر نەتوانن هەستنەوە سەر پێ.

بانگەشەکە نهێنی لە ڕێگەی کەسێکەوە دەکرێت لە (ال البیت) کە جڵەوەی ئەم بزوتنەوە نهێنییانە بەڕێوە دەبات و چاودێری ئەم ڕێکخراوانە دەکات، وە ئاڕاستەو

سەرکردایەتی نەقیب و بانگخوازەکان دەکات(۱).

وە لەم رێکخراوە نهێنییە ئیمامەت (واتە پێشەوایەتی) رادەستی بنەماڵەی عەباس کرا، لەقۆناغێکی زۆر گرنگدا[1].

هەروەها ئیمام (موحەمەدی کوڕی عەلی) عەباسی (۱۱۸ – ۱۲۵ك)، کەوا بانگەشەی عەباسی رادەستی کراو هەوڵی دەدا خیلافەتیش بەدەست بێنێ، زانی کە گواستنەوەی مافی ئیمامەت لەبنەماڵەیەکەوە بۆ بنەماڵەیەکی تر دەبێ گەلاڵە کردنی بیرۆکەو ئامادەکردنی دڵ و دەروونەکانی لەپێشدا بێت بۆ ئەوەی بارودۆخی نوێ لەلای خەڵکی پەسەند بکرێ، بۆیە بەوریاییەوە داوای لەشوێنکەوتووانی کرد خەڵکی بانگهێشت بکەن بۆ لایەنگری (ال البیت) بێ ئەوەی ناوی کەسیان بێنێ.

لەبارەگای خۆی لە (حەمیمە) دەستیکرد بە رێکخستنی بانگەشەکە و بەرێوەبردنی کاروبارەکانی و ناردنی بانگخواز و نەقیبەکان بۆ ناوچە گونجاوەکان کە گرنگترینیان خۆراسان بوو، ئەوەش لە رێگەی تۆڕێکی نهێنی کەچەندین بازنەی هەبووە و ناوی ((دعوەی ال البیت – بانگەشەی ئەهلی بەیت)) ی هەڵگرتووە، جا شاردنەوەی تەماحیشی بۆ بەدەستهێنانی خیلافەت لەبەرچاو گرتووە. بەم کارەش

---

[1] عەباسیەکان چیرۆکێك دەگێڕنەوە، بەم چیرۆکەش خیلافەت بە مافی شەرعی خۆیانی دەزانن، کەوا ئەبو هاشم – ڕابەری شیعەی کەیسانی، ڕووی کردە دیمەشق لە سەر بانگهێشتی سولەیمانی کوڕی عەبدولەلیکی خەلیفە، بە جوانی پێشوازی لێکرد و ڕێزی لێنا، خەلیفە کە ناوبراوی بینی زمانپاراو و بە سام و خاوەن زانستە، ئیرەیی پێبرد، و ترسێکی لا دروست بوو، چونکە زانی شیعە حزبێکی ڕکابەرە بۆ بنەماڵەی ئومەییە، بۆیە ژەهر خواردی کرد. ئەبو هاشم-یش کە زانی ژەهر خواردە کراوە و دەمرێ، جا ئەوکاتە نزیکی شاری (الحمیمة) بوو، ڕووی تێکرد و ئەگەڵ – عەلی کوڕی عەبدوڵای عەباسی کۆبووە و پێ وت کە ئەو ئەمرێ و نامۆژگاری کرد، مافی خۆی لە ئیمامەت بە ئەودا و جڵەوی بانگەشەکە کەیسانی-شی ڕادەست کرد، ناوی بانگخوازی بانگخوازەکانی خۆی لەشاری کوفەو ئەو بانگخوازانەی کە لەدوایەوە دێن، پێدا، نامە گەنێکی پێدا بۆ ئەوەی بیاندانێ. بە پێی ئەم مافە پێدانە هەمو ئەو پلان و پرۆپاگەندە نهێنییە کە هی شیعەی کەیسانی بوو بۆ (عەلی کوڕی عەبدوڵا ی عەباسی و (موحەمەدی کوڕی) لەپاش خۆی، مایەوە. ئەمەو ژمارەیەك لە میژوو نووسان تکۆڵی لەم بەسەرهاتە دەکەن و بە ڕاست دای نانێن.

بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەم بابەتەوە بگەڕێوە بۆ :- ابن اثیر ب ٤ لا١٥٩، وە بەراوردی بکە بە - ابن طقطقا «الفخري في الاداب السلطانية و الدول الاسلامية»، لا١٤٢، کە تێیدا هاتووە : کەوا ئەم کەسەی بانگهێشتی ئەبو هیشامی کردووە (هیشامی کوڕی عەبدولەلیک) بووە . العبادي، أحمدمختار : في التاريخ العباسي و الاندلسي لا١٩٦-٢١. العمرو، علي عبدالرحمن : أثر الفرس السياسي في العصر العباسي الاول: لا ٨٢-٨٣.

زۆر لەلایەنگرانی بانگەشەکەی هەڵخەڵەتاند، چونکە ئەوان پێیان وابوو کار بۆ ئەوەی (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) دەکەن. جا لێهاتوویی و شارەزایی ئەو، لەنەخشە و پلانێکدا دەرکەوت کە بۆ ئەو ڕێکخراوە نهێنیە دایناوە، کەوا لەسەر گەلێ دروشمی پڕوپاگەندەیی هەستابوو کە ناوەندی بانگەشەکە هەڵی دەبژارد لەگەڵ ئەو شارانەی کە تێدا بانگەشە دەکرا، هەروەها بارەگای بانگخوازەکانیش دیاری دەکات، پێشەکانیان، شێوەی مامەڵەکردنیان لەگەڵ خەڵکدا.

سەبارەت بە ناوەندی بانگەشەکە، ئەوا (حەمیمە)ی هەڵبژارد، بەهۆی گرنگی شوێنە جوگرافیەکەی چونکە دەکەوێتە سەرهێڵی کاروانە بازرگانیەکان و ڕێگەی حەج، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە شوێنەکەی دوورە لەگۆڕەپانی سیاسیەوە.

سەبارەت بەدروشمەکانیان ئەوە بانگەشەی بۆ یەکسانی و ڕازیبوون لە(ال محمد) و چاکسازی دەکرد، ئەم دروشمانەش هۆکارێك بوو بۆ سەرکەوتنی بانگەشەکە، ئەوەش لە ڕێگەی :

- ناوێتەبوونی ئەو گەل و نەتەوانەی کەوا بوون بە موسڵمان بەدەوڵەتی ئیسلامی.
- مسۆگەرکردنی گردبوونەوەی تالبیەکان لەدەوروبەری بانگەشەکە.

سەبارەت بەو شارانەی کە بانگەشەکەی تیا دەستی پێ بکات، ئەوا (موحەمەدی کوڕی عەلی) فەرمانی بە بانگخوازەکاندا جەخت بخەنە سەر خۆراسان. ئەمەش لە ڕووی مێژوویییەوە مانای ئەوەیە، کە عەرەب و مەوالیی ([1]) جەنگاوەر و جەنگ نەکەری لەخۆ گرتووە. وادیارە ئەو هەستی کردبوو بە گرژبوونی بارودۆخەکە لەخۆراساندا و نزیکبوونی تەقینەوەی بە هۆی ملمالانێی هۆزایەتی و بێزار بوونی مەوالیەکان، بۆیە وای بینی (مرو)، کە شارۆچکەیەکە لەخۆراسان، شوێنێکی گونجاوە بۆ ڕاکێشکردنی لایەنگرانی بۆ سوپای شۆڕش، بەوەش سەلماندی کە ئەو بەتەواوەتی لەڕەوشی سیاسی تێگەیشتووە و بەباشی لایەنگرە سیاسیەکانی لە هەرێمە ئیسلامیەکاندا

---

[1] بگەڕێوە بۆ ناوۆزگاری نیمام بۆ بانگخوازەکانی سەبارەت بە دیاریکردنی خۆراسان وەکو ناوەندێك بۆ بڵاو کردنەوەی بانگەشەکە لەلای – المقدسی: أحسن التقاسیم فی معرفة الاقالیم - ل ٢٩٢-٢٩٤.

دابەش کردووە(۱)

ئەوەی کە گومانیشی تێدا نیە ئەوەیە کە ئەم راگوێزراوانە زەمینەیەکی باشیان بینی لە هەرێمەکانی فارسدا بۆ بڵاو کردنەوەی بیرۆکەکانیان دەربارەی پێشەوای چاوەڕوانکراو (مەحەمەدی مەهدی)، چونکە مەوالیە فارسەکان هێشتا وا هەستیان دەکرد پێویستیان بەفەرمانڕوایەکی ڕەها هەیە کە کومەڵێ سیفاتی هەبێ دەر ئاسا بێ و مرۆڤێکیتر نەبێت وەکو چۆن ڕاهاتبوون لەکاتی (کیسرا) دا، وەکو ئەوەی لەناو کۆمەڵگەی ساسانیدا باوبوو لەبێروکەی مافی خۆدایی بۆ پاشاکان، کەوا دەسەڵات بۆ بنەماڵەی پادشا دەمایەوە و نابێ بگوازرێتەوە بۆ بنەماڵەیەکی تر. جا پەیوەندی باشی نێوان خۆراسان و نێوان کوفە و بەسرە، ئەم دوو شارەش ناوەندی ڕاکێشکردنی - گالبی - کانە، هۆکارێك بوو بۆ چەسپاندنی ئەو بیرو بۆچوونانە -کە دژی ئەمەویەکاندایە- لەناخی خەڵکی فارسدا، بۆیە بانگەشەی عەباسییان پەسەند کرد تا لە دەسەڵاتی ئەمەویەکان رزگاریان بێ و بە ئومێدی ئەوەی دەسەڵاتە دێرینەکەیان بگەڕێننەوە کەوا موسڵمانەکان هەڵیان وەشاندەوە، ئەوە بوو زوربەیان پەرۆش بوون بۆ پشتگیری کردن لە هەر شۆڕشێك دژ بە ئەمەویەکان بکرێ.سەبارەت بە هۆکارەکانی پشت بەستنی عەباسیەکان بەفارسەکان و بەدەنگەوە چوونی ئەمان بۆتان بگەڕێرەوە بۆ: العمرو :سەرچاوەی پێشوو ۱۱۰ - ۱۱۵

و سەبارەت بەدیاریکردنی بارەگا بۆ بانگخوازەکان ئەوا ئیمام (موحەمەدی کوڕی عەلی) عباسی (کوفە)ی کردە بارەگا بۆیان، چونکە ئەم شارە خەڵکەکەی ناسراون بە پشتگیری کردنیان لە ئەهلی بەیتی پێغەمبەر. شارەکەش گونجاوە بۆ ئەوەی ببێتە ئەڵقەی گەیاندن لە نێوان هاشمیەکان لە (حەمیمە) و گۆڕەپانی بزوتنەوەکە لە (مرو)، ئەوەش بەهۆی پشتگیری کردنیان لە شۆڕش و بەرهەڵستی کردنیان لە ئەمەویەکان.

---

(۱) ئەوەی ڕاست بێ بانگەشەی شیعی کەوا بە ناوی (ال البیت)ەوە هەستا و کەوا بانگەشەی بۆ - طالبي - یەکان دەکرد کە چیگرەوەی سروشتین بۆ پێغەمبەر. خۆراسانی بە زەمینەیەکی باش زانی بۆ پەرەسەندنی. چونکە هەر لە ڕۆژانی - زیاد بن ابیه - ناوارە کردنی ژمارەیەکی زۆر لە شیعەکان دەستی پێکرد لە کوفە و بەسرەوە بۆ ناوچەی (بلخ) لە خۆراسان. کە تا ڕۆژانی (حجاج بن یوسف الثقفي) بەردەوام بوو.

هەروەها موحەمەدی کوڕی عەلی تەمێی بانگخوازەکانی کرد بازرگانی بکەن بۆ ئەوەی بانگەشەکەیان لەدەسەڵات بشارنەوە و تەمێی کردن بە جوانی و دانایی بانگەشە بکەن. ئابەم شێوەیە بانگەشەی عەباسی، سەرکردەیەکی شاز و بانگخوازی دڵسۆز و زەمینەیەکی لەباری بۆ ڕەخسا.

قۆناغەکانی بانگەشەی عەباسی

بانگەشەکە عەباسی بەدوو قۆناغی گرنگدا تێپەڕبوو:

قۆناغی یەکەم:

ئەم قۆناغە لە سەرەتای سەدەی دووەمی کۆچی دەستپێدەکات و بەهاتنی ئەبو موسلیمی خوراسانی بۆ ناو بانگەشەکە کۆتایی پێ دێت، ماوەی نێوان دوو سالی (١٠٠ – ١٢٨ ك /٧١٨ –٧٤٦ ز) دەگرێتەوە.

بانگەشەکە لەم قۆناغەدا کۆمەڵی تایبەتمەندی هەبووە، نهێنیەکی تەواوەتی، پەیڕەو نەکردنی شیوازی توندوتیژی، ئەمە لەکاتێکدا دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی هێشتا خۆی گرتبوو.

بانگەشەکە لەعێراقدا، سێ بانگخواز رێکیان خست: ئەوانەش (مەیسەرە لەبدی) کە مەولای عەلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی ئەلعەباس بوو، (بکێری کوڕی ماهان) کەوا بە یەکێك لەبانگخوازە گرنگەکانی عێراق دانەنرێت، (ئەبو سەلەمە لخەلال) کەوا لە پێنج سالی کۆتاییدا سەرکردایەتی بانگەشەکە کرد، پێش ئەوەی بنەماڵەی عەباس دەسەڵات بگرنە دەست.

سەبارەت بە خوراسان، ئەوا بانگەشەکە لە سەرشانی کومەڵێ بانگخواز هەستا، ناودارترینیان: (ئەبو عیکریمە لسەراج) بوو کە مەولای ئیبن عەباس بوو، (موحەمەدی کوڕی خونەیس) و (حەیان لعەتار) و (کەسیری کوفی) و (خەداش لبلخی) و نەقیبی نەقیبەکان (سولەیمانی کوڕی کەسیر الخوزاعی).

وادیارە دەسەڵاتی ئەمەوی بەدەنگوباسی بانگەشەکەی زانی، جا بانگخوازەکانی ڕاونا و هەندێکیشیانی کوشت، هەروەها هەندێکیشان بوونە قوربانی توندڕەوی خۆیان وەکو (خەداش لبلخی).

ئیمام (موحەمەدی کوڕی ئەلعەباس)یش، کە بانگەشەکەی تایبەتکرد بۆ خۆی، ئەوا گۆڕانکاریەکی ستراتیجی گرنگی ئەنجامدا لە ناوەڕۆکی، جا ئەمەشی بۆ بانگخوازەکانی ئاشکرا کرد، کەوا ئەم کارە تەنها تایبەت بێ بەوان.

ئیمام موحەمەد لەسالی (١٢٥ ك / ٧٤٢ ز) کۆچی دوایی کرد، لەپاش ئەوەی

بانگەشەکە ماوەیەکی دوورو درێژی بڕی، لە دوای خۆی تەمێی کرد ئیمامەت ڕادەستی ئیبراهیمی کوڕی بکرێ.(١).

قۆناغی دووهەم :

ئەم قۆناغە بە هاتنی ئەبو موسلیم بۆ ناو بانگەشەی عەباسی دەستپێدەکات، تاسالی (١٣٢ ك /٧٥٠ ز) بەردەوام بوو، ئەمەش ئەو ساڵەیە کە دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی نێدا روخا و دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی دامەزرا.

لەپاش مردنی موحەمەدی کوڕی عەلی بانگەشەی عەباسی هاتە لەرزە بە هۆی سەرهەڵدانی چەندین بزوتنەوەی شیعی لەخۆراساندا و جیابوونەوەیان، جا ئیمام ئیبراهیم ترسا جڵەوی کارەکان لەدەستی دەرچێ و ئەم بزوتنەوانە بانگەشەکەی ڕاماڵێ.

بۆیە هەوڵیدا گوێڕایەڵی عەرەبە خۆراسانیەکان – بەتایبەتی – بگەڕێنێتەوە، لەڕێگەی دەسەڵاتی کەسی خۆیەوە توانی (سولەیمانی کوڕی کەسیر لخوزاعی)ی ڕابەریان بۆ لای خۆی ڕاکێشی، ئەمیش توانی پەیوەندی نێوان کۆمەڵەی خۆراسانی و سەروکایەتی لە (حەمیمە)دا، بگەڕێنێتەوە.

بانگەشەکە لەم قۆناغەدا ناسرا بە (بەکارهێنانی هێز بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی). ئەوە بوو لە دوای بەرفراوان بوونی یەکەی ڕێکخراوەکەی و قووڵبوونی ڕەگ وڕیشەی لە کۆمەڵگەی خۆراسانیدا، پێویستی بە سەرۆکێك هەبوو ئاستی بەرز بێ و بە توانا بێ، تا سەرپەرشتی کاروباری بانگەشەکە بکات و پلان بۆ جموجوڵەکانی داهاتوو دابنێ.

ئیبراهیمی ئیمام پۆستی سەرکردایەتی خستە ڕوو بۆ نەقیبەکان (سولەیمانی کوڕی کەسیر)، جا کابرایەکی بە ساڵا چوو بوو، بەڵام قایل نەبوو و داوایی لێبوردنی کرد (٢)، پاشان خستەیە ڕوو بۆ (ئیبراهیمی کوڕی سەلەمە)، ئەویش داوای

---

(١) ابن كثير: ب ١٠ – لا ٥

(٢) کاتێك سەرکردایەتی کردنی بانگەشەکە خرایە ڕوو بۆ سولەیمانی کوڕی کەسیر وتی: ئەنانەت سەرکردایەتی دوو کەسیش

لێبوردنی کرد (❁)، ئەو جا هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەینا و ئەبو موسلیمی خۆراسانی وەکو نوێنەرێك بۆ خۆی هەڵبژارد لە خوراساندا (❁) و ئەرکی سەرکردایەتی پێ سپارد و ناردی بۆ ئەوێ. (❁)

هەڵبژاردنی ئەبو موسلیم هەنگاوێکی سەرکەوتوو بوو و سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە ڕاپەڕاندنی بانگەشەکە و بوژاندنەوەی، چونکە ناوبراو کاروباری ناوخۆراسانی- کەوا لە ڕووی هۆزایەتیەوە تێکچوو بوو- بەڕێوە دەبردو جەماوەرو دەسەڵاتێکی باشی هەبوو لەناو فارسەکاندا، بۆیە ئەبو موسلیم لەلایان متمانە پێکراوتر بوو لە عەرەبێکی نازاد. جا ئەو نامەیەی کە ئیمام ئیبراهیم ناردی بۆی، کاتێك کردی بەکاربەدەست لەخۆراسان، باسی ئەوەی دەکرد کە بەدەستهێنانی پشتیوانی عەرەبە یەمانێکان بەردی بناغەیەو کلیلی سەرکەوتنە (١)، ئەوە بوو کاروباری عەباسیەکان لەخۆراساندا سەقامگیر بوو لەئەنجامی هەوڵ و کۆششە سیاسی و سەربازیەکانی ئەبو موسلیم، ئەم پیاوەش بەو ئەزموون و شارەزاییەی کە هەیبوو توانی ببێتە ئەو بانگخوازە عەباسیەی کە هەموو ڕۆژهەڵات کۆنترۆل بکات، بە تایبەتی لەپاش ئەوەی متمانەی سولەیمانی کوڕی کەسیری بەدەست هێنا (٢)

ئەمەو چوار ساڵی دوایی لەژیانی دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی (٢١٩-١٣٢ك/٧٤٦-

---

ناکەم). ابن الاثیر ب ٤ لا ٢٩٥

❁ ئیبراهیم پاساوی ئەوەی هێنایەوە کە لەئەو شایستەتر هەیە. هەمان سەرچاوە.

❁ ڕیوایەتە میژوویەکان ئەوە دەسەلمێنن کە ڕەگ و ڕیشەی ئەبو موسلیم فارسیە. مەولایەکی فارسیە ناوی ڕاستەقینەی (بازوان)ە. لە کوفە بنچینەکانی بانگەشەکەی خوێند و توانی سەرنجی بانگخوازەکانی ڕاکێشێ. بۆیە بردیان بۆلای ئیمام ئیبراهیم. ناوبراویش زیرەکیەکی لەڕادەبەدەرو ئیرادەیەکی بەهێزی لێ بینی و دڵنیابوو کە کەسێکە پشتی پێ دەبەستێ. سەبارەت بە ڕەگ و ڕیشەی ئەبو موسلیم و سەرەتای ژیانی. بگەڕێوە بۆ: (الطبري)؛ ب٧ لا ١٩٨ - ١٩٩. الخطيب البغدادي؛ تاريخ بغداد. ب ١٠ لا ١٠٢ - ١٠٨ ابن خلكان: وفيات الاعيان. ب ٢ لا ١٤٥ - ١٤٦.

❁ ابن خلكان: هەمان سەرچاوە لا ١٤٧.

(١) بگەڕێوە بۆ دەقی نامەکە لەلای (الطبري): ب ٧ لا ٢٤٤. شایانی باسە هەندێ لە میژوونوسەکان تکوڵی دەکەن لە هەبوونی جۆرە نامۆزگاریەکی ناوەها، وە ئەمە لەلایەن دوژمنانی شۆڕشی عەباسی هەڵپەسێردراوە تا شێوەو ناماقوڵەکانی تێکدەن و عەرەبەکان دژی هەڵگەڕێننەوە چونکە نامۆزگاری دەکات بە لەناوبردنی ڕەگەزی عەرەبی، بەڵام ڕووداوەکان هەندێ لە ناوەڕۆکی نامەکە دووپات دەکاتەوە بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی هەیە بە بەدەستهێنانی یەمانێکان و کارگێڕدنیان دژبە هۆزی (مضر).

(٢) محمود، حسن احمد و الشريف، احمد ابراهيم: العالم الاسلامي في العصر العباسي لا ٤٨-٤٩

۷۵۰ز) گەشەکردنێکی خێرای بە خۆوە بینی کە ڕەگ و ڕیشەی دەوڵەتی عەباسی پێکهێنا و بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵی ڕەگەزی عەرەبی لاوازبووەوە لەئەنجامی ئەو ململانێ و پەرتەواز بوونەی کە لەئارادا بوو، لاواز بوونی ئەمەویەکان بەشێوەیەکی تایبەت و تێڕۆکردنی ناوداڕەکانی ڕژێمی ئەمەوی. دەرکەوتنی هێزو قەوارەی نوێ لەپاشماوەی شەڕەکاندا دوو قۆناغی بە خۆوە بینی : قۆناغی ئەبو موسلیمی خۆراسانیو قۆناغی قوحتوبەی کوڕی شەبیب، کە بەدامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی کۆتایی هات.

قۆناغی ئەبو موسلیمی خۆراسانی:

ئەبوموسلیم لەپاش گەیشتنی بۆ خۆراسان دەستبەجێ لە (بلخ) دابەزی و بەماوەیەکی کورت متمانەی سولەیمانی کوڕی کەسیری بەدەستهێنا، پاشان بە زیرەی و دانایی کاروبارەکانی بەڕێوە دەبرد، ئەوجا کەوتە گەڕان بەناو گوندەکانی ڕۆژهەڵاتداو هانی خەڵکەکەی ئەدا پشتگیری لەبانگەشەکە بکەن و سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا لەم کارەدا، ئەوەش لەمیانەی بیرخستنەوەیان بەو زۆر وستەمەی کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی ئەمەویدا چەشتیان، بەڵێنی پێدان بیانکاتە کاربەدەست و زەویان پێ بدات، هەروەها توانی دەهاقینە و گوندنشینەکانیش بەلای خۆی ڕاکێشێ، ئەوەش بە نزیکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی لە بیروباوەڕی میلی، بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەندی بە مەزهەبی (تناسخ الارواح – کۆپی کردنی ڕۆحەکان) هوە هەیە (١) پاشان هۆزەکانی عەرەبی یەمەنی هێنایە پاڵ خۆی و خەڵکی – تقادم – یش کە ناسراون بە بەرهەڵستکاریان بۆ ڕژێمی ئەمەوی هاتنە پاڵی.

ئەبو موسلیم کە دڵنیابوو بانگەشەکە بەهێز و بڵاوە، ڕاپۆرتێکی بۆ سەرکردایەتی لە(حەمیمە) بەرزکردەوە، ئیمام موحەمەدی کوڕی ئیبراهیم–یش لەلایەنی خۆیەوە دەستپێشخەری کرد و بەرواری دانا بۆ دەستپێکردنی جموجوڵ و چالاکیەکانیان، ئەوەشی لە بەرچاو گرت کە ڕەوشی ناوخۆی بانگەشەکە بەهێزە و ڕەوشی ناوخۆی دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی خراپە.

لەڕۆژی پێنج شەممە لەبیست و پێنجی (مانگی ڕەمەزان، سالی ١٢٩ك/مانگی حوزەیران، سالی ٧٤٧ز) شۆڕش ڕاگەیەنرا لەسەر دەستی (سولەیمانی کوڕی کەسیر). شیعە عەباسیەکانیش پشتی ئەبو موسلیم–یان گرت و ڕەنگی ڕەشیان کردە دروشمی خۆیان لە جل و بەرگ و ئالا و بەیداخەکانیاندا، هەر بۆیە ناسران بە (المسودە – ڕەشگەڕەکان).(٢)

لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا، لە (سفیدنج) یەکەم نوێژ کرا بۆ لایەنگرانی عەباسیکان

---

(١) ابن أعثم : أبو محمد أحمد : كتاب الفتوح ب ٤ لا ٢٤٨. بارتولد: تركستان من الفتح العربي الي الغزو المغولي : لا ٢١٤

(٢) ابن أعثم : ب ٤ لا٢٤٨

([1])، بۆیە پرسەکەیان ئاشکرا بوو. هەر دەبوو ڕوبەڕوی هێزەکانی ئەمەوی ببنەوە بۆ دیاریکردنی هەڵوێستی سیاسی و سەربازی. ئەبو موسلیم شێوازی ئاوێتەکردنی سیاسەت و هێزی سەربازیی پەیڕەو دەکرد، بەمەبەستی کەرنکردنی هێزەکانی خۆراسان، بەگژ یەکتری دانیان تا یەك ڕێز و یەك دەنگ نەبن و نەبنە مەترسی لەسەر بانگەشەی عەباسی. بەزیرەکی و شارەزایی خۆی توانی دوژمنایەتی بهێڵێتەوە لە نێوان فەرمانڕەوای ئەمەوی لەخۆراساندا (نەسڕی کوڕی سەیار)و نێوان ناحەزەکانی، دەستی خستەناو دەستی (جەدیع کرمانی) و پاشان (عەلی)ی کوڕی هەروەها (شەیبان لحروری)یش بۆ ڕوخاندنی ئەمەویەکان، ئەوجا تۆوی دووبەرەکی لەنێوان فەرمانڕەوای ئەمەوی و سەرۆك هۆزەکاندا چاند. لەکۆتاییدا شەیبان لحروری و هەر دوو کوڕەکەی جەدیع کرمانی، عەلی و عوسمان—ی لەناوبرد.

ئابەم شێوەیە ئەبو مسلیم لەگەڵ سەرجەم بەرەی هێزە سیاسیەکاندا ([2]) دەجوڵایەوە، سەرکەوتوو بوو لە چنینی بەرهەمی هەوڵ و کۆششەکەی، ئەوەش بە لەناوبردنی نەیارەکانی و بەتەنها حوکمی خۆراسانی کرد، نەسڕی کوڕی سەیاریش بۆ (نیسابور) هەڵهات ([3]).

ئەبو موسلیم هەر کە پێی جێگیر بوو لەو ناوچانەی زاڵبوو بە سەریاندا، کەوتە گوشتنی ئەو ڕابەرە گەورانەی کە ڕکابەرییان دەکرد لەسەر سەرکردایەتی. ئەوە بوو نەقیبی نەقیبەکان (سولەیمانی کوڕی کەسیری خوزاعی)، کوشت، هەروەها موحەمەدی کوڕیشی لەناوبرد ([4]) و هەندێ لە لایەنگرانی شۆڕشەکەشی لەناو برد، ئەوانەی کەوا بەشداربوون لەگەڵیدا لە کاری سیاسی و سەربازی.

---

[1] الطبري : ب ٧ ل ٢٥٧

[2] سەبارەت بەو سیاسەتەی کە ئەبو موسلیم پەیڕەوی دەکرد وە گەوا جێگیری کرد لە بەڕێوەبردنی خۆراسان، بگەڕێوە بۆ : ابن أعثم : ب ٤ ل ٣٢٨، ٣٤٨-الطبري : ب ٧ ل ٢٥٥، ٢٦٧، ٢٧٧، ٢٨١.

[3] الطبري هەمان سەرچاوە : ل ٢٧٧-٢٨١

[4] شایانی باسە گوشتنی - سلیمان بن کثیر ڕوویدا بەبێ گەڕانەوە بۆ خەلیفەیان پرسکردن بەمیر ئەبو جەعفەر کە ئەوکاتەدا لە خۆراسان بوو. بگەڕێوە بۆ : عمر : سەرچاوەی پێشوو ل ٨١

بەوەش گۆڕەپان چۆڵ بوو بۆ ئەبو موسلیم و بووبە تاکە فەرمانڕەوای وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات و نازناوی میری (ئال موحەمەد) ی (١) بۆ خۆی هەڵبژارد، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەو تەنها فەرمانڕەوای هەرێمێك نیە، بەڵکو زیاترە.

تواناو لێهاتوویی ئەبو موسلیم لە ڕووی سەربازی و سیاسی و کارگێڕیەوە لەکاتی جەنگی خۆراساندا دەرکەوت، ئەو توانا گەورەیەی کەوا کردی بە یەکێك لە سەرکردە مەزنەکانی عەباسی.

ئەم پیاوە لەپاش ئەوەی نزیکبوونەوە لە دانیشتووە خۆمالێیەکانی وڵات، بووبە ئەو هیوا و ئاواتەی کە خوازیاری بوون، وەکو کەسێکی بەهێزو لێهاتوو تەماشایان دەکرد بۆئەوەی پلەو پایەیان بگەڕێنێتەوە، کەلتووری دێرینی فارس زیندوو بکاتەوە، دەشتوانرێ ئەمە بەسەرەتای دەرکەوتنی (بەرمەکی و تاهیری و بووەبهی) یەکان دابنرێ، بەوەش بنچینەی دەوڵەتی خۆراسانی دانا.

---

(١) الطبري ، ب ٧ -- لا ٢٨٦-٢٨٨.

قۆناغی قوحتوبەی کوڕی شەبیب

هێشتا شۆڕشی عەباسی بەتەواوەتی لەخۆراساندا جێگیر نەبوو، هێشتا سەرکردایەتی ئامادە نەبوو بۆ ئاراستەکردنی لێدانی کۆتایی بۆ (نەسڕی کوڕی سەیار) کەوا بەناچاری ڕووی کردۆتە نیسابور لەگەڵ ئەو عەرەبانەی کە لایەنگری بوون لە هۆزەکانی (تەمیم و بەکرو قەیس)، سەرکردایەتی کارە سەربازیەکان لە (ئەبو موسلیم)ەوە بۆ (قوحتوبەی کوڕی شەبیبی تائی) گۆزرایەوە، ئەوەش بەفەرمانی ئیمام ئیبراهیمی کوڕی موحەمەد([1]) وادیارە سەرکردایەتی بالا لە(حەمیمە)، پەڕۆش بوو بزانێ لەدوای خۆراسان چی ڕوو دەدات، پێی باش بوو ئەبو موسلیم لەچوار چێوەی سنووری خۆراسان دەرنەچێ، دەبێ کارە سەربازیەکان لەناوچە عەرەبیەکاندا ڕادەستی سەرکردەیەکی عەرەبی بکرێ.

(قوحتوبە) ناوچەی (طوس) و (نیسابور)ی([2]) کۆنترۆڵ کرد، نەسڕی کوڕی سەیاریش لەلایەن خۆیەوە زانی کە بەرگریکردن و گەڕانەوەی دەسەلات مەحاڵە، لە (نیسابور)ەوە بۆ (ڕەی) هەڵهات ([3]).

حکومەتی ناوەندی لەدیمەشق بەم گۆڕانکاریە خێرایەی خۆراسان زارە تڕەك بوو، بۆیە، لەشکر لەدوای لەشکری دەنارد بۆ لەناوبردنی ئەو شۆڕشە، بەڵام شکستی هێنا. جا شارەکانی ئەسفەهان و نەهاوەند و هیتریش ([4]) خۆیان ڕادەستی شۆڕش کرد و ڕێگە بۆ عێراق لەبەردەم سوپای شۆڕش کرایەوە. نەسڕیش لە (ڕەی) مرد، لەکەشێکی ناڵەبار و نادیاردا بەیێ ئەوەی لە یەك شەڕ سەرکەوێ([5]) جا ئەمەویەکان بەمردنی ناوبراو سەرکردەیەکی گەورەیان لەکیس چوو کە ئەم ململانێ خوێناویەیانە بۆ بەرێتە ڕێوە، بۆیە بە نەرێنی کاریکردە سەر دۆزەکەیان.

(قوحتوبە)یش لە کەشێکی پڕ لەسەرکەوتندا بەسوپاکەی بەرەو (کوفە) چوو،

---

[1] هەمان سەرچاوە :لا ٣٨٨.

[2] الطبري : لا ٣٨٩-٣٩٠.

[3] هەمان سەرچاوە : لا ٣٩٠ ابن أعثم :ب٤ لا ٣٥٣.

[4] هەمان سەرچاوەی پێشوو:لا ٤٠٥ -٤٠٨ اليعقوبي :تاريخ اليعقوبي ب ٢ لا ٢٧٥

[5] ابن اعثم : ب ٤ لا ٣٥٣

هاوکات (یەزیدی کوڕی هوبەیرە) فەرمانڕەوای عێراق، بەرەو ڕووی ئەو بەڕێ کەوتبوو، شەڕێک لەنێوانیاندا بەرپابوو بە سەرکەوتنی (قوحتوبە) کۆتایی هات. (هوبەیرە) بەناچاری بۆ شاری (واست) پاشەکشێی کردو خۆی لەوێ حەشاردا. بەڵام (قوحتوبە) نەڕۆیا تا ئەنجامی کۆتایی ببینێ، چونکە لەکاتی پەرینەوەی لەڕووبارەدا، خنکا ([1]) وە (حەسەن)ی کوڕی جێی گرتەوە لەو هێرشە سەرکەوتووە و (لەچوارەی مانگی موحەڕەم سالی ١٣٢ك/٧٤٩ز) چووە ناو (کوفە)ەوە و (ئەبو سەلەمە لخلال)ی وەکو سەرۆکی بانگخوازەکانی عێراق و وەزیری (ال محمد) ناساند، بووە خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینە. ([2])

بەمەش چارەنوسی عێراق بڕیاری لەسەر درا : جا سەقامگیری شۆڕش لەم وڵاتەدا، لەپاش وڵاتەکانی ڕۆژهەڵات، دەستکەوتێکی مەزن بوو، وە ئەگەری ناشکرا بوونی بانگەشەکەی زۆر نزیک کردەوە، تا خۆراسانیەکان ڕابەری خۆیان بناسن لە (ال محمد)([3]).

---

[1] هەمان سەرچاوە :لا ٣٥٧. اليعقوبي ب ٢ لا ٢٧٧

[2] هەمان دوو سەرچاوە

[3] محمود والشريف :سەرچاوەی پێشوو لا ٦٤٥

بەرزبوونەوەی بنەماڵەی عەباس لەدەسەڵاتدا

ئەبو موسلیم زانیاری تەواو و بەردەوامی هەبوو دەربارەی ئەوەی لەعێراقدا پوودەدات، ئەوەش لە ڕێگەی نوێنەرە سیاسیەکەی (ئەبو لجەممی کوڕی عەتیە) کەوا لەگەڵ سوپاکەی (قوحتوبە) بوو و خاوەن دەسەڵات بوو بەسەر هێزە چەکدارەکان. جا ئەبوسەلەمەش دانی پێنا و ڕازی کرد لەو پلە سیاسیەیدا بێ.

سەبارەت بە (ئەبوو سەلەمە) ئەوا بەڕپرسی کوفە بوو وەکو (وەزیرێکی ال محمد) (۱)، ئەمەش پلەو نازناوێکە تازە داهێنرابوو (۲).لەمیانەی سروشتی ئەو ئەرکانەی کە ئەنجامی دەداو ئەو بەڕپرسیارێتیەی درابوو بەسەر شانی لەم ماوەیەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو خاوەن دەسەڵاتی تەواوەتی بووە. هەموو لایەنگرانی شۆڕش دانیان بەم دەسەڵاتەیە دەنا، بەڵام دەسەڵاتی تەواوەتی نەبوو بە سەر سوپادا، بەڵکو بەدەستی – ئەبو لجەهم – مایەوە.

پاش ئەوەی کە لایەنگرانی شۆڕش لەعێراقدا زاڵبوون بەسەر بارودۆخەکە، کاتی ئەوە هات کەسێك لە – ال محمد – هەڵبژێردرێ کەوا شۆڕشەکە بە ناوی ڕاگەیەنرا، ناوی (ئیمام ئیبراهیم)بێش باو وبڵاو بوو. ناو بڵاوی ئەم ئاشکرای کرد و ئاسانکاری کرد بۆ (بنەماڵەی ئومەیە) پەیوەندی نێوان خۆی و شۆڕش بدۆزنەوە. بۆیە (مەروانی دووهەم) دەستگیری کرد و خستیە ناو زیندانی (حەران)ەوە، پاشان لە(مانگی موحەڕەم سالی ۱۳۲ك/ مانگی ئەیلول سالی ۷٤۹ز)، کوشتی (۳)، ڕیوایەتەکانیش ئەوە دووپات دەکەنەوە کە (ئیمام ئیبراهیم) هەوالی مردنی بە بنەماڵەو کەسوکاری خۆیدا، کاتی دەستگیرکردنی و خیلافەتی ڕاسپارد بە (ئەبو لعەباس عەبدوللای کوڕی موحەمەد) ی برای و کردی بە خەلیفە لەدوای خۆی، فەرمانی پێکردن لەگەڵیا بڕۆن بۆ کوفە، پێش مردنی هاوەڵەکانی بەم هەڵبژاردنە ئاگادار کردەوە. (٤)

---

[1] الطبري: ب ۷ لا ٤٥٠.

[2] شعبان، محمدعبدالحي:الثورة العباسية لا ۲۵۷

[3] الدينوري : الاخبار الطوال لاثرة ۲۵۲-۲۵۳. اليعقوبي : بەشی ۲ لاپەرە ۲۷٤. اخبار الدوله العباسيه:نووسەرەکەی نەناسراوە لاپەرە ۳۹۲.

[4] الطبري :ب ۷ لا ٤۲۳.

که بنەماڵەی عەباس گەیشتنە کوفە، ئەوەش لەپاش چوونە ناوەوەی سوپای شۆڕش، (ئەبو سەلەمە) لەماڵی (ئەلوەلیدی کوڕی سەعد) کە مەولای (بنەماڵەی هاشم)ە، پێشوازی لێکردن و تەمێی کردن خۆیان بشارنەوە. تا نزیکەی چل شەو باسی نەکردن لای هیچ سەرکردەیەکی شیعی، پازیش نەبوو خەرجی گواستنەوەیان پێ بدا (۱)، لەهەمان کاتدا بۆ ڕابەرانی (ال البیت) لەبنەماڵەی (عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب) نوسی کە ببنە فەرمانڕەوای بڕاوادارانی بەکۆمەڵێ مەرجی دیاریکراو (۲). وادیارە ئەو نیازی هەبوو کارەکە ڕادەستی بنەماڵەی (عەلی) بکات کاتێك هەواڵی مردنی (ئیمام ئیبراهیمی کوڕی محمد)ی پێ درا، بەڵام داوای لێبوردنیان کرد لە پەسەند کردنی بانگەشەکە (۳).

بۆمان هەیە بپرسین: ئاخو ئەو هۆکارو پاساوانەی (ئەبو سەلەمە) چین تا خیلافەت بگوازێتەوە بۆ بنەماڵەی (عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب)؟ ئەوجا ئەوەر مەرجانە چین کە دابنا بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستە ؟

وادیارە وەزیری (ال محمد) ڕاسپاردەکەی (ئیمام ئیبراهیم) بۆ عەباسی برای بەهەند وەرنەگرت، یا خود بەلایەنی کەمەوە، بۆچوونی وا بوو کە عەباس شیاوترین کەس نیە لە هاشمیەکان بۆ فەرمانڕەوی باوەڕداران.

بەڵام ئەوەی کە گۆمانی تێدا نیە، ئەم پیاوە لەژێر فشاری ڕوداوە سیاسیە فرە ناڕاستەکان بووە، ناوبانگترینیان لایەنی عەلەوی و لایەنی خۆراسانی و لایەنی نەتەوەیی فارسی شاراوە، بۆیە پێویستی دەکرد لەسەری کەسێك هەڵبژێرێ لای هەموو لایەنەکان پەسەند بێ، بە تایبەتی هەر لەسەرەتاوە بۆچوونی جیاواز پەیدا بوو لەلای دوو لایەنی یەکەم، عەلەوی و خۆراسانی، دەربارەی دەسەڵاتەکانی (۴).

---

(۱) هەمان سەرچاوە : لاپەرە ۴۳۰.

(۲) ابو سلمة – نووسراوەکەی بۆ – جعفر الصادق و عبدالله المحض و عمر الاشرف – نارد، هەمووشیان لە حیجاز بوون.

(۳) سەبارەت بە ناردنی نووسراوەکان بۆ ئەم ڕابەرانە و کاردانەوەیان لەسەری بگەڕێوە بۆ : الیعقوبی: ج۲ ل۲۸۲۷– ۲۸۳. ابن الطقطقا: ل۱۲۷۷– ۱۲۹.

(۴) تاڵیبیەکان داوایان کرد کە نیمامەکە هەر خۆی (امیرالمومنین)یش بێ. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە فەرمانڕەوا خاوەن

لەهەلگەڕانەوەی (ئەبو سەلەمە) بۆ لای (بنەماڵەی عەلی) دەگەیەنە ئەوەی کە ناوبراو لە میانەی بارودۆخی سیاسی دەوروبەری و لە پێشبینیەکانی بۆ ئایندە، تێگەیشت کە ناتوانێ لەسایەی حوکمی عەباسیدا ئاواتە سیاسیەکانی بەدی بێنێ. وادیارە ئەو نوێنەرایەتی هەندێ لەرابەرە خۆراسانیەکانی فارس بوو، کەوا مەیلێکی نەتەوەیی شاراوەیان هەبوو، بۆیە ویستی کارەکە رادەستی (تاڵبیەکان) بکات بەشێوەیەك کە خۆی ببێتە خاوەن چاکەی گواستنەوەی دەسەڵات بۆیان بە شکۆ ئامانجەکانی بێنێتەدی کە بریتی بوو لەزیندووکردنەوەی ئاواتە نەتەوەییەکانی فارس. (١)

لەئەنجامی ئەم جیاوازییە لەتێڕوانینی سیاسی و بیروباوڕی، (ئەبو سەلەمە) نزیکەی دوو مانگ سەرقاڵی ئەوە بوو (ال محمد) ڕازی بکات تا لەلای هەمووی پەسەند بێت، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی دیکەوە ڕازی بێ ئەم پۆستە وەرگرێ بەو مەرجانەی کە خۆراسانیەکان داینان کەوا مەحاڵ بوو کەسێك هەبێ بەم پێشنیارە ڕازی بێ، بۆیە ڕابەرانی (ال البیت) ڕازی نەبون. (٢)

سەرەنجام خۆراسانیەکان پاڵپشتوراوی عەباسی خۆیان (ئەبو لعەباس عەبدوڵڵای کوڕی موحەمەد) سەپاند وەکو میری باوڕداران، لەڕۆژی هەینی (دوانزەی مانگی – ربیع الاخر– ساڵی ١٣٢ك /مانگی تشرینی یەکەم ساڵی ٧٤٩ ز) (٣) بەیعەتی پێدرا بۆ خیلافەت، شایانی باسە بەرواری خیلافەتەکەی لەپاش کوشتنی (مەروانی دووەم) دەست پێ دەکات کە دواین خەلیفەی ئەمەویەکانە، سێ ڕۆژی مابوو لەمانگی –ذی الحجە– لەساڵی ١٣٢ك، ڕێکەوتی مانگی تەممووزی ساڵی ٧٥٠ز، ئەمەش بەرواری

خاوەن دەسەڵاتی دینی و سیاسی بێ لە هەمان کاتدا. بەڵام بۆچوونی خۆراسانیەکان نەوە بوو دەبێ هەیکەلی سیستەمی سیاسی پێشوو لە ڕەگ وڕیشەی بگۆڕدرێ بە جۆرێك کە (امیرالمومنین) دەسەڵاتیکی دینی دیاریکراوی هەبێت بێ دەسەڵاتی سیاسی.

سەبارەت بەم بابەتە بگەڕێوە بۆ : شعبان، سەرچاوەی پێشوو لا ٢٥٨.

[١] العمرو : سەرچاوەیەکی پێشوو، لاپەرە ١٤١.

[٢] شعبان : لا ٢٥٨- ٢٥٩.

[٣] ابن کثیر : ب ١٠ لا ٥٢.

دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسیە.

(ئەبو سەلەمە)ش کەوا کارەکە بەبێ ئاگای ئەو تەواوکرا، هیچی بەدەستەوە نەما جگە لەوەی پازی بێ وپاساو بێنێتەوە بۆ هەڵوێستی خۆی لەبەردەمیان: (من ویستم ئەم کارە پاست و دروست بێ، ئەگینا هیچ ئیشێکی لێ ناکەم).(١)

وادیارە (ئەبو موسلیم) پاوێژی پێ کراوە پێش ئەنجامدانی ئەم کارە و پازیش بووە لەسەری، بە بەڵگەی ئەوەی (ئەبو لجەهم)ی نوێنەری هەوڵیکی لەبەر چاوی داوە لەهەڵبژاردنی (ئەبولعەباس). (٢)

---

١ اليعقوبي ، ب ٢ لا ٢٨٢. الكبرى ، پ ٢ لا ٤٢٠

٢ الطبري. هەمان سەرچاوە ، لا ٤٢٩-٤٣١.

پووکاره گشتیەکانی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی

دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە سیاسیەت گەلێکی ڕۆژهەلاتی پوونی پەیڕەوکردو پووی کردە خۆراسان کە بێشکەی پەیدا بوونێتی، ئەم پووکردنە لەخۆراسانیش چەندین هۆکاری لەپشتەوە بوو، گرنگترینیان:

- دژایەتی کردنی خەڵکی شام بۆ عەباسیەکان، چونکە هێشتا لە سەر دڵسۆزی و پشتیوانیان بۆ ئەمەویەکان مابوونەوە- -گوێزانەوەی پایتەخت لە دیمەشقەوە بۆ بەغداد

- کاریگەری فارس لەسەر سیستەم و ژیانی عەباسی.

- بوژانەوەی بازرگانی لەوڵاتەکانی ڕۆژهەلات.

دووركەوتنەوەی دەوڵەتی عەباسی لەجیهانی دەریای سپی ناوەڕاست.

- بایەخ نەدانی عەباسیەکان بەدروستکردنی گەلە کەشتی (اسطول)یکی دەریایی هاوشێوەی گەلە کەشتی ئەمەویەکان.

ئەوەی کە گومانی تێدانیە گوێزانەوەی خیلافەت لە ئەمەیەکانەوە بۆ عەباسیەکان گۆڕانکاریەکی ریشەیی و گەشەکردنێکی بەرفراوان و قوولّ لەهەموو بوارەکانی ژیانی ئیسلامی لەگەڵیدا هاتە کایەوە، ئەمەش لە پووکارە گشتیەکانی خیلافەتی عەباسی بەدی دەکراو بەگوێزانەوەی پایتەخت لەدیمەشقەوە بۆ بەغداد دەستی پێکرد، بەوەش جۆرە هەنگاوێکی نا لەبەجێهێشتنی جیهانی بێزەنتی و پووکردن لە جیهانی فارسی.

ئەمەو ئەو چالاکی و جموجوڵە سەربازییەی کە سەردەمی ئەمەوی لەبەرەی ڕۆژئاوا لەجیهانی دەریای ناوەڕاست بە خۆی بینیبووی، پاشەکشێی کرد، عەباسیەکان وەکو سنورێك بۆ دەوڵەتەکەیان تەماشای ڕۆخی ئەم دەریایەیانە دەکرد، کە دەبێ بەرگری لێ بکەن نەك هێرشی لێوە بکەن. وە لەئەنجامی ئەم پاشەکشێ کردنە، میرنشینە ئیسلامیەکان لەمەغریب و ئەندەلوس یەرپرسیارێتی بەرگریکردن لەهەوزی ڕۆژئاوای ئەم دەریایەیانە گرتە ئەستۆ.

بە شێوەیەکی گشتی عەباسیەکان رووبان کردە ڕۆژهەلات. لەتورکستان مەترسی

هاتنی (چینی)یەکان بۆ سەر ولاتی موسڵمانایان وەستاند، پاشان پەیوەندییان لەگەڵ جیهانی چینیدا بەهێزو پتەو بووەوە، بەتایبەتی پەیوەندی بازرگانی، هەروەها لەهەرێمی سند موسڵمانان بڵاو بوونەوە و دەسەڵاتی ئیسلامییان لەوێ جێگیرکرد.

هێزی دەریایی ئیسلامیش لە زەریای هند پەرەی سەند و ڕۆڵیکی بازرگانی باشی پێشکەش کرد، ئەمەش دەرفەتی ڕەخساند بۆ بازرگانی هند بە بێ ترس بچێتە ناو بازاڕەکانی عێراقەوە، هەروەها ڕێگەشی کردوە لەبەردەم ڕۆشنبیریەتی هندی، ڕێکەوتنی عەباسیەکان لەگەڵ چینیەکاندا بووە هۆی کرانەوەی بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی دوور لەبەردەم بازرگانیەکی ئاڵوگۆڕکراوی دەوڵەمەند، هەروەها ڕێکەوتنی عەباسیەکان لەگەڵ پادشاکانی فەرەنجە دەرفەتیدا بازرگانیان پەرەبسێنێ و بگەیەتە ڕۆژئاوای ئەوروپاو باکوری ڕۆژئاوای، بەڵام زیاتر بایەخیان بە ڕۆژهەڵاتدا. گوێزانەوەی پایتەخت و گرنگی نەدان بەکاروباری ڕۆژئاوا، لاوازبوونی دەسەڵاتی عەباسی لەمەغریبی ئیسلامی لێکەوتەوە، لەئەنجامیشدا لایەنەکانی ڕۆژئاوا جیا بوونەوە لە دەسەڵاتی ناوەندی، ئەوە بوو ئەندەلوس لەسەر دەستی (عەبدولرحمان داخل)ی ئەمەوی جیابووەوە، مەغرەبیی ئەوپەڕیش لەسەر دەستی ئیدریسیە عەلەویکان جیابووەوە، (بنەماڵەی ڕوستەم)یش – خەواریجە ئەبازیەکان– مەغریبی ناوەڕاستیان جیاکردەوە، عەباسیەکانیش تەنها دەوڵەتێکیان وەکو بەربەست دامەزراند کە لایەنگریان بێ لە مەغریبی نزیك، ئەوەش دەوڵەتی ئەغالیبەکان بوو.

دەوڵەتی عەباسی گەشەکردنێکی دیکەی بەخۆوە بینی. سیاسەتیان لەگەڵ ئایندا کۆکردەوە، لەم لایەنەشەوە ئەوان جیاوازن لە ئەمەویەکان کەوا تۆمەتی (بایەخدان بە بەرژەوەندی دنیایی)یان پێکرا، بۆیە وایان ڕاگەیاند کە دەیانەوێ سونەتی پێغەمبەر زیندوو بکەنەوە و دادگەریی بچەسپێنن. دەوروبەری خۆیان پڕکرد لە زانا و فەقێ، عاباکەی پێغەمبەریان لەبەر کرد (دروێ خوای لەسەر بێت) وەکو نیشانەیەك بۆ دەسەڵاتە دینیەکەیان، وە بیرۆکەی (ئیمامی مەهدی)یان قۆستەوە و بووە دروشمی دینی و سیاسیان، پشتیان بەست بە بیردۆزی (ئیمامەت) کەوا تەوەری بیروباوەڕ و بانگەشەکەیان بوو. ئەم سیاسەتە دینیەش کە خیلافەتی عەباسی پەیڕەوی دەکرد

پیرۆزیەکی پێ بەخشی و وای لێهات کە گوایە دەسەڵاتی خەلیفە لەخوای گەورەوە وەرگیراوە (۱)، چەمکی خیلافەت وەکو مافێکی خودایی لێهات لە حوکمڕانیدا، کەوا لەسەردەمی ساسانیەکاندا باو بوو.

خەلیفە عەباسیەکان پەیڕەوی هەندی نەریتی فارسیان دەکرد وەکو : قۆرخ کردنی دەسەڵات، دانانی دەرگاوان لەبەردەم کۆشکی خیلافەت، هاتنە دەرەوە بەپاسەوان و دارو دەستەیەکی زۆر، لەئەنجامی ئەوەشدا کاری (الحجابە – دەرگاوانی) هاتە ئاراوە. هەروەها شێوازێکی تایبەت پەیدابوو بۆ سڵاو کردن لەخەلیفە وەکو : خۆدانەواندن، ماچکردنی زەوی و کەناری جل وبەرگ. بەمەش عەباسیەکان سەرپێچی دابونەریت و رەفتاری عەرەبیان کرد کە ناسراوە بە لێبوردەیی و ئاسانکاری. هەروەها ژیانی خەلیفەکان و شێوازی کارکردنیان و شێوەی حوکمڕانیان بەفارسەکان کاریگەر بوو و مۆرکی ئەوانی پێوە دیار بوو، دابونەریتی دیوانی فارسی زاڵبوو بەسەر سیستەمی ئیدراییاندا، هەروەها کۆشکەکانیان پڕ بوو لە خزمەتکار و کەنیزەک.

کاریگەریەکی تری فارسی هاتە ناو سەردەمی عەباسیەوە، ئەوەش پۆستی وەزارەت بوو. ئەوە بوو لەڕووی جلوبەرگ و پسپۆری و ناولێنانەوە وەزیر مۆرکێکی نوێی بەخۆوە بینی کە پێشتر نەزانرابوو. تێبینی ئەوەش دەکرێ کە زۆربەی وەزیرەکانی خیلافەتی عەباسی لەبنەماڵەی فارسی بوون، وەکو (بەرمەکیەکان و بنەماڵەی سەهل و بنەماڵەی تاهیر و بنەماڵەی فورات و بنەماڵەی خاقان و هیتر). وەزیرو نووسەرو پیاوانی دەوڵەتیش دابونەریتی دێرینی فارسییان پەیڕەو کرد لەکارکردن و پەیام نێریدا.

---

(۱) بڕوانە بۆ دەقەکەی تەبوجەعفەری مەنسور لەلای – ابن کثیر ب ۱۰ ل ۱۲۲-۱۲۳

دابەشکردنی مێژووی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی

دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی نزیکەی (٥٢٤) ساڵ حوکمی کردووە (١٣٢-٦٥٦ك/٧٥٠-١٢٥٨ز)، بە ئەبو لعەباسی خوێنڕێژ دەستی پێکردو بەمردنی (المستعصم) کۆتایی پێهات، کەوا لەسەر دەستی مەغۆلەکان لەناوچوو. لەم ماوەیەشدا توانای دەوڵەت و هێزی خیلافەت وەك یەك نەبووە.

مێژوونووسەکان دەوڵەتی خیلافەتی عەباسییان بۆ چوار سەردەم دابەش کردووە، بەپێی تواناکانی دەوڵەت و گەشەکردنی بارودۆخی و پەرەسەندنی ژیانی رۆشنبیری و هزری، کە بریتیە لە:

سەردەمی یەکەم :

بریتیە لە سەردەمی هێز و فراوانخوازی و گەشە کردن (١٣٢-٢٣٢ك/٧٥٠-٨٤٧ز)

سەردەمی دووەم :

بریتیە لە سەردەمی دەسەلاتی تورکی (٢٣٢-٣٣٤ك/٨٤٧-٩٤٦ز)

سەردەمی سێیەم :

بریتیە لە سەردەمی دەسەلاتی بووەیهی فارسی (٣٣٤-٤٤٧ك/٩٤٦-١٠٥٥ز)

سەردەمی چوارەم :

بریتیە لە سەردەمی دەسەلاتی سەلجوقی تورکی (٤٤٧-٦٥٦ك/١٠٥٥-١٢٥٨ز)

سەردەمی عەباسی یەکەم : ١٣٢-٢٣٢ك/٧٥٠-٨٤٧ز

ئەم سەردەمە بەخیلافەتی ئەبو لعەباسی خوێنڕێژ دەستی پێدەکات و بە خیلافەتی (الوثق) کۆتایی پێ دێت، خیلافەت لەم سەردەمەدا بەهێز بوو و سەربەخۆییەکی تەواوەتی هەبوو، دەسەلاتی بالا لە دەوڵەت بەدەستی خەلیفەکان بوو کەوا توانایەکی کەسی وسیاسی و کارگێڕی بێ وێنەیان هەبوو، توانیان پارێزگاری لە یەکگرتوویی وڵات بکەن و ئەو ئاشوب و شۆڕشانە کپ بکەنەوە کە روبەڕویان بووەوە.

فارسەکان لەم سەردەمەدا پلەوپایەیەکی بەرزیان هەبوو لە دەوڵەت، دەسەلاتی بەرفراوانیان کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەئاراستەکردنی سیاسەتەکانی، سەرئەنجام زاڵبوون بەسەر هەردوو دەزگای ئیداری و سەربازی لەبەغداد و ئەو هەرێمانەی کە سەر بە ئەو بوون، جا ئەوانیش مشتیان توند کرد لەسەر سەرکردایەتی سوپاکان و پۆستە ئیداریە گەورەکان وەکو وەزارەت و نووسین و فەرمانڕەوایەتی شارەکان (١).

تاکەکانی سوپاش یارمەتیدەر بوون بۆ خیلافەت و دەزگایەکی گوێڕایەڵ بوون بەدەستی خەلیفەکاندا. ئەم ڕۆڵەشیانە بە نەمانی ئەو جۆرە خەلیفانە کۆتایی هات کەوا سەرکردایەتی لەشکرەکانیان دەکرد و پێشمەرگە بوون و بۆ خۆشگوزەرانی ملکەچ نەدەبوون. ئەم سەردەمە دەرەوشاوەش ئەم خەلیفانە نوێنەرایەتیان دەکرد : (أبو العباس – المنصور – المهدی – الهادی – الرشید – الامین – المعتصم والواثق).

---

١ الزاهريي، محمد بن مسفر : نفوذ السلاجقة السياسي في الدولة العباسية لا ١٤.

سەردەمی عەباسی دووەەم : (٢٣٢-٣٣٤ك/ ٨٤٧-٩٤٦ز)

ئەم سەردەمە بەخیلافەتی (ئەلموتەوەکل) دەستی پێدەکات و لەسەردەمی (ئەلموستەکفی) کۆتایی دێت، لەم سەردەمەدا خیلافەت لاواز بووەوە و وردە وردە سامی نەما، بەشێوەیەک کە میرنشینەکانی دەوروبەر بەبێ ترس پلانیان بۆ جیابوونەوە دانا. تورکەکان لەم سەردەمەدا مشتیان توند کردبوو لەسەر دەزگاکانی دەوڵەت. هەر لەسەردەمی (ئەلموتەوکل)ەوە دەوڵەت بەرەوە بێ هێزی دەچوو بەهۆی زیادبوونی دەسەڵاتی تورکەکان. ئەم کۆدەتایە لەدەسەڵاتی عەرەبیەوە بۆ دەسەڵاتی تورکی، دیاردەیەک بوو لەدیاردەکانی شۆڕش کەوا زۆربەی بەشەکانی خیلافەت هەستیان پێ کردبوو، لەئەنجامدا دەسەڵاتی خەلیفەی لاواز کردو دواتر نەما.(١)

خەلیفەکان لەم سەردەمەدا زیاتر لاواز بوونەوە بەهۆی گەورە بوونی مەترسی دەوڵەتە سەربەخۆکان کەوا لە جەستەی خیلافەت جیابوونەوە. ئەوەبوو پشتی (عەلی کوڕی بوەیە) لەفارسدا بەهێز بووەوە. (ڕەی و ئەسفەهان) و شاخەکانیش کەوتە ژێر دەستی (ئەلەحسەنی کوڕی بوەیە)ی برای. (حەمدان) یەکانیش موسڵ و دیاربکر و دیار ڕەبیعەو (مچن)یان بۆ خۆیان جیاکردەوە، (موحەمەدی کوڕی تغجی ئەخشید)یش (میسر و شام)ی بۆ خۆی جیاکردەوە، (ئەسپی کوڕی ئەحمەدی سامانی)ش خۆراسانی زەوت کرد.

لەئەنجامی ئەوەش قەبارەی دەوڵەتی خیلافەت بچووک بووەوە، خەلیفەکانیش هیچیان بەدەستەوە نەما جگە لە عێراق و چەند ناوچەیەک لەفارس و ئەهوازدا. بەڵام ئەم هەرێمانەی کە باسکران ئاشوب و ئاژاوەی تیا بەرپابوو. لەکۆتاییدا کارەکە وای لێهات کۆیلەیەکی تورکی یاخود دێلمی حوکمی بەغداد بکات کە ناوی (میری میرەکان)ی لێنرا، کەوا دەسەڵاتێکی تەواوەتی و ڕەها و گشتی هەبوو، خەلیفە هیچ شتێکی بەدەست نەبوو.(٢).

---

[1] Lane - Poole,s. ihstory of Egypt in the middle ages: p ٢٩

[2] الخضري : الشيخ محمد : الدولة العباسية: لا ٤٨٤.

بەڵام لەماوەی نێوان دوو ساڵی (٢٥٦-٢٩٥ك) خیلافەت بەشێکی زۆری لەدەسەڵاتەکەی هێنایەوە کە سەردەمی ئەم خەلیفانە دەگرێتەوە : ئەلموعتەمەد، (المعتضد)، ئەلموکتەفی، ئەم ماوەیەش ناوی (رابوونی خیلافەت)ی لێنرا.([1]).

ئەم سەردەمە، واتە سەردەمی عەباسی دووەەم، ئەم خەلیفانە نوێنەرایەتیان دەکرد : – المتوکل، المنتصر، المستعین، المعتز، المهتدی، المعتمد، المعتضد، المکتفی، المقتدر، القاهر، الراضی، المتقی و المستکفی، کەوا بنەماڵەی بووەیهی کرد بەدەسەڵاتدار لەسەردەمی خۆیدا.

[1] الزهراني : لا ١٤

سەردەمی عەباسی سێیەم : ٣٣٤-٤٤٧ك/ ١٠٥٥-٩٤٦ز

ئەم سەردەمە لەخیلافەتی (ئەلموستەکفی)ەوە دەستپێدەکات و لەخیلافەتی (ئەلقائم) کۆتایی دێت، ئەم سەردەمە پەیوەست بوو بە مێژووی بووەیهیەکان کەوا خاوەن دەسەلاتی ڕاستەقینە بوون لەعێراقدا. خەلیفەش هیچی دەسەلاتی بەدەستەوە نەبوو جگە لە ناوداری، بەڵکو وەکو کارمەندێکی لێهات لەلایان، بەگوێرەی بەڕەکەی خۆی قاچی ڕائەکێشا، مافی نەبوو دەست لەکاروباری خیلافەتدا وەر بدات ئەگەر پرسیان نەکات وڕازی نەبن لەسەری.

خەلیفە لەم سەردەمەدا دەسەلاتی لەدەست دا، فەرمانی پێ ئەکرا و ئەویش جێبەجێ دەکرد، هیچ دەسەلاتێکی دینیشی بەسەریاندا نەبوو، چونکە مەزهەبیان جیاواز بوو، ئەوان شیعەیەکی توندڕەو بوون، پۆستی خیلافەتیان تەنها لەبەر خزمەتکردنی ئامانجەکانیان هێشتبووەوە.

(بەیرونی) بەم دەستەواژەیە وەسفی ڕەوشی عەباسیەکان دەکات لەڕۆژانی (بنەماڵەی بوەیە)دا: ((دەوڵەت و دەسەلات لە دوارۆژەکانی (ئەلموتەقی) و ڕۆژانی یەکەمی (ئەلموستەکفی)دا لەبنەماڵەی عەباسیەوە گوازرایەوە بۆ بنەماڵەی بوەیهی، ئەوەی کە مابوو لە دەستی دەوڵەتی عەباسی بریتی بوو لە کاری ئایینی بێبڕوباوەڕی نەک موڵکێکی دنیایی)). (١).

ئەم سەردەمەش ئەم خەلیفانە نوێنەرایەتیان دەکرد: المستكفي – المطيع – الطائع – القادر و القائم.

---

١ البيروني، ابوالريحان : الاثار الباقية عن القرون الخالية :لا ١٢٦

سەردەمی عەباسی چوارەم : ٤٤٧ - ٦٥٦ك/١٠٥٥-١٢٥٨ز

ئەم سەردەمە لەخیلافەتی (ئەلقائم)ەوە دەسپێدەکات و بەمردنی (ئەلموستعصیم) کۆتایی پێ دێنێ، لەم سەردەمەدا دەسەلاتی راستەقینە کەوتە دەستی سەلجوقیە تورکەکان کەوا لە ولاتە شاخاوییەکان نیشتەجێ بوو بوون. ڕەوشی خیلافەت لەسەردەمی سەلجوقیەکاندا باشتر بوو بەراورد بە ڕەوشیان لەکاتی دەسەلاتی بنەماڵەی بوەیهدا، ئەوان ڕێزی خەلیفەکانیان دەگرت وەکو هەستێکی دینی چونکە سونی مەزهەب بوون، گەورە ڕایان ئەگرتن لەبەر پۆستە دینیەکەیان، خەلیفەکان لەم سەردەمەدا لەسەر یەک شێواز نەبوون لەتوانا و هەڵسوکەوت کردنیان، ئەوان لەسەردەمی (ئەلموستەرشد)دا دەستیانکرد بە هێنانەوەی هەندێ دەسەلاتی راستەقینەی خۆیان، لەسەردەمی (ئەلموقتەفی)یشدا سەربەخۆیانە حوکمڕانی بەغدادو شوێنەکانی دەوروبەری کرد، لەسەردەمی (ئەلناصر)دا دەسەلاتی خۆیان گەڕانەوەو سەربەستانە حوکمڕانی عێراقیان کردو شەست و شەش ساڵ مانەوە و ملکەچ نەبوون بۆ هیچ دەسەلاتێک، تا ئەوکاتەی کە مەغۆلەکان دەستیانکردە جموجۆلێکی بەرفراوان بەرەو ڕۆژئاوا و شانشینەکانیان داگیر کرد و شارەکانیان وێران کردو گەیشتنە بەغداد، ئەوە بوو داگیریان کردو خیلافەتی عەباسییان ڕوخاند.

ئەم سەردەمەش ئەم خەلیفانە نوێنەرایەتیان دەکرد : القائم، المقتدی، المستظهر، المسترشد، الراشد، المقتفی، المستنجد، المستضیء، الناصر، الظاهر، المستنصر، المستعصم.

ڕەنگترین جیاوازی لەنێوان سەردەمی یەکەم و سەردەمەکانیتر لەژیانی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیدا، دەرکەوتنی ڕەگەزێکی نوێ بوو کە بریتیە لەڕەگەزی تورکی، گۆڕینی خیلافەت لەمەرکەزیەت بۆ نامەرکەزیەت لە سیستەمی حوکمڕانیدا، لەئەنجامی دامەزراندنی کۆمەڵێ دەوڵەتی سەربەخۆ، ێ سەربەخۆییەکی تەواوەتی بێ یاخود (حکم ذاتی) بێ لەگەڵ دانپێنان بەدەسەلاتی خەلیفە.

فارسەکانیش جموجوڵ و چالاکیان بۆ ڕۆژهەلات گواستبووەوە لەپاش ئەوەی دەسەلاتی تورکەکان سەرکەوتن و توانیان کۆمەڵێ دەوڵەتی سەربەخۆ لەمەندێ

لەهەرێمەکانی دەوڵەتی عەباسی دامەزرێنن. جا دەوڵەتی (تاهیر)یەکان لەخۆراساندا دامەزرێنرا (٢٠٥-٢٥٩ك/٨٢٠-٨٧٢ز)، (یعقوب بن اللیپ الصفار) یش لەپاشماوەی دەوڵەتی تاهیری دەوڵەتی (سەفاری) دامەزراند (٢٦١-٢٨٩ك/٨٦٧-٩١١ز)، (سامان)یەکانیش لەپاشماوەی دەوڵەتی (سەفاری) دەوڵەتی خۆیان دامەزراند (٢٦١-٣٨٩ك/٨٧٤-٩٩٩ز)، لە کۆتاییەکانی سەدەی چوارەمی کۆچی روخان، واتە دەیەمی زاینی، (غەزنەوی) یەکانیش جێگەیان گرتەوەو دەوڵەتی (غەزنەوی)یان دامەزراند (٣٥١-٥٨٢ك/٩٦٢-١١٣٦ز)، (بوەیهی)یەکانیش زاڵ بوون بەسەر فارس عێراق و ئەهواز و کرماندا و دەوڵەتی (بوەیهی)یان دامەزراند.

(٣٣٤-٤٤٧ك/٩٤٦-١٠٥٥ز)، تورکە سەلجوقیەکانیش دەوڵەتی (بویهی)یان لەناوبرد لەعێراقداو (گغرلبك)ی سەلجوقی چووە ناو بەغدادەوە و جیای کردەوە و دەسەلاتی خۆی دامەزراند لەپاشماوەی دەسەلاتی بویهیەکاندا.

بەندی دووهەم

ئەبو لەعباسی خوێنرێژ – ئەبو جەعفەری مەنصور
١٣٢–١٣٦ك/٧٥٠–٧٥٤ز

ناساندنی ئەبو لەعباس

عەبدوللای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی عەباسی، ئەبو لەعباس نازناوەکەیەتی.(١). لەسالی (١٠٥ك/٧٢٣ز) لە (حەمیمە) لە دایکبووە لەخاکی (الشراه) لە (بلقا ء) لەشامدا، لەوێش پەروەردە بووە.(٢). رۆژی هەینی دوانزەی (مانگی – ربیع الاخر – سالی ١٣٢ك / مانگی تشرینی یەکەم سالی ٧٤٩ز) بەیعەتی یان پێدا و خیلافەتی پێ سپێردا لەکوفە. (٣)

تێبینی ئەوەش دەکرێ کە لەیەکچونێك هەیە لەنێوان ناوی ئەبو لەعباسی خوێنرێژ و ناوی ئەبو جەعفەری مەنسور (عەبدوللای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی عەباسی)، بۆیە، مێژوونووسان نازناوی عەبدوللای (الاصغر)یان بۆ خەلیفەی خوێنرێژ دانا (واتە بچووك). (٤)، چونکە ئەمەنی لە مەنسوری برای بچووکتر بوو.

وەکو ئەریتێکی پەیڕەوکرلو لەلایەن خەلیفەکانەوە لەکاتی هەڵبژاردنیاندا، ئەبو لەعباس لەمزگەوتی کوفە وتارێکی خوێندەوە، تێیدا ئامانجی هەڵگیرساندنی شۆرشی عەباسی ڕوونکردەوە، ناتەواوی و کەموکوڕی ئەمەویەکانی دەرخست و بەزەوتکەرانی خیلافەت وەسفی کردن، پەیمانیشی بەکوفیەکان دا کەوا پاڵپشتی شۆڕشەکەیان کرد، مووچەکانیان زیاد بکات و بیری خستنەوە کە ئەو : ((خوێنرێژە و شۆڕشگێڕە)). (٥)

---

(١) الیعقوبي، ب ٢ لا ٢٨٢

(٢) البغدادي، الخطیب ، تاریخ بغداد ب ١٠ لا ٤٦-٤٧. ابن کثیر، ب ١٠ لا ٥٢.

(٣) بگەڕێوە بۆ لا : ٢٥.

(٤) العبادی : لا ١١.

(٥) بگەڕێوە بۆ دەقی وتارەکە لەلای – الطبري – : بەشی ٧ لاپەرە ٤٢٥-٤٢٦. وادیارە لێرەدا مەبەستە لە (السفاح - خوێنرێژ) دەستپلاوە کەهەیانە بە بەڵگەی ئەوەی ئەم وشەیە لە نێو وسنکردنی خەڵکی کوفە و زیاد کردنی مووچەکانیان هات. ئەمەش لەگەڵ ماڵەی دەستپلاوی و بەخشیندا. واتە : ئەو دەستپلاو و بەخشەرە لەگەڵ هاوڕێکانی و شۆڕشگێڕێکی نازایە لەگەڵ دوژمنەکانی. شایانی باسە وشەی (السفاح) لەڕووی زمانەوانیەوە گۆڕەڵی ماناکە لە خوێنڕێژی لەوانەش ، خوێنرێژ

ئەبو لعەباسی خەلیفە لەکوفە نشتەجێ بوو، واش دیارە ئەو بۆی دەرکەوت کە کوفە بارودۆخێکی دەگمەن و جیاوازی هەیە ئەوەش بەهۆی پشتگیری نەکردنی زۆربەی دانیشتووانەکەی لەشۆڕشی عەباسی، جا لەشوێنکەوتووانی ئیمام عەلی بوون، بۆیە خەلیفە بۆ شوێنێکی نزیکتر باری کرد ناسراو بوو بە (هاشمیە الکوفە)، بەڵام زۆری نەخایاند لەوێش باری کرد بۆ ئەنبار کە دەکەوێتە رۆژهەڵاتی کوفە لەسەر رووباری فورات لەسالی (١٣٤ك/٧٥١ز)، لەتەنیشتیدا شارێکی بۆ خۆی دروست کرد ناسرا بە (هاشمیە الانبار) کەوا تیایدا نشتەجێ بوو تا مردنی لەسالی (١٣٦ك/٧٥٤ز).(١)

ئەبو لعەباس زۆربەی ماوەی خیلافەتی بەجێگرکردنی دەسەڵاتەکەی بەسەر برد، ئەوە بوو ڕوبەڕوی ئەو سەرکردە عەرەبانە بووەوە کەوا پشتیوانی ئەمەویەکانیان دەکرد، پاشان هەندێ لەو سەرکردانەی لەناوبرد کەوا پاڵپشتیان کرد بۆ گەیشتن بەدەسەڵات پاش ئەوەی کە نیازیان هەبوو جیابێنەوە، وەکو (ئەبو سەلەمەلخەللال).

ئەبو لعەباس کەسێکی دەستبلاو بووە، بەڕێز، ژیر، زۆر شەرمن، ڕەوشت جوان، ئەو بەخشندەترین کەس بووە، هەرگیز بەڵێنی نەداوە ودوای بخات، وە لە کۆڕەکەی هەڵنەساوە تا تەواو نەبێت. لەسەر ئەنگوستیلەکەی نەخشاندبووی: ((الله ثقه عبدالله و به یومن)) واتە خوا جێی متمانەی عەبدوللایەو باوەڕیشی پێی هەیە و دەگێڕنەوە کەوا وتوویەتی : ((نزمترینی خەڵك و ریسواترینیان ئەو کەسەیە ڕەزیلی بەدەست پارێزی بزانێ، وە نەرم ونیانی بە سەرشۆڕی بزانێ)) هەروەها وتوویەتی ((ئەگەر نەرمو نیانی خراپە بێ، ئەوا لێبوردەن موعجیزەیە، خۆڕاگری ئاکارێکی جوانە تەنها ئەوکاتە نەبێ کە دین سووك دەبێت و سوڵتان لاواز دەبێت، پەلە نەکردن ستایشکراوە تەنها لەکاتی دەرفەتدا نەبێ)).

ئەبولعەباس زۆر حەزی لە دەمەتەقێی پیاوان و دانیشتنی زانایان هەبووە، هانی ئەدەب و گۆرانی داوە، خەڵاتی شاعیران و گۆرانی بێژانی کردوە.(٢)

---

(١) الطبري : همان سمرچاوه لاپەره ٤٦٤.الدينوري:لا ٣٦٣

(٢) ابن الطقطقا ، لا ١٢٤. السيوطي ،تاريخ الخلفاء لا ٢٥٨.

ڕەوشی ناوخۆ لەسەردەمی ئەبو لعەباسدا

ئەبو لعەباس کاتێک بەیعەتی پێدرا بۆ خیلافەت هەر هێندەی سەربازەکانی دەسەڵاتی هەبوو، جا سوپاکەی خۆی ئامادە دەکرد بۆ پەلاماری کۆتایی لەگەڵ ئەمەویەکانداو هێشتا کاروبارەکان هەمووی بەدەستی سەرکردەو بانگخوازەکان بوو، بۆیە ئەرکی زۆر قورس و گران بوو. چونکە پێویست بوو لەسەری پێی عەباسیەکان لەدەسەڵاتدا جێگیر بکات و کۆڵەکەیان بچەسپێنێ. بۆیە وای بینی پشت بەبراو مام و برازاکانی ببەستێ و بەشداریان پێ بکات لەم کارەدا بۆ ئەوەی سەرکردە و بانگخوازکان دەسەڵات بۆ خۆیان قۆرخ نەکەن، ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە ویستی وردە وردە دەسەڵات بۆ دەستی تاکەکانی بنەماڵەی عەباسی بگەڕێنێتەوە.

ئەوە بوو مامی (سولەیمانی کوڕی عەلی) کرد بەوالی لەسەر بەسرەو دەوروبەری، مامی (ئیسماعیلی کوڕی عەلی) لەسەر (کور و ئەهواز)، مامی (داوودی کوڕی عەلی) لەسەر حیجاز و یەمەن پاش ئەوەی کە لەسەر کوفە لایبرد و مامی (عوبدوللای کوڕی عەلی) کرد بە بەرپرسی جەنگ دژی مەروانی دووهەم، (ئەبو جەعفەری مەنسور)ی برای بۆ جەنگاندنی (یەزیدی کوڕی هوبەیرە) دانا.([1]).

وادیارە جۆرە بێزارییەک دروست بوو لەلای هەندێ لەو سەرکردانەی کەوا شۆڕش لەسەر شانیان هەستا، ترسان کەسانی تر بەرهەمی هەوڵ و کۆششەکەیان بچنێ، بۆیە خەلیفە دڵنیای کردنەوە و قەناعەتی پێکردن کە بەشداربوونی کەسوکاری لەدەسەڵاتدا تەنها بۆ شانازییە، ئەوە بوو نووسراوێکی بۆ (حەسەنی کوڕی قوحتوبە)ی نارد کاتێک ئەبو جەعفەری برای کردە هاوەڵی: ((دڵنیابە سەرباز سەربازی خۆتن، سەرکردەش سەرکردەی خۆتن، بەڵام حەزم کرد براکەم ئامادەبێ و سەرپەرشتی کارەکە بکات)).([2])

ئەبولعەباس دوای ئەوە دەستی کرد بە پاکژکردنەوەی چڵ و چێوی ئەمەویەکان.

---

[1] الطبري : بـ ٧ لا ٤٥٩، ٤٥٨، ٤٥٠، ٤٣٢.

[2] الدينوري : لا ٣٦٠

جا لەپاش ئەوەی هێزەکانی بە سەرکردایەتی مامی (عەبدوللای کوڕی عەلی) هێزەکانی مەروانی دووهەمی لەسەر زێی (زاب) بەزاند و پاوی نا تا میسر و لەوێ کوشتنی، ئاشوب و ئاژاوەی ناوخۆیی لەناوچە عەرەبیەکاندا دژی دەسەلاتەکەی بەرپا بوو، لە فەلەستین و شام و جەزیرە کەوا ناوەندی هێزو توانای ئەمەویەکان بوو، پاشان زۆری نەخایاند ئەم هێزو توانایەی لەدەستدا و لەخۆراسان خۆی بینیەوە. (١). ئەوجا سەرکردەکانی مەروانی دووهەم هەندێکیان ترسان لەبنەماڵەی عەباس کەوا تووندوتێژییەکی زۆریان نواند لەمامەڵە کردن لەگەڵ دوژمنەکانیانداو هەروەها هەندێکیان تەماحی ئەوەیان هەبوو دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی بگەڕێننەوە (٢).

لەو بزوتنەوانەش باسی ئەمانە دەکەین، سەرهەڵدانی (حەبیبی کوڕی مورەی موڕی) لەهەرێمی (بیینە) لەفەلستین و بەلقا و حوراندا، سەرهەڵدانی (ئەبو لوەرد) لە قنسرین، بزوتنەوەی (ئوسامەی کوڕی موسلیم) لەجەزیرە (٣). جێی باسە سەرکردەی ئەم بزوتنەوانە ئاڵای سپیان بەرز دەکردەوە و ناوی خۆیان نابوو بە (المبیضە) واتە سپی گەڕەکان، وەکو نیشانەیەك لەسەر یاخی بوونیان لەدەسەلاتی عەباسی کەوا ڕەنگی ڕەشی کردبوو بەدروشمی خۆی و شوێنکەوتووانی ناو نرابوون بە (المسودە- ڕەشگەڕەکان).

ئەمەو (عەبدوللای کوڕی عەلی) چەندین مانگی لەکاری سەربازی بەردەوام بەسەربرد، پێش ئەوەی ئەم بزوتنەوانە لەناو بەردرێ و شارەکانی ڕەقە و حەران و ڕەها وماردین و دیمەشق و بەیت لەقدیس بێنە زێر ڕکێفی.

ئەوجا ئەبو لعەباس ئاوڕی دایەوە بۆ لای دۆزی یاخی بوونی (یەزیدی کوڕی هوبەیرە) کەوا لە (واست) خۆی حەشار دابوو، ئەوەبوو (ئەبو سەلەمە) سوپایەکی نارد بە سەرکردایەتی (حەسەنی کوڕی قوحتوبە) و گەمارۆیدا، وردە شەڕێك کرا لە نێوان هەردوولا بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی لێبکەوێتەوە، ئەمەش وای لە (ئەبو

---

[1] العبادي : لا ٤٤

[2] الطبري : ب ٧ لا ٤٤٦.

[3] الطبري : ب ٧ لا ٤٤٣- ٤٤٧.

لەباس) کرد (ئەبو جەعفەر)ی برای بنێرێ بۆ ئەوەی خۆی سەرکردایەتی گەمارۆدانی (واست) بکات. جا کاتێك هەوالی کوشتنی مەروانی دووەم گەیشتە (یەزیدی کوڕی هوبەیرە)، داوای ئاشتبوونەوەی کرد، دانوستانێك لەنێوان هەردوولا کرا لەئەنجامدا بەڵێن بە (کوڕی هوبەیرە) و لایەنگرەکانی درا کە دڵنیا بن. (ئەبو جەعفەر)یش نوسراوێکی بۆ خەلیفە نارد سەرەبارت بەم پرسە، خەلیفەش ڕاوێژی بە (ئەبو موسلیم) کرد. لە سەر ڕێنمایی ئەبو موسلیم، (ئەبو لەباس) فەرمانی دا بە (ئەبو جەعفەر)ی بڕای (کوڕی هوبەیرە) و ژمارەیەك لەهاوەڵانی بکوژرێن (1). بەکوشتنی (کوڕی هوبەیرە)ش ئەمەوییەکان دوابیان هات.

هەروەها (ئەبو لەباس) ڕکابەرە سیاسیەکەی لەناوبرد، (ئەبو سەلەمە لخەڵلال) وەزیری (ال محمد)، ئەوەبوو بوختانی ئەوەی پێکرد کە دەیەوێ خیلافەت لەبنەماڵەی عەباسەوە بۆ بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب بگوازێتەوە، بەنیاز بوو لە ناوی بدات کاتێك بەیعەتی پێدرا بۆ خیلافەت بەڵام بارودۆخی دەوڵەتی تازە پێگەیشتوو ڕێگەی پێ نەنەدا ئەو کارە بکات، بۆیە هێشتیەوە لەسەر پۆست و نازناوەکەی.

لەپاش ئەوەی کۆتایی بەو بزوتنەوانەی هێنا کە بەرهەڵستکاری دەسەڵاتەکەیان دەکرد و پێی لە دەسەڵاتدا جێگیر بوو ئەبو لەباسی خۆێنرێژ دەرفەتی بۆ ڕەخسا تا وەزیرەکەی خۆی لەناو بەرێ. بەڵام (داوودی کوڕی عەلی) ئامۆژگاری کرد نووسراوێك بۆ ئەبو موسلیم بنێرێ تێدا پرسی (ئەبو سەلەمە) ڕوون بکاتەوە بۆ ئەوەی پێی ناخۆش نەبێ. (ئەبو موسلیم) هەستا بەناردنی (مەڕاری کوڕی ئەنەسی - چبی) بۆ کوشتنی، ناوبراویش لەگەڵ (ئوسەیدی کوڕی عەبدوڵڵا) بۆسەیان بۆ دانا و کوشتیان لە (مانگی ڕەجەب سالی ١٣٢ ك / مانگی شوبات سالی ٧٥٠ ز) (2).

---

[1] الطبري : ٧ لا ٤٥٠ ـ ٤٥٧.

[2] الجهشياري، محمد بن عبدوس : الوزرا و الكتاب : لا ٩٠

ڕەوشی دەرەکی لەسەردەمی ئەبو لەعەباسدا

بەرەی ڕۆژهەڵات

لەو کاتەی کە ئەم ڕووداوانە لەعێراق و شام و جەزیرە ڕووی دەدا، ئەبو موسلیمی خۆراسانی، کە سەرکردەی یەکەمی شۆڕشی عەباسی بوو، دەسەڵاتی ڕادەست کرابوو و ئیشی بۆ خەلیفە دەکرد لەخۆراسان و شاخەکاندا، دەستی کرد بە جێگیر کردنی پێی عەباسیەکان لەم ناوچانەدا، کۆتایی بەو شۆڕشانەی هێنا کەبەر هەڵستکاری حکومەتی ناوەندییان دەکرد (۱).

لەهەمان کاتدا وڵاتی دوای ڕووبار دوچاری مەترسیەکی گەورە بوو لەلایەن چینیەکانەوە. چونکە ئەمان شلۆقی بارودۆخی موسڵمانان و ئەو بۆشاییەی کە ڕوخانی دەوڵەتی ڕۆژئاوای تورکەکان هێنایە کایەوە، بە هەلزانی بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتەکەیان لەوڵاتی دوای ڕووبار کەوا فەرمانڕەوا پێشوەکانیان هەر لە دێر زەمانەوە ڕاهاتبوون لە سەر ئەوەی نێردە ڕەوانەی چین بکەن بەمەبەستی نواندنی پشتگیری خۆیان بۆ ئیمپراتۆری چینی، جا ئەمانیش دەستیان کرد بە هاوکاری کردن و درێژ کردنەوەی دەستی یارمەتی بۆ ئەو فەرمانڕەوا خۆمالیانەی کەدژی دەسەڵاتی ئیسلامی بوون. لەڕاستیدا ململانێی نێوان لایەنی ئیسلامی و لایەنی چینی، کۆمەڵێ هۆکاری شارستانی و بازرگانی دەیجوڵاند، ئەو پرسیارەی کە لە کاتی خۆیدا دەکرا ئەمە بوو : ئاخ کامەیان زاڵ دەبێ بەسەر ئەو ناوچانە، شارستانیەتی ئیسلامی ؟ یان شارستانیەتی چینی ؟ (۲).

لە ڕووی هۆکاری بازرگانیەوە، ئەوا موسڵمانەکان حەزیان لێ بوو زاڵ بن بەسەر ڕێگاو بانەکانی بازرگانی جیهانی لەگەڵ ڕۆژهەڵاتدا، واتە هند و چین، کەمکردنەوەی پۆڵی چینی لەبازرگانی جیهانی.

لەسالی (۱۳۲ك/۷۵۰ز) سوپای چینی شاری (سۆیاب)ی داگیر و وێرانکرد. لەسالی داهاتوودا چینەکان ململانێی نێوان (ئەخشید فرغانە) –کە داوای یارمەتی چینیەکانی

---

[۱] ابن الاثیر : ب ٤ لا ٣٤١. بارتولد : سەرچاوەی پێشوو لا ٣١٤ – ٣١٥.

[۲] بارتولد : لا ٣١٦.

کرد – و نێوان پاشای (شاش) بەهەل زانی، خێرا دەستیانگرت بەسەر ئەو ناوچانە و لە بەردەم (فرغانە) دەرکەوتن و هێرشیان کردە سەر شاری (شاش) و پاشاکەیان گەمارۆدا و بەزۆر هاتە ژێر فەرمانیان. (۱)

سەرکردەی موسڵمانیش، (زیادی کوڕی سالح) کە تازە شۆڕشی (شەریکی کوڕی شێخ مەهری) کپ کردبووەوە لە (بوخارا)دا، توانی سوپای چینی بشکێنی لەسەر ڕوباری (گران) لەمانگی (زی الحجە– سالی ۱۳۳ك / مانگی ئاب سالی ۷۵۱ ز) (۲).

ئەمەو (ئەبو داوود) – خالدی کوڕی ئیبراهیم –، کەوا ئەبو موسلیم وەکو فەرمانڕەوایەك لەسەر (بلخ) دایمەزراند، سەرکەوتوو بوو لەو کارە سەربازیانەی کە لەناوچەکانی (ختل و کش) ئەنجامی دا، ئەوە بوو فەرمانڕەوای (ختل) بۆ چین هەڵهات، سەرۆکی (کش)یش کوڕا و براکەی شۆینی گرتەوە(۳) ئەوجا چین دوچاری کێشەی ناوخۆ بوو و شەڕی ناوخۆی تیا هەڵگیرسا بەهۆی ململانێ لەسەر تەختی دەسەڵات، لە ئەنجامدا چینەکانی سەرقاڵ کرد و دووری خستنەوە لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتی دووای ڕووبار. شەڕی (گران) بەدوا دەستێوەردانی چینی دەژمێردرێت لەم ناوچەیەدا کەوا دواتر لەسایەی دەسەڵاتی عەباسیدا ماوەیەکی دوور و درێژ لە خۆشگوزەرانیدا بوو.

---

[۱] ابن الاثیر : ب ٤ لا ٣٤٢.
[۲] ابن الاثیر :ب ٤ لا ٣٤٢.
[۳] هەمان سەرچاوە لا ٣٤٣.

بەرەی بێزەنتی

دەوڵەتی بێزەنتی سوودی لەو پەشێوییە وەرگرت کەوا بالی کێشابوو بەسەر دەوڵەتی ئیسلامیدا بەهۆی گوێزانەوەی خیلافەت لە ئەموییەکانەوە بۆ عەباسیەکان و گواستنەوەی پایتەخت بۆ دیمەشق، بۆیە، هێرشی کردە سەر ناوچەکانی باکوری دەوڵەتی ئیسلامی، جا ئیمپراتۆر (قسطنطین)ی پێنجەم سەرکەوت لەفراوانکردنی سنوری ولاتەکەی بەرەو رۆژهەلات، ئەوەش کاتێك هێرشی کردە سەر ناوچە سنوریەکانی شام و جەزیرە، شارو قەلاکانیانی داگیر کرد (١).

لەسالی (١٣٣ ك/ ٧٥١ز) ئیمپراتۆری ناوبراو هەلمەتێکی برد بۆ سەر ناوچەی سەر سنور لەگەل ئەرمینیا و قەلای (پیود و سیبولیس – واتە ئەرزرۆم)ی داگیر کردو سوپای عەباسی کەوا (موخەلەدی کوڕی موقاتلی کوڕی حەکیم) سەرکردایەتی دەکرد نەیتوانی بەرگە بگرێ (٢).

ئیمپراتۆر بەردەوام بوو لە داماڵینی ناوچەکەو، زاڵ بوو بەسەر قەلای (کماخ) لەسەر رووباری فورات لەپاش بەرگری کردنێکی زۆردا، هێرشی کردە سەر ناوچەکانی جەزیرەدا وە قەلاکانی فوراتی ڕماند و (حدث وملطیة و قلوذیة)ی داگیرکردو قەلای (سمیساط)ی وێرانکرد (٣)

وادیارە (قسطنطین)ی پێنجەم مەبەستی لەم داماڵینەدا ئەوە بوو بنکەی کۆمەکی کردن و یارمەتیدانی سوپای ئیسلامی بروخێنێ بۆ ئەوەی هاتنی موسڵمانان بەرەو ناو سنورەکانی بێزەنتی کەم بکاتەوە، چونکە ئەو بۆی دەرکەوت ئەگەر هاتوو بێزەنتیەکان لەم ناوچانە جێگیریش بن ئەوا ناتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن. ئەوەش بەهۆی دوور بوونی لەپایتەخت. بۆیە فەرمانی دا بە روخاندن و وێرانکردنی، بەوەش سوپای ئیسلامی لەسەر سنوور خستەبەر هەڕەشەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ بێزەنتیە دڵنیابوو لەجموجوڵی ئیسلامی، سەرەڕای زۆربوونیشی،

---

١ تاريخ خليفة بن خياط : ب ٢ لا ٤٣٥- ٤٣٦. البلاذري فتوح البلدان : لا ٢٦٢ – ٢٦٣.

٢ تاريخ خليفة بن خياط : هەمان سەرچاوە لا ٤٢٦.

٣ البلاذري : لا ٢٦٢-٢٦٣. ابن الاثير : لا ٣٤١.

که کاریگەری نیە لەسەر ئاسایشی ئەو وەکو سەردەمی دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمێکی بەرگریکردنی بەهێزو پتەوی لەو ناوچە سنوورییانە دانا کە روبەڕوی موسڵمانەکانە و کردی بەناوچەیەکی سەربازی و هێزی سەربازی تێدا جێگیر بوو.(١)

لەسەرەتاوە کاردانەوەی ئیسلامی سنوردار بوو، بەڵام وردە وردە بەهێز بووەوە، جا لەگەڵ سەقامگیربوونی بارودۆخی خیلافەت، بزوتنەوەیەک سەری هەڵدا بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی بێزەنتیەکان و دەستپێکردنەوەی جموجوڵی هاوین و زستانان.(٢)

لە سالی (١٣٤ك/٧٥٢ز) ئەبو لەعەباس دوو گروپی هاوپەیمانی بۆ (ملطية) ڕەوانە کرد، یەکەمیان بەسەرکردایەتی هەر دوو مامی (سالح و عیسای کوڕی عەلی)، توانیان پەرژینی شارەکە وێران بکەن، دووەمیان بەسەرکردایەتی (موحەمەدی کوڕی نەسڕی کوڕی بریمی حەمیری) کەوا چووە ناو قەڵای (طوانة)، (٣)، هەروەها لەکۆتایی ئەم ساڵەدا هێرشێکی دەریایی ئاراستەی (صقلیە و سردینیا) کرد بەسەرکردایەتی (عەبدوڵلای کوڕی حەبیبی فهری). (٤)

دیارە ئامانجی ئەبو لەعەباس ئەوە بوو هێزەکانی بێزەنتیە پەرش و بڵاو بکاتەوە بۆ ئەوەی فشاری سەربازییان کەم بێتەوە لەبەرە سەربازیەکاندا.

خەلیفە سوور بوو لەسەر گەڕانەوەی ئەو ناوچانەی کە بێزەنتیەکان داگیریان کردبوو وەکو (ئەرزڕۆم) و نۆژەن کردنەوەی ناوچە وێرانکراوەکان وەکو (ملطية)، هەروەها گەیشتنی هێزی دەریایی ئیسلامی بۆ دوورگەکان سەلماندی کە چالاکیان بەردەوام دەبێ، لە سالی (١٣٦ك/٧٥٢ز) ئەرکی ئامادەکردنی هەڵمەتێك بۆ ئاسیای بچوکی بە مامی خۆی (عەبدوڵلای کوڕی عەلی) سپارد، کەوا فەرماندەوای شام بوو،

---

[1] عبدالله، وديع فتحي : العلاقات السياسية بين بيزنطة والشرق الادني الاسلامي لا ١٤٥

[2] علي، محمد كرد : خطط الشام. ب ٥ لا ١٦.

[3] تاريخ خليفة بن خياط : لا ٤٢٦.

[4] ابن الاثير، ب ٤ لا ٢١٥.

هەڵمەتەکە لە (دابق) باکووری حەلەب کۆمەڵەی بەستبوو بۆ ئەوەی لەوێوە بکەونە ڕێ، بەڵام مردنی خەلیفە لەو ساڵەدا وای لە (عەبدوللای کوڕی عەلی) کرد سەرکرایەتی بۆ خۆی قۆرخ بکات و تەماحی هەبوو دەست بگرێ بەسەر خیلافەتدا. بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین پێکدادنی سەربازی نێوان هەردوولا لەو کاتەدا بە شەڕی سەرسنوور ناوزەند بکەین (١).

وەزارەت لەسەردەمی ئەبو لەعەباسدا

پۆستی وەزیر راستەوخۆ لەپاش سەرکەوتنی سوپای عەباسی بەسەر سوپای ئەمەوییدا و پێش بەیعە تدان بە ئەبو لەعەباسی خوێنڕێژ بۆ خیلافەت، دامێنرا، ئەم پۆستەش سیستەمێکی دێرینی فارسە (٢).وادیارە ئەبو لەعەباس کاتێک سیستەمی وەزارەتی پەسەندکرد، پێشکەوتنی دەوڵەت و بەرەو مەرکەزیەت چوون و دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی لەبەرچاوگرت. ئەمەش بە هاندانی فارسەکان و کاریگەری خۆراسانیەکان هاتە ئەنجام. چونکە (ئەبو سەلەمەلەفەللال)یان کرد بە ((وەزیری ئال موحەمەد))، ئەبو لەعەباسیش لاری نەبوو.

بەڵام لەسەردەمی (ئەبو سەلەمە) دەسەڵاتی وەزیر بەشێوەکی ڕوون و ئاشکرا، دیاری نەکرابوو، هەرچەندە ناوی وەزیری لێ نرابوو بەڵام دەسەڵاتێکی تەواوی نەبوو لەهەموو دیوانەکاندا، بۆ نموونە دیوانی (خراج — دارایی) و دیوانی سەربازەکان لە دەسەڵاتی ئەودا نەبوون. زۆرجار بەرێەککەوتن دروست دەبوو لە نێوان دەسەڵاتی خەلیفە و دەسەڵاتی وەزیر، بەهۆی دیاری نەکردنی دەسەڵاتی ئەمەی دووهەم، لەکاتێکدا دەسەڵاتی ئەوەی یەکەم بە ڕوونی دیاری کرابوو. جا وەزیر حەزی لێبوو پۆستی ئیداری هەموی بگرێتە دەست و هەموو کارویارەکانی خۆی جێبەجێی بکات. بەڵام دەسەڵاتی خەلیفە ڕێگر بوو لەبەردەم ئەم هەوڵانەی وەزیردا (٣).

---

١ Ostrogorsky : cp – cit p ١٦٧

٢ أمين، أحمد : ضحى الاسلام ب ١ لا ١٦٥. الصالح، صبحي : النظم الاسلامية لا ٢٩٦.

٣ الصالح : هەمان سەرچاوە لا ٢٩٦-٢٩٧.

ئەوجا ئەم سیستەمە گەشەی کرد و لە سەردەمی عەباسی یەکەمدا جێگیر بوو و دەسەلاتی وەزیر دیاری کرا، ئەوە بوو بۆ وەزارەت کۆمەڵی ئیش وکاری دیاریکراو و یاساو ڕێسای نەگۆڕیان دانا، گرنگترینیان سەرپەرشتی کردنی دیوانی (خراج – دارایی) و دیوانی (نفقات – خەرجکردن) بوو، هەروەها سەرپەرشتی کردنی باج وەرگرتن، وە کۆکردنەوەی هەردوو دەسەلاتی مەدەنی و سەربازی لە خودی وەزیردا، سەرەڕای ئەو ئەرکە گشتیانەی کە خەلیفە پێی دەسپێرێت، وە جێی خەلیفە دەگەڕێتەوە لە حوکمڕانی ولاتدا، واتە دەستە ڕاستی خەلیفە بوو (١).

وەزارەت لەسەردەمی عەباسیەکاندا دوو جۆر بووە:

– وەزارەتی جێبەجێ کردن (تنفیذ).

– وەزارەتی دەسەلات پیدان (تفویض).

جا وەزارەتی جێبەجێکردن، بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی خەلیفە دانرابوو، وەزیر بۆی نەبوو هەر لەخۆیەوە ڕەفتاری پێ بکات، وەزیریش لەم حاڵەتەدا وەکو ئەڵقەی گەیاندن بوو لە نێوان ئیمام و گەل (٢).

بەڵام وەزارەتی دەسەلاتپێدان بە تەواوەتی بەدەستی وەزیر بوو و بۆی هەبوو بەکاروباری دەوڵەت هەڵسوکەوت بکات، ئەمە پاش ئەوەی خەلیفە ئەو دەسەلاتەی پێ دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا خەلیفە مافی هەیە لەدانانی هەر کەسێك بۆ جێنیشینێتی و لابردنی ئەوانەی کە وەزیر هەندێ کار و باریان ڕادەست ئەکات، ئەگەرهاتوو ڕازی نەبوو لەسەریان.(٣) کاتێك دەسەلاتی خەلیفە عەباسیەکان لاواز بووەوە، دەسەلات کەوتە دەستی وەزارەت و پلەوپایەی وەزیر بەرز بووەوە. بەڵام لەکاتی بەهێزبوونی دەوڵەتدا خەلیفەکان کاروباری دەوڵەت بەوەزیرەکانیان ڕاسپاردووە، ناودارترین وەزیرانی دەسەلاتپێدان لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا (بنەماڵەی بەرمەك) بوون.

---

[١] سەبارەت بە ئەرکەکانی وەزیری عەباسی بگەڕێوە بۆ : ابن خلدون، المقدمة: ب ٢ لا ٧٧٦-٧٧٨.

[٢] الماوردي : الاحكام السلطانية و الولايات الدينية، لائحة ٢٥.

[٣] هەمان سەرچاوەی پێشوو :لا ١٥-١٦. ماوەردی مەرج و سیفەتەکانی هەریەك لە وەزیری جێبەجێکردن وە وەزیری دەسەلات پێدان

پۆستی وەزارەت کە لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا دەرکەوت گرنگی و مەترسیەکی گەورەی هەبوو لەهەمان کاتدا. لەرووی گرنگیەوە ئەوا گرنگترین پۆستە لە دەوڵەتی عەباسیدا لەدوای پۆستی خیلافەت، لە رووی مەترسیەوە ئەوا وەزیرکان شوێن پەنجەی خۆیان لە هەموو بوارەکانی ژیان سیاسی و ئابووری و ئیداری و هتری بەجێهێشت، هەندێکیان ئەم پۆستە بۆ خزمەتی مەبەست گەلێکی سیاسی و هەرێمی دژ بە سیاسەتی دەوڵەتی عەباسی قۆستەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئاشنابین بەوەی کە زۆرینەی ئەو وەزیرانەی پۆستی وەزارەتیان گرتە دەست لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا لەفارسەکان بوون.

ئەبو لعەباس لەدوای ئەبو سەلەمە، (خالدی کوڕی بەرمەکی) کرد بە وەزیر، وێڕای ئەوەی لەپۆستەکەیدا جێی گرتەوە، کاری نزیشی پێ سپێردرا وەکو سەرپەرشتی کردنی دیوانی دارایی و دیوانی سەربازەکان، سەرەڕای (الفنائم –دەستکەوتەکان ([1]).

جێنشینێتی – مەرگی خوێنڕێژ

لە سالّی (١٣٦ك/٧٥٤ن) خوێنڕێژ لە دوای خۆی خیلافەتی بە ئەبو جەعفەری برای راسپارد، پاشان بە عیسای کوڕی موسای کوڕی موحەمەد، پەیماننامەیەکی بەوە نووسی وراوەستی عیسای کوڕی موسای کرد. خوێنڕێژ تووشی نەخۆشی (ئاوڵە) بوو لەشاری ئەنبار، وە لە سیانزەی (مانگی – زی الحجە – سالّی ١٣٦ك/ مانگی حوزەیران سالّی ٧٥٤ن) کۆچی دوایی کرد و لەناو کۆشکەکەی لە ئەنباردا نێژرا ([2]).

---

[1] ابن الطقطقا:الا ١٥٦

[2] الطبري : ب ٧ ٤٧٠٤-٤٧١

عەبدوللا ئەبو جەعفەری مەنسور١٣٦ -١٥٨ك/٧٥٤-٧٧٥ز

ناساندنی ئەبو جەعفەر

عەبدوللای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی عەباسی، ئەبو جەعفەری مەنسور. لە (حەمیمە) لە ساڵی ٩٥ ك لەدایك بووە و دایکی ناوی (سەلامە) بە. لە ناو کۆمەڵگەی هاشمیدا پێگەیبوە.

هەر لەسەردەمی لاوێتیدا زانستخواز بووە و لە دین تێگەیشتووە، وە بەشێك لە (علم الحدیث – فەرمودەکانی پێغەمبەر)یش فێر بوو، بۆیە کەسێکی ئەدیب و زمانپاراو و ئاشنا بە ژیاننامەی پاشاکانی لێ دەرچوو ([1]).

ئەبو جەعفەر لەگەڵ براکەی و کەسوکاریدا لە (حەمیمە)وە کۆچیان کرد بۆ (کوفە). کاتێك ئەبو لەعباسی برایشی خیلافەتی گرتە دەست، ئەم دەستی پاستی بوو لەبەڕێوەبردنی کاروباری خیلافەتدا. ئەویش جەزیرەو ئەرمینیاو ئازەربایجانی خستەژێر دەسەڵاتی، ئاڕاستەی کرد بۆ خۆراسان بۆ ئەوەی لەوێ بەیعەتی بۆ بسێنێ، هەروەها کردی بە جێنشینی خۆی.

کە (خوێنڕێژ) مرد، ئەبو جەعفەر لەحیجاز ئەمیری حەج بوو، بۆیە عیسای کوڕی موسا، کەبرازایەتی، لەئەنبار بەیعەتی بۆ وەرگرت و بەنوسراوێك ئاگاداری کردەوە.

مەنسور ناسراو بوو بە زەبر وزەنگی و وریایی و چاکسازی و بایەخدان بە بەرژەوەندی هاوڵاتیان. ڕقی لە خوێنڕشتن بوو تەنها بەحەق نەبێ، خۆڕاگر بوو لەکاتی تەنگانەدا، بێ گومان ئەم سیفەتەش یەکێك بوو لەو سیفەتانەی کە سەرکەوتنی بۆ مسۆگەر کرد.

---

[1] ابن کثیر : ب ١٠ ل ١٢١-١٢٢

٢ الطبري: ب٧ ل ٤٧٢

یاخی بوونی عەبدوللای کوڕی عەلی

کاتێك ئەبو جەعفەری مەنسور خیلافەتی گرتە دەست، هیشتا کۆڵەکەکانی جێگیرو دامەزراو نەبوو. لەرکابەری عەبدوللای کوڕی عەلی – مامی – کەوا داوای خیلافەتی دەکرد، دەترسا، هەروەها ترسی زیادبوونی دەسەڵاتی ئەبو موسلیمی خۆراسانی و یاخی بوونی ئامۆزاکانی خۆی واتە (بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب)ی لێ نیشتەوە. ئایا مەنسور چۆن ڕووبەڕووی ئەم گرفتانە بووەوە ؟

وادیارە ئەم خەلیفەیە، بوێری و وردەبەرزی و فێڵبازی و زیرەکی تێدا کۆبۆتەوە. جا بڕیاریدا دوژمنەکانی بەگژیەك بدات، بۆ ئەوەی گۆڕەپانی سیاسی بۆی چۆڵ بێت.

جا عەبدوللای کوڕی عەلی تێڕوانینێکی تایبەتی هەبوو بۆ کێشەی حوکم، ئەو سەرەڕای ئەوەی تەماحی هەبوو لە خیلافەت، ئەوا لە هەردوو برازاکەشی – ئەبو لەعباس و ئەبو جەعفەر – پەست بوو بوو، بەهۆی لایەنگریان بۆ فارسەکان.

(ئەبو جەعفەر)یش لەسەر حەق بوو کاتێك لەتەماحی مامی دەترسا. کەوا بە سوپایەکەوە کە عەرەبی زۆری لەخۆگرتبوو لەسەردەمی ئەبو لەعباس دەرچوو بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر بێزەنتیەکان. ئەو بوو کاتێك گەیشتە (دلوك)، لەدەوروبەری حەلەب، هەواڵی مردنی خوێنڕێژ و بەیەتدان بە مەنسوری پێگەیشت، بۆیە هێرشەکە ڕاگیرا، وە ڕووی کردە (حەڕان) و لەوێ لەگەڵ سەرانی سوپاکەی کۆبوونەوە، سەرئەنجام بڕیاردرا خۆی بۆ خیلافەت کاندید بکات. جا سەربازەکان بەیعەتیان پێدا و پاشان هێرشەکەی ئاراستەی جەزیرە کرد (٢)

ئا بەم شێوەیە ئەو سوپایەی کە تایبەت بۆ هێرش کردنە سەر بێزەنتیەکان ئامادە کرابوو، عەبدوللا بۆ هێنانەدی مەبەستەکانی خۆی لەخیلافەتدا بەکاری هێنا،

به بیانووی ئەوەی ئەبو لەباس کاتێك ناردی بۆ شەڕکردن لەگەڵ مەروانی دووەمدا، کردبووی بە جێنشینی خۆی (١).

مەنسور رەفتارێکی ژیرانەی نواند بەرامبەر ئەم مەتەرسیەدا، سەلماندی کە لە دۆزە گرنگ و سەرەکیەکاندا ڕێگە نادا بە هەست و سۆز زاڵ بێ بەسەریدا، بۆیە ناردی بەدوای ئەبو موسلیم، هەر چەندە ڕقیشی لێ بوو، بۆ ئەوەی بجەنگێ لەگەڵیدا، بەوەش لێهاتوویی سیاسی خۆی دەرخست لەلێدانی دۆژمنەکانی بەیەکدا، سەرەڕای ئەوەی کە بە تەمابوو خۆراسانیەکانی ناو سوپای مامی رابکێشێتە لای خۆی، ئەوەش لەڕێگەی حاکمی خۆراسانەوە کەوا ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ بەرەنگاربونەوەی یاخی بووەکان (٢).

ئەبو موسلیم بە توانای سیاسی و سەربازی خۆی سەرکەوت بەسەر عەبدوڵڵا، لە شەڕێکدا کە لەنزیکی (نصیبین) لە ناوچەی جەزیرەدا رووبدا(٣). عەبدوڵڵاش لەپاش دۆڕاندنی، بۆ بەسرە هەڵهات و پەنای بردەبەر (سولەیمانی کوڕی عەلی)ی برای، خۆی لەلای ئەو شاردەوە، تا ئەو کاتەی مەنسور پێی زانی، ئەوەبوو ناردی بەدوایدا و دڵنیای کردەوە کە هیچی لێ ناکات، کەهات بۆلای دەستگیری کرد و خستیە زیندانەوە، ئەمەش لەسالی (١٣٩ك/٧٥٧ز) رووبدا، و هەر بە زیندان کراوی مایەوە تا سالی (١٤٧ك/٧٦١ز) ئەو کاتەی کە مەنسور کوشتی (٤).

---

١ المسعودي : ب ٣ ل ٢٨٩.

٢ الطبري : بە ٧ ل ٤٧٥.

٣ هەمان سەرچاوە : ل ٤٧٥-٤٧٨.

٤ سەرچاوەی پێشوو : ب ٨ ل ٧-٩. اليعقوبي : ب ٢ ل ٣٠٢

فارسەکانی خۆراسان رۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەدامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی، ئەبو موسلیمی خۆراسانیش لەسەروی هەموویانەوە بوو، بە ئومێدی ئەوەی هیوا و ئاواتەکانیان بهێننە دی، کەوا دەکرێ لەم خاڵانە خوارەوە کورت بکرێنەوە :

أ- دەسەڵاتی تازە بەچاوی بەزەییەوە سەیری دۆزەکەیان بکات لەپاش ئەو زوڵم و زۆرەی کە لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەمەویدا پێیان گەیشت.

ب- ئارەزووکردنی ڕزگاربوون لەدەسەڵاتی ئاو براو کەوا بایەخیەکی زۆرتری بە ڕەگەزی عەرەبی دەدا، کە بەڕوونی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دیاربوو.

ج - گەڕانەوەی شکۆمەندیی دێرینیان، زیندوو کردنەوەی شانشینی فارسی لەناوچوویان (کیسرا ئەنەوشێروان).([1]).

عەباسیەکان لەڕووی سیاسی و سەربازیەوە سیاسەتیان بەرامبەر سەرکردە باڵادەستە ئێرانیەکان، دەستنیشان کرد.

یەکەم: بەشداریکردن و هاوسەرنگێتی لەچوارچێوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی عەباسی.([2]).

دووەم: سەرکوت کردنیان، ئەگەرهاتوو لەم چوارچێوەیە دەرچوون.

جا ئەم سیاسەتە دواتر بووە هۆی ڕووداوی گەورە گەورە لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا.

کاتێک دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی باڵادەست بوو و سیاسەتی ڕوون بووەوە، خۆراسانیەکان ئەوەیان ڕەچاو کرد کە ئەم دەوڵەتە تازەیە هیواو ئاواتەکانیان ناهێنێتەدی بەو شێوەیەی کە دەیانەوی، ئەوەشیان بەدی کرد کە عەباسیەکان لەبەجێهێنانی ئەو پەیمانانەی کە لەسەرەتای شۆڕشدا دایان ساردبوونەتەوە، ئەمەش

---

[1] العمرو :لا ٣٠٧.

[2] محمود و الشريف :لا ١٠١.

جێی گومانە، سەرەڕای ئەمە خۆراسانیەکان بڕوایان نەبوو بەو ڕێبازەی کە عەباسیەکان بۆ خۆیان دابنابوون کەوا لەسەر بنەمای ئیسلام و عەرەبێتی دامەزرابوو، چونکە ئامانجی دووڕتر قوواڵتر بەرژەوەندی گەورەتریان هەبوو، وەکو زیندووکردنەوەی کەلتووری دێرینی فارس و دەرفەتدان بەسەرهەڵدانی بیروباوەڕی ئاگرپەرستی(مجوسی).([1]).

بۆیە هەڵوێستیان بەرامبەر بەم ڕژێمە نوێیە گۆڕاو دەستیانکرد بەجموجۆڵی ناپاسایی و یاخی بوون بەمەبەستی ڕوخاندنی دەوڵەت. بزوتنەوەی ئەبو موسلیمی خۆراسانی–ش سەرەتای ئەم بزوتنەوە ناحەزانە بوو، وێنەیەکی ڕاستەقینە بوو بۆ بەرەنگاری نێوان هێزی خۆراسانی بەتەمای دەسەڵات و نێوان دەسەڵاتی ناوەندیی خیلافەت ([2]).

وە لەمیانەی بزوتنەوەی ئەبو موسلیم، بۆمان دەرئەکەوێت کە ئەم پیاوە واهەستی دەکرد کە ئەو دامەزرێنەری ڕاستەقینەی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسییە. کاتێک فارسەکانی بینی لە دەوروبەریدان و پشتگیری لێ دەکەن و لەژێر فەرمانیدان و وەکو ڕابەرێکی نەتەوەیی تەماشای دەکەن، هەستی بە شانازی کردو کۆمەڵێ خەون و تەماحی کەسی لەلا پەیدا بوو، وەکو تاکڕەوی لەحوکمڕانی خۆراسان و هەموو شارەکانی ئێران، هەوەسی جیابوونەوە یا خود جێبەجێکردنی نامەرکەزیەتی لەکارە سیاسی و ئیداریەکاندا. جا شێوەی ڕەفتارەکانی لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی عەباسی و پەیوەندیی بە خیلافەت هەر لە سەردەمی خەلیفەی یەکەمەوە، بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە ئەو وەهایە.

هەروەها فشاری قورس بووەوە لەسەر ئەبو لەعەباس و سەرێچی و بێ فەرمانی کردنی زیادی کرد ([3]). ئەبو جەعفەریش زۆر هەستیار بوو بەرامبەر بە تەماحەکانی، بۆیە هانی براکەیدا بیکوژێ، بەڵام خوێنڕێژ ئەم کارەی پێ باش نەبوو، ئەوەش چونکە

---

[1] عمرو :لا ۹۰.

[2] محمود و الشریف :لا ۱۰۲.

[3] الجهشیاري : لا ۹۳

خزمـــەتی زۆری بـــە بانگەشـــەی عەباســـی کردبـــوو، ســـەرەڕای ئـــەوەی کـــە شوێنەکەوتووانێکی زۆری هەبوو کە ئامادەبوون گیانی خۆیانی بۆ پێشکەش بکەن و لەوانەیە ببنە جێی نیگەرانی و نائارامی بۆ دەوڵەت (١).

سەبارەت بەپەیوەندی ئەبو موسلیم بـە ئـەبو جەعفـەر، ئـەوا زۆر خـراپ بـوو، چـونکە هەندێ شت رووبدا بووە هۆی دوورکەوتنی ئەم دوو پیاوە لەیەکتری :

– لە ساڵی ١٣٦ك ئەبو موسلیم وێستی حەج بکات و بەتەمای ئەوە بوو ببێ بـە مـیری حەج، بەڵام خەلیفە (ئەبو لەعباسی خوێنڕێژ) ئەم کارەی بـە ئـەبو جەعفـەر راسپارد. ئەمەش ئەبو موسلیمی تووڕە کرد (٢).

– وادیارە ئەبو موسلیم سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەبو جەعفەر نرخ و بایـەخـی بزانـێ، ئەوە بوو لەبەهای خەلیفەی کەم کردەوە، ئەوەش بە خەرجکردنی پـارەیـەکی زۆر بـۆ چاککردنی کردنی رێگاو بان و خۆشگوزەرانی بۆ عەرەبە بیابان نشینەکان، لـە رێگـەدا پێش ئەو دەکەوت.

– کاتێك خوێنڕێژ مرد و ئەبو جەعفەر خیلافـەتی گرتـە دەسـت، ئـەبو موسـلیم خـاوە خاوی کرد لەبەیعەت پێدان. جا تازە لـە حـەج هـاتبووەوە، نوسـراوێکی بـۆ نـارد تێـدا پرس و ماتەمینی خۆی بۆ دەربڕی بەهـۆی مردنـی براکـەی بـێ ئـەوەی پـرۆزبـایی لـێ بکات بەبۆنەی خیلافەت یا خود بەیعەتی خۆیی بۆ بنێری یاخود لەرێگەی هاتنەوەیـان لەحەج چاوەڕوانی بکات بۆ ئەوەی پێکەوە بێنەوە، ئەمەش تـرس و نیگـەرانی خسـتە دڵیەوە (٣).

کاتێکیش مەنسور خیلافەتی گرتە دەسـت، بڕیاریـدا لـە نـاوی بـەرێ، بۆیـە جـۆرە سیاسەتێکی لەگەڵیدا پەیڕەوکرد لەسەر ئەم بنەمایانە هەستابوو :

– دوورخـستنەوەی لـە خۆراسـان چـونکە دەسـتی ئـەڕوا لـەو ناوچـەیە و لـەوانەیـە خەڵکەکەی لێ هەڵگەڕێنێتەوە و سەربەخۆیانە حوکمی بکات.

---

١ ابن الاثير: ب ٧ لا ٤٦٩-٤٧٠.

٢ الطبري : ب ٧ لا ٤٦٩-٤٧٠.

٣ سەرچاوەی پێشوو :ب ٧ لا ٤٦٩-٤٧٠.

- دەسەلاتی لێ بسێنێتەوە و بەبێ کەسی بهێڵێتەوە.
- خۆشکردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان بۆ ئەوەی گومان لە دڵی نەمێنێ.
- نزیکردنەوەی لە ناوەندی خیلافەت تا چاودێری کردنی ئاسان بێ.

جا تەنگەشەکە لەنێوان ئەم دوو پیاوە، لەپاش سەرکەوتنی ئەبو موسلیم بەسەر (عەبدوڵڵای کوڕی عەلی) تەقیەوە، ئەوە بوو دەستی گرت بەسەر هەموو سەروەت و سامانەکانیدا، مەنسوریش بۆ ئەوەی تێبگەیەنی کە ئەو یەکێکە لەکار بەدەستەکانی، نێردراوێکی بۆ نارد تا ئەو دەستکەوتانە سەرژمێر بکات، ئەمەش ئەبو موسلیمی تووڕە و بێزار کردو وتی: ((ئەمیندارە لەسەر خوێنی خەڵکی، خائینە لەسەروەت و ساماندا))، پاشان مەنسور پەیامێکی بۆ نارد کە ئەو دەستکەوتانە بۆ خۆت بێ. ئەمەش بارێکی قورس بوو بەسەر ئەبو موسلیمدا ([1]).

ئەبو موسلیم دوای ئەوە زیاتر خۆی بەزلزانی، بەشێوەیەك نوسراوی خەلیفەی بۆ دەهات، دەیخوێندەوە و لاشەویلگەکانی لار دەکردەوە (وەکو سوکایەتی پێ کردنێك). ([2])

نوسراوێکی بۆ نارد تێدا پیرۆزبایی لێ دەکرد بەو سەرکەوتنە و شام و میسریش خستە ژێر دەسەلاتی، بەڵام ئەبو موسلیم ئەوەندە زۆرزان بوو بەم فێڵە سیاسیە هەڵنەخەڵەتا، کەوا مەبەست لێی جیا کردنەوەیەتی لەسەربازەکانی کە خەڵکی خۆراسانن، یەکسەر لە مەبەستی مەنسور تێگەیشت، بە تووڕەییەوە وتی : ((ئەو دەمکاتە فەرمانڕەوای شام و میسر، خۆراسانیش هی خۆمە))، بۆیە بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ خۆراسان، بەوەش بێ فەرمانی خەلیفەی کرد ([3]).

خەلیفەش لەگەڕانەوەی ئەبو موسلیم ترسا، ئەوەکو بە پشتیوانی شوێنکەوتووان و لایەنگرانی بتوانێ ڕوبەڕوی دەسەلاتی ناوەندی ببێتەوە، ئەو کاتەش مەحاڵە ملکەچی بکات یان زاڵ بێ بە سەریدا.

---

[1] اليعقوبي : ب٢ لا ٣٠٣. ابن الاثير: ب٤ لا٢٥٠.
[2] الطبري :ب ٧ لا٤٧١.
[3] الطبري : ب ٧ لا ٤٨٢

لەئەنجامی ئەم گۆڕانکاریە لە ڕووداوەکاندا، مەنسور پەنای بردەبەر شێوازێکی زیرەکانە بۆ ئەوەی دوژمنەکەی بکەوێنێتە داو، بەرەو مەدائن ڕۆیشت و لەوێ داوای لێکرد سەردانی بکات بۆ کارێکی گرنگ، هاوکات ئەبو موسلیم بەرەو خۆراسان ڕۆیشت. بەڵام ئەبو موسلیم بە ڕازو نیازی خەلیفە زانی و نامەیەکی بۆ نارد تێدا وریایی و کینەیی خۆی بۆ دەربڕی (١).

ئەبو جەعفەر ئائومێد نەبوو لەخستنی دوژمنەکەی. ئەمجار پەنای بردەبەر شێوازی ئارەزووپێکردن و هەڕەشە لێکردن (ترغیب وتهدید). نێردراوەکەی خەلیفە (ئەبو حەمید مروەزی) توانی کاریگەری هەبێ لەسەری و ڕازی بکات بێ بۆڵای، هەرچەندە سەرانی سوپای ئەبو موسلیم ناڕازی بوون (٢).

ئابەم شێوەیە ملکەچبوونی ئەبو موسلیم لەبەردەم مەنسوردا، هاتەدی، لەپاش هەوڵێکی زۆر لە خەلیفەوە کە سیاسەتی بە هەڕەشەکردن ئاوێتە کرد.

وە لە نێوان ئەم دوو پیاوەدا گفتوگۆیەکی خوش کرا کەشێوەی لە لێپرسینەوە دەچوو، وە کۆمەڵێ شتی تیا باس کرا، وەکو شانازی کردنی ئەبو موسلیم بەخۆی و ئەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە لەپێناوی خزمەتکردنی بنەماڵەی عەباس پێشکەشی کرد، ئەمەش نیشانەی زیرەکی مەنسور و ترسێتی لە جیابونەوەی هێزە خۆراسانیەکانی فارس لەدەسەڵاتی ناوەندی، چونکە ئەم پیاوە مەترسیەکە هەڕەشە لەئاسایشی وڵات و یەکگرتوویی دەکات، هەروەها گفتوگۆکە ئاماژە بەدوژمنایەتیەکی کۆن دەکات لەنێواندا، بەڵام لە هەمان کاتدا تۆمەتێکی ترسناك لەخۆ دەگرێ بۆ ئەبو موسلیم کەوا هەوڵ دەدات بگاتە خیلافەت لەڕێگای (٣):

- بەزاندنی سنووری پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان، کاتێك پوری خەلیفە (ئامینەی کچی عەلی) بۆ خۆی مارە کرد.(٤)

---

١ بگەڕێوە بو دەقی نامەکە لە لای - طبري- ب٧ لا ٤٨٢.

٢ الطبري: ب٧ لا ٤٨٤- ٤٨٥. اليعقوبي : ب٢ لا ٣٠٣.

٣ العمر و:لا ٣٢٢

٤ اليعقوبي : ب٢ لا ٣٠٤. ئاشکرایە کە بنەماڵەی عەباسی پلەیەکی بەرزیان هەبووە و ئەمانەت لەبنەماڵە

– خۆی لەپلەی یەکەم دانا لەدەولەتدا، چونکە کاتێک نوسراوەیکی بۆ ئەبو جەعفەر نارد، بەناوی خۆیەوە دەستپێکرد(۱).

– رەچەڵەکی خۆی گەڕانەوە بۆ عەباسیەکان، کاتێک وتی من (کوڕی –سلیگ–ی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس)م (۲)، واتە پلەو پایەیەکی بۆ خوی دانا هاوشێوەی پلەو پایەی باوکی مەنسور (موحەمەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس).

سەبارەت بەو تۆمەتانەی تر کە ئاڕاستەی کران بریتیە لە :

– کوشتنی (سولەیمانی کوڕی کەسیر) نەقیبی نەقیبەکان لە خۆراسان.

– کوشتنی زۆر لەسەرۆک هۆزەکانی یەمەن، وەکو (عەلی کوڕی جەدیعی کرمانی و عوسمانی) برای.

– بڕیاری دا بەرەو خۆراسان بچێ بێ ئەوەی پرس بە خەلیفە بکات.

پاش ئەوەی مەنسور لەئاڕاستەکردنی تۆمەتەکان بۆ دوژمنەکەی تەواو بوو، ئەبو موسلیم هیچ وەڵامێکی نەبوو بۆی، جگە لەوەی بیری بخاتەوە بە خزمەتگوزاریەکانی لەپێناوی بانگەشەی عەباسی. بەر لەوەی شمشێر لێی بدا، کەوتە هاوار هاوار و داوای لێبوردنی لەخەلیفە کرد لەوەی کە لێی وەشاوەتەوە، بەڵام بێ سوود بوو و لە کوشتن رزگاری نەکرد لە پۆژی بیست و پێنج لە (مانگی شەعبان سالی ۱۳۷ ك/ مانگی شوبات سالی ۷۵۵ ن)(۳).

ئابەم شێوەیە مەنسور لەم ڕکابەرە ترسناکە ڕزگاری بوو، کەوا هەمیشە خەوی لێ حەرام کردبوو و بووبوو بەجێی نیگەرانی بۆی بەهۆی هۆکاری سیاسی و کەسیەوە، کاتێک (عیسای کوڕی موسا)ی برازای ناڕەزایی خۆی لەشێوەی کوشتنەکی دەربڕی، مەنسور پێی وت: ((سوێند بە خوا یەکێکی تر نیە لە سەر زەوی ئەوەندەی ئەم

عەرەبیەکانی تریش جیاواز بوونە. جا عەباسیەکان بۆ چوونیان وا بووە کە شوو کردنی کچە عەباسی بە غەیری عەباسی شوو کردنێکی هاو چەشن نیە، بۆیە سوور بوون لە سەر ئەوەی کچەکانیان نەدەن بە کوڕێک لە بنەماڵەی عەباسی نە بێ.

(۱) هەمان سەرچاوە.

(۲) المسعودي :مروج الذهب :ب۳ ل۲۹۱- ۲۹۲. ابن الاثير :ب ٤ ل ٣٥٤.

(۳) الطبري: ب۷ ل ٤٩٠-٤٩١.

دوژمنت بێ، ئایا ئێوە هیچ قازانجێکتان هەبوو لە ژیانیدا ؟.)) ([1]).

کاتێك (جەعفەری کوڕی -حنظلە-) بەکوشتنی ئەبو موسلیمی زانی، بە خەلیفەی وت:

((ئەی میری باوەڕداران لەم پاڵەوە بەرواری خیلافەتەکەت تۆمار بکە)).([2]).

ئەمەش نیشانەی پلەبەرزی و بەهێزی دەسەڵاتی ئەبو موسلیمە.

---

[1] ابن الطقطقة: لا ١٧١.

[2] الطبري: ب٧ لا ٤٩٢.

پاشماوەکانی کوشتنی ئەبو موسلیم

بزوتنەوەی (سنباذ).

ئەبو جەعفەری مەنسور سەرکەوت لە لەناوبردنی ئەبو موسلیم، بەڵام یادی لەلای فارسەکانی خۆراسان و تورکەکانی وڵاتی دوای رووبار، هەر مایەوە. ئەوە بوو لەپاش کوشتنی چەندین بزوتنەوەی ئایینی و سیاسی و نەتەوەیی دوور لە ئیسلام سەریان هەڵدا، خاوەنی ئەم بزوتنەوانە ئیسلامەتیان دەنواند بەڵام ئامانجی ئایینی ئاگرپەرستی و سیاسی روخێنەر و پەگەزپەرەستی فارسیان دەشاردەوە، ئەبو موسلیم-یشیان کردبوو بە هێماو هۆکارێك بۆ دەربڕینی بەرهەڵستیان دژی دەسەڵاتی عەباسی، بە رزگارپبخوازێکی چاوەڕوانکراو بۆ بەدیهێنانی ئاوات و ئامانجەکانیان تەماشایان دەکرد کەوا عەباسیەکان نەیان هێنایە دی ([1]).

بزوتنەوەی (سنباذ).([2])، یەکەم کاردانەوە بوو لەسەر کوشتنی ڕابەری فارسی، ئەوە بوو (سنباذ) تۆڕە بوو لەکوشتنی ئەبو موسلیم و داوای تۆڵەسەندنەوەی دەکرد. لایەنگرانیشی دوای کەوتن و زاڵ بوون بە سەر (نیسابور و قومس و ڕەی)دا و ناوی (فێیروز -أصبهذ-)ی لەخۆی ناو دەستی گرت بەسەر گەنجینەکانی ئەبو موسلیمدا و ڕایگەیاند کە بەرەو (مەککە) دەچێت و (کەعبە، واتە ماڵی خوا) ئەڕوخێنێ، وەکو تۆڵە سەندنەوەیەك ([3])

لەڕاستیدا ئەم بزوتنەوەیە سێ ڕاڵنەری هەبووە: سیاسی، بیروباوەڕی و پەگەزپەرەستی.

لەڕووی ڕاڵنەری سیاسیەوە، ئەوا ئەم پیاوە بڕیاریدا تۆڵەی ئەبو موسلیم بسێنێتەوە لەبکوژەکەی واتە - مەنسور خەلیفەی عەباسی -، جا ڕاپەڕینەکەی دژی ئەم خەلیفەیە و دژی ڕژێمی عەباسی و هەر پەوتێکی سیاسی بیەوێت دەسەڵاتی

---

[1] عصر: لا ٢٢١.

[2] ئەم بزوتنەوەیە ناوی (سنباذ) ی لە خۆی نا، ئەو پیاوەی کە ڕابەری بوو ئەم پیاوەش ئاگر پەرەست بوو و خەڵکی یەکێکە لە گوندەکانی نیسابور پێی دەوترێ (ئاروانە). بگەڕێوە بۆ ابن الاثیر : ب٤ لا ٢٥٧.

[3] الطبري : ب٧ لا ٤٩٥.

خۆراسانی کەم بکاتەوە، ناڕاستە کرابوو.

لەڕووی پاڵنەری بیروباوەڕییەوە، ئەم بزوتنەوەیە بنەماکانی لەخۆڕەمی و مەزدەکی کۆن وەرگرتەوە. بیروباوەڕی شوێنکەوتوانی وابوو کە ئەبو موسلیم رابەری هەمیشەییانە و ئەو نەمردووە(۱). بەڵام ئەوەی ڕاست بێ ئەمە بزوتنەوەیەکی ئاگرپەرەست بوو دژی موسڵمانان ناڕاستە کرابوو بە بەڵگەی ئەوەی ناوێکی فارسی لەخوێ نا (فێیروز –أصبهذ–) (۲)، نیازی خۆی ئاشکرا کرد لە ڕوخاندنی (کەعبە).

سەبارەت بە پاڵنەڕی ڕەگەزپەرستی، ئەوا (سنباذ) بە تەمابوو دەوڵەتی فارسی زیندوو بکاتەوە و ڕەگەزی فارسی بەهێز بکات دژی دەوڵەتی عەرەبی، هەرچەندە عەباسیەکان سیاسەتیان بەرامبەر مەوالیکان وەکو ئەمەویەکان نەبوو، بەڵام فارسەکان دەوڵەتی ئەمانیش بە تەواوکەری دەوڵەتی ئەمەوی دانا، چونکە هەردووکیان ڕەگەزیان عەرەبە.

جا کاتێک پرسی (سنباذ) لەڕادە دەرچوو، ئەبو جەعفەر بە سەرکردایەتی (جەهوری کوڕی مڕاری عەجلی) سوپایەکی بۆ نارد و لە نێوان هەمەدان و ڕەی بەربەک کەوتن و لەناوی برد. ئا بەم شێوەیە ئەم بزوتنەوەیە دوایی هات لەساڵی (۱۳۷ك/۷۵۵ز) لەپاش حەفتا ڕۆژ لە دامەزراندنیەوە (۳).

---

[1] هەمان سەرچاوە. المسعودي: ب ۳ لا ۲۹۲- ۲۹٤. ابن الاثير: ب ٤ لا ۳۵۷.

[2] (فیروز) ناوێکە لەو ناوانەی کە بە زۆر لە پیاوە ناودارەکان نەوترا لە میژووی ئیمپراتۆریەتی فارسی. وە (اصبهذ)، لەو ناوناوەیە کە دەدرا بە فەرمانڕەوای هەندێ ناوچە لەم ئیمپراتۆرییەتەدا.
بگەڕێوە بۆ : العمرو. سەرچاوەی پێشوو ۳۲۹.

[3] الطبري :ب ۷ لا٤٩٥. ابن الاثير : ب ٤ لا۳۵۷.

چەند بزوتنەوەیەکی تر

لایەنگرانی ئەبو موسلیم بە تەواوەتی لەناو نەچوون لەپاش لەناوبردنی بزوتنەوەی (سنباذ). لەڕاستیدا هەرچەندە خەلیفەی عەباسی توانی ئەم بزوتنەوەیە لەناوبەرێ، بەڵام سەرنەکەوت لە لەناوبردنی ئەو بیرۆکانەی کە هانی (سنباذ)یدا بۆ ڕاپەڕین.

بۆیە، وڵاتی فارس و وڵاتی ئەوبەری ڕووبار سەرهەڵدانی چەندین بزوتنەوەی دژ بەدەسەڵاتی عەباسی بە خۆوە بینی، هەموشیان بە ناوی ئەبو موسلیمەوە یا خود نزیك لەناوی ئەو، ڕاپەڕین و بەهەمان ئامانج پابەندبوون، نیشانەی ڕوون و جیاوازی لایەنگرەکانیان لەکاتی دەرچوونیان بریتی بوو لەپۆشینی جلی سپی، هەڵگرتنی ئاڵای سپی، بۆیە ناوی (سپی گەرەکان - المبیضة) یان لێ نرا.([1])

لەو بزوتنەوانەش :

بزوتنەوەی ڕەواندی کە لەسالی (١٤١ك/٧٥٨ز) ڕاپەڕی.

بزوتنەوەی (أستاذ سیس) کەوا لەسالی (١٥٠ك/٧٦٧ز) لەخۆراسانەوە دەستی پێکرد.

ئەوە بوو (مەنسور) هەوڵی زۆریدا بۆ لەناوبردنیان، بە تونڈی ڕوبەڕوبوونەوە و سەرکەوت بەسەریاندا.

---

[1] بارتولد : سەرچاوەی پێشوو ٢١٧.

.پەیوەندی لەگەڵ -طالبي- یەکاندا

سەرهەڵدانی موحەممەدی (النفس الزکیه):

لەو رۆژەی حوسەین لەکەربەلا کوژراوە، (طالبي) یەکان مافی خۆیان لەخیلافەتدا لەبیر نەچووە. ئەوان لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیاندا پەڵیان بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان دەگرت، جا ئەگەر هەلیان بۆ بڕەخسایە سوودیان لێ وەرئەگرت، کە بشیانزانیبایە لاوازن کپ دەبوونەوە. کاتێکیش بانگەشەی عەباسی دەستی پێکرد هەندێ لەشیعەکان بەشداریان تێدا کرد، چونکە پێیان وابوو بانگەشەکە بانگەشەیەکی (طالبي)یە، هاوکات هەندێکی تریان بەشداریان نەکرد، چونکە چاوەڕێ بوون کارەکان جێی خۆی بگرێ، هەر چەندە پشتگیریشیان لەبیرۆکەی شۆرشکردن دژی ئەمەوییەکاندا، دەکرد.

وادیارە پەیوەندی نێوان عەباسیەکان و (طالبي)یەکان لەکاتی بانگەشەی عەباسیدا باش بووە، کاتێکیش شۆرش کۆتایی هات و خیلافەت کەوتە دەستی بنەماڵەی عەباس، (طالبي)یەکان، بەتایبەتی (لقی حەسەنی)، پێیان وابوو کە عەباسیەکان هەڵیانخەڵەتاندون و خیلافەتیان بۆ خۆیان زەوت کردووە هەرچەندە مافی ئەمانە. خۆڕاگرتن بەرامبەر تەنگ پێهەڵچنینی ئەمەویەکان ئاسان نەبووە، ئەگەرچی بانگەشەکە بە ناوی ئەمانەوە دەستی پێکرد ومافیشیان پێشێل دەکات، بۆیە کەوتنە دژایەتی کردنیان.

عەباسیەکان لەسەرەتای ژیانی سیاسیاندا لەلایەن خۆیانەوە هەوڵیان دا هاوکار بن لەگەڵ (طالبي)یەکاندا بۆ ئەوەی دەرفەتێك بدەنە دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەیان جێگیربێت، پاشان وردە وردە ئەم دوو کۆمەڵە لەیەکتری دوورکەوتنەوە، ئەوەش کاتێك خوێنڕێژ لە وتارێکیدا لەکوفە ڕایگەیاند کە خیلافەت عەباسییەو بەعەباسی-یش دەمێنێتەوە، کەسیش مافی تێدا نیە، مەبەستی لەم قسەیەش (طالبي)یەکان بوو (۱).

بەڵام پەیوەندی نێوان هەردوولا هێمنی و ئاشتیخوازی پێوە دیار بوو، پاشان

---

(۱) بگەڕێوە بۆ دەقی وتارەکە لەلای - الطبري - : ب ۷ ل ٤٢٤٤-٤٢٦.

لەسەردەمی مەنسوردا ئەم پەیوەندییە بەرەو گرژی و ئالۆزی دەچوو و دواتر بووە پێکدادان. ئەم خەلیفەش کە هەستی کرد بەرهەڵستی (طالبي) بۆتە مەترسیەکی گەورە و دوژمنێکی سەرسەخت. کەوتە هەڕەشەکردن لە هەر کەسێك لە دەوڵەت یاخی بێ.

یەکەم کەس لە ناو (طالبي)یەکاندا لەعەباسیەکان یاخی بوو، (موحەمەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی حەسەن) بوو، ناسراو بە (النفس الزکیە)، ئیبراهیمی برای، ئەم دووانەش سەربە (لقی حەسەنی)ن، لە کاتێکدا ئیمام (جەعفەر -الصادق-) کە سەر بە (لقی حوسەینی) یە پەنای برد بۆ شەڕ ڕاگرتن و ڕێکەوتن، توانی قەناعەت بە شوێنکەوتووانی بکات کە بارودۆخەکە گونجاو نیە بۆ دامەزراندنی خیلافەتی (طالبي).

وادیارە ئەم (موحەممەد)ە بانگەشەی بۆ خۆی دەکرد، بەتەمابوو پێش ئەوەی عەباسیەکان بگەنە دەسەڵات، خیلافەت بگرێتە دەست، جا لایەنگرانیشی بۆ پەیدا بوو و لەحیجاز و عێراق و خۆراسان بانگەشەیان بۆ دەکرد، کەوتە خۆئامادکردن بۆ ڕۆژی چاوەڕوانکراو. بەڵام ئەو هەڵەی کرد کاتێك وایزانی ئەو بانگەشەی کە لەخۆراسان بڵاوبۆتەوە و دروشمی رازیبوون لە (ال بیت)ی بەرزکردۆتەوە، بانگەشەکردنە بۆ (طالبي)یەکان و خۆی پاڵێوراویانە بۆ خیلافەت (١).

جا کاتێك عەباسیەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، ناڕازی بوو و بەیعەتی بە خەلیفە خوێنڕێژ نەدا، ویستی لە دەسەڵاتەکەی یاخی بێ، بەڵام باوکی ڕێگەی پێ نەدا، چونکە خەلیفە خاوەن چاکە بوو بەسەریدا (٢).

کاتێك ئەبو جەعفەری مەنسور خیلافەتی گرتە دەست، دیسانەوە هەردوو برا موحەممەد و ئیبراهیم بەیعەتیان پێ نەدا و لەحیجاز لەشوێنێکی نهێنیدا خۆیان

---

(١) وادیارە موحەممەد پشتی بە بڕیار لەسەر دراوەکانی ئەو کۆنگرەیە قایم کرد بوو کە لە - ئەبواو - سازکرا بوو لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئەمەویدا، کەوا عەبدوڵڵای کوڕی حەسەنی باوکی، بانگەشەی بۆ کرد و پیاو ماقوڵانی - طالبي - و عەباسی -ش تێدا ئامادە بوون، ئامانجی ئەو کۆنگرەیە دەست نیشانکردنی (النفس الزکیە) بوو بۆ خیلافەت، دەربارەی ئەو کۆنگرەیە بگەڕێوە بۆ : ابن الاثیر، ب٤ ل ٢٧٠. ابن الطقطقا : ١٦٤-١٦٥.

(٢) الاصفهاني :مقاتل الطالبین ل١٦٥.

حەشاردا بوو (۱). ئەمەش خەلیفەی نیگەران کردبوو. بۆیە زور گەڕا بەدوایاندا تا دۆزینیەوە. ئەو کاتەش بڕوای موحەممەدی (النفس الزکیە) وابوو کە بارودۆخی دەرچوونی کاتی خۆی هاتووە، ئەوەش لەبەر چەند هۆکارێک ڕەنگە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە بن :

- عەباسیەکان تەنگیان پێ هەڵچنی.
- مەنسور خەشم و تووڕەیی خۆی پشت بەسەر کەسوکاریدا بۆ ئەوەی فشار بخاتە سەریان تا خۆی و براکەی پادەست بکەن.
- هەروەها چەندین نامەی پشتگیری بۆ هات لەفەرمانڕەوای هەرێمەکان و سەرکردە گەورەکانی مەنسور، هانیان دەدا ڕاپەڕێ (۲).
- خەڵکێکی زۆر دانیان بە ئیمام بوونی دەنا، بەتایبەتی خەڵکی حیجاز.
- پێداگری هاوڕێکانی لەسەر دەرچوونی پاش ئەوەی کە بێزار بوون لە چاوەڕوانی.
- باوکی پشتگیری لێ دەکرد و لە دەرچوونە کەشی.
- ئیمام مالک فەتوایەکی دا، ڕێیدا بەیعەتی پێ بدرێ و بەیعەتی مەنسور ڕەت بکرێتەوە.
- بڕوای وابوو کە ئەو لە مەنسور بەهێزتر بۆتەوە (۳).

بۆیە بانگەشەکەی ڕاگەیاند و لە سەرەتای (مانگی ڕەجەب سالّی ۱٤٥ك/مانگی ئاب سالّی ۷٦۲ز) لە (مەدینە) دەرکەوت و نازناوی (أمیر المومنین)ی (٤) لەخۆی نا، لەکاتێکدا ئیبراهیمی برای ڕۆێشت بۆ بەسرە تا لەوێ ئالای ڕاپەڕین بەرزبکاتەوە(٥)، لایەنگرانی (طالبي) یەکانیش دەستبانکرد بە پۆشینی جلی سپی.

---

(۱) ابن الاثیر : ب ٤- لا ۳۷۰.

(۲) جێی باسە کە نامەی سەرکردەکانی مەنسور بە مەبەستی چەواشکردنی ناردەیانە و بە فەرمانی مەنسور خۆی بۆ ئەوەی پەلە بکات لە دەرچونی.بگەڕێوە بۆ : هەمان سەرچاوە : ب۲ لا ۲٥۳.

(۳) المسعودی : ب۲ لا ۲٥۳. ابن الاثیر: ب ٥ لا ۳.

(٤) الیعقوبی : ب ۲ لا ۳۱٥.

(٥) هەمان سەرچاوە.

ئەوەی کە لە مەنسور شاراوە بوو، ئاشکرابوو، زانی کەوا مەدینە بنچینەی موحەممەدی (النفس الزکیە) یەی و شوێنی دەرچوونێتی، بۆیە جەختی کردەوە سەر حیجاز تا رێ نەدا بانگەشەکەی بڵاوبێتەوە، پاشان پەنای بردە بەر فرت و فێڵی سیاسی و بانگهێشتی کرد بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانیان بە شێوەیەکی ئاشتیانە، هەر لەبەر ئەم مەبەستەش زنجیرە نامەیەکی لەگەڵیدا ئاڵوگۆڕ کرد (١)، هاوکات پلانی پێویستی دانا بۆ جیا کردنەوەی حیجاز لەشارەکانی تر، بۆ ئەوەی کۆمەکی نەکرێ وخەڵکی لەبانگەشەکەی دوورببخاتەوە، پاشان کەوتە ڕێ بۆ کوفە، کە لانەی شیعەکانە، وە مشتی خۆی توند کرد لەسەری (٢)، هەروەها سەرکەوت لە دوورخستنەوەی خۆراسانیەکان لەپاڵپشتی کردنی (٣).

جا هەنگاوی یەکلایی کەرەوە هات بۆ لەناوبردنی بزوتنەوەکەی لەسەر دەستی تیپە سەربازییەکاندا، موحەممەدیش خێرا بە خۆی زانی کەوا ڕووبەڕوی گەلێ کێشە بۆتەوە، بەهۆی چەندین هۆکار گرنگترینیان :

- واز هێنانی زۆربەی خەڵکی مەدینە لەیارمەتی دانی (٤).

- هەڵەی کرد لەهەڵبژاردنی کاتی دەرچوونی، چونکە ئەو لەگەڵ ئیبراهیمی برای وا ڕێککەوتبوو کە لەیەک ڕۆژدا دەرچن ئەو لەبەسرە و ئەمیش لە مەدینە، بەڵام براکەی لە ڕۆژی دیاریکراودا دەرنەچوو، بەهۆی فشار خستنە سەری پێش ڕۆژی دیاریکراو دەرچوو، لەئەنجامدا هەماهەنگیان لەدەستدا کە زۆر پێویستە بۆ سەرکەوتن، دەرفەتێکی باشیشی بە مەنسور دا کە سوودی لێ وەرگرت بۆ لێدانی هەردوو برا بەجیا.

-دوو دڵ بوو لە ڕووبەڕووبوونەوە دوژمنەکەی.

ئەوە بوو لەبەیانیەکی دوانزە شەوەی مانگی ڕەمەزاندا، شەڕی کۆتایی لە نێوان

---

(١) دەقی نامە ئاڵوگۆڕ کراوەکان لەلای - الطبري - دەبینێتەوە:ب٧ ل٥٦٦٤-٥٧٢.

(٢) هەمان سەرچاوە :ل ٥٦٥

(٣) هەمان سەرچاوە :ل٥٤٧٤

(٤) هەمان سەرچاوە :٥٨٢-٥٨٣.

هەردوولا رووبدا، بە سەرکەوتنی سوپای عەباسی و کوشتنی موحەممەد (النفس الزکیە) کۆتایی هات لەپاش نیوەڕۆی دووشەممە لەچواردەی مانگی ناوبراودا. (عیسای کوڕی موسا)ش کە سەرکردەی سوپای عەباسی بوو، خەڵکی مەدینەی دڵنیا کردەوە، بەڵام دەستی گرت بەسەر سەروەت و سامانی بنەماڵی (حەسەنی کوڕی عەلی)دا ([1]).

ئابەم شێوەیە یەکەم بەش لەبەشەکانی ئەم تراژیدیایە کۆتایی هات، مەنسووریش هیچی لەبەردەم نەما جگە لەوەی بزوتنەوەی ئیبراهیم لەبەسرە لەناوبەرێ.

---

[1] الطبري : ب ٧ ل٥٩٦.الاصفهاني :ل٢٣٦ -٢٣٧.

یاخی بوونی ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵڵا

لەپاش ئەوەی حیجازی بە جێهێشت، ئیبراهیمی کوڕی عەبدوڵڵا لەبەسرە نیشتەجێ بوو، چونکە زەمینەیەکی لەباری تێدا بینی بۆ گەشەکردن و باڵوبوونەوەی ئەو بیرۆکانەی کە پشتگیری لە (طالبي) یەکان دەکەن. ئەوە بوو (زەیدی و موعتەزیلە)کان چوونە ژێر ئالاکەی، هەروەها لاوازەکان و چینی هەژارو نەدارەکان پاڵپشتیان کرد، بەئومێدی ئەوەی رزگاریان بکات لەنەداری، ئەمەویەکانیش پشتگیریان لێ کرد و عوسمانیەکانیش پاڵپشتیان کرد، بەهۆی ئەوپەیوەندیە خزمایەتیەی کە لەگەڵ عوسمانی کوڕی عەفاندا هەیبوو، فەقێکانی بەسرەش پشتیان قایم کرد.(١)

بە هۆی ئەم هۆکارانەوە بەئاسانی توانی زاڵ بێ بەسەر بەسرەدا، ئەهوازو و فارس و مەدائین– پش(٢) هاتنە ژێر فەرمانی، سەبارەت بەکوفەی پەرۆش و ئامادە بۆ رزگار بوون لە دەسەڵاتی عەباسی، ئەوا مەنسور مشتی توند کردبوو لەسەری، بۆیە بێ بەشی کرد لە کۆمەکی رۆڵەکانی (٣)

بزوتنەوەکەی ئیبراهیم گەشەی کرد، خەڵکی پۆل پۆل پرویان لێدەکرد بۆ ئەوەی بەیعەتی پێ بدەن، بۆیە پشتی قایم بوو و هەستی کرد کە کاتی ئەوە هاتووە ڕوبەڕوی خەلیفە ببێتەوە. کاتێك هەواڵی کوشتنی براکەی پێگەیشت، بانگەشەکە خیلافەتی بۆ خۆی کرد و ناوی (أمیرالمومنین)ی لەخۆینا و شوێنکەوتووانی بەیعەتیان پێدا لەسەر ئەوە.(٤).

ئەوەی ڕاست بێ ئەم بزوتنەوەیە بەهێزترین بزوتنەوە بوو کە ڕوبەڕوی مەنسور ببێتەوە، چەنکە زاڵبوونی ئیبراهیم بەسەر ناوچە گەلێکی بەرفراوان و دەوڵەمەندا کاریگەریەکی نەرێنی هەبوو لەسەر تواناکانی دەوڵەت، بۆیە خەلیفە لێی ترسا و

---

١ المسند، عبدالله بن علي :العلويون في الحجاز لا ١٧٠ـ ١٧١

٢ ابن كثير: ب١٠ لا ٩٢.

٣ الطبري :ب ٧ لا٦٤١.

٤ ابن كثير :ب١٠ لا٩١٧. ابن الطقطقا: لا١٦٧.

وبستی له کوفه هەڵبێت و بگاتە مەهدی کوڕی لە (رەی)، هەروەها وبستی نامە بۆ ئیبراهیم بنێرێ بە مەبەستی ئاشتبوونەوە.(١)

سەرئەنجام هەردوولا بەچەك ڕوبەڕوی یەکتر بوونەوە لە (باخمرا) گوندێکی نزیکە لە کوفە، لە (مانگی – زی القعدە سالی ٢٤٥ك/مانگی کانونی دووهەم سالی ٧٦٣ز)، خەریك بوو سوپای عەباسی، کە (عیسای کوڕی موسا) سەرکردایەتی دەکرد، تێکشکێ و عەلەویەکان لەسەرکەوتن زۆر نزیك بوون، بەڵام لە ناکاوە ئاڕاستەی شەڕەکە گۆڕدرا، کاتێك تیرێك گەردنی ئیبراهیمی پێکا و کوشتی، لەبەر ئەوەش شیرازەی سوپاکەی تێکچوو، سوپای عەباسیش هێرشی کردە سەریان و لەئەنجامدا سەرکەوتن(٢)

ڕەوشی ناو مەغریب

عەبدوڵڕەحمانی کوڕی حەبیب، کە یەکێکە لەڕابەرە ناودارەکانی عەرەب، توانی دەست بگرێ بەسەر ئەفریقیا (مەغریبی نزیك)، بە هۆی ئەو ئاژاوە و بێ یاساییەی کە جیهانی ئیسلامی گرتبووەوە لەکاتی ململانێی نێوان ئەمەوی و عەباسیەکان لەسەر دەسەڵات، چووە ناو (قەیرەوان)ەوە بەئومێدی ئەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنێ (٣).

وادیارە ئەم (عەبدوڵڕەحمان)ە لە چۆنێتی بەڕێوەبردنی دەوڵەت شارەزا نەبووە، لەمیانەی هەڵسوکەوتە سیاسیەکانی دەرکەوت کە هونەری حوکمڕانی نازانێ، بۆیە بووە قوربانی خۆویستی و چێتسی خۆی، ئەوە بوو لە سالی (١٣٧ك/٧٥٤ز) لە سایەی ئاژاوەی ململانێ لەسەر دەسەڵات، تیرۆر کرا(٤).

ئا لەم کاتەدا، (خەواریجەکان) لەسەر شانۆی سیاسی لە ئەفریقیا دەرکەوتن، خۆیان

---

[1] المسند :١٧٢٧

[2] الطبري :ب ٧ ٦٤٦٢-٦٤٧.

[3] ابن عذاري :ب ١٥٤.مؤنس، حسين:تاريخ المغرب وحضارته من قبيل الفتح الاسلامي الي الغزو الفرنسي :ب١٦٤٧.

[4] مؤنس: هەمان سەرچاوە.١٦٦٧.

مات دابوو بۆ ئەوەی وڵات زەوت بکەن، سەرکەوتن لەڕاکێشانی هۆزەکانی بەربەر[1] کەوا کاریگەربوون بە بیرو بۆچوونەکانیان و چەند دەوڵەتێکیان بۆ دروست کردن لە ناوی.

مەغریب، لەو کاتەدا، دەرکەوتنی دوو میرنشینی خەواریجی بەخۆوە بینی کە لەسەر شانی بەربەرەکان هەستا بە سەرۆکایەتی ڕابەرانی عەرەب، تاڕادەیەکی زۆر سەربەخۆبوون.

سەبارەت بە میرنشینی یەکەم، ئەوا میرنشینی (سجلماسە) بوو. کە بریتیە لە دەوڵەتی بنەماڵەی (مدرار) یاخود بنەماڵەی (واصول)ی سەفەری (۞) وە مەزهەبی (سەفەری) یان لەخۆگرتووە. لەسالی (١٤٠ك/٧٥٧ز) لەباشوری مەغریبی دوور دامەزرا، لەو ناوچە نیمچە بیابانەی کەوا زەویی تەخت و مێرگ لەخۆ دەگرێ لەباشوری چیاکانی ئەتڵەس و لە سەرووی بیابان لەلای باکوورەوە.

ئەم میرنشینە ناودارترین میرنشینی سەربەخۆی خەواریجەکانە کەوا لەسەردەمی خەلیفە مەنسوردا دامەزرا، سەدو چل سالێ بەردەوام بوو. ناسراو بوو بەدەوڵەمەنی و شوێنە بازرگانیە(٥)گرنگەکەی، هەروەها بازارێکی گەورەبوو بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ئەو شمەکانەی کە لەباشوور و ڕۆژهەڵاتەوە دەهاتنە ناوی بۆ ئەوەی بگوازرێتەوە بۆ هەوزی دەریای سپی ناوەڕاست، یاخود لەم هەوزەوە بۆ ناو جەرگەی ئەفریقیا.

سەبارەت بە میرنشینی دووهەم، ئەوا میرنشینی (إباضیة) بوو، ئەم ناوەش دەگەڕێتەوە بۆ (عەبدوڵڵای کوڕی –إباض– ی مری)، لەمەغریبی ناوەڕاست دامەزرا لەسالی (١٤٤ك/٧٦١ز). کابرایەکی فارسی دایمەزراند، وادیارە (عەبدولڕەحمانی کوڕی ڕۆستەم) بووە، نازناوی ئیمامی هەڵگرت. پایتەختی ئەم میر نشینە (تاهرت) بووە

---

[1] ئێبینی دەکرێ کە زۆربەی بەربەرەکان، کەمرا بەشداریان کرد لە بزوتنەوەی خوارێجەکان. – زمناتی – بوون واتە دەشتەکێکانی زیاتر. مؤنس:ب١ ل١٦٥.

۞ ئەم میرنشینە کابرایەکی سودانی دایمەزراند. ناوی (عیسای کوڕی یەزیدی مکناسی خەفەری)یە. سەبارەت بە ناونانی بە بنەماڵەی (مدرار) یاخود بنەماڵەی (واصول) ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ناوی سێیەم میرەکەی (ئەبو لقاسمی سەرەمونی کوڕی واصول-)کە نازناوی (مدرار ی لێنراوە

کەوا لەسالی (۱۵۰ك /۷٦۳ ز) خۆی دروستی کردوە، قەدەری خەلیفەکانی وابوو کە زیاتر لە سەدو سی سالّ حوکمرانی بکەن، ئەوان لە خەواریجە هەرە دەمارگیرەکان بوون. کۆمەلگەی ئەم میرنشینە لەسەر بنەمای یەکسانیەکی تەواوەتی لەنێو خەلکیدا و ژیانێکی پەوشت بەرزانە، هەستابوو، لەبەر ئەمەش بەربەرەکان بینیان کە مەزهەبی خەواریجەکان گونجاوە لەگەلّ بارودۆخی کۆمەلایەتی و سیاسی-یان، بۆیە کردیانە ناونیشانێك بۆ بەرهەلّستکاریەکی دەمارگیری.

وادیارە ناکۆکی کەوتە نێوان هەردوو گرووپەکەی خەواریج (صفریه و إباضیة) بەهۆی جیاوازی لەبیرو بۆچوونی ئایینی.

جا ئەفریقیاش کەوتە ژێر پەحمەتی خەواریجەکان، هەرجارێ کۆمەلّەیەك دەسەلاتەکەی دەگرتە دەست، ئەمەش پاڵی بە خەلکەکەیەوە نا هانا بەرنە بەر خیلافەتی عەباسی.

مەنسوریش بەرامبەر ئەم بزوتنەوە ناحەزانە دەستەوسان نەوەستا، بەلکو چەندین شالاوی سەربازیی پەوانەی مەغریب کرد، بۆ ئەوەی دەسەلاتی دەولّەتی تیا بسەپێنێ.

یەکێك لەم شالاوانە بەسەرکردایەتی (یەزیدی کوڕی حاتەمی کوڕی- قبیصه) بەڕێوەچوو و توانی بەسەر خەواریجە (أباضیة)کاندا سەرکەوێ لەسالّی (۱۵۵ك/۷۷۲ز). جا لەپاش ئەوەی سوپای عەباسی توانی قەیرەوان بگەڕێنێتەوە، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لە سایەی دەسەلاتی ئەغلی سوننە لەخۆشگوزرانی و هێمنی و سەقامگیریدا بوو.

ئا بەم شێوەیە مەنسور توانی ویلایەتێکی ئەفریقی بگەڕێنێتەوە، بەلام دەسەلاتی نەگەیشتە ناو مەغریب.

زیندووکردنەوەی دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی لەئەندەلوسدا

ئەندەلوس زۆرترین کاریگەری لەسەر بوو کاتێك خیلافەت لەئەمەویکانەوە کەوتە دەستی عەباسیەکان. ئەوە بوو بەدەستی ئازاوەی ملمالانێی پەگەزپەرستی و هەرێمی دەینالاند لەقۆناغی نەبوونی دەسەلاتی ناوەندیدا کەوا لەنێوان دوو سالّی (١٢٤هـ/٧٤٢-٧٥٦ز) بەردەوام بوو، شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا لەنێوان قەیسیەکان و یەمەنیەکاندا، (مجری)یەکانیش لەسالّی (١٣٠هـ/٧٤٨ز) یەمەنیەکانیان شکاند لە(شقندە)، کە دەکەوێتە بەردەمی (قورطبە).(١)

ئا لەم کاتەدا دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی بەدەستی عەباسیەکانەوە روخا لەسالّی (١٣٢هـ/٧٥٠ز)، جا کاربەدەستە عەباسیەکان کەوتنە کوشتنی ئەمەویەکان، بەڵام میرێکی ئەمەوی توانی خۆی لە ڕاونانیان ڕزگار بکات، ئەویش عەبدولڕەحمانی کوڕی موعاویەی کوڕی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان بوو، بەرەو مەغریب چوو.

عەبدولڕحمان ناسراو بوو بەوەی کە کەسێکی ئاوات بەرزە، بۆیە بڕیاریدا دەوڵەتێك لەمەغریب دامەزرێنێ، ئەگەرچی دوچاری بەرهەڵستی عەبدولڕەحمانی کوڕی حەبیبی فهری - والی ئەفریقیا - بووەوە، ئەوجا ڕووی لە ئەندەلوس کرد کەوا بارودۆخی تێکچوو بوو، بۆی دەرکەوت کە لەم هەرێمەدا دەرفەتێکی باشتری هەیە بەراورد بە مەغریب، (بەدر)ی خزمەتکاری، کە بۆ ئەوێ ناردی بەمەبەستی خوێندنەوەی هەڵویستەکان، توانی بناغەیەك بۆ ئەمەویەکان دانێ بەپشت بەستن بە یەمەنیەکان. ئەوەی ڕاستی بێ یەمەنیەکان، کەوا پەیوەندیەکی خزمایەتی بەخانەوادەی مەڕاونی دەیانبەستێتەوە، پێشوازیان لەم میرە ئەمەویە کرد تا لەکۆت و بەندی قورسی قەیسیەکان ڕزگار بن، تۆڵەی کوژراوەکانیان لەکارەساتی (شقندە) بکەنەوە. جا لایەنگرانی میری ئەمەوی ئەوەندە پشتیان قایم بوو بانگهێشتیان کرد، ئەویش دەربەندی پەرییەوە لە (مانگی ڕەبیعی دووهەم سالّی ١٣٨هـ/مانگی ئەیلول سالّی

---

(١) مؤلف مجهول:اخبار مجموعة :٥٩٧.

۷۵۵ن)، و به میوانی لەلای ئەبو عوسمان لە قەڵای (گرشە) ([1])، دابەزی.

فەرمانڕەوای ئەندەلوس لەو کاتەدا (یوسفی کوڕی عەبدولڕەحمانی فهری) بوو، بەڵام دەسەڵاتی ڕاستەقینە بەدەستی ڕابەری قەیسیەکان بوو (الصمیل-ی کوڕی حاتەم). هەردووکیشیان هەستیان بەمەترسی ئەم میرە ئەمەویە کردبوو لەسەریان، بەتایبەت ئەو متمانەی بەشێکی گەورەی لەکۆمەڵگەی ئەندەلوسی بەدەستهێناوە، بۆیە بڕیاریان دا بەرەنگاری بکەن بۆ ئەوەی ناچار بێ بگەڕێتەوە یان ملکەچیان بێ.

سەبارەت بە عەبدولڕەحمان، ئەوا لەلایەن خۆیەوە ئامادە بوو ڕوبەڕوویان بێتەوە و قەڵای (طرشة) ی بەجێهێشت و هات بۆ (أرشذونة)، کەوا پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕی ([2]) پاشان چووە ناو (ئەشبیلیە)و خەڵکەکەشی بەیعەتیان پێدا ([3])، ئەو نیپە سەربازییانەی کە لە دیمەشق و (حمص) و ئوردونەوە هاتبوون چوونە پاڵی، ئەوجا ئەشبیلیەی بەجێهێشت و بەرەو (قرطبة) ڕۆیشت، لەگەڵ هێزەکانی (الصمیل و الفهری) لەلای (مەسارە) بەیەک گەیشتن لە (مانگی - زی الحجە سالی ۱۳۸ك/مانگی ئایار سالی ۷۵٦ن) وە سەرکەوت بەسەریانداو چووە ناو (قرطبة) و لەمزگەوتە گەورەکەی نوێژی هەینی بە خەڵک کرد، وتاری بۆیان خوێندەوە و دامەزراندنی دەوڵەتە تازەکەی ڕاگەیاند، هەریەک لە(الصمیل و الفهری)یش ناچار هەڵهاتن ([4]).

ئا بەم شێوەیە ئەم میرە ئەمەوییە دەرکراوە توانی سەر لەنوێ دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی کەوا لەڕۆژهەڵات ڕوخا، زیندوو بکاتەوە، ئەندەلوسیش بکاتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ و یەکەم ویلایەت کە لەدەوڵەتی خیلافەتی عەباسی دابڕێ.

عەبدولڕەحمان داخل ([5])، لەسەرەتای حوکمڕانیی ڕوبەڕوی دوو گرفت بووەوە. یەکەمیان بڕیتی بوو لەڕابەرینی کۆمەڵێ بزوتنەوەی بەرهەڵستکار بەسەرپەرشتی (الصمیل والفهری)، ئەوە بوو توانی کپیان بکاتەوە، بەکوشتنی ئەم دوو ڕابەرەش

---

[1] ابن عذاري ابومحمدعبدالله محمدالمراكشي:البيان المغرب في اخبارالاندلس والمغرب :ب ۲ لا ٤٦.

[2] اخبارمجموعة :۸۵.

[3] هەمان سەرچاوە : ۸٦٧.

[4] هەمان سەرچاوە : ۸۹-۹۰.

[5] میر عەبدولڕەحمان نازناوی (الداخل)ی لێنرا واتە هاتۆتەنار ئەندەلوسەوە

کۆتاییان هات.([1]).

دووهەمیان بریتی بوو لە هەوڵدانی خیلافەتی عەباسی بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی تازە دامەزرێنراو و گەڕانەوەی دەسەڵاتی بۆ سەر ئەندەلوس، لەپاش ئەوەی کە پێی ناخۆش بوو ئەمەویەکان بەشێك لەدەوڵەتی خیلافەتی ئیسلامی دابڕێن.

لەڕاستیدا ئەبو جەعفەری مەنسور ئەو ڕەوشە نائارامەی بەهەڵزانی کە عەبدولڕەحمان داخل بەدەستیەوە دەینالاند، نهێنییانە پەیوەندی بە یەکێك لە ڕابەرەکانی عەرەب کرد ناوی (العلاء بن المغیث الجذامي)یە، هانیدا دوژمنەکەی بکوژێ و بەڵێنی پێدا بیکا بە میری وڵاتەکەی و سوپا سالاری دەوڵەتی عەباسی و فەرمانی دامەزراندیشی لەئەندەلوس بۆ نارد.([2])

(العلاو) کەوتە بانگهێشت کردنی خەڵکی بۆ گوێڕایەڵی کردنی خەلیفە مەنسور، لەساڵی (١٤٦ك/٧٦٣ز) هەڵبەزو دابەزی سیاسیی بزوتنەوە ڕەگەزپەرستەکانی بەهەڵزانی و زیاتر بایەخی بە یەمەنیەکانی دا، چونکە وادیارە بێزاربوون لە دەسەڵاتی عەبدولڕەحمان داخل چونکە دەسەڵاتی بۆ خۆی قۆرخ کرد و هیواو ئاواتەکانیانی نەهێنایەدی بەرامبەر ئەو یارمەتیەی کە پێشکەشیان کرد لەملمانێی لەگەڵ (مضریة)کاندا. لەلایەن خۆیەوە عەبدولڕەحمان قایل نەبوو ببێتە ئەمیرێکی گوێڕایەڵ بەدەستی ئەمانە، بۆیە چووە پاڵی (قیسی)یەکاندا، ئەمەش بووە مایەی توڕەبیان و وایکرد بچنە ڕیزی بزوتنەوەی (العلاو)، هەروەها (فهری) یەکانیش کە بەشێك بوون لە قەیسیەکان، بەهۆی دوژمنایەتی نێوانیان چونە ڕیزی ئەم بزوتنەوەیە.

لەپاش یەك ساڵی پڕ لەپەیوەندی کردن و ئامادەباشی، –العلاو– لەساڵی (١٤٧ك/ ٧٤٦ ز) شۆڕشی خۆی دژی ڕژێمی ئەمەوی ڕاگەیاند و ئاڵا ڕەشەکانی عەباسی بەرزکردەوە، بەڵام میری ئەمەوی توانی شۆڕشەکەی لەناویەرێ و خۆی و چەند پیاوێکی بکوژێ و سەرەکانیان بۆ مەنسور بنێرێتەوە([3])، کەوا بۆی دەرکەوت ئەو

---

[1] Provencal-Icvi: histoire de lE spene musulmqne.tomi p ١٠٨

[2] ابن عذاري : ب ٢ ل ٥٣.

[3] اخبار مجموعة : ل ١٠٣

مامەڵە لەگەڵ میرێکی بەهێز دەکات و پەنگە لەخۆی زۆر زیرەك و سەرکەشتر بێ. سەرنەکەوتنی ئەم هەوڵەبەس بوو بۆ ئەوەی وازبێنێ لەپڕۆژەی هێنانەوەی ئەندەلوس، دژایەتی کردنی بۆ عەبدولڕەحمان ڕێگر نەبوو لەوەی بچێتە دڵیەوە و ناز ناوی (هەڵوی قورەیش)ی لێ بنێ[1].

. ڕەوشی دەرەکی لەسەردەمی مەنسوردا

پەیوەندی لە گەڵ – بێزەنتیەکاندا

جەنگی نێوان موسڵمانەکان و بێزەنتیەکان لەسەردەمی مەنسوردا، هێمنیەکی پێوە دیار بوو، جگە لەوردە شەڕی جاروباری سەرسنور، ئەوەش چونکە عەباسیەکان سەرقاڵی بەهێزکردنی ناوەوەی خۆیان بوون. لەبەرامبەردا، ئیمپراتۆری بێزەنتی (قسگنگین)ی پێنجەم خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو بۆ جەنگی بولغارەکان لە(بلقان)دا، ئەمە لە لایەکەوە، بۆ کێشەی پەرستنی ئایقۆنەکان لەلایەکی دیکەوە.

بەرامبەر بەم ڕاستییە، خەلیفەی عەباسی بە تەما بوو قەڵا و شوێنە سنوریيە وێرانراوەکان نۆژەن بکاتەوە، تا بارودۆخ کپەو شەڕ ڕاگیراوە.

وادیارە مەنسور سیاسەتێکی هێرش ئامێزی پەیڕەو دەکرد بەرامبەر دەوڵەتی بێزەنتی، بریتی بوو لەهەوڵدان بۆ پەکخستنی هێرشی دوژمن لەڕێگەی بەهێزکردنی شوێنە سنوریەکان و نۆژەن کردنەوەی وێرانکراوەکانی و دروستکردنەوەی ڕوخاوەکانی، ئەوجا جێگیرکردنی هێزەکانی بەرگری کردن لەناویدا. جێی باسە کە ئەم ناوچە سنوریيانە دوو بەش بوون :

یەکەمیان : ناوچە سنوریەکانی جەزیرە، ئەمانەش بۆ بەرگری کردن لەجەزیرە تایبەت کرابوون، واتە باکوری عێراق، گرنگترین قەڵاکانی بریتیی بوو لە (ملطیة – المصیصه و مرعش).

دووهەمیان : ناوچە سنوریەکانی شام، دەکەوێتە ڕۆژئاوای ناوچە سنوریەکانی

---

[1] ابن الخطیب، لسان الدین :اعمال الاعلام فیمن بویع قبل الاسلام من ملوك الاسلام.لا ۹–۱۰.

جەزیرە، بۆ بەرگریکردن لەولاتی شام تایبەت کرا بوون، گرنگترین قەلاکانی بریتی بوو (طرسوس و أذنة و عین زربة).

مەنسور ئەم ناوچانەی قایم کردو بەدەسەلاتێکی ئیداری سەربەخۆ تایبەتی کرد، پڕی کرد لە هەزاران جەنگاوەر و پاسەوان، پارەو زەوی و زاریان پێ بەخشی، خانوو و تەویلەیان بۆ دروست کرد، سیستەمێکی سەربازی بۆ دانان لە سەری برۆن.

ئەمەو ئەو شالاوانەی کە لەناوچە سنوریەکانی شامدا دەرئەچوون، وشکانی و دەریاییش بوون لەهەمان کاتدا (۱). کەشتیە جەنگیەکانی مبسر و شام رۆڵێکی هاوبەشی گرنگیان لەم ناوچەیەدا دەگێڕا.

بەم سیستەمە سەر سنوریەش، مەنسور توانی سنورێك بۆ تەماحی بێزەنتیەکان دانێ.

ناوچەکانی سەرسنور لەسەردەمی مەنسوردا وردە شەڕێکی تیا دەکرا، هەر جارێك لایەنێکیان هێرشی دەکرد و هەڵئەهات، جاروبار کپ ئەبووەوە و جاروباریش دەستی پێ ئەکردەوە، ئەمەش بەپێی رەوشی ناوخۆی هەردوو لایان بوو.

لەسالی (۱۳۳ك/۷۵۰ز) (ملطیة) دوچاری هێرشێکی تونـدی بێزەنتی بـوو بەسەرکردایەتی ئیمپراتۆر خۆی، توانی بچێتە ناوی و خەڵکەکەی ناچار بکات و پەرژینەکەی بروخێنێ.(۲). لەبەرئەوەی ئەم شارە گرنگیەکی ستراتیجی هەیە، خەلیفە هێنایەوە و نۆژەنی کردەوە و پڕی کرد لە جەنگاوەر(۳)، هـەروەها (قلوذیة)ی نـۆژەن کردەوە وپڕی کرد لەپاسەوان، (المصیصه)ی بینا کردو (مرعش)یشی نۆژەن کردەوە. (۴)

بێزەنتیەکان زوو زوو و درەنگ درەنگ هێرشیان دەکردە سەر ناوچەکانی سەرسنوور، موسڵمانەکانیش بەرپەچیان دەدانەوە بەناردنی (صوائف–

---

[۱] البلاذري: ۲۶۲۷.

[۲] هەمان سەرچاوە.

[۳] همان سەرچاوە : ۲۶۳– ۲۶٤. تاریخ خلیفة بن خیاط: ب۲ ۲ ٤٤٥

[٤] هەمان سەرچاوە:۲۲۷، ۲٦٥.الیعقوبی : ب ۲ ۲ ۳۸۲.

جەنگاوەرەکانی هاوین یاخود هێزی هاوینان)، ئەمەش بەدرێژایی سەردەمی مەنسور بەردەوام بوو، دواین (صائفە) لەسالی (۱۵۸ك/۷۷۵ز) بەسەرکردایەتی (مەعیوف کوڕی یەحیا) لەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە نێوان (الحدث) و رووباری جیحان، بەر سنوپای سنوپای بێزەنتی کەوت (۱)

دروستکردنی شاری بەغداد

یەکێك لەو کارە گرنگانەی کە خەلیفە ئەبو جەعفەری مەنسور ڕاپەڕاندو کاریگەری هەبوو لەسەر ئایندەی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی، بریتی بوو لە دروستکردنی شاری بەغداد. لەڕاستیشدا مێژووی ئەم شارە، بەوەی کە بنچینەیەکە لەبنچینەکانی ئیسلام، شان بە شان لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیدا دەڕوا تاوەکو ڕوخاندنی. عەباسیەکان پێش ئەمە سیانزە سالّ، واتە لەو ڕۆژەی دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەبێ پایتەخت مابوونەوە تا ئەو کاتەی بەغدادیان دروست کرد.

مەنسور هەستی کردبوو بەو مەترسیانەی کە گەمارۆی دەوڵەتە تازە دامەزراوەکەی دەدات و ئامانجی ئەوەیە دەسەڵاتی خانەوادەی عەباسی هەڵوەشێنێتەوە. بۆیە کەوتە گەڕان بۆ شوێنێکی گونجاو ببێتە پایتەختی نوێ و سەرەڕیی خانەوادەکەی بنوێنێ، بۆیە شوێنێکی هەڵبژارد لەلای گەیشتنی ڕووباری (الطراة) بە ڕووباری دیجلە، کە بەغدادی ئێستای تێدایە، دەروازەی مێژوو و ڕێگایەك بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات. ئەمەو مەنسور کۆمەڵێ پالّنەری سیاسی و سەربازی و ئابووری و کەشی هەبوو وای لێکرد دەست بەدروستکردنی بکات.

لەڕووی پالّنەری سیاسیەوە، ئەوا زەحمەت بوو عەباسیەکان دیمەشق بکەنە پایتەختی خۆیان، بەهۆی دڵسۆزی خەڵکەکەی بۆ بنەماڵەی ئومەیە. هەروەها مۆرکی عەرەبێتی پێوە دیار بوو، دوور بوو لەوڵاتی فارس سەرچاوەی هێزی عەباسیەکان، بۆیە لە گۆاستنەوەی شارنشینی خۆیان بۆ لای ڕۆژهەڵات، بەرژەوەندیەکی تایبەتیان

---

(۱) تاريخ خليفة بن خياط:ب ۲ ل ۱۵۸.الطبري: ب۸ ل ۵۷.

هەبوو. هەروەها، عەباسیەکان لە کوفە یاخود بەسرەش جێگیر نەبوون، کە دوو شاری گەورەن و هەر لەکاتی هاتنی بزوتنەوەی رزگاریخوازی ئیسلامی بۆ عێراق، بوونیان هەیە. بێ گومان ئەم کارە هەر لەخۆیەوە ئەنجام نەدراوە، چونکە خەڵکی کوفە حەز بە شۆڕش بوون و شیعەگەرێتی و لایەنگری عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب و کوڕەکانی زاڵ بوو بە سەریاندا، سەبارەت بە بەسرە ئەوا نەدەگونجا ببێتە شارنشینی دەوڵەت بە هۆی ئەو شوێنە دوورەی کە هەیبوو لەباشووردا.

بەڵام بەغداد دەزگایەکی نوێ و تایبەت بوو بۆ عەباسیەکان، نزیکیش بوو لە وڵاتی فارس، وە دروستکردنی، رێك لەگەڵ حەز و خواستی عەباسیەکاندا هات لەپاراستنی دەسەڵات و قوتاربوون لە (طالبي)یەکان و چوونە ناو قوناغێکی نوێ بۆ دەسەڵاتێکی عەباسی پوخت (١)، پەیڕەوکردنی سیاسەتێك ئامانجەکەی دروستکردنی هاوپەیمانێتیەکی نوێ بێت لەناو کۆمەڵگەیەکی پڕ لەگروپی دەمارگیرو نەتەوە پەرست و بیرو بۆچوونی جیاواز، لەکاتێکدا کە کۆمەڵگەی ئیسلامی بەقۆناغی گۆڕاندا تێپەڕ دەبوو، لەسیستەمی هۆزایەتیەوە بۆ سیستەمی شارستانی و بەرەو دامەزرانی کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو کە مەرجەکانی سەروتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی تێدا بەدی بکرێ (٢).

لە پووی پاڵنەری سەربازییەوە، ئەوا دیمەشق لەڕۆژئاواوە نزیك بوو، بۆیە، نەدەگونجا بیکەی بە پایتەختی دەوڵەتێك لە دەریای سپیی ناوەڕاست دڕێژ بۆتەوە تا ڕووبارى سند. نەدەکرا عەباسیەکان پایتەختی دەوڵەتەکەیان لە دواوەوەی چیاکانی فارس دانێن، چونکە لەهەموو شارەکانی تر دوور دەکەوێتەوە. وبڕای ئەمە هەرێمی عێراق ئەڵقەی گەیاندن بووە لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا. بەوەش بووە هۆی گرێدانی دوو ڕەگەزی سەرەکی کۆمەڵگەی ئیسلامی بەیەکەوە(٣).

شوێنی بەغداد، لەڕووی سەربازییەوە قایم و پارێزراو بوو، چونکە دوژمن نایگاتێ

---

[1] مؤلف مجهول: اخبارالدولة العباسية. لا١٦٥.

[2] فاروق عمر : طبيعة الدعوة العباسية. لا ٢٧.

[3] دائرة المعارف الاسلامية : ب٤ لا ٦.

تەنها لەسەر پرد یاخود ئاوبارە نەبێ، جا ئەگەر پردەکان ببڕێن و ئاوبارەکان تێک بدرێن ئەوا دەستی پێ ناگا.رووباری دیجلە و فورات دوو پەڕژین و کەندڕی سروشتی بوون بۆی، هەروەها ئەم شوێنە دوورە لە سنووری بێزەنتیەوە، ئەمەش وای لێدەکات ئارام بێ و دوور بێ لە هێرش و پەلاماری بێزەنتیەکان.

ئەمەو ئەرکی سەربازیی شارە ئیسلامیەکان گەشەی کرد، چونکە بوونە سەربازگەیەك شالاوە سەربازیەکانی تێا ئەکەوتە ڕێ بۆ فراوان کردنی خاکی ئیسلام، بەتایبەت موسڵمانەکان لەسەرەتای فتوحاتی ئیسلامیدا لەسەربازگەکانی دەرەوەی شار نشتەجێ بوو بوون، ئێستا کە ئەو سەربازگانە کران بە شار و ئاوەدان بوونەوە، بەرگری کردن لێی ئاسانتر بوو بەراورد بە بەرگری کردن لە سەربازگەیەکی دیار و نەشاردراو (١)

دیمەنی سەربازی بە ڕوونی لە شێوازی دروستکردنی بەغداد و قایم کردنی دەبینرێ. دوو پەڕژین و چەندین کەندڕ دەوری داوە، ئەوجا کەندڕێکی دەرەکی دەوری داوە پانیەکەی شەش مەترە ئاوی تیا ئەڕوا بۆ ئەوەی چواردەوری شارەکە بە ئاو بگرن تا وەکو دوورگەی لێبێت. هەر چوار دەروازەی شارەکەش ئامادەکراوە بە ڕێڕەوی گەورە کە لەدەرگا دەرەکیەکانەوە لادەدات. بەم شێوازە ئەندازیارە پێشکەوتووە شارەکە توانایەکی بەرگری ئامێزی وەرگرت.

جا کە دوژمن بیەوێ بچێتە ناوی، ناچار دەبێ بۆ لای چەپ لابدات تا لە ڕێڕەوێکی تردا بچێتە ناوی، ئەمەش وایان لێ دەکات دەوروبەریان دیار و نەپاوڕێزراو بێ و

---

(١) ئیمپراتۆری بێزەنتی – زمسکیس – لە ساڵی ٩٧٤ ز. هەوڵی دا بگاتە بەغداد بۆ ڕوخاندنی خیلافەتی عەباسی. ئەوەش لاواز بوونی دەسەڵاتی ئیسلامی لە سایە خەلیفەی عەباسی – المطیع – هانی دا لەسەر ئەوە.جا هێرشی کردە سەر ناوچەی جەزیرە و بەستی گرت بە سەریا و گەیشتە دەروبەری مەیتشینی موسڵ، ئەوەندی نەما بوو بگاتە بەغداد، سوپای بێزەنتی دەیتوانی لە – ئامد – ەوە بە ڕێڕگایی ڕوباری دیجلە بێتە خوارەوە بۆ بەغداد. بەڵام ئەمە بەجێ نەهات لە بەر چەند هۆکارێك کە ئانیستا نەزانراوە. ئەوانیە بە هۆی ئەو بڕسێتی و وشکە ساڵی و ڕێگە لمە دوور و ترێزە بێت کە لەکاتی هاتنیاندا تووشی بوون، بۆیە گەڕایەوە و ئامانجەکەی نەهاتەدی.

دەربارەی ئەم شالاوە بگەڕێوە بۆ :

Sehlumbereer : L Epopee Byzantine a la fin du Dixieme si cle.Tom ipp ٢٦٠-٢٠٨

(١)طاهر العميد : الة – ظاهر العسكرية في بناء بغداد المدورة. مجلة كلية الاداب، بغداد،١٩٦٩، العدد١٢، ٣٠٢-٣١١

تووشی ئەو تیرانە بن کەئاراستەیان دەکرێ (١). هەروەها ئەرکی سەربازی پەیوەندە بەقەبارەی شارەکەوە، بۆیە دەبێ هاوسەرنگی نێوان رووبەری شارەکەو ژمارەی بەرگریکارەکان بپارێزرێ، ئەمەش ئەوە روون دەکاتەوە کە بەغداد بە شێوەیەکی بازنەیی دروستکراوە، چونکە رووبەری شێوەی بازنەیی کەمترە لە رووبەری شێوەی چوارگۆشەیی لەهەمان زەویدا (١)، هەروەها دووری بنکەی شارەکە لەبەشەکانی بازنەکە بەکسان دەکات. ئەمەش نیشانەی جەختکردنەوەی مەنسورە لەسەر یەکسانی لەگەڵ کارمەندەکانیدا(٢)، هەروەها هەموو بەشەکانیشی بەر خۆر و هەوا دەکەون.

لەرووی پالنەرە ئابورییەکانەوە، ئەوا عەباسیەکان لە (مەککە) یاخود (مەدینە) جێگیر نەبوون، چونکە حیجاز هەرێمێکی هەژارە و لەگەڵ پلەوپایەی ئەم دەوڵەتە ئیسلامیە گەورەیەدا ناگونجێ، کە بەرەوە بەرفراوانی و گەشەکردن دەچێت.

شوێنی بەغداد، کەوا لە (وادی الرافدین – دۆڵی دوو زێ)یە لەسەر کەناری رووباری (الصراة)، ئەڵقەی گەیاندنە لە نێوان وڵاتی شام و وڵاتی فارسدا، هەروەها گرنگیەکی ئابوری هەیە وەکو ناوەندێکی بازرگانی، چونکە دەکەوێتە سەر ڕێگاوبان و ڕێڕەوە ئاویی و وشکانی و دەریاییەکاندا، کە پەیوەندە بەبەشەکانی تری دەوڵەتەوە، لەرێگەی دیجلە و فورات و لقەکانیەوە، لە شام و جەزیرە و میسر و هند و سند و بەسرە و واست و ئەرمینیا و ئازەربایجان، ئازووخەی بۆ دێت، پەیداکردنی بژێوی ئاسانە، هەوای پاکە و خۆراکی ئایابی تیا بەدی دەکرێ، هەروەها ناوچەیەکی گەشە کردووە لە رووی کشتوکاڵیەوە و لکاوبوو بە چەندین جۆگەی ئاودێری کە بەوردی ڕێکخرا بوون.

لەرووی کەش وهەواوەوە، ئەوا مەنسور کۆمەڵێ دیدەوانی نارد بۆ ئەوەی شوێنێکی گونجاوی بۆ بدۆزنەوە شارنشینەکەی تیا دروست بکات، ئەوە بوو شوێنێکیان هەڵبژارد نزیکی (بارمما) لەباشووری موسڵ. مەنسوریش خۆی و پیاوەکانی چوون بۆ ئەو شوێنە و شەوەکەشی لەوێ مانەوە. کە ڕۆژ هەڵهات ڕاپرسی

---

[١] سامح، كمال الدين : العمارة في صدر الاسلام.لا ٥٦- ٥٧.

[٢] الخطيب: ب١ ٧٢٧.

پیاوەکانی کرد دەربارەی ئەو شوێنە، ئەوانیش وەسفی هەوا خۆشەکەی و خۆراکە نایابەکەیان بۆ کرد. بەڵام خەلیفە سەرنجی ئەوەی دا ئەم شوێنە بواری کارکردن و رزق و رۆزی پەیداکردنی تیا نیە بۆ هاوڵاتیان، شوێنێکی تری بۆ باسکردن لەکاتی هاتنی بۆ ئەملا، بینی بووی، لەگەڵ پیاوەکانیدا گەڕانەوە و شەو و رۆژێك تیا مانەوە، وەرزی هاوینیش بوو، کەش و هەواکەی بەدڵ بوو، و بینی ئەمە ئەو شوێنەیە کە حەزو ئاواتەکانی دەهێنێتەدی(١)، مەنسور پێی خۆش بوو بۆچوونی خەڵکی ئەو دەڤەرە بزانێ، بانگی کردن و پرسیاری شوێنەکەی لێکردن، ئایا لەکاتی گەرما و سەرما و باراندا چۆنە، ئەوانیش هەرکەسێك بە گوێرەی ئەو زانیاریانەی کە هەیبوو وەڵامیان دایەوە، هەروەها لە یەکێك لە ئاغاکانیشی پرسی، کە خاوەن کێڵگە بوو لەوێ، ئەمیش پێی وت کە شوێنێکی گونجاوە چونکە دەکەوێتە نێوان چوارلا و لە هەرێمەکانی دراوسێی ئازووخەی بۆ دێ، هەروەها لەبۆچوونی قەشەی ئەو دێر و کەنیسانەی کە لە وێدابوون بۆی دەرکەوت شوێنەکە بەگشتی پلەی گەرمی تێدا مامناوەندە (٢).

شوێنی بەغداد کەش و هەواکەی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، لەوانەش هەرچەندە وشکە و پلەی گەرمی تیا بەرزە، بەڵام شێی کەمە، ئەمەش وای لێدەکات کەش و هەواکەی لەکەش و هەوای شارەکانی کەناری دەریای ئەو ناوچانە باشتر بێ، چونکە پلەی گەرمی تێدا مامناوەندە بەڵام شێی زۆرە.

شوێنی بەغداد، لەپێش ئیسلامدا، بریتی بوو لەکۆشکێکی ساسانی و پردێك لەپایتەرە دروستکراو لەسەر رووباری دیجلە(٣) وە کۆمەڵێ گوندی بچوکی گاورنشین لە کەناری رۆژئاوای رووبارەکە بڵاو بووبونەوە و لەدەوروبەریدا دێری گاورە نەستوریەکان هەبووە (٤). وادیارە گەرەکێکیشی تیابووە وەرزانە بازاڕی تیا گەرم کراوە و بازرگانەکان تێدا کۆبوونەتەوە (٥) چونکە گەلێ نەخشەی ئاشوری تیا دۆزراوەتەوە

---

١ الحموي، ياقوت : معجم البلدان : ب ١ ل ٤٥٨.

٢ الطبري: ب٧ ل ٦١٦- ٦١٧.

٣ الخازن، وليم: الحظارة العباسية ل ٤١

٤ الطبري: ب ٧ ل ٦١٦ - ٦١٧.

٥ الخطيب البغدادي: ب١ ل ٢٥- ٢٦.

ئەوە دەسەلمێنی ([1])، هەروەها چەند پارچەیەکی خشتی سوور دۆزراوەتەوە ناوی (بختنصر)ی دووهەمی لەسەر نەخشەکراوە ([2]).

کتێب دانەرەکان ([3]) دەگێڕنەوە کە مەنسور شارەکەی لە ناوچەیەکی چۆڵ و بێ خەڵکدا دروست نەکردوە، بەڵکو بەغداد لە ناوچەیەکی پڕ لە گوند دروستکراوە، وە باسی ناوی کۆمەڵێ گوندی گاورنشین دەکەن کە بۆ سەردەمی ساسانیەکان دەگەڕێنەوە و بەرە بەرە ناوێتەی ئەو شوێنانە بوون کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسیدا بوو، جا بە غداد گرنگترینی ئەم گوندانە بووە. واش دیارە ئەو شارە بازنەییە کە مەنسور دروستی کردو دواتر بووبە کۆڕکی دەوڵەتی نوێی عەباسی، پێی دەوترا بەغداد، ئەم ناوە باو و بڵاوەی بەغداد لەو شارە بازنەییە وەر گیراوە ([4]).

ناوی بەغداد، زیاتر، لە وشەیەکی فارسی، داتاشراوە، کە لە دوو وشە پێکهاتووە : باغ و داد، واتە : بەخشینی خودا. مێژوونوسان و جوگرافی ناسانی عەرەبیش چەند بۆچوونێکیان بۆ ئەم ناوە هەیە ([5])، مەنسوریش ناوی شاری (السلام)ی لێنا لەسەر ناوی بەهەشتی هەمیشەیی یاخود لەبەر ئەوەی دۆڵی دیجلە پێی دەوترا دۆڵی (السلام) ([6])، ئەمەش ئەو ناوە فەرمیە بوو کە لەبەڵگەنامەکان و لەسەر دراو و پێوانەکاندا ([7]). دەنوسرا.

لەسالی (١٤٥ك/٧٦٢ز) مەنسور کەوتە دروستکردنی پایتەختەکەی، بە هەزاران کرێکاری بەکارهێنا سەرەڕای چەندین پسپۆڕ لەبیناساز و دارتاش و ئاسنگەر و

---

[1] العبادي: سەرچاوەی پێشوو : ل ٥٥

[2] Encyc ١ Britanica IIp ٢٣

[3] جگە لە - الاصطخري - کە دەگێڕنەوە کە بەغداد شارێکی نوێیە وناوەدانی تیانە بووە. بگەڕێوە بۆ: مسالك الممالك : ل ٥٨.

[4] دائرة المعارف الاسلامیه : ب ٤ ل ٥.

[5] الحموی : ب ١ ل٤٥٦-٤٥٧.

[6] الخطیب البغدادي :ب ١ ل ٥٨-٦٢.

[7] دائرة المعارف الاسلامیة : ب ٤ ل٢٦.

● العبادي : ٥٦

● سعد، فهمي: العامة في بغداد. ل ٢٧

هەڵکەن کە لە شارەکاندا هێنایانی، سەرپەرشتی کردنی بیناکەش لەلایەن ژمارەیەک لە ئەندازیاران بەڕێوە دەچوو (١)، دروستکردنی ئەم شارە نزیکەی چوار ساڵی خایاند، لەساڵی (١٤٩ك / ٧٦٦ز) تەواو بوو.

ئەو نەخشەیەی کەوا مەنسور لەدروستکردنی بەغداد بەکاری هێنا شتێکی نوێ و داهێنراو بوو، وای لەم شارە بازنەییەی کرد پەرژینی دوولایەنی کە دوو ئەڵقەی بەدوای یەک دەوروبەری بگرێ، ئەمەش ئاڕاستەیەکی نوێیە لەهونەری بیناکردنی شارە ئیسلامیەکان(❁)، وادیارە کاریگەری شێوەی هەندێ لەشارە دێرینەکانی فارسی لەسەر بووە وەکو شاری هەمەدان.

شاری بەغداد لەسەر شێوەی قەڵایەکی گەورە دروستکراوە، لە سێ کۆڵەکەی بیناسازی پێکهاتووە: قەڵاکان، پەرژینە دەرەکیەکان، پاشان ناوچەی نیشتەجێبوونی ناوەوە. ناوەڕاستی شاریش کۆشکی خەلیفەو مزگەوتێک و کۆشکی کوڕەکانی و دەزگاکانی حکومەتی لەخۆدەگرت(❁).لەناوەڕاستی شارەکە کەس بۆی نەبوو سواری ئەسپ ومایین یاخود هەر وڵاخێکی تر ببێ جگە لەخەلیفە، هەرکەسێکیش کۆشکی خەلیفەی مەبەست بێ، پێویستە لەسەری لەلای شوێنی چوونە ژوورەوەی شارەکەوە دابەزێ و بەپێ بڕوا، جگە لە (ئەلمەهدی) و (داوودی کوڕی عەلی) مامی مەنسور، کەوا رێگەی پێدرا لەسەر دەستەبەرە هەڵگیرێ بەهۆی نەخۆشیەکەی(٢).

مەنسور کە لەدروستکردنی بەغداد تەواو بوو، کەوتە دابەشکردنی پارچە زەوی بەسەر بنەماڵەکەی و پیاو ماقوڵانی دەوڵەتەکەی لەتەنیشتی دەرگا دەرکیەکانی شارەکەیەوە، پارچە زەوییەکانی دەوروبەری شاری بە سەربازەکانی بەخشی بۆ ئەوەی خانوی لەسەر دروست بکەن (٣)، ئەوەش تا قەرەبالغی دروست نەبێ ناوشار، ئەمە لەلایەکەوە، وەکو خەڵاتێک لەسەر ئەو خزمەتە مەزنانەی کە پێشکەشیان کرد لەلایەکی دیکەوە. خێرا پارچە زەوییەکان ئاوەدانکرانەوە و پڕ بوو لە دانیشتوان، وای لێهات هەر کەرتێک بە ناوی ئەو کەسە یاخود ئەو کۆمەڵە خەڵکەی کە تێدا نشتەجێ

---

١ الخطيب البغدادي : ب ١ ل ٦٦-٦٧.

٢ الخطيب البغدادي : ب ١، ل ٧٧.

٣ البلاذري : ل ٤١٤ - ٤١٥.

بوونه، دەناسرا.

کاریگەری فارسیش بەنەخشەی شارەکەوە دیارە، چونکە خەلیفە لەهاوڵاتیان جیاکرابووەوە و شوێنێکی بەرزی بۆ دانرابوو کە زەحمەت بوو پێی بگەی، هەروەها گەورەیی کۆشک و هەیوان سامی پاشا دەردەخات، ئەوجا بیرۆکەی بازنەیی و نەسککردنەوەی خانوی هاوڵاتیان لە گەڕەکی جیاجیادا، کە شەوانە بتوانرێ بەشێوەیەکی ورد پاسەوانی بکرێ، ئاماژە بەدەسەڵاتێکی رەها دەکات کە لەفارسەکانەوە وەرگیراوە و ناگونجێ لەگەڵ لێبوردەیی ئیسلام و دابونەریتی ئەمەویەکاندا([1])

لەسالّی (١٥١ك/٧٦٨ز)، مەنسور شاری (رەسافە) یاخود (بەغدادی رۆژهەلاتی) بۆ مەهدی کوڕی دروست کرد لەلای رۆژهەڵاتی دیجلەوە بەرامبەر شاری بەغدادی رۆژئاوا و بەناوی (عسکر المهدی – سەربازگەی مەهدی) ناسرا([2]). هۆکارە ستراتیجیەکان جارێکی دیکە دەگەڕێنەوە و دەبنە هۆی دروستکردنی ئەم شارە ئەوەبوو (مەهدی) سەربازەکانی خۆی خستە ناوی بۆ ئەوەی لەدەرەوەی شاری مەنسورە بێت و ببێتە فریادڕەس و یارمەتیدەرێك بۆ کپکردنەوەی ئەو ئاژاوانەی کە لەوانەیە لە ناوەوەی رووبدات([3]).

وادیارە خەلیفە هەستی بەوە کردبوو کە بەتەواوەتی بێ ترس و دڵنەوا نابێ لەسەر خۆی بەدانیشتنی لەبەغداد. رەسافە، پەرژینێك و گۆڕەپانێك و بێستانێکی بۆ ئامادەکرا و ئاویشی بۆ راکێشرا، نێوانی هەردوو شارەکەش بەدروستکردنی سێ پرد لەسەر رووباری دیجلە، گەیندرا بە یەك، سەرکردەکان پارچە زەویان پێ درا ([4]). خێرا رەسافە ئاوەدان کرایەوە و زۆری نەما ئەوەندەی بەغدادی لێبێ، لەسالّی (١٥٩ك/٧٧٦ز) لە سەردەمی مەهدیدا دروستکردنی رەسافە تەواو بوو.

---

[1] الدوري، عبدالعزيز : العصرالعباسي الاول : لا ٧٧.

[2] البلاذري : ٤١٤.

[3] سعد:سەرچاوەیەکی پێشوو :لا ٣١.

[4] الخطيب البغدادي :ب ١ لا ٨٢.

جێنشینێتی – مەرگی مەنسور

یەکێك لەو رووداوە کاریگەرانەی کە لەسەردەمی مەنسوردا رووبدا بریتی بوو لە لابردنی (عیسای کوڕی موسا)ی برازای لە جێنیشینێتی و وەرگرتنی بەیعەت بۆ مەهدی کوڕی، هەرچەندە ئەوەی یەکەم زیاتر لەیەکجار دەسەلاتەکەی لەفەوتاندا بۆ رزگار کرد.

وادیارە خەلیفە هەر لەسەرەتای دەسەلات گرتنیەوە بیری لە لابردنی برازاکەی کردبووە. (الطبري) دەگێڕێتەوە کە خەلیفە، (عیسای کوڕی موسا)ی بۆ جەنگاندنی عەلەویەکان نارد بەنیازی ئەوەی یان مافی لەجێنشێتی بفەوتێ، تا خیلافەت لەدوای خوی بدرێ بەمەهدی کوڕی، یان موحەممەدی (النفس الزکیه) و ئیبراهیمی برای لەناو بەرێ. وتی ((..... گوێم لێ نیە کامەیان ئەوەیتریان بکوژێ)).([1]).

بەڵام گەورە پیاوانی دەوڵەت لەسەردەمی خوێنڕێژدا سوێندیان لەسەر ئەوە خواردبوو کە بەیعەت بدەن بە (عیسای کوڕی موسا)، ئاسان نەبوو بەلایانەوە ئەو سوێندە بشکێنن، هیچ رێگە چارەیەکیش نەبوو بۆئەوەی سوێندەکەیان نەکەوێ جگە لەوەی داوا لە (عیسای کوڕی موسا) بکەن بە رەزامەندی خۆی واز لەجێنیشینێتی بێنی، وادیارە ناوبراو ئارەزوی ئەم کارەی نەدەکرد ئەمەش وای لە مەنسور کرد شێوازی ئارەزوو پێکردن و هەڕەشە لێکردن لەبەرامبەریدا بەکاربێنێ کاتێك ناچاری کرد واز لەمافی خۆی بێنێ و بەیعەت بدا مەهدی لەسالی (١٤٧ ك/٧٤٦ ز)([2]). ئاوەها جێنیشینێتی بووە مافی مەهدی، ئەوجا هی عیسای کوڕی موسا لەدوایدا.

خێرا مەنسور هانی خەڵکی دا بۆ ئەوەی بەیعەت بە مەهدی بدەن، جا ئامۆژگاریەکی کوڕەکەی کرد نیشانەی سیاسەتێکی ژیرانەیە کەوا دەبێ بەرامبەر هاوڵاتیان پەیڕەو بکرێ، هانیدا لەسەر ئەوەی بە سۆزو بە بەزەیی بێ لەگەڵیاندا و شەو نەخەوێ لە پێناوی حەوانەوەیان، دادپەروەری لە نێوانیاندا بڵاو بکاتەوە، بەکردەوەی چاك لەخوا نزیك بێتەوە، رێز لەئەهلی زانست و دین بگرێ، سەر زەوی

---

[1] الطبري: ب ٧ ل ٥٧٧.

[2] ابن الطقطقا: ل ١٧٢ -١٧٣.

ئاوەدان بکاتەوە تا سەروەت وسامانی دیوانی دارایی کەم بێتەوە، وە ئیسلام و جیهاد بڵاو بکاتەوە لەپێناوی بەرزکردنەوەی حەق. ([1])

شەوی شەممە: لە (زی الحجە – سالی١٥٨ ك / مانگی تشرینی یەکەم سالی٧٧٥ ز) مەنسور کۆچی دوایی کرد، ئەو بەدەستی (بەد هەرسی) یەوە دەینالاند، جا بۆ بەجێهێنانی ئەرکی حەج دەرچوو، لەرێگە بەدەستی ئێش ونازارەوە گیرۆدەبوو بوو، هێشتا نەگەیشتبووە (بیری مەیمون)، کە شەش پۆڵ لە(مەککە)وە دوورە، لەبەرەبەیاندا لە ناو دەوارەکەیدا کۆچی دوایی کرد ([2]).

---

[1] بگەڕێوە بۆ دەقی ئامۆژگاریەکە لە لای – طبری- : بەش ٢ ل ١٠٢ – ١٠٧.

[2] هەمان سەرچاوە :ل ٦٠

موحەممەدی مەهدی - موسای هادی

ئەبو عەبدوڵڵای موحەممەدی مەهدی ١٥٨-١٦٩ك /٧٧٥-٧٨٥ز

ناساندنی مەهدی

موحەممەدی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوڵڵای کوڕی عەباس، ئەبو عەبدوڵڵای مەهدی. لە (حەمیمە) لەخاکی (الشراه) لەسالی (١٢٦ك/٧٤٤ز) لە دایک بووە، دایکیشی ناوی (ئەرواى کچی مەنسوری حیمیەرەی)یە.([1])

لەمالی خیلافەتدا پێگەییوە، مەنسور خۆی خەریکی ڕۆشنبیرکردنی بوو، ئەوجا ڕادەستی (المفضل الضبی)ی کرد، حەزی لە زانست و ئەدەب بوو. کاتێک گەیشتە تەمەنی پانزە سالی، مەنسور کەوتە ئامادەکردنی بۆ پۆستی خیلافەت ئەوەش بەمەشق پێکردنی لەسەر جەنگ و چۆنێتی بەڕێوەبردنی، بۆ چەند ئەرکێکی سەربازی ناردی، هەروەها لەچەند پۆستێکی ئیداریدا دایمەزراند، وە لە سالی (١٤٧ك/٧٦٤ز) کردی بەجێنشینی خۆی.

مەهدی (ریگە)ی کچی خوێنڕێژی کرد بەهاوسەری خۆی. ئەو کەسێکی دەستبڵاو و نەرم و نیان و هۆشیار بوو، ((لە شوێنی مەترسیداردا هەرگیز بێ ئاگا نابێ، پشت بەکەسانی متمانە پێ نەکراو نابەستێ، لەگەڵ خزمەکانیدا باش بوو. بەرامبەر بەخێزانی نەرم و نیان بوو، تووندوتێژ لەگەڵ گومڕاو زەندیقەکاندا، بۆ گوێگرتن لەسکاڵاو ناڕەزایی هاوڵاتیانیش دادەنیشت([2]).

لە پاش مردنی مەنسور بەیعەتی پێ درا بۆ خیلافەت، جا ئەو کاتە لەتەمەنی سی وسێ سالاندا بوو([3]).

---

[1] ابن كثير : ب ١٠ لا ١٩١.

[2] المسعودي : التنبيه و الاشراف :لا ٢٩٧. ابن الطقطقا : لا ١٧٩

[3] الطبري: ب ٨ لا ١١٠- ١١٤.

چاکسازیەکانی مەهدی

خیلافەتی مەهدی، کەوا نزیکەی دە ساڵ بەردەوام بوو، بە سەردەمی گواستنەوە دادەنرێ، لەتوندوتیژی و سەرکوت کردنەوە کە لەسەردەمی خەلیفەکانی بنەماڵی عەباس لەپێش خۆی باو بوو، بۆ سەردەمی میانڕەوی و نەرمونیانی کە لە ڕۆژانی خۆی و ئەوانەی دوای خۆی باو بوو. خەڵکی وەکو مەنسور لە ئامۆژگاریکردنی کوڕەکەی باسیان دەکات، سێ جۆرن : ((هەژارێك چاوەڕێی دەوڵەمەنی تۆیە، ترساوێك چاوەڕوانی دڵنەوایی تۆیە، زیندانیەك تەنها چاوەڕوانی ئازاد بوونە لەتۆ، جا کە دەسەڵات دەگریتە دەست تامی خۆشگوزرانیان پێ ببەخشەو زیادەڕەوی نەکەی) (١). بۆیە پێویستە بوو سیاسەتێکی نەرمونیان پەیڕەو بکات تا بریندی دڵ و دەروونەکان سارێژ بکات و گەل کۆبکاتەوە. سەردەمی ئەم ناسراو بوو بە هێمنی ڕەوشی ناوخۆ، ئەمەش ڕێگەی والاکرد بۆ جێببەجێکردنی پرۆژە گەلێکی چاکسازی.

مەهدی خیلافەتەکەی بەرازی کردنی خەڵك دەستپێکرد، ئەو سەروەت و سامانەی کە لەسەردەمی باوکی زەوتکرابوو گەڕاندیەوە بۆ خاوەنەکانی، پاشان فەرمانیدا زیندانە سیاسیەکان بەر بدرێن، بەتایبەتی عەلەویەکان، بژێوی و تایبەتمەندییەکانیانی بۆ گەڕاندنەوە، هەروەها کردنی (یەعقوبی کوڕی داوود) بەوەزیری خۆی یارمەتیدەرێك بوو بۆ زیاتر تێگەیشتن لەگەڵیاندا (٢).

لەساڵی (١٦٠ك/٧٧٧ز) کاتێك حەجی کرد هەوڵی دا خەڵکی حیجاز ڕازی بکات، چونکە مەنسور بە تووندی مامەڵەی لەگەڵ کردوون بەهۆی پاڵپشتی کردنیان لە بزوتنەوەی موحەممەدی (النفس الزکیه)، بۆیە هەستا بەدابەشکردنی پارەو پوولێکی زۆر بەسەریاندا، ڕێیدا بە گەڕانەوەی ئەو خەڵەوخەڕمان و دانەوێلانەی کە لەشام و میسرەوە بۆیان دەهات، پاش ئەوەی کە مەنسور ڕێگەی لێگرت بەهۆی بزوتنەوەکەی موحەممەدی (النفس الزکیه)، ژمارەیەك لەسەربازەکانی حیجازی خستەپاڵ پاسەوانە تایبەتەکانی خۆی، هەروەها مزگەوتی حەرام – کەعبەی پیرۆز – و مزگەوتی پێغەمبەریشی لە مەدینە بەرفراوان کرد (٣)

---

[1] الیعقوبی : ب ٢ ل ٢٣٧.

[2] الطبری : ب ٨ ل ١١٨ – ١١٩، ١٥٦.

[3] ابن الاثیر : ب ٥ ل ٦٠.

کاری کرد بۆ بەدەستهێنانی دڵسۆزی و خۆشەویستی خەڵکی شام، بۆیە سەردانی قودسی کرد و هەوڵیدا ناکۆکی هۆزایەتی لەبیابانی شامدا چارەسەر بکات، پارەوپوولی بەسەر دابەشکردن، ڕێزی لە شاندی کوڕەکانی (مەسلەمەی کوڕی عەبدولمەلیك)ی گرت. لە خوێنڕێژ زیاتر بینای دروست کرد، ئەو خانووانەی کە مەنسور بینای کرد بەبێ دەستکاری بە جێی هێشت، هەروەها لەو حەوزانەی دروستکرد کە لەئاوی بیرەکان پڕ دەکرێن بۆ ئاودێری کاروانەکان و پاسەوانیشی لەسەر دانا، گەپوگول و زیندانکراوەکانی بەسەرکردەوە تا پێداویستیان نەهێڵی و ڕێ نەدا نەخۆشی لەناویاندا بڵاوبێتەوە، خوێندنگەو نەخۆشخانەی دروست کرد (١)، (پۆستە)شی لەنێوان مەککەو مەدینەو یەمەندا دروست کرد، گرنگی بەکاروباری بازرگانیدا، بۆیە تۆڕێك لەڕێگاوبانی بازرگانی دروست کرد کە بەغدادی کرد بە ناوەندێکی بازرگانی جیهانی، وای لێهات ئەم سەردەمە بە مۆسیقا و شیعر و ژیرییەوە ناسرا. ڕێبازێکی دانا تا ئەمڕۆ پەیڕەوی دەکرێ ئەوەش لەبەرگرتنەوە کەعبە بە بەرگێکی نوێ هەموو ساڵێك، شارەکانی قایم و پتەو کرد و بەتایبەتی شاری ڕەسافە، ئەمینداری لە وڵایەتەکان دانا بۆ ئەوەی هەواڵی کاربەدەستەکانی بۆ بێنن. بۆ سکاڵاو نارەزایی و داد و بێدادی هاوڵاتیان دادەنیشت و گوێبیستیان دەبوو، ئەو یەکەم خەلیفەی عەباسیە بۆ سکاڵای خەڵکی دانیشی، سوور بوو لەسەر ئەوەی دادپەروەری لەنێوانیاندا دامەزرێنێ، پرسی بە دادوەرەکانی خۆی دەکرد لەکاتی ڕووانین بۆ سکاڵانامەکاندا(٢) وە ئەوەندە بایەخی بەدامەزراندنی دادپەروەریدا خانەیەکی بۆ ئەم مەبەستە تایبەت کرد کە پەنجەرەیەکی ئاسنینی هەبوو، چیرۆك -- سکاڵانامەکان -- ی تێدا دەخرایەڕوو و کۆ دەکرایەوە بۆ ئەوەی پێش و دوا نەخرێ (٣).

جێی باسە کە مەهدی لە میانەی چاکسازیەکانیدا وادەرکەوت دەیەوێ کۆتایی بەو زۆر و ستەمە و توند وتیژیە بهێنێ کە لە هەردوو سەردەمی خوێنڕێژ و مەنسوردا دژی ئەمەویەکان و عەلەویەکان دەکرا، هەرچەندە دڵی شنەی دەکرد بۆ ژیانی کەیف و خۆشی، بەڵام ئاینی بەرز و پیرۆز ڕاێگرت و حەزی لە پەیڕەو کردنی سوننەتی پێغەمبەر بوو و سەرپێچی نەدەکرد.

---

١ ابن الاثير : ب ٥ لا ٦٠.

٢ ابن الطقطقا: لا ١٧٩.

٣ الخضري: الدولة العباسية : لا ٨٨.

ئەو بزوتنەوانەی کە دژ بە عەباسیەکان بوون لەسەردەمی مەهدیدا

بزوتنەوەی زەندیقەکان:

دیاردەی زەندیقی هەر لەسەردەمی ئەمەویەوە لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا بڵاو بووەوە، لەراستیدا وشەی زەندیق بە شوێنکەوتووانی ئایینی ئاگرپەرستی دەوترا، وەکو (زەردەشتی و مانەوی)، ئەوجا بەرە بەرە بێباوەڕکان و ئەوانەی بەگومان بوون لەدین لەشوێنکەوتووانی (کوڕی –دیصان) و (مرقیون) و (مانی)یشی گرتەوە ([1])، پاشان ئەم واژەیە بەرفراوانتر بووەوە تا (الشعوبیە – نەتەوەپەرستی) یش بگرێتەوە، پاشان زاراوەکە واتا گەلێکی ئایینی – سیاسی گشتی بۆ پەیدا بوو، ئەمەش کاتێك دەسەڵاتی عەباسی بۆ لێدانی ناحەزە سیاسی و ئاینیەکانی بەکاری هێنا، سەرئەنجام بە هەندێ بێ ئابڕوو و مێباز دەوترا.(٥)

وئەوەی راستی بێ زەندیقگەری بزوتنەوەیەکی سیاسییە، بەڵام بەرگێکی هزری ئایینی ڕێکخراوی تێگراوە، شوێنکەوتووانی، بانگەشە بۆ بڵاوکردنەوەی مەزهەبی (مانەوی) دەکەن، بە هەموو ئەو شتانەی کە بەخۆیەوە دەیگرێ لەبیروباوەڕی ئایینی و کەلتوری و هزری، وەکو بریتێك بۆ کەلتووری ئیسلامی – عەرەبی. ڕەنگە سیاسەت لەپشت پەردەی بانگەوازی فەیلەسوفەکانیشدا شار درابێتەوە، وەکو چۆن لەپشتی زەوتکردنی دەوڵەت بۆ سەروەت و ساماندا بوو، چونکە (زەندیقگەری)، کەوا لەپشت پەردەی فەلسەفەوە شاردرا بووەوە، لایەنێك لەلایەنەکانی، شۆرشێکی ئاگرپەرستی یە، ئامانجەکەی ڕوخاندنی دەوڵەتی ئیسلامیە لەبناغەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی فارسی لەباتی([2]). وادیارە زەندیقگەری، کە جێی باس کردنمانە، بزوتنەوەیەکی (مانەوی)یە لەپاش فەتحی ئیسلامی لە عێراق و هەرێمە فارسیەکاندا بوژایەوە، هزی

---

[1] لەبارەی ئەم بزوتنەوانە بگەڕێوە بۆ : النشار، علي سامي : نشأة الفكر الفلسفي في الاسلام :ب ١ ل ١٧٦-١٩٧.

٥ عمر: التاريخ الاسلامي وفكر القرن العشرين: ل ١١٣ – ١١٤.

[2] العقاد، عباس محمود : التفكير فريضة اسلامية. ل ٦٧.

بڵاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەی ئیسلامی لە سەردەمی عەباسیدا، ئەو ئازادییە ئاینیەیە کە خاوەن ئاینەکانی دیکە لەپاش فەتحی ئیسلامی هەیانبوو. سەرئەنجام جۆرێک لەملمانێی هەزری لەنێو کۆمەڵگەدا پەیدا بوو، ئەوەش بەدەرکەوتنی کۆمەڵێ بیرمەندی فارس کە بەرەویان بە شارستانیەتی ساسانی و بنەماکانی دەدا و بانگەوازیان بۆ جێبەجێ کردنی سیستەم و بەهاکانی دەکرد لە کۆمەڵگە و بەڕێوەبردن و وڵاتدا، وەکو بریتێک لە شارستانیەتی ئیسلامی و سیستەمە ئیسلامیەکان ([1])، بەتایبەتی ئەمانە هەستیان بەوە دەکرد کە گواستنەوەی خیلافەت لە ئەمەویەکانەوە بۆ عەباسیەکان ئامانجەکانیانی نەهێنایەدی لەدامەزراندنی حکومەتێکی فارسی بەرووکەش و ناوەڕۆکەوە، لە دەسەڵات و زمان و بیروباوەڕە ئاینیەکەشی، جا بۆیان دەرکەوت، تا ئیسلام دەسەڵاتدار بێ ئەو ئامانجە نایەتەدی، بۆیە کەوتنە کارکردن لەسەر بڵاوکردنەوەی ئایینی مانەوی لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیدا و زیندووکردنەوەی کەلتووری دێرینی مانەوی – فارسی لە رێگەی بڵاوکردنەوەی پەرتووکە کۆنەکان و کردنی بەعەرەبی لە زمانی فارسیەوە، بە ئومێدی ئەوەی ڕۆشنبیریەت و هزری مانەوی جێی ڕۆشنبیریەت و هزری ئیسلامی بگرێتەوە ([2]).

خەلیفە عەباسیەکان هەستیان بەو مەترسیە کرد بوو کە دەوری دین و دەوڵەتەکەیان دەدات بەهۆی بڵاوبوونەوەی بیرۆکەو بنەماکانی زەندیقی، بۆیە هەڵمەتێکیان برد بۆ لەناوبردنی ئەم بانگەشە لادەرە، مەنسوریش تەمێی مەهدی کوڕی کرد بە جەنگاندنیان.

ئەوە بوو خەلیفە مەهدی، پرسی زەندیقەکانی گرتە ئەستۆ و بەشاڵاوێکی ڕێکخراو لەهەموو شارەکاندا ڕاوی نان و هێنایانی وەهموویانی کوشت، (❁). دیوانێکی تایبەتی بۆ دروست کردن بە ناوی ((دیوانی زەندیقەکان)) و کارمەندێکی تایبەتیشی

---

[1] عمر:۱۱۹۷.

[2] عمر: ۱۱۸۷-۱۱۹۰.

❁ ابن کثیر ۱۰ ل ۱٤۹

لەسەر دانا ((بەرپرسی زەندیقەکان)) ([1]) هەروەها فەرمانی بە نووسەرەکان دا کتێب دانێن بۆ وەڵامدانەوەیان لە پلانێکی هزریدا بۆ ئاشکراکردنی بیرۆکەکانیان([2]).

زەبرو زەنگی مەهدی و سوربوونی و کۆڵنەدانی لە راونانیان لەراسپاردەکەی بۆ هادی کوڕی دەرئەکەوێ ([3]).ئەوەی گومانی تێدا نیە مەهدی لە راونانی زەندیقەکاندا، بەدوو هۆکار پاڵنراوبوو:

یەکەم : ئایینی، کەوا بنەماکانیان لەسەر (هەڵگێڕانەوە) هەستاوە، ئەمەش ئەرکە شەرعیەکانی ئیسلام هەڵدەوشێنێتەوە، رافەکردنیان بۆ دەقەکانی قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر پێچەوانەی مانای ئاسایی خۆیەتی و نەگونجاوە لەگەڵ بنچینەکانی بیروباوەردا، ئەمەش مەترسیەکی راستەقینەیە لەسەر بیروباوەری ئیسلامی.

دووەم: سیاسی، بەهۆی گەشەکردنی پەیوەندی نێوان عەباسیەکان و نێوان پێکهاتە تۆندرەوەکانی فارس بەرەو گرژی دەچوو.

---

[1] الجهشياري : ل ١٦٥.

[2] عمر : ل ١١٩- ١٢٢.

[3] بگەڕێوە بۆ دەقی راسپاردەکە لەلای – الطبري : ب ٨ ل ٢٢٠.

بزوتنەوەی (المقنع – رووپۆشراو) [1] : ١٥٩–١٦١ك/٧٧٦–٧٧٨ز

شەپۆلی گومڕایی درێژەی نەکێشا و لەسەردەمی مەهدیدا گورج و گۆڵتر بووەوە. ئەوە بوو لەپاش ئەو بزوتنەوانەی کە دژی مەنسور ڕاپەڕین، چەندین بزوتنەوەی دیکە لەسەردەمی مەهدیدا دەرکەوتن کە ئامانجەکانیان جیاواز نەبوو لەوانەی پێشوو، وەکو بزوتنەوە (المقنع)ی خۆراسانی کەوا لەلای (مرو)ەوە دەرکەوت، بانگەشەی خودایەتی بۆ خۆی دەکرد و بزوتنەوەکەی لەسەر بنەمای (الحلولیە و التناسخ)[2] هەستابوو. بزوتنەوەی (المقنع) ئامانجی سیاسی و ئایینی هەبوو. لەڕووی سیاسیەوە، ئەم بزوتنەوەیە پەیوەند بوو بەخودی ڕابەڕی فارسیەوە ئەبو موسلیمی خۆراسانی، بەردەوامبوونێکە بۆ هەردوو بزوتنەوەی (سنباذ) و ڕەواندی [3]، هەروەها هەستی ڕەگەزپەرستی زاڵ بوو بە سەربیدا و ئامانجی دامەزراندی قەوارەیەکی فارسی بوو لەسەر حیسابی دەوڵەتی عەباسی.

لەبەر ئەوەش، شوێنکەوتووانی ئەبو موسلیم پشتگیریان لە(المقنع) کرد و (المبیضة – سپیگەرەکان) لەبوخارا و (صغد) هاتنە ژێر ئالاکەی، هەروەها هەموو ڕق هەڵگرێک لە ڕژێمی عەباسیش بەشداربوو لەبزوتنەوەکەی [4].

لە ڕووی ئایینیەوە، ڕێنماییەکانی (المقنع) کاریگەری بنەماکانی خوڕەمی لەسەر بوو. ئەوە بوو ڕێنماییەکانی (مزدك)ی زیندووکردەوە و ئەرکە شەرعیەکانی ئیسلامی پووچەڵ کردەوە، جا بیرۆکەی (التناسخ)یش کە بانگەشەی بۆ دەکرد، هاوکات بوو لەگەڵ بانگەشەکردن بۆ ڕوخاندنی بنەماکانی ئایینی ئیسلامدا.

خەڵکێکی زۆر شوێنی (المقنع) کەوتن، بەتایبەت لە بوخارا و (صغد)،

---

[1] ڕابەری بزوتنەوەکە دەمامکێکی پۆشیبوو بۆ ئەوەی شێوەی ناشرینی ڕوخساری بشارێتەوە، بە خەڵکی دەوت : ئەو ڕووخساری خۆی پۆشیوە بۆ ئەوەی خودی خوا کە لە ئەودا بەرجەستە بووە لەچاوە پیسەکانیان بشارێتەوە. ابن الاثیر : ب ٥ ل ٩٢.

[2] المقنع: بۆچوونی وابوو کە خوای گەورە ئادەمی دروست کردوە و بەرجەستەی بووە، گیانی ئادەم هاتۆتە ناو جەستەی پێغەمبەران تا گەیشتووەتە ئەبو موسلیم، پاشان لە جەستەی (المقنع) جێگیر بووە.

[3] العصر : ل٢٤٢.

[4] ابن الاثیر:ب ٥ ل٥٢ – ٥٣. الدوري : ل ٩٣.

شوێنکەوتووانی لە دەڤەری (کش) و (زنسف)دا بڵاوبوو بوونەوە و کەوتنە هێرشکردنە سەر ناوچە ئارام و سەقامگیرەکان، ژمارەیەك لە سەرکردە عەباسیەکان بەرەنگاریان بوونەوە، لەوانەش (سەعیدلحەرشی)، کەوا توانی بیانشکێنێ و لەناویشیان بەرێ، سەبارەت بە (المقنع) ئەوە پێش گرتنی خۆی سوتاند ([1]).

چەند بزوتنەوەیەکی جیاواز

سەردەمی مەهدی چەندین بزوتنەوەی دیکەی دژ بەدەسەڵاتی عەباسی بەخۆوە بینی، بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو و خەلیفە توانی بەبێ ماندووبوون سەرکوتیان بکات بەبێ، لەوانەش : بزوتنەوەی (یوسف البرم) لەخۆراسان ([2])، بزوتنەوەی (عەبدوڵڵای کوڕی مەروانی کوڕی موحەممەدی ئەمەوی) لەوڵاتی شام ([3])، بزوتنەوەی (خەواریجەکان) بەسەرکردایەتی (عەبدولسەلامی کوڕی هیشامی یەشکری) ([4]).

---

[1] الطبري : ب ٨ ل ١٣٥. ابن الاثير : هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٥٨٦.

[2] الطبري :ب ٨ ل ١٢٤.

[3] هەمان سەرچاوە : ل ١٣٥- ١٣٦.

[4] هەمان سەرچاوە : ل ١٤٢.

پەیوەندی لەگەڵ ئەمەویەکاندا لە ئەندەلوس

پەیوەندی خراپی نێوان خیلافەتی ڕۆژهەڵات لەبەغداد و خیلافەتی ڕۆژئاوا لە ئەندەلوسدا هەر بەردەوام بوو، لە راستیدا مەهدی ڕێبازی مەنسووری باوکی گرتەبەر لەکارکردن بۆ گەڕانەوەی ئەندەلوس بۆ ئامێزی دەوڵەتی عەباسی، بەڵام دووری نێوان دوو دەوڵەتەکە ڕێگربوو لەناردنی لەشکری عەباسی بۆ هێنانە دیی ئەم ئامانجە، بەڵام مەهدی هانی هەموو بزوتنەوەیەکی دەدا ئەگەر ئامانجی لاوازکردنی دەسەڵاتی ئەمەوی بووایە لەم وڵاتەدا.

ئەندەلوسیش لەو کاتەدا چەندین بزوتنەوەی دژ بەدەسەڵاتی ئەمەوی تێدا هاتە جموجوڵ، کە جاروبار (بەربەرەکان) دەیانکرد، – بەهۆی دووڵێیان لەپاڵپشتی کردنی عەرەبەکان–، وە جاروبار یەمەنیەکان، –بە هۆی پشت بەستنی میری ئەمەوی بەقەیسیەکان–.

لەسالی (١٥٧ك/٧٧٤ز) والی بەرشەلۆنە و جێرەندە (سولەیمانی کوڕی – یقظان – ی کەلبی) کە ناسراوە بە (الاعرابی) واتە: عەرەبێکی دەشتەکی و لایەنگری یەمەنیەکانە، لەگەڵ حوسەینی کوڕی یەحیای ئەنساری والی (سرقسطة) پلانی دانا بۆ جەنگاندنی عەبدولڕەحمان و لابردنی لەسەر حوکم. (عەبدولڕەحمانی کوڕی حەبیب لفهری)یش –والی لەوڵاتی مەغریب– کە زیاتر بە نازناوی (الصقلبی) ناسراو بوو، چووە ڕێزیان، جا هەموو ئەمانە لەلایەن (مەهدی)یەوە هاندراوبوون و پشتگیریان لێ دەکرا.

وادیارە سولەیمان هەستی کرد کە ناتوانێ ڕوبەڕوی میری ئەمەوی بێتەوە، بۆیە داوای یارمەتی دەرەکی کرد، پیلانەکەی ڕەهەندێکی سیاسی ترسناکی وەرگرت کاتێك پەیوەندی بە (شارۆلمان کارۆلنجی) کرد لە (بادربودن) لەسالی (١٦٠ك/٧٧٧ز)، و لەگەڵیا ڕێککەوت لەسەر هێرشکردنە سەر ولایەتەکانی باکوری ئەندەلوس و پەیمانی پێدا ئەو شارانەی زادەست بکات کە حوکمی دەکات، بەبێ ڕەچاوکردنی ئاکامی

دەست خستنەناو دەستی بێباوەڕاندا دژی ئیسلام و موسڵمانان، جا (حوسەینی کوڕی یەحیای ئەنساری)ش لەم هەنگاوەدا لەگەڵی بوو. ئەم پەیوەندیکردنە لە کاتێکدا دەکرا کە میری ئەمەوی سەرقاڵی سەرکوت کردنەوەی شۆرشێکی تر بوو هی بەربەرەکان بەسەر کردایەتی (الفاطمي) ([1]).

لە راستیدا شارڵمان کاتێك پێشوازی لەم پرۆژەیەی کرد کەوا خرایەڕوو بۆی، دووپاڵنەری هەبوو :

یەکەم :ئۆرپی – دینی (مەسیحی). چونکە ئەم شاڵاوە ئەگەر هاتوو کرا، ئەوا بە یەکەم شاڵاو دادەنرێ کە کارۆلنجیەکان دژی موسڵمانەکان بیبەن، لەپاش زنجیرە شاڵاوێك کە موسڵمانەکان بۆ ناو قوڵایی خاکی ئۆرپیەکان بردیان، سەرەڕای ئەوەی کە ناوبانگیەکی ئەدەبی گەورەی پێ ئەبەخشێ لەجیهانی مەسیحیەتدا، ئەمەش دەیکاتە رکابەرێکی بەهێز لەبەرامبەر ئیمپراتۆری دەوڵەتی بێزەنتی، پاڵپشتی لەهەوڵە سیاسیەکانی دەکات بۆ زیندوو کردنەوەی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی رۆژئاوا، لەپاشان زاڵبوون بەسەر ئۆرپادا.

دووهەم : ڕقبوونی لەئیسلام و موسڵمانان. چونکە ئەو هیواو ئاواتێکی هەبوو لەئیسپانیا بیانکاتە دەر، بەتایبەت ئەوان دەسەڵاتیان لەباشووری فەڕەنسا، لاواز بووەوە، یان بەلایەنی کەمەوە، پاراستنی سنورەکانی باشووری شانشینەکەی لە هەڕەشەی ئیسلامی، ئەوەش بە پەیرەوکردنی سیاسەتی (هێرش بردن لە پێناوی بەرگری کردن).

ئەو پلانەی کە رێککەوتبوون لەسەری ئەوە بوو پاشای کارۆلنجی شاخەکانی (برینییە) بپەرێتەوە و بەرەو شاری (سرقسطة) بچێ و (الاعرابی)ش بیداتە دەستی، هاوکات عەبدولڕەحمان لفەهری لە (مەغریب) ەوە دەربچێ و هێرش بۆ کەناری ڕۆژهەڵاتی ئەندەلوس بەرێت و لەشکرەکەی لە (مرسیە) دابەزێ. بەمەش چواردەوری (عەبدولڕەحمان داخل) دەگرن و لە ناوی دەبەن، پاشان ملکە چبوونی وڵات بۆ

---

[1] دەربارەی بزوتنەوەکەی – الفاطمي – بگەڕێوە بۆ : عنان، محمد عبدالله. دولة الاسلام في الاندلس القسم الاول ١٦٤-١٦٧.

دەسەلاتی عەباسی رانەگەینن ([1]).

هەڵگیرساندنی شۆرش لەباکووری ئیسپانیا دژی دەسەلاتی ئەمەوی ئامادە کردنێك بوو بەدەستکردن بە جێبەجێکردنی پلانەکە.

ئەلفەهری لە (مەغریب)ەوە دەرچوو و لەشکرەکەی لە کەناری (مرسیە) دابەزاند، بەڵام عەبدولڕەحمان لە ناکاو هێرشی کردە سەری و لەناوی برد ([2]). جا کاتێك لە شکری کارۆلنجی لەبەردەم شاری (سرقسطة) کۆمەڵەی بەست، بەپێی ئەو پلانەی کە دانرا بوو، پیلانگێڕان هاتنە هۆشی خۆیان، بۆیان دەرکەوت کە هەڵەیەکی گەورەیان کردووە، ئەوە بوو (ئەلئەنساری) رازی نەبوو لەوە زیاتر بەردەوام بێ لە جێبەجێی کردنی پیلانەکە، بۆیە دەرگاکانی شارەکە بەڕووی هێزەکانی کارۆلنجی داخست ([3]).

سەرەڕای ئەم گۆڕانکاریە لە هەڵوێستە سیاسیەکاندا، هەوڵ گەیشتە شارلمان کە (سکسۆن)یەکان شۆڕشێکی دیکەیان لە ئەڵمانیا هەڵگیرساندوە بەهۆی ئەو بۆشاییە سەربازییەی کە ئەم دروستی کردوە، بۆیە ناچار بوو واز لە پرۆسەکەی بێنێ لەئەندەلوس. لەسالی (١٦٢ك/٧٧٩ز) ([4]) گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی. ئاوەها بارودۆخ سەر لەنوێ یارمەتی میر عەبدولڕەحمان لداخلی دا، ئەم شاڵاوە گەورەیە کە وڵاتەکەی دوچاری بوو، شکستی هێنا، هەروەها عەباسیەکانیش شکستیان هێنا لە هێنانەوەی ئەندەلوس یاخود لاوازکردنی دەسەلاتی ئەمەوی لەناویدا.

---

[1] العبادي : لا ٢١٢.

[2] اخبار مجموعة : لا ١١٠ -١١١.

[3] بيضون : لا ٢١٠- ٢١١.

[4] عنان : لا ١٧٥-١٧٦. دايفز، كارل :شارلمان :لا ١٠١

پەیوەندی لەگەڵ بێزەنتیەکاندا

(لیو)ی چوارەم هەر لەو ساڵە بوو بە ئیمپراتۆری بێزەنتی کە مەهدی تیدا خیلافەتی گرتە دەست، لەسەرەتای دەستپێکردنی حوکمڕانیان هەموو شتەکان ئامادەیان بە پەیوەندیەکی باش و سەرکەوتوو دەکرد. ئەوە بوو ئیمپراتۆری بێزەنتی هەموو بەندکراوە موسڵمانەکانی ئازاد کرد، خەلیفە (مەهدی)ش هەمان کاری کرد (١) بەڵام هەوڵەکان بۆ چەسپاندنی ئاشتی دوچاری سروشتی پەیوەندیەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتە دژ بەیەکە بووەوە کە بەردەوام بەگژیەکدا دەچوون. ئەوجا سەقامگیر بوونی ڕەوشی ناوخۆ و سنورەکانی دەرەوەی دەوڵەتی بێزەنتی، دەرفەتی بۆ ئیمپراتۆر ڕەخساند ژمارەی هێزەکانی زیاد بکات بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی موسڵمانەکان، هەروەها سەرکردە تێگەیشتوو و ئەزموونداری و بە تواناکانی پاراست، ئەوانەی کەوا لەژێر فەرمانی باوکی کاریان دەکرد.

ئیمپراتۆر ئەم بارودۆخەی بەهەلزانی و لەساڵی (١٥٩ك/٧٧٦ز) هێرشی کردەسەر (سمیساط) و هەندێ موسڵمانی بەدیل گرت، بەڵام (مەهدی) یەکێک لە لایەنگرانی خۆی نارد و شارەکەی ڕزگار کرد (٢). ئەوەی ڕاستی بێ ئەم شاڵاوەی کە (لیو)ی چوارەم کردی مانایەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە، ئەوەش بریتیە لەبەردەوامبوون لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی شەڕەنگێزی بەرامبەر موسڵمانەکاندا.

هێرش کردنەسەر (سمیساط) مایەی تووڕە بوونی مەهدی بوو، بۆیە بڕیاریدا خێرا بەرپەرچی بداتەوە و سوپایەکی گەورەی نارد بە سەرکردایەتی عەباسی کوڕی موحەممەدی مامی، چووە ناو خاکی بێزەنتیەوە تا گەیشتە ئەنقەرە و قەڵای (کاسن)ی لە (کەبادۆکیا) گرت (٣).

گرنگی ئەم شاڵاوە لەوە دەردەکەوێت کە ئامادەبوونێکی ئیسلامی بەهێزی سەلماند

---

١ michelLe syrienne : chronique.lii p

٢ اليعقوبي : ب ٢ ٢٤٧٧.

٣ ئەم قەڵایە بە بنکەی ئاووخەپێدان دادەنرێ، گەنجینەی دانەوێڵەی تێدایە، بۆ ئەوەی موسڵمانەکان زیاتر بچنەناو ئاسیای بچوک پێویستیان پێی دەبێت. بگەڕێوە بۆ : - الطبري - ب ٨ ل ١١٦. کەوا تەنها ئامازە بەوە دەکات کە عەباس شارێک و - مطمورة- پێکەوە بۆ ڕۆمەکان گرتووە.

لەسەر زەمین لەبەرامبەر ئامادەبوونی بێزەنتی، بەڵکەیەکە لەسەر بەهێزی خیلافەت، سەرباری ماندووبوونی بەکێکردنەوەی ئەو بزوتنەوانەی کە دژی رادەپەڕین لە ناوەوە.

لەپاش ئەوە، جموجوڵی ئیسلامی و بێزەنتی تا رادەیەك كەم بووەوە، تاوەكو لەناوەڕاستی سالی (١٦١ك/٧٧٨ز) خەلیفە هەستا بەناردنی سەرکردەی لێهاتووی خۆی (پەمامە بن الولید) لەسەرووی سوپایەکی ئیسلامی گەورە و هێرشی کردەسەر (مەرحەب) و ناوچەکانی دەوروبەری (دابق)، باکووری حەلەب ([1]).

ئیمپراتۆر بەرپەرچی ئەم هێرشەی دایەوە، سوپایەکی نارد، (مرعش)ی پێ گەمارۆدا، هێزێکی سەربازیشی تایبەت کرد بۆ ڕێگرتن لە هاتنە پێشەوەی (پەمامە) بەرەو (الحدث) و زاڵ بوو بەسەر چەند گوندێکی ئەو ناوچەیەش. بەڵام سوپای بێزەنتی شکستی هێنا لەچونە ناوی (مرعش)، سەرکردەکانی بەباشیان زانی گەمارۆیان لەسەر هەڵگرن و بگەڕێنەوە بۆ پایتەخت.([2])

هێرش کردنەسەر (مرعش) جێی ترس و نیگەرانی خەلیفە بوو لەوەی مەترسی بێزەنتی زیاد بکات، بۆیە پێویستی کرد لەسەری بوونی خۆی بسەلمێنێ، ئەوە بوو سوپایەکی گەورەی ئامادەکرد و سەرکردایەتیەکەی رادەستی (ئەلحەسەنی کوڕی قوحتەبە) کرد و فەرمانی پێدا هێرش بکاتە سەر ولاتی بێزەنتی – سەرکردەی ناوبراو– چووەناو (ئەنادۆل) ەوە، (دوریلیوم)یشی گەمارۆدا هێرشی کردەسەر ناوچەکانی دەوروبەر، لە (عەموریە) نزیك بووەوە، پاشان بەهۆی کۆمەکی نەکردن و کەمبوونەوەی ئازووخە، لەناوچەکە پاشەکشێی کرد، لەراستیدا شالاوەکەی هیچ ئامانجێکی ئەوتۆی نەهێنایەدی، بەڵام ئامادەبوونێکی ئیسلامی بەهێزی سەلماند لەناوچەکەدا.([3])

لەسالی (١٦٢ك/٧٧٨ز) بێزەنتیەکان جموجوڵی سەربازیان دەستپێکردەوە و

---

[1] البلاذري:لا ٢٦٧. ابن الاثير :ب ٥ لا ٦٠.

[2] هەمان سەرچاوە : لا ٢٦٧.

[3] تاريخ خليفة بن خياط: ب ٢ لا٤٦٧-٤٦٨. الطبري : ب ٨ لا ١٤٢.

هێرشیان کردەسەر (الحدث) ([1])، بەرپەرچدانەوەی ئیسلامیش لەسالّی داهاتوودا هات، کاتێك هارونی کوڕی مەهدی هێرشی کردەسەر خاکی بێزەنتی و چەند قەڵایەکی گرت گرنگترینیان قەڵای (سمالو) بوو ([2])، ئەوە بوو لەسالّی (١٦٤ك/٧٨١ز) بێزەنتیە روبەڕوی دوو نەهامەتی بووەوە کە بە نەرێنی کاریکردە سەر تواناکانی :

یەکەم: مردنی ئیمپراتۆر (لیو)ی چوارەم، جا (ئیرین)ی هاوسەری بووە ئیمپراتۆر، وەکو راسپێردراوێك لەسەر (قسطنطین) کوڕە پێنەگەیشتووەکەی، لەئەنجامی ئەمەشدا جۆرە بێزارییەك لەلای سەرکردەکان دروستبوو ([3]).

دووەەم : بێزەنتییە لەو کاتەدا دووچاری شۆڕشێکی گەورە بوو لە دوورگەی (صقلیە)، بۆیە ناچاربوو هێزەکانی دابەش بکات لە نێوان ئەم دوورگەیەو بەرەی رۆژهەڵات لەگەڵ موسڵمانەکاندا.

خەلیفە مەهدی ئەم بارودۆخە نائاساییەی بە هەلزانی، بۆیە شالاوێکی گەورەی بۆ وڵاتی بێزەنتییەکان نارد بەسەرکردایەتی (هارون)ی کوڕی و فەرمانی پێدا هێرش بکاتە سەر (قسطنطینیة).

شالاوەکە لەکاتی چوونەناوەوەدا، هێرشی کردەسەر ناوچە ستراتیجیکانی (کیلیکیا و ئەنادۆل) بە مەبەستی زاڵبوون بەسەریدا.

هارون بۆ ئەوەی ئامانج ونیازی شالاوەکە بشارێتەوە، هێزێکی سەربازی نارد هێرشی کردەسەر (تراقیسیۆن) کە ناوچەیەکی سنوورییە([4]). سوپای سەرەکیش بەردەوام بوو لەکشانی بەرەو پایتەخت و هەر بەرەنگاربونەوەیەك هاتە ڕێگەی سەر کوتی کرد وزاڵ بوو بەسەریدا ([5]).

لەپاش ئەم گەشەکردنە سەربازییە (ئیرین) هەستی بە ئامانجی ئەم شالاوە کرد،

---

[1] الطبري :ب ٨ ل ١٤٢.

[2] هەمان سەرچاوە : ل ١٤٨. اليعقوبي. ب٢ ل ٣٤٧. ابن الاثير ،ب ٥ ل ٦٣.

[3] Theophanes: op. cit.p.٩٠٠(١) العربي، السيدالباز : الدولة البيزنطية. ل ٢٢٢
Diehl :Lemonde Oriehtal : p ٢٧٩

[4] عبدالله، وديع فتحي :العلاقات السياسية بين بيزنطية و الشرق الادني الاسلامي ل ٢١٦- ٢١٧.

[5] هەمان سەرچاوە.

بۆیە راپـەری بـۆ بـەرگریکـردن لەپایتـەخت، هێزەکـانی توانیـان دەورووبـەری سـوپای ئیسلامی بگرن کەوا تاکەکانی کەوتنـە هەڵوێسـتێکی تەنگانـەوە (١)، بـەڵام هـارون بـە زیرەکی خۆی و شارەزایی لە سـەرکردایەتی کـردن تـوانی لـەم تەنگانەیـە دەربازبێـت، بەردەوام بوو لەبەرەوپێش چـوون تـا گەیشتە کـەنداوی (قسطنطينية) و هەڕەشـەی لەپایتەخت کرد. (ئیرین) خۆیی لەهەڵویستێکی تەنگدا بـینی کـە دەرفـەتـی پـێ نـادا سازش بکات یاخود رێگە چارەیەکی هەبێ، بۆیە ناچاربوو ملکـەچ بـێ بـۆ مەرجـەکانی هارون، گرنگترینیان :

– دەبێ (ئیرین) سالانە سەرانە بە خیلافەتی عەباسی بدات کە لەنێوان حەفتا هـەزار و نەوەد هەزار دینار بوو، بەدووجار بدرێ.

– ئالۆگۆڕ کردنی دیلەکان لە نێوان هەردوولا.

– دەبێ بێزەنتی پابەندبێ بەکردنەوەی بـازارەکانیـان بـۆ بازرگانـە موسـڵمانەکان لـە رێگەی گەڕانەوەیاندا.

– دەبێ بێزەنتی کۆمەڵێ رێنیشاندەر بداتە سوپای ئیسلامی لە رێگەی گەڕانەوەیاندا.

– تاکەکانی سوپای ئیسلامی بۆیان هەیە هەر دەستکەوتێك هەڵگرن لەگەڵ خۆیاندا.

– دەبێ ئاشتەوایی بۆ ماوەی سێ سالێ بەردەوام بێ (٢).

بەهۆی ئەم سەرکەوتنە کە هارون هێنایەدی، باوکی نازناوی (الرشيد) ی لێنـا (٣)، واتە: هۆشیار و رێبەر.

ئەم شالاوە بە گرنگترین شالاوی خەلیفە مەهدی دادەنرێ لەسەر بەرەی (بێزەنتی) دا، هەروەها دوا شالاوی عەرەبی – ئیسلامی بوو لەسەر (بۆسفور).

ئاشتی و جەنگ ڕاگرتن لەنێوان هەردوولا تـا سـاڵی (١٦٨ك/٧٨٤ز) بـەردەوام بـوو. ئەوە بوو بێزەنتیەکان لەپاش تێپەڕبوونی سی ودوو مانگ، هەڵیان وەشاندەوە، بۆیـە

---

[1] هەمان سەرچاوە : ل ٢١٧.

[2] تاريخ خليفة بن خياط : ب ٢ ل ٤٧٠. تەنها ئەم باسی ئالۆگۆڕ کردنی دیلەکان دەکات. الطبري. ب ٨ ل ١٥٢–١٥٣. رستم، اسد : الروم في سياستهم و ثقافتهم و دينهم : ب ١ ل ٢٩٧.
Thwophahes : p ٩٢٠. Ramsay: p ١٥٩

[3] الطبري : ب ٨ ل ١٥٤.

هێرشی ئیسلامی بۆ خاکی بێزەنتی سەر لەنوێ دەستی پێکردەوە، بەڵام بە بێ ئەوەی ئەنجامێکی هەبێ باس بکرێ، جا سالّی دواتر مەهدی کۆچی دوایی کرد.
لە راستیدا خەلیفە مەهدی ئەنجامێکی گەورەی هێنایەدی لە سیاسەتی جیهادکردندا، ئەوەش بەهێزی موسڵمانانی سەلماند لە ململانێکاندا.

وەزارەت لە سەردەمی (مەهدی)دا:

شێوەی وەزارەت لە سەردەمی مەهدیدا زۆرتر بووەوە، چونکە خەلیفە دەسەڵاتی زۆری بەوەزیرەکاندا و بە شێوەیەکی لە رادەبەدەر پشتی پێ ئەبەستن (١). بۆیە دامەزراندی وەزیرەکان لەسەردەمی ئەم، بەپێی توانای بەڕێوەبردن و نووسین بوو، لەوانەیە پیلانی داروودەستەش کاریگەری هەبوو بێت لەدامەزراندنی هەندێ لە وەزیرەکان و لابردنیان لەسەرکار.(٢)، هەروەها رەوشی سیاسیش کاریگەری راستەوخۆی هەبوو لەسەر ئەوە، لەو وەزیرانەی (مەهدی) باسی ئەمانە دەکەین:
- ئەبو عوبەیدوڵڵا، معاویەی کوڕی یەسار، مەولای ئەشعەریەکان، ناوبراو پێش ئەوەی خیلافەت بگرێتە دەست نووسەر و جێگری مەهدی بوو، لەسالّی (١٦٢ك/٧٨٠ز) بەهۆی پیلانگێڕانی ئەلرەبیعی کوڕی یونس، کەوا دەرگاوان بوو، لەکار دەرکرا.(٣).
- ئەبو عەبدوڵڵا، یەعقوبی کوڕی داوود، مەولای بەنی سەلیم، مەهدی لەسەر ڕێنمایی ئەلرەبیعی کوڕی یونس کردی بەوەزیر، شیعەش بوو. ئەوە بوو بێ فەرمانی خەلیفەی کرد، ئەمیش لەسالّی (١٦٦ك/٧٨٢ز) سزای دا (٤).
- (الفیض)ی کوڕی ئەبو سالّحی نەیسابووری. کەسێکی بەخشندە و چاکەکار و دەوڵەمەند بوو، بەڵام زۆردار و خۆبەزلزان بوو، تا مردنی (مەهدی)ش لە پۆستەکەی خۆی مایەوە (٥).

---

١ ابن الطقطقا: لا ١٨١.
٢ الصالح : سەرچاوەیەکی پێشوو: لا ٢٩٨.
٣ ابن الطقطقا: لا ١٨٢. الجهشياري : لا ١٤١.
٤ الجهشياري : هەمان سەرچاوە لا١٥٥، ١٦٣.
٥ هەمان سەرچاوە : لا ١٦٤. ابن الطقطقا: ١٨٧.

جێنیشینێتی - مەرگی مەهدی

مەهدی، عیسای کوڕی موسای لە جێنیشینێتی لابرد، هەردوو کوڕەکەی خۆی (موسالهادی) و پاشان (هارون لرەشید) لەدوای یەك کرد بە جێنشینی خۆی.(١)، هەشت رۆژی مابوو بۆ (مانگی موحەڕەم سالّی ١٦٩ك/مانگی ئاب سالّی ٧٨٥ز) مەهدی لە گوندی (الروذ) کۆچی دوایی کرد، بە هۆی کێشانی بەدەرگای کەلاوەیەك لەکاتی وەرزشی راوکردنی ئاسکدا. لە ڕیوایەتێکی دیکە هاتووە کەوا یەکێ لە کەنیزەکەکانی ژەهری کردۆتە ناو هەندێ خواردەمەنی بۆ کەنیزەکێکی دیکە، جا (مەهدی)ش ئەوەی بزانێ لێی خواردووە بەبێ، بۆیە مرد (٢)

ئەبو موحەممەدی موسالهادی١٦٠-١٧٠ك/٧٨٥-٧٨٦ز

ناساندنی ئەلهادی

موسالهادی کوڕی موحەممەد المەهدی کوڕی عەبدوللاّ لمەنسور کوڕی موحەممەدی کوڕی عەلی کوڕی عەبدوللاّی کوڕی عەباس. لە (مانگی موحەڕەم سالّی ١٦٩ك/مانگی ئاب سالّی ٧٨٥ز) لەتەمەنی بیست وپێنج سالّیدا خیلافەتی گرتە دەست، کەس لە خواروویی ئەم تەمەنە خیلافەتی نەگرتۆتە دەست (٣)، دایکی بەس کوڕی هەبووە، ناوی (خەیزەران)ە (٤)

لەتەمەنی شانزە سالّیدا باوکی کردی بەجێنشینی خۆی، هەروەها کردی بەسەرکردەی سوپاکان لەڕۆژەهلاّت. مەهدی بیری لەوە کردەوە هارونی کوڕی بکا بە جێنشینی یەکەم، ئەوەش چونکە ئەوی بە باشتر دەزانی و (خەیزەران)یش زۆر خۆشی

---

[١] دەربارەی وردە باسی ڕووداوەکانی جێنشینێتی بگەڕێوە بۆ لای - الطبري - ب ٨ ل ١٢٤٧- ١٢٨ -١٥٤.

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل ١٦٨٧-١٧٠.

[٣] ابن كثير :ب ١٠ ل ١٥٩

[٤] هەمان سەرچاوە : ب ١٠ ل ١٥٩.

دەویست، بەڵام مەرگ پەلەی لێکرد، هەندێ لە کاربەدەستانی دەوڵەتیش، لەپاش مردنی ئەلهادی، هەمان بۆچوونیان هەبوو.

ئەلهادی لە ناو کەیف و خۆشیدا گەورە بوو، ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی. ئەو لەش بەهێز بووە، بەدوو قەڵغانەوە بازی ئەدایە سەر ئەسپ. باوکی بە ((رەیحانەکەم)) بانگی دەکرد.(١) ئەو کەسێکی مەرد بووە، شارەزا لە کاروباری دەسەڵات، بەخشندە، بەڵام کەمێك زەبر و زەنگ و دەپندە بووە، غیرەی لە دایك و براکەی دەکرد، حەزی لە ئەدەب و مێژوو بووە، بۆیە زانیاریەکی زۆری دەربارەیان هەبوو، ناسراو بوو بە حەزکردنی لە گۆرانی، بۆیە ئیبراهیمی موسڵی گۆرانی بێژی عێراقی ناوبانگ و ئیسحاقی کوڕی لەخۆی نزیك کردەوە.(٢)

رەوشی ناوخۆ لەسەردەمی (ئەلهادی)دا

پەیوەندی لەگەڵ (طالبي) یەکاندا

ئەو سیاسەتە ناشتی ئامێزە، کە ئەلمەهدی لەگەڵ (طالبي) یەکاندا پەیڕەوی دەکرد، زۆری نەخایاند، چونکە بەمردنی کۆتایی پێهات، ئەوە بوو ئەلهادی تەنگی پێ هەڵچنین و بەتوندی مامەڵەی لەگەڵ دەکردن، مووچە و بژێوی لێی بڕین و فەرمانی بەکاربەدەستەکانی دا چاودێریان بکەن.(٣)

وادیارە خەلیفە لەوە دەترسا لەژێر فەرمانی دەرچن، هەروەها سروشتی خۆی و هەستی بەرامبەریان کاریگەری هەبوو لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی دوژمنانە لەگەڵیاندا، لەبەر ئەوەش (طالبي)یەکان لەبارودۆخێکی خراپدا بوون لەحیجاز، بۆیە پەنایان بردبەر شێخ و سەرگەورەیان (ئەلحوسینی کوڕی عەلی کوڕی ئەلحەسەن کوڕی ئەلحەسەن کوڕی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب). (٤)، هانیان دا لەفەرمانی

---

١ هەمان سەرچاوە.

٢ الجهشياري : ل ١٧٢. الاصفهاني :كتاب الاغاني : ل ٦. ابن كثير:هەمان سەرچاوەی پێشوو

٣ اليعقوبي : ب ٢ ل ٣٤٨- ٣٤٩.

٤ ئەلحوسەین بە تەمای خیلافەت بوو و پێی وابوو عەباسیەکان خیلافەتیان لە (طالبي)یەکان زەوت کردوە

دەرچێ بۆ ئەوەی لەم ترس و تۆقینە دەرباز بن.

وە واریککەوت ژمارەیەکی زۆر لەشیعەی عێراق بۆ (مەدینە) هاتن بە مەبەستی حەج کردن، (ئەلحوسەین)یش پەیوەندی پێوەکردن و بارودۆخی خراپی (طالبي)یەکانی بۆ خستنە ڕوو، ئەوانیش بەیعەتیان پێدا و بەڵێنیاندا کاتی دەرچوونیان وەرزی حەجی داهاتوو بێ، ڕێککەوتن دروشمیان ئەمە بێ ((کێ حوشترە سوورەکەی بینی)).([1]).

دیارە ڕووداوەکان خێرا تێپەڕ دەبوون، ئەمەش وایکرد لە رابەرانی (طالبي) پەلەبکەن لە دەرچوون. (ئەلحوسەینی کوڕی عەلی)ش کە هەستی کرد مەترسی زیاد بووە لەسەر گروهی (گالبی)، بەپێویستی زانی کاتی دەرچوون پێش بخرێ، بۆیە رایگەیاند کە بەرەبەیانی ڕۆژی (سێ شەممە لە مانگی – ذی العقدە – سالّی ١٦٩ك/پانزەی مانگی ئایار ٧٨٦ز) کاتی دەرچوونە، ئەوە بوو دەستی بەسەر (مەدینە)دا گرت و مزگەوتی پێغەمبەری کردە بنکەی دەستپێکردن، هەندێ لە خەڵکەکەی بەیعەتیان پێدا هاوکات زۆرینەیان بەدەنگیەوە نەچوون ([2]) وادیارە ئەمانە لە زەبر وزەنگی دەسەڵات ترسیان هەبوو ئەوەش بەهۆی ڕەقی و دڕندەیی خەلیفە، هەروەها کارەکانی (ئەلحوسەین)یان بەدڵ نەبوو، وەکو کردنی ناو مزگەوتی پێغەمبەر بە بنکەی دەستپێکردن و شوێنی خۆحەشاردان، چونکە ئەوان مزگەوتی پێغەمبەر گەورەو پیرۆز ڕانەگرن و ئەم کارە ناگونجێ لەگەڵ هەست وسۆزیاندا ([3]).

ئەلحوسەین بۆ ماوەی پانزە ڕۆژ لە مەدینە مایەوە و پاشان بەرەو (مەککە) چوو بۆ ئەوەی دەستی بەسەردا بگرێ، لە دۆڵی (فەخ) کە لە دەروبەری (مەککە)دایە کۆمەڵەی بەست ([4])، بەڵام خەلکی مەککە بەدەنگی بانگەشەکەیەو نەچوون.

لەم کاتەدا سوپای عەباسی گەیشتە ناوچەکە، لە هەشتی مانگی – ذی الحجە–

---

[1] اليعقوبي : ب ٢ لا ٢٤٩.

[2] هەمان سەرچاوەی پێشوو. الطبري : ب ٨ لا ١٩٥. ابن الاثير : ب ٥ لا ٧٥. المسند لا ٢٠٢.

[3] الطبري :هەمان سەرچاوەی پێشوو. المسند:هەمان سەرچاوەی پێشوو.

[4] الاصفهاني :مقاتل الطالبين.لا ٢٦٦.

هێرشی کرده سەر سەربازگەکەیان لە (فەخ) و ئەلحوسەین و شوێنەکەوتووانی لەناوبرد، ئەلحوسەین بە (کوژراوی فەخ) یاخود (کابرای فەخ) ناو زەند کرا.([1]).

ئەو هیواو ئاواتەی کە شیعەکان خستبوویانە ئەم بزوتنەوەیە، پەرش و بڵاو بووەوە. ئەوەی دەربازیش بوو لەیان لە شارەکاندا بڵاوبوونەوە و خۆیان شاردەوە، لەوانەش، ئیدریس و یەحیا هەردوو کوڕەکەی عەبدوڵڵای کوڕی ئەلحەسەن، ئەوەی یەکەمیان رۆیشت بۆ (مەغریب)و دەوڵەتی (ألادارسە) دامەزراند، ئەوەی تریشان رۆیشت بۆ وڵاتی (دەیلەم) لە رۆژهەڵات.

بەپەندبردنی زەندیقەکان

رقبوونی ئەلهادی لە زەندیقەکان، هەستێك بوو لەباوکی بۆی مابووەوە و سیاسەتی ئەوی پەیڕەو دەکرد لەراونانیان و بە پەندبردنیان، جا کۆمەڵێکی لێ کوشتن لەوانەش، (یەزدانی کۆڕی بادان) و (عەلی کوڕی–یقطین)، کە دەگێڕنەوە لە کاتی حەجکردنیدا سەیری کردووە خەڵکی بەدەوری مەککەدا دەسوڕێنەوە (تەواف دەکەن)، وتویەتی ((بە هیچ نایانچووێنم بەکۆمەڵی مانگا نەبن پێ بە خەرماندا دەنێن)).([2])

جێنشینێتی – مەرگی ئەلهادی

ئەلهادی بڕیاری دا (هارون ڕشید)ی برای لە جێنیشینێتی خۆی لابەرێ وبەیعەت بۆ (جەعفەر)ی کوڕی وەرگری کە هێشتا منداڵیش بوو، هەوڵیدا فەناعەتی پێ بکات خۆی واز لەو مافەی بهێنێ، خەریك بوو رازی بێ ئەگەر (یەحیای کوڕی خالدی بەرمەکی) نەبوایە([3])، ئەوجا ئەلهادی پەنای بردەبەر بەکارهێنانی شێوازی زەبرو زەنگی و تەنگ پێهەڵچنین، ئەمەش وای کرد هارون لەپایتەخت دوورکەوێتەوە، هەر بەدووری

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] الطبري: ب٨ لا ١٩٠

[3] الجهشياري :لا١٦٩٧ – ١٧٠

مایەوە تا ئەوکاتەی ئەلهادی کۆچی دوای کرد، ئەوجا بەیعەتی پێ درا ([1]).

ماوەی خیلافەتی ئەلهادی زۆری نەخایاند، دوانزە شەوی مابوو لەمانگی(رەبیعی یەکەم سالّی ١٧٠ ك/مانگی ئەیلول سالّی ٧٨٦ ز) لەبەغدادا کۆچی دوایی کرد. پاش ئەوەی کە سالّێك و دوومانگ و بیست ودوو رۆژ حوکمی کرد. وادیارە ئەو بەدەستی (برینی گەدە)وە دینالاند، بەڵام هەبوونی ناکۆکی لە ناو خانەوادەکەیاندا، وای لە هەندێ مێژوونووسان کرد بڵێن بە خنکاندن لەکاتی خەوتنیدا لەلایەن کەنیزەکانی دایکی مردووە و بەفەرمانی دایکی ([2]).

---

[1] هەمان سەرچاوە

[2] اليعقوبي:ب٢ لا ٢٥١. الجهشياري :لا ١٧٤.الطبري:ب٨ لا ٢٠٥ - ٢٠٦.

بەندی چوارەم

ئەبو جەعفەر (هارون رەشید) ۱۷۰-۱۹۳ك/۷۸٦-۸۰۹ز

ناساندنی هارون رەشید [1]

هارون رەشید، میری برواداران، کوڕی ئەلمەهدی، ئەبوجەعفەری قرشی هاشمی، دایکی ناوی (ئەلخەیزەران)ە، دایکی بەس کوڕی هەبووە. لەپاش مردنی (ئەلهادی)ی برای، لەسەر راسپاردنی (ئەلمەهدی)ی باوکی بەیعەتی پێدرا بۆ خیلافەت لە(مانگی ربیعی یەکەم سالّی ۱۷۰ك/مانگی ئەیلول سالّی ۷۸٦ز).

هەر لەمندالّیەوە نیشانەکانی زرنگی و زیرەکیی لەسەر دەرکەوت، کاتێك بوو بە گەنج، باوکی ویستی راستەوخۆ لەدوای خۆی بیکا بە خەلیفە، (ئەلخەیزەیران)یش هانیدا ئەو کارەبکات چونکە هارونی لە ئەلهادی زیاتر خۆش دەویست.

هارون رەشید بە بەناوبانگترین خەلیفەی عەباسی دادەنرێ، ناوبانگیەکەی سنوری رۆژهەلاّتی بەزاند و گەیشتە رۆژئاوا، کۆمەلّەی رۆژئاوا خستیانە بەرباس و شی کردنەوە وە هەندێ لە شارەکانی ئۆرپا هەولّیاندا لێی نزیك ببنەوە و بیکەنە دۆستی خۆیان.

لە دەنگوباسی ئەودا راستیەکانی مێژوو ئاوێتەی خەیالّی چیرۆکەکان بووە، کۆمەلّی ئاکاری زۆر لە یەك جیاوازی هەبوو، کەوا کەمجار لەیەك کەسدا کۆ دەبێتەوە. ئەو سیاسەتمەدارێکی شارەزا بوو، تووندوتۆلّی مەنسور و زەبر وزەنگی و شێوازەکانی تیا بوو لەگەلّ نەرم و نیانیەکی رووت و ئاشکرا و پارەبەخشین بۆ هەلّسەنگاندنی خەلّکی، زۆر بایەخی بەکاروباری هاولاتیانی دەدا، خۆی نەناس دەکرد و لەبازارەکاندا دەگەڕا و لە کوڕەکاندا بەشدار دەبوو تا حالّی خەلّکی بزانێ، زۆر هەستیارو تووندڕەو بوو، زوو کاریگەر دەبوو، کە تووڕە بوایە بەخراپی تۆلّەی ئەسەند، کە دلّیشی نەرم

---

[1] سەبارەت بە کەسایەتی هارون رەشید، بگەڕێوە بۆ : الطبري : ب ۸ ل ۳٤۷-۳۵۹.ابن كثير : ب ۱۰ ل ۲۱۳-۲۲۲.

بوایه و سۆزی بجوڵایه دەگریا و بەزەبیەکی بێ وێنە و هەست و سۆزێکی گەورەی نیشان ئەدا. هارون ڕەشید کەسێکی دیندار بووە، خواناس، پابەند بە ئەرکە شەرعیەکان و دەقەکانی قورئان و سوننەت، ئەگەر جیهادی نەکردایە، حەجی دەکرد، ئەو ژیانی بە حەج و جیهاد کردندا تەواو کرد، ڕۆژانە سەد ڕکات نوێژی دەکرد، و بە پیادە حەجی کردوە، هیچ خەلیفەیەکی دیکە جگە لە ئەو بەپێ حەجی نەکردوە و ژیانی خێزانیشی پشتگوێ نەخستوە.

حەزی لە شیعر و ئەدەب و دین دەکرد، شاعیران و گۆرانی بێژان و ئەدیبمەندان و فەقێکانی لەخۆی نزیك کردەوە و ڕێزی لێگرتن، هانی وەرگێڕانی دا بۆ زمانی عەرەبی، وادیارە ئەو خاوەن توانایەکی شیعری و ئەدەبی بوو، حەزی لە مشتومڕی لە ئایندا نەبوو، دانیشتنەکانی شەوانەی ناسراو بوو بەوتوێژی ئاست بەرز.

لەڕاستیدا ئەم وێنە جیاوازانەی هارون ڕەشید ڕەنگدانەوەی ئەو سەردەمە بوو کە تیایدا ژیا، شێوازی پەروەردەبوونی و بیرکردنەوە و هەست ونەستی دەنوێنێ.

چونکە سەردەمی ئەو، سەردەمی پارە زۆری و ڕۆچوونە ناو شارستانیەت بووە بەهۆی هەبوونی داهات و پارەی زۆر و پێشکەوتنی زانستی و فەلسەفی. لە خۆشگوزرانیدا پێگەییوە، لەسەر جیهاد و چۆنێتی سەرکردایەتیکردن پەروەردە بووە.

سەردەمی هارون ڕەشید بە سەردەمی زێڕین لە دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیدا ناودەبرێ. چونکە گەیشتە ئاستێك هیچ سەردەمێکیتر پێی نەگەیشتووە، بووە ناوەندی بازرگانی جیهانی، قیبلەی زانا و ئەدیبەکان. سەبارەت بەکەسایەتیشی، ئەوا مێژووی سەردەمێك دەنوێنێ زیاتر لەوەی مێژووی مرۆڤێك.

ڕەوشی ناوخۆ لەسەردەمی (هارون ڕەشید)دا
پەیوەندی لەگەڵ (طالبی)یەکاندا

هارون ڕەشید لەسەرەتای حوکمڕانیدا ویستی (گالبی)یەکان بۆ لای خۆی رابکێشی، ئەوەش لە ڕێگای نواندنی سۆزو بەزەیی لەگەڵیاندا، پاش ئەو سیاسەتە تونددو تیژەی کە (ئەلهادی) بەرامبەریان پەیڕەوی کرد، جا هەوڵیدا نەرم و نیان و هاوسۆز بێ لەگەڵیانداو دڵنەوای کردن و بەندکراوەکانیانی بەردا ئەوانەی کە لەبەغداد بوون، گەڕاندنیەوە بۆ (مەدینە)، جگە لە (ئەلعەباسی کوڕی عەبدوڵلا)، والی مەدینەی لەسەر کار لابرد چونکە دەیچەوساندنەوە ([1]).

بەڵام (طالبی)یەکان لەو بیروباوەڕە چەسپاوە، پەشیمان نەبوونەوە، کەوا خۆیان خاوەنی ڕاستەقینەی خیلافەتن و قەت ڕانەوەستان لە خەبات کردن لە پێناوی. لەبەر ئەمەش، ئەو دڵپاکییەی نێوان لایەنی عەباسی و لایەنی عەلەوی زۆری نەخایاند، ململانییەکە بە تونديی لە نێوانیاندا دەستی پێکردەوە.

شەڕی (فەخ) دەمێك بوو کۆتایی هاتبوو، ئەوەبوو دووان لە ڕابەرانی (طالبی)یەکان لەو شەڕە دەربازبوون، ئیدریسی کوڕی عەبدوڵای کوڕی ئەلحەسەن، کە بۆ ئەفریقا چوو، یەحیای برای کە بەرەو وڵاتی (دەیلەم) چوو لە ڕۆژهەڵات، سەبارەت بە ئیدریس ئەوا لەهەرێمی (طنجة) لەمەغریبی دوور جێگیربوو، بەربەرکان پاڵپشتیان کردو توانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دامەزرێنێ کە بریتی بوو لە دەوڵەتی (ألادارسە). ئەمەش یەکەم دەوڵەتی (طالبی)یە کە لەخیلافەتی عەباسی جیابێتەوە.

ئەم دەوڵەتە مایەی هەڕەشە بوو بۆ سەر دەسەڵاتی دەوڵەتی عەباسی لەباکووری ئەفریقیا، بۆیە هارون بڕیاری دا لە ناوی بەرێ، بەڵام دوودڵ بوو لە ناردنی سوپا بەهۆی دووری ڕێگاو ترسی لەفراوانبوونی دەسەڵاتی ئیدریس بۆ ناو میسرو وڵاتی شامدا ئەگەر هاتوو سەرکەوت بەسەر سوپای عەباسیدا، سەرئەنجام دەوڵەتی

---

[1] الطبري: ب٨ ل ٢٣٥.

خیلافەتی عەباسیش لەناو ئەدات[1]،
ئەوسا پەنای بردەبەر فێڵکردن بۆ لەناوبردنی ئیدریس، پیاوێکی هەڵبژارد ناسراوبوو بە زیرەکی، سوڵەیمانی کوڕی جەریر ناوبانگ بە (الشماخ) واتە: (جامانە لەسەر)، بەکاری هێنا بۆ تیرۆرکردنی، ئەوەبوو ئەم پیاوە لەسالی (١٧٧ك/٧٩٣ز) توانی ئیدریس بە ژەهر بکوژێ[2].

وادیارە مردنی ئیدریس، کۆتایی بەدەوڵەتی (الادارسە)ی نەهێنا، چونکە ئەو کەنیزەکێکی بەربەری ژنی بوو و سکی پڕبوو، شوێنکەوتووانیشی چاوەڕوان بوون منداڵی بێ، ئەوە بوو کوڕێکی بوو، ناوی (ئیدریس)یان لێنا، کاتێک تەمەنی گەیشتە پانزە ساڵ، بەربەرەکان بەیعەتیان پێدا و کاروباری خیلافەتیان رادەست کردو بووە دامەزرێنەری راستەقینەی دەوڵەتی (الادارسە) لە مەغریب.

کە مەترسی ئەم دەوڵەتە زیادی کرد، هارون ویلایەتێکی ئەفریقیای رادەست (ئیبراهیمی کوڕی ئەلئەغلەب) کرد، بۆ ئەوەی بەرەو رووی راوەستێ[3].

سەبارەت بە (یەحیا)، ئەوا لەوڵاتی (دەیلەم)داپشتی قایم بوو، بەهۆی ئەو هەموو خەڵکەی کە شوێنی کەوتبوون، پاشان لە ساڵی (١٧٦ك/٧٩٢ز) دەرچوونی خۆی راگەیاند، بەوەش هەڕەشەی لە هێمنی و ئاسایشی دەوڵەتی کرد و بووە مایەی نیگەرانی بۆ هارون[4].

لەو شتانەی کە هێزو توانایەکی بە بزوتنەوەکەی بەخشی، دووری ئەو ناوچەیەی کە تێیدا دەرچوو لەبەغدادەوە و پارێزراوی لە رووی سروشتیەوە.

خەلیفە خۆی یەکلایی کردەوە لەسەر ئەوەی بزوتنەوەی یەحیا لەناو بەرێ، بۆ ئەم مەبەستەش ناردیە شوێنی (الفضل-ی کوڕی یەحیای بەرمەکی)، کەوا سەرکەوت لە راکێشانی یەحیا بۆ لای خۆی. پاش ئەوەی کە شوێنکەوتووانی لێی دوور کەوتنەوە،

---

[1] المسند : لا ٢٠٧.

[2] الاصفهاني : مقاتل الطالبيين : لا ٤٠٧-٤٠٨.

[3] هەمان سەرچاوە : ٤٠٩.

[4] الطبري :ب ٨ لا ٢٤٢.

بۆیە دڵی بۆ لای ئاشتبوونەوە دەشنا. (هارون رەشید)یش دڵنەوای کردەوە و لەبەغداد پێشوازی لێکرد ([1]).

وادیارە خەلیفە لە نیازی یەحیا دڵنیا نەبوو، داودەستەش رۆڵیان هەبوو لەتێکدانی پەیوەندی نێوانیان، بۆیە خستیە ژێر چاودێری (الفضل–ی کوڕی یەحیا). ئەوە بوو یەحیا کاری تێکردو ئەویش بەبێ ئاگای خەلیفە بەریدا و ڕۆیشت بۆ حیجاز. ئەوجا هەواڵی درۆیان بە خەلیفە گەیاند کەوا یەحیا بانگەشە بۆ خۆی دەکات لەحیجاز، ئەمەش ڕێك بوو لەگەڵ ئەوە گومانەی کە لەناخیدا هەبوو، بۆیە دەستگیری کرد و خستیە بەندیخانەوە و پاشان کوشتی ([2]).

سەبارەت بەو کەسایەتیەی تر کە لە سەردەمی (هارون)دا لەناودرا، ئەوا ئیمام (موسا –الکاظم–ی کوڕی جەعفەر) بوو. لەڕاستیدا هارون رەشید چاودێری هەموو جموجوڵێیکی (طالبي)یەکانی دەکرد لەحیجازدا، زانی کە خەڵکی پاڵپشتی دەکەن و پێنج یەکی پارەکانیان پێ ئەدەن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوان باوەڕیان بە ئیمام بوونی ئەو هەیە. بۆیە دەستگیری کردو خستیە زیندانەوە، لەساڵی (١٨٢ ك/٧٧٩ز) کۆچی دوایی کرد، واشدیارە ئەو کوژراوە.([3]).

بزوتنەوەی خەواریجەکان

ئەو پەشێوی و پاشا گەردانیەی کە باڵی بەسەر هەندێ ناوچەی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیدا کێشابوو، هۆکارەکەی (گالبی)یەکان نەبوون بەتەنها، بەڵکو کۆمەڵانێك لەناو موسڵمانانداو پەیدا بوون نکۆڵیان لە زۆر و ستەمی خەلیفە عەباسیەکان کردو پابەند نەبوونیان بە حوکمە شەرعیەکان، ئەمانەش (خەواریجەکان) بوون کەوا لەسەردەمی (هارون رەشید)دا لەساڵی (١٧٨ ك ٤٧٩ ز) لەناوچەی جەزیرەدا بە سەرکردایەتی (گریف الشاری) کەوتنە جموجوڵ و بەتەواوەتی بەسەر ئەرمینیا و

---

[1] الاصفهاني : لا ٣٩٣-٣٩٤.

[2] هەمان سەرچاوە : لا ٤٠١، ٣٩٥-٤٠٤.

[3] هەمان سەرچاوەی پێشوو :لا ٤١٢- ٤١٧.

ئازەربایجان، زالبوون، هەڕەشەیان لە سەر گەورەکانی عێراق کرد لەسەر رووباری دیالە (ئاوی سیروان) و گەیشتنە حەلوان.

هارون رەشید پرسی نەم گروپەی گرتە ئەستۆ، لەسالی (۱۷۹ك/۷۹۵ز) بە سەرکردایەتی (یەزیدی کوڕی مەزیدی شەیبانی) هێزێکی سەربازی نارد، لە (حدیثە)ی فورات لەدووری چەند کیلۆمەترێکەوە لەئەنبار، بەریەککەوتن و خۆیان و رابەرەکەیانی لەناوبرد (۱).

پەشێوی لە ولاتی شامدا

شەڕی هۆزایەتی لە نێوان گروپە بەهێزەکاندا لە ولاتی شام کپ نەکرایەوە. لەسالی (۱۷٦ك/۷۹۲ز) لەدیمەشق کێشەکە تەقیەوە و نزیکەی دوو سال بەردەوام بوو، ئەمەش پالی بە (هارون رەشید)وە نا گۆڕانکارییە ئیداری بکات والیەکان بگرێتەوە. بەڵام پرسەکە هێور نەبووەوە لەسەر دەستی ئەمانە نەبێ: موسای کوڕی یەحیای کوڕی خالد لەسالی (۱۷۸ك/۷۹٤ز)، جەعفەری کوڕی خالد لەسالی (۱۸۰ك/۸۹٦ز). لە پاش دووبارەبوونەوەی پێکدادان (۲).

پەشێوەی لە ئەفریقیادا

لەسالی (۱۷۱ك/۷۸۷ز) پەشێوی بالی بەسەر ئەفریقیادا کێشا، لەئەنجامی یاخی بوونی خەواریجەکان و سەرانی سوپا و بەربەرەکان، (هارون رەشید)یش، (هرثمەبن أعین)ی وەکو والی بۆ سەر ئەفریقیا ناردو فەرمانی پێکرد ڕاپەرینەکان دامرکێنێتەوە و ئاسایش و ئارامی بگەڕێنێتەوە، ئەوە بوو لەکارەکەی سەرکەوتوو بوو و چووە ناو (قەیرەوان)ەوە و خەڵکیشی دڵنیا کردەوە.

---

[1] الطبري : ب ۸ لا ۲۵٦. دەربارەی - حديثة - ی فورات بگەڕێوە بۆ : الحموي، ياقوت، معجم البلدان ب ۲ لا ۲۳۰-۲۳۱

[2] الطبري : ب ۸ لا ۲۵۱-۲٦۲. ابن الاثير : ب ٥ لا ۹۱- ۹۲.

[3] اليعقوبي: ب۲ لا۲۵۸. هەمان سەرچاوە: لا۱۰۹

وادیاره ناکۆکی لەنێوان گروپە جیاجیاکانی ئیسلام گەورە بوو، بۆیە گیرو گرفت سەر لەنوێ سەری هەڵدایەوە، (هریمە)ش نەیتوانی ئەو درزەی نێوانیاندا پڕبکاتەوە، بۆیە لەسەر داواکاری خۆی لەسالی (١٨٠ك / ٧٩٦ز) خەلیفە لەسەر کار لایبرد، هەروەها ئەو والی یانەی کە لەدوایەوە هاتن نەیانتوانی بەسەر بارودۆخەکە زاڵ بن، (ئیبراهیمی کوڕی ئەلئەغلەب)یش کاربەدەستی هەرێمی زاب (جەزائیری ئەمڕۆ)، ئەم ڕەوشە تێکچوونەی بەهەلزانی و داوای لە خەلیفە کرد بیکاتە والی لەسەر ئەفریقیا و بەڵێنیدا بارودۆخەکە کپ بکاتەوە. خەلیفەش داواکەی پەسەند کردو لە (مانگی – جمادی الاخرە – سالی١٨٤ك مانگی تەممووزی سالی ٨٠٠ز ویلایەتی ئەفریقیای پێ سپارد،(*). ئیبراهیم سەرکەوتوو بوو لە چەسپاندنی سەقامگیری، ئەوەش بە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی میانڕەوە، ئەفریقیاش لەسەردەمیدا ئاوەدانکردنەوەیەکی فراوان و چالاکیەکی ئابووری گەورەی بە خۆوە بینی. بەمەش ئیبراهیم ڕێگەی خۆشکرد بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی (ألاغالبە) کەوا زۆری نەخایاند لە ئیدارەی ناوەندی لەبەغداد جیا بووەوە و (قەیرەوان)ی کردە پایتەخت (١).

پەشێوی لە ڕۆژهەڵاتدا

هارون ڕەشید دەستی فەرمانبەرانی لە هەرێمەکاندا بەردابوو بەبێ ئەوەی لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکات، سەرەنجام هەندێکیان ترازان و بوونە هۆی بەرپابوونی ڕاپەڕینی میللی. کاریگەری ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەت لەخۆراساندا دەرکەوت، ئەوەبوو کاربەدەستانی ئەم هەرێمە سەرقاڵی بەرژەوەندییە کەسیەکانی خۆیان بوون و تامەزۆی دەوڵەمەنی بوون، کاروباری هاوڵاتیانیان پشتگوێ خستبوو، تەنانەت هەندێکیان ئەوەندە لەرێ دەرچوون باجیان زیاد کرد.

ڕەنگە چاوچنۆکترین کاربەدەست (عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهان) بێ، کەوا بۆ ماوەی دە سالێ خۆراسانی بەڕێوە برد، دە سالی پڕ لە زۆرو ستەم لەخەڵکی،

---

(١) الطبري :ب ٨ لا ٣١٤.الدوري : لا ١٠٨.

بەجۆرێك كە توانایان نەما لەوە زیاتر بەرگە بگرن [1]، ئەوە بوو لەم باودۆخەدا (رافعی كوڕی- اللیپ-ی كوڕی نەسرێ كوڕی سەیار) لە حكومەتی ناوەندی یاخی بوو، بەهۆی چەند پاڵنەرێكی كەسیەوە، خەڵكێكی زۆر لە دانیشتوانی خۆراسان و وڵاتی دوای رووبار شوێنی كەوتن بە هۆی رقەهەڵگرتنیان لەسیاسەتی عەباسیەكان، خەڵكی (نەسف)یش نوسراوێكیان بۆ نارد تێدا داوایان كرد كەسێكیان بۆ بنێرێ یارمەتیان بدات بۆ یاخی بوون لە والی عەباسی [2]، لەئەنجامی راپەرینی ئەم بزوتنەوانە دژی، (عەلی كوڕی عیسا)ی والی، ناچار بوو بەرگری لە دەسەڵاتەكەی بكات، بەڵام سەرنەكەوت لە دامركاندنەوە راپەرینەكە، پرسەركەی لای هارون رەشید ئاشكرا بوو كەوا لەسەر كار لایبرد و دەستی بەسەر پارە و سامانیدا گرت، (هرثمە بن أعین)ی لەشوێنی دامەزراند و فەرمانی پێكرد دادپەروەر بێ لەگەڵ خەڵكدا و بە چاكی مامەڵەیان لەگەڵ بكات[3]. وادیارە (رافع) باودۆخی تێكچووی بە هەلزانی و بزوتنەوەكەی دژی دەسەڵاتی عەباسی دەستی پێكردەوە، بۆیە هارون رەشید ناچار بوو بە خۆی بچێ بۆ خۆراسان تا سنورێك بۆ ئەو شڵۆقی و پاشاگەردانیە دانێ لە ناوی، بەڵام لە رێگەدا مەرگ یەخەی پێگرت [4].

لێقەومانی بەرمەكیەكان

بیرۆكەی تۆڵەسەندنەوە بۆ كوشتنی ئەبو موسلیم و بەدیهێنانی ئاواتە سیاسیەكانی لەناخی شوێنكەوتووانی لە خۆراساندا هەر مابووەوە، جا لەگەڵ بەرەو پێشچوونی رۆژگاردا ئەم بیرۆكەیە رێیازێكی نوێی گرتەبەر، واش پێویستی دەكرد لەناوەوە بەسەر دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیدا زاڵبێ، لەپاش شكستهێنان هەوڵدان بۆ روخاندنی لەدەرەوە. ئەوە بوو ژمارەیەك لە وەزیرانی عەباسی بەرەگەز فارسی

---

[1] الطبري : ب ٨ لا ٣١٤ الدوري : لا ١٠٨

[2] اليعقوبي : ب ٢ لا ٣٨٦. الطبري : هەمان سەرچاوە. لا ٣١٥- ٣١٩-٣٢٠ -٣٢٣.

[3] الطبري : هەمان سەرچاوە : لا ٣٢٤- ٣٤٤

[4] هەمان سەرچاوە : لا ٣٤٣- ٣٤٤.

ئەوەیان هێنایەدی، ناوبانگترینیان خانەوادەی بەرمەکیەکان و خانەوادەی بنەماڵەی سەهل و خانەوادەی تاهیری بوو(١).

خانەوادەی بەرمەکی کە خانەوادەیەکی فارسی ڕەسەنە، بۆ بەرمەکی باپیرەیان دەگەڕێنەوە، ئەمەش نازناوێکە بە مجەوری پەرستگەی (نەوبەهار) لەشاری (بلخ) دەوترا.(٢)

لەسەرەتای سەردەمی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی، (خالیدی کوڕی بەرمەك) لە و خانەوادەیە ناوی دەرکرد، ئەوەش لەمیانەی توانا ئیداری و داراییەکانی، گەورەیی ئەقڵی و دووبینی، بەمەش سەرنجی بەرپرسە عەباسیەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

(خوێندنەوێ)یش دیوانی دارایی و دیوانی سەربازەکانی پێ سپارد (٣) هەروەها لەپاش کوژرانی (ئەبو سەلەمەلخەلال) وەزارەتی جێبەجێکردنیشی گرتە دەست، بووە ڕاوێژکاری مەنسور و سەرپەرشتیاری کاروباری دارایی و ناوی لە دروستکردنی شاری بەغدادیش دەرکرد (٤)، بە حوکمی پۆستەکەی، لەسازکردنی بڕیارە سیاسیەکانیشیدا بەشدار دەبوو، لەسەردەمی (مەهدی)شدا کەوا لە ساڵی (١٦٣ك/٧٨٠ز) ناوچەی فارسی پێ سپارد، پلەوپایەی هەر بەرز بوو (٥).

(خالید) پیاوێکی خستەوە ناوی (یەحیا) یە، بە نێوەندکاری خانەوادەی بەرمەکی دا ئەنرێ، منڕۆوی ناوبراو پەیوەست بوو بە منڕۆوی هارون ڕەشیدەوە. نوسینی بۆ گرتە ئەستۆ، نوێنەری خۆی و وەزارەتەکەی بوو (٦). ڕۆڵێکی ئاشکرای هەبوو لەمسۆگەرکردنی خیلافەت بۆی، دووچاری فشارێکی گەورە بوو لەلایەن (مەهدی)ەوە کەوا دەیویست هارون لابەرێ و جەعفەری کوڕی بکا بە جێنشین لەباتی.

وادیارە یەحیا ئاواتە سیاسیەکانی باوکی بۆی مابووەوە، کەوا ئەفەوتا ئەگەر

---

١ العمرو : لا ٢٠٣-٢٠٤.

٢ المقدسي : البدء و التاريخ.ب ٦ لا ١٠٤. بروكلمان. كارل.تاريخ الشعوب الاسلامية : لا ١٨٦.

٣ الجهشياري :لا ٧٨-٧٩.

٤ بروكلمان : ات ١٨٦.

٥ الجهشياري : لا ١٥١.

٦ دەربارەی پلەو پایەی یەحیا لەلای هارون ڕەشید. بگەڕێوە بۆ هەمان سەرچاوەی پێشوو: لا ١٧٧.

هارون له جێنشینێتی دووربخرایەتەوە، جا کاتێك بەیەتی پێدرا بۆ خیلافەت، چاکەی یەحیای لەبیرنەچوو، وەزارەتی دەسەلاتپێدانی پێ سپارد و هەندێ دەسەلاتی رەهای پێدا (۱)و هەموو دیوانەکان و دوو وەزارەتیشی بەدەستەوە بوو (۲).

هەروەها چەند تایبەتمەندیەکی نوێی پێدا. ئەو یەکەم کەسە فەرمان بەوەزیرەکان بدات، ئەو نوسراوانەی کە لە دیوانی دارایی دەرئەچوو و جێبەجێ ئەکرا ناوی ئەمی لەسەر دەنوسرا، خەلیفەش تەنها فەرمانی جێبەجێکردنی دەر ئەکرد.(۳)

بەهاوکاری هەر دوو کوڕەکەی (الفضل) و جەعفەر، یەحیا توانی بۆ ماوەی حەفدە ساڵ دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی بەڕێوەببەرێ (۱۷۰–۱۸۷ك/۷۸٦–۸۰۳ز)، بەوەش بیرۆکەی بەشداریکردنێکی تەواوەتی لەحوکمڕانیدا هێنایەدی. ئەم ماوەیەش بەراستی بە ماوەی درەوشانەوەی بەرمەکیەکان و سەردەمی زێڕینیان دادەنرێ.

سەبارەت بە (الفضل)، ئەوا بۆ شیری خەلیفە بوو، هارون رەشید کردی بە سەرپەرشتیاری پەروەردەکردنی (ئەمین)ی کوڕی، چەندین پۆستی کارگێڕی و سەرکردەیی پێ سپارد، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات، چونکە بوژانەوەیەکی ئابووری و ئاوەدانی هێنایەدی و ئەمن و ئاسایشیشی چەسپاند (٤).

سەبارەت بە جەعفەر، ئەوا هاوڕەمی هارون بوو، چونکە ئێسك سووك بوو (٥) جا شەو و ڕۆژ لە گەڵیا بوو. ئەو لە هەموو بەرمەکیەکان نزیکتر بوو لەلای، پێی دەوت براکەم و یەك کراسیشیان لەبەر دەکرد (٦) ئەم تێکەڵی و هۆگریە وایکرد جەعفەر کاریگەریەکی زۆری هەبێ لەسەر هارون بە شێوەیەکی لە رادەبەدەر، تەنانەت بەسەر تایبەتمەندیەکانیشی زاڵبوو، ئەوەبوو لەگەڵ خۆیدا بەشداری پێکرد لە دادگایی کردن و

---

(۱) بگەڕێوە بۆ دەقی دەسەڵات پێبەخشینەکە لە لای الجهشیاري تا ۱۷۷.

(۲) هەمان سەرچاوە الطبري: ب ۸ ل ۲۳۵.

(۳) الجهشیاري : هەمان سەرچاوەی پێشوو.

(٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل ۱۸۹–۱۹۱–۱۹۳.

(٥) ابن الطقطقا: ل ۲۰۵

(٦) الجهشیاري : ل ۲۰٤.

(*) گرتنە دەستی خانەی باج شتێکی نوێ بوو و ئیمتیازێکی سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە لە پێش ئەم خەلیفەکان خۆیان بەم کارە هەڵدەستان و چاودێری پێوانەی درهەم و دینارە کانیان دەکرد.

چاودێری کردنی دیوانەکانی باج و فەرشسازی و پۆستەشی پێسپارد (❁) هەروەها فەرمانی ا ناوی لەسەر درهەم و دینارەکاندا بنووسرێ لە (مەدینە السلام – بەغداد) و لە(موحەممەدیە) و ویلایەتی (مەغریب)یش لە ئەنبارەوە تاوەکو ئەفریقیای پێ سپارد، سەرەڕای خۆراسان و سجستان و تەبرستان و ئەرمینیا و ئازەربایجان (١) جا شتێکی سروشتییە لەم پلەو پایەیەدا ئامۆژگاری هارون بکات بە پەیرەو کردنی سیاسەتێکی دیاریکراو (٢).

لە ڕیزی بەرمەکیەکاندا، موحەممەدی کوڕی خالیدی کوڕی بەرمەك ناوی دەرکرد، کەوا بوو بەدەرگەوانی هارون، موسای کوڕی یەحیای کوڕی خالید کەوا (شام)ی گرتە دەست (٣).

وادیارە ئەم دابەشکردنە لە پۆستە گەورەکانی دەوڵەتدا، هەر لەخۆیەوە نەهاتۆتە کایەوە. بەرمەکیەکان ئامانجیان ئەوەبوو دەروبەری هارون بگرن تا بتوانن کۆنترۆڵی بکەن یاخود بەویستی ئەوان بجوڵێ، هەروەها دەبینین زۆربەی پیاوە ناوبانگەکانی دەوڵەت شوێنکەوتووی ئەوان بوون، بە جۆرێك هارون زۆر ماندوو دەبوو تا پیاوانێك بدۆزێتەوە سەربە ئەوان نەبێ و هەندێ کاروباری دەوڵەتیان پی بسپێرێ (٤).

بوونی سیاسیی بەرمەکیەکان سێ ئاکاری هەبوو (٥):

یەکەم: ئەم خانەوادەیە بە بەراورد لەگەڵ بوونی سیاسی خانەوادەکانی پێش خۆیان یاخود هاوچەرخیان وەکو ئەبو موسلیمی خوراسانی، زۆرتر مایەوە.

دووهەم: گەشەکردنی سیاسیی ئەم خانەوادەیە وادیارە نەخشەی بۆ کێشراوە. چونکە بە ڕۆڵێکی ئاسایی لەبزوتنەوەی عەباسی دەستپێدەکات و گەشە دەکات بۆ گرتنەدەستی هەندێ پۆستی دەوڵەت، پاشان خانەوادەکە دەچنەناو جەرگەی مااڵی

---

[١] المقريزي : شذور العقود في ذكر النقود. لا ٢١، ١١ – الطبري : ب ٢ لا ٢٤٢، ٢٤٢.

[٢] العمرو : لا ٢١٨.

[٣] الجهشياري : لا ١٨٧.الطبري: ب ٨ لا ٢٥١.

[٤] الجهشياري : همان سەرچاوە : لا ٢٥٤.

[٥] العمرو : لا ٢١٣.

عەباسیەوە، واتە ئەم گەشە کردنە وردە وردە بەرەو سەرەوە دەچوو، لەئامێزێکی جێبەجێکردنەوە بۆ دەستێوەردان لە نەخشەکێشانی سیاسەتی دەوڵەت.

سێیەم: بەردەوام پەیوەندیان لەگەڵ خەلیفەکاندا بوو، تەنها جاروبار نەبێ خانەوادەکە دووچاری تەنگ پێهەڵچنین بووون.(١)، لەژیانی (ئەلخەیزەران)دا، دایکی هارون، ئەم خانەوادەیە گەیشتە لووتکە، بەڵام کاتێک کۆچی دوایی کرد لەسالی (١٧٣ك/٧٨٩ز)، متمانەی خەلیفە بە تاکەکانی کەم بووەوە، تا وای لێهات تەنگی پێهەڵچنین.

مێژوونوسان ناکۆکن لە دەستنیشانکردنی هۆیەکانی لێقەومانی بەرمەکیەکان، ئەم ناکۆکیەش هۆکەی دەستنیشانکردنی ئەو رۆڵەیە کە ئەمان گێڕاویانە، چونکە ریوایەتگێڕەکان یان لایەنگریان بوونە یان دژیان، سەرەڕای باس نەکردنی هارون بۆ ئەم هۆکارانە.

وادیارە ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە بۆ دوو پاڵنەری سەرەکی، سیاسی و دارایی (٢).

لە رووی پاڵنەری سیاسیەوە، ئەوا لەپاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک لەدەرکەوتنیان، هارون بۆی ڕوونبووەوە کە بەرمەکیەکان بوونەتە مەترسیەکی ڕاستەقینە لەسەر دەوڵەتەکەی، پەیدابوونی ئەم هەستە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە بوو، ئاشکراترینیان پشتگیری کردنیان لە(طالبي)یەکان بوو (٣).

بەرمەکیەکان مەیلێکی سیاسیان دەرخست بۆ لای (گالبی)یەکان و مێژوویان پەیوەستە بە هاوسۆزییان لەگەڵ یەحیای کوڕی عەبدوڵڵای عەلەوی و ئەحمەدی کوڕی عیسای کوڕی یەزید (٤)، ناکۆکە لەگەڵ پەیوەندییە دژ بە یەکەکانی نێوان عەباسیەکان و (گالبی)یەکان.

سەبارەت بە مەیلە ڕەگەزپەرستیە فارسیەکانیان(٥) وادیارە بەتەواوەتی ڕوون

---

(١) دەربارەی سارد بوونەوەی پەیوەندی نێوان عەباسیەکان و بەرمەکیەکان بگەڕێوە بۆ : الطبري ب ٨ ل ٥٤-٥٦.

(٢) الدوري : ل ١٣٠ و ئەوەی دوای

(٣) العمرو : ل ٢٣٦ و ئەوەی دوای.

(٤) دەربارەی ئەم پەیوەندیە بگەڕێوە بۆ : الجهشياري : ل ٢٤٣ الطبري : ب ٨ ل ٢٨٩

(٥) العمرو : ل ٢٣٨-٢٤٠.

نیه، بەڵێ کەمێ سەرچاوەی مێژوویی لەو بارەیەوە، بەڵام هەستیاربوونی هارون رەشید بەرامبەر بە رەفتاری بەرمەکیەکان و هەڵسوکەوت کردنیان بەبێ راوێژ پێکردنی، پرسەکەی لەلا گەورە کرد. بۆیە تەنها تۆمەت کردن لە ئارادا هەبوو تەنانەت لەکارە وردەکانیشدا، بەڵام شاراوە نیە کە فارسە رەگەزەکان لە کۆمەڵگەی عەباسیدا هەمیشە تۆمەتبار بوون بەهۆی لایەنگریان.

لەرووی پالنەری داربیەوە (١) بەرمەکیەکان دارایی دەوڵەتیان زەوتکرد بوو، هەموو کارووبارەکانیان کۆنترۆڵ کردبوو، تەنانەت دەڵێن هارون رەشید ((پێویستی بە پارەیەکی کەم بووە کەچی دەستی نەکەوتووە)) (٢)، هاوکات بەرمەکیەکان زیادەڕەویان کردووە لەخەرجکردندا، ئەوەبوو بەزەوتکردنی دارایی، خەلیفەیان کەلەبچە کرد، هەروەکو چۆن لەرەفتاری سیاسیدا، کۆتیان کردبوو.

سەرەڕای ئەوە، قسە هەڵبەستن رۆڵێکی تری گێڕا لەکاریگەری کردن لەسەر (هارون رەشید)دا بۆ ئەوەی بەرمەکیەکان رەش بکەن لەبەرچاوی، هەموو هەڵەکانیان قۆستەوە تا دڵی پڕ قین بکەن و گومانی لا دروست بکەن بەرامبەر هەڵسوکەوتیان(٣).

جا هەرچۆنی بووبێت، هارون رەشید لە شەوی یەکەم لەمانگی سەفەر سالی (١٨٧ك/٨٠٣ز) جەعفەری کوشت، یەحیا و ئەبوداوی کوڕەکانیشی خستە زیندانەوە، دەستی بەسەر مالّ و موڵك وسامانیانیشی گرت، یەحیا لەسالّی (١٩٠ك/٨٠٥ز) کۆچی دوایی کرد و (الفضل)یش لە سالّی (١٩٣ك/٨٠٨ز).(٤)

ئابەم شێوەیە بەرمەکیەکان کۆتاییان هات، ئەمەش هێمای بەریەککەوتنە لەنێو دەسەڵاتی وەزیران و نێو دەسەڵاتی خەلیفەکان، هەروەها بەڵگەیەکە لەسەر لەیەك نەچوونی بەڕێوەبەندی ئەمان و لایەنگرێتی ئەوان (٥)، پەیوەندی نێوان ئەوان و هارون رەشید بە بەشێك لە پەیوەندیەکانی نێوان عەباسیەکان و فارسەکان دادەنرێ کە تەماحی سیاسی ئاڕاستەی دەکرد (٦).

---

(١) الدوري : لا ١٣١- ١٣٣.

(٢) الجهشياري : لا٢٤٦. الطبري :ب ٨ لا ٢٨٧-٢٨٨. محمود و الشريف : لا ١٠٩.

(٣) هەمان دوو سەرچاوە : لا ٢٤٥-٢٦١.لا ٢٩٤.

(٤) الطبري : هەمان سەرچاوە لا ٣٤١. ابن كثير : ب ١٠ لا ٢٠٤-٢٠٥.

(٥) الدوري : لا ١٣٦.

(٦) العمري : لا ٢٥٨.

پەیوەندییە دەرکیەکان لەسەردەمی (هارون رەشید)دا

پەیوەندی لەگەڵ بێزەنتیەکاندا

ململانێی نێوان موسڵمانان و بێزەنتیەکان لەسەردەمی (رەشید)یشدا هەر بەردەوام بوو، بەڵام جەنگەکانی نێوانیان بەپێی پلانێکی دیاریکراوە بەڕێوە نەدەچوو، بەڵکو بریتی بوو لەپەلاماردانی یەکتری بێ ئەوەی ئەوە لەبارودۆخی هەر دوو لایان بگۆڕێ. خەلیفەش تەنها سەرانەی وەرئەگرت. بەڵام شەڕو پێکدادانەکان، سەرکەوتنی سەربازی موسڵمانەکان و کورت بینینیان لە نەقۆستنەوەی ئەو بارودۆخە تەنگاوەی دەرخست کە ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی پێدا تێپەڕ دەبوو، بۆ ئەوەی لە ناوچە رزگار کراوەکاندا پێیان جێگیر بێ و تێدا بسرەوێنەوە، هەرچەندە جوانیەکی تایبەتی بە سەردەمەکەی بەخشی (١).

هارون رەشید هەر کە پۆستی خیلافەتی گرتە دەست، بایەخی خۆی ئاراستەی قایم کردنی ئەو ناوچە سنووریبیانە کرد کە نزیکی وڵاتی بێزەنتیەکان بوو و بەهێزکردنی سوپای عەباسی لەناویدا. هەوڵیشیدا لە نێوان دوو سیاسەتی هاوسەرنگدا کۆبکاتەوە، هێرش بردن و بەرگری کردن. ئەو سەرەڕای هێرشکردەنە سەرناوچەکانی بێزەنتی، سوور بوو لەسەر پاڵپشتی کردن و قایم کردنی بەرگری لەناوچەکانی ئیسلامدا کەوا بەر پەلاماری بێزەنتیەکان دەکەوت. بۆیە ناوچە گەلێکی لەسەر سنووردەکان دروست کرد لەناو یەکەیەکی ئیداری ئازاد لەبەڕێوەبردنی کاروباری خۆیداو جیاکردنەوەی ئەو ناوچانە لەناوچە سنووریەکانی جەزیرە و شام (٢).دوو سیستەمی بۆ ناوچەکانی سەر سنوری دانا:

یەکەم : سیستەمی پێش، کە ناوچە سنوریەکانی جەزیرە و شام دەگرێتەوە، کەوا بۆ روبەڕووبوونەوەی ڕێڕەوەکانی شاخ تایبەت کرا. بۆیە بەقەڵا قایمی کرد و پڕی کرد لەبەرگریکار.

---

[1] الدوري :لا ١١٣.

[2] عبدالله : ٢٤٠-٢٤١.

دووهەم: سیستەمی پاش، کە هەرێمەکانی دواوە وقەڵاکانی باشوور دەگرێتەوە و ناوی (العواصم – پارێزگاکان)ی لێنا.(۱)، لە (إنطاکیة) درێژبۆتەوە تاوەکو فورات (۲). جا (منبج) پایتەختی پارێزگاکان بوو، دواتریش (إنطاکیة) بووە پایتەخت، (هارون) و (قاسم)ی کوڕی کرد بە میر لەسەری (۳). سەبارەت بە ئەرکی ئەم پارێزگایانە ئەوا پاڵپشتی کردنی ناوچەکانی سەر سنوور بوو لەگەڵ پێدانی کەرەستەی جەنگ و شەڕکەر و خواردن و ئازوخە، لەبەر ئەوەش ئامادەی کرد بە قەڵغانی بەردەوام و ئازوخە و کەرەستەی پێویست بۆ بەرگری و پاڵپشتی کردن.

لەلایەنی خۆیانەوە بێزەنتیەکانیش هێڵێکی بەرگری کردنیان دروستکرد بۆ بەرەنگاربوونەوەی ناوچە سەر سنوریەکانی ئیسلام و خستیانە ژێر سەرپەرشتی سەرکردە سەربازییە گەورەکان، جا هەردوو زەنجیرە چیای تۆروس دەگرێتەوە کە لەفورانەوە تا کیلیکیا درێژبۆتەوە و دەبێتە دوو بەشەوە:

یەکەم: لە(ملطیة) درێژبۆتەوە تاوەکو (عین زربە)، ئەمەش بۆ بەرەنگاربوونەوەی جموجوڵی موسڵمانەکان تایبەتکرا لەلای باکووری عێراقەوە.

دووهەم: بۆ بەرەنگاربوونەوەی جموجوڵی موسڵمانەکان تایبەتکرا لە ولاتی شامدا (۴).

ئەمەو ئەو ناوچە سنووریانەی کە لەکاتی جەنگی هەردوولادا دەبەزێنرا، ئەم قەڵایانەی لەخۆ دەگرت: ئەدنە و (المصیصە) و مرعش و هارونیە و (الحدث) و (الملگیە) و (گرسوس).

لەپاش تەواوبوون لەقایم کاری و پاڵپشتی کردن، پێکدادانە سەربازییەکان لەنێوان

---

[۱] ناوی پارێزگاکانی لێنرا چونکە پارێزگاری لە سنورەکان دەکات لەوەی بکەوێتە چنگی دوژمن. هەروەها هارون رەشید ئامانجی ئەوە بوو لەم ناوەدا لە قەڵاکانی باکوور کە هاو سنوورە لەگەڵ دەوڵەتی بێزەنتی و ئاسراوە بە (الثغور) واتە : ناوچەی سەر سنوور، جیابکاتەوە

[۲] عبدالله : لا ۲٤۲-۲٤۳.

[۳] الطبري : ب ۸ لا ۳۰۲.

[۴] Bury, J – B :A Hist of the Latar Roman Empire IIpp ۲٤٤-۲٤٥

الطبري: ب ۸ لا ۳۰۲

camp, med. Hist: IV P ۷۰۷ .۲٦۹ – ۲٦۸ الطبري: ب۸ لا

هەردوولا دەستیپێکردەوە. بزەوتنەوەی (صوائف – هاوینان)یش چالاك بووەوە. عەباسیەکانیش هەموو هەڵەکانیان قۆستەوە بۆ زیادکردنی فشاری سەربازی. هارون رەشید لە یەکێك لە قۆناغەکانی روبەڕوبونەوە، بارەگاکەی خۆی بۆ (الرقە) گواستەوە، تا لە گۆڕەپانی شەڕ نزیك بێت، هەروەها بەخودی خۆی لە هەندێ شەڕدا بەشداری کرد و قەڵای (صفصاف)ی رزگارکرد لەسالی (١٨١ك/٧٩٧ز).(❁) وە یەکێ لەتیمەکانی توانی بگاتە ناو ئەنقەرە لەناو قوواڵای خاکی بێزەنتی و ناوچەی سەر سنووری (ئۆبسیکۆن)ی دامالی و گەیشتە (ئەفسوس) لە سەر کەناری دەریای (ئیجە).(❁)

(ئیرین) ئیمپراتۆری کچ، لەبەرامبەر سەرکەوتنی موسڵمانانداا دەستەوسان راوەستابوو، بۆیە ئارەزووی کرد ئاشت بێتەوە، لەسالی (١٨٢ك/٧٩٩ز) هاتەدی و بەوپێیە بڕیار لەسەر ئەمانە درا:

– گۆڕینەوەی دیلەکان.

– دەبێ ئیرین سالانە سەرانە بدات ([1]).

– جەنگ ڕاگرتن، بۆ ماوەی چوار سالی بەردەوام دەبێت.

جەنگ ڕاگرتنەکە تا سالی (١٨٧ك/٣٠٣ز) بەردەوامبوو، تا ئەوکاتەی کە پیلانبان دژی ئیرین گێڕا، ئەوە بوو لەسەر تەختی دەسەڵات لابرا و (نقفور)ی یەکەم دەسەڵاتی گرتە دەست ([2])، کەوا پێی وابوو ئەوەندە بەهێزە دەتوانێ ڕوبەڕوی موسڵمانان بێتەوە، بۆیە ڕازی نەبوو بەردەوام بێ لە سەرانە دان، کەوا پێشتر ئیرین بەڵێنی دابوو بیدات. جا بەوەش قایل نەبوو، بەڵکو داوای کرد ئەوەی کە (ئیرین)یش داوێتی بگەڕێتەوە بەبیانووی ئەوەی کەوا ئەو کارەی ئەو لە لاوازی ئافرەتاندایە، ئەمەش بووە هۆی تووڕە بوون ورق هەستانی هارون رەشید ([3]).

---

[1] سەرچاوەکان ئەو بڕە سەرانەیانە دیاری نەکردوە کە ئیرین دەیدا: وادیارە یەکسانە بەوەی کە پێشتر بە خەلیفە مەهدی دەیدا کەوا بڕەکەی لە نێوان حەفتا ونەوەد هەزار دینارە. بگەڕێوە بۆ : عبدالله :٢٧٥ل.

[2] Ostrogorsky: A Hist Of Byrantine states p ١٥٦

[3] الطبري : ب ٨ ل ٣٠٧–٣١٠.

دەسبەجێ بەرپەرچی ئەم رەفتارە درایەوە، ئەوە بوو خەلیفە لە ساڵی (١٨٧ك/٨٠٣ز) سەرکردایەتی شاڵاوێکی سەربازی کرد و چووە ناو ناوچەی (کپادۆکیا). (نقفور) ئەوەی بەدیکرد کە توانای نیە بەرەنگاری ببێتەوە، بۆیە ناچاربوو لەگەڵیا ئاشتبێتەوە و هەموو ساڵیکیش باجی پێ بدات، لەبەرامبەر کشانەوەی موسڵمانەکان لە ناوچەکەدا، هارون رەشید یش بەوە قایل بوو و گەڕایەوە بۆ وڵاتی خۆی(١).

وادیارە (نقفور) جارێکیتر خراپ هەڵوێستی سەربازیی هەڵسەنگاند، ئەوە بوو پەیمانی شکاند و لەساڵی (١٩٠ك/٨٠٧ز) هێرشی کردە سەر (عین زربە) و کەنیسەی رەش و ئەدنە، دەستی بەسەر (طرطوس)یشدا گرت و فشاری خستەسەر (مرعش) و موسڵمانەکان نەیانتوانی بەرەنگاری ببنەوە و لە رووی راوەستن، بەهۆی سەرقاڵبوونی خەلیفە بەدامرکاندنەوەی بزوتنەوە ناحەزەکانی ناوخۆ، سەرەڕای ئەوەی کە نالەباری کەش و هەوا و سەرمایی رێگرێك بوو لە گەڕانەوە بۆ جەنگاندنی. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند (٢).

چونکە هەر ئەوەندە رەوشی ناوخۆ هێور بووەوە، هارون رەشید بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ ناوچە سنوریەکان بۆ ئەوەی تۆڵە لە ئیمپراتۆر بکاتەوە. بۆیە شاڵاوێکی گەورەی لەسەر سنوور بەڕێوەبرد و چووە ناو جەرگەی خاکی بیزەنتیەوە، هرقلەی گرت و (طوانة)شی خستە ژێر رکێفی خۆی، هێزێکی سەربازیشی بۆ ئەنقەرە نارد(٣).

(نقفور) هەستی بەوە کرد کە ناتوانێ بەرەنگاری موسڵمانەکان بێتەوە یاخود فشار لەسەر خاکەکەی کەم بکاتەوە، ترس و تۆقین و دڵتەنگی زاڵ بوو بەسەریا، کەوتە گەڕان بۆ ڕێگە چارەیەك لەم تەنگەشەدا دەربازی بکات، جا جگە لە ئاشتبوونەوە ڕێگە چارەیەکی دیکە نەبوو، بۆیە پەیوەندی بە هارون رەشیدی کرد وپێشنیاری

---

١ ممتان سەرچاوە : ل ٣٠٨.

٢ البلاذري : ل ٢٣٥.

٣ Theophanes:p ٩٦٩

ئاشتبوونەوەی خستەڕوو بۆی(١).

لەبەر ئەوەی زستان بەڕێوەبوو، هارون رازی بوو بەپێنامەی ئاشتی لەگەڵیا مۆربکات کە ئەم خاڵانەی خوارەوە لە خۆ دەگرێ :

- دەبێ نقفور پابەند بێ بە پێدانی باج وسەرانە بەبڕی سێ سەد هەزار دینار ساڵانە.
- دەبێ ئەو قەڵایانەی کە موسڵمانەکان ڕوخاندیان نۆژەن نەکاتەوە وەکو : هرقلە و ئەنقەرە و دبسە و (الصفصاف).
- لەلایەنی خۆیەوە، (هارون)یش بەڵێنیدا قەڵاکانی (ذي الكلاع)و (صملە)و (سنان) وێران نەکات.
- ئەو سەربازگانەی کە لە ژێر دەستیەتی بگەڕێنێتەوە بۆ بێزنتیەکان.
- جەنگ ڕاگرتنەکە بۆ ماوەی سێ ساڵ بەردەوام بێت.(❁)

نقفور لە دوای ماوەیەکی کەم تێگەیشت کە جموجوڵی چڕو پڕی ئیسلامی، ناوچەی باشووری ئاسیای بچووکی کردۆتە ناوچەی دەسەڵات بۆ موسڵمانان، هەروەها زانی بەسەر ئەو ڕێگایانەی کە بۆ شوێنە گرنگەکانی بێزەنتی دەچن، لەلایەکی دێکەوە هەستی بەسەر شۆڕی کرد کاتێك قایل بوو سەرانە بدات، بۆیە بڕیاریدا پەیمان بشکێنی، ئەو قەڵایانەی نۆژەن کردەوە کە پەیامانامەکە قەدەغەی کرد بوو، (هارون ڕەشید)یش کە بەوەی زانی، نۆپراسیۆنی سەربازی دەست پێکردەوە و جارێکیتر سەرکەوت لە گرتنی قەڵای دبسە (٢) ئەوە بوو ڕەشید خۆی تەرخانکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە خوراسان سەری هەڵدا، دوای ئەوەش دەرفەتی گونجاوی بۆ نەڕەخسا سەرپەرشتی جموجوڵی جیهادی بکات دژی بێزەنتیەکان، دوا نۆپراسیۆنی ئەوە بوو، جەنگ ڕاگرێ و دیلەکان ئاڵ و گۆڕ بکات.(٣)

جەنگەکانی هارون ڕەشید لەگەڵ بێزەنتیەکاندا تەنها بە ئاسیای بچووك تایبەت

---

١ Ibid

❁ الطبري: ب٨ ل ٣٤٠

٢ Thephahes : p ١٦٩

٣ الطبري: ب٨ ل ٣٤٠.

نەبوو، بەڵکو بۆ دەریای سپی ناوەڕاستیشی گرتەوە، لە هەوڵێکدا بۆ گەڕانەوەی بنکەی موسڵمانان لە دوورگە نزیکەکان لەلایەکەوە، بۆ پاڵپشتی کردنی شالاوە وشکانیەکان لەلایەکی دیکەوە. ئەوە بوو هێزی دەریای ئیسلامی هێرشی کردەسەر هێزی دەریایی بێزەنتی، هەروەها هێرشی کردەسەر دوورگەی قوبرس لە سالی (١٩٠ك/٨٠٦ز) لەپاش ئاوەی خەڵکی دوورگەکە پەیماننامەی (بێ لایەنی)یان شکاند کەوا لە سالی (٧٩ك) بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی (١) نێوان موسڵمانان و بێزەنتیەکان مۆرکرا. هەروەها موسڵمانەکان هێرشیان کردەسەر دوورگەی (کریت)یش (٢)

سەردەمی هارون ڕەشید بەرجەستە بوونێك بوو بۆ ئەو هێزەی کە خیلافەتی عەباسی هەیبوو، وادیاردە ئەم خەلیفەیە زانی کە لە ناوبردنی دەوڵەتی بێزەنتی لەبووندا، کارێکە لە سنووری توانای ئەودا نیە، بۆیە تەنها بێزەنتیەکانی بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردو لاوازی کردن و بێبەشی کردن لەئەنجامدانی کارێکی سەربازی بەسوود دژ بە موسڵمانەکان (٣). ئەمەش وایکرد لە نقفور ڕایگەیەنێ کە ڕۆژی مردنی (سێی مانگی جومادای دووهەم سالی ١٩٣ك/بیست و چواری مانگی ئادار سالی ٨٠٩ز)، بیێتە جەژنی بێزەنتیەکان.

پەیوەندی لەگەڵ فەرەنجەکاندا (دانیشتوانی ئۆرپا)

جیهانی ئیسلامی، لەسەردەمی (هارون ڕەشید)دا، دوو دەوڵەتی ئیسلامی گەورەی بەخۆوە بینی: دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لە ڕۆژهەڵات، دەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلوس. جیهانی مەسیحیش، لەو کاتەدا، دابەش بوو بۆ دوو دەوڵەتی گەورە: دەوڵەتی بێزەنتی لە ڕۆژهەڵات و دەوڵەتی فەرەنجەی کارۆلنجی لە ڕۆژئاوا. هەندێ لە مێژوونوسانی ڕۆژئاوا پشتیان بە ناکۆکیە هەرێمیەکان بەستووە وەکو پاساوێك بۆ بەبەك گەیشتنی ئەم لایەنانە لەسەر کۆمەڵێ ئامانجی هاوبەش، بۆیە خیلافەتی

---

(١) عبدالله :لا ٢٩٨پەراوێزی ٣.

(٢) هەمان سەرچاوە : لا ٣٠٤.

(٣) هەمان سەرچاوە : لا ٣١٠. العسلي، بسام : هارون الرشيد لا ٣٩- ٤٠.

عەباسی لەفەرەنجەکاندا نزیک بووەوە، بێزەنتیە لە ئەمەوییەکاندا لە ئەندەلوس نزیکبووەوە، ئەم نزیک بوونەوەش هۆکار و پاڵنەر و رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان رۆژئاوادا.

سروشتی پەیوەندییەکان لە نێوان دەوڵەتی فەرەنجەکان و دەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلوسدا، جیاواز بوو لە سروشتی پەیوەندییەکان لە نێوان دەوڵەتی فەرەنجەکان و دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیدا.

پەیوەندەییەکانی نێوان دەوڵەتی فەرەنجە و ئەمەوی بارگرژی و دوژمنایەتیەکی بە خۆیەوە بینی، چونکە دراوسێ بوون وموسڵمانەکانیش دەیانویست رووبەریان فراوان بکەن بەرەو باکوور، ئەمە لەلایەکەوە، هەوڵدانی کارۆلنجیەکان بۆ زاڵ بوون بەسەر نۆرپادا و بە (وراپە) کردنی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی لەلایەکی دیکەوە، ئەمەش بووە هۆی پێکدادان لە نێواندا.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان فەرەنجە و عەباسیەکان، ئەوا لەتەماحی کارۆلنجیەکان دوور بوو، ئەمەش دەرفەتێکی گونجاوی بۆ پەیوەندی سیاسی رەخساند لەنێوان هەردوولا (١)، ئەمەو سەرچاوە رۆژهەلاتیەکان چ ئیسلامی و چ دیانی باسی ئەم پەیوەندیانەیانە نەکردوە، تەنها سەرچاوە لاتینیەکان (٢) باسی ئەو پەیوەندیە دەکات کە هارون رەشید بە شارلمان – شای فەرەنجەکان– دەبەستێتەوە، بەڵام ئەم پەیوەندیە پەشێو و پەنهان دیارە، ئەمەش متمانەی مێژوونوسانی پێ کەم کردۆتەوە، لەرەنگە ناودارترین مێژوونوس کە ئەم پەیوەندییەی باس کردبێت خۆی (ئینهارد) بێت، مێژوونوسی شارلمان و نووسەری ژیاننامەی، هەروەها (سانت جول)ی قەشە.

بەپێی ئەم سەرچاوانە، ئەوا پەیوەندی نێوان ئەم دوو شاهە لەساڵی (١٨١ك/٧٩٧ز) دەستی پێکردوە، کاتێک شارلمان دوو شاندی بۆ رۆژهەلات نارد، یەکەمیان بۆ خەلیفە هارون، دووهەمیشیان بۆ (بگریرك – سەرۆك قەشە)ی قودس.

---

١ الرحيلي، سليمان ضفيدع :العلاقات السياسية بين الدولة العباسية و دولة الفرنجة، لا ٢٢– ٢٣.

٢ الدوري : لا ١١٧.

نێردەی یەکەمیان لە سێ کەس پێکهاتبوو، دووانیان لەفەرەنجەکانن و سێیەمیشیان جولەکەیەکە ناوی (ئیسحاق)ە، کەوا کاری وەرگێڕانی دەکرد (١)، بەڵام ئەم سەرچاوانە شوێنی چاوپێکەوتنی هارون بەدوو نێردراوەکەی (شارلمان)ی باس نەکردوە.

وادیارە ئەندامانی نێردەکە، بەهێزکردنی هاریکاری لەنێوان هەردوو دەوڵەتیان تاوتوێ کردوە، هەروەها داوایان کرد لە هارون ئاسانکاری بکات بۆ حاجیانی (کاپولیك) کە بۆ شوێنە پیرۆزەکان دێن و بیانپارێزی لە (أرپوزکس)ەکان. (ئینهارد) باس دەکات کە ئامانجی ئەم رەوانەکردنە دەستکەوتنی فیل بووە لەخەلیفە (٢).

ماوەی گەشتی نێردەکە سێ ساڵی خایاند، لەم ماوەیەدا دوو فەرەنجەکە مردن و ئیسحاق بە تەنیا لەگەڵ فیلێکدا هاتووە، کە دیاری هارون بوو بۆ شارلمان (٣). لەساڵی (١٨٣ك/٧٩٩ز) هارون رەشید نێردەیەکەی بۆ شانشینی فەرەنجی نارد، کە لە دوو ئەندام پێکهاتبوو، یەکەمیان فارسێك بوو نوێنەرایەتی خەلیفەی دەکرد، ئەوەی تریشیان مەغرىیەك بوو نوێنەرایەتی ئیبراهیمی کوڕی ئەلئەغلەبی دەکرد. جا گەیشتنی ئەم نێردەیە بۆ (ئاخن) پایتەختی کارۆلنجیەکان هاوکات بوو لەگەڵ گەیشتنی ئیسحاق، وادیارە ئەم نێردەیەی خەلیفەی وەلامدانەوەیەك بوو بۆ یەکەم نێردەی شارلمان بۆی (٤) پاشان شارلمان هەستا بە ناردنی نێردەی دووهەم بۆ هارون رەشید لەساڵی (١٨٦ ك / ٨٠٢ ز)، هارون-یش لەساڵی (١٩٢ك/ ٨٠٧ز) نێردەی دووهەمی بۆ نارد. (٥).

ئەوە بوو لەکاتی بوونی نێردراوانی رۆژئاوا لە رۆژهەلاتدا، نزیکبوونەوەیەکی دۆستانە لە نێوان (بگریرك)ی قودس و شارلمان رووىدا، هەردوولا نێردە و دیاریان

---

[1] Runcimah,s : charlwmagneand Palestine.lp ٦٠٧

[2] Einhard: The Life of charelemagne,p ٤٢

[3] Runciman :op.cit. p. ٦٠٧. Joranson, E: The Alleged Frankish Protectorate in Palestine, p ٢٤٤(٢)

[4] Palestine,p ٢٤٤

[5] الرحيلي : لا ٢٤.

ئالوگۆرکرد. (بگریرك) هەستا بە ناردنی کلیلەکانی کەنیسەی قیامە و کلیلەکانی شاری قودس و ئالایەك بۆ شای فەرەنجی ([1]).سەرچاوەکان ئاماژەیان بەوە نەکردوە کە (بطریرك) هیچ داخوازییەکی بە شارلمان پێشکەش کردبێت ([2]).

سەبارەت بەو پالنەرانەی کە بوونە هۆی پەیوەندی کردن لە نێوان هەردوولا، ئەوا بریتین لە:

پالنەرەکانی هارون رەشید:

– دوژمنایەتی دێرینی نێوان موسلمانان و بیزەنتیەکان وای لەخەلیفەی عەباسی کرد دەسەلاتی مەعنەوی لەناو گاورەکانی رۆژهەلاتدا لە ناوبەرێ، ئەمەش لە رێگەی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەل رۆژئاوادا.

– دژایەتی کردنی خەلیفەی عەباسی بۆ ئەمەویەکان لە ئەندەلوسدا و ئارەزووکردنی گەرانەوەی ولاتی ناوبراو بۆ ئامێزی دەولەتی عەباسی.

پالنەرەکانی شارلمان

– حەزی شای فەرەنجی لە زالبوون بەسەر ئۆرپادا، بە ئەندەلوس–یشەوە، بە مەبەستی ئەوەی تاجی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی بۆ بمێنێتەوە، پێویستبوونی بە پشتگیری مەعنەویی خەلیفە تا دووچاری بەرهەلستی عەرەبەکان نەبێتەوە لە ئەندەلوسدا، هەروەها لەهەلمەت بردنی بۆ ئەم ولاتە لەسالی (١٦٢ك/٧٧٨ز) کەوا بە شکست خواردن کۆتایی هات، روبەڕوی ئەمانە بووەوە:

– ناکۆکی لە نێوان خۆی و ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی دەربارەی (بۆماوەیی) تاجی دەولەتی رۆمانی.

– ئارەزووی کرد ئاسانکاری بکرێ بۆ هاولاتیەکانی ئەوانەی کە حەزیان لێیەتی بڕۆن بۆ شوێنە پیرۆزەکان حەج بکەن، دەسەلاتی مەعنەوی لەو شوێنانە پەیدا بکات.

---

[1] Runciman :op.cit. p ٦١١. هەمان سەرچاوە : ل ٧٢

[2] Ibid:p ٦١٠: Joranson:pp٢٤٥-٢٤٦

– دوژمنایەتی لە نێوان پاپا، هاوپەیمانی شارلمان، لەنێوان (بگریرك)ی (قسگنگینیە) و رکابەرێتیان لەسەر سەروەرێتی رۆحی لەجیهانی مەسیحیدا ([1])، بەڵام چەشنی ئەم پەیوەندییە و پاڵنەرە شاردراوەکانی، مشتومڕێکی بێ ئەنجامی لەنێوان مێژوونوسان وروژاند.

هەندێکیان هەبوونی ئەم پەیوەندیەیانەی رەتکردەوە، بۆیە نکۆلیشی لەهەبوونی هەر پەیوەندییەکی سیاسی لە نێوان هەردوو دەوڵەتی عەباسی و کارۆلنجی، کرد، پەیوەندی بازرگانیش لەنێوان چەند تاکێك لەهاوڵاتیانی هەردوو دەوڵەتەکە، تێپەڕی نەکرد، ئەمە جگە لەوەی کە لە نێوان خەلیفە و شاهەکاندا، هەر نەبوو.

گروپێکی دیکە لە مێژوونوسان هۆی ئەو نێردانەیانە بۆ پاڵنەری ئایینی گەڕانەوە، ئەوەش لە گۆشە نیگای ئەوەی (ئازادی)

ئەوە بوو شارلمان بەڵێنێکی لە هارون وەرگرت بۆ بەدیهێنانی ئەمە.

گروپی سێیەم لە مێژوونوسان وادەبێنن کە ئەم نێردانە رووکارێکی سیاسی بوو، مەبەستی یەکخستنی دیدەی سیاسی بوو لەنێوان هەردوو دەوڵەتدا، بەپێی ئەوەی کە لە زۆر دیاردەی سیاسیی دەوڵەت لەو کاتەدا، هاوبەش بوون.

گروپی چوارەم لە مێژوونوسان، وادەبینن کە ئەو نێردانە، هەوڵدانێك بوو بۆ بەستنی هاوپەیمانێتی لە نێوان دوو دەوڵەتدا، بەمەبستی راوەستانی هارون دژ بەدەوڵەتی بێزەنتی، راوەستانی شارلمان دژ بەدەوڵەتی ئەمەوی لە ئەندەلوسدا، بەحوکمی ئەو دوژمنایەتیەی کە لە نێوان عەباسیەکان و ئەمەویەکاندا هەبوو، هەروەها لە نێوان فەرەنجەکان و بێزەنتیەکانیشدا.([2])

بەڵام راستیە مێژووییەکان هەر ئەگەرێك بۆ بەستنی ئەم هاوپەیمانێتیە سیاسیە لە نێوان هەردوو شادا رەت دەکاتەوە، بە بەڵگەی:

---

[1] بگەڕێوە بۆ : الدوری : لا ۱۱۸.

دیقز: شارلمان. ئەم مێژوونوسە باس دەکات کە شارلّ هیچ پاڵنەرێکی شاراوەی نەبووە بۆ بەستنی پەیوەندی لەگەڵ هاروندا، بەتەما نەبووە سوود لەم پەیوەندییە وەرگرێ و پیلان بگێڕێ: بەڵکو ئەو ڕێزی هەبووە سوارچاکی و نەبەردی ئیمپراتۆرییەتی ئیسلامی کەوا لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ ئیمپراتۆرییەکەی خۆیدا لەیەك دەچوون. لا ۲۰۳.

[2] سەبارەت بە ئامانجی نێردەکان لە نێو هەردوو شادا بگەڕێوە بۆ :الرحیلی: لا ۳۷-٤۰.

١- مێـژووی ئـەم نێردانـە، وەکـو لـە سەرچـاوەکانـدا هـاتووە، هاوکاتـە لەگـەڵ پەیوەندییە سیاسیەکانی نێوان (ئیرین) ئیمپراتـۆری بێـزەنتی، لـەلایەکـەوە، شـارڵمان لەلایەکی دیکەوە، بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی دوو دەوڵەتەکەیان لەسەر ناوچـەی ئەستریا و دڵماسیا بەشێوەیەکی ئاشتیانە، ئـەم پەیوەندییـە باشـەش بـە شـێوەیەکی گشتی هەر بەردەوام بوو لەنێوان شارڵمان و ئەوانەی جێی ئیرین-یان گرتەوە، نقفور و میخائیلی یەکەم (١).

٢- هارون رەشید لە ململانێی لەگەڵ بێزەنتیەکاندا پێویستی بـە پاڵپـشتی رۆژئـاوا نەبوو، چونکە ئەو سەرکەوتوو بـوو بـەسەریاندا لـەرووی بازییـەوە، بـۆ ئـەوەی زیـاتر سەرکەوتنی خۆی بسەلمێنێ سەرانەی سەپاند بە سەریاندا، لەبەر ئـەوەش پەیوەنـدی عەباسـی - بێـزەنتی هـیچ پێویـستی نـەدەکرد لـە عەباسیەکان -لـەبـەر دوژمنایـەتی هاوبەشیان بۆ بێزەنتیەکان- پەیوەندی بەفەرەنجەکانەوە بکەن (٢)

٣- هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کـە گاورەکـانی رۆژهـەڵات مەترسـیان هـەبووبێت لەسەر ئـەمن و ئاسایشی دەوڵـەتی ئیـسلامی لـەسـەردەمی هـارون رەشـیددا، یـاخود بارودۆخیان خراپ بووبێت لـەسـایەی دەسـەڵاتی عەباسیدا. خەلیفـە عەباسیەکان لـە سەردەمی عەباسی یەکەمدا، بەپێی بنەماکانی شەریعەتی ئیسلامی مامەڵـەیان لەگـەڵ گاورەکـان کـردوە، ئەوانـەی کـە هـاوڵاتی دەوڵـەتی خۆیـان بـوون، بـەڵکو هەنـدێکیان گەیشتە پلـەیـەکی بـەرز لـە نـاو کۆشـکی خیلافەتـدا، هەندێکیان پۆسـتی ئیداریـشی گرتەدەست لە ئیدارەی عەباسیدا وەکو جرجیسی کوڕی جبرائیل و بختیـشوعی کـوڕی کەوا پزیشك بوو(٣).

٤- ناکرێ هارون دەستبەرداری مافە سیاسیەکانی خۆی بێ لـە شـوێنە پیرۆزەکـانی فەلەستیندا بۆ ئەوەی شاهی فەرەنجی بیگرێتە دەست، هەروەها بارودۆخی گاورەکـان لەفەلەستیندا پێویستی بەوە نەدەکرد (بطریرك) داوای پاسەوانیان بۆ بکات لـە شـاهی

---

[1] دیڤز : ل ١٨٦.عاقل، نبیه: الامبراطوریة البیزنطیة: ل ١٨٤.حاطوم، نورالدین :تاریخ العصرالوسیط، ب ١ ل ١٧٨

[2] الرحیلي: ل ٤٠

[3] ابن ابي اصیبعة:طبقات الاطباء، ل ١٨٣-١٨٦. الرحیلي :٦٩٦.

فەرەنجی. سەرچاوە فەرەنجیەکانیش، ئامانجی ئەو نێردانەی نێوان شاهی فەرەنجەو (بطریرك)ی قودس، روون نەکردۆتەوە، ئامازەیەکی پەنهان هەیە بۆ خاوەندارێتی شوێنە پیرۆزەکە (١).

٥ – بێرۆکەی پارێزگاری کردنی شارلمان لە شوێنە پیرۆزەکان، ئەفسانەیەکە، مێژوونوسی قەشە (سانت جول) دایهێناوە، کەوا لەپاش مردنی شارلمان بۆ ماوەی پەنجا ساڵ دەینوسی. ئەم قەشەیە هەستا بەکۆکردنەوەی زانیاری لەبارەی نێردەکان و دیاریپە ئالوگۆرکراوەکانی هەردوولا بۆ ئەوەی چیرۆکێك دانێ ناوەرۆکەکەی ئەوە بێ کە هارون رەشید دەستبەرداری فەلەستین بووە بۆ شارلمان و داهاتەکانیشی بۆ ناردووە (٢)، لە هەوڵێکدا بۆ گەرانەوەی دەسەلاتی گاورەکان بۆ سەر شوێنە پیرۆزەکاندا.

٦– پێشکەشکردنی کلیلەکانی کەنیسەی قیامە و قودس، سەرەڕای ئالاکە لەلایەن (بطریرك) ی قودس بۆ شارلمان، ناکرێ واتایەکی سیاسی ببەخشێ، چونکە ریوایەتگێڕەکان ئەوەندە بایەخیان پێ نەداوە و کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەمە تەنها بۆ دوعاو نزاو پیرۆزی بووە، جێی باسکردنە کە (بطریرك)ی قودس ناتوانێ هیچ هەنگاوێکی گرنگ بنێ کە رەهەندی سیاسی هەبێ بە بێ رەزامەندی خەلیفە، چونکە قودس لەسنووری دەسەلاتی دەوڵەتەکەیەتی (٣).

٧– هیچ شتێکی وەها نیە متمانە لە نێوان هەر دوو شادا پەیدا بکات. زۆر دوورە هارون رەشید لە گەل شارلمان رێکبکەوێ لەسەر لێدانی موسلمانەکانی ئەندەلوس، بەتایبەت ئەو وازی هێنا لەبیرۆکەی گەرانەوەی ئەم وڵاتە لە کاتێکدا کەئەو ناچار بوو دەست لە ئەفریقیا هەڵگرێ (٤).

---

[١] سەبارەت بە ئامانجی نێردەکانی نێوان شارلمان و (بطریرك)ی قودس و بۆچوونی لێکۆڵەران دەربارەی، بگەڕێوە بۆ : الرحیلي : هەمان سەرچاوە. ل ٧٦-٨٦

[٢] Runciman :op.cip cit.,p ٦٢٩

[٣] Jorahsom;p ٢٤٨ (١) الدوري: ل ١١٩. الرحيلي :ل ٨٢

[٤] Buckier; pp٢٢-٢٥.(٢) مؤنس : ب ١ ل ١٨٣.عبدالله : ل ٣١٢

٨- سەرچاوە رۆژهەلاتیەکان چ ئیسلامی و چ مەسیحی ئاماژەی بەو نێردانە نەکردوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئاماژەی بەو نێردانەی کردوە کە لە نێوان هارون رەشید و پاشای (هند)دا ئالوگۆڕکراوە(١).

لەوانەیە هەبوونی جۆرێك لەپەیوەندی بازرگانی و سیاسی هەبووبێت کە شێوەی هاوپەیمانێتی سیاسی لەخۆ نەگرتبێت، بازرگانانی جوولەکە بەرپرس بووبێتن لێی کەوا ئەڵقەی گەیشتن بوون لە نێوان رۆژهەلات و رۆژئاوادا، کەوا لەنێوان فەرەنسا و وڵاتە ئیسلامیەکان و چیندا بازرگانیان دەکرد، بە تایبەت شێوازی بازرگانەکانی ئەو کاتە وابوو ناوی نێردراویان لەخۆیان دەنا بۆ ئاسانکردنی بەرژەوەندییەکان (٢).

جێنشینێتی - مەرگی هارون رەشید

لەسالی(١٧٥ ك/٧٩١ ز) هارون، (موحەممەد ئەمین)ی کوڕی کرد بە جێنشینی خۆی، هەرچەندە تەمەنیشی لەپێنج سالّ تێپەڕی نەکردبوو، بەڵام بە باشتری زانی لەبرا گەورەکەی (عەبدوڵڵا ئەمئمون)، ئەوەش بەکاریگەی زوبەیدەی هاوسەری و خاڵەکانی لەبنەماڵەی هاشم و (الفضل)ی کوڕی یەحیا، بەڵام هەندێ لەبنەماڵی هاشم بەهۆی بچووکی تەمەنیەوە رازی نەبوون بەیعەتی پێ بدەن (٢).

لەسالی (١٨٢ ك/٧٩٩ز) هارون، بەیعەتی بۆ (عەبدوڵڵا ئەمئمون)ی پەسەندکردنی بە جێنشین لەدوای ئەمین، وەکردی بەفەرمانڕەوای خۆراسان و ئەوەی سەر بە خۆراسان بوو، لە هەمەدان-ەوە تاوەکو کۆتایی رۆژهەلات، ئەمەش بەکاریگەری جەعفەری کوڕی یەحیا بوو (٤).

لەسالی (١٨٦ك/٨٠٢ز) هارون بەیعەتی بۆ قاسمی کوڕی سەند لەدوای مەئمون و نازناوی (موئتەمەن)ی پێداو کردی بەفەرمانڕەوای جەزیرە و ناوچەکانی سەرسنور و

---

[١] ابن عبد ربه : العقد الفريد، ب ٢ لا ٢٠٣- ٢٠٤.

[٢] الدوري :لا ١٢١.

[٣] الطبري: ب٨ لا ٢٤٠ - ٢٤١

[٤] ابن اعثم: ب ٤ لا ٤٢٢. الطبري: هەمان سەرچاوە : لا ٢٦٩ - ٢٧٥.

پارێزگاکـان، ئـەوەش بـەکاریگـەری عەبدولمـەلیکی کـوڕی سـالح –پـەروەر دیـاری قاسم.([1]).

ئابـەم شێوەیە، هـارون کەوتـەناو هەڵـەی پێـشینەکانی، بـەهـۆی ترسی لـەسـەر دەسەڵاتدا لـەپـاش خـۆی. ئـەم دامەزراندنە بـۆ جێنـشینەکانی و بـەش بـەش کردنـی دەوڵەت لە نێوانیاندا، مەترسیەك بوو هەڕەشەی لەدەوڵەت دەکرد بـە شـەڕی نـاوخۆ. ئەوە بوو رکابەرێتی نێوان هەردوو برا گەورە مەئمون و ئەمین، لە ژیـانی هاروندا، وای لەخەلیفە کرد لەسەر ئایندەی دەوڵەت لەپاش خۆی بترسێ. بۆیـە چـەندین دانیـشتنی یەك لەدوای یەکی سازکرد بۆتاوتوێ کردنی ئەم بابەتە لە گەڵ وەزیـرو یاریـدەرەکانی، رێکەوتن لەسەر ئەوەی پەیمان لەم دوو میرە بسێنن لە (کەعبە – مالی خوا) کە شەڕو ئازاوە نەگێڕنەوە دژ بەیەکتر.

لەسالی (١٨٦ ك/٨٠٢ن) هارون بۆ حـەج رۆیـشت و هـەردوو کوڕەکـەشـی لـەگـەڵ خۆیـدا بـرد بـۆ جێبـەجێکردنـی ئـەوەی کـە لـەسـەری رێککـەوتن. ئـەوەبوو پـەیمانی لێسـەندن کـە دەسـت وەرنـەدەن لـە کاروبـاری یـەکتری و لـە کاروبـاری (مونتـەمن)ی برایان.کۆپییەك لەو پەیماننامەیـە لـەحەوشـەی (کـەعبـە) هەڵواسـرا بـۆ ئـەوەی زیـاتر پبڕۆزبێت و جێبەجێکردنی دوو پات بکرێتەوە ([2]).

لەسالی (١٩٢ ك / ٨٠٨ ن) هارون لەبەغدادەوە کەوتەڕێ بەرەو خۆراسان بۆ ئەوەی سنوورێك بۆ شۆڕشی (رافعی کوڕی–لیپ) دانـێ، (موحەمـەد لئـەمین)ی کـوڕی خـستە شوێنی خۆی لـەبـەغـداد و (عەبـدوللا لمـەئمون)ی کـوڕی لەگـەڵ خۆیـدا بـرد، هـارون بەدەستی نەخۆشیەك لە سکیدا دەینالاند و پشتێنێکی ئاورێشمی بەستبوو تـا ئێش و ئازارەکەی کەم بکاتەوە. جا کاتێك گەیشتە (گوس) لـەمـانگی سـەفەر، نەخۆشـیەکەی ئەوەندە زیادی کرد لە سەری نەیدەتوانی هەستێ. شەوی شەممە کە سێ رۆژی مـابوو بە (مانگی –جمادی الاخرە– ١٩٢ ك/مانگی ئادار سالی٨٠٩ ن) کۆچی دوایی کرد ([3]).

---

[1] الطبري : هەمان سەرچاوە : ل ٤٧٦

[2] الطبري :بـ٨ ل ٢٧٧ – ٢٨٦ وە طبري.دەقی پەیماننامە کانیش دەنووسیت. ابن اعثم: ب ٤ ل ٤٢٢– ٤٢٣.

[3] الطبري : هەمان سەرچاوە : ل ٢٤٢ – ٢٤٦.

بەندی پێنجەم

موحەمەدی ئەمین – عەبدوڵڵای مەئمون

ئەبوموسای موحەمەدی ئەمین ١٩٣-١٩٨ ك / ٨٠٩-٨١٣ ز

ناساندنی ئەمین

موحەمەدی ئەمین، کوڕی هارون ڕەشیدی کوڕی موحەمەدی مەهدی کوڕی مەنسور، ئەبو موسای هاشمی عەباسی، دایکیشی (دایکی جەعفەر)، ناوی زوبەیدەی کچی جەعفەری کچی ئەبو جەعفەری مەنسورە. ئەمین، لەڕەسافە لەسالّی (١٧٠ك/٧٨٦ز) لە دایکبووە و لە پاش مردنی هارونی باوکی بەیعەتی پێدرا بۆ خەلافەت. بە ڕەوشت جوانی ناسراو بوو، لەشیعردا شارەزابوو، زمانپاراو، بەڵام گەمەو گاڵتە و ئارەزووبازی و لاوازی کەسایەتی زاڵ بوو بەسەریا. لەسەر دەستی (کیسائی) پەروەردە بوو و قورئانیشی خوێندوە لەلای (١). ناسراو بوو بە خۆشویستنی هاوڕێکانی و سۆزنواندن لەگەڵیاندا، بەڵام وەکو سەرکردە و فەرمانڕەوایەك شکستی هێنا.

هۆکارەکانی ململانێی نێوان ئەمین و مەئمون

ڕەگ وڕیشەی ململانێی نێوان ئەم دووبرایە دەگەڕێنەوە بۆ سێ هۆ کار، بریتین لە: کێشەی جێنشینێتی – ململانێی ڕەگەزپەرستی غەرەبی فارسی – تەماحی داروودەستە.

أ- کێشەی جێنشینێتی

ئەم کێشەیە بە بەهێزترین هۆکار دادەنرێ، چونکە هەوڵدانە بۆ دەسەڵات گرتن، هەروەها ئەو هۆکارە دەروونییانەی کەوا لەلای ئەمین پەیدا بوو بەرامبەر بە دووبراکەی، ئەوەبوو دەستپێشخەری کرد لە سەرپێچی کردنی بنەماکانی

---

[1] ابن کثیر : ب ١٠ لا ٢٢٢ - ٢٤١.

پەیماننامەکە، چەند هەنگاوێکی نا بووە هۆی تەقینەوەی بارودۆخەکە، لەو هەنگاوانەش:

– هەر لەسەرەتاوە هەوڵی ئەوەیدا دەسەڵاتی بسپێنێ بەسەر ویلایەتەکانی هەردوو براکەیدا پاشان پێشخستنی موسای کوڕی لەبەیەقدا.

– ئەو کاتەی کە باوکی پەیمانی لەخۆی و مەئمونی برای سەندو لە حەوشەی کەعبە پەیماننامەکەی هەڵیواسی، نیازی ئەمین غەدرکردن بوو. چونکە کاتێک جەعفەری بەرمەکی داوای لێکرد سوێند بخوا پەیمانەکە نەشکێنێ بەدەنگیەوەچوو و وتی: ((خوا سەرشۆرم بکات ئەگەر هاتوو شکاندم)) سێ جاریش دووبارەی کردەوە. جا کاتێک دەرچوو بە (فەضل–ی کوڕی رەبیعی) وت : ((ئەی ئەبو لەبەباس، کە سوێندم دەخوارد نیازی غەدرکردنم هەبوو)).([1])

– لێدوانەکانی ئەمین، کاتێک بڕیاریدا مەئمون لابەرێ و بەیعەت بە موسای کوڕی بدات، بە یەحیای کوڕی سەلیم –کەوا لەم کارەدا راوێژی پێکردو هەوڵی دا لە بڕیارەکەی پەشیمانی بکاتەوە– وتی: ((بۆچوونی هارون هەڵەیەک بوو، جەعفەری کوڕی یەحیا کاری تێکرد و سەری لێ تێکدا و بە نەرمونیانی خۆی رازی کرد. جا نەمامێکی نەویستراوی بۆ چاندین سوودی لێ نابینین بە بڕینی نەبێ، کارەکانمان باش نابێ بە هەڵکەندنی نەبێ)).([2]) رۆژێکیان بە (الفضل)ی کوڕی رەبیعی وت: ((هاوار لەتۆ ئەی (فچل)، ژیان لەگەڵ مانەوەی عەبدوڵڵا و بەرهەڵستی کردنی بۆ ئێمە نیە، دەبێ لابردرێ.....))([3])، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نیازی غەدرکردن لەلای ئەمین هەبووە و هەر لە ساتی یەکەمەوە کەوا هارونی باوکی مەئمونی برای کرد بە جێنشین لەدوای خۆی. ئەم کێشەیە بوو، ململانێی نێوان هەردوو برای تەقاندەوە، ئەوان لە ژیانی باوکیاندا نێوانیان باش نەبوو جا کە مرد هیچ کامەیان ئەوەی تری نەدەویست.

---

[1] الجهشياري: لا ٢٢٢.

[2] الطبري :ب ٨ لا ٢٨٤– ٢٨٥.(جهشياري) وا باسی دەکات کە ئەوەی ئەمین راوێژی پێکردوە، یەحیای کوڕی سولەیمان بووە. لا ٢٩٢.

[3] الطبري :هەمان سەرچاوە : لا ٢٩٩.

سەبارەت بە مەئمون، ئەوا لە خۆراساندا خۆی گیردابوو و جێی نەدەهێشت، سەبارەت بە ئەمین–یش ئەوا لەناکامی ئەم گۆشەگیریە دەترسا، بۆیە شتێکی ئاسایی بوو کە هەردو وبرا گومان لەیەکتری بکەن ([1])

ب – ململانێی رەگەزپەرستی عەرەب و فارس

ئەو رۆڵە سیاسیەی کە هەریەک لەم دوو کەسە دەیانگێڕا، (الفضل)ی کوڕی سەهل نوسەری مەئمون و کارسازی، کەوا رەگەزپەرستی فارسیی لەئیدارەی عەباسیدا دەنواند، (الفضل)ی کوڕی رەبیع کە حەز وئاواتەکانی عەرەبی دەنواند، لەماوەی پێش مردنی هارون بەشێوەیەکی سنوردار دەرکەوت، ئەوە بوو (الفضل)ی یەکەمیان بەگوڕو تینێکی رەگەزپەرستانەوە و لەترسی مردنی هارونـدا پاش قـورس بـوونی نەخۆشیەکەی، کەوتە هەوڵ و تەقەلا بۆ مسۆگەر کردنی مافی مەئمون لە خیلافەتدا و پاراستنی لە زۆر و ستەمی ئەمین–ی برای و داردەستەکەی. رەنگە یەکەم هەنگاوی بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانی ئەوە بوو قەناعەتی بە مەئمون کرد لەگەڵ باوکی بۆ خۆراسان بڕوات تا لایەنگر بۆ خۆی پەیدا بکات و لە دەستدرێژی ئەمین و گروهـپ و تاقمەکەی دوور بکەوێتەوە.

لەپاش مردنی هارون رازو نیازی هەردوولا ئاشکرا بوو، لەیەک نەچـوونی تێڕوانینـە سیاسیەکانیان بە رووبی دەرکەوت.

هارون کاتێک نەخۆشیەکەی قورسی کرد لەسەری، بەیعەتی بۆ مەئمون نوێ کـردوە لەپاش ئەمین. جا ئەمین کەزانی نەخۆشیەکە قورسی کردووە لەسەر باوکی، (بەکری کـوڕی ئەلموعتـەمیڕی) لەگـەڵ نوسـراوێکدا بـۆ خۆراسـان نـارد، رووکـەشـەکەی هەواڵپرسینی باوکی بوو و ناوەڕۆکەکەی فەرمانکردن بوو بە خەڵکی کە بەکەرەستەی جەنگەوە بگەڕێنەوە بۆ بەغداد ([2]).

(الفـضل)ی کـوڕی رەبیـع–یش کـە بەرپرسـی مووچـەدان و خـەرجکردنی پـارە و

---

[1] محمود و الشريف : لا ١١٢.

[2] الطبري : ب ٨ لا ٣٦٨-٣٦٩.

ڕێکخستنی کاروباری هارون، بوو، دوو دڵی نەکرد لەهێنانەوەی سەربازەکان بەکەرەستەی جەنگەوە لەپاش مردنی، هەر لای نەدا لەلای مەئمون و ئاوڕیشی بۆ نەدایەوە، هەرچەندە مەئمون داوای لە خۆی و هاوەڵەکانی کرد نەڕۆن و بیری خستنەوە بەو پەیمان و بەڵێنانەی کە هارون لێی سەندن. ئەمەش مەئمونی زۆر دڵتەنگ کرد و ئازاری پێگەیاند و هەستی بە بەدنیازی ئەمین-ی برای کرد لەبەرامبەری(1).

لەڕاستیدا ئەو سەرکەوتنەی کە ڕەگەزی عەرەبی بەدەستی هێنا لە زاڵبوون بەسەر بەرمەکێکاندا و هەوڵی بەردەوامی بۆ مسۆگەرکردنی دەسەڵات و دەستڕۆیشتنی زیاتر، لەوانەیە ئەگەر لەسایە خەلیفەیەکی وەکو ئەمین نەبێ نەهاتبایەتەدی، ئەمەش بوو وای لە(الفجل)ی کوڕی ڕەبیع کرد هەموو قورسایەتی خۆی بخاتە سەری وەکو هەلێك بۆ چوونە ناو ململانێیەکی دیکە.

سەبارەت بە (کوڕی سەهل) ئەوا داخوازیەکەی ئەمین-ی ڕەتکردەوە و کارەکەی بۆ مەئمون ئاسانکرد و پێی وت: ((بەڕەنگاری خاڵەکانت ببەوە و بەیعەتت لە ئەستۆیانە و کەمێك خۆڕاگربە من خیلافەتت بۆ مسۆگەر دەکەم)).(2).

بێ گومان کوڕی سەهل کە مەئمون-ی هان دەدا لە خۆراساندا بمێنێتەوە و پاڵپشتی دەکرد و داوای ئەمین-ی ڕەت کردەوە لە گەڕانەوە بۆ بەغداد، پاڵنەری ڕەگەزپەرستی و کەسی هەبوو (3)، ئەمەشی بۆ (ئەبو موحەمەدی یەزیدی) ڕوونکردەوە کەوا ئەو خزمەتی دەکات ((بۆ ئەوەی لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا زاڵ بێ، ئامانجی بە ئەنگوستیلەکەی کردو وتی: ((لەبەر ئەمە خزمەتم کرد و لەبەر ئەمە هاوەڵیم کرد)).(4).

لەڕاستیدا کوڕی سەهل کەوا هەوڵی دەدا هاوەڵەکەی بگەیەنێتە پۆستی خیلافەت،

---

1 همان سەرچاوە : لا ٣٧٠-٣٧١. الجهشياري :لا ٢٧٧ز

2 الطبري : همان سەرچاوە : لا ٣٧٢.

3 الدوري :لا ١٤٨.

4 الجهشياري : لا ٢٨٠.

ئومێدەوار بوو (مرو) بکرێتە پایتەختی ئەم خیلافەتە لەباتی بەغداد، خۆراسانیش شکۆمەندی بۆ بگەڕێتەوە، ڕۆڵێکی ئاشکرای بینی لە کۆکردنەوەی خەڵکی خۆراسان لە پشت دۆزەکەی، ئەمانیش قایل نەبوون بچنە ژێر سایەی دەوڵەتی عەباسی پاش لێقەومانی بەرمەکیەکان بۆیە بە تونـدی پـشتگیریان لـە مەئـمون کـرد، بـووە ئـەو پێشەوایەی کە خۆراسانی نوێ پشتیوانی دەکرد (١).

ئابەم شێوەیە ململانێکە ڕەهەندێکی نەتەوە پەرستی لەخۆگرت لەنێوان عـەرەب و فارسدا، کەسانێکی دەمارگیر بۆ لایەنێك ڕووداوەکانیان ئاراستە دەکرد، عەرەب پشتی ئەمینی دەگرت و فارسیش دەستی خوشکەزاکەیان گرت و پشتیان قایم کرد.

ج - تەماحی داروودەستە

داروودەستەی ئەمین، بە تایبەتی (الفضل)ی کوڕی ئەلرەبیع و عەلی کـوڕی عیسای کوڕی ماهان، بەهێزانـە پـشتیوانیان لـێ دەکـرد و هانیـان دەدا پەیمانەکـە بـشکێنێ، ئەگەرچی بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن مەیلی هەبووە وەفادار بێ لەگەڵ دووبراکەیدا، هەرچـەندە لێدوانـەکانی پێـشووی پێـچەوانەش بـوو. (الفـضل)ی کـوڕی ئـەلرەبیع ئامۆژگاری کرد مەئمونی برای بانگهێشت بکات بۆ بەغداد، بۆ ئەوەی وەکـو بارمتەیـەك لای خۆی دابنێ و خۆی و سەربازەکانی لەیەك جیابکاتـەوە، وەکـو ڕێخۆشکردنێك بـۆ لابردنـی و کردنـی موسـای کـوڕی بـە جێنـشین لـەدوای خـۆی (٢) لەلایـەنی خۆیـەوە، (الفضل)ی کوڕی سەهل پشتی مەئمونی گرت و داوای لێبـوردنی کـرد لـە ڕۆیشتن بـۆ بەغداد بە بیانوی ئەوەی کە بارودۆخی خۆراسان وا دەخوازێ بمێنێ (٣) ئابەم شێوەیە دەستێوەردانی داروودەستە ململانێکەیـان وروژانـد کـەوا گەیـشتە ڕادەیـەك کـە دەبـوو بچوونایە بەگژی یەکتر.

---

١ محمود و الشريف :لا ١١٠

٢ الطبري : ب ٨ لا ٣٧٤.

٣ الجهشياري :لا ٢٨٩-٢٩٠.

قۆناغی ململانێی ئەمین و مەئمون

ململانێی نێوان ئەمین و مەئمون بەدوو قۆناغدا تێپەڕ بوو: قۆناغی دانوستانی ناشتیانە کەوا لەسالی (١٩٥ك/٨١١ز) کۆتایی هات، قۆناغی یەکلایی کردنەوەی سەربازی کەوا بەکوشتنی ئەمین لەسالی (١٩٨ك/٨١٣ز) کۆتایی هات (١).

قۆناغی دانوستان

لەسەرەتاوە ململانێکە شێوەی نامە ناردنی وەرگرت لەنێوان هەردوبرا دەربارەی دۆزی جێنیشینێتی و ئەو دەسەڵاتانەی تایبەتن بە خەلیفە (٢)ئەمین شێوازێکی سیاسی هەڵخەڵەتێنەری پەیڕەو کرد بۆ رازی کردنی براکەی و راکێشکردنی دارودەستەکەی، نیازیشی ئەوە بوو لە جێنیشینێتی لابەری، بۆیە دۆستایەتی خۆی بۆ نواند.

مەئمون-یش لەلایەنی خۆیەوە بەشێوەیەک هەڵسو کەوتی کرد براکەی دڵنەوا کردوە، لە نامەکانیدا بەرێ رایدەگرت و دیاری زۆر جوانی خۆراسانی بۆ نارد (٣).

ئەوە بوو ئەمین هەموو دەسەڵاتێکی لە مۆئتەمەن-ی برای سەندەوە و هێنای بۆ بەغداد.هاوکات نوسراوێکی بۆ هەموو کاربەدەستەکان نارد کە بانگەشە بۆ موسای کوڕی بکەن ببێ بە جێنشینی لەدوای خۆی ئەوجا بۆ مەئمون و قاسم. مەئمون کاتێک ئەوەی بیست، زانی کە ئەمین بە نیازە پەیمانەکە بشکێنێ، بۆیە نامەو پۆستە ناردنی راگرت و ناویشی لەسەر دراو سڕییەوە(٤).

ئەمین بەردەوام بوو لە دۆستایەتی نواندن بێ ئەوەی رازونیازی خۆی دەرخات، بۆیە نوسراوێکی بۆ مەئمون نارد بانگهێشتی دەکرد بۆ بەغداد کەوا پێویستی بەو هەیە لەبەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا، بەنیازی غەدرکردن.(٥) وا دیارە ئەمین دڵی بۆ

---

١ الدوري : لا ١٤٨.

٢ الطبري به وردی باسی کردوە :ب٨ لا ٢٧٤ و ئەوەی دوای.

٣ الطبري: ب٨ لا ٢٧٢.

٤ هەمان سەرچاوە: لا ٢٧٥.

٥ الجهشياري : لا ٢٩١-٢٩٢.

ئەوە شنا بەدەنگی براکەیەوە بچێ و خەریك بوو هەڵخەڵەتێ، ئەگەر (الفضل)ی کوڕی سەهلی وەزیری ئاگاداری نەکردایەتەوە، و ئامۆژگاری کرد داوای لێبوردنی لێ بکات و کاریکات بۆ بەهێزکردنی سوپاکەی و پشەوکردنی بنکەی خۆی لەخۆراسان (١).

ئەمین نامێد نەبوو لە هەڵخەڵەتاندنی مەئمونی بڕای و بڕیاری دا وردە وردە هەر تایبەتمەندییەکی هەیە لێی ببسێنێتەوە، نوسراوێکی بۆ نارد داوای لێکرد دەستهەڵگرێ لە چەند ناوچەیەکی خۆراسان کە خۆی ناویانی برد و لەلایەنی خۆیە کاربەدەستی بۆ بنێری و نیازی هەیە کارمەندێکیش لەسەر پۆستەی(برید) دامەزرێنێ بۆ ئەوەی هەواڵی بۆ بنێرێ، چونکە ئەو خەلیفەی موسڵمانانە و بۆی هەیە هەڵسوکەوت بەکاروباری خۆراساندا بکات بەپێی بەرژەوەندی گشتی (٢).

مەئمون راوێژی بەکەسانی دەوروبەری کرد، هەموویان ئامۆژگاریان کرد بەدەنگی داخوازیەکەی بچێت جگە لە (الفضل)ی کوڕی سەهل کەوا پێشنیارەکەی رەتکردەوە، مەئمون-یش بە گوێی کرد و ئەوەی بۆ براکەی نوسی (٣).

ئەم وەزیرە فارسە سیاسەتێکی بۆ مەئمون داڕشت لە سەری رێ بکات:

- پەناگرتن بەخۆراسان چونکە خۆراسانیەکان بەیعەتیان بۆی هەڵناوەشێننەوە بە حوکمی خزمایەتیان.
- پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ئاینی سەنگین.
- بایەخدان بە کاروباری دەوڵەت و بەتەنگەوە چوونی سکاڵاکان (٤).

بۆیە خەڵکی خۆشیان ویست و پشتیان گرت (٥).

لەئەنجامی ئەم لەیەك دابڕانە، بارودۆخەکە زیاتر گرژبوو لەنێوان هەردوولا و سنورەکان لە نێوانیاندا داخرا، مەئمون-یش هەندێ ئامادەباشی کرد بۆ ئەوەی رێگە لەو پرۆپاگەندەیە بگرێ کە ئەمین دژی بڵاوی دەکردەوە بەمەبەستی راکێشکردنی

---

١ الطبري : ب ٨ لا ٣٧٢.

٢ الطبري:ب ٨ لا ٣٧٧.

٣ هەمان سەرچاوە : لا ٣٧٧-٣٧٩.

٤ الجهشياري : لا ٢٧٨-٢٧٩.

٥ هەمان سەرچاوە : لا ٢٧٩.

هەست و سۆزی خۆراسانیەکان بۆ لای خۆی. هەستا بەدانانی پاسەوانیەکی توند بەدرێژایی رێگەی نێوان عێراق و خۆراسان، فەرمانی دا بەدەستگیر کردنی ئەو گومانلێکراوانەی کە لە عێراقەوە دێن (۱).

نزیکبوو دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی ببێتە دوو بەشەوە، دژ بەیەکتر. بەشی رۆژئاوا کە شاری بەغدادی لێیە و ئەمین سەرکردایەتی و عەرەبەکان پاڵپشتی دەکەن، سەرۆکی هێزەکانیشی عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهان، سەرکردەیەکی عەرەبە، بەشی رۆژهەڵات واتە خۆراسان و ویلایەتەکانی رۆژهەڵات، مەئمون-یش لەشاری (مرو) نیشتەجێ بووە بە پاڵپشتی فارسەکان، سەرکردەی هێزەکانیشی (تاهیری کوڕی ئەلحوسەین)ە.

رۆژ هات و رۆژ چوو و ململانێکە پەرەی دەسەند، ئەمین-یش نەیتوانی وا لە مەئمون بکات دەستبەرداری مافی خۆی بێ لە جێنیشینێتی بۆ بەرژەوەندی موسای کوڕی (۲). ئەمەش وای لێکرد لە ساڵی (۱۹۵ك/۸۱۱ز) لایەری، پەیماننامەکەشی لە حەوشەی کەعبە هێنا و سوتاندی، هەرچەندە هەندێ لە دەوروبەرەکەی ئاگاداریان کردەوە لە ئەنجامدانی ئەم کارە.(۳)

ئەم هەڵسوکەوتە، خۆراسانیەکان و کۆمەڵی خەڵکی تری لەشارەکاندا تووڕە کرد، بۆیە لەرووی هەستان و ئاشوب و ئاژاوە بەرپابوو و روبەڕوبوونەوەی چەکداری بووە شتێکی گومان لێنەکراو، جا هەردوولایان کەوتنە خۆ ئامادەکردن.

قۆناغی یەکلایی کردنەوەی سەربازی

ئەمین، بەسەرکردایەتی عەلی کوڕی عیسای کوڕی ماهان، فەرمانڕەوای پێشووی خۆراسان، سوپایەکی بەڕێکرد بۆ جەنگاندنی براکەی و بەرەو (رەی) کەوتەڕێ، سوپای مەئمون-ی براشی بە سەرکردایەتی تاهیری کوڕی ئەلحوسەین لەوێ

---

[۱] الطبري : ب ۸ ل ۳۷۹.

[۲] الطبري : ب ۸ ل ۳۷۵-۳۷٦.

[۳] هەمان سەرچاوە :ل ۳۸۹، ۳۸۷. الجهشياري : ل ۲۹۲.

چاوەڕوانی بوو.

هەردوو سوپاکە چوونە گژیەکدا لەشەڕێکی سەخت و گراندا، لە ئەنجامدا سوپای مەئمون سەرکەوت وعەلی کوڕی عیسا کوژرا. هێشتا هەواڵی سەرکەوتن نەگەیشتبووە بارەگای مەئمون لە (مرو)دا، خەڵکی بەیعەتیان بە مەئمون دا بۆ خیلافەت[1].

لەراستیدا ئەمین هەڵەی کرد لە هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی سیاسی و سەربازی، یاخود دەسخەڕۆیان کرد بە هەڵبژاردنی عەلی کوڕی عیسا بۆ سەرکردایەتی هێزەکانی، چونکە ئەم هەڵبژاردنە ئەگەری راکێشکردنی خۆراسانیەکانی بۆ لای خۆی لە ناوبرد، چونکە زۆر رقیان لێی بوو، ئەمەش هەست و نەستیانی جۆشاند، بۆیە بۆ مردن شەڕیان کرد.

وادیارە هەرو ئارەزوی کەسی لەم هەڵبژاردنەدا رۆڵی گێڕا. چونکە عەلی تەماحی ئەوەی بوو بگەڕێتەوە بۆ پۆستە کۆنەکەی، فەرمانڕەوا لە وێلایەتی خۆراسان، لەوانەیە ئەمین-یش بۆ ئەوەی رقیان هەڵسێنێ بە ئەنقەست سەرکردایەتیەکەی رادەست کرد. زیاتر یەکێك لە سیخوڕەکانی (الفچل)ی کوڕی سەهل کە ناوی ئەلعەباسی کوڕی موسایە، ئامۆژگاری ئەمین-ی کرد، عەلی بکاتە سەرکردەی سوپاکە تا خۆراسانیەکان بۆ شەڕکردن بجۆشێنێ.

دەنگوباسی دۆڕانی سوپای ئەمین بووە مایەی ترس و تۆقین لە (بەغداد)دا، ئەمەش وای لە خەلیفە کرد سوپایەکی تر ئامادە بکات بە سەرکردایەتی عەبدولڕەحمانی کوڕی جیلەی ئەنباری و ناردی بۆ خۆراسان، بۆ ئەوەی بەر بە هێرشی تاهیر بگرێ[2]، شەڕی دووهەم لەنێوان ئەم دوو هێزەدا لە هەمەدان رووییدا، دیسانەوە سوپای مەئمون سەرکەوت. تاهیر زاڵ بوو بەسەر شارەکەو بەردەوام بوو لەهێرشەکەی بەرەو بەغداد بەهاوەڵێتی (هریمە بن أعین).[3]. کە گەیشتە نزیکی بەغداد، گەمارۆیەکی توندوتۆڵی دا، ئاژاوە کەوتە ناوی و شەقامەکانی پێکدادانی ناوخۆیی

---

[1] هەمان دوو سەر چاوەی پێشوو : ل ٤١١، ل ٢٩٣.

[2] الطبري : هەمان سەر چاوە ل ٤١٣-٤١٤.

[3] الطبري : ب ٨ ل ٤١٣ - ٤١٤.

بەخۆوە ببینی لەنێوان لایەنگرانی هەردوولا. ئەوە بوو هێزێکی خۆراسانی توانی بچێتە ناو و ئەمین دەستگیر بکات، لابردنی لەسەر حوکم راگەینرا، بەڵام گروپە عەرەبیەکان دژە هێرشێکیان کرد و توانیان ئازادی بکەن و هێزەکانی خۆراسان لە شار دەربکەن.

لە ئەنجامی فشاری گەمارۆدانەکە، ئەمین بێ هێزبوو، سەربازەکانی وریان نەما، بەرگریکردن نەما، تاهیر–یش بە زۆر چووە ناو شارەوە، جا خەلیفە دوو هەڵبژاردنی لەبەردەمدا بوو: یان دەبێ دواین هەوڵی خۆی بدات بۆ شکاندنی ریزەکانی هێزی خۆراسانی، یان خۆی بەدەستەوە بدات و داوای ئەمان بکات. جا لەبەر ئەوەی بەپێی پێویست پیاوی لەگەڵ نەبوو یارمەتی بدەن لەسەر بەرگری کردن، پێی باش بوو خۆی رادەستی سەرکردە (هرثمەبن أعین) بکات، بۆیە ئەمی هەڵبژارد چونکە تاهیر تووندڕەو بوو، بەڵام تاهیر بۆسەی بۆ داناو دەستگیری کردو خستیە زیندانەوە، ئەوجا ژمارەیەک لە سەربازەکانی خۆراسان خۆیان کردە ناو زیندانەکەیەوە و کوشتیان، ئەمەش لەبیست وپێنجی (مانگی موحەڕەم سالی ۱۹۸ك/مانگی ئاب سالی ۸۱۳ز) رووبدا. تاهیر شاری بەغدادی کۆنترۆڵ کرد و خەلکەکەی دڵنیا کردەوە، بەوەش خیلافەتی ئەمین کۆتایی پێهات ([1]).

[1] دەربارەی وردەکاری ئەم رووداوانە بگەڕێوە بۆ هەمان سەرچاوە : ل ٤٧٢-٤٨٩

ئەبو جەعفەری عەبدوڵڵای مەئمون ١٩٨-٢١٨ك/٨١٣-٨٣٣ز

ناساندنی مەئمون

عەبدوڵڵای مەئمون، کوڕی هارون ڕەشیدی قرشی هاشمی، ئەبو جەعفەر، میری بڕواداران، دایکی بەس کوڕی هەبووە، پێی دەوترێ (مراجل الباذغسية). لەسالی (١٧٠ك/٧٨٦ز) لە دایك بووە، لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا باوکی کردی بەجێنشین. لە سالی (١٩٨ك/٨١٣ز) هات بۆ بەغداد.([1]).

مەئمون بەکۆمەڵی سیفەت ناسرا کە لە خەلیفەکانی دیکەی عەباسی جیای دەکردەوە، لەوانەش : حەزی لە لێبوردەیی بوو و ڕقی لەتۆڵەسەندنەوە بوو، لە هەموو خەلیفە عەباسیەکانی تر بەخشندەتر بوو، بەڵگەی بەهێزی پێ بۆ قەناعەت کردنی بە بەرامبەرەکەی، زرنگ بوو، وەڵامی خێرای پێ بوو. ئەدیب ناس بوو، شیعری باشی لە خراپی دەناسیەوە. حەزی لەبیستنی گۆرانی بوو ([2])

ڕەوشی ناوخۆ لەسەردەمی (مەئمون)دا

ڕەوشی ناو بەغداد لەسەرەتای سەردەمی (مەئمون)دا

(الفضل)ی کوڕی سەهل وێستی بەری سەرکەوتنەکەی بچنێ، هێشتا هەواڵی کوشتنی ئەمین نەگەیشتبووە (مرو)، ئەم ئامۆژگاری خەلیفەی کرد کە کۆمەڵی گۆڕانکاری بکات بگونجێ لەگەڵ ئەم بارودۆخە تازەیە. ئامانجیشی ئەوە بوو هەردوو سەرکردە، تاهیری کوڕی ئەلحوسەین و (هرثمه بن اعين) لە عێراق دووربخاتەوە، تا بە تەنیا حوکمڕانی بکات.

مەئمون ئامۆژگاری وەزیرەکەی پەسەند کرد، تاهیری کوڕی ئەلحوسەینی لەسەر عێراق لابرد و براکەی لەباتی دامەزراند، هەروەها (هرثمەبن أعين)یشی بۆ خۆراسان

---

[1] ابن كثير : ب ١٠ ل ٢٧٤-٢٧٥.

[2] دەربارەی سیفەتەکانی مەئمون بگەڕێوە بۆ لای – الطبري :ب ٨ ل ٦١٥-٦٦٦.

نارد ([1]) جا دوور خستنەوەی ئەم دوو سەرکردەیە لە عێراق بووە هۆی بەرپا بوونی ئاژاوە و ئاشوب لەناوی.

لەلایەنی خۆیە، خەلیفە ویستی خەلاتی وەزیرەکەی خۆی بکات، بۆیە نازناوێکی نوێی پێدا ئەوەش: ((ژو الرئاستین – خاوەن دوو سەرۆکایەتیەکە))، واتە سەرۆکایەتی شمشێر و سەرۆکایەتی قەلەم، ئەم تایبەتمەندییەش نیشانەی ئەو دەسەلاتە فراوانەیە کە ئەم پیاوە فارسە پێی گەیشتووە، لەتەنیشت ئەمەش، (الفضل) تایبەتمەندی میرێتی هەبووە، ئەو یەکەم وەزیرە نازناوی پێ بدرێ، یەکەم وەزیریشە نازناو و میرێتی هەبێ، پێی دەوترا ((وەزیری میر)). هەروەها بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتیشی خستە ژێر دەسەلاتی.([2]).

ئەم هەڵسوکەوتەی مەئمون، بووە هۆی خەشم و قینی عەرەب رەگەزەکان و بێزاری بنەماڵەی هاشم و پیاو ماقوڵان، بۆیە ئاشوب بەرپا بوو لەناو بەغداد و خەڵکەکەشی بەیعەتیان بە (مەنسوری کوڕی مەهدی) دا، کە مامی مەئمون–ە، ناوبراو رازی نەبوو بەیعەتی پێ بدرێ بۆ خیلافەت، بەڵام پێی پەسەند بوو بەناوی مەئمون–ەوە فەرمانڕەوایەتی بەغداد بکات([3]).

پەستبوونی خەڵکی لەم ململانێیەو لەئەنجامەکانی، هۆکارێکی تر بوو بۆ گرژبوونی باردۆخەکەو وایان لێهات دەیانویست بەس رزگاربن. ئەوەی کە کارەکەی ئاڵوزتر کرد لابردنی تاهیری بەهێز بوو لەسەر عێراق و لاوازی حوکمی ئەلحەسەنی کوڕی سەهل و لایەنگیری مەئمون بۆ (طالبي)یەکان، ئەوە بوو بەشێوەیەکی کتوپڕ و بۆ یەکەم جار بەیعەت بە (علي الرجا)، درا.

ئابەم شێوەیە شەڕی ناوخۆ لەبەغداد هەڵگیرسا، کاروباری دەوڵەت راوەستا، گوندەکانی باشووری عێراق تۆشی تاڵانکردن بوو لەلایەن بەکرێگیراوەکان و بارودۆخی ناو بەغداد وای لێهات نەدەویسترا، پاش ئەوەی کە شەقامەکانی پڕ بوو لە دز

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو: لا ٥٢٨.

[2] الجهشياري : لا ٣٠٥-٣٠٦.

[3] الطبري : ب ٨ لا ٥٤٦.

وجەردە. لەکاتێکدا ئەم پەشێویە ئیدارەی مەئمون-ی گرتبووەوە، ناوبراو لە (مرو) بوو و هیچ هەواڵێکی بەغدادی بۆ نەدەگەیشت، ئەوەش (الفضل)ی کوڕی سەهل پرسەکەی لێ شارد بووەوە و نەیدە هێشت هەواڵی پێ بگات.

بەیعەتدان بە (علی الرضا)

لەکاتی نیشتەجێ بوونی مەئمون لە (مرو)، دڵی بۆلای (طالبي)یەکان شناو جلی سەوزی پۆشی، کە دروشمیانە، جلی رەشی فرێ دا کە دروشمی عەباسیەکانە و بوو بە زاوای عەلی کوڕی موسای کوڕی جەعفەر (الصادق).(١)، کە هەشتەمین ئیمامە لەریزی دوانزە ئیمامەکەی شیعە، پاشان لە(مانگی رەمەزان سالی ٢٠١ك/مانگی نیسان لەسالی ٨١٧ز) کردی بە جێنشینی خۆی و ناوی (الرضا)ی لێنا، چونکە میری بڕواداران رازی بوو لەسەری.

بەڵام ئەم بەیعەتە هەروەها بەبێ کاریگەری تێپەڕ نەبوو، بۆیە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی هێواش و بیرکردنەوەیەکی ورد هەیە تا پاڵنەر و ئەنجامەکانی بزانرێ.

لەرووی پاڵنەرەکانەوە، ئەوا دەبێ کەمێك بگەڕێینەوە دواوەوە و بچینە ناو دانیشتنەکانی کۆشك لەسەردەمی (هارون رەشید)دا کەوا بە هاندانی بەرمەکیەکان ساز دەکرا، تەماشایەکی و توێژە هزری و سیاسیەکانی (أهل الكلام) بکەین لە موعتەزیلەو شیعەکان، کەوا باسی خیلافەت ئاشکرا ترین باس بووە تێدا.

ئەوە بوو لەیەك نزیکبوونەوەیەك لەنێوان مەزهەبی موعتەزیلە و مەزهەبی شیعە رووبدا، لەئەنجامی تێڕوانینی هاوشێوەیان بۆ پرسی خیلافەت. چونکە زۆربەی زانایانی موعتەزیلە خیلافەت بە مافی عەلی کوڕی ئەبی تاڵیب دەزانن، بۆچوونی شیعەکان-یش هەروەهایە.

مەئمون-یش لەناو ئەم وتوێژە هزریە پێگەیی و کاریگەر بوو بە ناوەڕۆکەکەی، بۆیە بۆچوونی موعتەزیلەکانی لەخۆگرت، بەتایبەتی لە پرسی خیلافەت و خولقاندنی

---

(١) مەئمون، (ام حەبیب)ی کچی، دایە (علي الرضا)، هەروەها (ام الفضل)ی کچی، دایە موحەممەدی کوڕی(علي الرضا). هەمان سەرچاوە لا ٥٦٦.

قورئاندا ([1]). دەبینین ئەو شایەتانەی کە پەیماننامەی (علی الرجا)یان واژووکرد لەو موعتەزیلانە بوون کە ناسراو بوون بە لایەنگریان بۆ عەلەویەکان ([2])، هەروەها گەورە پیاوانی شیعەش واژوویان کرد ([3]) لەتەنیشت ئەم دیاردەیە، ئەوا مەئمون لە ژینگەیەکی فارسی پەروەردە بووە چونکە دایکی فارس بووە و باوەڕیشی بە مافی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و کوڕەکانی بووە لە خیلافەتدا، پەیوەندیەکی پتەوی بە خۆراسان هەبوو، بۆیە شیعەتگەری خۆی دەرخست و لایەنی عەلەویەکانی گرت ([4]).

مەئمون کاریگەر بوو بەو هەلومەرجە سیاسی یەی کە لەکاتی ململانێی لەگەڵ ئەمین-ی برایدا بەسەری برد، بە تایبەتی ئەگەر بزانین کە ئەم ململانێیە شێوازێکی رەگەزپەرستی لە خۆ گرتبوو، (الفضل)ی کوڕی سەهل-یش کە حەزوئاواتەکانی فارسی دەنواند، بە تووندی لە پشتیەوە وەستا بۆ ئەوەی سەرکەوتن مسۆگەربکات. لەبەر ئەوەش مەئمون هیچ هەڵەیەکی نەبینی لە رازی کردنی فارسەکان کەوا رێزیان لەبنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب دەگرت و سۆزدارانە مامەڵەیان لەگەڵ دەکردن. بۆیە بەڵێنی دا لەگەڵ خوای خۆیدا ئەگەر سەرکەوت بەسەر براکەیدا خیلافەت بداتە باشترین کەس لەبنەماڵەی عەلی. راستی کرد کە سەرکەوتنی بەدەستهێنا بەلێنەکەی بردەسەر و بە راوێژی (الفضل)ی کوڕی سەهل، (علی الرضا)ی کرد بە جێنشینی خۆی.([5]) وادیارە مەئمون ناچاربوو لە جێبەجێکردنی پلانەکەی لەبەر دڵی خۆراسانیەکان، ئەمەش لەمیانەی گفتوگۆکەی لەگەڵ (علی الرجا)دا تێبینی دەکەین، چونکە هەڕەشەی لێکرد کاتێك رازی نەبوو ببێتە جێنشین و وتی ((دەبێ داخوازیەکەم بەجێ بێنێ، چونکە چارەیەکی دیکەم نیە.....))([6])

لەرووی ئەنجامەکانەوە، ئەوا لەوانەیە ئاشکراترینیان گۆاستنەوەی خیلافەت بێ

---

[1] البغدادي : الفرق بين الفرق : لا ١٥٧

[2] ئەوانەش : بشری کوڕی ئەلموعتەمر و یەحیای کوڕی ئەکتەم و حەمادی کوڕی ئەلنوعمان.

[3] وەکو (الفضل)ی کوڕی سەهل و عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر.

[4] المسعودي : ب ٤ لا ٥. ابن الاثير :ب ٥ لا ٢٣٠.

[5] الاصفهاني : لا ٤٥٤. ابن الطقطقا : لا ٢١٧. المسند لا ٢٣٥-٢٤١.

[6] هەمان سەرچاوە: لا ٤٥٤ - ٤٥٥

لەبنەماڵەی عەباسیەوە بۆ بنەماڵەی عەلەوی، کاردانەوەی توندوتیژی ناو بەغداد و هەندێ لە شارەکانی تر کەوا نەرێنیانە سەیری ئەم رووداوەیانەکرد، ئەوە بوو خەڵکی گەرەکی - ئەلحەربیە - لەبەغداد، بەیعەتیان بە ئیبراهیمی کوڕی ئەلمەهدی دا (١).

جێی سەرنجە کە (الفضل)ی کوڕی سەهل رووداوەکانی بەغدادی لەمەئمون شاردەوە تا ئەو کاتەی (علی الرضا) ئاگاداری کردەوە (٢).

سەبارەت بە شارەکانی تر، ئەوا فەرمانڕەوای بەسرە، ئیسماعیلی کوڕی جەعفەری کوڕی سولەیمانی کوڕی عەلی عەباسی، نکۆڵی لەم رەفتارەی خەلیفەی کرد و بە یاخی بوونێك لەبنەماڵەی عەباسی دانا، بۆیە جلی سەوزی نەپۆشی و لابردنی مەئمونی ڕاگەیاند (٣).

خەڵکی (مەککە)ش بەیعەتیان بە (علی الرجا) دا، خەڵکی (مەدینە)ش هیچ ناڕەزایەکیان دەرنەبڕی کاتێك خەلیفە دەقی بەیعەتەکەی بۆ ناردن بۆ ئەوەی بخوێنرێ بۆیان (٤).

بەسەرهاتەکانی گەڕانەوە بۆ بەغداد

پاش ئەوەی (علی الرضا) بە شلەژاوی بارودۆخی دەوڵەت ئاگاداری کردەوە، مەئمون زانی کە مانەوە لە (مرو) سوودی نیەو بەغداد ناتوانێ بەبێ خەلیفە بژی، سەرەڕای مەترسی ئەم پەشێوییەی کە میسرو جەزیرەی گرتۆتەوە، هەستی بە مەترسی هەڵگیرساندنی شەڕێکی تری ناوخۆ کرد لە نێوان تاکەکانی دەوڵەتی عەباسی، سیاسەتی (الفضل)ی کوڕی سەهل سەرئەنجامەکەی لەناوچوونی دەسەڵاتێتی، هەروەها لەباکوور بزوتنەوە گەلێکی مەزهەبی کە لەسەر ڕێبازی ئەبو موسلیم و (مقنع) ڕێبان دەکرد، هاتنە دەرکەوتن، لە لەئازەربێنجان بڵاوبوونەوە

---

١ الكبرى: ب٨ لا ٥٥٤- ٥٥٥

٢ ابن الطقطقا: لا ٢١٨-٢١٩.

٣ اليعقوبي : ب ٢ لا ٤٠٢-٤٠٣.

٤ الاصفهاني : لا ٤٥٦.

بەهۆی دەرکەوتنی (بابەکی خوڕەمی) کەوا خەڵکێکی زۆری ڕاکێشکرد و بزوتنەوەکەی بەرە بەرە فراوانتر دەبوو و دەسەڵاتی زیادی دەکردو وای لێهات هەڕەشە لە لایەنە ئیسلامیەکان بکات. سەرکردەکانی مەئمون قسەکانی (الرضا)یان دووپات کردەوە و ئامۆژگاریان کرد بەپەلە بەرەو بەغداد بچێ بۆ ئەوەی فریای خۆی بکەوێ، ئەگینا خیلافەت لەدەستی دەرئەچێ، بۆیە بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ بەغداد، لە ساڵی (٢٠٢ك/٨١٧ز) بەرەو بەغداد کەوتەڕێ.

گەڕانەوەی مەئمون بۆ پایتەختی ناوەند گۆڕانکاریەکی گەورەی بوو لە ڕێڕەوی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی، مانای ئەوەبوو مۆرکی فارسایەتی پێوە نەما، کەوا لەکاتی بوونی لە (مرو)دا پێوەی دیار بوو و گەڕانەوە بۆ ڕەچەڵەکی عەرەبی کە بەغداد شانشینی باوباپیرانی دەینوێنێ، ئەمەش (الفضل)ی کوڕی سەهل-ی جارِس کرد، چونکە لەناوچوونی دەسەڵاتەکەی تێدایە.

دیارە مەئمون هەستی بە ناڕەزایی وەزیرەکەی کرد لەم گۆڕانکاریانە کە پێویست بوو بکرێ، زانی کە دەبێتە کۆسپێك لەبەردەمی کاتێك بیەوێ خانەوادەکەی و خەڵکی بەغداد ئاشت بکاتەوە، وێڕای ئەمە، مەئمون لەمیانەی ڕەفتارەکانی وەزیرەکەی ئەوەی بەدیکرد کە ئەو پلان بۆ ئەوە دائەنێ بە تەواوەتی بەسەر دەوڵەتی عەباسیدا زاڵبێ لە ناوەوە و پێچ وپەنای ئەو سیاسەتەی بۆ دەرکەوت کە پەیڕەوی دەکرد، بەتەواوەتی دژە بە بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەتی عەباسیە، بۆیە لەناودانی بووە پێویستیەکی سیاسی ([1]).

---

[1] لەو ڕەفتارانەی کە تێبینی کرا لە - الفضل - ی کوڕی سەهل ئەوە بوو کە نەهێمی کوڕی خازم ناشکرای کرد، ئەمەش یەکێکە لە گەورە پیاوانی خۆراسان کەوا مەئمون ڕاوێژی پێکرد لە بەیعەتدان بە (علي الرضا)، ئەوە بوو لەبەردەم مەئمون دا ئەهێم بە - الفضل-ی وت : ((تۆ دەتەوێ دەسەڵات لە بنەماڵەی عەباس بسێنێ بۆ کوڕەکانی عەلی، پاشان فێڵیان لێ بکەی و بیکەیتە دەسەڵاتێکی کێسرایی، ئەگەر ئەمەت مەبەست نیە ئەی بۆچی جلی عەلی و کوڕەکانیت نەپۆشی، کە سپیە، جلی سەوزت پۆشی، کە جلی کێسرا و ئاگرپەرستەکانە)).

ڕەفتارێکی تر هەیە ئەوە ئاشکرا دەکات کە - الفضل- ی کوڕی سەهل ئامانجی زیندوو کردنەوەی دابونەریتی فارسیە.((جا خاوەن دووسەرۆکایەتی لەسەر کورسیەکی باڵدار بوو، کە بیویستایە بچێتە ژوورەوە بۆلای مەئمون هەڵیان دەگرت، دایان ئەدەبەزاند تا مەئمون چاوی پێ نەکەوتبایە، کە چاوی پێ دەکەوت، کورسێکەیان دائەنا و ئەویش دائەبەزی و بەپێ دەڕۆیشت و کورسێکیان هەڵدەگرت و لەبەر دەستی مەئمون دایان ئەنا، ئەوجا خاوەن دوو

مەئمون هێشتا گەشتەکەی بۆ بەغداد دەستپێ نەکردبوو، هەر گەیشتە شاری سەرخەس تەگبیری کوشتنی (الفضل)ی کوڕی سەهل-ی کرد، لە (مانگی شەعبان سالّی ۲۰۲ك/مانگی شوبات ۸۱۸ز) پاشان گەشتی گەرانەوەی بۆ بەغداد دەستپێکردەوە. کە گەیشتە (طوس) لە ناکاو (علی الرضا) کۆچی دوایی کرد، لەسەرەتاکانی سالّی (۲۰۳ك/۸۱۸ز). مەئمون-یش لەتەنیشتی گۆڕی هارون رەشیدی باوکی ناشتی. مێژوونوسان ناکۆکن لە چۆنێتی مردنی، شیعەکان مەئمون بەوە تۆمەتبار دەکەن کە بە تریێ ژەهر خواردی کردوە، ناوی (مەشهەد)یان لە شاری (طوس) نا.(۱)، مردنی ئەم دوو پیاوە گرنگترین هۆکار بوو بۆ ئەوەی عەلەویەکان رق لە مەئمون هەلبگرن.

مەئمون بەردەوام بوو لەگەشتەکەیداو گەیشتە هەمەدان، جاریێ لەبەغداد نزیك نەبووبوەوە خێرا خەلّکەکەی ئیبراهیمی کوڕی ئەلمەهدی-یان لابرد و بەیعەتیان بە مەئمون دا، ئەمەش لە حەفدەی (مانگی - زی الحجه - سالّی ۲۰۳ك/مانگی حوزەیران سالّی ۸۱۹ز) رووبدا، مەئمون رۆژی شەممە (چواردە رۆژی مابوو لە مانگی سەفەر سالّی ۲۰٤ك/ مانگی ئاب سالّی ۸۱۹ز) چووە ناو بەغدادەوە، جا خۆی و هەموو ئەوانەی لە گەلّیدابوون هێشتا هەر جلی سەوزیان لەبەر بوو و ئالآی سەوزیان هەلگرتبوو، بۆیە بنەمالّەی هاشم و لایەنگرانیان بێزاری و ناڕەزایی خۆیانیان دەربڕی و ئەمیش ناچار بوو، لەدوای یەك حەفتە بگەڕێتەوە بۆ ڕەش پۆشین (۲) پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت تا چەند بنەمالّەی عەباس هەستیارن بەرامبەر بە (طالبي)یەکان.

سەرۆکایەتی سڵاوی لێ دەکرد و دەگەڕایەوە و دادەنیشت... بەم کارەش خاوەن دوو سەرۆکایەتی لاسایی کیسراکانی دەکردەوە، چونکە وەزیرەکانی لەسەر کورسیەك هەڵدەگیران، هەڵگرتنەکەشیان لە ئەستۆی دوانزە پیاو بوو لە بنەمالّەی پاشاکان)).

وە ڕەنگە دوو بانگەکەش بانگی نەهورا و مزدا بێ، خواوەندی خێر لەلای زەردەشتیەکان. بگەڕێوە بۆ : الجهشياري : لا ۳۱٦، ۳۱۳. الدوري : لا ۱٦٥.

[۱] الاصفهاني : لا ٤٥٧-٤٦٠. المسعودي :ب ۲ لا ٤٤١. ابن الطقطقا : لا ۲۱۸. ابن الاثير : ب ٥ لا ۱۹۲، کەوا بە دووری خست کە مەئمون ژەرخواردی کردبێت، لە کاتێکدا - الطبري - هیچی نەوت دەربارەی تۆمەتبار کردنی مەئمون : ب ۸ لا ٥۷٥. خەلیفەبن خیاط-یش تۆمەتباری نەکرد: لا ۷٦٦٦.

[۲] الطبري :ب ۸ لا ٥۷٤-٥۷٥.

بزوتنەوەکانی دژە دەوڵەت

أ- بزوتنەوەی (طالبي)یەکان.

بزوتنەوەی ئەبو لسەرایا

(طالبي)یەکان، ئەو ناسەقامگیریە سیاسیەی کە دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی پێدا تێپەڕ بوو لەئەنجامی ململانێی نێوان ئەمین و مەئموندا، بەهەلزانی بۆ ئەوەی لە عێراق و حیجاز و یەمەن دژیان راپەڕن، کە لەوانەیە مەترسیدار ترینیان بزوتنەوەی (ئەبی لسەرایا لسری کوڕی مەنسور لشەیبانی) بێ، کەوا بەفەرمانی موحەممەدی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی ئیسماعیل، ناسراو بە (ابن طباطبا) لە کۆتاییەکانی (مانگی جومادای دووهەم سالّی ۱۹۹ك/ مانگی شوبات سالّی ۸۱۵ز)، لە شاری کوفە سەری هەڵدا ([1])، ئەم بزوتنەوەیەش بە ئەڵقەیەك دانەنرێ لە زنجیرە بزوتنەکانی شیعەی زەیدی.

لەپاش ئەوە، بەسرە و حیجاز و یەمەن-ی خستەژێر رکێفی خۆی، ئەبی لسەرایا دەسەڵاتی فراوانەوە بوو، ئەو لەشکرە عەباسیەی شکاند کە ئەلحەسەنی کوڕی سەهل ناردی بۆ بەرەنگار بوونەوەی.

وادیارە ئەبی لسەرایا وێستی تاکڕەوی لەدەسەڵاتدا بکات، بۆیە بە ژەهر (ابن طباطبا)ی لە ناودا و موحەممەدی کوڕی مەحومەدی کوڕی زەیدی عەلەوی خستە شوێنی، جا هێشتا تازەش پێگەیشتبوو([2]).

ئەبو لسەرایا درهەمی دروست کرد و بەرگێکی بۆ کەعبە نارد لەسەری نوسی: ((ئەبو لسەرایا، بانگخوازی ئال موحەممەد، فەرمانی داوە بە پۆشینی مالّی خوا، دەبێ بەرگی ستەمکارانی بنەمالّەی عەباسی لێ بکرێتەوە)).([3]).

لەئەنجامی ئەم سەر کەوتنانەی کە بەدەستیهێنا، ئەلحەسەنی کوڕی سەهل ناچاربوو داوا لە (هرثمە بن أعین) بکات کۆتایی بەم بزوتنەوە بێنێ. ئەوەبوو ئەم سەرکردەیە سەرکەوت لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەی و چووە ناو کوفەوە، ئەبو

---

[1] الطبري : ب ٨ لا ٥٢٨.

[2] الطبري :ب ٨ لا ٥٢٩.

[3] هەمان سەرچاوە :لا ٥٣٠-٥٣٦.

لەسەرایاش هەڵهات و لەوڵاتی فارسەوە بەرەو سوس چوو، پاشان بۆ جەزیرە و لە جەلەولا دەستگیر کرا، بردیان بۆ ئەلحەسەنی کوڕی سەهل لە نەهرەوان، ئەویش ملی پەراند.

وادیارە ئەم بزوتنەوەیە جیاوازە لەو بزوتنەوە عەلەوییانەی کە لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا سەری هەڵدا بوو. چونکە پلانی بۆ دارێژرابوو و پیاوێك ئاراستەی دەکرد لە غەیری ئال موحەممەد، کوفەی کرد بوو بە بنکەی خۆی، ئەمەش یەکەم جارە ئەم شارەیە بزوتنەوەیەکی عەلەوی بە خۆ ببینی لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا ([1]).

سەبارەت بە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە، سەرەڕای فراوانبوونی دەسەڵاتی و سەرکەوتنی لەهەندێ بواردا، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ چوار هۆکار:

یەکەم: ئەبو لسەرایا سەربە ناومالی عەلەوی نەبوو، هەرچەندە بانگەشەی بۆ عەلەویەکان دەکرد، بۆیە شیعەکان پشتگیریان لە رابەرە عەلەوییەکانی خۆیانیان کرد، لەپێشی هەموویان موحەممەدی کوڕی جەعفەر (الصادق)، وازیان لە پشتگیری کردنی هێنا، ئەمەش بێ هێزی کرد.

دووەم: رابردووی ئەبو لسەرایا گومانی بۆ دروستکرد. چونکە ئەم پیاوە سەرەتا لەژێر فەرمانی سەرکردەی عەباسی (هرثمه بن أعین) کاری دەکرد، پاشان بەجێیهێشت بەهۆی دواکەوتنی بژێوی یەکەی ([2]).

سێهەم: بزوتنەوەی ئەبو لسەرایا بە تووندو تیژی ناسرا، ئەمەش وایکرد خەڵکێکی زۆر لێی دوورە پەرێز بێ، لە ئەنجامدا لەجۆش و خرۆشی کەم کردەوە و لاوازیش بوو.

چوارەم: کارو کردەوەی (طالبي)یەکان لە شوێنکەوتووانی ئەبو لسەرایا، لە (مەککە)دا ([3]) بووە مایەی خەشم و قینی هەموو موسڵمانان، لەئەنجامدا لەم بزوتنەوەیە تووڕە بوون بە تایبەتی کاتێك ئەبو لسەرایا بەرگی کەعبەی کردەوە و بەرگێکی تری تێگرت کە دروشمی دژ بە عەباسیەکانی لەخۆ گرتبوو ([4]).

---

[1] الليثي: سميرة مختار :جهاد الشيعة. لا ٣٣١.

[2] الطبري : ب ٨ لا ٥٢٩.

[3] الطبري – باسی ئەو کردەوانە دەکات کە شوێنکەوتووانی ئەبو لسەریا لە مەککە ئەنجامیاندا. هەمان سەرچاوە : لا ٥٣٦ – ٥٤٠

[4] الليثي :لا ٣٣١ –٣٣٤.

بزوتنەوەی موحەممەدی کوڕی جەعفەر(الصادق)

سەردەمی مەئمون ڕاپەڕینی بزوتنەوەیەکی تری (طالبي) بەخۆوە بینی کە بەرنامەو شوێنی دەستپێکردنی لەبزوتنەوەکانی تر جیاواز بوو، موحەممەد (الدیباج)ی کوڕی جەعفەر (الصادق) لەسالی (٢٠٠ ك / ٨١٦ ز) لە ولاتی حیجاز ڕابەڕێتی کرد، لە (مەککە) بەیعەتی پێدرا بۆ ئەوەی ببێ بە (امیرالمومنین)، ئەوەبش پاش دوو دڵنیەك ڕازی بوو ([1])

وادیارە دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی سەرقاڵبوو بەکێشە زۆرەکانی ناو خۆی، بۆیە بایەخیەکی ئەوتۆی بەم بزوتنەوەیە نەدا، کەوا مەترسیدار نەبوو چونکە لە (مەککە) تەسکبووبەوە، ئەمەش دەرفەتی بە خیلافەتدا بەئاسانی لە ناوی بەرێ، موحەممەد (الدیباج)یش ناچار بوو لە مەککە لەبەردەم خەڵك خۆی لەسەرکار لابەرێ ([2]) ڕەنگە گرنگترین هۆکارەکانی شکستهێنانی ئەم بزوتنەوەیە بگەڕێتەوە بۆ:

بڵاو نەبوونەوەی لە شارەکان و درێژەی کردنی شوێنکەوتووانی لە ڕوبەڕوونەوەی عەباسیەکاندا.

– دوو دڵی موحەممەدی کوڕی جەعفەر لەبانگەشەکردن بۆ خۆی و حەزنە کردنی لەو کارە، بەڵکو ئەو لەئەنجامی زۆر لێکردنی بنەماڵەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و عەلی کوڕی ڕازی بوو.

–پشتبەستنی بەو لایەنگرانەی کە بەدناون وەکو: ئازاوەچیەکانی خەلکی مەککە، هەندی لە سودانیەکان، عەلی کوڕی، بۆیە خەڵکی لێی دوورکەوتنەوە.

– دوو دڵی هەندێ لە خەڵکی لەبەیعەت پێدانی، هەروەها ئەوەی بەیعەتی پێدا پابەند نەبوو بەدۆستایەتی و پشتگیری کردنی.([3])

---

[1] الخطيب البغدادي :ب ٢ ل ١١٣-١١٤.

[2] الطبري : ب ٨ ل ٥٣٨- ٥٣٩.

[3] الليثي : ل ٣٤١-٣٤٢.

ب – بزوتنەوەنا (طالبي)یەکان

بزوتنەوەی (نصرين الشبث)

(نصرين الشبث) رابەرێکی عەرەبە لەبنەماڵەی عەقیل، لە (کیسوم) دادەنیشیت لە باکووری حەلەب، دەمارگیر بوو بۆ ئەمین لەبەر ئەوەی نوێنەری ڕەگەزی عەرەب بوو، ڕقی لە مەئمون بوو چونکە لایەنگری خۆراسانیەکان بوو. لە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٨ك/٨١٤ز) سەری هەڵدا و وڵاتەکانی دەوروبەری خستەژێر ڕکێفی خۆی و هەروەها (سمیساگ)یش، عەرەبێکی زۆر شوێنی کەوتن [١]، ئەوەندە بە هێز بوو تەنانەت خەلیفەش ساڵی لێکرد. لە ڕاستیدا بزوتنەوەکەی دژ بەدەسەڵاتی عەباسی ناراستە نەکرا بوو، بەڵکو ڕاپەڕینێك بوو دژی دەسەڵاتی فارسی کە زاڵ بوو بوو بە سەر دامودەزگاکانی خیلافەتدا [٢]

کاتێك تاهیری کوڕی ئەلحوسەین سەرکەوت بەسەر ئەمین–دا، مەئمون بانگهێشتی کرد بۆ (ڕقە) بۆ ئەوەی دژی (نصر) بجەنگی، موسڵ و جەزیرە و شام و مەغریبی خستەژێر دەسەڵاتی وعێراقی لێ سەندەوە، وادیارە ئەم کارە بێزاری کرد، بۆیە خاوە خاوی کرد لە جەنگاندنی (نصر) و دەرفەتی پێدا سوپای عەباسی بشکێنێ و گەمارۆی (حەڕان)ی دا. (طالبي) یەکانیش وەکو یەکێك لە هێما بەرهەڵستکارەکانی دەسەڵاتی عەباسی بۆیان دەڕوانی، بۆیە هەوڵیاندا سوودی لێوەربگرن ورازیی بکەن بەیعەت بداتە عەلەوی، بەڵام قایل نەبوو چونکە لایەنگری عەباسیەکان بوو [٣].

مەئمون زانی کە تاهیر لە جەنگاندنی (نصر) دا خاوە خاوی کردوە، بانگهێشتی کرد و خۆراسانی خستەژێر دەسەڵاتی و وێلایەتەکانی ڕۆژئاوا لە (ڕقە)وە تا وەکو (میسر)ی خستەژێر دەسەڵاتی عەبدوڵای کوڕی و فەرمانی پێدا بجەنگێ لەگەڵیا. ئەوە بوو عەبدوڵا توانی گەمارۆی (نصر) بدات و تەنگی پێهەڵچنێ، بۆیە ناچاربوو لەساڵی (٢٠٩ك/٨٢٤ز) داوای ئاشتبوونەوە بکات و ساڵی دواتر هێنایان بۆ بەغداد، پاش ئەوەی کە خەلیفە دڵنیای کردەوە [٤]بەوەش بزوتنەوەکەی کۆتایی پێهات.

---

[١] اليعقوبي :ب٢ ل ٣٩٨.

[٢] الدوري : ل ١٢٨.

[٣] طبري : ب ٨ ل ٥٧٩–٥٨٠.

[٤] سەرچاوەی پێشوو : ل ٥٩٨–٦٠١.

بزوتنەوەی (الزط)

(الـزط) هەسـتان بـە راپـەرینێکی توندوتیـژ لـەباشـووری عێـراق لـە دەوروبـەری (بەسرە)دا. ئەمانەش میلەتێکن خەڵکیکی هەمە جۆریـان لـەخـۆ گرتـووە ناسـراون بـە (النور) واتە رووناکی، بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ هندیەکانی ئاسیا، پـاش کۆچـکردنیان بۆ رۆژهەڵات لە (بطائح) لە نێـوان واست و بەسـرە، جـێگیر بـوون. لـەکاتی ململانێـی نێوان ئـەمین و مەئمونـدا پـشت ئەسـتوور بـوون و رێگـەی بەسـرەیـان کـۆنترۆڵ کـردو پەیوەندی لە نێوان بەسرە و بەغدادیان بـچراند، لـە سـەردەمی مەئمونـدا زیـاتر پـشت قایم بـوون (١) کاتێـک مـەئمون لـەبـەغـداد جـێگیر بـوو، دەسـتی بـەتاڵ بـوو بـۆ ئـەم کۆمەڵەیە کە دژی دەسەڵاتەکەی راپەڕیون، لەسـاڵی (٢٠٥ك/٨٢٠ز) چـەند هەڵمـەتێکی سەربازیی بۆ ناردن. بەڵام نەیتوانی لە ناوبان بەرێ (٢).

وادیـارە ئـەوان زۆر وریـا بـوون، کـە بیانزانایـە لـەمەترسـیدان، دەسـتبەجێ بـاڵو دەبوونەوە لەناوچە چۆڵەکان. جـا چـالاکیـان چـڕکردەوە دژی دەوڵـەت بـەشێوەیـەک گومرکیان سـەپاندە سـەر ئـەو کـەشـتیانەی دێنـەناو بـەغـدادەوە و هەوڵیانـدا نـەهێڵن ئازوخە بگاتە پایتەختی خیلافەت (٣). (زط)ەکان وەکو دڕکێک لـە قەبرغـەی دەوڵـەتی عەباسـی مانـەوە، تـا رۆژانـی (المعتـصم) کـەوا بزوتنەوەکـەیـان لـەنـاو دەبـات و شاربەدەریان دەکات بۆ (عین زربە) لە ناوچە سەر سنورەکانی ئیسلام.

پەشێوی لە میسر

رەوشی سیاسی وپلایەتە ئیسلامیەکان کاریگەر بـوو بـەو ململانێیـەی کـە لـەنێـوان ئـەمین و مەئمونـدا رووبـدا، ئەمـەش بـەرونـی و بـە شـێوەیەکی تایبـەت لـە میـسر دەرکەوت، لەسالی (٢٠٦ك/٨٢١ز) لەئاسۆی سیاسیدا گزنگی بزوتنەوەیەکی سەربەخـۆ دەرکەوت بە رابـەرێـتی (السری بـن الحکـم) بـەهۆی رق هەسـتانی (ئەلعەباسـی کـۆڕی

---

(١) دائرةالمعارف الاسلامية : ب ١٠ ل ٣٤٩-٣٥٠.

(٢) الطبري : ب ٨ ل ٥٨٠.

(٣) هەمان سەرچاوە : ل ٥٨١.

موسا) –فەرمانڕەوای مەئمون لەمیسر. ئەم پیاوە ململانێی ناوخۆیی لەنێوان قەیسیەکان و یەمەنیەکاندا بەهەلزانی تا بیاناتە گژیەکتری بۆ ئەوەی گۆڕەپانی سیاسی بۆی چۆڵ بێ، لەئەنجامی ئەوەش کەشێکی نیگەران و ناسەقامگیر بالّی بەسەر میسردا کێشا.

لەسالّی (٢١٤ك/٨٢٩ز) هۆزە عەرەبەکانی میسری خواروو شۆڕشیان هەلگیرساند، بەهۆی سیاسەتی زۆردارانەی فەرمانڕەوا عەباسیەکان، جێگری والیان کوشت.

مەئمون بەرەنگاری ئەم بزوتنەوە ناحەزە بووەوە و (المعتصم)ی برای بانگهێشت کرد بۆ جەنگاندنیان و سەرکەوت لە دامرکاندنی. بەڵام کە میسری بەجێهێشت سەر لەنوێ ئاژاوە کەوتە ناوی، لەسالّی (٢١٥ك/٨٣٠ز) خەلیفە (ئەلئەفشین)ی نارد کە سەرکردەیەکی تورکی خۆیەتی، توانی لەناوی بەرێ (١).

وادیارە رەوشی ناوخۆی میسر بەتەواوەتی هێور نەبووەوە، ئەمجار (قبط) و عەرەبەکان لەسالّی (٢١٦ك/٨٣١ز) راپەڕینێکی گەورەیان کرد، بۆیە مەئمون ناچار بوو خۆی بچێ بۆ میسر تا رەوشەکە هێوربکاتەوە، ئەوە بوو دایمرکاندەوە و بەشێکی زۆریشی لە (قبط)ەکان بەدیل گرت، رابەرانی بزوتنەوەکەی لەگەڵ خۆیدا بۆ بەغداد برد و بەرپرسی دارایی–شی لەسەرکار لابرد چونکە ئەو هۆی ئاژاوەکە بووە (٢).

بزوتنەوەی بابەکی خوڕەمی

مەترسیدارترین بزوتنەوەیە، بەروالّەت ئایینیە، ئامانجی سیاسیە، دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ئەم بزوتنەوەی ناسیوە، ناسراو بوو بە: زۆر بالّو بوونەوەی، ڕێکوپێکی بانگەشەکەی، لێهاتوویی سەرکردەکانی و پەیوەندی کردنی بە غەیری فارسەکان (٣).بە لوتکەی پیلانی فارسی لە دژی

---

(١) اليعقوبي : ب ٢ لا ٤٢٣.

(٢) اليعقوبي : ب ٢ لا ٤٢٣-٤٢٥.

(٣) الدوري : لا ١٧٩.خوڕەمیەکان: دەگەڕێنەوە بۆ ڕەشەی خوڕەمی فارسی و مانای (بەچێژ دەبەخشێ چونکە بنەماکانی بەرەڵایانەیە. سەبارەت بە بۆچوونەکان دەربارەی ئەم ناوە بگەڕێوە بۆ : عمر : لا ٢٠٨-٢١٠.

دەسەلاتی عەباسیدا دادەنرێ.

(بابەك) بنەماكانی خورەمی لەسەر دەستی (جاویدان) خوێندووە(١). جا كاتێك جاویدان مرد، ژنەكەی وابڕاگەیاند كە گیانی پیاوەكەی بەر جەستەی بووە. بابەك-یش ئەم بیرۆكەی وەرگرت و بەو پێیە هەڵسوكەوتی دەكرد (٢).واش دیارە ئەم شوێنی جاویدان-ی گرتبوو لە رابەرێتی خورەمیەكان لە ناوچە شاخاویەكاندا، ئەوجا كەوتە پەرەپێدان و رێكخستنی بزوتنەوەكەی لە هەوڵێكدا بۆ بەهێز كردنی مشتی خۆی بۆ بەدیهێنانی مەبەستە سیاسی و ئاینیەكانی. بابەكی گروپێكن لە خورەمێكان، شوێنكەوتووانی شوێنی بابەك كەوتن (٣) ئەمەش بەڵگەیەكە لەسەر ئەوەی كە بابەك و شوێنكەوتووانی دژی دەسەلاتی سیاسی عەرەب بوون و دژی ئاینی ئیسلامیش بوون چونكە ئاینی عەرەبە. لێرەشدا ئەوە بەدی دەكەین كە ئەم بزوتنەوەیە رەهەندی ئاینی و رەگەزپەرستی لەدواوە بووە.

لەرووی ئاینیەوە، ئەوا بابەكیەكان بڕوایان بە بنەمای (التناسخ و الرجعه) بووە، وە بە هاوبەشێتی و بەرەڵایی، پێیان وابوو كە ئافرەت حەڵاڵە ئەگەرهاتوو خۆی رازی بێ، ئەركە شەرعیەكانیان رەت كردەوە. بەم پێیەش بڕوبۆچوونی بابەكی جیاوازە

---

(١) خورەمیەكان كۆمەڵێ بەش و جۆرن، بەڵام هەمووریان كۆكن لەسەر بۆ چوونی (گەرانەوە) و دەڵێن ئاو دەگۆڕدرێ و لەشیش ئالوگۆڕ دەبێ، دەڵێن هەموو پێغەمبەران، بە جیاوازی شەریعەت و ئاینیان، یەك گیانیان دەست نەكەوێ، وەهی (سروش) هەرگیز لە زەوی دانابڕێ، هەموو خاوەن ئاینەكانیش ئەگەر چاوەڕوانی پاداشت بێ و لە سزا بترسن، ئەوە لەلایان پەسەندە، پێشیان وانیە قسەی پێبێكەن و زیانی پێ بگەیەنن، ئەگەر پیلانی دژی میلەتەكەیان نەگێڕاو هەرلی نەدا مەزهەبەكەیان لەناوبەرێ. زۆر دووڕە پەرێزن لە خوێنڕشتن تەنها لە كاتی جەنگدا نەبێ و ئەبو موسلیم بەرز پادەگرن و ئەفرەت لە ئەبو جەعفەر دەكەن چونكە گوشتوویەتی، سڵاواتی زۆر بۆ مەهدی كۆپی فەیروز دەنێرن، چونكە لە كۆپی (فاطمة)ی كچی ئەبو موسلیمە، ئیمامی خۆیان هەیە لە حوكمەكاندا بۆیان دەگەڕێنەوە، نێردراویان هەیە لەنێوانداً دەگەڕێن ناوی فریشتەكان -یان لێناون، هیچ شتێكیان وەكو مەی خواردنەوە پیرۆز نەدەكرد، بنچینەی ئاینە كەیان روناكی و تاریكی یە..... و هەندێكیان بۆ چوونیان وایە ئافرەت حەڵاڵە ئەگەر خۆیان رازی بن، هەمو شتێك چێژی لێوەربگیرێ و دڵ بچێتە سەری حەڵاڵە ئەگەر زیان بە كەس نەگەیەنێ. بگەڕێوە بۆ - المقدسي - ب ٤١ ٣٠.

(٢) گروپی خورەمی، كاتێك بابەك چووە ریزیانەوە، دوو بەش بوو: دوو سەرزكیشی مەلانیان دەكرد لە سەر سەركردایەتی، یەكێكیان پێی دەوترێ جاویدان ئەوەی دیكەش عومران.

(٣) الطبري : ب ٨ لا ٥٥٦ البغدادي : لا ٢٥١. ابن النديم : الفهرست لا ٤٨٢.

لەبنەماکانی ئایینی ئیسلام([1]).

بابەکیەکان هەوڵیاندا کێشەی جیاوازی لە دابەشکردنی سەروەت وسامان لە نێوان خاوەن موڵکەکان و جوتیارەکاندا چارەسەر بکەن، ئەوەش بە لێسندنەوەی زەوییەکان لە ئەوان و دابەشکردنی بەسەر ئەم جوتیارانە. چونکە (مازیار) کەوا ئایینی (محمرە – سوورگەری)([2]) لە جرجاندا دەرخست و کەوا پەیوەندییەکی بەهێزی هەبوو لەگەڵ بابەکدا، فەرمانی بە جوتیاران دا هەڵمەت بەرن بۆ سەر خاوەن باخەکان و پارەکانیان تاڵان بکەن([3])

لەرووی رەگەزپەرستیەوە، ئەوا بزوتنەوەی بابەک دەربڕینێکە بۆ ئەو خەشم و قینەی کە دڵ و دەروونی کۆمەڵێک لەفارسەکانی پڕ کرد بوو دژی ئایینی ئیسلامی کەوا هانی عەرەبەکانی دا ئیمپراتۆریەتی فارسی لەناوبەرن، دژی عەرەبەکان کەوا دەوڵەتەکەیان لەناودا. بابەک خۆی لکاند بوو بە ئەبو موسلیمی خۆراسانی، وایڕاگەیاند کە ئەو لە نەوەی (فاتمە)ی کچێتی، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر کۆنە هەستی فارسایەتی.

لەرووی سیاسیەوە بابەک لێهاتوو بوو، ئەو باروودۆخی ناڕەباری دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی بە هۆی ململانێی نێوان ئەمین و مەئمونداً، بە هەلزانی و لەسالی (۲۰۱ ک /۸۱٦ ز) لە هەرێمەکانی باکوور بزوتنەوەکەی راگەیاند، جا ناوچە گەلێکی دوورن لە دەسەلاتی دەوڵەت. بڕیتین لە شاخەکانی ئازەربایجان و ئەران کەوا لانەی بزوتنەوەکەیە و (بۆ) کە بنکەکەیەتی([4]). بابەک سیاسەتێکی ژیرانەی پەیڕەو کرد لە راکێشکردنی لایەنگران، توانی هەموو بەشەکانی ئازەربێنجان بهێنێتە پاڵی خۆی و وا رێککەوت بانگەشەکەی سەرکەوتنێکی سەرنجڕاکێشی بەخۆوە بینی لەناوچەی شاخەکان و هەمەدان و ئەسفەهان و (ماسبژان) و مەهرەجان–دا، هەروەها کۆمەڵێک لە کوردە شاخنشینەکان چوونە پاڵی و بەشێکی زۆریش لە (دەیلەم) کان ولە

---

[1] المقدسي :ب ٤ ل ٢٠.

[2] خوڕەمیەکان، شوێنکەوتووانی بابەک پێیان دەوترا (المحمرة – سوورگەرەکان)، چونکە لە رۆژانی بابەکدا جلەکانیان بەسوور بۆیاغ کردبوو، هەروەها دروشمیشیان بووە.

[3] الطبري: ب ۹ ل ۸۱

[4] بڕ: گوندێکە لە نێوان ئازەربێنجان و ئەران

(طبرستان) و جرجان و ئەرمینیا و خۆراسان و سەرجەم خاکەکانی عەجەم بلاو بووەوە [1]. بزوتنەوەکە هەندێ سەرکردە و میری فارسیشی لەگەڵ خۆیدا ئاساییدا بۆ لای خۆی راکێش کرد. هەمووبان بەشداریان کرد لە شۆڕشێکی چەکداری دژی عەباسیەکان، بابەک هەوڵی دا ئەرمەنەکان-یش بخاتە ریز خۆی و دەستی خستناو دەستی بێزەنتیەکانیشدا، بابەک رۆژ لەدوای رۆژ لایەنگری زیاتری پەیدا دەکرد، ئەوەش بەهۆی ئامادە نەبوونی هێزی عەباسی کە سەرقاڵ بوو بە شەڕی ناوخۆ و دامرکاندنی بزوتنەوە بەهەڵستکارەکانی میسر و وڵاتی شام و عێراق و جەنگ کردن لەگەڵ بێزەنتیەکاندا، جا ئەم بارودۆخە هۆکارێکی یارمەتیدەر بوو بۆ سەرکەوتنی لە رووی سەربازیەوە، تێکچوونی رەوشی ناوخۆ لە ئازەربێنجان هۆکارێکی دیکە بوو لە پەلەکردن لە راگەیاندنی شۆڕش. ئەوە بوو حاتەمی کوڕی (هرثمە بن اعین) هەر هەوالّی مردنی باوکی بیست، لە ئازەربێنجان سەری هەڵدا و پەیمانی بەست لەگەل بابەکدا و پرسی موسڵمانانی لا سووک کردەوە [2].

بابەک سیاسەتێکی سەربازی پەیرەو کرد لەسەر روخاندنی قەڵاکان و وێرانکردنی هەستابوو، تا بەرگری کردنی عەباسی لاواز بێتەوە، هەروەها جەختی کردەوە سەر بچراندنی ئەو ڕێگایانەی ئازوخە دەگەیەنن، تاڵانکردنی کاروانەکانیان بۆ ئەوەی هێرشەکانیان پەک بخات.

شوێنکەوتووە شاخەوانەکانیشی ناسراو بوون بە ناسینی پێچ و پەناکانی ناو شاخەکان و بۆسەدانان، ئەوان سەربازە عەباسیەکانیان لە ڕێڕەو و دەربەندە شاخاویەکاندا گیر ئەداو لە ناویان ئەبردن، ئەمەش رووبی دەکاتەوە کە ئەو شاڵاوە زۆرانەی مەئمون بۆ جەنگاندنیان ئاراستەی کردبوو، شکستی دەهێنا [3].

لەئەنجامی سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی، بابەک بووە هێزێکی مەترسیدار

---

[1] الدينوري : ٢٨٠ لا. اليعقوبي : ب ٢ لا ٤١٩. المسعودي : التنبية و الاشراف لا ٣٠٦. البغدادي :لا ٢٦٨، ٢٥٢

[2] اليعقوبي: ب٢ لا ٤١٩

[3] لەسالّی ٢٠٤ك مەئمون چەندین شالّاوی بۆ جەنگاندنی بابەکیەکان نارد بە سەرکردایەتی ناوبانگترین سەرکردەکانی نمونەی یەحیای کوڕی – معاذ – و عیسای کوڕی موحەمەد و عەلی کوڕی – صدقة – و موحەممەدی کوڕی حەمید-الطوسي- و هیتر، بەڵام ئەمانە نەیانتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنن.

دژی دەوڵەتی عەباسی. مەئمون لە ساڵی (٢١٨ ك/٨٣٣ز) کۆچی دوایی کردو بابەکیش لە لوتکەی بەهێزیدا بوو، ئەوەی کە مەترسیداری ئەم بزوتنەوەیە دەسەلمێنێ ئەوەیە مەئمون پێش مردنی تەمێی (المعتصم) ی برای کرد بەپێویستی بەرەنگار بونەوەی ئەم کۆمەڵەیە و دژایەتی کردنیان بە هەموو هێزو توانایەکەوە.([1])

زانست لە سەردەمی (مەهدی)دا

– ناوی مەئمون پەیوەستە بەو بوژانەوە زانستیەی کەوا بە شێوەیەکی گشتی لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا گەشەی کرد و لەسەردەمی خۆیدا بەشێوەیەکی تایبەت. سەردەمی ئەم خەلیفەیە بە پێشکەوتووترین سەردەمی زانستی دادەنرێ لە سەردەمی عەباسی یەکەمدا، چونکە ئاستی رۆشنبیری گەیشتە لوتکە، ئەوەش لەبەر چەندین هۆکار ئاشکرا ترینیان:

مەئمون هەرلە منداڵیەوە پەرۆشی خوێندنەوە بوو، بۆیە زانست و فیقە و مێژوو و فەرمودە و ڕاڤەی قورئان و زمانی، خوێند، شەیدای زانست بووە و حەزی بووە زیاتری لێ بەرێ، ڕێگەی بەوتوێژە هزریەکان دا و خۆشی تیایدا بەشداری دەکرد، هەموو توانای خستەگەڕ و گشت ڕێگەیەکی گرتەبەر بۆ ئەوەی گەنجینە هزریەکان بدۆزێتەوە لە کتێبخانەکانی (قسطنطینیة) و (قبرص) ([2]).

– سەردەمی مەئمون بوژانەوەیەکی زانستی بە خۆوە بینی بەهۆی ڕووکردنی خەڵکی لە لێکۆڵینەوەی زانستی و زانیاریە دێرینەکان، زیاد بوونی ژمارەی زانایان لە شارەکاندا.

– پەرەسەندنی پەیوەندی لە نێوان دەوڵەتەکان، لەو کاتەدا، هەوڵی عەباسیەکان بۆ بڵاوکردنەوەی ئاشتی سەرەڕای ئاڵوگۆڕی بازرگانی، یارمەتیدەرێك بوو بۆ گەشەکردنی بزوتنەوەی (تەعریب – واتە وەرگێڕان بۆ سەر زمانی عەرەبی)، کەوا

---

[1] بۆ دەقی ڕاسپاردەکە بگەڕێوە بۆ لای – الطبري – ب٨ ل ٦٤٨ – ٦٤٩.

[2] ابن النديم :ل ٣٥٣–٣٥٤

گەیشتە لوتکە، ئەمەش کەشێکی گونجاوی هێنایە ئاراوە بۆ زانستخوازی.

– دەوڵەتی عەباسی هەر لەسەردەمی مەنسورەوە رێککەوتننامەیەکی مۆرکرد تایبەت بەکڕینی کتێب و بەدەستهێنانی، ڕەنگە بەرزترین نرخی بدایە بۆ ئەم مەبەستە. ئەم دیاردەیەش لەسەردەمی مەئمون–دا زیادی کرد، ئەو بەردەوام پەیوەندی هەبوو بە (لیو) ئەرمەنی ئیمپراتۆری بێزەنتی، نێردە گەلێکی بۆ وڵاتی بێزەنتی نارد بەمەبەستی هەڵبژاردنی کتێبە زانستیە دێرینەکان کە لەوێ هەڵگیراو وپاشەکەوت کرابوو.

– بزوتنەوەی تەعریب وەکو بزوتنەوەیەکی تاکەکەسی نەمایەوە، بەڵکو بوو بەفەرمی و دەوڵەت خۆی بایەخی پێ ئەدا و هانی دەدا و یارمەتی دەدا و پارەی بۆ خەرج ئەکرد (۱).

لەراستیدا وا بۆ مەئمون رێککەوت خزمەتی ڕۆشنبیریەتی ئیسلامی بکات لەمیانەی ژیانی سیاسی ئەوەش لە ڕێگەی گرنگی کەسی خۆی بەکۆکردنەوەی کەلتووری نەتەوە دێرینەکان، بە تایبەتی کەلتووری یۆنانی کەوا زۆر حەزی لێ بوو. بۆیە نێردە گەلێکی زانستی نارد بەمەبەستی گەڕان بۆ کتێبە یۆنانیەکاندا و گواستنەوەی بۆ (بیت الحکمە – خانەی حیکمەت) کەوا لە سالی (۲۱۵ك /۸۳۰ز)دایمەزراند. ئەم خانەیە وەکو پەیمانگایەکی زانستی وایە، کتێبخانەیەك لەخۆ دەگرێ بۆ چاپکردنی کتێبە بیانیەکان، خانوویەك بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی و خوێندنەوەی و ڕوانگەیەکی فەلەکی لە خۆدەگرێت هەروەها مەئمون کۆمەڵێ وەرگێڕی دانا و مووچەی بۆ بڕیەوە لە (بیت المال). بۆیە ئەم خانەیە، کەلتووری ڕۆشنبیریەتی ئیسلامی لە گەل کەلتووری ڕۆشنبیریەتی بیانی کۆکردەوە.

هۆزی ئیسلامی لەسەردەمی مەئمون–دا بەسێ سەرچاوە کاریگەر بوو. بە ڕۆشنبیریەتی ئەغریقی و هیلینی لە شێوە و ناوەڕۆکەوە. لە ڕووی شێوەوە، ئەوا (منطق– ژیربێژی) یۆنانی کۆمەڵی داڕشتنی لە مشتومڕ و لێکۆڵینەوە و دەربڕین و

---

[۱] محمود و الشریف : ۲۷۱ ۲۷۲ –

ئامادە کردنی بە هزری ئیسلامی بەخشی. بۆیە شێوازی قسەکەران بەو داڕشتنانە کاریگەربوو بە تایبەتی (منطق- ژیربێژی)ی ئەرستۆ.

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، ئەوا کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە ڕێنمایی کردنی قسەکەران، بیری ئەفلاتونی نۆی کاریگەری هەبوو لە سەر سۆفی گەرێتی ([1]).

هەروەها هزری ئیسلامی، کاریگەری ڕۆشنبیریەتی هندی-شی لەسەر بوو ئەوەش لە ڕێگەی شالاوە سەربازیەکان و بازرگانیەوە. بە بڵاو بوونەوەی هندیەکان لە وڵاتە جیاجیاکانی ئیسلامدا، بیرۆکەکانیشان بڵاوبوەوە، هەروەها هەندی بیرۆکەی هندی لەڕێگەی فارسەکانەوە تەشەنەی کرد. کاریگەری هندی گەیشتە (الهیات - خواناسی) و وتارە ئەدەبیەکان و بیرکاری و گەردوون ناسی ([2]). وادیارە ئەو کاریگەری یە قوڵەی کە ڕۆشنبیریەتی هندی بەجێیهێشت زیاتر لەسەر بیرکاری و گەردوونناسی بووە. ئەوە بوو (موحەممەدی خەوارزمی) هەستا بەپوختکردنەوەی کتێبی گەردوونناسی هندی (سرهنتا) کە لەلایەن (ئیبراهیمی فەزاری)یەوە وەرگێردراوە بۆ زمانی عەرەبی، بۆ خەلیفە مەئمون، ڕەنگە ئەم کتێبە ئەو هۆکارە بووە کە لە ڕێگەیەوە زمارە عەرەبیەکان و سیفر لە وڵاتی هندەوە بەوڵاتی ئیسلام گەیشتووە.

لەسالی (١٩٨ك/٨١٤ز) خەوارزمی زمارە هندیەکانی لەخشتەی بیرکاری بەکارهێنا، پاشان لەسالی (٢١٠ ك/٨٢٥ز) نامەیەکی بڵاو کردەوە بەناوی ((خەوارزمی لە زمارە هندیەکانیەوە)).([3]).

هەروەها ڕۆشنبیریەتی فارسیش کاریگەری هەبوو لەسەر زمانی عەرەبی و و ئەدەبی عەرەبی بەشێوەیەکی تایبەت. چونکە وشە گەلێکی فارسی چۆتەناو ئەم زمانەو کتێبی فارسیش لەبارەی ئەستێرەناسی و ئەندازیاری و جوگرافیاو ئەدەب و میژووەوە، کراوە بە عەرەبی ([4]).

---

[1] امین، احمد : ضحی الاسلام ب ١ لا ٢٧٧

[2] محمود و الشریف :لا ٢٧٧

[3] عمران، محمود :محاضرات في معالم التاریخ الاسلامي الوسیط : لا ٢٤٣

[4] محمود و الشریف : لا ٢٧٨ -٢٧٩.

وەرگێڕەکان لەسەردەمی مەئمون–دا خەریکی بە عەرەبی کردنی کتێبە گەورەکانی زمانی سنسکریتی و فەهلەوی و یۆنانی و سریانی بوون. لەوانەی کە ناویان دەرکەوت لەخانەی حیکمەتدا، حەنینی کوڕی ئیسحاق بوو. ناوبراو زۆر لەبەرهەمەکانی جالینۆس و ئەرستۆ و ئەفلاتون وبەقرات و بتلیمۆس–ی کرد بە عەرەبی، بەرامبەر ئەم کارەش مەئمون خەلاتی کرد و بەکێشی ئەو کتێبانەی وەرگێڕابوو زێڕی پێبەخشی([1])، ئەوجا ئیسحاقی کوڕی کاری وەرگێڕانی کرد، ئەوەبوو هەندێ بەرهەمی ئەرستۆ وهەموو بەرهەمە فەلسەفی و پزیشکیەکانی جالینۆسی کرد بە عەرەبی، لەگەڵ ژمارەیەک لە زانایان بەشداری کرد لە دانانی شافەرهەنگێکی جوگرافی بۆ خەلیفە ([2]).

هەروەها مەئمون کۆمەڵێ لە گەردوون ناسەکانی بەکارهێنا بۆ تێبینی کردنی تەنە ئاسمانیەکان و تۆمارکردنی ئەنجامی ئەم تێبینیە، بۆ ئەوەی دۆزینەوەکانی بتلیمۆس بەدی بهێنن و خۆرگیران بخوێنن.([3]).

ئابەم شێوەیە هەموو ئەو کەلتوورە زانستیە گەورەیەی کە زانایانی یۆنان بە جێیانهێشت، گوێزرایەوە بۆ جیهانی ئیسلامی..

پەیوەندییە دەرەکیەکان لە سەردەمی (مەئمون)دا

پەیوەندی لەگەڵ (بێزەنتی)یەکاندا

خەریك بوو لە سەردەمی مەئموندا جەنگ لە نێوان موسڵمانەکان وبێزەنتیەکاندا هەڵگیرسێ. ئەوە بوو ئەم خەلیفەیە سەرقاڵی ئەوە بوو کۆتایی بە ململانێی نێوان خۆی و ئەمینی برای بێنێ، ئەمەش دەرفەتێکی بەدەوڵەتی ماندووی بێزەنتی دا، هەناسە هەڵکێشێ.

بۆیە، بەرەی ئیسلامی – بێزەنتی ئارامیەکی نیمچە ئەواوی بەخۆوە بینی جگە لە

---

[1] عمران :لا ٢٤٢.

[2] سەرچاوەی پێشوو: لا ٢٤٤.

[3] سەرچاوەی پێشوو.

چەند حاڵەتێکی کەمدا. ئەم ڕەوشە نیمچە ئارامە تاوەکو ساڵی (٢٠٥ك/٨٢٠ز)بەردەوام بوو، ئەوجا جموجوڵی سەربازی لەسەردەمی ئیمپراتۆر میخائیلی دووهەم، تارادەیەک، دەستی پێکردوە. ئەوە بوو هەرێەک لە مەئمون و میخائیل ئەم ئاژاوە و شۆڕشانەیانە بۆ قایمکردنی هەڵوێستی خۆی قۆستەوە. مەئمون رێککەوتنێکی لەگەڵ تۆماس-ی (صقلبی) مۆرکرد کەوا سەرکردایەتی شۆڕشێکی چەکداری کرد دژی رژێمی بێزەنتی، هاوکات میخائیل دانوستانی لە گەڵ خوڕەمێکاندا کرد کەوا دژی مەئمون ڕاپەڕین.

لەراستیدا هەڵمەتە چالاکەکانی ئیسلام بۆ سەر خاکی بێزەنتی لەساڵی (٢١٥ك/٨٣٠ ز) دەستیپێکردەوە وەکو بەرپەرچدانەوەیەک لە سەر ئەو هێرشەی کەوا (پیوفل)ی ئیمپراتۆر بە پاڵپشتی هێزی خوڕەمی دژی (زبطرة)، کردی ([1]).

مەئمون و عەباسی کوڕی چەندین هەڵمەتی سەربازییان برد و توانیان چەندین قەڵا لەناوچەی کبادوکیا بگرن ([2])

و هرقله و لوئلوئە-شیان هینایەوە ([3]).

مەرگی مەئمون

مەئمون پێش مردنی خیلافەتی بە (المعتصم)ی برای ڕاسپارد پاش ئەوەی قاسمی برای لابرد و عەباسی کوڕی پەڕاند. دوانزە شەوی مابوو لە (مانگی رەجەب ساڵی ٢١٨ك /مانگی ئاب ساڵی ٨٣٣ز) لە (بدندون) لەکاتی هێرش بردنی بۆ سەر ولاتی بێزەنتیدا کۆچی دوایی کرد، بردیان بۆ (طرسوس) و لەوێ ناشتیان. موسڵمانەکانیش ناچار بوون شوێنەکەیان کە لە دوای چیاکانی تۆرۆس-ەوە بوو، چۆڵ بکەن ([4]).

---

[1] العريني الدولة البيزنطية :لا ٢٧٩.

[2] الطبري :ب ٨ لا ٦٢٣-٦٢٤.

[3] هەمان سەرچاوە :لا ٦٢٩ فازيلييف : العرب و الروم لا ١٠٧ – ١٠٨ – ١١١

[4] سەرچاوەی پێشوو :لا ٦٥٠.

بەندی شەشەم

موحەممەدی (المعتصم) – هارونی (الواثق)

ئەبو ئیسحاق موحەممەدی (المعتصم) ۲۱۸–۲۲۷ك/ ۸۳۳– ۸٤۱ز

ناساندنی (المعتصم)

میری برۆاداران، ئەبو ئیسحاق موحەممەدی (المعتصم)، کوڕی هارون رەشیدی کوڕی مەهدی کوڕی مەنسوری عەباسیە، پێی دەوترێ (المعتصم – هەشتەمین) چونکە هەشتەمین کوڕە لە کوڕەکانی عەباس و هەشتەمین خەلیفەیە لە نەوەکەی، هەروەها توانیویەتی هەشت جار فەتح بکات، هەشت ساڵ و هەشت مانگ و هەشت رۆژ لەخیلافەتدا مایەوە، لەساڵی سەد و هەشتا لەمانگی شەعبان لە دایکبووە ئەمەش لەساڵدا مانگی هەشتەمە، کە کۆچی دوایشی کرد تەمەنی چل و هەشت ساڵ بوو، هەشت کوڕو هەشت کچی خستۆتەوە. ئەو نەخوێندەوار بووە و نوسینی باش نەزانیوە، بەڵام وا باس دەکرێ کە سەربازێکی ئازا بووە، راهێنراو لەسەر جەنگ، هەروەها باسی بەهێزی لەشیشی دەکەن (۱).ئەو رۆژەی کە مەئمونی برای لە (طرسوس) مرد، بەیعەتی پێ درا بۆ خیلافەت. هەندێ میر هەوڵیاندا عەباسی کوڕی مەئمون بکەن بەخەلیفە، بەڵام عەباس خێرا بەیعەتی دا بە مامی وەکو ڕێزێك بۆ راسپاردەی باوکی و هێور کردنەوەیەك بۆ سەربازەکان (۲).

(المعتصم) زۆردارانە حوکمڕانی دەوڵەتی عەباسی کرد، لەگەڵ کەمێك سۆزو بەزەیی نواندن و پلانی باشدا، ئەو ناسراوبوو بە ئازایەتی و دەستپێشخەری، زەبر وزەنگی و بەسامی. خولیای بیناسازی و کشتوکاڵی بوو و کاتی خۆی بۆ دروستکردنی تەلار و نەخشەسازی باخچەو بێستانەکان، تەرخان کرد.

---

[۱] ابن كثير : ب ۱۰ ل ۲۹۵ – ۲۹٦.

[۲] اليعقوبي: ب ۲ ل ٤۲۰.

بزوتنەوەی (طالبي) یەکان

سیاسەتی (المعتصم) بەرامبەر بە (طالبي)یەکان لەسیاسەتی خەلیفە عەباسیەکان – کەوا پێش ئەم حوکمڕانیان کردووە – نەرم و نیاتر نەبوو، جگە لە مەئمون. ئەوە بوو لە سالی (٢١٩ك/٨٣٤ز) موحەممەدی کوڕی ئەلقاسمی کوڕی عەلی ئەلزەیدی لە (طالقان) سەری هەڵدا، خەڵکێکی زۆر لە دانیشتوانی ناوچەی خۆراسان شوێنی کەوتن (١).

بەڵام بزوتنەوەکەی رێکخراو نەبوو و مەترسیەکی راستەقینەی نەبوو لەسەر دەسەڵاتی (المعتصم)، کەوا فەرمانی بە عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر دا – میری خۆراسان– بەرەنگاری ببێتەوە، ئەم سەرکردەیەش توانی بیشکێنێ و دەستگیری بکات، ناردی بۆ سامەرا و لەوێ خرایە زیندانەوە، بەڵام بەهاوکاری کۆمەڵێ پیاو لە گروپەکەی هەڵهات، لەسەردەمی (المعتصم و الواثق)دا خۆی شاردەوە و لەسەردەمی (المتوكل) گیرا و زیندان کرا، لە ناو زیندانداا، مرد (٢).

وادیارە هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە، وێڕای بڵاو بوونەوەشی، دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار:

– بەهێزی دەوڵەتی عەباسی لەسەردەمی (المعتصم)دا.

– بڕوابوونی موحەممەدی کوڕی ئەلقاسم بە بۆچوونی زەیدی و جارودیەکان(٣) ئەمەش بەدڵی زۆر لە زەیدیەکان نەبوو، بە تایبەتی زەیدیەکانی کوفە، سەرەڕای رقبوونی شیعە ئیمامیەکان لە شیعە زەیدیەکان ئەوانەی کەوا شوێنکەوتووی ئەبو جارود بوون.

---

(١) المسعودي : ب ٢ ل ٤٦٤- ٤٦٥.

(٢) الاصفهاني : ل ٤٧٢.

(٣) (جارودی): گروپێکی ئیسلامیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەبو جارود. بروایان وایە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناماژەی کردوە ئیمامەت بدرێتە عەلی کوڕی ئەبو تالیب ئەوەش لەمیانەی باسکردنی سیفاتەکانی بێ ئەوەی ناوی بهێنێ بگەڕێوە بۆ – الشهرستاني – ب ١ ل ١٥٧-١٥٨.

– بڕوابوونی موحەممەدی کوڕی ئەلقاسم بە بۆچوونی موعتەزیلەکان [1].

لەسەردەمی (المعتصم)دا لەسالّی (٢٢٠ك/٨٣٥ز) موحەممەدی کوڕی (علی الرجا)، نۆهەمین ئیمامی شیعەی دوانزە ئیمامی، کۆچی دوایی کرد. (المعتصم) بەم مردنە دلّنەوا بوو، چونکە لەوە دەترسا رکابەرێتی بکات لەسەر دەسەلّات و دوای خیلافەتی لێ بکات، لەسەر بنەمای ئەوەی کە کوڕەکانی لە وەچەی مەئمون–دان لە (أم الفضل)ی هاوسەری.

بزوتنەوەی (زط)

لەو ئاستەنگانەی کە توشی (المعتصم) بوو و بارشانی قورس کرد لەماوەی خیلافەتەکەیدا، بزوتنەوەی (زط) بوو، کەوا توانیان رێگەی بەسرە کۆنترۆڵ بکەن و هەڕەشە لە دامودەزگاکانی دەوڵەت بکەن، گومرگیان سەپاندە سەر کەشتیەکاندا و هەوڵیاندا نەهێڵن دەستی یارمەتی بگاتە بەغداد، بۆیە لەسالّی (٢١٩ك/٨٣٤ز) (عوجەیفی کوڕی عونبس)ی نارد بۆ ئەوەی بەرپەرچیان بداتەوە لە (البطیحة)، ئەوە بوو تەنگی پێ هەڵچنین و ئەوانیش داوای ئەمانیان کرد، خەلیفەش دەربەدەری کردن بۆ (عین زربە) [2].

لەناوبردنی بزوتنەوەی بابەک

(المعتصم) جێی متمانە بوو، ئەوە بوو جەنگی هەڵگیرساند دژی بابەکیەکان تا لەسالّی (٢٢٣ك/٨٣٨ز) لەناوی بردن. ئەوەبوو لەپاش سەقامگیر بوونی رەوشی ناوخۆ، جەختی کردەوە لەسەر جەنگاندنی بابەک و شالاو لەدوای شالاوی بۆ دەناردن. لەلایەکی ترەوە مەترسی بابەک گەورەتر بوو پاش ئەوەی (ئازەربێنجان)یش چووە ژێر دەسەلاتی، ترس بالّی کێشا بە سەر ئەو ناوچەیە کە تا ئێران درێژ بۆتەوە. تاوەکو یەکێک لەتیمە عەباسیەکان بەسەرکردایەتی ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی کوڕی موسعەب

---

[1] اللیثي : ٢٧٦-٢٨٧.

[2] الطبري : ب ٩ لا ٨-٩.

لەسالّی (٢١٨ك/٨٣٣ز) توانی شوێنکەوتووانی لە نێران لە ناوبەرێ [١].

لەسالّی (٢٢٠ك/٨٣٥ز) (المعتصم) هەستا بەدامەزراندنی مەزنترین سەرکردەی خۆی کە ناوی (ئەفشین)ە، حەیدەری کوڕی کاوس، وەکو میرێك لەسەر شاخەکان [٢] و فەرمانی پێدا بجەنگێ لەگەلّ بابەك –دا. ئەم سەرکردەیە ناسرا بەوەی کە زۆر وریایە، شارەزا لە رێڕەوە شاخاویەکاندا. ئەو پلانێکی سەربازی پەیڕەوکرد کە لەسەر – بەرەوپێشچوونی هێزاش – هەستابوو. لە (برزند) لە دەوروبەری (تەفلیس) دەواری هەلّدا، قەلاکان و رێگەکانی نێوان خۆی و ئەردەبیل کۆنترۆلّ کرد و سەربازەکانی بەسەر قەلاّ و شوێنی جیاجیادا دابەشکرد.[٣]. (المعتصم)یش بەردەوام کۆمەکی دەکرد و ئازوخەی بۆ رەوانە دەکرد و خەرجی سەربازەکانی بۆ دەنارد. پۆستەشی (برید) رێکخست، رێگەی خۆشکرد بۆ ئەوەی هاتوچۆ و پەیوەندی کردن بە خێرایی و دڵنیایی مسۆگەر بکات، وای لێهات نامە گۆڕین لە نێوان سامەرا و سەربازگەی ئەفشین ماوەی چوار رۆژ یاخود کەمتری پێ دەچوو [٤]، هەروەها (بۆ یەکەم جار لەم جەنگەدا) کۆتری نامەبەر بۆ گەیاندنی هەواڵەکان بەکارهێنرا [٥] وە بە خۆی لە (سامەرا)وە سەرپەرشتی شەڕەکانی دەکرد و نەخشەی سەربازی دانەنا. بەوەش موسڵمانەکان بوونە خاوەن زنجیرە قەلاّیەکی سفت و سۆلّ بە رووی بابەك.

ئەفشین پەنای بردەبەر شێوازی سیخوڕێتی بۆ ئەوەی دوژمنەکەی لاوازبکات و بە پلانەکانی ناشنابێت. ئەوە بوو هەر سیخوڕێکی ئەوانی چنگ بکەوتبایە، راکێشی دەکرد بۆ لای خۆی و پارەی زیاتری پێ دەبەخشی و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەهێنا [٦].

---

[١] هەمان سەرچاوە :ب ٨ ل ٦٦٧-٦٦٨.

[٢] هەمان سەرچاوەی پێشوو : ب ٩ ل ١١.

[٣] هەمان سەرچاوە : ل ١١ – ١٢.

[٤] الطبري، شێوازی گواستنەوەی یارمەتیەکان لە نێوان سامەرا و برزند –شوێنی سەربازگەی ئەفشین– دەستنیشان دەکات : هەمان سەرچاوەی پێشوو : ب ٩ ل ١٢-١٣.

[٥] الدوري :لا ١٨٥.

[٦] الطبري : ب ٩، ل ١٣.

❁ فازیلییف: ل ١٤٢. Bury: p.cit.p ٢٥٩

بابەك دەستبەجێ هەستی بەوە کرد کە ئەم جارە روبەڕوی سەرکردەیەکی زیر و چاوکراوە بۆتەوە، بۆ ئەوەی فشار لەسەر هێزەکانی لە ئازەربێنجان کەم بکاتەوە، داوای لە (پیوفل)ی ئیمپراتۆری بێزەنتی کرد هێرش بکاتە سەر خاکی ئیسلام، بەڵێنی پێدا بێتەناو ئاینی گاورەوە.(۞)

لە ئەنجامی ئەم خەشم و قینە (و ئەم ئامادە سەربازیە) دەبێ پێکدادن لە نێوان هەردوولا رووی بدایە، ئەوە بوو خەلیفە فەرمانی بە ئەفشین کرد کاری سەربازی دەستپێبکات و شاری (بذ)ی وەکو یەکەم ئامانجی سەربازی بۆ دیاری کرد، پاش ئەوەی لە ئاکامی شەڕی (ئەرشەق)دا (۱) بابەك ناچار بوو خۆیی تیا حەشار بدات.

ئەفشین پەلەی نەکرد لە ڕۆیشتنی بەرەو (بذ)، بەڵکو لەسەر خۆی بۆی چوو تا گەیشتە لای و گەمارۆیەکی توند و تۆڵیدا و شاری (روذ الروذ)ی کرد بە سەربازگەیەکی نوێ بۆ هێزەکانی. ئالەم کاتەدا بابەك هەوڵی دا بۆ لای خۆی رایکێشێ بەڵام سەرنەکەوت. ئەفشین بەردەوام بوو لە گەمارۆدانی (بذ) تا لە ڕۆژی هەینی لە (دەی مانگی ڕەمەزان سالی۲۲۲ ك/مانگی ئاب سالی ۸۲۷ز) توانی بچێتە ناوی (۲).

لەپاش ڕوخاندنی (بذ)، بابەك بۆ ئەرمینیا هەڵهات، ئەفشین-یش بۆ شا و میرەکانی نووسی ڕێگەی لێ بگرن. سەرچاوەکان وا باس دەکەن کە (بەتریق -سەهلی کوڕی -سنباط) شوێنی خۆشاردنەوەی زانی و دڵنیای کردەوە پاشان غەدری لێ کرد و ڕادەستی ئەفشینی کرد (۳).

لە (مانگی سەفەر سالی ۲۲۳ك/مانگی کانونی دووهەم سالی ۸۳۸ز) (بابەك)یان هێنا بۆ سامەرا لەگەڵ عەبدوڵلای برایدا.جا ڕۆژی گەیشتنی ڕۆژێکی بیرنەچوو بوو. ئەوە بوو سەربازەکان جلە ئەرخەوانیەکەیان لەبەری کرد و خستیانە سەر پشتی فیلێك و بەشەقامەکاندا گەڕاندیان. کە گەیشتە شوێنی دانیشتنی خەلیفە جلەکەیان

---

[۱] سەبارەت بە شەڕی ئەرشەق بگەڕێوە بۆ - الطبري - : ب ۹ ل ۱۳- ۱۷.

[۲] هەمان سەرچاوە پێشوو:ل ۳۱-٤٥.

[۳] هەمان سەرچاوە :ل ٤٥-٥١.

داکەنـد، پاشـان هـەردوو دەسـت و قاچـیان بـڕی و دەسـتیانکردە چـەقاندنی شمشێرەکانیان بە لەشیدا بەمێواشی، بێ ئەوەی بیکوژن تا زیـاتر ئازار و ئەشکەنجە بچێژێ. لە کۆتاییدا سەریان بـڕی، خەلیفـەش نـاردی بـۆ بەغداد و پیشان خـەڵك درا، لەکاتێکدا تەرمەکەی لە خاچ درا و لـە سـامەرا خرایـە ڕوو. عەبـدوڵلای براشـی لەگـەڵیا لەخاچ درا(۱). بەمەش ئەم بزوتنەوەیە کەوا خیلافەتی لە سەردەمی مەئمونـدا بـەخۆی خەریك کردبوو، کۆتایی پێهات.

بزوتنەوەی مازیار

هێشتا دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لەمەترسی بزوتنەوەی خۆڕەمی ڕزگـاری نـەبوو بـوو لـەو ناوچـانەی کـە دەکەونـە ڕۆژئـاوای دەریـای قـەزوین، بزوتنەوەیـەکی دیکـەی فارسی ڕوبەڕوی بووەوە، کە بریتی بـوو لـە بزوتنـەوەی مازیـاری کـوڕی قـارن، دوایـن میری قاریانیەکان لە (گبرستان)، کەوا نیشتیمانی خۆی کرد بە گۆڕەپانێك بۆ چـالاکیە شۆڕشیەکانی دژی دەوڵەت.

مازیار هاتەناو ئیسلامەوە و ناوی موحەممەدی لەخۆی نا و مەئمون-یش کردی بـە فەرمانڕەوا لەسەر (طبرستان) و (رویان) و (دنباوند) و نازناوی (أصبهذ)ی لێنا(۲).

وادیارە ئەو کابرایە هەستی سەربەخۆیی هەبووە، وبستی لە جەستەی دەوڵەت جیا بێتەوە. بۆیە، دوژمنایەتی نێوان تاهیریەکان کەوا ڕقی لێیانـە، لـە نێوان ئەفشین کـە تەماحی ویلایەتی خۆراسانی کردبوو، قۆستەوە بۆ بەرزکردنـەوەی ئـاڵای شـۆڕش. جـا ئەفشین نامەی بۆ مازیار نـاردبوو هـانی دەدا یـاخی بـوونی خـۆی لـە دەسـەڵاتەکەیان ڕاگەیەنێ، بە هێوای ئەوەی ئەمان نەتوانن ملکەچی بکەن، ئەو کاتەش، ئەمـە دەکاتـە بەهانەیەك بۆ ئەوەی خۆراسانیان لێ بگەڕێنێتەوە (۳).

---

۱ الطبری : ب ۹ ل۵۵،۵۲.

۲ الیعقوبی: ب ۲ ل ۴۳۷، ۴۳۸.

۳ المسعودی :ب ۳ ل ۴۷۳. الطبری : ب ۹ ل ۸۰.

بەڵام پەیوەندی نێوان ئەفشین و مازیار بەو سادە وساکاریە نەبوو، بەڵکو پەیوەندییەکی قوول و ڕەگ و ڕیشەی داکوتڕا کۆیانی دەکردەوە. ئەوە بوو مازیار دانی بەوە نا کە ئەفشین هانی داوە بۆ یاخی بوون و ڕێککەوتن لەسەر ئایینێك کە لە مەزهەبەکانی (ثنویة) و ئاگر پەرستی پێکهاتبوو(١) هەروەها مازیار نوسراوی بۆ بابەك-یش دەنارد و هاریکاریکردنی بۆ دەخستەڕوو (٢) وادیارە ئەو لەسەر مەزهەبی خوڕەمی بووە، ئەو مەزهەبەی کە وای لێهات شۆڕشی هۆشیاری فارسی دەنواند دژی دەسەڵاتی عەباسیەکان و دژی ئەو کۆمەڵگەیەی کە دایانمەزراند (٣)، ئەو پاڵنەرانەی کە بابەکی جوڵاند هەر خۆیەتی هانی ئەمی دا یاخی بێ، بە تایبەتی ئەگەر بزانین کە ئەو تازە چۆتە ناو ئیسلامەوە، واتە ئەم پاڵنەرانە تێکەڵەیەك بوو لەپاڵنەری سیاسی و ڕەگەزپەرستی و ئایینی (٤).

ئەو کارانەی کە مازیار ئەنجامی دا لەپاش ڕاگەیاندنی بزوتنەوەکەی، مۆرکی خوڕەمی هاوبەشی پێوە دیار بوو. چونکە ئەو ویستی دەست بەسەر زەوی و زاری مولکدارەکان بگرێ و بەسەر جوتیارەکاندا دابەشی بکات (٥) ئەم کارەش مانایەکی سیاسی هەیە لە تەنیشت مانا ئابوورییەکەی، بە تایبەتی ئەگەر بزانین کە بەشێکی زۆری خاوەن زەوییەکان عەرەب و مەوالیەکانیان بوون، بۆیە مازیار فەرمانی دا بە کاربەدەستەکەی لەسرخستان (٦) دووسەد و شەست کەس لە کوڕی سەرکردەکان کۆبکاتەوە و ڕادەستی جوتیارەکانی بکات بۆ ئەوەی بیانکوژن بەو پێیەی کە خەڵکێکی مەترسیدارن، هەروەها هەڵیخەڵەتاندن بەکوشتنی خاوەن کێڵگەکان و دەستگرتن بەسەر ژن و منداڵیاندا، لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی هێزی چینی هەژار بخاتە پاڵ

---

١ المسعودي : ب ٢٣ لا ٤٧٣.

٢ الطبرى : ب ٩ لا ٨١.

٣ الدوري : لا ١٨٨.

٤ العمرو: لا ٣٦٠.

٥ الطبري : ب ٩ لا ٨١.

٦ سەبارەت بەم ناوەنە بگەڕێوە بۆ : هەمان سەرچاوە : لا ٨١، ٨٩، ٨٤، ٩٣

خۆی و هانیان بدات بۆ رزگار بوون له دەسەلاتی عەرەبی [1]

خەلیفە ئامانجی ئەم شۆرشەی بۆ دەرکەوت، کاتێک عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر، نامەیەکی ئەفشین بۆ مازیاری گرت و پاش ئەوەی کە خۆی چەندین نامەی تری دەسکەوت لەخودی مازیارەوە(٦).

ئەوەی راستی بێ ئەم بزوتنەوەیە بە مردوویەتی لەدایك بوو! ئەوەش چونکە کاتی راگەیاندنی، لەسالی (٢٢٤ك/٨٣٩ز)، گونجاو نەبوو. دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لەو کاتەدا بارودۆخی ئارام بوو، لە لوتکەی بەهێزیدا بوو، ئەوەش پاش ئەوەی چەندین بزوتنەوەی بەرهەڵستکاری لەناوبرد، بۆیە لەناوبردنی بزوتنەوەی مازیار زۆر ماندووی نەکرد[2].

سەبارەت بە کۆتایی مازیار، ئەوا لە کۆتایی بابەك دەچوو، خەلیفە کوشتی و لە تەنیشت بابەك لەخاچی دا. [3].

دەرکەوتنی رەگەزی تورکی

لەسایەی بارودۆخێکی پڕ لە ململانێ لە نێوان عەرەبەکاندا لەلایەکەوە و فارسەکان کەوا مەئمون لە سالآنی یەکەم لە خیلافەتەکەیدا بەسۆز بوو لەگەڵیاندا لەلایەکی دیکەوە، تێکچوونی هاوسەنگی لە نێوان ئەو رەگەزانەی کە دەوڵەتی عەباسی لێی پێکهاتبوو. بەیعەت بە (المعتصم) درا بۆ خیلافەت.

ئەوەبوو لەو ساتەی مەئمون لە (مرو) دەرچوو، پەیوەندی نێوان عەباسیەکان و خۆراسانیەکان تێکچوو. شوێنەواری ئەوەش، لە لەناوبردنی بنەماڵەی سەهل –کە پێشینەیەکی فارسیان هەیە– و راپەڕینی بزوتنەوەکانی دژ بەدەوڵەت، دەرکەوت، بۆیە، ئەستەم بوو ئاواتی خۆراسانیەکان و بەرژەوەندی عەباسیەکان لەگەڵ یەکدا بگونجێ. ومتمانەی (المعتصم) بە فارسەکان بەرەو لاوازی دەچوو. لەلایەکی دیکەوە،

---

[1] سەر چاوەی پێشوو : ل٨٦٢ ـ ٨٧.

[2] العمرو : ل ٣٦٠ـ٣٦١.

[3] اليعقوبي : ب ٢ ل ٤٢٨.

(المعتصم) پشتی به رەگەزی عەرەبی نەبەست و متمانەی بە عەرەب نەبوو، بەهۆی زۆر هەڵگەڕانەوەیان و ئاژاوە نانەوەیان و راپەڕینیان دژی خەلیفەکان، سەرەڕای ئەوەی کە زۆر لە بنەماکانی هێزی سیاسی و سەربازیان لە دەستدابوو، بۆیە مەترسیان کەمتر بووەوە و رۆڵیان لاواز بووەوە.

ئەم دەرئەنجامانە وای لە(المعتصم) کرد پاسەوانی خۆی بە گروپێك لە رەگەزی تورکی بسپێرێ، جێی باسە کە خوێندەوشتن و سیفاتی جەستەی لە قایمی و ئازایەتی و پتەویدا هاوشێوەی خاڵە تورکەکانی بوو، کە نەتەوەیەکی تووندو تیژو جەنگاوەرو زەبرو زەنگن. وای لێهات رەگەزی تورکی کاریگەرێکی گەورەی هەبوو لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، هەرچەندە تورکەکان خاوەن شارستانیەتێکی دێرین نەبوون. پاسەوانی تورکی بووە کۆڵەکەیەك لە کۆڵەکەکانی خیلافەت لە رۆژانی حوکمڕانی ئەمدا.

لەراستیدا تورکەکان، لەسەردەمی ئەمەویدا لەئەنجامی بزوتنەوەی رزگاری خوازی ئیسلامی بۆ وڵاتی دوای رووبار هاتنەناو کۆمەڵگەی ئیسلامیەوە، بەڵام هیچ کاریگەرێکی سیاسیان لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامیدا نەبوو. بەڵام ئەوان، لەوکاتەی کە چوونە ناو جەرگەی ژیانی ئیسلامیەوە لە سەردەمی عەباسیدا ژمارەیان بەرە بەرە زیادی دەکرد و بە ڕوونی لە گۆڕەپانی ڕووداوەکاندا لە بەغداد دەرکەوتن لەسەردەمی مەئمووندا کەوا لەناو سوپادا بەکاری هێنان بۆ ئەوەی جۆرە هاوسەنگیەك بەدی بێنێ لە نێوان هەردوو رەگەزی عەرەب و فارس.

(المعتصم) ئەم کۆمەڵە دەمارگیرە تازە گەشە کردووەی لەخۆگرت تا بەمرە سەربازیەکانیان بە کاربهێنێ بۆ پاراستنی دەوڵەتەکەی و مانەوەی خیلافەتەکەی، لە سایەی ململانێی عەرەبی ـ فارسیدا.

بۆیە بەشێوەیەکی بەرفراوان تورکەکانی لەسوپادا بەکارهێنا و خستنیە ژێر فەرمانی سەرکردەکانی خۆیان، بەمەش لێدانێکی تووندی ئاراستەی سەرکردە و سەربازەکانی عەرەب و سیاسەتی تەقلیدی مەنسور کرد کەوا دەیویست لە سوپادا

هاوسەنگی لە نێوان گروپە عەجەمەکان و گروپە عەرەبەکان بپارێزی ([1])، سەبارەت بە سەرچاوەی ئەم تورکانە، ئەوا (المعتصم) لەهەرێمەکانی دوای رووبار هێنایانی، وەکو سەمەرقەند و فرغانە و ئەشروسنە و شاش و خەوارزم، ئەمەش لەرێگەی کرپنیان، یان لەرێگەی دیلگرتنیان لەجەنگەکاندا، یان لە رێگەی ئەو دیارییانەی کە فەرمانرەوای ئەم هەرێمانە بەشێوەی کۆیلە بەخەلیفەکان پێشکەشیان دەکرد. پاشان وای لێهات وڵاتی دوای رووبار بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ کۆیلەی تورک([2])

(المعتصم)، تورکەکانی لەوڵات جێگیرکرد، لەخۆی نزیکی کردنەوە، بە دەسەڵات تایبەتی کردن، سەرکردایەتی سوپاکانی پێ سپاردن، لە بواری سیاسەتدا پلەو پایەی بۆ دانان، لە سامەرا نیشتەجێی کردن کە تایبەت بۆ ئەوان دروستی کرد بوو. لەلایەکی دیکەوە، عەرەبی بێبەش کرد لە سەرکردایەتی کردنی سوپاکان، لە دیوانەکان ناوی سڕینەوە و بە خشینیشی لێ بڕین.

ئەم سیاسەتەی (المعتصم) دا، ئەنجامی هەنووکەیی و دوورپشی هەبوو.

لەرووی ئەنجامە هەنووکەییەکانەوە، ئەوا ئەم سیاسەتەدارانی عەرەبی تووڕەکرد، دژی دەسەڵاتی (المعتصم) راپەڕین، هەروەها بە رابەرێتی (عوجەیفی کوڕی عونبس) و (ئەلعەباسی کوڕی مەئمون)، پلانیان دانا بۆ تێرۆرکردنی، بەڵام پلانەکەیان سەری نەگرت.

کاردانەوەی (المعتصم) یش ئەوە بوو ئەلعەباسی لە ناوبرد هاوکات عوجەیف کۆچی دوایی کرد، پاشان وردە وردە عەرەب و فارسەکانیشی دوورخستەوە و لە پێدانی بەخشیندا ناوی سڕینەوە([3]).

لەرووی ئەنجامە دوورەکانیەوە، ئەوا ئەم سیاسەتە بووە هۆی زەرەرو زیانێکی زۆر و مەترسیدار بۆ دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی، چونکە لە رێبازی عەرەبی - فارسی، دەرچوو، بۆیە دەسەڵاتی خەلیفەی لاواز کردەوە، رەنگە پەیدا بوونی دەوڵەت گەلێکی

---

[1] الدوري : ١٧٨،١٧٧.

[2] العبادي : ١١٧.

[3] اليعقوبي : ب ٢ ل ٤٢٧.

جیاخواز لەسەر تاپای دەوڵەت لەسەردەمی عەباسی دووەمدا، یەکێك بوو بێت لەم ئەنجامانە، بەڵام لە سەردەمی (المعتصم) بە ڕوونی دەرنەکەوت، لەپاشتر ڕوون دەبێتەوە، لە کوشینی ئەلموتەوەکلەوە لە سالی (٢٤٧ك/٨٦١ز).

لەناوبردنی ئەفشین

هەندێ لە سەرکردە تورکەکانی دەوڵەتی عەباسیدا، پۆستەکانیان و دەسەڵاتیان لەناو دەوڵەتدا بۆ هێنانە دیی ئاواتەکانیان بەجیا بوونەوە لەدەوڵەت، قۆستەوە. لەو سەرکردانەی کە مەیلی سەربەخۆیی هەبوو، سەرکردەی تورکی ئەفشین، کەوا ویستی دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنێ لە (ئەشروسنە)، بۆیە کەوتە ڕێخۆشکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی بەم هەنگاوانەی خوارەوە:

- هەوڵیدا خەڵکی بۆلای خۆی ڕاکێشی تا لە فەرمانڕەوای عەباسی دوور بکەوێنەوە و پشتگیری لە بانگەشەکەی بکەن.

- هەوڵیدا عەبدوڵڵای کوڕی تاهیر فەرمانڕەوای خۆراسان کە لە ڕووی وەستا، دوورببخاتەوە.

- مازیار و منکجوری فرغانی، هاندا شۆڕش دژی دەسەڵاتی (المعتصم) هەڵگیرسێنن.

ئەفشین شکستی هێنا لە هێنانەدی ئامانجەکەی، پاش ئەوەی کە پیلانەکەی ئاشکرا بوو (١). بۆیە سیاسەتی خەلیفە بەرامبەری گۆڕا، ئەویش لەلایەنی خۆیەوە هەستی بەم گۆڕانە کرد و وای لێکرد بیر لە لەناوبردنی خودی خەلیفە بکاتەوە، بەڵام دەستی بەسەرا گیرا و (المعتصم)یش دادگایی کرد، بەڵام ڕاپۆرتی لێپرسینەوەکە ئامازەی بەپیلانی کوشتنەکە نەکرد، بەڵکو کۆمەڵی تۆمەت بوو مەبەست لێی سەلماندنی ئەوە بوو کە ئەفشین بەراستی نەهاتۆتە ناو ئایینی ئیسلامەوە و هێشتا تۆندڕەوە بۆ ئاگرپەرستی، هەوڵدەدا دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لەناوبەرێ. لەوانەیە

---

(١) اليعقوبي: ب٢ لا ٤٣٩.الطبرى : ب ٩ لا ١٠٤.

مەبەستی (المعتصم) ئەوە بوو گومان و دووبەرەکی نەکەوتیتە ناو سەرکردەکانی تری تورک. لەسالّی (٢٢٦ك/٨٤١ز) ئەفشین لە ناو زیندانەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کرد (١)

پەیوەندییە دەرەکییەکان لە سەردەمی (المعتصم)دا

پەیوەندی لەگەلّ (بیّزەنتی)یەکاندا

لەئەنجامی سەرقالّبوونی خیلافەت بە لەناوبردنی شۆرشی بابەکی خوڕەمی، لەسالّانی یەکەمی خیلافەتی (المعتصم) دا شەڕ ڕاگیرا. لەکاتێکدا (پیوفیل) ئیمپراتۆری بیّزەنتی سەرقالّبوو بە هێنانەوەی دووڕگەی (صقلیه) لەنێو دەستی موسلّمانەکاندا، بۆیە ناوچە سنووریییەکان ئارامیەکی نیسبی تەواوی بەخۆوە بینی. بەلّام ئەوەندەی نەمابوو چوار سالّ بە سەر خیلافەتی (المعتصم) دا تێپەڕیّ (پیوفیل) وایبینی بگەڕێتەوە بۆ شەڕکردن لەگەلّ موسلّمانەکاندا لەسەر سنوری ڕۆژهەلّاتی ئیمپراتۆرییەتەکەی، جا سەرکەوتنی دانوستانەکەی لەگەلّ بابەکدا کەوا بەلّێنی پێدا ببیّ بە گاور لە بەرامبەر یارمەتیدانی لە جەنگاندنی موسلّمانەکاندا، زیاتر هانیدا لەسەر ئەوە، بە بۆچوونی خۆی دەیتوانی سەرکەوتنی سەربازی بە دەست بێنیّ، بۆیە هێرشی کردە سەر ناوچەی بەرزایی یەکانی فوڕات بۆ ئەوەی پەیوەندی کردن بە خوڕەمیەکان لە ئەرمینیا و ئازەربێنجان مسۆگەر بکات، سەرە ڕێگەی (زبگرە)شی داگیرکرد، کە زێدی لە دایکبوونی دایکی خەلیفەیە، موسلّمانەکانی بە دیل گرت، هەروەها هێرشی کردە سەر (سمیساط و ملطیة) و ئاگری تیّ بەردا (٢).

(المعتصم) ئەم هێرشە بیّزەنتیەی بە تەحدا کردنی خودی خۆی دانا پێش ئەوەی تەحدایەك بیّ بۆ خیلافەتی عەباسی، ڕازی بوو بەو تەحدایە و بڕیاری دا تۆڵەی (زبگرە) بکاتەوە. هەر کە تەواو بوو لە دامراکاندوەی شۆڕشی بابەکی خوڕەمی لە سالّی (٢٢٣ك/٨٣٨ز)، سوپایەکی چڕوپڕی ئامادەکرد بەمەبەستی ئاراستە کردنی لێدانێکی پشت شکێن بۆ ئیمپراتۆریەت، تا سامی ئیمپراتۆریەت نەهێلیّ. بەم سوپایە

---

(١) الطبری : هەمان سەر چاوە لا ١١٤.

(٢) الطبری: ب ٧٩ لا ٥٦.

بەرەو (عەموریە) کەوتەڕێ، زێدی لە دایکبوونی خانەوادەی (پیوفل)، بەنیازی وێرانکردنی. شایانی باسە داگیرکردنی عەموریە بە هەنگاوێك دانەنرێ بۆ گەیشتن بۆ (قسطنطینیة). ([1])

خەلیفە بە ئامادە باشیەکی تەواوەوە (سامەرای) بە جێهێشت و (ئەنقەرە)شی کردە یەکەم ئامانجی شالاوەکەی، (ئەشناس)ی تورکی بۆ سەرکردایەتی پێشەوەی داناو (ئیتاخ) بۆ لای راست، (جەعفەری کوڕی دینار)یش بۆ لای چەپ و (عوجەیفی کوڕی عونبس) لەناو جەرگە، ئەفشین-یش لەم شالاوە بەشداری کرد و لەسەر تیمێکی سەربازی بوو، بڕیاریدا لە سێ شوێنەوە بچێتە ناو خاکی بێزەنتیەوە. سوپای ڕۆژهەلات بە سەرکردایەتی ئەفشین بەرەو شاری (سروج) بەرێکەوت بۆ ئەوەی لە ڕۆژێکی دیاریکراودا و لە میانەی ڕێی (الحدث) بچێتە ناو خاکی بێزەنتیەوە ([2])، سەبارەت بە سوپای ڕۆژئاوا کە بە سەرکردایەتی ئاشناس-ەوە، ئەوە دەبوو بە چیای تۆروس-ەوە بۆ شاری (صفصاف) پێشکەوێ کە دەکەوێتە نزیکی قەڵای (لوئلوئە) تا لەگەڵ سوپای ڕۆژهەلات لەدەشتی ئەنقەرەدا یەك بگرن. خەلیفەش بەشی سێیەمی سوپاکەی بەڕێوەبرد و ڕاستەوخۆ بەرەو ئەنقەرە کەوتەڕێ. خەلیفە وا پلانە تەکتیکیەکەی دارشت کە هەر سێ بەشەکە لەلای نشێوی ئەنقەرە کۆببنەوە تا هێرش بکەنە سەر شارەکە ([3]).

لەم کاتەدا (پیوفیل) ئیمپراتۆری بێزەنتی، کە زانی خەلیفە پلانی بۆ ئەنقەرە و عەموریە داناوە، (قسطنطینة)ی بەجێهێشت و لە (دوریلیوم) ڕاوەستا کە سێ میل لە (عەموریە)وە دوورە و فەرمانیدا ئەم شارە قایم بکرێ و کۆمەکی بۆ ناردن. دەربارەی پلاندانانی بۆ شەڕکردن، ئەوا وای دانا بوو لەکاتی کشانی هێزی ئیسلامی بەرەو باکوور بە ئاراستەی ئەنقەرە، هێرش بکاتە سەریان، لەپێناو ئەمەش لەسەر ڕووباری (هالیس) سەربازەکانی ڕاگیر کردو خۆی ئامادەکرد بیپەڕێنێ تا لە پڕێکدا بێتە سەر

---

[1] همان سەر چاوە : ل ٥٧

[2] فازیلییف: ل ١٣٣.

[3] الطبری: ب ٧٧٩ ـ ٥٨.

موسڵمانەکان، ئەو وای دەزانی کە ئەم هێزانە لە رێی (کیلیکیا)وە بۆ ئەنقەرە دێن، ئەگەرچی هیچی دەربارەی سوپای ئەفشین نەدەزانی ([1]).

ئەوجا ئەوە روویدا کە خەلیفە فەرمانی دەرکرد سوپا راوەستێ تا دەنگوباسی سوپای بێزەنتی بزانێ، نامەیەکی بۆ ئەشناس نارد، جا لەوکاتەدا گەیشتبووە مێرگی ئەسقەف کە نزیکی لۆئلۆئەیە، ئاگاداری دەکردەوە بە گۆڕانی هەڵوێستی سەربازی، فەرمانی پێدا راوەستێ تا پاشەکی سوپاکە پێی بگات چونکە کەرەستەی جەنگی پێیە. ([2])

وادیارە (پیوفیل) بە هاتنی سوپای رۆژهەڵات کە بە سەرکردایەتی ئەفشین بوو، زانی، بۆیە پلانەکەی گۆڕی، ناچار بوو سوپاکەی بکابە دوو بەشەوە، خۆی سەرکردایەتی بەشی یەکەمی کرد تا روبەڕوی ئەفشین ببێتەوە، بەشی دووەمیشی بۆ بەرەنگاربوونەوە سوپای خەلیفە هێشتەوە تا نەهێڵێ پێشکەون، ئەوەش هەوڵێکە بۆ بەیەک نەگەیشتنی هەردوو سوپای ئیسلامی ([3]) جا (المعتصم) کە بەپلانی (پیوفیل) ئاگادار بووەوە، ویستی ئەفشین، بە کەوتنە ڕێی ئیمپراتۆر بۆ لای وریا بکاتەوە. بەڵام ئەوکاتە ئەفشین گەیشتبووە ناو ئاسیای بچووک، بۆیە هیچ نوسراوێکی پێ نەدەگەیشت. سەبارەت بە ئەشناس ئەوا بەردەوام بوو لە کشانی بەرەو ئەنقەرە و خەلیفەش بە ماوەی یەک ڕۆژ لە دوایەوە بوو، بێ ئەوەی هیچ شتێك بزانن لە بارەی چارەنووسی ئەفشین([4]).

لەو کاتەی کە سوپای خەلیفە لە ئەنقەرە نزیك دەبووەوە، ئەفشین لە(سیواس) دەپەڕیەوە بۆ (توقات)، جا ئەو کاتە چاری ناچار بوو لەگەڵ ئیمپراتۆردا بجەنگێ. شەڕەکە لەساتە یەکەمەکانی بەیانی ڕۆژی بیست و پێنج لە (مانگی شەعبان

---

[1]. Bury: op.cit. p ٢٦٤

[2] الطبری: ب ٢٩ ٥٨.

[3]. Bury: op.cit. p ٢٦٤

[4] الطبری: ب ٢٩ ٥٩،٦٠.

سالی۲۲۳ك/مانگی تەموز سالی۸۳۸ز) دەستپێکرد، هەرچەندە سەرەتا بێزەنتیەکان سەرکەوتنیان بە دەستهێنا، بەڵام سوار چاکی موسڵمانەکان هەڵوێستەکەیان لە دۆرانەوە بۆ سەرکەوتن گۆڕی. کاتێک هەواڵی کوشتنی ئیمپراتۆر بڵاو بووەوە و شەڕەکەش بەردەوامە، شڵەژاوی کەوتە ناو ریزی سوپای بێزەنتیەوە، بۆیە هەڵهاتن بەبێ ئەوەی لابکەنەوە. ئیمپراتۆریش پاش رەنج و کۆششێکی کەم گۆڕەپانی شەڕەکەی بەجێهێشت و رۆیشت تا گەیشتە شاری (خلیوکومن). کە دەکەوێتە باکووری ئەماسیا، پاشماوەی سوپاکەی کۆکردەوە و گەڕایەوە بۆ سەربازگەکەی لەسەر رووباری هالیس، یەکێک لە سەرداڕەکانی بۆ ئەنقەر نارد تا بەرگری لێ بکات، بەڵام کات بەسەر چوو بوو. چونکە ئەوەی کە رووبدابوو سوپا جیابووەکانی ئیسلام لە دەشتی ئەنقەر کۆبووبوونەوە و شارەکەیان وێران و کاول کرد بوو ([1]).

(پیوفیل)پاش دۆرانی و روخاندنی ئەنقەرە هیچی پێنەکرا جگە لەوەی بنێرێ بۆ لای (المعتصم) و داوای لێبوردنی لێ بکات لەو کوشتارەی کە لە (زبطرة) ئەنجامیدا و پەیمانی دا سەر لەنوێ ئاوەدانی بکاتەوە و دانیشتووەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە و بە دیلگیراوی موسڵمانەکانیش بەربدات، بەڵام خەلیفە ئەم پێشنیارەی رەتکردەوە و بەردەوام بوو لە کشانی بەرەو عەموریە. سەبارەت بە (پیوفیل) ئەوا بەرەو (دوریلیوم) چوو و چاوەڕێی دەکرد بزانە چی بەسەر عەموریە دێ و چارەنووسی چۆن دەبێت ([2]).

خەلیفە پاش روخاندنی ئەنقەرە بەرەو عەموریە کەوتەڕێ و بەحەوت رۆژ گەیشتە لای و گەمارۆیدا، هەرچەندە ئەم شارە قایم و پارێزراو بوو، بەڵام لە پاش دوو هەفتە لە گەمارۆدانی لە حەفدەی (مانگی رەمەزان سالی۲۲۳ك/مانگی ئاب سالی ۸۳۸ز) رادەست بوو ([3]).

موسڵمانەکانیش خەڵکیکی زۆریان لێ بە دیل گرت و دەستکەوتێکی باشیان دەستکەوت، (المعتصم) پەرژینەکانی رماند، لە بەرامبەردا فەرمانی کرد بە نۆژەن

---

[1] هەمان سەرچاوە: لا ٦١ - ٦٢.. Bury: op.cit. p ٢٦٥

[2] الیعقوبی: ب٢ لا ٤٣٦.

[3] هەمان سەر چاوە : لا ٤٣٧.

کردنەوە (زیگرە) و قایم کردنی.

شالاوەکەی (المعتصم)، لاوازی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی دەرخست، ئەمەش خەلیفەی هاندا بەردەوام بێ لە کشانی بەرەو (قسطنطینیة)، کەوا رێگە بۆی کراوە بوو، بەڵام ناچاربوو بۆ عێراق پاشەکشێ بکات چونکە پلانێکی ئاشکراکرد لەلایەن سەربازەکانیەوە بۆ بەرژەوەندی ئەلعەباس[1]، هەرچۆنێك بێت، شالاوەکەی (المعتصم) بۆ وڵاتی بێزەنتیەکان جیاوازە لە شالاوە پێشووەکانی دیکە کەوا قەراغی دەوڵەتەکەیانی بە ئامانج کردبوو. چونکە عەموریە دووەم لە ناوچەرگەی ئاسیای بچوکەوە و (الطبري) وای دانا کە ((مەزنترین شارە لە وڵاتی رۆمدا بچی بۆی)) [2] ئەو کارەساتانەی کە لە ئاسیای بچوك رووبدا لە ئەنجامی هێرشی (المعتصم) و پێشکەوتنی موسڵمانەکانی ئەفریقیا لەدوورگەی (صقلیه) و ئەو زیانەی کە موسڵمانەکان لە دوورگەی (کریت) بە ئیمپراتۆریەت گەیاندیان، هەموو ئەمە (پیوفیل) ی قایل کرد کە ئیمپراتۆریەت توانای بەرەنگار بوونەوەی هێزی روو لەزیادبووی موسڵمانەکانی نیە، بۆیە مەیلی ئاشتبوونەوەی کرد.سەرئەنجام لەسالی (۲۲۷ك/۸٤۲ز) جەنگڕا گرتن لە نێوان هەردوولا راگەینرا [3]. ئەوە بوو هەر یەك لە (المعتصم) و(پیوفیل) لە هەمان ساڵدا کۆچی دوایی کرد. (الواثق) خیلافەتی گرتە دەست، هاوکات بەراسپێری (تیودورای)دایکی، میخائیلی سێیەم ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی گرتە دەست.

---

[1] الطبري: ب ۷۷.۷۱٤۹.المسعودي : ب ۲ ل ٤۷۳.

[2] هەمان سەرچاوە : ل۸۵۷۷.

[3] Canb. Mad. Hist:Iv p ۱۲۰

مەرگی (المعتصم)

لە رۆژی یەکەم لە (مانگی موحەڕەم سالّی ٢٢٧ك/مانگی تشرینی یەکەم سالّی ٨٤١ز) (المعتصم) کەلەشاخی گرت، لە پاش ئەوە توشی ئەو نەخۆشیە بوو کە لە ناوی برد، هەشت شەو بەسەر چوو بوو لەمانگی رەبیعی یەکەم کۆتاییەکانی مانگی کانونی یەکەم لەسالّی ٨٤١ز، هارونی کوڕی کرد بوو بە جێنشینی خۆی و کەسی نەکردبوو بە هاوبەشی لە فەرمانڕەواییەتیدا ([1]).

ئەبو جەعفەری هارون (الواثق) ٢٢٧.٢٣٢ك/٨٤١.٨٤٧ز

ناساندنی (الواثق)

هارونی کوڕی (المعتصم)، پێی دەوترێ ئەبو جەعفەر. دایکی بەس کوڕی هەبووە، ناوی (قراگیس)ە. بە راسپێری باوکی لەو رۆژەی کە تێدا مرد، رۆژی چوارشەممە هەشت شەو بەسەر چووبوو لە مانگی رەبیعی یەکەم، بەیعەتی پێدرا بۆ خیلافەت.
(الواثق) ناسرا بە گەورەیی عەقڵی و باش هەڵسو کەوتکردنی سیاسی لە سەردەمی باوکیدا، ئەمەش وای لە باوکی کرد لە کاتی نەبوونی لە بارەگای خیلافەت پشتی پێ ببەستێ، پاشان کردی بە جێنشینی خۆی. خولیای زانست و ئەدەب بوو. ئەو شاعیربوو شیعری جوانی هەیە و دەستبلاّو بوو لەگەلّ شاعیرە ناوارەکانی سەردەمی خۆیدا، لە کۆشکەکەی دانیشتگەیەکی بۆ وتوێژی هزری تایبەت کرد بوو، لەمەشدا پەیرەوی مەئمونی دەکرد و پێی دەوترا ((مەئمونی بچووک))، شوێنی باوکی کەوت لە پشتبەستن بە رەگەزی تورکی و لەپۆستەکانی سەرۆکایەتیدا تورکەکانی خستە جێی عەرەبەکان.([2])

---

[1] الطبری : ب ٩ لا ١١٨، ١١٩.

[2] بۆ ناشنابوون بە ژیاننامەی (الواثق)، بگەڕێوە بۆ لای (ابن الکثیر) ب ١٠لا ٢٠٨، ٢١٠،٢٦٧ و محمدبن شاکر الکتبي: فوات الوفیات ب ٤ لا ٢٢٨، ٢٣٠.

ڕەوشی ناوخۆ لەسەردەمی(الواثق)دا

سەردەمی(الواثق) بەماوەی گواستنەوە دادەنرێ لە نێوان دوو سەردەمی جیاواز لەسەردەمەکانی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیدا. زۆر لەو دیاردانەی کە لەسەردەمی مەئمون و (المعتصم)ی باوکی باوو بڵاو بوو لەکاتی ئەمیشدا دووبارە بووەوە.

(الواثق) لەسەرەتای خیلافەتەکەیدا بەرەنگاری بزوتنەوەی عەرەبە بیابان نشینەکان بووەوە لە بنەماڵەی سەلیم و ئەو دەشتەکیانەی کە ئاژاوەیان لەدەوروبەری مەدینەدا دەنایەوە، ئاسایشی سەپاند بەسەر ڕێگاو بانە بازرگانیەکاندا لە باکووری دوورگەی عەرەب (۱). (الواثق) بیرویاوەڕی موعتەزیلەی لەخۆگرت کە باسی خولقاندنی قورئان دەکات و سیاسەتی باوکی گرتەبەر لەسەرخستنی و پاڵپشتی کردنی، توندڕەو بوو لە سەپاندنی بیروڕا ئاینیەکانی بەسەر خەڵکدا، لەئەنجامی ئەمەشدا خەلکی سادە و فەقێکان هەستیان بە بێزاری کرد و خەڵکی بەغداد پیلانیان دژی گێڕاو هەوڵیان دا لەسەر حوکم لایبەرن، بەڵام وادیارە ئەو پێش مردنی، لەم بیرویاوەڕەی هەڵگەڕایەوە(۲).

ئیدارەی (الواثق)، لاوازی و کۆنترۆڵکردنی لەلایەن فەرمانڕەواکانی دەوروبەری پێوە دیار بوو، لە سەردەمیدا بەرتیل بڵاو بووەوە و گەندەڵی زۆر بووەوە. ئەم خەلیفەیە سیاسەتی تونڕەوی گرتەبەر لە بەرامبەر فەرمانڕەوا و نوسەرەکانی، بەوەش شوێنی هارون ڕەشیدی باپیری کەوت و وتە ناوبانگەکەی ئەوی دووبارە دەکردەوە ((.....دەستەوسان ئەو کەسەیە زۆرداری نەکات)). ئەوە بوو بەڵاو چورتەمی هێنایە سەر نوسەرکانیدا و پارە و پوولەکانی لێ سەندنەوە بەتۆمەتی ئەوەی کە ئێوە لەسەر حیسابی دەوڵەت دەوڵەمەند بوون (۳)، فەرمانڕەوای هەرێمەکان لەسەردەمی (الواثق)دا دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو، ئەوەبوو عەبدوڵڵای کوڕی تاهیری کوڕی ئەلحوسەین سەربەخۆیانە خۆراسان و (گبرستان) و کرمانی

---

[۱] الطبری : ب ۹ ۱۲۹۷ . ۱۳۱.

[۲] ابن کثیرب ۱۰ لا ۳۰۹

[۳] الطبری: ب ۹لا۱۲۵۱. ۱۲۸.

بەڕێوە دەبرد[1]. خەلیفە حوکمڕانی جەزیرە و شام و میسر و مەغریبی بـە (ئەشناس) سەرکردە تورکەکـەی راسـپارد، هـەروەها (ئیتـاخ)ی تورکیشی کـرد بـە فـەرمانڕەوای خۆراسان و سند و ناوچەکانی دیجلە[2].

مەرگی(الواثق)

ماندوەی (الواثق) لەسەر تەختی خیلافەتی عەباسی شـەش سـاڵ کـەمتری خایانـد، شەش رۆژی مابوو لە (مانگی ـ ذي الحجه ـ ساڵی٢٣٢ك/ مانگی ئـاب سـاڵی ٨٤٧ز) بـە نەخۆشی (الاستسقا – ئاوبەنگ) کۆچی دوایی کرد بێ ئەوەی جێنشین دانـێ لـە دوای خـۆی. لـەکاتی نەخۆشـیەکەی و نزیکبوونـەوەی مـەرگی داوای لێکـرا خیلافـەت بـە کوڕەکەی بسپێرێ، ئەگەرچی رازی نەبوو و وتی : ((من بەڕسپارێتی ئێوە هەڵناگرم نە بە زیندوویی و نە بە مردوویی)).

---

[1] هەمان سەر چاوە : ١٣١٧.

[2] اليعقوبي: ب ٢ ل ٤٤١.

سەردەمی عەباسی دووەەم
سەردەمی دەسەلاتی تورکی ٢٣٢-٣٣٤ك/٨٤٧-٩٤٦ز

خەلیفەکانی سەردەمی عەباسی دووەەم و ماوەی خیلافەتی هەر یەک لەوان:

أبوالفضل جعفر المتوكل	٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦١ز
أبوجعفر محمد المنتصر	٢٤٧-٢٤٨ك/٨٦١-٨٦٢ز
أبو العباس أحمد المستعين	٢٤٨-٢٥٢ك/٨٦٢-٨٦٦ز
أبو عبدالله محمد المعتز	٢٥٢-٢٥٥ك/٨٦٦-٨٦٩ز
أبو إسحاق محمد المهتدى	٢٥٥-٢٥٦ك/٨٦٩-٨٧٠ز
أحمد المعتمد	٢٥٦-٢٧٩ك/٨٧٠-٨٩٢ز
أبو العباس أحمد المعتضد	٢٧٩-٢٨٩ك/٨٩٢-٩٠٢ز
أبو محمد المكتفى	٢٨٩-٢٩٥ك/٩٠٢-٩٠٨ز
أبوالفضل جعفر المقتدر	٢٩٥-٣٢٠ك/٩٠٨-٩٣٢ز
أبو منصور محمد القاهر	٣٢٠-٣٢٢ك/٩٣٢-٩٣٤ز
أبو العباس أحمد الراضى	٣٢٢-٣٢٩ك/٩٣٤-٩٤٠ز
أبو إسحاق جعفر المتقى	٣٢٩-٣٣٣ك/٩٤٠-٩٤٤ز
أبو القاسم عبدالله المستكفى	٣٣٣-٣٣٤ك/٩٤٤-٩٦٤ز

سروشتی سەردەمی عەباسی دووەم

سەردەمی عەباسی دووەم لە زۆر دیاردەکانی لەسەردەمی عەباسی یەکەم جیاوازە. سەردەمی یەکەم ناسرا بە بەهێزی خیلافەت و سپاردنی دەسەلات بەو خەلیفانەی کە ناسراو بوون بە لێهاتوویی سیاسی. توانیان پەیوەندی پتەوی خۆیان لەگەڵ ئەو گەلانە بپارێزن کە لەماوەی خۆئامادەکردن بۆ شۆرش پاڵپشتی کردن. هەروەها ئازایەتیەکی دەگمەنیان نیشاندا لە سەرکوتکردنی حەزو ئارەزوی ئەو کەس و نەتەوانەی کە بە تەمای دەسەلات بوون، جگە لەوەی کە لە ئەندەلوس و هەندێ لە هەرێمەکانی باکووری ئەفریقیا رووبدا(۱).

توانیان جۆرە هاوسەنگیە لە نێوان رەوتە سیاسیە جیاجیاکان دروست بکەن کەوا لەپاش دامەزرندنی دەوڵەت سەربان هەڵدا.

ئەوە بوو ئەم دیاردانە لەسەردەمی عەباسی دووەمدا گۆڕا کاتێک دەوڵەت لەمەرکەزی بوون بۆ نامەرکەزی بوون گۆڕا لەسیستەمی حوکمڕانیدا، گەلێ دەوڵەتی سەربەخۆ دامەزرێنرا چ سەربەخۆییەکی تەواوەتی یاخود نیمچەیی لەگەڵ دانپێنان بە دەسەلاتی رۆحیی خیلافەتدا.(❁)

گەل و نەتەوەی دیکە هاتنە ناو کۆمەڵگەی ئیسلامیەوە و توانیان بگەن بە دەسەلات و خەلیفەکان کەوتنە ژێر دەسەلاتیان، ئەمەش وایکرد رۆڵی سیاسیان کەم بێتەوە، بۆیە ئەو رێزەیانە نەما کە خەلیفەکانی پێشوویان لەسەردەمی عەباسی

---

(۱) عەبدولڕەحمانی داخل. ئەندەلوسی جیا کردەوە عەبدەلڕەحمانی کوڕی حەبیب یش -فەرمانڕەوای ئەفریقیا- شۆڕشی هەڵگیرسان دژی نەمەویەکان و. عەباسیەکان وەکو مێژکی سەربەخۆ دانیان پێنا. مەغریبیش دامەزراندنی دەوڵەتی رۆستەمی لە (تاهرت) بە خۆوەبینی. دەوڵەتی (الادارسە) لە مەغریبی دوور و دەوڵەتی (الاغالبە) لە تونس.

❁ لەدیاردەکانی دانپێنانی دەوڵەتە جیاخوازەکان بە دەسەلاتی ناینی خەلیفە:

۱. پارانەوە بۆ خەلیفە لەسەر مینبەرەکان.

۲. نەخشاندنی ناوی خەلیفە پێش ناوی میر لەسەر دراوەکان.

۳. ناردنی بەشێک لەباجەکان بۆ (بیت المال)ی خیلافەت. بگەڕێوە بۆ : العش، یوسف : تاریخ عصر الخلافة العباسية: لا ۱۳۸.

یەکەمدا هەیانبوو(۱).

وادیارە هۆی ئەم گۆڕانکاریە دەگەڕێتەوە بۆ هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کەوا دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا گوزەراندی و تۆوی جیابوونەوەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت.

خاکی دەوڵەت، بەرفراوانییەکی زۆری بەخۆوە بینی بەشێوەیەک مەحاڵبوو لەناوەندی خیلافەتەوە بەڕێوە ببرێ، ئەوەش بەهۆی پێشنەکەوتنی هۆیەکانی گواستنەوە لەگەڵ ئەم بەرفراوانیە لەلایەکەوە، بەهۆی پەیدابوونی هەستی رەگەز پەرستی لەلایەکی دیکەوە.

بەرامبەر ئەم واقیعە، دەوڵەت پەنای بردەبەر پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی پێچەوانە کە لەسەر بەش بەش کردن هەستابوو. ئەوە بوو هارون رەشید دەوڵەتی لەنێوان هەردوو کوڕەکەی ئەمین و مەئموندا دابەش کرد. بەشی یەکەم شارەکانی مەغریبی عەرەبی دەگرێتەوە، بەشی دووهەمیش رۆژهەڵات، جا نەریت وابوو خەلیفە جێنشینێتی بە دوو کەس بسپێری لە دوای یەکتر. ئیدارەی مەغریب بە جێنشینی یەکەم سپێردرا و ئیدارەی رۆژهەڵاتیش بە جێنشینی دووهەم. ئەوە بوو لە دوای هارون رەشید خەلیفەکانیش ئەم سیاسەتی بەش بەش کردنەیانە پەیڕەوکرد.

سەرئەنجامی ئەم بەش بەش کردنە دوو دیاردەی دژ بە یەک هاتەکایەوە. دیاردەیەک هەوڵدەدات دەسەڵات بەهێزبێت و یەککگرتوویی دەوڵەت بپارێزێ، دیاردەیەکیش کاردەکات بۆ جیابوونەوەی هەرێمایەتی کەوا تێکچوونی رەوشی کۆمەڵایەتی و ئابووریی خەڵکی بەهەلزانی بۆ جیابوونەوە. جامەسەلەکە بەسەرکەوتنی ئارەزوی جیاخوازی تەواو بوو کە ڕێی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ خۆشکرد.

سەرەڕای ئەمەش، ئەوا دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لەکاتی دامەزراندنیدا تۆی ئەم جیابوونەوەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو، ئەوەش کاتێک نەتەوەکانی تر چاوەڕوان بوون بنەمای یەکسانی تەواوەتی لەگەڵ عەرەبدا دەستبکەوێ بەپێی بنەماکانی شەریعەتی

---

(۱) محمود و الشریف: لا ۲۸۵.

ئیسلامی، پاش ئەوەی لە قۆناغەکانی پێشوو لێی بێبەش بوون. جا خیلافەتی عەباسیش کاری کرد بۆ جێبەجێکردنی ئەم داخوازیە، بۆیە گیانی نەتەوەپەرستی لەلای نەتەوەکانی بەهێز کرد و هانیدان دەوڵەتی سەربەخۆ و رەگەزپەرست دامەزرێنن، بەڵام لەهەمان کاتدا وڵاتی خۆیان بۆ خیلافەت پاراست و دانیان بە دەسەڵاتی ڕۆحی خەلیفە نا. لەسەر ئەوەش، داخوازی ئەم نەتەوانە بە جێبەجێکردنی بنەمای یەکسانی، ئامانجی سیاسی لە دواوە بوو.

شێوازی حوکمڕانی لە ویلایەتە دوورەکاندا ڕۆڵی هەبوو لەزاڵکردنی هەستی جیاخوازی. ئەوە بوو خەلیفەکانی بنەماڵەی عەباس، بە تایبەتی لەسەردەمی بەهێزبوونی دەسەڵاتی تورکەکاندا، بەئەنقەست هەندێ لەسەرکردەکانیان وەکو فەرمانڕەوا لەم هەرێمانەدا دامەزراند، هاوکات چاودێری کردنیان وڵێپرسینەوەیان پشتگوێ خست. بەحوکمی نێکچوونی ڕەوشی گشتی لە ئیدارەی ناوەندیدا، ئەمانە جێگریان بۆ خۆیان دانا بۆ بەڕێوەبردنی هەرێمەکان و خۆشیان لەپایتەخت مانەوە و بەشداریان دەکرد لە نەخشەکێشانی سیاسەتی باڵای دەوڵەت و بەشدار دەبوون لە پیلانگێڕان و ژیانێکی خۆشیان لە ناو کۆشک و تەلارەکاندا دەگوزراند.

بێگومان، لەم بارودۆخە نائاساییەدا، جێگرەکان هەوڵ بدەن بۆ کۆکردنەوەی پارەو پوول بەمەبەستی ڕازیکردنی خەلیفە و سەرکردەکان و تەنانەت خۆشیان. بە ئەنقەست باجیان زیاد کرد و بە زۆر دەیانسەند، خەڵکی سنەمی لێکرا و چاوەڕوانی کەسێك بوون ئەم زوڵم و ستەمەیان لێ هەڵگرێ و باری ئابورییان باشتربکات. وای لێهات پیاوی بەهێز لە ویلایەتەکاندا دەرئەکەوت و ئەم ڕەوشە شڵەژاوەی بەهەل دەزانی و بەڵێنی باشکردنی باری ئابوری و کۆمەلایەتی دەدا، خەڵکیش پاڵپشتیان دەکرد و ئەویش جیابوونەوەی خۆی ڕادەگەیاند.

بزوتنەوەی زەنج کە لەساڵی (٢٥٥ك/٨٦٩ز) ڕاپەڕی، قۆناغێکی یەکلایی کەرەوە بوو بۆ مێژووی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی، چونکە هێزە جیاخوازەکان زۆر بەهێزەوە بوون بە شێوەیەك دەوڵەتی عەباسییان پارچە پارچە کرد. ئەوە بوو باکووری ئەفریقیا دەمێکە لە دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی جیا بووبوەوە، لە جەنگی

درێژخایەن لەگەڵ زەنجەکاندا و لەپاشی بەماوەیەکی کەم وڵاتی زۆری دیکە لەلەشی دەوڵەتی خیلافەت جیابووەوە، ئەو بارو دۆخە گرانەی کە خەلیفەکان خۆیانیان تیا بینیەوە دەرفەتی بە سەرکردە تەماحکارەکاندا حکومەتی سەربەخۆی خۆیان دامەزرێنن لە شوێنی جیاواز لە دەوڵەتدا. وادیارە سەرکەوتنەکانیان گونجاو بوو لەگەڵ حەزو ئارەزووی ئەو چینەی کە زوڵم و ستەمی لێکرا لەو وڵاتانە وێڕای چینی مامناوەند لەجوتیار و پیشەدار و بازرگان و خاوەن مووڵکەکان. چونکە گەشەسەندنی پیشەسازی هێندە خێرا نەبوو هەموو دەستی کار لەخۆبگرێ و کشتوکاڵیش ئاستی دابەزی بەهۆی شەڕو ئاژاوە و دزی و جەردەیی، هەروەها جموجوڵی جهادیش زۆر کز بووەوە، بۆیە ژمارەی بێکارانیش زیادی کرد، لە ئەنجامدا گەنج لە هەموو شوێنێکدا پەیدا بوو و چوونە ناو بزوتنەوە جیاخوازەکان. زیادبوونی دزی و تاڵانی و بڵاو بوونەوەی جەردەیەتی ترسی لەلای چینی مامناوەند پەیدا کرد، بۆیە وای لە تاکەکانی کرد پاڵپشتی ئەو فەرمانڕەوایانە بکەن کە بتوانن ئەمن و ئاسایش سەقامگیر بکەن کە پێویستە بۆ چالاکی کۆمەڵایەتیان و پاراستنی سەقامگیریان.

جا کاتێک شۆڕش هەڵگیرسا هێشتا و یلایەتە هەرێمبەکان لەژێر دەسەڵاتی راستەوخۆی خەلیفەکان بوون یاخود دەسەڵاتی فەرمانڕەوا دڵسۆزەکانیان. لە کاتی شۆڕشدا هەموو شتێك گۆڕا. چونکە بیرۆکەی - کۆکردنەوەی جیهانی ئیسلامی لەژێر یەك سەرکردایەتی سیاسی - گرنگی نەما، بیرۆکەی - بەدیهێنانی بەرژەوەندی هەرێمی بۆ گەلە جیاجیاکان کەوا هەموویان چوونە ژێر ئاڵای خیلافەت - جێی گرتەوە، بە شێوەیەك کە هەموو گەلێك هەست بە رەگەز و کەسایەتی خۆی بکات و هەوڵ بۆ گەشەپێکردنی بدات و وردە وردە جیابێتەوە، ئائەوەی کاتی خۆی هات کە هەموو رەگەزێك حوکمڕانی خۆی بکات. - هەندێ لایەنی ناوخۆیی هانی ئەم رووکارە رەگەزپەرستیەیانە دەدا وەکو بەرهەڵستکاری عەلەوی و بەرهەڵستکاری خەواریج. خیلافەتیش بێ دەسەڵات لە بەردەم ئەم رەوتانە وەستابوو و چاری نەدەکردن.

بەڵام خیلافەت وەکو سیستەمێکی سیاسی، لە دیدەی موسڵمانەکاندا بەگشتی پێویستیەکی ئایینی بوو بۆ بەردەوامبوونی یەکێتی ئیسلامی گشتی. چونکە وەکو

هێمایەکە بەشە جیاجیاکانی جیهانی ئیسلامی بە یەک دەبەستێتەوە، وە ئەو گەلانەی کە سووربوون لەسەر جیابوونەوەی سیاسی بیریان لە جیابوونەوەی ئاینی نەکردۆتەوە، جگە لە پرسی خیلافەتی (فاگمی) کە هەر دانی بە ماف عەباسیەکان لە خیلافەتدا نەنا.

لەلایەنی خۆشیەوە خیلافەت ئەم دیاردەیەی گرتەخۆ، هەوڵیدا هاوسەنگی دروستبکات لە نێوان ئاواتی گەلەکان و داواکاریە سیاسی و ئابوورییەکانیان و لە نێوان بنەمای یەکێتی. بەڵام نەیتوانی هاوسەنگی لە نێوان هێزی ناوەندی لە بەغداد و نێوان هێزە نامەرکەزی گەشە کردوەکان لە هەرێمەکاندا بەدی بێنی، بۆیە کۆمەڵێ دەوڵەتی سەربەخۆ دامەزرا. ئەوە بوو لە رۆژهەڵات دەوڵەتی (گاهری) و (صفاری) و (سامانی) سەریان هەڵدا، هەروەها لە میسر دوو دەوڵەت دامەزرێنرا -(تۆلۆنی) و (ئەخشیدی). باکووری ئەفریقیاش بەمەزهەب کاریگەربوو و سەرئەنجام دەوڵەتی عوبەیدی (فاگمی) تێدا دامەزرا.

لە بەرامبەر ئەم راستیەدا خەلیفە عەباسیەکان چاریان نەبوو جگە لەوەی دانی پیا بنێن، هەموو گەلێك لەم راستیە نوێیەدا دەرفەتی بۆ رەخسا ئایندەی خۆی لە چێوەی شارستانیەتی ئیسلامیدا دروست بکات، بە هەر شێوەیەك بێت بە پێی توانای خۆی بەشداری بکات لە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی ئیسلامی.

لەو سەردەمە کە نامەرکەزیەت بەسەر کاروباری حوکمڕانیدا زاڵ بوو، جیاوازیەکی سیاسی دەبینین لە نێوان رۆژهەڵاتی ئیسلامی و رۆژئاوایدا. لەکاتێکدا هەرێمەکانی رۆژهەڵات، هەر چەندە گەشەیان بە رووکاری رەگەزپەرستی جیاخوازی دەدا، سوور بوون لەسەر ئەوەی بمێننەوە لە ناو بازنەی خیلافەتداو رێزیان لێ دەگرت و دانیان بە دەسەڵاتە رۆحیەکەی دەنا و دەکۆشان بۆ ئەوەی دامەزراندنی هەرێمەکانیان بەپشتگیری ئەو بێ، وەکو بەڵگەیەك لەسەر هەبوونی سەروەری بااڵی عەباسی، دەوڵەتە جیاخوازەکانی رۆژئاوا بەرەو سەربەخۆیی تەواوەتی دەچوون، بەوەش بەدەنگی داواکاریە رەگەز پەرستیەکانی پارتە بەرهەڵستکارەکانەوە دەچوون.

وڵاتە جیاخوازەکان بەرپرسیارێتی بەرگریکردن لە جیهانی ئیسلامیان گرتە ئەستۆ،

هەریەك لە شوێنی خۆی، بەمەش ئەم ئەرکەی لەسەر شانی خیلافەت هەڵگرت، هەروەها دەسەڵاتی جیهانی ئیسلامیی گەیاندە شوێنی تازە، پێی دەچێ خیلافەتی ناوەندی نەیدەتوانی ئەوە بهێنێتە دی. هەروەها بەرەنگاری ئەو هێرشانە بوونەوە کە دەکرایە سەر جیهانی ئیسلامی.

ناوچەکانی سەر سنوور وەکو یەکەی ئیداری مایەوە جارێك بەهێزەوە دەبوو و جارێك لاواز، بەپێی گۆرانکاریەکانی جیهانی ئیسلامی و پێوبستی بۆ بەرگریکردن یاخود هێرشکردن، ئەمەش بەندە بە مەترسی دەرەکی و هێزی خیلافەت، ئەوە بوو دەوڵەتی (حەمدانی) لە ناوچەکانی سەر سنووری شام و جەزیرە دامەزرا. سەبارەت بە ناوچە سنوریەکانی دوای رووبار ئەوا ئەرکی بەرگری لێکردنی کەوتە سەر شانی ئەو وڵاتە جیاخوازانەی کە لە رۆژهەڵات دامەزران.

سەبارەت بە عێراق، ئەوا رەوشێکی تایبەتی هەبوو، چونکە پەیوەست بوو بە خیلافەت کەوا راستەوخۆ حوکمڕانی دەکرد یاخود بەناویەوە حوکمڕانی دەکرا کە مشتی نەتەوەکانی تر لەدەسەڵات بەهێز بوایە، تاوەکو لە کۆتاییدا بە تەواوەتی خەلیفە دەسەڵاتی خۆی لەپایتەختدا لە دەستدا لە بەردەم بەهێز بوونەوەی دەسەڵاتی تورکەکان، وەکو چۆن پێشتر لە هەرێمەکاندا لەدەستی دا و وای لێهات پۆستی خیلافەت تەنها هێمایەك بوو دەوڵەت لە دەوروبەری کۆدەبووەوە.

لە کۆتاییدا سەردەمی عەباسی دووهەم ناسرا بە دابەزینی ئاستی پەیوەندیەکانی نێوان خیلافەت و نێوان سەرچاوەکانی بەهێز بوونی لە هەرێمەکاندا([1]).

بۆیە خیلافەتیش لاواز بووەوە خەلیفە سیفەتی خۆی لە دەستدا وەکو سەری قووچەکی ئەو سیستەمە کە زاڵ بوو بە سەر ژیانی ئیسلامی لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا، سەرئەنجام سامی لەلای خەڵکی نەماو نووشی سووکایەتی پێکردن بوو.

---

[1] ئەم پەیوەندییانە بە هۆی هۆکاری ناوخۆیی تایبەت بە ناوماڵی عەباسی و ململانێی خانەوادەیی لاواز بووەوە، بە هۆی هۆکاری دەرەکییەوە کەوا رەگەز پەرستی تەشەنەی کرد بوو لە هەرێمەکاندا هاوکات رەگەزی عەرەبی رۆڵی کز دەبووەوە بەهۆی بڵاو بوونەوەی عەرەب لە وڵاتەکاندا و تێکەڵبوونیان بە ئەو گەلانەی کە ملکەچیان بوون و بەهۆی پەیدا بوونی دەمارگیری لە نێوانیاندا. خیلافەت پشتگیری رەگەزی عەرەبی لەدەستدا. هەروەها رەگەزی فارسیش. پاش ئەوەی کە تەنگی پێهەڵچنین.

بەندی حەوتم

رەوشی ناوخۆی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی

پەیوەندی لەگەڵ تورکەکاندا – دەرکەوتنی سیستەمی (إمرەالامراو) – بزوتنەوەی زەنج – پەیوەندی لەگەڵ عەلەویەکاندا.

١-پەیوەندی لەگەڵ تورکەکاندا

پایتەختی خیلافەت لە بەغدادەوە بۆ سامەرا گوێزرایەوە، کەوا نزیکەی پەنجا ساڵ بەشارستانیەتی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی مایەوە و بووە بارەگای نوێ بۆ دەمارگیری تورکی. لەسەردەمی (المعتصم)دا چەندین کەسایەتی تورکی لەسەر شانۆی ژیانی سیاسی هاتنە دەرکەوتن کە بەگشتی رۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە ژیاندا، رەنگە ئەفشین و ئەشناس و ئیتاخ و (وصیف) و (سیمای دیمەشقی) ناودارترینیان بن. ئەوە بوو خزمەت و پاڵپشتی دەوڵەتیان کرد لە شەڕە ناوخۆییەکانیدا دژی ئیمپراتۆریەتی بیزەنتی. بە تێپەڕ بوونی رۆژگار تورکەکان کەوتنە پێکهێنانی قەوارەیەکی تایبەت بە خۆیان چ لەسایەی خیلافەت بێ یاخود بەجیا، هەروەها هەندێکیان کە زانیان خیلافەت ناتوانێ دەستبەرداری خزمەتەکانیان بێ تەماحیانکرد تاکڕەوی لە دەسەڵاتدا بکەن لە پایتەختدا.

خیلافەتی (الواثق)ی کوڕی (المعتصم) (٢٢٧–٢٣٢ك/٨٤٢–٨٤٧ز) بەماوەی گواستنەوە لە نێوان دوو سەردەمدا دادەنرێ. یەکەمیان سەردەمی زاڵبوونی تورکەکانە بە سەر پۆستەکانی دەوڵەت لەگەڵ مانەوەی سامی خیلافەت. دووەمیان زاڵبوونی تورکەکانە لەگەڵ نەمان سامی خیلافەت و دابەزینی پلە و پایەی خەلیفەکان[١]

تورکەکان لە سەردەمی (الواثق) دا پێی خۆیان لە دەسەڵاتدا جێگیر کرد و

---

[١] محمود و الشریف : سەرچاوەیەکی پێشوو : ل ٣٢٩.

سەرۆکەکانیان زۆر دەستیان دەرۆشت، تەنانەت خەلیفە ناچار بوو نازناوی سولتان ببەخشێ بە ئەشناس و کۆمەڵێ مافی پێ بدا لە دەرەوەی چوارچێوەی ئەرکە سەربازیەکانی، بەوەش بووە یەکەم خەلیفە سولتان بۆ خۆی دانێ[1]. کاروباری جەزیرە و ووڵاتی شام و میسری خستە ژێر دەسەڵاتی، هەروەها ویلایەتی خۆراسان و سند و ناوچەکانی دەوروبەری دیجلەی بە ئیتاخ راسپارد [2].

لەئەنجامی ئەم فراوانخوازیە لە دەسەڵاتدا، تورکەکان زاڵبوون بەسەر پایتەختی خیلافەت و سەرجەم هەرێمەکانیان کۆنترۆڵ کرد، ئەوجا هەنگاوێکی تریان نا تا دەسەڵاتیان بەردەوام بێ، کەوا دەبێ بەسەر خودی خەلیفەشدا زاڵبن چونکە ئەو سەرچاوەی ئەم دەسەڵاتەیە. بۆیە دەوروبەریان گرت و چاودێری جموجوڵیان دەکرد و بەشدار دەبوون لە وتوێژە سیاسیەکاندا و نەرەوێشتن بۆ ویلایەتەکانیان بەڵکو جێگریان بۆ خۆیان لەناویا دانا[3].

ئەم تەگبیرەش هەنگاوێکی سیاسی بوو بەرەو جیا بوونەوەی ویلایەتەکان لە ئیدارەی ناوەندی. چونکە بریکارەکان تەماحی ویلایەتەکانیان کرد، جا لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی و بێ ئاگایی خەلیفە لەوەی کە لە ویلایەتەکاندا رووەدات بە هۆی دڵنیابوونی لەو تورکانەی که حوکمیان دەکرد، بەهەلزانی و جیایان کردەوە.

هەروەها تورکەکان هەنگاوێکی تریان نا، بۆ ئەوەی مشتیان لەسەر خیلافەت توند بکەن، ئەوە بوو دەستیان وەردا لە هەڵبژاردنی خەلیفەکان و دامەزراندنیان. جا (الواثق) دواین خەلیفە بوو کە لەسەر پەیرەوکردنی شێوازی کۆن دەسەڵاتی گرتە دەست. ئەوجا (الواثق) که مرد، موحەممەدی کوڕی نەکرد بە جێنشینی خۆی بەهۆی بچووکی تەمەنیەوە، بۆیە ململانێ لە نێوان دوو گروپی سەرەکی دەستپێکرد دەربارەی هەڵبژاردنی خەلیفە گروپی یەکەم پێکهاتبوو لە گەورە پیاوانی دەوڵەت لە کوڕەکانی مامی عەباسی و (موحەممەدی کوڕی عەبدولمەلیك ئەلزەیات)ی وەزیر و

---

[1] السيوطي : تاريخ الخلفاء: ٢٤٠.

[2] اليعقوبي : ب ٢ لا ٤٤١.

[3] المسعودي : ب ٤ لا ٣.

گەورەی دادپرسان (ئەحمەدی کوڕی ئەبی داوود)، ئەوە بوو موحەممەدی کوڕی (الواثق)یان کاندید کرد بوو، گروپی دووەم بریتی بوو لە هێزی گەشە کردووی تورک کەوا کاری بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی دەکرد بە رابەرێتی (وصیف)ی تورکی، جا جەعفەری کوڕی (المعتصم)یان کاندید کرد بوو. ئەوە بوو ئەم گروپە سەرکەوت لەسەپاندنی کاندید کراوی خۆی بۆ خیلافەت. بەوەش پۆستی خیلافەت بە جەعفەر سپێردرا و نازناوی ((المتوکل)) ی لێنرا. ([1])

ئەم بەسەرهاتە پێشینەیەکی مەترسیدار بوو لە دامەزراندی خەلیفەکانی دواتر، ئەوەبوو سەرکردە تورکەکان بوونە خاوەن دەسەڵاتی راستەقینە، کەس بە خەلیفە نەدەگرا ئەگەر ئەوان پەسەندی نەکەن و رازی نەبن لەسەری، هەر پیاوێك خۆیان بیانەوێ، کاندیدی دەکەن و بەپێچەوانەوە. بەوەش مشتیان لەسەر کاروباری خیلافەتدا توند کرد بە ئارەزووی خۆیان ئاراستەیان دەکرد.

خەلیفەکان بە ئاسانی ملکەچی دەسەڵاتی تورکی نەبوون بەڵکو بە تۆندی بەرەنگاری بوونەوە، هەوڵیاندا ((سازێنەری خەلیفەکان)) لەناو بەرن. بەڵام ئەوەندە بەهێز نەبوون بتوانن رووبەروی ئەم دەسەڵاتە زۆرداره ببەنەوە.

(ئەلموتەوەکل) لە (٢٣٢-٢٤٧ك/٨٤٧-٨٦١ز) بە پشتیوانی تورکەکان خیلافەتی گرت دەست و هەستیانکرد خیلافەت ناتوانێ دەست بەرداری خزمەتەکانیان بێ، ئەمەش وایکرد توند و رەقتر رەفتار بکەن. زۆری پێنەچوو ئەم خەلیفە هەستی بە فشاری ئەوان لەسەر خیلافەت کرد، هەروەها بە زۆرداریان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیدا و رێز ئەگرتنیان لە خودی خەلیفە. بۆیە بڕیاریدا دەسەڵاتیان کەم بکاتەوە و بە ئیتاخ دەستی پێکرد و توانی لە پۆستەکانی دووری بفاتەوە و خستیە زیندانەوە، لەسالی (٦٣٥ك/٨٥٠ز) لە ناو زیندانداا کۆچی دوایی کرد ([2]).

بۆ ئەوەی رێگە لە تورکەکان بگرێ دەست وەرنەدەن لە هەڵبژاردنی جێنشین بۆی، ئەلموتەوەکل بە ئەنقەست بەیعەتی دا بە هەر سێ کوڕەکەی بۆ جێنشینێتی،

---

[1] الطبري: ب ٩ ١٦٨٩-١٦٩.

[2] الطبري: ب ٩ ١٦٨٩-١٦٩.

(محمد المنتصر)، و (أبو عبد الله المعتز) و (ابراهيم ا لمؤيد)، ولاتی لە نێوان کورەکانیدا دابەش کرد، (المنتصر)ی کرد بە فەرمانڕەوای هەموو مەغریب، (المعتز)یشی کرد بە فەرمانڕەوای هەموو رۆژهەلات، (أجناد حمص) و دیمەشق و فەلەستینیشی رادەستی (المويد) کرد، پاشان لەسالی (٢٤٠ك/٨٥٤ز) خەزنکردنی پارە و پووڵ لە هەموو ولاتدا و خانەکانی دراو و چاپکردنیشی بە (المعتز) سپارد و فەرمانیدا درهەم بە ناوی چاپ بکرێ(١).

جا ئەو کاتەدا تورکەکان مەترسی و رەهەندی ئەو کارەیانە زانی، زیاتر رقیان لە خەلیفە هەڵگرت، دوورخستنەوەیان لە پۆستەکانیان بە یەکەم هەنگاو دانا بۆ لە ناوبردنیان، بۆیە کەوتنە پیلانگێڕان و تەڵەکەبازی، (المتوكل) لەم کەشە خنکێنەرەدا هەستی بە دڵتەنگی و جارسی کرد. لە بەرئەوەی بوونی لەسامەرا دەیفاتە زێر دەسەڵاتیان و نەیدەتوانی داخوازیە زۆرەکانیان بۆ پارە دەستکەوتن جێبەجێ بکات، هەوڵیدا خۆی لەچنگیان رزگار بکات ئەوەش بە ڕۆیشتنی بۆ دیمەشق و کردنی بە شارنشینی خۆی، بەشکو کەسانێکی تیا بدۆزێتەوە لەرەگەزی عەرەبی پاڵپشتی بکەن، بەڵام هەلومەرجی ناوخۆیی یارمەتی نەدا بمێنێتەوە و پاش بەسەربردنی سێ مانگ لەوێ ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ سامەرا(٢).دوژمنایەتی نێوان خەلیفە و تورکەکان لەم قۆناغەدا گەیشتە خاڵی نەگەڕانەوە، دەبوو یەکێکیان ئەوەیتر لە ناو بەرێ. ئەوە بوو تورکەکان خێراتر جوڵانەوە و بە هاوکاری (المنتصر) کەوا رقی لە باوکی هەڵگرت و پەست بوو لێی چونکە هەوڵیدا جێنشینێتی بگۆڕێ ئەوەش بەپێشخستنی (المعتز) لەپێش ئەم، سەرەڕای لەیەک نەچوونی رای سیاسییان سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ (طالبي)یەکاندا(٣).

کوشتنی (المتوكل) یەکەم رووداوی دەستدرێژکردن بوو لەسەر خەلیفە

---

١ الطبري : ب ٩: لا ١٧٥،١٨٠.

٢ هەمان سەرچاوە: لا ٢١٠.

٣ (المنتصر) بە هۆی دڵڕەقی باوکی لەگەڵ ، طالبي ، یەکاندا، تووڕە بوو لێی، چونکە ئەو هاوسۆز بوو لەگەڵیاندا وبە خزم تەماشای دەکردن و نەدەبوو لەپیرۆزیان کەم بکاتەوە.

عەباسیەکان. چونکە ئەوان پێشتر کەسیان لێ نەکوژراوە جگە لەئەمین ئەوەش پاش دۆڕاندنی لەجەنگدا، ئەمەش پێی تورکەکانی لەدەسەڵاتدا جێگیر کرد، هەروەها وریاکردنەوەیەک بوو بۆ هەر عەباسیەک بیەوێ بچێتە سەر تەختی خیلافەت کەوا دەبێ دوو شت هەڵبژێرێ: یان دەبێ بە ئەواوەتی ملکەچی حەزو ئارەزووەکانیان بێ، یان دەکوژرێ. رووداوی کوشتنەکە شەپۆلێکی رق و کینەیی وروژاند دژی زاڵبوونی سەربازی تورکی. ئەوە بوو لە سالی(٢٤٨ك/٨٦٢ز) لە سامەرا خۆنیشاندانێکی میللی سازکرا نکۆڵی هاوڵاتیانی دەربڕی بەهۆی گاڵتە و سوکایەتی کردنیان بە خیلافەت ([1]).

شتێکی ئاسایی بوو (المنتصر) (٢٤٧ــ ٢٤٨ك/٨٦١ــ٨٦٢ز) کەوا تورکەکان بەیەعەتیان پێدا و کردیان بە خەلیفە، ملکەچی دەسەڵاتی ئەوان بێ، هیچ شتێکی لەدەست نەبوو جگەلە ناوەکەی، ئەوەش لەسەر دراو ناوی هەبوو و لە وتارەکاندا ناو دەبرا. ئەوجا لەوە ترسان (الموعتز) و (الموید) دوو کوڕەکەی (المتوکل)، یەکێکیان خیلافەت بگرنە دەست لە پاش (المنتصر) و تۆڵەی خوێنی باوکیان لێبیان بکەنەوە، بۆیە فەرمانیان بە (المنتصر) کرد هەر دووکیان لە جێنشینێتی لابەرێ. خەلیفە نەیوێرا بەرهەڵستیان بکات و بە ناچاری ملکەچی داواکەیان بوو، هەردوو براکەی ناچار کرد خۆیان لابەرن([2]).

ئا بەم شێوەیەدا (المنتصر) درکی بە مەترسی زاڵبوونی تورکەکان کرد، بۆیە رقی هەستا و هەوڵی دا رابەرەکانیان لەناو بەرێ، ناوی ((بکوژانی خەلیفەکان))ی لێنان، تورکەکانیش وریای ئەم مەترسیە بوونەوە، بۆیە لە رێگای (پزیشکی تەیفوری) کەوا بە نەشتەرێکی ژەهراوی کەڵەشاخی گرت و لە ناویان برد([3]).

تورکەکان پەیمانیاندا قسەیان بەکێ بێ لە هەڵنەبژاردنی هیچ کوڕێک لە کوڕەکانی (المتوکل) نەبادا تۆڵەی خوێنی باوکیان بکەنەوە، رێککەوتن لەسەر دانانی(

---

[1] الطبري : ب ٩:٧٦٥، ٢٥٨.

[2] هەمان سەرچاوە : ل ٢٤٤.

[3] الطبري : ب ٩:٧٦٥.

ئەحمەدی کوڕی موحەممەدی کوڕی–المعتصم) و نازناوی ((المستعین))یان لێنا، دابەشبوونە سەر پۆستە گەورەکانی دەوڵەتدا. ئەوە بوو خەلیفە، (ئەحمەدی کوڕی–الخصیب)ی خستە سەر نووسین، میسر و مەغریبی ڕادەستی (ئەتامش) کرد و کردی بە وەزیری خۆی، هەروەها (شاهك)ی کرد بە خزمەتکار لەسەر مالّ و بەرزە وڵاخ وپاسەوان و کاروبارە تایبەتەکانی و خۆی و (ئەتامش)ی پێش هەموو خەڵکی دانا (١) سەردەمی (المستعین) (٢٤٨–٢٥٢ك/٨٦٢–٨٦٦ز) بەپەشێوی و یەکتر هاڕین لەسەر دەسەڵات دەستپێکرد. ئەوە بوو لە سامەڕا شۆڕشێك بە ناوی (المعتز) هەڵگیرساو هاوڵاتیان و تورکەکان هاتن بەیەکە لە شەقامەکاندا و بە سەرکەوتنی تورکەکان کۆتایی هات. لە ئەنجامی زۆر و ستەمیان، خەڵکی لەبەغدادا هەڵچوو و گردبوونەوە و دەستیانکرد بەهاوار و بانگەشەکردن بۆ شەڕ(٢)، بەڵام تورکەکان بارودۆخەکەیان کۆنترۆڵ کرد.

وادیارە یەکڕیزی تورکەکان بەردەوام نەبوو. ئەوان پاش ئەوەی بەسەر هاوڵاتیاندا سەرکەوتن دوو بەرەکی کەوتە نێوانیان، (المستعین)یش ئەم ناکۆکیانەی بە هەلزانی و کەوتە لەناو بردنی ڕابەرەکانیان، (ئەحمەد –الخصیب)ی دەربەدەر کرد بۆ دوورگەی (کریت).(٣). ئەتامش و باغری–یشی کوشت (٤) پاشان هەڵهات بۆ بەغداد بۆ ئەوەی خۆی بپارێزێ بە خەڵکی بەغداد (٥).

ئەو کاتەش تورکەکان لابردنیان ڕاگەیاند و بەیەعەتیان بە (المعتز)دا کەوا زۆربەی سەرکردەکانیان لەدەوری کۆبوونەوە، لەکاتێکدا خەڵکی بەغداد و هەندێ لەسەرکردە تورکەکان کەوا هەڵهاتن بۆ ئەم شارە، پاڵپشتی خەلیفە (المستعین)یان کرد. ئەوجا شەڕ لە نێوان هەردوولا لە بەغداد و دەوروبەری هەڵگیرسا بەڵام تورکەکان یەکڕیزی خۆیان گەڕانەوە، بۆیە هەڵوێستی (المستعین) لاواز بوو. مێری بەغدادیش

---

(١) هەمان سەرچاوە : ٢٢٠.٢٥٦ز، ٢٥٧.

(٢) الطبري : ب ٩:٩ز.٣٦٣.٣٦٢.

(٣) هەمان سەرچاوە : ٢٥٩ز.

(٤) هەمان سەرچاوە : ٢٧٨.٣٦٣ز، ٢٨٠.٣٦٤.

(٥) سەرچاوەی پێشوو.ز ٢٨١.

(موحەممەدی کوڕی عەبدوللای کوڕی تاهیر) کە زانی ئەو لە هەڵوێستێکی تەنگانەیە وازی لێهێنا، ئەویش بەباشی زانی دەست لەخیلافەت هەڵگرێ، هەرچەندە خەڵکی سادە پاڵپشتیان دەکرد. لەسالی (٢٥٢-٢٥٥ك/٨٦٦-٨٦٩ز) بەیعەت درا بە (المعتز) بۆ خیلافەت. (المستعین)یش دەربەدەر کرا بۆ بەسرە، بەڵام تورکەکان ترسان لەوەی بە زیندوویی بمێنێ، بۆیە ئەنقەست کوشتیان([1]).

بارودۆخی خیلافەت لەسەردەمی (المعتز)دا زۆر باش نەبوو. چونکە خەلیفە گەڕایەوە بۆ سامەڕا و کەوتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی تورکی. لەلایەکی دیکەوە، زۆر و سەتەمی تورکەکان زیاتر بوو و ئازاوەنانەوە و پارە داواکردنیان زیادی کرد، خەلیفەش نەیتوانی بەدەمی داواکاریەکانیان بچێ بۆیە لایان بردو (المویدی)ی برایان خستە جێگەی. بەڵام خەلیفە براکەی ناچار کرد خۆی لابەرێ وپاشان کوشتی، هەندێ لە رابەرە تورکەکانیشی کوشت وەکو -(وصیف) و (بغا)، چونکە ئەم دووانە بەرپرس بوون لە شەڕی ناوخۆی لەنێوان خۆی و (المستعین)دا. ([2])

تورکەکان نیازی خەلیفەیان زانی بۆیە کەوتنە جوڵە بۆ پاراستنی ژیان و دەستکەوتەکانیان، ئەوە بوو خەلیفەیان ناچار کرد خۆی لابەرێ و خیلافەتیان رادەستی (موحەممەدی کوڕی الواثق) کرد و نازناوی (المهتدی)یان لێنا، (المعتز)یشیان رادەستی کەسانێك کرد ئازار ونەشکەنجەی بدەن تاوەکو گیانی لەدەستدا.([3]).

(المهتدی)، (٢٥٥-٢٥٦ك/٨٦٩-٨٧٠ز) کەسێکی خۆپارێز و لەخواترس بووە([4]) زۆر حەزی لە چاکسازی بوو. بۆیە بەخۆی دەستی پێکرد. لە کەش و فشی ژیان دوورکەوتەوە، فەرمانی بەچاکە دەکرد و جڵەو گیری لە خراپە، مەی خواردنەوەی حەرام کرد، گۆرانی بێژی ئافرەتی یاساغ کرد و دادگەری نواند، هەموو هەینییەك لە

---

[1] المسعودي : ب ٤ لا ٧٩.

[2] اليعقوبي : ب ٢ لا ٤٦٨، ٤٧٠.

[3] الطبري : ب ٩ لا ٣٨٩-٣٩٠.

[4] ابن عمراني، محمد بن علي بن محمد : الانباء في تاريخ الخلفاء لا ٩٨.

مزگـەوتی گـشتی ئامـادە دەبـوو و وتـاری دەخوێنـدەوە و پێـشنوێژی دەکـردن، سەرپەرشتی دیوانەکانی کرد و دەستیکرد بە گۆڕگرتن لەسکالای خەڵکی و گومـەزێکی بۆ ئەم مەبەستە دروست کـرد بـە چـوار دەرگـاوە و نـاوی گومـەزی (قبـە المظـالم – گومـەزی سـکالانامەکان)ی لێنـاو بـۆ خـەڵکی پلـەدار و سـادە، تێـدا دادەنیـشت(۱)، مانەوەی لە پۆستی خیلافەتدا بووە مایەی بێزاری خەڵکی سادە و پلەدار.

(المهتدی) چاوەڕوان بوو سیاسەتی چاکسازیخوازی، بـە سـوودبەخش و بەرهەمـدار بێ، بەڵام رەوشی گشتی ناوەوەی دەوڵـەت و دەرەوەی رێگـەی پـێ نـەدا، ئـەوە بـوو خەڵکی لە بەغداد دژی دەسەڵاتەکەی راپەڕین، پاشان سەربازەکانیش شوێنیان کەوتن بەهۆی دواکەوتنی مووچەکانیان(۲)، (طالبي)یـەکانیش لەزۆربـەی هەرێمەکانـدا ئـاگری شۆڕشیان هەڵگیرساند(۳)، شۆڕشی (زەنج)ەکانیش بەرپا بوو کەوا بۆ مـاوەی چـواردە ساڵ هەڕەشەی لە بوونی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی دەکرد، (خـەوارج)ەکـانیش لـە موسـڵ راپـەڕین، هـەروەها (ئەحمـەدی کـوڕی عیـسای کـوڕی ئەلـشەیخ) یـش – فەرمانڕەوای فەلەستین–و ئەردەن– راپەڕی.

بـەڵام دەردی راسـتەقینەی خیلافـەت زاڵبـوونی تورکـەکان بـوو بەسـەریدا، لـە ناوبردنیـان پێویـستیەکی سـەرەکی بـوو بـۆ چاکسازی کـردن و هێنانـەوەی سـامی خیلافەت. بۆیە خەلیفە بڕیاریدا سەرکردە تورکەکان بدابە گڕ یەکدا. بـەڵام هەوڵەکـەی شکستی هێنا و تورکەکان رێککەوتن لەسەر لەناوبردنی (۴) لەپاش کوشتنی (المهـدی)، تورکـەکان بەیعـەتیان بـە (ئـەبو لعـەباس ئەحمـەدی کـوڕی – المتوکـل) داو نـاوی ((المعتمـد))ی لێنـرا (۲۵۶ـ۲۷۹ك/۸۷۰ـ۸۹۲ز) (۵).لەئـەنجامی نـاکۆکی ناوخۆیانـدا، تورکەکان داوایان لەخەلیفە کرد یەکێك لەبراکانی خۆی بکاتە سوپا سالار، ئەویش (أبو

---

[۱] المسعودي : ب ٤ لا ٩٦.

[۲] الطبري : ب ٩:لا ٣٩٢،٣٩٩، ٤٠٦،٣٩٣.

[۳] هەمان سەرچاوە : لا ٤١٠ـ٤٢٣.

[۴] سەبارەت بە لابردنی ئەلمەهدی پاشان مردنی بگەڕێوە بۆ هەمان سەر چاوە : لا ٤٦٥ـ٤٦٩. چونکە بەردی باسکراوە.

[۵] الطبري : ب ٩:لا ٤٧٤

أحمد گلمه الموفق)ی هەڵبژارد. ئەم پیاوە بەچرای بوژانەوەی خیلافەت دادەنرێ لەسەردەمی (المعتمد)دا. ئەم پیاوە هەموو کاروبارەکانی خستە ژێردەستی خۆی، وتار دراو و ناوی (أمیر المؤمنین)ی بۆ خەلیفە هێشتەوە. بەوەش پشتی تورکەکانی شکاند، بەتایبەتی پاش دۆڕانەکانیان لەبەردەم زەنجەکان و دەستەوسانیان لەبەرامبەر بلاّو بوونەوەی هەستی جیاخوازی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

بەڵام (الموفق) لەسالی (٢٧٨ك/٨٩١ز) کۆچی دوایی کرد [١] خیلافەتیش پێویستی بە پیاوێکی بەهێز بوو پارێزگاری لەدەستکەوتەکانی بکات، بۆیە، (المعتمد)، (المفوض)ی کوڕی لە جێنشینێتی لابرد -پاش ئەوەی کە بێ دەسەڵاتی خۆی نواند لە ململانێی نێوان خیلافەت و ناحەزکانیدا- و بەیەعتی بە کوڕەکەی (الموفق) دا (أبو العباس المعتضد)، پاشان زۆری نەخایاند خەلیفە دوای چەند مانگێك لە ناکاوە، کۆچی دوایی کرد [٢]

(المعتضد) (٢٧٩-٢٨٩ك/٨٩٢-٩٠٢ز) رێبازی باوکی گرتەبەر لەشەڕەکان و کارە ئیداریەکانیدا بە مەبەستی بەردەامبوونی بوژانەوەی خیلافەت و هێنانەوەی سامی، جا لەسەردەمی ناوبراو، دەسەڵاتی تورکەکان بەردەوام کەم دەبووەوە. (المعتضد) لەپاش مردنی، (المکتفی) کوڕی خستەجێی خۆی (٢٨٩-٢٩٥ك/٩٠٢-٩٠٨ز) [٣]، پرسی بزوتنەوە جیاخواز و شۆڕشگێڕەکان وەکو (ئیسماعیلی) و (قرمطی) و (عوبەیدی)یەکان گەورە بوو، خەلیفەش هەوڵێکی زۆریدا بۆ سەرکوتکردنیان، ئەوە بوو بەڵاو چورتەمی بەسەر (قرمگی)یەکاندا هێنا و دەسەڵاتی خیلافەتیشی سەپاندە سەر وڵاتی شامدا، دەسەڵاتی (تۆلونیەکان)ی لە میسردا نەهێشت و گەڕانیەوە بۆ ئامێزی دەوڵەت.

(المکتفی) تەمەنی زۆر درێژ نەبوو، هێشتا شەش سالّ بەسەر خیلافەتەکەیدا تێپەڕ نەبوو بوو کۆچی دوایی کرد، جا خیلافەت لەپاش ئەو گەڕایەوە بۆ لاوازی،

---

[١] همان سەرچاوە : ل ١٠ لا ٢٠ ـ ٢٢.

[٢] المسعودي : ب ٤ لا ١٤٢.

[٣] الطبري : ب ١٠ لا ٨٧.

بەهۆی ناکۆکی لەناو مالّی خێزانی عەباسی و سەرهەڵدانی بزوتنەوە جیاخوازەکان، ئەمەش دەرفەتی بۆ تورکەکان ڕەخساند جارێکی تر هێز و دەسەڵاتی خۆیان بگەڕێننەوە و ڕێبازی پێشوویان بگرنەبەر لەهەڵبژاردنی خەلیفەی لاواز تا دەسەڵاتیان بەردەوام بێ، بۆیە کاندید کردنی (عبد الله بن المعتز)یان ڕەتکردەوە چونکە بە توانا بوو و (أبو الفضل جعفر بن المعتضد) یان هەڵبژارد جا هێشتا لە تەمەنی سیانزە سالّیدا بوو خیلافەتیان ڕادەست کرد و نازناوی ((المقتدر)) ی لێنرا ([1]).

ئەلموقتەدیر لەئاستی ئەو ڕووداوە تێك ئالاوانە نەبوو کە لەدەوروبەریدا بوو، کاتێکیش پێگەیشت خەریکی حەزو ئارەزووەکانی بوو، بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتی بۆ (مونس)ی تورکی بەجێهێشت، لەسەردەمیدا دیاردەی دەستێوەردانی ئافرەتان لە کاروباری دەوڵەتدا دەرکەوت، ئاشوب لە ناوەوە و دەرەوە بڵاو بووەوە. ئەوە بوو بەهۆی تێکچوونی ڕەوشی ناوخۆ و گەندەڵی دەسەڵات، سەرانی سوپا هەڵچوونە گیانی و لەسەر تەختی خیلافەت لایانبرد و بەیعەتیان بە (عەبدوڵلاّی کوڕی ئەلموعتەز) دا و نازناوی ((الراضي))یان لێنا. ([2])، وادیاردە هەندێ لەو سەرکردە تورکانەی کە هێشتا لایەنگر و دڵسوزی (المقتدر) بوون وەکو مونسی خزمەتکار و مونسی گەنجینەوان وغەریبی خالّی (المقتدر) سەرکەوتن لە هێنانەوەی بۆ دەسەڵات و (عەبدوڵلاّی کوڕی ئەلموعتەز)یان خستە زیندانەوە([3]).

وەکو جاران بارودۆخ گەڕایەوە بۆ شڵەژاوی و زیادەڕەوی لەپارە خەرج کردندا لەلایەن دارودەستەوە، هەروەها زاڵبوونی ئافرەت زیادیکرد، سوپاش کەوتە سکاڵا کردن و ناڕەزایی دەربڕین لەم بارودۆخەدا و دابڕان کەوتە نێوانی خەلیفە و مونسی خزمەتکار و کێشەکە بە کوشتنی خەلیفە و بەیعەتدان بە (موحەممەدی کوڕی – المعتضد) بۆ خیلافەت کۆتایی هات و نازناوی ((القاهر)) ی لێنرا، جا دوو شەوی مابوو لە (شەوال لەسالّی ٣٢٠ك/ تشرینی دووهەم سالّی ٩٣٢ز). ([4])

---

[1] هەمان سەر چاوە : ل ١٣٩.

[2] الطبري : ب ١٠ ل ١٤١. المسعودي : مروج الذهب : ب ٤ ل ٢١٤.

[3] ابن عمراني : ل ١٢١،١٢٢.

[4] المسعودي : ب ٤ ل ٢١٤، بۆ وردە باسی ئەم ڕووداوانە بطاڕیوة بۆ لای : مسكوية : تجارب الامم ب ١ ل ٢٣٣-٢٤١.

خیلافەتی کورتی ئەلقاهر (٣٢٠ـ٣٢٢ك/٩٣٢ـ٩٣٤ز) لەخیلافەتی (المقتدر) باشتر نەبوو، چونکە گێرە شێوێنی سەربازەکان بەردەوامبوو و بۆ جارێکی تر پۆستی خیلافەت بووە جێی سووکایەتی پێکردن، موئنسی خزمەتکار هەوڵیدا لەگەڵ (کوڕی موقلەی) وەزیر رێککەون لەسەر یاخی بوون لەخەلیفە، بەڵام (ئەلقاهیر) کەوا پێی وابوو سەرکردە تورکەکان دوژمنی دەوڵەتەکەین توانی ئەم سەرکردە تورکە لەناو بەرێ[1].

وێڕای بەهێزی ئەلقاهیر و دڵڕەقێتی، سەرئەنجام سەرکردە تورکەکان توانیان دەستگیری بکەن و لەسەر خیلافەت لایبەرن وهەردوو چاوی کوێر بکەن، پێش ئەم، لەخەلیفەکاندا کەس چاوی کوێر نەکراوە، لەسالی (٣٢٢ـ٣٢٩ك/٩٣٤ـ٩٤٠ز) بەیعەتیان بە خەلیفە (الراضي) دا [2].

ب - دەرکەوتنی سیستەمی (إمرة الامراء - میری میرەکان):(٣٢٤-٣٣٤ك/٩٣٦-٩٤٦ز)

لە سەردەمی خەلیفە (الراضي) گۆڕانکاریەک لە کاروباری حوکمڕانیدا رووبدا کە پەیوەند بە ناوەندی خیلافەت و وەزارەت و رەوشی تورکەکان. ئەم گۆڕانکاریەش بەدەرکەوتنی پۆستی ((إمرة الامراء - میری میرەکان)) کۆتایی هات، کەوا هەرکەسێك وەریگرتبایە کاروباری دەوڵەتی هەموو بەڕێوە دەبرد و دەسەڵاتی دەگەیشتە باج وەرگرتن و ئیدارە، ئەم پۆستە بەسەر خیلافەتدا زاڵ بوو و خەلیفە تەنها وەکو هێمایەکی لێهات و هیچ دەسەڵاتێکی راستەقینەی نەبوو لەحوکمڕانیدا، هەروەها دەسەڵاتی وەزیرەکانیشی نەهێشت، ململانێش لە نێوان خیلافەت و تورکەکاندا کەوا بۆ ماوەیەکی زۆر، سەردەمی عەباسی دووهەمی سەرقاڵ کردبوو، راوەستا.

ئەم پۆستە لەسالی (٣٢٤ك/٩٣٦ز) هاتە دەرکەوتن لەسەر حیسابی پۆستی وەزارەت. چونکە (الراجی) لە بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەتدا پشتی بە چەند

---

[1] السيوطي : تاريخ الخلفا' ل ٣٨٦.

[2] المسعودي : ب ٤ ل٢٣١، ٢٣١. مسكويه : ب ١ ل ٢٨٦-٢٩١، بەوردی باسکراوە

وەزیرێکی لاواز بەست و نەیانتوانی ئەرکەکانی وەزارەت راپەڕێنن و دەسەڵاتیان لەدەستداو دوچاری تەنگ پێهەڵچنین زەوتکردنی سامانیان بوون، لەلایەکی دیکەوە، دەسەڵاتی تورکەکان، بەهۆی دووبەرەکی و پێشبرکێ لەسەر پلەو پایە و بڵاوبوونەوە نێرەیی لە نێو سەرکردەکانیاندا، کەم بووەوە.

لەئەنجامی ئەم رووشە خراپە، خەلافەت هەستی بە لاوازی وەزیرەکان و بێ دەسەڵاتی تورکەکان و چۆڵبوونی گەنجینەکان کرد، بۆیە چاوی بڕ فەرمانڕەوای میرنشینەکانی نزیکی عێراق تێبڕی بڕ ئەوەی چارەسەرێکی ئەم کێشەیە بکەن کە گەیشتە ئاستێکی زۆر خراپ و مەترسیدار. ئەوە بوو خەلیفە (الراضي)، (موحەممەدی کوڕی رائق) میری واست و بەسرە، بانگهێشت کردو بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی رادەست کرد و دەستی لەسەرجەم دەسەڵاتەکانی دەوڵەت بەردا و نازناوی ((میری میرەکان)) ی لێنا[1].ئەم پۆستەش بریتیە لە گواستنەوەی هەموو دەسەڵاتەکانی خەلیفە بۆ سەرکردەیەك کە سیفاتی سەرۆکایەتی مەدەنی و سەرکردایەتی سەربازیی تیا کۆ ببێتەوە[2].

(ابن الاثیر) باسی رەوشی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی دەکات لەسەردەمی (الراضي)دا، دەڵێت: ((....وە خەلیفە هیچی بە دەستەوە نەما جگە لەبەغداد و کاروبارەکانی، ئەوەش بەدەستی ئیبن رائق بوو. سەبارەت بە شارەکانی تر، ئەوا بەسرە بە دەستی ئیبن رائق بوو و خوزستان بە دەستی ئەلبەریدی، فارس بەدەستی (عماد الدولە بن بویهی) بوو و کرمان بە دەستی ئەبو عەلی موحەممەدی کوڕی ئەلیاس، ڕەی و ئەسفەهان و شاخەکان بەدەستی (رکن الدولە بن بویە) و شمکیری برای مرداویج بوو و ململانێیان لەسەر دەکرد، موسڵ و دیاربکرو (مەیدا) و رەبیعە بەدەستی بنەماڵەی حەمدان بوو، میسر و شام-یش بەدەستی موحەممەدی کوڕی (طغج)، مەغریب و ئەفریقیا بە دەستی ئەبو لقاسم (القائم بأمرالله بن المهدی العلوی) بوو و پێی دەوترا ((أمیر المومنین))، ئەندەلوس-یش بەدەستی عەبدولڕەحمانی

---

[1] مسکویە : ب۱،۲۵۲،۲۵۱/۱. ابن عمراني : سەر چاوەی پێشوو ل۱۲۸.

[2] مسکویە : هەمان سەر چاوە ل۲۵۱. باسی دەسەڵاتی میری میرەکان دەکات. محمود و الشریف ل۳۶۸.

کوڕی موحەممەد کە ناونراوبوو بە (الناصرالاموی)، خۆراسان و ناوچەکانی دوای ڕوبار بەدەستی نەسری کوڕی ئەحمەدی سامانی بوو، (طبرستان) و جرجان–یش بەدەستی دەیلەمەکان. بەحرەین و یەمامە–ش بە دەستی ئەبو تاهیری – قرمگی)) ([1])، وادیارە دەسەلاتی ئیبن رائق لەسالی (٣٢٦ك/٩٣٨ز) بەهۆی ڕکابەرێتی میرەکان لەسەری لاواز بووەوە. ئەوەبوو ئەبوعەبدوللای بەریدی فەرمانڕەوای ئەهواز دژایەتی دەکرد، یەکێك لەسەرکردەکانی خۆشی کە ناوی (بجکم)ە لەدەسەلاتی یاخی بوو و لەسالی (٣٢٧ك/٩٣٩ز) چووە ناو بەغدادەوە و بەسەر کاروبارەکانی دەوڵەتدا زاڵبوو و پۆستی ((میری میرەکان))ی گرتە دەست. سەبارەت بە ئیبن رائق ئەوا بۆ وڵاتی شام هەڵهات([2]). (بجکم) نزیکەی سێ ساڵ لەپۆستەکەیدا مایەوە و ڕەوشی گشتی گەیشتە ئەوپەڕی شڵەژاوی و خراپی ([3]). لەسالی (٣٢٩ك/٩٤١ز)، (بجکم) بەدەستی یەکێك لە تورکەکان کوژرا ([4])، پێش کوشتنی (بجکم) بە چوار مانگ خەلیفە (الراضي) لەتەمەنی سی و دوو ساڵیدا لە بەغداد کۆچی دوایی کرد. جا ماوەی خیلافەتەکەی نزیکەی حەوت ساڵ بوو([5])، پیاو ماقوڵانی دەوڵەت و تاکەکانی مالی عەباسی ڕاوێژیان لەناو یەکتریدا کرد دەربارەی هەڵبژاردنی کەسێکی گونجاو بۆ خیلافەت. ئەوە بوو (جەعفەری کوڕی– المقتدر)یان بۆ ئەم پۆستەیە هەڵبژاردو لە (مانگی ڕەبیعی یەکەم سالی ٣٢٩ ك/مانگی کانونی دووەم سالی ٩٤٠ ز) بەیعەتیان پێدا و نازناوی ((المتقی)) لێنرا([6]).

(المتقی)، (٣٢٩-٣٣٣ك/٩٤٠-٩٤٤ز) تەنها گەمەیەك بوو بە دەستی ئەو سەرکردانەی کە ڕکابەرێتیان لەسەر دەسەلات دەکرد بەتایبەتی ئەبوعەبدللا لەبەریدی و ئیبن رائق و

---

[1] ابن الاثیر: ب ٦ ل ٢٥٤.٢٥٥.

[2] مسکویه: ب١ ل ٣٩٣.٣٩٦. ابن عمرانی: ل ١٣٠.

[3] (الصولی) باسی ڕەوشی گشتی بەغداد دەکات لە کاتی حوکمی (بجکم)دا : اخبار الراضي باللة و المتقي باللة ل١٠٦.

[4] (٢)مسکویة: ب ٢ ل١٠٩، ابن عمراني : ل ١٣٣.١٣٤.

[5] ابن الاثیر: ب٦ ل٢٧٦.

[6] هەمان سەرچاوە : ل ٢٢٧.٢٧٨.

حەمدانیەکان. لەسەردەمی (المتقی)دا دەسەلاتەکانی پۆستی ((میری میرەکان)) کەوتە دەستی (ئەلبەریدی) کەوا لەپاش کوشتنی (بجکم) دەرکەوت بێ ئەوەی خەلیفە بەفەرمی ئەم پۆستەیەی پێ بسپێرێ، ئەوەش بە هۆی هەڵوێستە گۆڕاوەکانی، تەنها کردی بە وەزیر[1] بەڵام وێڕای ئەم پۆستە مەدەنییە، ئەو سەرکردایەتی سوپاشی گرتە دەست و ئەوەندەی میری میرەکان دەسەلاتی هەبوو.

وادیارە ئەو نەیتوانی بەدەنگی پێداویستیی سەربازەکان و داواکاریە زۆرەکانیانەوە بچێت، بۆیە بووە ئامانجێك بۆ تەڵەکەبازیان.

بارودۆخی بەغداد تێکچوو و ناچار بوو بگەڕێتەوە بۆ بەسرە [2]. ئەو جا ئیبن رائق بۆ جاری دووەەم پۆستەکەی گرتە دەست [3] پاش ئەوەی کەبانگهێشت کرا لەوڵاتی شام و لەگەڵ (ئەلبەریدی)دا رێککەوتن و پۆستی وەزارەتی پێدا[4] ماوەیەك کارەکە ئاوەها مایەوە و پاشان ئەم دوو پیاوە تێکچوون و ئیبن رائق هەستا دەرکردنی ئەلبەریدی لەپۆستەکەی. ئەمیش سوپاکەی کۆکردەوە و هێرشی کردە سەر بەغداد، خەلیفە و ئیبن رائق- پش ناچار بوون هەڵبێن و پەنایان بردە بەر بنەماڵەی حەمدان لەموسڵ، ئەلبەریدی پۆستی میری میرەکانی زەوتکرد و بۆ جاری دووەەم چووە ناو بەغدادەوە[5].

بەڵام ئەلبەریدی و گروپەکەی خۆشەویستی خەڵکیان بە دەست نەهێنا بەهۆی خەریکبوونیان بە تاڵانی و دزی کردن، لەلایەکی دیکەوە خەلیفە، (ناصرالدوله)ی حەمدانی کرد بەمیری میرەکان و لەساڵی (٣٣٠ك/٩٤٢ز) لەسەر لەشکرێکی بێ شوماردا ناردی بۆ جەنگاندنی ئەلبەریدی، ئەوە بوو لە بەغداد دەریکرد و خەلیفەش لەهەمان ئەو ساڵەدا گەڕایەوە [6].

---

[1] مسکویه: ب٢٢٧١.

[2] ابن عمراني : لا ١٢٤.

[3] مسکویه: ب ٢ ٢٢٧.

[4] سەر چاوەی پێشوو : ٢٢٧.٢٥. ابن الاثیر: ب ٦: لا ٢٨٣.٢٨٤.

[5] هەمان دوو سەر چاوە لا٢٥.٢٧، لا٢٨٥.

[6] مسکویه. هەمان سەر چاوە : لا ٢٨.

ئا لەم رووداوانە، سەرکردەیەکی تورکی نوێ دەرکەوت ناوی (تۆزۆن)ە، (المتقی)ش پۆلیسی بەغدادی پێ سپارد و پاشان کردی بە میری میرەکان (۱).

لەم کاتەدا حەمدانیەکان زاڵبوون بەسەر بەرێوەبردنی کاروبارەکان لەبەغداد-دا. بەڵام رەوشی گشتی باش نەبوو بەهۆی بەردەوامبوونی ململانێی ناوخۆیی(۲) جا ئەمانەش ناچار بوون پایتەختی خیلافەت بەجێ بهێڵن، بەتایبەتی پاش ئەوەی ئەو شەڕەیانە دۆڕاند کە لەگەڵ (تۆزۆن)دا کردیان، لەگەڵ خەلیفەیە گەڕانەوە بۆ موسڵ(۳).

تۆزۆن بە بەهێزترین میر دادەنرێ لەناو ئەو میرانەی کە کاریان گرتەدەست لەسەردەمی عەباسی دووهەمدا. چونکە ئەم پیاوە توانی دەست بەسەر دەسەڵاتدا بگرێ لەکاتێکدا دوو رکابەری بەهێزی هەبوو کە بریتی بوون لە حەمدانیەکان و بەریدیەکان. ترسا لەوەی خەلیفە هەوڵبدات لە ئەخشیدیەکان نزیکبێتەوە لە میسر، بۆیە فێڵی لێکرد تا ئەوەندەی کە جارێکیتر بۆ بەغداد گەڕایەوە، بە رووکەش گوێڕایەڵی خۆی بۆ خەلیفە نواند و ژێر بە ژێریش ئامادەی بە هەندێ لە هاوەڵەکانی کرد دەستگیری بکەن و ناچاریان کرد دەست لەخیلافەت هەڵبگرێ و پاشان هەردوو چاویان کوێر کرد ئەمەش لە (مانگی سەفەر سالی ۳۳۳ك/مانگی تشرینی یەکەم ۹٤٤ز) رووبدا، بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵ زیندانیان کرد تا لە سالی (۳۵۷ك/۹٦۸ز) کۆچی دوایی کرد. تۆزۆن، عەبدوڵڵای کوڕی ئەلموکتەفی وەکو خەلیفە هەڵبژاردو نازناوی ((المستکفی)) لێنا. (٤).

خیلافەتی (المستکفی) زۆری نەخایاند (۳۳۳-۳۳٤ك/۹٤٤-۹٤٦ز) ئەوە بوو سالێك و چوار مانگ حوکمی کرد کە تیایدا تۆزۆن دەسەڵاتی پاوانە کردبوو، ئەوجا (کوڕی شێرزاد) جێی گرتەوە و لە پۆستی میری میرەکان مایەوە تا ئەوکاتەی (معز الدوله بن

---

(۱) هەمان سەرچاوە: ب ۲ ل ٤٤.

(۲) سەبارەت بەغداد لەم ماوەیەدا بگەڕێوە بۆ : الصولی ل ۲۳٤-۲۳۷.

(۳) السیوطي: ل ۲۹٥-۲۹٦.

(٤) ابن عمراني : ل ۱٤۱.

بویه) دەستی بەسەر بەغداد–دا گرت و پۆستی میری میرەکانی هەڵوەشاندەوە[1].

لەراستیدا دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی سوودی لەم سیستەمە نەبینی کەوا (الراضي) بۆ رزگارکردنی خیلافەت لە گرفتەکانی داینا. بەڵکو بارودۆخی خراپترکرد، هەرکەسێك لەسەردەمی (الراضي) و (المتقي) و (المستكفي) بکۆڵێتەوە دەبینێ بڕیتی بووە لە زنجیرەیەك لەملمالانێی نەبچڕاو لە نێوان پیاوانی دەوڵەتی عەباسی کەوا هەموو یەکێکیان کاری دەکرد بۆ زەوتکردنی دەسەڵات و گرتنە دەستی پۆستی میری میرەکان[2].

ج . بزوتنەوەی زەنج : (٢٥٥. ٢٧٠ك/٨٦٩. ٨٨٣ز)

سروشتی ئەم بزوتنەوە و ئامانجەکانی

ئەوەی کە گومانی تێدا نیە ئەوەیە، بزوتنەوەی زەنج کەوا لەسالی ٢٢٥ك دامەزرا و دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیی ماندوو و شەکەت کرد پێش ئەوەی لە ناوی بەرێ، جێی سەرنجە تۆڕۆڕەر بۆ چارەسەرکردنی بانگهێشت دەکات لەمیانەی ناسینی سروشت و ئامانجەکانی و هۆی پشتگیری کردنی خەڵك لێی. بۆ زانینی سروشتی بزوتنەوەکە پێویستە لەسەرمان بکۆڵینەوە لەو رەگەز و گروپانەی کە پشتگیریان لێکرد و بەشداریان تیا کرد.

ئەوەی راستی بێ کۆڵەکەی ئەم بزوتنەوەیە، لەسەرەتای دەستپێکردنی، هەندێ عەرەبی سەرچڵ بوو، وەکو موهەلەبیەکان و حەمەدانیەکان و هەروەها هی تریش. سەبارەت بەو گروپانەی کە بەشداریان لەم بزوتنەوەیە کرد، ئەوە جۆراوجۆر بوون : زەنجەکان، خەڵکی گوندەکان، عەرەبە لاوازەکان، چەند هۆزێکی عەرەبی هەڵچوو لە دەسەڵات. سەبارەت بەو کەسایەتیەی کە سەرۆکایەتی ئەم کۆمەڵەی دەکرد، ئەوا عەلی کوڕی موحەممەد بوو بەڕەسەن فارس [3].

---

[1] مسکویه : ب ٢ ل ٨١٧، ٨٤. ٨٥٨٢.

[2] زەنج: ناوەیەکی سودانیین. الحموی . یاقوت: معجم البلدان: ب ١ ل ١٥٣.

[3] حسن: ب٣ ل ٣٥.

[3] ئەو لە گوندی (ورزنین)ە، کە یەکێکە لە گوندەکانی (ری)، نزیکی تاران نیستا.

ناویراو کەسایەتیەکی سەرسامکەرە، چونکە تۆیژەر گەلێ ناپەحەتی دەبینێت لە ناسینەوەی رەگ وڕەچەڵەکی، ئەوەش بە هۆی زۆر هەڵگەڕانەوەی بەپێی ئەو باردۆخەی کەپێدا تێپەڕ دەبوو. ناسراو بوو بە پیاوێکی ئاواتبەرز و زۆر بەهرەدار و دونیا ویست، چونکە بەشدار بوو لە تاڵان و دزی کردن.

وادیارە ناویراو ژیانی ئاسایی نەبووە، ئەو وەکو شاعرێك لە کۆشکی خەلیفە لە سامەڕا دەستی پێکرد، پاشان هەوڵی دا دژی رژێم راپەڕێ لە بەحرەین-دا بە مەبەستی گەیشتن بە دەسەڵات، بەڵام سەرنەکەوت لە بەدیهێنانی مەبەستەکەی. ئەوجا رێبازێکی دیکەی گرتەبەر و وەکو سەرکردەیەکی ئایینی و پێشبین و پێغەمبەر دەرکەوت، رەچەڵەکی خۆی بۆ عەلەویەکان گەڕانەوە(١) بۆ ئەوەی هاوسۆزی و پشتگیری شیعەکان بە دەستبێنێ، شوێنکەوتووانی پلەی پێغەمبەریان پێدا تەنانەت باجیشی بۆ کۆکرایەوە(٢).

وادیارە خەڵکێکی بێ شومار لەبەحرەین نکۆڵیان لێکرد، بۆیە بە جێیهێشت و رووی کردە بیابان نشینەکان بۆ راکێشکردنی عەرەبەکانی. وای بانگەشە کرد کە ئەو بەرەچەڵەك شیعەیەو ئەو (یەحیای کوڕی عەمری ئەبو لحوسەین) ە، هەندێ لە عەرەبەکان شوێنی کەوتن، جا سوودی لێوەرگرتن بۆ زاڵبوونەوەی بەسەر بەحرەین-دا، بەڵام دواتر دۆڕا و بۆ بەسرە هەڵهات(٣). لەو ماوە کورتەی کە لە بەسرە مایەوە تێبینی هەلومەرجی ناوەکی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو شارەی کرد، جا کۆمەڵگەی بەسرە دابەش بوویو بەسەر خۆیدا (٤). هەوڵیدا ئەم ناکۆکیە بۆ بەرژەوەندی خۆی بقۆزێتەوە بەڵام شکستی هێنا. لەهەمان کاتدا، ژیانی ئەو کۆیلانەی کە لەزەلکاوەکانی نزیکی بەسرە کاریان دەکرد بەهەلێك زانی بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانی. بەڵام ئەو

---

[١] وای بانگەشە کرد کە ئەو عەلی کوڕی . الفضل- ی کوڕی حەسەنی کوڕی عوبەیدوڵڵای کوڕی ئەلعەباسی کوڕی عەلی کوڕی ئەبوتاڵیب-ە.

[٢] الطبری : ب ٩ لا ٤١٠.

[٣] لة شوێنێك دۆزرا نلسراوة بة (رقدم). دةربارةي ئةم رووداوانة بطةرِيَوة بؤ: الطبري:ب ٩لا ٤١٢.

[٤] بەسرە لەو کاتدا بە دەستی دوو گرووپی دژ بە یەك، بیلالی و سەعدی، دەیناڵاند. هەمان سەرچاوە: لا١١٧.

دەرکرا لەوێ و بەرەو بەغداد ڕوێشت [1] لەبەغداد ڕەچەڵەکێکی عەلەوی نوێی هەڵبژارد، خۆی گەڕانەوە بۆ ئەحمەدی کوڕی عیسای کوڕی زەید[2]. پاشان ڕەوشی تێکچووی پایتەختی خیلافەتی بەهەلزانی و هەوڵیدا هەڵمەت بەرێ بۆسەر دەسەڵات. نەیتوانی، بەهۆی زاڵبوونی تورکەکان بەسەر ڕەوشەکەدا، بۆیە لەسالی (٢٥٥ك/٨٦٩ز) گەڕایەوە بۆ بەسرە تا ڕابەرێتی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ بکات، بەبانگەشەی ئەوەی خوا بۆ ئازادکردنی بەندە و ڕزگارکردنیان لە چارەڕەشی و بەدبەختی ناردوویەتی، هەروەها وا بانگەشەی کرد کە ئەو (علم الغیب) دەزانێ و خۆی کرد بە پێغەمبەر[3].

لە ڕاستیدا بیرۆکەی (مەهدی چاوەڕوانکراو) لەگەڵ (عەلی کوڕی مەحەممەد) هەر مابووەوە لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی سیاسیدا و زیرەکانە سودی لێوەرگرت، ئەو بەناساندنی خۆی وەکو مەهدی، هەستی عەلەوییەکانی دەجوڵاند کەوا بە دەستی تاڵی ژیانەوە دەیان ناڵاند، جا بەهیوابوون مەهدییەکی فریادڕەس بێ ولەم خەفەتە و لەم ڕۆژەڕەشە دەربازیان بکات [4]. زۆر جەختی کردە سەر ڕەسەنێتی ڕەچەڵەکی خۆی و لەسەر دراوەکەی نەخشاندی و ناوی خۆی نا ((عەلی کوڕی موحەممەدی مەهدی فریاد ڕەس)). هەروەها لەیەکێك لەقۆناغەکانی ژیانیدا مەزهەبی خەواریجی ڕاگەیاند کەوا بنەماکانی گونجاو بوو لە گەڵ مەیلی شۆڕشگێڕی هاوڵەکانی، ئەوەبوو لەپێناوی دابەڕوەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی جەنگا [5]، بە هەردوو ڕەنگی سەوز و سوور دروشمەکانی لەسەر ئاڵاکان نووسی، ئەم دوو ڕەنگەش ڕەنگی عەلەوییەکان و ڕەنگی خەواریجەکانە. بیرو بۆچونی عەلی کوڕی موحەممەد دەربارەی خیلافەت لەگەڵ تێڕوانینی شیعەکاندا پێچەوانە بوو، ئەمان لە سەر(وراپە) جەختیان دەکردەوە، ئەویش بۆچوونی خەواریجەکانی لەخۆگرتبوو کە لەسەر (شوری – ڕاوێژکردن)

---

[1] مەمان سەرچاوە: ٤١٢ل.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] الطبري:ب ٩ ل ٤١٢.

[4] علبي، احمد: ثورة الزنج و قائدها علي بن محمدل ٥٤.

[5] ئەوە لە سەر بەیداخەکەی ئایەتی سەدو یانزەی نووسی لە سورەتی تەوبە، ئەمەش باشترین ئایەتە بە لای خەواریجەکانەوە، هەروەها لە سەر دراوەکانیشی نەخشاندی.بگەڕێوە بۆ علبی:ل ٥٨.

هەستابوو، بۆیە عەرەبە دەشتەکیە سادەکان و عەرەبی بەسرە و ئەهواز و واست و ناوچەکانی دەوروبەری لێی دوور کەوتنەوە، هەروەها (قرمگ) رازی نەبوو پەیوەندی ئایینی لە گەڵیا دروست بکات، سەبارەت بە توندوتیژی و دڵڕەقی بەرامبەر دوژمنەکانی، ئەوا کردی بە خەواریجێکی توندڕەو، سەرەڕای ئەمەش، ئەوە وەکو کۆیلە لەگەڵ بەدیلگیراوەکانی جەنگدا مامەڵەی دەکرد، بەڵێنی بە هاوەڵەکانیدا بیانکاتە خاوەنی ماڵ و خزمەتکار، واتە گۆڕینی ژیانی زەنجەکان لە کۆیلاتیەوە بۆ خاوەن کۆیلە([1])

ئەم لەیەکنەچونەش لەبیروباوەڕی بزوتنەوەکەی دووری دەخاتەوە لەوەی کە بیروباوەڕێکی تایبەتی هەبێ بەڵکو وەکو بزوتنەوەیەکی چەکداری دژی رژێم دەری دەخات، هەروەها خۆشی وەکو پیاوێکی سەرچڵ و بەتەمای دەسەڵات نیشان ئەدات([2]) ئەوەی کە گومانی نێدا نیە ئەوەیە، ئاواتە سیاسیەکانی عەلی کوڕی موحەممەد کە بریتیە لە -دەسگرتن بەسەر دەسەڵاتدا- بە پاڵنەری راستەقینە دادەنرێت بۆ ڕاپەڕینی بزوتنەوەکەی، ئەمەش رادەیەکی زۆر لەجۆش و خرۆشی کەم کردەوە و تەنها بە گروپێك لە زەنجەکان تایبەتی کرد و وردە وردە ئەو گروپەکانیتری دوورخستەوە کە لەگەڵیا بەشدار بوون[3]).

پاڵنەرەکانی بەدەنگەوە چوونی ئەم بزوتنەوەیە

کۆمەڵێ پاڵنەری جیاواز ئەو گروپانەی جوڵاند بۆ ئەوەی پشتگیری لە عەلی کوری موحەممەد بکەن، لەوانەش :

- تەحەداکردنی حکومەتی ناوەندی بە مەبەستی دەرچوون لەبازنەی بەدبەختی و چارەڕەشی.
- بەدەستهێنانی (دەست کەوت) لە ڕێگەی دزی و تاڵانەوە.

---

[1] عمر، فاروق :التاريخ الاسلامي و فكرالقرن العشرين :لا ٢٣٥.

[2])همان سەرچاوە.

[3] عمر :لا ٢٣٥.

– رزگار بوون له کاری قورس باخود له سەختی ژیان[1])

سەبارەت بەو پالنەرانەی کە هێشتی ژمارەیەکی زۆر لە کۆیلەکان بەدەنگی ئەم بزوتنەوەیە بچن، ئەوە بریتیە لە: پالنەری سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی.

لەرووی پالنەری سیاسییەوە[2]) ئەوا پێش سەرهەلدانی بزوتنەوەی زەنج، تورکەکان دەسەلاتێکی گەورەیان هەبوو بەسەر خیلافەتدا. ئەوان زیاتر بژێویخواز بوون، بەپێی ئەو هۆکارانەی چالاکیان دەکرد کە پێی بتوانن لەدوژمن و رکابەرەکانیان بدەن، تاکڕەو بوون لە بەڕێوەبردنی دەسەلاتدا[3])، ئەمەش بووە هۆی زۆر بوونی پیلانی سیاسی و کۆدەتای سەربازی، بۆیە خیلافەتی لاوازکردەوە و خەلیفەکانی بێ دەسەلات کرد.

لەئەنجامی تێکچوونی رەوشی سیاسی، مشتی بەرهەلستکارەکان قایم بوو، بەتایبەتی بەرهەلستکاری شیعی، ئەوە بوو دەسەلاتی عەلەوی فراوان بوو و لەناو خەلکیدا تەشەنەی کرد، جا بزوتنەوە بەرهەلستکارەکانیش هەر لەسەرەتای سەدەی سێهەمی کۆچییەوە کەوتبوونە جموجۆل، بۆیە بزوتنەوەکانی دژ بە دەسەلاتی ناوەندی زۆرەوە بوون و بزوتنەوە جیاخوازەکان فرەوە بوون، ئەمەش بەلگەیەکە لەسەر هەلوەشاندنەوەی ناوەندی خیلافەت. کەواتە، بەشێوەیەکی گشتی رەوشی سیاسی لەباربوو بۆ پیاوە سەرچلەکان تا دەسەلات ببەنەوە، لەکاتێکدا شەڕ لەوپەڕی گەرمیدا بوو لە نێوان حکومەتی ناوەندی و بەرهەلستکارانی عەلەوی، سەرەڕای سەرهەلدانی چەند فەرمانڕەوایەک لەهەندێ لە ویلایەتەکان کە تەنانەت هەر بەناویش دانیان بە دەسەلاتی خیلافەت نەنا و کەوتنە گوزارشتکردن لە هیوا و ئاواتەکانی ئەم گروپە بەرهەلستکارانە، لەگەلّ ململانێیەکی شارەوە لە نێوان دەرەبەگیەکان و کۆیلەکاندا کە دەرفەتێکی بۆ خۆی بەدیکرد لە بانگەشەکەی عەلی کوڕی موحەممەد

---

[1] هەمان سەرچاوە: ٧ ٣٢٨.

[2] بگەڕێوە بۆ علبی: ٧ ٢٠١.١٩٨.

[3] عمر: ٧ ٣٣٣.

که به تەمای دەسەلات بوو.

لەرووی پالنەری ئابوورییەوە[1]، ئەوا دوو دیاردەمان بۆ دەرئەکەوێ، دیاردەی رەوشی تێکچووی دارایی، دیاردەی چین چینایەتی لەکۆمەڵگەی عەباسیدا.

سەبارەت بە دیاردەی یەکەم، ئەوا لە نیوەی یەکەم لە سەدەی سێیەمی کۆچی، دارایی دەوڵەت بەرەو خراپی دەچوو بەهۆی زیادەڕەوی خەلیفە و سەرکردە تورکەکان لە خەرجکردن بە سەرخۆیاندا. سیستەمی پابەند بوون یاخود مسۆگەرکردن یەکێك بوو لەو دیاردانەی کە نیشانەی دواکەوتنی دارایی دەوڵەت بوو.[2] وادیارە بووە سیستەمێکی باو و بڵاو. ئەوەی کە رەوشی دارایی زیاتر خراپکرد، جیاکردنەوەی (بیت المال)ی موسڵمانان بوو لەخەزێنەی تایبەتی خەلیفە، لەگەڵ بەهێزبوونی دەسەڵاتی تورکەکان کەوا دەستیان خستەسەر (بیت المال)، لەکاتێکدا خەلیفەکان پەرەیان بەداهاتی خەزێنە تایبەتەکانی خۆیان دەدا.

سەبارەت بە دیاردەی دووهەم[3]، ئەوا کۆمەڵگەی عەباسی لەسەدەی سێیەمی کۆچیدا پێکهاتبوو لە سێ چینی کۆمەڵایەتی، ئەوانەش:

١- چینی دەرەبەگی: پێکهاتووە لە خانەوادەی خەلیفە و سەرکردە تورکەکان و وەزیرە دەوڵەمەنەکان و خاوەن پۆستەکان، ئەمانەش خاوەن زەوی و زارن و پشت بە کشتوکاڵی دەبەستن وەکو سەرچاوەیەك بۆ سەروەت و سامانەکانیان. ئەوە بوو باری ئابووریان زۆر گەشەی کرد و بەرەو فراوانی و چڕبوون دەچوو، بۆیە پێویست بوو ژمارەی کۆیلەکان کەوا لە کێڵگەکان کاردەکەن، زیاد بکرێن، بە تایبەتی لە باشووری عێراق.

٢- چینی بازرگانان

---

[1] بگەڕێوە بۆ علبی:لا ٩٩،٨٩.

[2] بۆ نموونە بنەماڵەی تاهیر لەو کاتەدا پابەند بوون بە باجی خۆراسان و دەوروبەری.

[3] نیسلام، بەلایەنی کەمەوە لە ڕووی (نظری)یەوە، پۆلێنکردنێکی کۆمەڵایەتی نەبووە، تەنها لە چێوەی ئەو ئەرکانە نەبێ کە خەڵکی لە کۆمەڵگەدا جێبەجێی دەکرد، هەروەها چەمکی چین چینایەتی لەسەر ئەوە هەڵنەسابوو ئەگەر مرۆڤ لە بنەچەیەکی نۆرستوکراتی بێت ئەوە وەکو باو باپیرانی مافەکانی پارێزراون، بەڵکو شەرعیەتی شتەکان خۆی پێوانەی ڕاستەقینە بوو لە دیاریکردنی چینەکان، سعد، فهمي: العامة في القرنين الثالث و الرابع للهجرة:١٢٤،١٢٥.

٣- چینی کرێکاران

ناوەڕاستەکانی سەدەی سێهەمی کۆچی، زیادبوونی رۆڵی دەربەگەکانی بەخۆوە بینی (١) بە تایبەتی لە بەسرە، چونکە زەنجەکان لە زەویە مردووەکان کاریان دەکرد و پێویست بوو چاکی بکەن و وشکی بکەنەوە، بۆیە پێویستی کرد زیاتر پشت بە ئەو کۆیلانە ببسترێ کە لەرۆژهەڵاتی ئەفریقیاوە هێنراون، چونکە ئەوان دەستی کاری هەرزانن و لەشیان بە هێزە و بۆ کارکردن لە زەویە شۆرەکاتەکاندا دەگونجێن(٢). ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ زیادبوونی رۆڵی بازرگانی. ئەوە بوو بازرگانەکان هەستان بەکڕینی کۆیلەکان بە هەرزان بایی و دەیانفرۆشتەوە بە خاوەن زەویەکان لە بەسرە کەوا لەو ناوچەیە کۆیان کردبوونەوە.

بە تێپەڕ بوونی رۆژگار، کەلێنی نێوان ئەمان و نێوان چینی دەرەبەگی گەورەتر بوو، ناهاوسەنگی کۆمەڵایەتی گەیشتە ئەوپەڕی، ئەمەش پاڵنەرێك بوو بۆیان بەدەنگی ئەو شۆڕشەوە بچن کە عەلی کوڕی موحەممەد بانگەشەی بۆ دەکرد.

لەرووی پاڵنەری کۆمەڵایەتیەوە(٣) ئەوا ئەو کۆمەڵە کۆیلانە زیانێکی سەخت و ناڕەحەتیان دەگوزراند، دەبوو ئەوان لە وشکردنەوەی زەلکاوەکان کاریان بکردایە و شۆرەکاتی زەوییەکانیان لاببردایە پاشان خوێکەیان بە وڵاخ بگواستایەتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە تێدا دەخرێتە روو و دەفرۆشرێ، ئەم هەموو کارەیان دەکرد بەرامبەر ژەمێ خواردن لە(قاوت) (حەڵوایەکە لە ئارد و خورما دروست دەکرێ) (٤) و مزۆفی تێر نەدەکرد، هەروەها لە چەند خێوەتگایەك کۆکرابوونەوە مەرجە گشتیەکانی تەندروستی تێدا دابین نەکرا بوو، بۆیە تووشی نەخۆشی کوشندە بوون، هەروەها تووشی فشاری دەروونی قورس بوون چونکە سەڵت بوون، ژندارەکانیشیان دوور لە

---

١ مسکویه: ب ٧٢ لا ٩٦.

٢ شۆرەکات: ئەو چینە خوێیەیە کە لە ئاوی کەنداوی عەرەبیەوە دێت.

٣ بگەڕێوە بۆ علبی: لا ١٠٢-١٠٤.

٤ الطبري: ب ٩ ٤١٣٧. ناوچەی (شط العرب) زەویەکی زەلکاویە وکە ئاڵی زۆری تێدایە کەوا تووشی هەڵبەزو دابەزی ئاوەکە دەبێت. بە تێپەڕ بوونی رۆژگار چینێکی خوێی زۆربەی زەویەکانی پۆشی بە شێوەیەك کشتوکاڵی تێدا مەحاڵ کرد. کاسبکارانی بەسرەش، بۆ لابردنی ئەم چینە خوێیە، دەستی کار لە زەنجەکانیان بەکار هێنا.

خێزانەکانیان دەژیان.

ئەوە بوو ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتیە خراپە وای لەم کۆیلانە کرد بە دەنگی بانگەشەکەی عەلی کوڕی موحەممەد-ەوە بچن کەوا بەڵێنی پێدان بەرەو ئازادی بیانبات و بیانکاتە خاوەن موڵک و بەدڵسۆزی بمێنێتەوە بۆیان تا کۆتایی، بیری خستنەوە بە سەختی و ناڕەحەتی ژیانیان، هیوای ئایندەیەکی گەشاوەی پێ بەخشین و خانوو کە تیایدا نیشتەجێ بن.

پێکدادان لەگەڵ دەسەڵاتدا - کۆتایی بزوتنەوەکە

زەنجەکان بەردەوام بوون لەچوونە ریزی عەلی کوڕی موحەممەد تا ئەوکاتەی کە یەکەم رۆژی جەژنی ڕەمەزان هات، وتارێکی بۆ خوێندنەوە و نوێژی پێکردن، بیری خستنەوە بەو زۆر و ستەمەی کە بەدەستیەوە دەیان نااڵند، هیوا و ئاواتی باشی پێ بەخشین، شاری (المختارە) کەوا دروستی کرد، کردی بە بنکەی دەستپێکردنی (۱).

سەڵماندی کە ئەو سەرکردەیەکی بە توانایە، چونکە هەڵمەتەکانی ناسرا بە شارەزایی لە کۆکردنەوەی هەواڵ، ئەوە بوو بەردەوام زانیاریی هەبوو دەربارەی جموجوڵەکانی سوپای خیلافەت. جا ئەو سیاسەتە جەنگیەی کە پەیڕەوی دەکرد و کەوا لەسەر بۆسەدانان هەستابوو، سەرکەوتنێکی پێ بەخشی بەسەر هێزەکانی خەلیفەدا. ئەوە بوو لەسااڵی (۲۵۷ك/۸۷۱ز) چووە ناو بەسرەوە و دانیشتوانەکەی کوشت و شارەکەی سوتاند.(۲) خیلافەت ئەو کاتەدا سەرقاڵ بوو بەشەڕی (یعقوب بن اللیث الصّفار)، ئەمەش دەرفەتێکی دا بە عەلی کوڕی موحەممەد زیادەڕەوی بکات و دەسەڵاتی فراوان بکات و شارەکان کاول بکات، ئەوە بوو لەمیانەی دە ساڵدا (۲۵۵-۲٦٥ك/۸٦۹-۸۷۹ز) زاڵبوو بەسەر ناوچەیەکی بەرفراواندا کە لە نێوان ئەهواز و واست-دا درێژ بۆتەوە، بەغدادیش کەوتە بەر هەڕەشەی.

---

[۱] الطبري: ب۱۱ ٤۱٤٤۱٥٤.حسن: ب۲ ۲۱۱۷۲. ئەنموختارە دەکەوێتە سەر کەناڵی ڕووباری . ابی الخصیب . باشووری ڕۆژهەاڵتی بەسرە.

[۲] الیعقوبي: ب ۲ ٤٧٤٤.الکبری: هەمان سەرچاوە ٤٧١٤.٤٧٢.

ئەو کاتەش خەلیفە ئەلموعتەمەد، جەنگاندنی زەنجەکانی سپارد بە (أبو أحمد الموفق گلحە)ی برای. ئەم سەرکردەیە بە خۆی سەرۆکایەتی کارە سەربازیەکانی کرد، هەموو توانا سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی خستەگەڕ بۆ ئەوەی سەرکەوتن مسۆگەربکات، ئەوە بوو گەمارۆی ئابووریانی دا تا بێ هێزیان بکات، دانەوێلە و ئازوخەکانی سوتاندن و نەیهێشت ئەو ئازوخەیانەن پێ بگات کە عەرەبە دەشتەکیەکان پێشکەشیان دەکرد. برسێتی بی هێزی کردن.

بۆیە ژمارەیەکی زۆریان خۆی رادەست کرد. لەرووی پێکدادانە سەربازیەکانەوە، ئەوا (الموفق) توانی لە ئەهواز دەریان بکات و شارەکەیان (المختارە) رزگار بکات، پاشان شارەکانی تریان یەک لەدوای یەک روخا تا لەسالی (٢٧٠ك/٨٨٣ز) سەرکەوتنی کۆتایی هاتەدی. لەکاتی شەڕەکاندا عەلی کوڕی موحەممەد کوژرا و ئەو دوای شوێنکەوتووەکانی خۆیان رادەست کرد(١).

بە دامرکاندنی ئەم شۆڕشە، پەردە بەسەر ئەم بزوتنەوەیە شۆڕکرایەوە کەوا خیلافەتی عەباسی هەراسان کردبوو، سەر و مالی زۆری پێشکەش کرد لەپێناوی کپکردنەوە، کەوا لەچوارده سالێ زیاتر بەردەوام بوو (٢٥٥-٢٧٠ك/٨٦٩-٨٨٣ز).

هەڵسەنگاندنی بزوتنەوەی زەنج

بزوتنەوەی زەنج لە ئەنجامی واقیعی پڕ ئازار و چەوسانەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژیان بردنە سەر لەنێو زەلکاوەکانی بەسرە و دەشتەکانیدا سەری هەڵدا. ئەوە بوو لەسەرەتای دەسپێکردنی، بزوتنەوەیەکی سەرکەوتوو بوو، ئامانجەکانی لەگەڵ کردەوەکانیدا هاوشێوە بوون، بەڵام ئەو هەستە ئازاوە گێڕییەی کە پەیڕەویان کرد لەکاتی گەیشتنیان بە لوتکەی بەرەنگاربوونەوەدا، بووە هۆی کەمبوونەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتیەکانی، هەروەها بەرنامەیەکی شۆڕشگێڕی نەبوو ئاوات و ئامانجەکانی لایەنگرانی لەخۆ بگرێ و پەیوەندی لە نێوان سەرکردایەتی و

---

١ الطبری: ب ٩: ٧ ١٦١٤، ٦١٥،٦٣١.

شوێنکەوتووانی ڕوون بکاتەوە. دەشبێنین پیاوەکانی، تۆڵەسەندنەوەیان کرد بە ئامانجی خۆیان نەک چاکسازی، کۆدەتای کۆمەڵایەتیان کرد بەمەبەست نەک ڕاستکردنەوە، سەرکردەکەی نەیتوانی خۆی لە بیرۆکەی ڕابەرێتی قرشی ڕزگار بکات، سەرەڕای ئەوە شۆڕشەکەی لە چوارچێوەیەکی خۆمالّی و سنووردارد ابوو و ئاواتەکانی گشتگیر نەبوو، لێرەشدا بۆمان دەرئەکەوێ کە عەلی کوپی موحەممەد سەرنەکەوت لە ڕاکێشکردنی بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەی عێراقی، وەکو جوتیارەکان و مووڵکدارە گەورەکان و بازرگانەکان و پیشەدارەکان، تەنانەت (قرمگی) یەکانیش، بۆیە کۆیلەکان، هەرچەندە ژمارەیان زۆر بوو، لاواز بوون.

لەلایەکی دیکەوە، ئەوا خێرایی ڕووداوەکان و سوور بوونی عەباسیەکان لە لەناوبردنی ئەم بزوتنەوەیە، دەرفەتی بە سەرکردەکەی نەدا ڕێزی هێزەکانی ڕێک بخاتەوە و بتوانێ کۆمەڵگەیەکی سەقامگیر و خاوەن سیستەمێکی تایبەت، بنیات بنێ، لە بەر ئەوەش، زۆر ئاسایی بوو کە ئەم بزوتنەوەیە سۆرکی مرۆیی و شۆڕشی خۆی لەدەست بدات و بەرەو کۆتایی بوونی ببیات، بەڵام ئەو بنچینە شۆڕش ئامێزەی کە پەرش و بڵاو بووەوە، دواتر بووە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی (قرمگی)یەکان و توانی ببێتە یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی (١).

د - پەیوەندی لەگەڵ (طالبي)یەکاندا

زەیدیەکان

سەردەمی عەباسی دووەم بزوتنەوەی سیاسی و ئایینی زۆری بە خۆوە بینی کە کاریگەریەکی دووری هەبوو لە مێژووی ئەم سەردەمە و سەردەمەکانی دوای خۆی، ئەوە بوو شیعەکان بزوتنەوە گەلێکیان کرد لە ئەنجامدا زۆر لەبەشەکانی دەوڵەت جیابوونەوە، بنەماکانی شیعی بڵاو بووەوە، بەتایبەتی ئیسماعیلی و(قرمطي). جا ئەنجامی هەوڵی ئیسماعیلیەکان دامەزراندنی دەوڵەتی (فاطمي) بوو لە وڵاتی مەغریب

---

(١) دەربارەی هۆکارەکانی شکستهێنانی بزوتنەوەی زەنج بگەڕێوە بۆ: عنبي: لا ١٤٥-١٦٧.

لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی عەلەوی و زەیدی لە (طبرستان).

ئەوەی راستی بێ سەردەمی ئەلموتەوەکل ناسرا بە تەنگ هەڵچنین بە شیعەکان بە گشتی، جا ئەم خەلیفەش کاریگەر بوو بە بۆچوونەکانی (عوبیدەڵڵای کوڕی خاقان)ی وەزیری، کەوا ناوی دەرکرد بە رقبوونی لەم گروپە موسڵمانە(١)، لەسەردەمی ئەلموستەعین–دا زەیدیەکان چەند بزوتنەوەیەکیان کرد دژی دەسەڵاتی ناوەندی ئاشکراترینیان سەرهەڵدانی یەحیای کوڕی عەمری کوڕی یەحیای کوڕی حوسەینی کوڕی زەید بوو لە کوفە، وادیارە سەرهەڵدانەکەی پەیوەندی راستەوخۆی هەبوو بە باشبوونی باری دارایی (٢).

(یەحیا) ژمارەیەک لە عەرەبە دەشتەکیەکان و کۆمەڵێک لە دانیشتوانی کوفە لە دەوروبەری خۆیدا کۆ کردەوە، پاش ئەوەی بانگەشەی بۆ رازیبوون لە ئال موحەممەد کرد چووە ئاو ئەم شارەوە(٣). بەڵام بزوتنەوەکەی سەرکەوتنی بۆ نەنووسرا، چونکە (عەباسی ئەلحوسەینی کوڕی ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیمی–مصعب)ی سەرکردەی، بەرەنگاری بووەوە و سەرکەوت بە سەریا و (یاحیا)ش لە شەڕەکەدا کوژرا. (٤).

سەبارەت بە بزوتنەوەکەی تری زەیدی کەوا کاریگەری هەبوو، ئەوا سەرهەڵدانی ئەلحەسەنی کوڕی زەیدی کوڕی موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل بوو لە دەوروبەری (گیرستان) لە (مانگی رەمەزان سالی ٢٥٠ك/مانگی تشرینی یەکەم سالی٨٤٦ز). بەد رەفتاری فەرمانڕەوا عەباسیەکان لەو ناوچەیەدا هۆکاری سەرەکی بوو بۆ سەرهەڵدانی، ئەمەش وایکرد لەخەڵکەکەی بچنە ڕیزی (گالبی) یەکان و بەیعەتیان پێدا، هەروەها سەرانی (دەیلەم)یش بەیعەتیان پێدا، نازناوی ((داعی الخلق الی الحق)) ی لە خۆی نا یاخود ((الداعی الکبیر))(٥). توانی لەمیانەی سێ ساڵدا دەستبگرێ بەسەر هەموو (گیرستان) و بەشێکی گرنگ لە (دەیلەم) و (ڕەی). ئەوە بوو (گالبی)

---

١ الاصفهانی: لا ٤٩٠، ٤٧٨.

٢ ابن الاثیر: ب ٥ لا ٢١٤.

٣ الاصفهانی: لا ٥٠٦.

٤ هەمان سەرچاوە: لا ٥٠٩، ٥٠٧. ابن الابیر: ب ٥ لا ٢١٢.

٥ واتە ((بانگکەری خەڵک بۆ حەق)). ((بانخوازی گەورە))

یەکان لە حیجاز وشام و عێراق یەک لە دوای یەک دەهاتن بۆ لای، پاش ئەوەی کە ناوبانگی دەرکرد و پشتی قایم بوو[1].

(ئیسماعیلی)یەکان

لەو کاتەی کە بزوتنەوەی زەنج گیانی دەدا، بزوتنەوەی ئیسماعیلی سەری هەڵدا، کەوا مێژووی ئامادە بوونی لەسەر شانۆی سیاسی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی دەوڵەتی خیلافەتی ئەمەوی، ئەوەش کاتێك ژمارەیەکی زۆر لە زەیدیەکان چوونە پاڵی گروپی ئیمامی لەلایەنگرانی جەعفەر (الصادق)، پاش مردنی ناوبراو، شیعەی ئیمامی بووە دوو بەشەوە بەهۆی جیاوازی لە بۆچوونەکانیاندا لەچۆنێتی دیاریکردنی ماف (وراپی) بۆ هەڵبژاردنی ئیمام، یەکەمیان ئیمامەتی موسەوی، دواتر پێی وترا دوانزە ئیمامی، شوێنکەو تووانی باوەڕیان بە ئیمامەتی (موسی الکاظم بن جعفر الصادق) هەبوو ئەمەش ئیمامی حەوتەمە لەلایان، دووەمیان ئیمامەتی ئیسماعیلی کە باوەڕیان بە ئیمامەتی ئیسماعیلی کوڕی جەعفەر (الصادق) هەبوو کە لە هەموو کوڕەکانی باوکی گەورەترە، هەرچەندە کاتێك مرد باوکی لە ژیاندا مابوو، بەڵام شوێنکەوتووانی ئیمامەتیان گواستەوە بۆ موحەممەد لەمستور، ئەمەش ئیمامی حەوتەمە لەلایان، لە پاشان ناوی (السبعیە) لەم گروپە نرا، واتە حەوت ئیمامی، بۆ ئەوەی جیایان بکەنەوە لە دوانزە ئیمامی[2].

---

[1] إقبال عباس: تاریخ إیران بعد الاسلام: لا ٢٠،٢١.

[2] ئەو دووبەرەکییەی کە لە پاش مردنی (الصادق) کەوتە ناو شیعەکان، گەورەترین دابەشبوون بوو لە ناو ریزەکانیاندا، ئەك لە بەر ئەوەی گروپی ئیسماعیلی تا ئەمرۆش شوێنکەوتووانیان هەیە، بەڵکو لەبەر ئەوەی تووانی دەوڵەتێك دامەزرێنێ رۆژێك لە رۆژان گەورەترین دەوڵەت بوو لە سەردەمی عەباسی دووەمدا، مەبەستیشم دەوڵەتی (فاطمي)یە، مەترسی ئەم دوو بەرەکیە تەنها بۆ ناکۆکی دەربارەی ئیمامەت لە دوای جەعفەر (الصادق) ناگەڕێتەوە. چونکە سەرهەڵدانی گروپی ئیسماعیلی بۆ هۆکاری زۆر دەگەڕێتەوە کە لە تۆمەتبار کردنی ئیسماعیلی بە مەی خواردنەوە یا خود مردنی لە کاتی مانەوەی باوکی لە ژیاندا، تێپەڕ دەکات. وادیارە ناتوانێ سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە و دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی، لە یەك جیا بکرێتەوە، کەوا لە ژێر دروشمی ماڵ ئەهلی بەیت لە خیلافەتدا هەستا و پاشان کوڕەکانی عەباسی توانیان بۆ خۆیان زەوتی بکەن بێ ئەوەی . طالبي . یەکان بەشداری پێبکەن. وە ئەو کاتەی (الصادق)، کەوا ئەم گۆڕانکاریەی بە چاو خۆی بینی و کەوا ناتوانێ یەکی تەواوی تیا بوو بۆ (طالبي) یەکان، دوور کەوتەوە لە رەوتە سیاسیەکان، جا ئیسماعیل پەیوەندییەکی پتەوی بە لایەنە

ناوبانگترین نوێنەری ئیمامەکانی ئیسماعیلی کەوا بۆ بڵاو کردنەوەی مەزهەبەکە کاری کرد و سەرکردایەتی بانگەشەکەی کرد (مەیمون ئەلقداح) بوو[1] کەوا بنچینەکانی مەزهەبی ئیسماعیلی دانا و رێی بۆ عەبدوللای کوڕی خۆش کرد کەوا لە (سلمیە) لە وڵاتی شام نیشتەجێ بوو بوو، بانگخوازەکانی لە ناوچە شڵەژاوەکاندا بڵاو بوونەوە بەمەبەستی قۆستنەوەی بێزاری کۆمەڵانێك لە خەڵکەکەی لە ئیدارەی عەباسی.

بانگەشەکە لە سێ یەکی کۆتایی لەسەدەی نۆیەمی زایینی لە وڵاتی یەمەن و لە عێراقدا رێکخرا[2].زیاتر بانگەشە کردن بۆ ئەم مەزهەبە لەپاش مردنی (حەسەن لەعسکەری) لە ساڵی (٢٦٠ك/٨٧٤ز) هاتە ئاراوە، ناوبراویش یانزەمین ئیمامە لە ئیمامەکانی شیعە[3]. ئیسماعیلیەکان توشی چەوسانەوە بوون لەسەر دەستی دەسەڵات، بۆیە ناچار بوون پەنا بەرنە بەر ناوچەی دوور و پارێزراو کە عەباسیەکان نەتوانن بچنە ناوی. هەروەها بانگەشەکەیان بە نهێنی بڵاو کردەوە، هەوڵیاندا لایەنگر بۆ خۆیان پەیدا بکەن و لە (سلمیە)وە دەستیان پێکرد بۆ سەرجەم خاکەکانی دیکەی ئیسلام. بەڵام کارکردنی بزوتنەوەی ئیسماعیلی لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی نهێنی رێگەی لێنەگرت کاری سیاسیش بکات، ئەوە بوو هەر کاتێك بارودۆخ رێگەی بدایە، بیرۆکە نهێنیەکانیان بەکار ئەهێنا بۆ تەنگ هەڵچنین بە دەوڵەت.

(قرمطي)یەکان

بانگەشەی ئیسماعیلی ئاراستەی سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە کرا، بەڵام بەدەنگەوە چوونیان بۆی وەکو یەك نەبوو، لە کاتێکدا فارسەکان بە هەڵێکی باش دایان نا بۆ دەربڕینی رق و کینەییان لە عەرەب، ئا بەو شێوەیە بانگەشەی ئیسماعیلی بووە بزوتنەوەیەکی گەورەی شۆڕشگێڕ کە چەندین لایەنی جیاوازی لە خۆدەگرت،

تونديڕەوەکان هەبوو کەوا گروپێکی بەناوی ئەم هێنایەکایەوە، ئەوە بوو جەعفەر(الصادق) لە سەر کار لابچێ.
بگەڕێوە بۆ: صبحي، احمد محمود: نظرية الامامةالدي الشيعة الاثني عشرية:لا ٣٨٠-٣٨٢.

[1] میمون لقداح - ی کوڕی - دیصان: پیاوێکی فارسە، (ثنوي) مەزهەبە، بە موسڵمان خۆی نواند.

[2] کاهن، کلود: تاريخ الشعوب الاسلاميه:لا١٧٨.

[3] الخضري:الدولة العباسية:لا ٢٠٠.

ئاشکرا ترینیان :

– لایەنی کۆمەڵایەتی، بۆ چەسپاندنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

– لایەنی شیعی، کەوا بنەماکانی شیعە ئامانجی سەرەکی بوو بۆی.

– لایەنی رەگەز پەرستی فارسی، کەوا شوێنکەوتووانی بە گرنگیان زانی بنەماکانی (مزدەکی) بەجێ بهێنن.

بەڵام ئەم لایەنانە لەسەر بەدیهێنانی یەک ئامانج کۆک بوون، ئەوەش خەونی خیلافەت. بەهۆی لەیەکنەچوونی ئامانجەکانیان ئەستەم بوو ئەو هەموو لایەنە بەشێوەیەکی تەواوەتی ئاوێتەی یەکتربن. ئەمەش هۆی گەشەکردنی قۆناغەکانی بانگەشەکە روون دەکاتەوە کەوا مۆرکێکی جیاواز یاخود دژ بەیەکی پێوە دیار بوو. ئەوە بوو لە مەزهەبی ئیسماعیلی دوو هێزی گەورە پێگەیی کە هەڕەشەیان لە دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی کرد، یەکێکیان بزوتنەوەی(قرمطي) بوو کەوا بەڕاستی تەنگی بە عەباسیەکان هەڵچنی و لەناو مالی خۆیاندا هەڕەشەی لێکردن، ئەوەی دیکەش دەوڵەتی (عوبەیدی) بوو کەوا لە (سلمیە)وە دەستی پێکرد و لە ولاتی مەغریب دامەزرا ([1]).

بزوتنەوەی (قرمطي) لەنیوەی دووەەم لەسەدەی سێیەمی کۆچی سەری هەڵدا، بزوتنەوەکەش بەردەوامبوونێکە بۆ بانگەشەی ئیسماعیلی وێڕای ئەو قۆناغە سەختانەی کە پەیوەندی نێوان بزوتنەوەی دایک (ئیسماعیلی) و بزوتنەوەی تازەپێگەیشتوو (قرمطی)یەکان بەخۆیەوە بینی و گەیشتنی بۆ روبەڕوبونەوەی چەکداری. کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی ئیسماعیلی، دەبینین وەکو گروپێک تەماشای دەکات کە لە سەرکردایەتیەکەی یاخی بووە و جیابووەتەوە.(❁)

---

[1] گروپی حەوت ئیمامی بوونە دوو بەشەوە: یەکێکیان لەلای موحەممەدی کوڕی ئیسماعیل وەستان و چاوەڕوانبوون وەکو مەهدی بگەڕێتەوە، ئەمانەش (قرمطي) یەکانن، ئەوەی دیکەشیان دانی نا بە زمنجیرەیەکی نەبچڕاو لەو ئیمامانەی کە لە وەچەی ئیسماعیلن، ئەمانەش ئیسماعیلییەکانن کەوا دەوڵەتی(فاطمي)یان دامەزراند.عمر: لا ٢٩٨،٢٩٩.

❁ زکار ، سهیل: الجامع فی اخبار القرامطة: ب١ لا ١٠٩

❁ العش، یوسف: تاریخ عصر الخلافه العباسیه: لا ١٥٥

لەسالی (٢٦١ك / ٨٧٥ز) لەسەردەمی خلیفە(المعتمد)دا، بزوتنەوەیەك پەیدابوو هەموو عێراقی گرتەوە(❁) پاشان ولاتی شام وبەحرەین و یەمەن–یشی گرتەوە، ئەمەش لە هەلومەرجێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیدا هاوشێوەی هەلومەرجە کە بزوتنەوەی زەنج لەسایەیدا پەیدابوو، بەلام وادیارە زیاتر رووکاری کۆمەلایەتی – ئابوورییەکەی زاڵتربوو بەسەر رووکارە ئاینیەکەی، هەرچەندە بانگخوازەکانی دەمارگیر بوون لە بۆچوونە ئاینیەکانیان کە پەیوەندە بە شەریعەتی ئیسلامی.(٣)

جا (حەمدانی کوڕی – الشعب) کە ناسراوە بە (قرمطی) و خەڵکی کوفەیە بەیەکێك لەبانگخوازە یەکەمینەکانی (قرمطي) دادەنرێ. بانگەشەکەی، لەپاش لەناوبردنی بزوتنەوەی زەنج هاتەکایەوە، رووی کردە ئەوانەی کە رزگار بوون لەو ناوچەیەی کەوا بزوتنەوەی ناو براوی تێدا بوو، جا جەماوەرێکی زۆری لە ریزی عەرەبە دەشتەکیەکانی بەدیکرد کەوا پەرۆش بوون بۆ (دەستکەوت)، هەروەها جوتیارانی لادێ نشینەکان و چینی هەژاران. وە شوێنکەوتووانی ناوی (قرمطي) یەکانیان لێنرا لەسەر ناوی خۆی (١).

ئەوە بوو بەهۆی ئەو ناکۆکیەی کە لە نێوان سەرۆکایەتیەکەی و سەرۆکایەتی بزوتنەوەی ئیسماعیلی رووبدا، لە عێراق بزوتنەوەکە کەپ بووەوە، سەرکردایەتی کردنیشی رادەستی (زکرویەی کوڕی مهرویه)ی فارسی، ئەمەش یەکێکە لە قوتابیانی حەمدان، کەوا چالاکیەکانی گواستەوە بۆ ولاتی شام، دەشتی (سەماوە)شی گرتەوە.

هەردوو کوڕەکەی خۆی، یەحیای کوڕی زکرویە کە ناونراوە بە (خاوەن وشترەکە) و حوسەینی کوڕی زکرویە کە ناونراوە بە (خاڵدارەکە)، لە دوای یەك ئەرکی بڵاوکردنەوەی گرتە ئەستۆ، هەر یەك لەوان نازناوی (أمیر المومنین)ی لە خۆیانا، هێرشیان کردە سەر شار و گوندەکان و ترس نیگەرانیان لەولاتی شامدا بڵاو کردەوە پێش ئەوەی دەولەت لە دوو سالی (٢٩٠و٢٩١ك/٩٠٣-٩٠٤ز) لە ناویان بەرێ(٢).

(زکرویە) هەستا بۆ ئەوەی تولەی کوشتنی هەردوو کوڕەکەی بکاتەوە، بەلام

---

[1] الطبري:ب١٠/٢٥١.

[2] الطبري:ب١٠/٩٩،١٠٨، ١٠٠،١١١.

لەسالی (٢٩٤ك/٩٠٧ن) کوژرا[1]. بە کوشتنیشی پرسی (قرمطی)یەکان لە ولاتی شامدا کۆتایی هات.

لە بەحرەین–دا بزوتنەوە (قرمطي) بەناوی (ئەبو سەعید لجەنابی) فارسی و (ئەبو تاهیری) کوڕی، بەندە، ئەوە بوو ناو بۆ بەکەمیان دەسەلاتی تەواوەتی سەپاند بەسەر (هەجر) و (الاحساو) و (قگیف) و سەرتاسەری بەحرەین، دەولەتێکی سەربەخۆی دامەزراند پایتەختەکەی (المؤمنیە) بوو، لەسالی (٣٠١ك/٩١٤ن) کوژرا. ئەوجا ئەبو تاهیری سولەیمانی کوڕی سەرۆکایەتی بانگەشەکەی گرتە دەست و سیاسەتێکی توند و تیژ بە شێوازێکی زۆر مەترسیداری پەیڕەو کرد. بەسرە و کوفە بە دەستی پەلامارە دڕندەکانیەوە دەینالاند. هەروەها پەلاماری کاروانی حاجیانیشی دا، لەسالی (٣١٧ك/٩٢٩ن) هێرشی برد بۆ مەککە، پارەی حاجێکانی تالان کرد و لەناو مالی خوا کوشتنی و بەردە پەشی لەکەعبە هەلکەند و چەند سالێك لە (هەجر) زەوتی کرد[2] هەر چەندە ئەوە تەحەدایەکی گەورەیە بۆ هەست و سۆزی موسڵمانان. بەتاشکرا قسەی بە دوژمنەکانی دەوت لەئەهلی سونە و بەهاوپەیمانەکانی لەکارەکانیدا –ئیسماعیلی و عوبەیدی–یەدەکان.

وادیارە دوو هۆکار هەیە وای لە (قرمطي) یەکان کرد ئەم ڕێبازە ئایینی و ئابووریە بگرنەبەر:

لە ڕووی ئایینیەوە، بەڕەسانی ئەم بزوتنەوەیە وەکو نوێنەرێك بۆ گروپی تووندڕەوی (باطني)، هەوڵیاندا بیرو باوەڕێکی نوێ بدۆزنەوە کە ئیسلام لەگەڵ بیروباوەڕە کۆنەکان بگونجێنن، ئەوان دانیان بەئیسلام نەدەنا وەکو ئایینێك، هەرچەندە خۆیان بەپێچەوانەوە دەنواند، بەڵکو بیروباوەڕی (الحلول و تناسخ) و پیرۆزی ئیمامەکانیان هێنایە ناوی[3].

لەڕووی ئابوورییەوە، ئەوا (قرمطي)یەکان ویستیان حەج ڕاگرن و هێرش بکەنە سەر کاروانە بازرگانیەکان، لەبەر ئەو قازانجە مادییەی کە بەدەستیان ئەکەوت لێی. هەروەها ئەو هێرشانەی کە بۆ سەر بەسرە دەیانبرد مەبەست لێی تێکدانی ڕەوشی

---

[1] هەمان سەرچاوە: لا ١٣٠،١٣٤.

[2] (قرمطي)یەکان لە سالی (٣٣٩ك) بەردە ڕەشیان بۆ مەککە گەڕانەوە، پاش ئەوەی کە بۆ ماوەی بیست و دوو سال لەلایان مایەوە.

[3] عمر: لا٣١٢.

ئەمنی و شڵەژاندنی بوو تا بازرگانیەکەی بگوازێتەوە بۆ بەندەرەکانی ئەو کەنداوەی کە لە ژێر رکێفی خۆیاندا بوو پاش ئەوەی کە خەلیفە داوای ئەبو تاهیر لە رادەستکردنی ئەهواز و بەسرەی رەتکردەوە، سەرەڕای زاڵبوونی بەسەر بازرگانی دەریایی لە هند و پیشەسازی لە خوزستان (١).

هەر چۆنێك بێت ئەوا بزوتنەوەی (قرمطي) لە بەحرەینداو لەپاش مردنی ئەبو تاهیر لە ساڵی (٣٣٢ك/٩٤٢ز) هێزی خۆی لەدەستدا، بەهۆی ململانێ لەسەر رابەرێتی، دەوڵەتی (قرمگی) سەرەڕای ئەوەی لەنێو کۆمەڵێ ڕەوتی ناحەز کە دەمارگیری ئایینی خۆی هێنایە کایەوە، بەڵام تا ساڵی (٤٦٩ك/١٠٧٦ز) بەردەوام بوو.

دامەزراندنی دەوڵەتی عوبەیدی(فاطمي)

لەساڵی (٢٨٨ك/٩٠١ز) ئەلحوسەینی کوڕی حەوشەب بانگخوازی ئیسماعیلیەکان لە یەمەن، هەستا بەناردنی ئەبو عەبدوڵڵای شیعی بۆ وڵاتی مەغریب، بۆ ئەوەی لەم وڵاتەدا بانگەشەکەی بڵاو بکاتەوە، ئەمەش پاش مردنی هەردوو بانگخوازەکەی ئیسماعیلی تێدا، ئەلحەلوانی و ئەبو سوفیان، ئەم (ئەبو عەبدوڵڵا)یەش سەرکەوت لە ڕاکێشکردنی کۆمەڵێ لەحاجیانی (کەتامە) و بردنی بۆ وڵاتی مەغریب و لەوێ بانگەشەکەی لە نێو خەڵکدا بڵاو کردەوە، خەڵکی شوێنی کەوت و پشتی قایم بوو و لەساڵی (٢٩٦ك/٩٠٩ز) دەستی بەسەر (قەیرەوان)دا گرت و دەوڵەتی (الاغالبە)ی نەهێشت. پاشان ناردیە شوێنی (عوبەیدڵڵا لمەهدی) لە (سلمیە) و بانگهێشتی کرد بێ بۆ ئەفریقیا تا کارەکە بگرێتە دەست، (عوبەیدڵڵا) پێشوازی لەم بانگهێشتەی کرد و (سلمیە)ی بە جێهێشت و بەرەو مەغریب چوو، لەساڵی (٢٩٧ك/٩١٠ز)گەیشتە ناوی و بەیعەتی پێدرا بۆ خیلافەت، و نازناوی ((المهدی أمیر المومنین))ی لە خۆی نا، بەوەش ئەو بنەڕەتەی دانا کە دەوڵەتی خیلافەتی عوبەیدی لە سەری هەستا بوو(٢).

---

[1] هەمان سەرچاوە: ٧٠٧.٣٠٨.

[2] سەبارەت بە ڕەچەڵەکی خەلیفەکانی(فاطمي) بڕوانە بۆ: عنان، محمد عبدالله: الحاکم بامرالله و اسرار الدعوة الفاطمية ٧٠٤٧٧. سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی(فاطمي)، ئەوە دەتوانی بگەڕێیتەوە بۆ کتێبی (تاريخ الدولة الفاطمية: دوكتۆر. حسن إبراهيم حسن. ٧٠١٥٠

بەندی هەشتەم

رەوشی ناوخۆی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی

یەکەم: پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە جیاخوازەکاندا لە رۆژهەڵات

دەوڵەتی تاهیری : ٢٠٥-٢٥٩ك/٨٢٠-٨٧٣ز

ناوی میرە تاهیرییەکان و ماوەی میرنشینی هەر یەك لەوان:

١- طاهر بن الحسين بن مصعب	٢٠٥-٢٠٧ك/٨٢٠-٨٢٢ز
٢- طلحة بن طاهر	٢٠٧-٢١٣ك/٨٢٢-٨٢٨ز
٣- عبدالله بن طاهر	٢١٣-٢٣٠ك/٨٢٨-٨٤٤ز
٤- طاهر بن عبدالله	٢٣٠-٢٤٨ك/٨٤٤-٨٦٢ز
٥- محمد بن طاهر	٢٤٨-٢٥٩ك/٨٦٢-٨٧٣ز

دەوڵەتی تاهیری بە ویست وخواستی خیلافەت دامەزرا. تاهیری کوڕی ئەلحوسەین دایمەزراند، ناوبراویش یەکێکە لە سەرکردەکانی مەئمون و لەسالی (٢٠٥ك/٨٢٠ز) کردی بە فەرمانڕەوای خۆراسان و لە بەغدادەوە کاروباری هەموو رۆژهەڵاتی پێ سپارد (١)، زۆر جەختیشی نەکردەوە لە سەر ئەوەی کە لایەنگر و دڵسۆزی بێ.

تاهیر، نیسابووری کرد بە بنکەیەك بۆ خۆی و هەر لە سەرەتای دەسەڵات گرتنیەوە هەستی جیابوونەوەی هەبوو، ئەوە بوو لەسالی (٢٠٧ك/٨٢٢ز) مەئمونی لەخیلافەت دەرکرد وپارانەوە بۆی لەمزگەوتەکان قەدەغەکرد، پاشان جلی ڕەشی لە بەری خۆی داکەند بەوەش جیا بوونەوەی خۆی لە بەغدا ڕاگەیاند (٢).بەڵام دواتر تاهیر لەناکاوە مرد وخەڵکیش گومانیان بە خەلیفە دەکرد کە وا فەرمانی داوە ژەهر خواردی بکەن

---

(١) الطبري:ب ٨ لا ٥٧٧٤.تاهیرییەکان حوکمرانی خۆراسان وناوچەکانی لای رۆژهەڵات و باکووری کرد و تا سنووری هند وسنووری تورکەکان.

(٢) اليعقوبي:ب٢ لا ٤١٣.

([1]).هەرچەندە مەئمون تەماحکاریەکانی تاهیری بەچاوی خۆی بینی ئەگەرچی ویلایەتی خۆراسانی رادەستی (طلحة)ی کوڕی کرد ([2])

لە لایەنی خۆیانەوە، تاهیریەکان، واتە جێنشینانی تاهیر سوور بوون لە سەر بەردەوامبوونی سیاسەتی هاریکاری لە گەڵ خیلافەتدا لەگەڵ دانپێنان بەدەسەڵاتەکەشی، ئەم سیاسەتەش روون بووەوە لە :

- (طلحة) هەستا بە جەنگاندنی خواریجەکان لە سیستان.

- عەبدوڵای کوڕی تاهیر، هەستا بەکۆنایی هێنان بە ئاشوب و ئاژاوە دەرەکیەکان لە میسر، وە بزوتنەوەکانی (طالبي) لە خوراسان کەوا دژی رژێم بوون، هەروەها هاریکاری خیلافەتی کرد بۆ لە ناوبردنی بزوتنەوەی مازیار لە (طبرستان).

عەباسیەکانیش ئەم خزمەتانەیانە بەرز نرخاند، ئەوە بوو (بنەماڵەی تاهیر)یان لە خۆیان نزیك کردەوە و لە ململانێیان لە گەڵ(صفار)یەکاندا پاڵپشتی کردن.

خوراسان لە سەردەمی ئەماندا، بەسەقامگیری وخۆشگوزرانی و گەشە کردن ناسرا، هانی کشتوکاڵیان دا و ئاودێریان رێکخست، بایەخیان بە خوێندن دا، بەشێوەیەك نیسلبور لەسەردەمیاندا بووە ناوەندێك لەناوەندەکانی رۆشنبیریەتی ئیسلامی.

سەبارەت بە پەیوەندیە دەرەکیەکان، ئەوا ویلایەتەکانی رۆژهەڵاتیان لەپەلاماری تورکەکان پاراست، خاکی ئیسلامیان فراوان کرد و دەسەڵاتی موسڵمانانیان چەسپاند بە لەناوبردنی یاخی بووەکان. بەڵام ئەوان دەستەوسان وەستابوون لە بەرامبەر پەرەسەندنی بزوتنەوەکانی (گالبی)، ئەوە بوو لە سەر دەستی (صفار)یەکان لە ناو چوون.

---

[1] هەمان سەرچاوە.

[2] الطبري: ب ٨ ل ٥٩٥.مولکی تاهیریەکان مەرێمی هرات بەرەو باشوور و کەناری باشووری رۆژهەڵاتی دەریای قەزوین . بەرەو رۆژئاوای گرتەوە، هەروەها بەرزاییەکانی دژلی روباری جیحون لە خواروویی چیاکانی هندو کوش بەرەو رۆژهەڵات، دەسەڵاتیان سەرتاسەری وڵاتی دوای روباری گرتەوە.

دەولەتی (صفاری): ٢٥٤_٢٩٨ك/٨٦٧_٩١١ز

ناوی میرەکانی (صفاری) و ماوەی میرنشینی هەریەک لەوان:

١- أبو یوسف یعقوب بن اللیث ٢٥٤_٢٦٥ك/ ٨٦٧_٨٧٨ز

٢- عمر بن اللیث ٢٦٥_٢٨٧ك/٨٧٨_٩٠٠ز

٣- ابو الحسن طاهر بن محمد بن عمر بن اللیث ٢٨٧_٢٩٦ك/٩٠٠_٩٠٨ز

٤- اللیث بن علی بن اللیث ٢٩٦_٢٩٨ك/٩٠٨_٩١٠ز

٥- أبوعلی محمد بن علی بن اللیث ٢٩٨ك / ٩١١ز

ئەم دەولەتە بەردەوامبوونێکە بۆ ئەو بزوتنەوە جیاخوازانەی کە لەرۆژهەلاتی ئیسلامیدا سەریان هەلدا لەبەشێك لە بەشە جوگرافیەکانی ئێران کە بەشی باشووریەتی، (یەعقوبی کوڕی -اللیث الصفار) دایمەزراند [١] کەوا دەرفەتی لاواز بوونی خیلافەتی عەباسی -کە سەرقاڵ بوو بەشەڕکردن لەگەڵ زەنجەکاندا- قۆستەوە و بەسەر هەرێمەکانی باشووری ئێران زاڵبوو و وڵاتی فارسیشی خستەپاڵ خۆی، ئەوجا لەپاش لەناوبردنی دەولەتی تاهیری لەسااڵی (٢٥٩ك/٨٧٣ز) فراوانکاریەکانی بەرەو خۆراسان ئاراستە کرد و پشتی قایم بوو، زاڵبوو بەسەر سیستان -کە دەکەوێتە ئەوپەڕی رۆژهەلاتی ئێرانی باشور- و دۆڵی کابڵ و سەند ومکران [٢].ئەوجا بە نووسراوەێك خەلیفەی بەدوا رەوشی رۆژهەلات ئاگادار کردەوە. ئاسایش و ئاشتەوایی لەو ناوچانەی کە لەژێر دەسەلاتی بوون بڵاو کردەوە و سوپا وابەستەی بوو و دانیشتوان پاڵپشتیان دەکرد.

وادیارە خەلیفە لە هەڵسوکەوتی یەعقوب و فراوانخوازیەکانی رازی نەبوو. دەولەتی

---

[١] ناوی (الصفار) ی لێنرا چونکە سەرەتای ژیانی بە پیشەی مسگەری دەست پێ کردوە واتە زەرد کردنی قاپ و مەنجەڵە مسەکان.

[٢] الیعقوبی: ب٢ ل ٤٥٩_٤٦٠.ابن الاثیر: ب٥ ل ٢٣٧، ٢٣٨، ٢٣٦.

تـاهیری بـه بنـچینهو پالپـشتیهك دانـا بـۆ خیلافـهت لهرۆژههلاتـدا و لـهناوبردنی ههڕهشهیهکی راستهوخۆیه لهسهر خیلافـهت و مهترسیه لـه سـهر بـوونی عهباسـی لـه ویلایهتهکانی رۆژههلاتدا. بۆیه وهلامی (المعتمد)ی خهلیفه لهسهر زیادبوونی دهسهلاتی یـهعقوب خێـراو توندو تیـژ بـوو. ئـهوهبوو لهبـهردهم حاجیـانی خۆراسـان و رهی و (گبرستان) و جرجان نهفرهتی لێکرد(۱).

ئهم ههڵسوکهوتهی خهلیفه، بووه مایهی تـوڕهیی یـهعقوب و تهحـهدای دهسـهلاتی دهوڵهتی ناوهندی کرد و بـهرهو فـارس کشاو داگیری کرد و بـهردهوامبوو لهکشانی بهرهو عێراق تا گهیشته ئـهههواز. ئـهوجا داوای لهخهلیفه کـرد بیکـا بـه فـهرمانڕهوای ولایهتهکانی رۆژههلات و ههردوو پۆلیسی بهغداد و سامهڕاش و نهفرهت کردنهکـهی لـه بـهردهم حاجیـهکان ههڵوهشـێنێتهوه (۲) خیلافـهت هەسـتی بـه دهستهوسـانی کـرد لهبـهردهم ئـهم پـهلاماره (صـفار)یـه، بۆیـه مـهیلی جـهنگ ڕاگـرتنی کـرد و رازی بـوو داواکاریهکهی یهعقوی جێبهجێ بکات(۳)، جا لهو کاتـهش سـهرقاڵی پێکدادان بـوو لـه گهڵ زهنجهکاندا.

ئهوهی راستی بـێ خیلافـهت قـهت مـهیلی جـهنگ ڕاگـرتنی نـهکردوه تـهنها بـهپێی پێویـستی نـهبێ، بـۆ ئـهوهی ههناسـهیهك ههڵکێـشی و دهرفـهتێکی بـۆ بڕهخسـێ و سـهفاریهکان له ناو بهرێ، جا خیلافهت حکومهتێکی لایهنگر لههەرێمی دوای ڕووبار بـه سهرۆکایهتی (نهسـری کـوڕی ئهحمـهدی سامانی) ڕاپهڕاندبوو. بـهوهش لـه پـشتهوه ههڕهشهی له دهوڵهتی سهفاری دهکرد.

(یهعقوبی کوڕی – اللیث) ههستی به سیاسهتی شهڕهنگێزی خهلیفه کردبوو، بۆیـه بڕیاری دا سنووڕێك بۆ ئهم بارودۆخه دانـێ ئـهوهش بـه زاڵبـوون بهسـهر بهغداد–دا و خستنی خیلافهت به ژێر دهسهلاتی راستهوخۆی. جارێکی تر دهستهوسانی خیلافـهت دهرکـهوت، ئـهوه بـوو مـهیلی جـهنگ ڕاگـرتنی کـرد و بـۆ ئـهوهی ههنـدێ کـاتی دهسـتبکهوێ، نووسـراوێکی بـۆ (یـهعقوب) نـارد تێـدا کاروبـاری فـارس و خۆراسـان و

---

[۱] ابن خلكان:ب ٦ ٧ ٤١٢

[۲] الطبري: ٥١٤٧٩. ابن خلكان : ب ٦ ٧ ٤١٣.

[۳] ههمان سهرچاوه:٧ ٥١٦.

کرمان و رەی و ئەسفەهانی پێ سپارد سەرەڕای هەردوو پۆلیسی بەغداد و سامەڕا، بەڵام یەعقوب نەخۆش بوو، رەتکردنەوەی بۆ پیلانەکانی خەلیفە کاریگەری نەبوو لەسەر بەسەرهاتەکانی دواتر، چونکە لەسالّی (٢٦٥ك/٨٧٨ز) کۆچی دوایی کرد (١) پاش ئەوەی ئاواتەکانی هێنایەدی لە شوێنکەوتەی بۆ خەلیفەی عەباسی بۆ جیابوونەوەی تەواوەتی لە دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی.

(عەمر) بە هەڵبژاردنی لەلایەن سەربازەکانیەوە، جێی یەعقوبی برای گرتەوە(٢). بەسیاسەتمەدارێکی لێهاتوو ناسرا. ئاوبراو لە ململانێی لەگەڵ خیلافەتدا پەنای بردەبەر شێوازێکی تر، سیاسەتی نەرم و نیانی و جەنگ ڕاگرتنی پەیڕەو کرد و گۆڕانی بارودۆخیشی لەبەرچاو گرت. بۆیە نووسراوێکی بۆ خەلیفە نارد تێدا گوێڕایەڵی خۆی ڕاگەیاند. (الموفق)یش ئەوەی لە ژێر دەسەڵاتی براکەیدا بوو ڕادەستی ئەمی کرد(٣). ئەوجا کەوتە قایمکردنی پلەوپایەی خۆی و چەسپاندنی دەسەڵاتی لەناوەوە. سوپایەکی تایبەتی لەکۆیلە تورکەکان بۆ پاسەوانی خۆی پێکهێنا(٤)، زۆربەیانی پێشکەش کرد بە سەرکردەکانی و بەپارە فریویدان بۆ ئەوەی بە نهێنی هەواڵی بۆ بێنن، ئەو هەواڵانەی کە بە ئاشکرا بە دەستی ناکەوێ.

ئەم پەیوەندییە باشە لەگەڵ خیلافەتدا زۆری نەخایاند، خراپ بوو. چونکە (المعتمد) لە تەماحەکانی عەمر و هەوەسی جیابوونەوەی ترسا. جا ئەو تازە بزوتنەوەی زەنجی لەناو بردبوو، بۆیە دەستی بەتاڵ بوو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ بزوتنەوە جیاخوازەکاندا. بڕیارێکی دەرکرد بەلابردنی لە سەر ئەو وپلایەتانەی کە کردی بە فەرمانڕەوای. ئەم لە سەرکار لابردنەی لەبەردەم حاجیەکانی خۆراساندا ڕایگەیاندو نەفرەتی لێکرد، خۆراسانی ڕادەستی موحەممەدی کوڕی تاهیر کرد کەوا خەلیفە لە بەندیخانە ئازادی کرد (٥). پاشان بە سەرکردایەتی (الموفق) سوپایەکی بۆ ئەم شارە نارد بۆ جەنگاندنی، ئەوە بوو ناچاری کرد بەرەو سجستان پاشەکشێ بکات، بەڵام نەیتوانی بەسەر کرمان و سجستاندا زاڵبێ، بۆیە گەڕایەوە (٦).

---

١ ابن الاثير: ب٦، ل٢١٧

٢ ابن خلكان: ب٤، ل٤١٩.

٣ ابن الاثير: ب٦، ل٢٢٦

٤ بە مەبەستی دەیان کڕین و پەروەردەیان دەکردن و لە سەر کاری سەربازی ڕایان دەهێنان.

٥ الطبري :ب١٠، ل ٧

٦ الطبري:ب١٠ ل ١٣٢ ابن الاثير:ب ٦ل٢٢٦.

کاتێک (المعتضد) لەساڵی (٢٧٩ك/٨٩٢ز) خیلافەتی گرتە دەست، عەمر دەستپێشخەری کرد بۆ رازی کردنی و پشتیوانی خۆیی بۆ ڕاگەیاند و دیاریی بۆ نارد و داوای ویلایەتی خراسانی لێکرد. خەلیفەش داواکەی پەسەندکرد و موحەممەدی کوڕی تاهیری لەسەر خۆراسان لابرد (١)، پاشان داوای لەخەلیفە کرد وڵاتی دوای ڕووباری پێ بسپێرێ بێ ئەوەی ئەو ناستەنگانە لەبەرچاو بگرێ کە دووچاری دەبن. لێرەشدا خەلیفە دەرفەتی بۆ ڕەخسا بۆ لەناوبردنی هێزی بەردەوام زیادبووی (صفار)یەکان. بۆیە ویستی عەمر بەگژی هێزی گەشە کردووی سامانی بدا. لەبەرئەوەش داواکەی پەسەند کرد، چاوەڕوانی پێکدادان بوو لە نێوان ئەم دوو هێزە بۆ بردنەوەی حوکمڕانی ئەم هەرێمە. ئومێدی خەلیفە هاتەدی، ئەوە بوو لە ساڵی (٢٨٧ك/٩٠٠ز) سامانیەکان بەگژی سەفاریەکاندا چوون و سەرکەوتن بەسەریاندا، عەمریش دیل کرا و بۆ خەلیفە بردرا، ئەمیش زیندانی کرد و لە ساڵی (٢٨٩ك/٩٠٢ز) لەناو زیندانـدا گیانی لەدەستدا (٢).

خیلافەت دەستی کردە ناردنی سوپا لە دوای سوپا بۆ ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵات بۆ ئەوەی بە ڕاستی کۆنترۆڵی بکات تاوەکو توانی جێنشینەکانی عەمر لەناو بەرێ. ئەحمەدی کوڕی ئیسماعیلی سامانی لەساڵی (٢٨٩ك/٩٠٢ز) توانی بەسەر سجستان–دا زاڵبێ (٣) ئەوجا دەوڵاتی سەفاری لەناراداً نەما، پاش ماوەیەکی کورت لە حوکمڕانیدا هەرچەندە سوپایەکی بەهێزی هەبوو و وڵاتێکی زۆر لەژێر دەسەلاتیدا بوو و سەرکردەکانی بەباشی کارەکانیان بەڕێوە دەبرد، لەناوچوو، هۆکاری سەرەکی بۆ لەناوچوونی بریتیە لە هەڕەشەکردنی لەخیلافەتی عەباسی و هەوڵێستی شەڕانگێزی خیلافەت لەبەرامبەری و ئەو هەوڵە زۆر و بەردەوامەی بۆ لەناوبردنی.

---

(١) هەمان سەرچاوە : ٤٩٧ـ٥٠٠. ابن خلكان : ٦، ٢٤٤ـ٢٤٥.

(٢) هەمان دوو سەرچاوەی پێشوو: ٧٦٧ـ٤٢٦.

(٣) الطبري. ب١٠ ١٤٢٧ـ١٤٤.

دەولەتی سامانی: ٢٦١_٣٨٩ك/٨٧٤_٩٩٩ز

ناوی میرە سامانیەکان و ماوەی میرنشینی هەر یەك لەوان:

١- نصربن أحمد: (نصر)ی یەکەم	٢٦١_٢٧٩ك/٨٧٤_٨٩٢ز
٢- إسماعيل بن أحمد	٢٧٩_٢٩٥ك/٨٩٢_٩٠٧ز
٣- أحمد بن إسماعيل	٢٩٥_٣٠١ك/٩٠٧_٩١٣ز
٤- نصربن أحمد : (نصر)ی دووهەم	٣٠١_٣٣١ك/٩١٣_٩٤٢ز
٥- نوح بن نصر: نوحی یەکەم	٣٣١_٣٤٣ك/٩٤٢_٩٥٤ز
٦- عبد الملك بن نوح : (عبدالملك)ی یەکەم	٣٤٣_٣٥٠ك/٩٥٤_٩٦١ز
٧- منصور بن نوح : منصور ی یەکەم	٣٥٠_٣٦٦ك/٩٦١_٩٧٦ز
٨- نوح بن منصور : نوحی دووهەم	٣٦٦_٣٨٧ك/٩٧٦_٩٩٧ز
٩- منصور بن نوح : (منصور)ی دووهەم	٣٨٧_٣٨٩ك/٩٩٧_٩٩٩ز
١٠- عبدالملك بن نوح : (عبدالملك)ی دووهەم	٣٨٩ك/٩٩٩ز

سامانیەکان دەگەڕێنەوە بۆ یەکێك لە خانەوادە فارسە رەسەنەکان کەوا ئایینی زەردەشتی کردبوو بەئایینی خۆی. پاشان (سامان خوداه)ی باپیرەیان موسڵمان بوو، ناوبراو یەکێکە لەپایە بەرزانی شاری (بلخ) لەسەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیك دا. چووە ریزی بانگەشەی عەباسی لە خۆراسان و لەگەڵ ئەبو موسلیم کاری کرد (١).

سامان کوڕێکی هەبوو ناوی ئەسەد بوو، بەخۆشی ناوی (ئەسەدی کوڕی عەبدوللای قەسری) ئەو ناوەی لێنا کە فەرمانڕەوای ئەمەویەکانە لەسەر خۆراسان، جا لەسەر دەستی ناوبراو موسڵمان بوو(٢) دەولەتی سامانی لە هەرێمی دوای ڕووبار دامەزرا و ئێرانی گرتەوە و خۆراسانی کۆنترۆڵ کرد و (طبرستان) و ڕەی و شاخەکان و

---

١ إقبال : ١٣٢.

٢ ذبيح الله، صفا: تاريخ ادبيات در إيران، ب١ ل ٢٠٤.

سجستانی خسته ژێر رکێفی خۆی، هەوەسێکی جیاخوازی فارسی بەشێوەیەکی دیار نواند ئەوەش لەمیانەی زیندوو کردنەوەی زمان و ڕۆشنبیریەتی فارسی (١).

کوڕەکانی ئەسەد، نوح و ئەحمەد و یەحیا و ئیلیاس، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لەدانانی سنورێك بۆ بزوتنەوەی (رافعی کوڕی -اللیث-ی کوڕی -نصر-ی کوڕی سەیار) لە سەردەمی خەلیفە مەئموندا. ئەمیش خەڵاتی کردن و لە پلەوپایەی بەرز کردن و کردنی بە فەرمانڕەوای گرنگترین شارەکانی دوای ڕووبار (٢).

ئەم برایانە بە هاوکاری تاهیریەکاندا سەرکەوتن لە بەرەنگار بوونەوەی هێرش و پەلاماری تورکە بتپەرستەکان بۆ سەر ناوچە سنوریەکاندا، هەروەها لە ململانێی نێوان تاهیریەکان و سەفاریەکاندا بەشدار بوون، پشتیوانی کردن، ئەمەش وای لە تاهیریەکان کرد بەشێوەیەکی هەمیشەیی دانیان پێ بنێن لەسەر کارەکانیاندا.

کاتێک دەوڵەتی ناهیری لەناوچوو لەسالی (٢٥٩ك/٨٧٣ز) سامانیەکان سەربەخۆیانە حوکمی هەرێمی دوای ڕووباریان کرد، ڕاستەوخۆ بەناوی خیلافەتەوە حوکمڕانیان کرد. خیلافەتیش ئەم مانووبوون ودڵسۆزییەی لەبەرچاوگرت وئەم هەرێمەی لەهەرێمی خۆراسان جیاکردەوە و ویستی خەڵاتیشیان بکات، لەلایەکی دیکەشەوە ویستی هێزێکی لایەنگر لە دوای ئەو ناوچەیەی کە لە ژێر دەسەڵاتی سەفاریەکاندا بۆی بدۆزێتەوە تا بەکەڵکی بێت لە کاتی پێویستیدا.

سامانیەکان لەمیانەی ژیانی سیاسیاندا سوور بوون لەسەر: پابەند بوون بە گوێڕایەڵی کردنی خیلافەتی عەباسی. سەرکەوتن لەبەدەستهێنانی دۆستایەتیان. لەڕاستیشدا ئەوان ئاواتەخواز بوون فراوانکاری بکەن بێ ئەوەی بچنەناو ململانێی ناوخۆییەوە لەگەڵ دەوڵەتە ئیسلامیەکانی تردا، بەمەش تەواوکەری ئەو ئەرکە بوون کە تاهیریەکان دەستیان پێکرد، پارێزەرانی ئاسایش و یاسا. ئەوە بوو دەسەڵاتی جیهانی ئیسلامیان گەیاندە ئەو دیوی سنوورەکانی ڕۆژهەلات، بۆ ناوەڕاستی ئاسیا. جا فەتحەکانیان زیاتر لە تورکستان بوو -ڕۆژهەلاتی ڕوباری جیحون.

---

[١] Brown:\iterary Hist. of Persia ,I,pp٢٠٦,٢٦٩,٢٩٩

[٢] ابن الاثیر:ب٦ ٤١.

شارستانیەتی ئیسلامیان لەو ولاتە بتپەرستە بلاو کردەوە، ژمارەیەکی زۆریش لە تورکە بتپەرستەکاندا لەسەر دەستیان هاتنەناو ئیسلامەوە. بەمەش رەگەزێکی نوێیان بەجیهانی ئیسلامی پێشکەش کرد لە ئایندەدا رۆڵێکی کارا ئەگێڕێ لە ژیانی ئیسلامیدا.

لەلایەنی خۆیەوە، خیلافەت سامانیەکانی بە فەرمانڕەوایەکی دڵسۆز بینی بەڵام سەربەخۆ و سەروەریەکی تەواویان هەبوو لە ناو ولاتی خۆیاندا. پشتی پێ دەبەستن لە چەسپاندنی دەسەڵاتی لە رۆژهەڵاتدا و لە لێدانی یاخی بووەکان. بۆ نموونەش، (نصر)ی دووهەم - کەوا لەسەردەمیدا، هێزی سامانیەکان گەیشتە لوتکە- بزوتنەوەکانی (شمکیری کوڕی زەییار) و (ماکانی کوڕی کالی) و هیتریش لەوانەی کە لەدەسەڵاتدا یاخی بوون، سەرکوت کرد. لەئاکامی سەرکەوتنەکانی بەسەریاندا، ئەبهەر و قەزوین و قوم و هەمەدان و نەهاوەند و دەینەوەری خستە ژێر رکێفی خۆی، گەیشتە حەلوان ([1]).

پەیوەندی سامانیەکان بە دراوسێ موسڵمانەکانی بە دوژمنایەتی ناسرا، ئەوەش بە هۆی دژایەتی کردنیان بۆ عەباسیەکان. ئینجا بەناچارییەوە چوونە ناو ململانێیەک لەگەڵ سەفاریەکاندا دەوڵەتەکەیانیان لەناوبرد هەروەها روبەروی تالبیەکانیش بوونەوە. ئەوە بوو ئیسماعیلی کوڕی ئەحمەدی سامانی هەستا بەلەناوبردنی عەلی موحەممەدی کوڕی زەیدی عەلەوی میری (گیرستان)ی لە ساڵی (٢٨٧ك/٩٠٠ز)، پاش ئەوەی ئەم میرە تەماحی لە خۆراسان کرد([2]).

لەراستیدا بانگەشەی شیعی لە خۆراساندا نەبرایەوە، چونکە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانەکەی هاوسۆز بوون لەگەڵ تالبیەکاندا، بەتایبەتی پاش دامەزراندنی دەوڵەتی خیلافەتی عوبەیدی لە مەغریبدا، چونکە بانگخوازە عوبەیدیەکان رێگای خۆیان بۆ ئەم ناوچەیە دۆزیەوە بۆ بلاوکردنەوەی بانگەشەکەیان لەناویدا، توانیان میر (نصر)ی دووهەم کوڕی ئەحمەد بۆ لای خۆیان رابکێشن([3]).

---

[1] إقبال : ١٤٦٧.

[2] ابن الاثير: ب ٦ ٧ ٩٦.٩٧.

[3] إقبال : ١٤٢٧

وادیاره بەهۆی نەم ڕووتێکردنە، میر (نصر) دووچاری بەرهەڵستکاری بوو لەلایەن سەرانی پاسەوانی تورک و دارودەستە و پیلانیان گێڕا بیکوژن، بەڵام شکستیان هێنا. لەلایەکی ترەوە هاوسۆزی سامانیەکان لەگەڵ ڕێبازی ئیسماعیلی کاتی بوو، ئەوە بوو لەپاش مردنی (نصر)، نوحی کوڕی لە کاردانەوەیەکی زیانبەخشدا مەزهەبی ئیسماعیلی لەناو برد(۱).

دەوڵەتی سامانی سەد و بیست و هەشت ساڵی خایاند، زۆرتریشی دەخایاند، ئەگەر ناومانڵی سامانی تووشی کێشەی ناوخۆیی و فشاری دەرەکی نەبوایە کە بووە هۆی لەناو چوونی.

لە ڕووی کێشەی ناوخۆیەوە، ئەوا ململانێی خانەوادەیی لەنێوان تاکەکانی ناومانڵی سامانیدا بەرپابوو، کە بووە هۆی ئاشوب و ئاژاوە، هەروەها سەرکردە و کاربەدەستانی هەرێمەکان یاخی بوون لێیان بە پاڵپشتی بنەماڵەی بوەیهی (۲).

لە ڕووی فشاری دەرەکیەوە، ئەوا دەوڵەتی سامانی دووچاری فشاری بەردەوامبووی دەیلەم و تاڵیبیەکان و بوەیهیەکان و پیاو ماقوڵانی تورک و غەزنەویەکان بووەوە، ئەمەش بووە هۆی لاوازبوونەوەی و تەماحی دراوسێکانی، سەرئەنجام موڵکەکەی دابەش بووە سەر دوو هێزی گەشەکردوو، هێزی غەزنەوییەکان و هێزی خانەکانی تورک (۳).

ئەوە دەمێنێ کە بڵێین، سامانیەکان ڕۆڵێکی شارستانی و سیاسی بەرچاویان گێڕا. سەردەمی ئەوان ناسرا بە بۆژانەوەی زانستی و ئەدەبی بەشێوەیەک بۆخارای پایتەختیان کرد بە یەکێک لە گرنگترین ناوەندە زانستیەکانی ئیسلام. ڕوویان کردە زیندوو کردنەوەی ڕۆشنبیریەت و ئەدەبی فارسی کەوا لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا کەوتە بۆژانەوە، لەسەردەمیاندا نووسین بەزمانی فارسی وپڕای زمانی عەرەبی، دەرکەوت.

کتێبخانەکەی میر نوحی کوڕی (نصر)، ناوی دەرکرد، کەوا (ئیبن خەلەکان) دەربارەی دەڵێ: ((هاوتای نەبووە، لە هەموو هونەرێك کتێبی تیابووە، هەندێکی ناسراو بووە لەلای خەڵکی و هەندێکی تری لە هیچ شوێنێکی تر نەبووە و هەر ناوبشی

---

[۱] هەمان سەرچاوە پێشوو: ۱٤٤٧

[۲] دەربارەی ململانێی خانەوادەیی لەناو مانی سامانی بگەڕێوە بۆ : بارتۆلد: ۳۷۲،۳۷۱.

[۳] دەربارەی هەرە سەرەتای دەوڵەتی سامانی بگەڕێوە بۆ : إقبال، ۱٦۲۷.

نەبیستراوە سەرەرای زانستەکەی)) ([1]).سەردەمی سامانی راپەرینێکی پیشەسازیشی بە خۆوە بینی کە لە دروست کردنی گلینە و گۆزە و کاغەز و فەرش و چنراوی ناورێشم، دەرکەوت.

لە رووی سیاسیشەوە، ئەوا سامانیەکان بەرگریان لەناوچەکانی سەرسنوری رۆژهەلات کرد و دەسەلاتی ئیسلامیان گەیاندە ولاتی تورک، رۆژێ لە رۆژان لە شوێنەکەوتەبیان بۆ خیلافەتی عەباسی لە بەغداد دا دەرنەچوون، خۆیان بە ئامرازێکی گوێرایەڵ و جێبەجێکار بۆ فەرمانی خەلیفە عەباسیەکان دانا. وادەی حوکمرانیان بەسەردەمی زێرین دادەنرێ لە میژووی ئیسلامیی ناسیای ناوەڕاستدا.

دووهەم: پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتە جیاخوازەکاندا لە میسر و ولاتی شامدا

دەوڵەتی تۆڵۆنی : ٢٥٤_٢٩٢ك/٨٦٨_٩٠٥ز

ناوی میرە تۆڵۆنیەکان و ماوەی میرنشینی هەریەک لەوان:

١-ئەحمەدی کوڕی تۆڵۆن	٢٥٤ــــ٢٧٠ك/٨٦٨ــــ٨٨٤ز
٢- خیمارەوەی کوڕی ئەحمەد	٢٧٠_٢٨٢ك/٨٨٤_٨٩٥ز
٣- ئەبو لعەساکەر جەیشی کوڕی خیمارەوەی	٢٨٢_٢٨٣ك/٨٩٥_٨٩٦ز
٤- هارونی کوڕی خیمارەوەی	٢٨٣_٢٩٢ك/٨٩٦_٩٠٤ز
٥- شەیبانی کوڕی ئەحمەد.	٢٩٢ك / ٩٠٥ز

[1] ابن خلکان:ب ٧ ١٥٢_١٥٣.

دامەزراندنی دەوڵەتی تۆڵۆنی

دەوڵەتی تۆڵۆنی، ئەحمەدی کوڕی تۆڵۆن دایمەزراند، ناوبراو یەکێکە لەکۆیلە تورکەکان لەسالی (٢١٤ك/٨٢٩ز) لەدایك بووە، تۆڵۆنی باوکی لەسالی (٢٠٠ك/٨١٦ز) بەدیاری لەلایەن نوحی کوڕی ئەسەدی سامانی، فەرمانڕەوای بوخارا، پێشکەش بە خەلیفە مەئمون کرا، لەسالی (٢٣٠ك/٨٤٥ز) باوکی کۆچی دوایی کرد. ئەحمەد لەکەشێکی ئاینیدا پێگەیی، سەرزەنشتی تورکەکانی دەکرد لەسەر ئەنجامدانیان بۆ کاری ناپەسەند، ئەو خێری زۆر دەکرد، بەخشندە و دادپەروەر بووە لەگەڵ هاوڵاتیاندا. سەرەتای ژیانی سیاسی و سەربازی لەناوچەی سەر سنووری (طرسوس) بردەسەر. وادیارە ئەو هەر لەسەرەتاوە ڕێزی تورکەکان لەشارنشینی خیلافەتدا بە دەستهێنا، هەروەها پشتگیری سەربازەکان و سەرکردەکانیان لەهاوڕێیانی باوکیشی، متمانەی خەلیفە (المتوکل)یشی دەستەبەر کرد کەوا ئەوەی بە دەستی باوکی بوو پاش مردنی سپاردی بە ئەم، هەروەها متمانەی خەلیفە (المستعین) یش ([1]).

لەپاش مردنی باوکی، دایکی شووی بە میر (بایکباك)ی تورکی کرد کەوا لەسالی (٢٥٤ك/٨٦٨ز) خەلیفە (المعتز) کردی بە فەرمانڕەوای میسر، ئەوە بوو ئەحمەدی کوڕی تۆڵۆنی نارد بۆ ئەوەی حوکمڕانی بکات لەجێی. جا سەر تاسەری ویلایەتەکەی بە دەستەوە نەبوو، بەڵکو پێشنوێژی و شارنشینی میسر (فسطاط). بەڵام ئەو هات بۆ میسر و گەلێ ئاواتی سیاسیی فراوانخوازی پێبوو ([2]).

هەلومەرجی سیاسی و باری تێکچووی ئابووری پاڵپشتی کرد پێی لەمیسر جێگیر بکات. ئەوە بوو لەسالی (٢٥٦ك/٨٧٠ز) بایکباك کوژرا، بۆیە ویلایەتی میسر بە (بارجوخ) سپێردرا کەوا پەیوەندییەکی باش و ژن و ژنخوازی بە کوڕی تۆڵۆن دەیبەستەوە. دانی بە دەسەڵاتەکەی نا، دەسەڵاتی زیاتریشی پێدا، هەموو میسری پێ سپارد([3])، جگە لە (دارایی) بەدەستی ئەحمەدی کوڕی ئەلمودەبیر مایەوە کەوا

---

[1] البلوي : سيرة ابن طولون: ٤٠ لا.

[2] ابن الاثير: ب ٧ ص٢٣٩.

[3] ابن الاثير: ب٧ ص٢٣٩.

ناوبەد بوو، ئەمەش پاڵنەرێك بوو بۆ ئەوەی كوڕی تۆڵۆن داوا لەخەلیفە (المهتدی) بكات لەسەر (دارایی) میسر لایبەرێ و رادەستی خۆیی بكات. خەلیفەش داواكەی پەسەند كرد، هەروەها كردی بە فەرمانڕەوای ناوچە سەر سنوورییەكانی شام لە ئەنجامی تێكچوونی بارودۆخی (1).

كاتێك بارجوخ لەسالی (٢٥٩ك/٨٧٣ز) مرد، ئەحمەدی كوڕی تۆڵۆن راستەوخۆ لەلایەن خیلافەتەوە بوو بە فەرمانڕەوای شەرعی میسر(2) و سەرجەم كاروبارەكانی گرتە دەست. ئەسكەندەریە و بەرقە-ش هاتنە ژێر فەرمانی، میری گوندەكان ملكەچی و گوێرایەڵی خۆیانیان بۆ نواند(3). بەوەش كوڕی تۆڵۆن كاروباری ئیداری و دادوەری و سەربازی و دارایی هەموو میسری گرتە دەست، بۆیە هەردوو دەستی بەتاڵ بوو و دەستی كردە ئاوەدانكاری، ئەمەش نیشانەی زۆر گرنگی دانیەتی بەم وڵاتە و ئاوانی بە دامەزراندنی دەوڵەتێكی تایبەت بەخۆی و جیا لە خیلافەت، كاری راستەقینەی كرد بۆ پێشخستنی (فسطاط) بە مەبەستی گەیاندنی بە ئاستی بەغداد ناوەندی خیلافەت (4) ئەوە بوو لەسالی (٢٥٧ك/٨٧١ز) لە ئەوپەڕی باكووری رۆژهەڵاتی (فسطاط) دەڤەرێكی نوێی دروست كرد، خانوو و بازاڕ و گەرماو و دیوانەكانی حكومەتی لەخۆ گرتبوو، بەخشی بە سەربازەكانی، لەبەر ئەوەش دەڤەرەكە ناونرا بە (القطائع - بەخشراوەكان)، مزگەوتێكی تیا دروست كرد كە تا ئەمڕۆ ماوە و لەتەنیشتیدا خانەی میرنشینی دامەزراند(5)، هەروەها نەخۆشخانەیەكی بۆ چارەسەركردنی نەخۆشەكان بیناكرد و دەرمانخانەیەكیشی پێ لكاند.

كوڕی تۆڵۆن هەستا بە قایم كردنی بەرەی ناوخۆیی لەمیانەی گەشەدان بە سەرچاوەكانی سامان و زیاد كردنی داهات لە بواڕەكانی بەرهەمی كشتوكاڵی و

---

1 ابن سعيد علي بن المغربي: المغرب في حلي المغرب، و المشرق في حلي المشرق:ب ١القسم الخاص بمصر٧٩٦.الكندي : ٢١٧٦. ابن تغري بردي : النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة :ب٣ :٧٦

2 ابن الاثير: ب٥ ٣٦٧٦.

3 ابن تغرى بردى : ب ٧٦٣.

4 زيود، محمد احمد: العلاقات بين الشام و مصر في العهدين الطولوني و الاخشيدي ٢٦٦.

5 لين بول : سيره القاهره : ٨٢٦.

پیشەسازی و بازرگانی، کەنالەکانی ئاودێریی چاککردەوە و هێتری هەڵکەند، هەروەها بەنداوە ڕوخاوەکانی چاککردەوە، هەڵسوکەوتی ڕەقی بەرپرسانی باج وەرگرتن لەگەڵ جوتیارەکاندا قەدەغە کرد، وەرگرتنی دیاری و یارمەتی دارایی لەسەر کارمەندەکانی یاساغ کرد، لەئەنجامی ئەم گۆڕانکاریەش ڕەوشی میسر باشترەوە بوو، کشتوکاڵ گەشەی کرد، بازرگانی چالاک بووەوە، جموجوڵی پیشەسازی زیادی کرد، ستەم لەسەر خەڵکی هەڵگیرا، خۆشگوزرانی سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە و کۆپی تۆڵۆن خۆشەویستی میسرییەکانی بەدەستهێنا.

لەئەنجامی ئەم چاکسازییە، پارەیەکی زۆر و زەبەن بۆ کۆپی تۆڵۆن کۆ بووەوە، یارمەتی دا لەپێکهێنانی سوپایەکی بە هێز لایەنگری بوو و هاوکاری کرد لە بەدیهێنانی پڕۆژەکانی و بەرگری کردن لێی.

ئابەم شێوەدا کۆپی تۆڵۆن دەرفەتی بۆ ڕەخسا و دەوڵەتێکی سەربەخۆی لەمیسر دامەزراند، بەڵام بە هەندێ ڕواڵەت پەیوەست بوو بە خیلافەت، لەوانەش:

- پاپانەوە بۆ خەلیفە لە وتاری هەینیدا.
- نەخشاندنی ناوی خەلیفە لەسەر دراو.
- ناردنی بەشێك لە (دارایی) بۆ پایتەختی خیلافەت. ([1])

پەیوەندی ئەحمەدی کۆپی تۆڵۆن بە خیلافەتی عەباسی

ڕەنگە ئەو گرفتە گەورەیەی کە ئەحمەدی کۆپی تۆڵۆن دووچاری بوو و خەریکبوو دەستکەوت و ئاوانەکانی لە ناو بەرێ، بریتی بوو لە پەیوەندیی لەگەڵ میر (الموفق) ئەبو ئەحمەد، باوکی ئەحمد (المعتضد)ی خەلیفە کەوا بەسەر کاروباری گشتی پایتەختی خیلافەتدا زاڵبوو، دەستی کردە چاکسازی کردن بەمەبەستی ڕاپەڕاندنی دەسەلاتی ناوەندی و بەهێز کردنی مشتی لەسەر ویلایەتەکاندا، بە میسریشەوە.

لەبەر ئەوەش بە جدی هەوڵیدا بۆ لە ناوبردنی دەوڵەتی تۆڵۆنی کەوا لە ئیدارەی

---

[1] العبادي: ١٢٩٧.

ناوەندی جیا بووەوە و سەربەخۆیانە حوکمی میسری کرد و چاوی بەرەو ولاتی شام تێ ئەبڕی، ناکۆکی لەنێوان هەردوولا بەرووبی دەرکەوت، (الموفق)یش بۆ هێنانە دیی مەبەستەکەی لەسەر دوو تەوەر هەلسوکەوتی کرد:

الاول: هەوڵیدا کوڕی تۆڵۆن لەسەر ولایەتی میسر لابەرێ لە میانەی (ئەماجۆر) فەرمانڕەوای ولاتی شام کەوا خۆشی لە تەماحەکانی کوڕی تۆڵۆن و ئارەزووی فراوانکردنی لەسەر حیسابی ئەم، ترسا.

هەرچەندە خەلیفە (المعتمد) هاوسۆز بوو لەگەڵ کوڕی تۆڵۆن و هاوڕێتی و بەرژەوەندیەکی هاوبەش دەیبەستنەوە، بەڵام زۆری لێکرا بانگهێشتی بکات بۆ بەغداد و دووری بخاتەوە لە میسر و بیخاتە ژێر چاودێری راستەوخۆی دەسەڵات (١) و کوڕی ئەلمودەبیری گەڕانەوە بۆ سەر (دارایی) میسر (٢). وادیارە (ئەماجۆر) خۆی ڕانەگرت لەبەردەم تۆڵۆنیەکان، بۆیە گەڕایەوە بۆ ولاتی شام، هەروەها موسای کوڕی بغا-ش کەوا (الموفق) ملکەچکردنی ئەمانەی پێ سپارد، شکستی هێنا، پاش شکست هێنانی ئەماجۆر (٣).

دیارە خەلیفە لەوە زیاتر بەگوێی (الموفق)ی نەکرد، بەتایبەتی رووداوە سیاسی و سەربازیەکان سەرنەکەوتنی ئەو سەرکردانەی سەلماند کە جێی کوڕی تۆڵۆنیان گرتەوە لەکۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە، ئەمەش وای لێکرد لە ساڵی (٢٦٢ك/٨٧٦ز) کوڕی تۆڵۆن بۆ حوکمڕانی میسر بگەڕێنێتەوە(٤).

دووەم: (الموفق) هەوڵیدا کوڕی تۆڵۆن لەناوچە سەرسنوریەکانی شام دووربخاتەوە، بۆیە تۆمەتی درێغی کردن لەپاراستنی ناوچەکە لەهێرشی دوژمنانی بە تۆڵۆنیەکان کرد، پرسەکە لەسەر دامەزراندنی کۆمەڵێ فەرمانڕەوا لە دەرەوەی ناوماڵی تۆڵۆنی یەکلایی بووەوە (٥).

---

١ البلوي : ٥٧٧.

٢ اليعقوبي:ب ٢ ٤٧٤ . ٤٧٥.

٣ ابن الاثير: ب ١٣٧٦.

٤ البلوي : ٧. ابن الاثير : ب٦ ١٣٧.

٥ الطبري : ب٩ ٥٣٢٧. ابن الاثير : همان سەرچاوە: ٧ ١٥١٤.

بەڵام کارەکە هێمن نەبووەوە، ئەوەش بەهۆی زاڵبوونی تورکەکان و بێ دەسەڵاتیان لەهێورکردنەوە بارودۆخەکە.دانیشتوانی ناوچەکانی سەرسنور هەستیان بەم بۆشاییە سەربازیە و شڵەژاوە سیاسیە کرد، ئەمەش وای لەدانیشتوانی (لوئلوئە) کرد قەڵاکە رادەستی بێزەنتیەکان بکەن(۱). خەلیفەش رقی هەستا و بە باشی بینی، ناوچەکە رادەستی کوڕی تۆڵۆن بکاتەوە (۲). ئابەم شێوەیە هەوڵ و تەقەلاکانی (الموفق) بۆ لەناوبردنی تۆڵۆنیەکان سەرنەکەوت، کوڕی تۆڵۆن بوو بە گرنگترین کەس لە نەخشەکێشانی سیاسەتی وڵاتی شامدا، بەهۆی پەیوەندیی باشی بە خەلیفەوە و لوتکەی ململانێیدا لەگەڵ (الموفق)دا، وڵاتی شامی پێسپارد سەرەڕای ناوچە سەر سنووریەکانی(۳).

لەسالی (۲٦٤ك/۸۷۷ز) کوڕی تۆڵۆن گەشتەکەی بۆ ناوچەکە دەستپێکرد بەمەبەستی وەرگرتنی. ئەوە بوو بەسەر فەلەستین و دیمەشق، (حمص)، حەلەب، ئەنتاکیە، (المصیصە)، (أذنة و طرسوس) و (الرقە)دا زاڵبوو، (الرقە)شی کرد بە بارەگای حوکمڕانی بۆ ئەوەی لە بەغدادەوە نزیک بێت. وای لێهات ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ڕێك هاو سنووری عێراق بوون(٤). بەڵام (الموفق) ئارامی نەدەگرت و هەر دژایەتی کوڕی تۆڵۆنی دەکرد و تەنگی پێ هەڵدەچنی، جا ئەمجارە شێوازێکی دیکەی پەیڕەو کرد لە مامەڵە کردنیدا کە لەسەر ئاشوب نانەوە لەناو دامودەزگاکانی تۆڵۆن هەستا بوو، ماوەیەکی زۆر خەریکی ئەوە بوو، ئەمەش بوو هۆی نیگەرانی کوڕی تۆڵۆن.

ئەوە بوو لەسالی (۲٦٥ك/۸۷۸ز) ئەلعەباسی کوڕی، لێی یاخی بوو(٥)، هەروەها لەسالی (۲٦۸ك/۸۸۱ز) لوئلوئی نۆکەریشی کە فەرمانڕەوای (حمص) و حەلەب و قنسرین و شارەکانی (مضر) و ناوچە سەر سنوریەکانی شام بوو لەژێر فەرمانی

---

[۱] هەمان سەرچاوە : ابن سعید : لا ۹۱. ابن الاثیر: هەمان سەرچاوە.

[۲] ابن الاثیر: هەمان سەرچاوە. لا ۱۵.

[۳] ابن الاثیر: ب ۱۸۷٦.

[٤] هەمان سەرچاوە.

[٥] الطبري : ب۹ لا ٥۱٥.

دەرچوو[1].

لەناوەڕاستی ئەم ململانێیانەدا، کوڕی تۆڵۆن سیاسەتی بەکارهێنا بۆ بەرەنگار بوونەوەی پیلانەکانی (الموفق)، ئەوە بوو ناکۆکی نێوان ئەم و نێوان خەلیفەی بە هەڵزانی و لەسالّی (٢٦٩ك/٨٨٢ز) داوای لە خەلیفە کرد بچێ بۆ میسر و لەوێ نیشتەجێ بێ تا لەرکێفی براکەی رزگاری بێ. بەڵێنی پێدا بیپارێزی و سەری بخات، هاوکات ناوی (الموفق) لە وتاردا وەکو جێنشینێك نەهێشت و ناوی لە دراو سڕیەوە، چونکە سنووری دەسەڵاتەکەی خۆی بەزاندوە[2].

خەلیفە -داوا فریودەرەکانی- کوڕی تۆڵۆنی پەسەند کرد و ویستی دەرچێ بۆ میسر، بەڵام (الموفق) بە پیلانەکەی زانی و خەلیفەی بۆ سامەڕا گەڕانەوە[3]، هاوکات کوڕی تۆڵۆن دەرفەتی سەر قاڵبوونی (الموفق) بەجەنگاندنی زەنجەکانی قۆستەوە و کەوتە جموجۆڵی سەربازی و دەسەڵاتی خۆی بۆ سەر وڵاتی شام و ناوچەکانی سەر سنووری گەڕانەوە و بەرەو حیجاز چوو و لە مەککە روبەڕوی هێزەکانی (الموفق) بووەوە[4].

(الموفق)یش بەرپەرچی هەڵویستی رکابەرەکەی دایەوە، پاڕانەوە بۆی فەدەغە کرد و لەسەر دوانگەکاندا نەفرەتی لێکرد و بە ئاژاوەچی و تێکدەر ناوی برد و لەسەر میسر و شام لایبرد و ئیسحاقی کوڕی کنداج-ی کرد بە فەرمانڕەوا لەسەر کارەکانیدا[5]. ئابەم شێوەیە کوڕی تۆڵۆن دەسەڵاتێکی فراوانی بە خۆیدا کە واقیعی ئەو ماوەیە دەنوێنێ و بااڵدەستی تورکەکان و هێزی سەربازیان دەرئەخات، ململانێی نێوان هەردوولا بووە هۆی لاواز کردنی هەر یەك لە عێراق و میسر و دەستوسانیان، لە ڕووڕو بونەوەی گۆڕانکاریەکانی دیکە لەسەر هەردوو گۆڕەپانی ناوخۆ و دەرەوە، دەرکەوت.

---

[1] ابن الاثير : ب ٦ ١٨٧. ابن خلدون: العبر....المعروف بتاريخ ابن خلدون : ب٣٠ ٣٣١ز.

[2] الطبري : ب٩ ٦٢٠،٦٢١ز. ابن الاثير: ب٦ ٤٩ز.

[3] الكندي : ٢٢٩ز، ٢٢٥.

[4] ابن الاثير: ب٦ ٤٩ز.

[5] ابن خلدون : ب ٣ ٦٩٥ز.

ئەوە بوو کوڕی تۆڵۆن لاواز بووەوە، هێزەکەی لە مەککە دۆڕا و لەمالی خوا ئەفرەتی لێکرا ([1]) هەروەها لەناوچەی سەر سنوور لەژێر فشاری جموجۆڵی یاخی بووەکان پاشەکشێی کرد، لەلایەنی خۆیەوە، (الموفق) خۆیی بە دەستەوسانی بینیبوو کە بەردەوام بێ لەم ململانێیەدا بەهۆی ماندوو بوونی هێزەکانی و زانی کە ئەمە لە بەژدەوەندی هێزی ئیسلامی نیە، بەڵکو لە بەژدەوەندی دوو لایەنە دژ بە یەکەکەیە، لەبەر ئەوەش هەردوو لایەنەکە مەیلی لەیەک تێگەیشتنیان کرد.

دانوستان لە نێوان هەردوولا بەمەبەستی چەسپاندنی ئاشتی دەستی پێکرد. بەڵام مەرگ پەلەی لە کوڕی تۆڵۆن کرد، لەسەرەتاکانی مانگی (ذي العقدة) پێش ئەوەی تەواو بێ ئەوەش لەسالی (٢٧٠ك/٨٤٠ز) ([2]).

پەیوەندی خیمارەوەی بە خیلافەتی عەباسی

سەربازەکان لە پاش مردنی ئەحمەدی کوڕی تۆڵۆن بەبەتیان بە خیمارەوەی کوڕی دا ([3]). جا ئەوەی کە بۆی مایەوە بڕیتی بوو لە، ئەرکی بەرگێربکردن لەو دەوڵەتەی کە باوکی لە میسر دایمەزراند، پاراستنی وڵاتی شام بەتایبەت لەگەڵ بەردەوامبوونی خیلافەت لە دژایەتی کردنی تۆڵۆنیەکاندا و تەماحی میرە تورکە رکابەرەکان لەحوکمڕانی میسر و شامدا.

یەکەم کار کە خیمارەوەی رایپەڕاند، ڕێکخستنی کاروباری وڵاتی شام بوو بە هۆی گرنگی لە پاڵپشتی کردنی دەسەڵاتەکەی لە میسر. ئەوە بوو سەرکردایەتی کردنی گرنگترین شار و ناوچەکانی بە باشترین سەرکردەکانی راسپارد، هەروەها زۆربەی سوپاکەی لەناوچەی حەلەب دانا. هێزێکی سەربازی بۆ (شیزەر) نارد([4]).

هاوکات نووسراوێکی بۆ خیلافەتی عەباسی نووسی بۆ ئەوەی دان بەو ناوچانە بنێ

---

[1] الكندي : لا ٢٢٩.

[2] هەمان سەرچاوە. البلوي :لا٢٠٥. ابن الاثير : ب٦ لا٥٥،٥٦.

[3] ابن الاثير : ب٦ لا٥٦.

[4] ابن خلدون : ب٣ لا٦٩٩. ابن الاثير :ب ٦لا٥٦. ابن العديم: زبدة الحلب من تاريخ حلب : ب ١لا ٨٠.

که له زێر دەستیدایە، لە بەرامبەر پاڕانەوە بۆی و گوێڕایەڵی کردنی، بەڵام (الموفق) داخوازیەکەی ڕەتکردەوە، ئەمەش بووە هۆی بەردەوامبوونی ململانێ و پێکدادان لە نێوان هەردوولا ([1]).

(الموفق) توانی هێزێک کۆ بکاتەوە کە دوژمنی تۆڵۆنیەکان و هەندی لەو سەرکردانەی کە لێیان هەڵگەڕانەوە لەخۆبگرێ، ئەوجا ئەم هاوپەیمانێتیەی بە لەشکرێکی عەباسی بە سەرکردایەتی ئەبو لەعەباس پاڵپشتی کرد و هەموویانی بەرەو وڵاتی شام ناراستە کرد.

هێزەکانی هاوپەیمان گەلێ سەرکەوتنی خێرایان بەدەستهێنا لە بەردەم پاشەکشێی تۆڵۆنیەکان لە (رقە) و (العاصم - پارێزگاکان).وە چوونە ناو ئینتاکیە و حەلەب، دیمەشق- یشی گرتەوە. فەلەستین ـ یشی دامالّی و گەیشتە لای سنووری میسر بە شێوەیەک میسری لێوە دیار بوو.

لەناکامی ئەم سەرکەوتندا، خیمارەوەی بەخۆی دەرچوو بۆ وەستاندنی هێزی هاوپەیمان بەتایبەتی پاش ئەوەی کە هێزیکی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هێزانە ڕەوانە کرد بەسەرکردایەتی (الواسطي)، ئەگەرچی ئەم هێزە چووە پاڵی هێزەکانی هاوپەیمان. ئەوە بوو لەسەر ڕووباری (فطرس) لەباشوری فەلەستین لە شوێنێک بە (الطواحين) ناسراوە، بە یەک گەیشتن ئەوەش لەساڵی (٢٧١ك/٨٨٤ز)، کە تێدا خیمارەوەی دۆڕا و بۆ میسر هەڵهات بەڵام خۆڕاگری (سەعەد لئەبسەر)ی سەرکردەی، دەرفەتێکی دیکەی پێدا بۆ سەرکەوتن، ئەوە بوو دیسانەوە هێرشی کردە سەر هێزەکانی هاوپەیمان و سەرکەوت بەسەریاندا و ئەبولەعەباس هەڵهات و سەرکردەکانی کوژران ([2])سەر لەنوێ تۆڵۆنیەکان دەسەڵاتیان لە وڵاتی شامدا گرتە دەست. خیمارەوەی بەردەوام بوو لە فراوانخوازیەکەی لەجەزیرە و موسڵ تاوەکو سنووری دەوڵەتەکەی گەڕانەوە بۆ ئەوەی کە لە ڕۆژانی باوکیدا لەسەری بوو، لە (بەرقە)وە تا فورات، لە ئاسیای بچووکەوە تا وڵاتی نەوبە، دەسەڵاتەکەی ناوچەی ئەرمینیا-شی

---

[1] ابن خلدون : ب٣ ل ٦٩٥.

[2] الطبري :ب ١٠، ٨٤.

گرتـەوە [1]، دەولـەتی تۆلـۆنی بـوو بـە هێزێکـی گاڵتـە پێنـەکراو، سـەرەڕای نـەم سـەرکەوتنانەی کـە خیمـارەوەی بەدەسـتیهێنا دەستپێشخەری کـرد لـە داواکردنـی ئاشـتی [2] بەمـەش قۆناغێکی نـوێی دەسـتپێکردەوە لـە مێـژووی پەیوەنـدی نێـوان تۆلۆنیەکان و خیلافەتی عەباسیدا. لەلایەنی خۆیەوە، (الموفق) هەسـتی بـە پێویسـتی چەسپاندنی ئاشتی و رێکەوتن لە نێوان هـەردوولا کـرد. خەلیفـە حـوکمڕانی میسـر و وڵاتی شام بە (وراثی) بـۆ مـاوەی سـی سـاڵ بـە خیمـارەوەی و کوڕەکـانی بەخشی، بەمەرجێ راوەسـتێ لە نەفرەتکردن لە (الموفق) لە سەر دوانگەکاندا و بپارێتەوە بـۆی لەگەڵ خەلیفەدا [3]. لەپاش مردنـی هەریـەک لـە (الموفـق) لەسـاڵی (٢٧٨ك/٨٩١ز)، و خەلیفە (المعتمد) لەسـاڵی (٢٧٩ك/٨٩٢ز)، (المعتضد) چووە سـەر تـەختی خیلافـەت و ئەم هەلومەرجە نوێیە یارمەتی خیمارەوەی دا پەیوەندیەکانی بە پایتـەختی خیلافـەت پتەو بکاتەوە [4]. جا ئن وژنخوازی پەیوەندی نێوان هەردوولای پتـەوتر کـرد، ئـەوە بوو خەلیفە، (قطر الندی)ی کچی خیمارەوەی، هێنا [5].

بەمـەش مـاڵی تۆلـۆنی دەسـەڵاتێکیان پەیـدا کـرد، هـەروەها خیلافـەتیش هاوپەیمانێکی بەهێزی پەیدا کرد لـەرێزی دەوەسـتێ و پشتگیری لێدەکات لـە رووی ماددی و سەربازییەوە.

کۆتایی دەولەتی تۆلۆنی

لەسـاڵی (٢٨٢ك/٨٩٦ز) خیمـارەوەی لەسـەر دەسـتی هەندێ لـە نۆکـەرەکانی لـە دیمەشق، کوژرا [6]، جا بە مردنی دەولەتی تۆلـۆنی شـلەژا و دوای دە سـاڵ لەتەمـەنی بەرەو ڕوخان دەچوو، ئەوەش بـەهۆی دەسـتێوەردانی سـەربازەکان و رکابـەری مـیرە

---

[1] محمود، حسن احمد: حضارة مصر في العصر الطولوني، لا ١١٥

[2] الكندي : لا ٢٣٧. ابن تغري بردي: ب٢ لا ٥١.

[3] ابن تغري بردي: هەمان سەرچاوە : لا ٥٠-٥١

[4] الطبري: ب ١٠ لا ٢٠-٢١، ٢٠-٢٩.

[5] هەمان سەرچاوە : لا ٢٠

[6] ابن تغري بردي: ب٢، لا ٨٨-٨٩.

تۆلۆنیەکان لە نێوان خۆیاندا. ئەوە بوو تازە (ئەبو لەعساکر جەیشی کوڕی خیمارەوەی) جێی گرتەوە و پێش ئەوەی نۆ مانگ بە سەر دەسەلات گرتنی بەسەر بچێ، هارونی برای لایبرد. پاشان دەرکەوت کە هارون -یش بە کەلکی فەرمانڕەوایی و دەسەلاتداری نایە (١).

لەو کاتەشدا دوو هێز دەرکەوتن، لە رۆژهەلات و رۆژئاوادا هەڕەشەیان لە میسر دەکرد. یەکێکیان هێزی (قرمطی) بوو کەوا سوپاکەی دەستی کردە تاڕاوە گێڕی لەولاتی شامدا تا دەستی بەسەر باشووریدا، گرت. ئەوەی دیکەشیان هێزی عوبەیدیەکان بوو کەوا لە رۆژئاواوە هەستا.

هارون نەیدەتوانی بەرگەی ئەم دوو هێزە بگرێ و دەستەوسانی دەرکەوت لە لەناوبردنی (قرمطی)یەکان، \ سەلمێنرا کە تۆلۆنیەکان ئەو هێزەیانە لەدەستدا کە ئەحمەدی کوڕی تۆلۆن و خیمارەوەی کوڕی هەیانبوو، بوونە گالتە بەدەستی سەربازەکان و هیچ پێویستیەک بۆ مانەوەی دەولەتەکەیان نەما.

خیلافەتی عەباسی ئاگاداری لاواز بوونی تۆلۆنیەکان بوو، بۆیە ئارەزووی کرد ولاتی شام و میسر بگەڕێنێتەوە بۆ ژێر دەسەلاتی راستەوخۆی خۆی. ئەوە بوو خەلیفە (المعتضد) توانی ناوچە سەر سنوورییەکان و ولاتی شام لە دەسەلاتی تۆلۆنیەکان بستێنێتەوە(٢). لەسالی (٢٩٢ك/٩٠٥ز) خەلیفە (المکتفی) هێرشی کردەسەر میسر، هێزەکانی تۆلۆنی خۆی پاشەگرت لەبەردەم سوپای عەباسی کەوا چووە ناو شاری (القطائع - بەخشراوەکان) و خاپوری کرد، جگە لە مزگەوتەکە، بەوەش کۆتایی بە حوکمی تۆلۆنی هێنا. وە ئەم شارەش گەڕابەوە بۆ ژێر دەسەلاتی راستەوخۆی خیلافەت(٣).

---

١ هەمان سەرچاوە.

٢ دەربارەی بە سەرهاتەکان لە ناوچە سەر سنوورییەکاندا و کاریگەری لەسەر حوکمی تۆلۆنی بگەڕێوە بۆ : زیود : ١٤٦،١٤٠ز. دەربارەی بە سەرهاتەکان لە وڵاتی شامدا و کاریگەری لەسەر حوکمی تۆلۆنی : هەمان سەرچاوە: ١٥٢،١٤٦ز.

٣ ابن تغری بردی : ب٢، ١٢٤ز،١٤٠.

دەوڵەتی ئەخشیدی ٣٥٨.٣٢٣ك/٩٣٥.٩٦٩ز

ناوی میرە ئەخشیدیەکان و ماوەی میرنشینی هەر یەک لەوان :

١- موحەمەدی ئەخشیدی کوڕی (طغج). ٣٢٣-٣٣٤ك/٩٣٥-٩٤٦ز

٢- ئەبو لقاسمی ئەنەوجوری کوڕی ئەخشید. ٣٣٤-٣٤٩ك/٩٤٦-٩٦٠ز

٣- ئەبو لحەسەنی عەلی کوڕی ئەخشید. ٣٤٩-٣٥٥ك/٩٦٠-٩٦٦ز

٤- ئەبو (المسك الكافور). ٣٥٥-٣٥٧ك/٩٦٦-٩٦٧ز

٥- ئەبو لفەواریسی ئەحمەدی کوڕی عەلی. ٣٥٧-٣٥٨ك/٩٦٧-٧٦٩ز

دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخشیدی

میسر گەڕایەوە بۆ ئامێزی خیلافەتی عەباسی و راستەوخۆ خیلافەت حوکمڕانی دەکرد، ئەوەش بە دامەزراندنی والی لەلایەن خۆیەوە، بەڵام ئەم خیلافەتە لەسەردەمی (المقتدر) دا جارێکی تر سست و لاواز بووەوە و دەستەوسانی دەرکەوت لە پاراستنی دەسەڵاتەکەی لە ویلایەتەکاندا، بە میسریشەوە. رکابەری لەنێوان والیەکان و بەرپرسانی (دارایی) دووبارە بووەوە، ئەمەش بووە هۆی تێکچوونی ڕەوشی ناوخۆ. لەگەڵ دەرکەوتنی مەترسی دەرەکی کە بریتی بوو لەهەوڵی عوبەیدیەکان بۆ پەلاماردانی میسر، جا ڕەوشەکە پێویستی بە فەرمانڕەوایەکی بەهێز هەبوو ئەم بۆشاییە پڕبکاتەوە و ڕوبەڕوی ئەم مەترسیانە ببێتەوە و میسر بکاتە دەڵەتێکی بەربەست لە بەردەم کشانی (فاطمي) بەرەو ڕۆژهەڵات، بۆیە خەلیفە (الراضي) لەسالی (٣٢٣ك/ ٩٣٥ز)، موحەمەدی کوڕی (طغج)ی کوڕی جف [1] کرد بە فەرمانڕەوای میسر، و ئەم ئەرکەی پێسپارد[2].

---

[1] (جف)ی باپیرەی یەکێک بووە لەو ئەفسەرە تورکانەی کە خیلافەت زۆر پشتی پێ دەبەست وە (طغج)ی باوکی کاتێک خزمەتی ئەحمەدی کوڕی تۆزۆنی کرد ناوی دەرکرد، بۆچەی ئەم خانەوادەیە (فەرغانە)یە

[2] ابن تغری بردی :ب٣ لا٢٥١.

پەیوەندی ئەخشیدیەکان بە خیلافەتی عەباسی

سەرەتا، موحەممەدی کوڕی (طغج) گرنگی بە بەهێز کردنی پلەوپایەی خۆی لەناوەوەدا. بۆیە سوپایەکی هاوشێوەی سوپای تۆڕکی پێکهێنا. هەروەها سیاسەتێکی ئابووری هاوشێوەی سیاسەتی کوڕی تۆڕک گرتەبەر لە کارەکانیدا، ئەوە بوو ئابووری وڵات گەشەی پێکرد و سۆزو خۆشەویستی میسریەکانی بەدەستهێنا. توانی بەرەنگاری هەڵمەتی عوبەیدیەکان ببێتەوە کەوا لە نێوان سالانی (٣١٢-٣٢٤ك/٩٢٤-٩٣٦ز) هێرشیان کردە سەر میسر، هاوکات پەیوەندی باشیشی بە خیلافەتی عەباسی، پاراست، جا خەلیفە وڵاتی شامیشی پێ سپارد و نازناوی ((ئەلئەخشید))ی لێنا، لەسالی (٣٢٧ك/٩٣٩ز) لەسەر دوانگەکانی میسر و شام نزای بۆ کرا (١).

خیلافەتی عەباسی، لەو کاتدا، بە هۆی ململانێ لە پێناوی بەدەستهێنانی پۆستی (أمیر الامراء) گۆڕانکاریەکی خێرای بەخۆ دەبینی، ئەوە بوو لەسالی (٣٤٦ك/ ٩٣٨ز)، (بجکم) گرتیە دەست، پاش ئەوەی کە بەسەر کوڕی رائق-دا سەرکەوت کەوا بەتەمای هەردوو ویلایەتی میسر وشام بوو بۆ ئەوەی قەرەبووی دۆڕانەکانی بکاتەوە. توانی راسپاردەی خەلیفە(الراضي) بە دەستبێنێ بۆ سەر حەلەب و کاروبارەکانی (٢).

بێگومان خەلیفە ئەم کارەی لە بەرژەوەندی عەباسیەکاندا بینی کە لەسەر چاندنی تۆی دووبەرەکی لە نێوان والیەکاندا هەستاوە، دەربڕینی ئارەزووی خیلافەت بوو لە قبوڵ نەکردنی پەیدا بوونی دەسەڵاتێکی تر لە شام و میسردا کە هەڕەشە لە بەرژەوەندیەکانی بکات. خیلافەت لە بوونی ئەخشیدیەکان لەو ناوچانەی نزیکی عێراق دڵنیا نەبوو، هەرچەندە کوڕی (طغج) هەڵوێستی باشی هەبوو و خزمەتی بەرژەوەندیەکانی عەباسی دەکرد(٣)، دوور نیە خیلافەت کوڕی رائق-ی بۆ وڵاتی شام

---

[1] الكندي : ٢٨٨ظ.

[2] ابن العديم : زبدة الحلب من تاريخ حلب :ب١ ٩٩ظ.

[3] زيود: العلاقات بين الشام و مصر في العهدين الطولوني و الاخشيدي : ٢٩٣ظ.

ئاراستە کردبێت بۆ ئەوەی رکابەری ئەخشید بکات و دەسەڵاتی کەم بکاتەوە[1].

وادیارە کوڕی رائق هەر پۆستە تازەکەی وەرگرت تەماحی لەهەموو شام کرد. کەوتە دەستێوەردان لەکاروباری ئەخشیدیەکاندا. هەرچەندە ئەخشید نیگەرانی خۆی دەرخست و بێزاری خۆی دەربڕی، بەڵام ئەو بەباشی لەگەڵیا جوڵایەوە و هەوڵیدا رازی بکات.

وادیارە کوڕی رائق نیازە فراوانخوزیەکەی نەشاردەوە، ئەوە بوو بەرەو وڵاتی شام کەوتەڕێ و دەستی بەسەر (حمص) و دیمەشق–دا گرت پاشان بۆ رەملە و عریش کەوتەڕی لەهەوڵێکدا بۆ چوونە ناو میسر. لەوێ روبەڕوی هێزە ئەخشیدیەکان بووەوە لەسالی (٣٢٨ك/٩٤٠ز)، بەڵام دۆڕا و توانی خۆی رزگار بکات [2].

ئەخشید، سەرەڕای سەرکەوتنی، وێستی بەرژەوندی گشتی موسڵمانەکان زاڵ بکا بەسەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی بارودۆخی تێکچووی خیلافەتی عەباسی و هەڕەشەی بەردەوام لە دەوڵەتەکەی لەلایەن دەوڵەتی عوبەیدیەوە، لەلایەنی خۆیەوە، کوڕی رائق تێگەیشت کە هەڵوێستەکە پێویستی بەوەیە بگەڕێتەوە بۆ عەقڵ و ناشتبێتەوە.

ئەوە بوو پەیماننامەی ناشتی لە نێوان هەر دوولا مۆرکرا، کە تێدا دەبوایە ئەخشید دەست هەڵگرێ لەو ناوچانەی شامدا کە دەکەوێتە باکووری رەملە بۆ کوڕی رائق، پەیمانی دا سالانە لە باتی رەملە سەد و چل هەزار دیناری پێ بدا[3].

پاش دوو ساڵ لەمۆر کردنی پەیماننامەکە، کوڕی رائق لەسالی (٣٣٠ك/ ٩٤٢ز) لەسەر دەستی (ناصر الدولە)ی حەمدانی کوژرا[4] ئەخشیدیش ئەم دەرفەتەی قۆستەوەی و بەبێ ڕوبەڕوبونەوە زاڵبوو بەسەر وڵاتی شامدا، ڕووەو باکوور کەوتەڕێ تا گەیشتە نزیکی دەوڵەتی حەمدانی، هەروەها مەککە و مەدینەش هاتنە ژێر

---

[1] كرد علي، محمد خطط الشام.ب ١ ل١٨٤.١٨٥.

[2] ابن الاثير: ب٦ ل٢٧٣.٢٧٤.

[3] ابن تغري بردي : ب٣ ل٢٥٣.

[4] مسكوية: ب٢ ل٢٧-٢٨.

دەسەلاتی ([1])، بوو بەگەورەترین هێز لەجیهانی ئیسلامیدا. خەلیفە (المتقی)ش ناچار بوو دان بنێ بە (ورائی) بوونی فەرمانڕەوایەتیەکەی لەسەر میسر، دانیشی بە دەسەلاتی لە ولاتی شامدا نا([2]).

هاوسنوری هەردوو دەوڵەتی ئەخشیدی و حەمدانی و تەماحیان لەولاتی شام بووە هۆی ململانێ لەنێوانیاندا. ئەوە بوو (سیف الدولە) هەڵمەتێکی سەربازی بەڕێوەبرد و لەسالی (٣٣٣ك/٩٤٥ز) زاڵبوو بەسەر حەلەب و دیمەشق، کەوتە خۆئامادەکردن بۆ پەلامارادانی میسر، ئەمەش وای لەئەخشیدی کرد بەخۆی دەرچێ بۆ ولاتی شام تا بەرەو پێش هاتنی حەمەدانیەکان بوەستێنێ ([3]).

لەئاکامی ئەو پێکدادانەی کە لە قنسرین لە نێوان هەردوولا رووبدا (سیف الدولە) دۆڕا و ئەخشید چووە ناو میسرەوە و دیمەشق-یشی گرتەوە، بەڵام ئەخشید جارێکی دیکە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانەکانی خستە پێش بەرژەوەندی تایبەتی خۆی. ئەوە بوو لە گەڵ (سیف الدولە) پەیماننامەی ئاشتی مۆر کرد، بەپێی ئەو پەیماننامەیە، دەستی لە حەلەب و باکووری شام بۆ ناوبراو هەڵگرت. ([4])

وادیارە ئەخشید، هەبوونی هێزێکی ئیسلامی لە باکووری شامدا، وەکو هێزی حەمەدانیەکان، بەپێویست زانی، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی بێزەنتیەکان بۆ سەر ناوچەکانی ئیسلامدا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەخشیدیەکان لە ژێر فشارێکی دەرەکی گەورە بوون لە لایەن عوبەیدیەکانەوە، هەروەها کەوتنە روبەڕوبونەوەی هەندێ لە بزوتنەوە ئاژاوەچیەکاندا وەکو بزوتنەوەی (غلبون) لەناوچەی (ئەشمونیەکان)دا ([5]). لەلایەکی دیکەوە، ئەوا خیلافەتی عەباسی نیاز پاك نەبوو لە گەڵیا، چونکە بەردەوام فەرمانڕوای بۆ ولاتی شام رەوانە دەکرد تا هەڕەشە لە دەسەلاتی ئەخشیدی بکەن. لەبەر ئەوەش مەیلی ئاشتبونەوەی کرد.

---

[1] ابن الاثير: ب٦ ل٢٨٤.

[2] هەمان سەرچاوە.

[3] هەمان سەرچاوە:ب٦ ل٣١٢.

[4] ابن تغري بردي: ب٣ ل٢٥٥.

[5] الكندي :ل٣٩٦.

وەکو چۆن پێشتر کوری تۆزتون هەوڵی دا مەڵبەندی خیلافەتی عەباسی بگوازێتەوە بۆ میسر، لەسالی (٣٣٢ك/٩٤٤ز) ئەخشیدیش ئەم هەوڵەی دووبارە کردەوە. ئەوەش کاتێك میرە تورکەکان بەسەر خەلیفە (المتقی)دا زاڵبوون، حەمەانیەکانیش یارمەتیان نەدا. بۆیە ناچار بوو هانا بۆ ئەخشیدیەکان بەرێ.

بەڵام خەلیفە رازی نەبوو پایتەختەکەی بە جێبێڵێ، بۆیە داواکەی ئەخشیدی ڕەتکردەوە[1]. هەرچەندە شکستیشی هێنا بەڵام توانی دانپێنانێکی لێ دەستکەوێ بە (وراثي) بوونی میسر بۆ خۆی و نەوەی لەپاش خۆیدا، هەروەها دانیشی نا بە دەسەڵاتەکەی لەسەر وڵاتی شام. ئەم دانپێنانە لەسەردەمی خەلیفە (المستکفی) لەسالی (٣٣٣ك/٩٤٤ز) تازە بووەوە. ئەخشیدیش لەلایەنی خۆیەوە لە سەرتاسەری ویلایەتەکەی لەسەر دوانگەکاندا دەپارایەوە بۆ خەلیفەی عەباسی[2].

لەسالی (٣٣٤ك/٩٤٥ز) ئەخشید کۆچی دوایی کرد[3]، جا پێش مردنی، موڵك و دەسەڵاتی بە دوو کوڕە بچووکەکەی خۆی ئەنەوجور و عەلی راسپارد، بەمەرجێ (کافوری حەبەشی) بەو راسپاردە هەستێ. ئەوە بوو کافور وەکو راسپێردراوێك بیست و دوو ساڵ میسری حوکمڕانکرد، تا ئەو کاتەی هەریەك لەئەنەوجور و عەلی لەدوو سالی (٣٤٩ك/٩٦٠ز) و (٣٥٥ك/٩٦٦ز) کۆچی دایان کرد، ئەو زۆردارانە حوکمی کرد. خیلافەتی عەباسی وەکو فەرمانڕەوایەك لەسەر میسر، دانی پێنا[4].

(کافور) لەماوەی ڕاسپێرییەکەیدا توانی یەککگرتوویی دەوڵەت بپارێزی، بەرگری لێبکات دژی مەترسی حەمەدانیەکان لە باکووردا و (قرمطي)یەکان کەوا هێرشیان کردە سەر وڵاتی شامدا، میرەکانی نەوبە لەباشووردا، هەروەها بەرەنگاری کۆشانی عوبەیدیەکان بەرەو میسر، بووەوە.

بەڵام هێرشی عوبەیدیەکان بۆ سەر ئەم وڵاتەدا هەر بەردەوام بوو، هەروەها

---

[1] الانطاكي، يحيى بن سعيد : تاريخ الانطاكي : لا٤٦. ابن تغري بردي : ب ٣، لا٢٥٤.

[2] هەمان دوو سەرچاوە.

[3] ابن الاثير: ب٦ لا٣١٨.

[4] ابن تغري بردي : ب٤ لا٢.

بانگخوازەکانیان توانیان بانگەشەی خۆیان لەناو کۆمەڵگەی میسریدا بڵاو بکەنەوە. ئەوە بوو خەلیفەی عوبەیدی (المعز)، داوای لە (کافور) کرد بێتە ژێر فەرمانی، بەڵام هێندە زیرەک و ژیر بوو توانی بە درێژایی سەردەمی خۆی هێرشی عوبەیدیەکان بۆ سەر میسر دوابخات.

ئەوە بوو لەپاش مردنی کافور لەساڵی (٣٥٧ك/ ٩٦٨ز) ڕەوشی میسر تێکچوو و بەهۆی تەمەن بچووکی کوڕەزاکەی و نەبوونی کەسایەتیەکی بەهێز لەنێو پیاوانی کۆشکدا بتوانێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە ئەو بەجێی هێشت. (ئەبولفەوارس ئەحمەد)، جێی گرتەوە.

خەلیفەی عوبەیدی (المعز)، بەتێکچوونی ڕەوشی سیاسی و ئابووریی میسر، زانی، بۆیە بەهەلی زانی و لەساڵی (٣٥٨ك/٩٦٩ز) ئەم وڵاتەی گرت. (١)

لەڕاستیدا لەپاش مردنی (کافور) دەسەڵاتی ئەخشیدی لەحوکمی فەوتاندا بوو. پێویست بوو هێزێك هەبێ ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە کە هێزی ئەخشیدی بەجێی هێشت، پاشان چوونی عوبەیدیەکان بۆ ناو هەرێك لەمیسر و وڵاتی شام، سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە پەیوەندیە میژووییەکانی نێوان خیلافەتی عەباسی و خیلافەتی عوبەیدی.

---

١ ابن تغری بردی:ب٤ ل ١٨، ٢٤-٢٥.

بەندی نۆهەم

رەوشی دەرەکیی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی

پەیوەندی لەگەڵ (بێزەنتی)یەکاندا

بێزەنتیەکان، تێکچوونی باری سیاسی لە دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی دووهەمدا، بەهەلزانی بۆ هێرش کردنەسەر ویلایەتەکانی ئیسلام. شەڕ لەنێوان موسڵمانەکان و بێزەنتیەکاندا، لەسەردەمی (المتوکل)، پەیوەست بوو بە ململانێی ناوخۆ لەنێوان دەسەڵاتەکانی بێزەنتیەوە (بیالصە)کان بە هۆی ناکۆکیان لەسەر پەرەستنی وێنە پیرۆزەکان. (١)

بەهۆی ئەو زۆرو ستەمەی کە (بیالصە)کان بینیان لەسەر دەستی ئەو دەسەڵاتە بێزەنتیانەی کە لایەنگری پەرستنی وێنە پیرۆزەکان بوون، پەنایان بردە بەر میری (ملطیة)، عومەری کوڕی عەبدوڵڵا (الاقطع). (٢)، لە سێ شاری سەرەکی لەسەر سنووری ئەرمینیا لە ناوچەی (سیواس)ی شاخاوی جێگیر بوون، وە شاری (تەفریق)یان کرد بە پایتەختی خۆیان و (قریباس)ی رابەریان تێدا نیشتەجێ بوو. هاوکاری موسڵمانەکانیان کرد لە جەنگاندنی بێزەنتیەکاندا(٣).

لەم قۆناغەدا، هەردوو سەرکردەی ئیسلامی عومەری کوڕی عەبدوڵڵا(الاقطع) میری (ملطیة) و عەلی کوڕی یەحیا میری (طرسوس)، ئەرکی شەڕیان گرتە سەرشان. جا هاوکاری نێوان هەردوولا (٤)، بووە هۆی کەمبوونەوەی بەگوڕهاتنی بێزەنتیەکان بەرەو خاکەکانی ئیسلام. هاوکات لە بەرەی بێزەنتی ئیمپراتۆر میخائیلی سێیەم و هەردوو

---

(١) ڕێبازی (بیالصە) لە سەرتاسەری ئاسیای بچوک بڵاوبووەوە لە فریجیاوە تا ئەرمینیا. شوێنکەوتووانی ئەم ڕێبازە هاوکار بوون لەگەڵ ئیمپراتۆرە ئایکۆنیەکان، واتە ئەوانەی کە دژی پەرستنی وێنە پیرۆزەکانن لە ڕۆژانی کۆتایی پێنجەم لە سەدەی هەشتی زایینیەوە. بەڵام هەر زوو چەرساندنەوەیان دەستی پێکرد لەو ساوەی کە ڕێبازی لایەنگری ئایکۆنیەکان سەرکەوت لە سەردەمی ئیمپراتۆر (ئیوفیل)ی یەکەم و میخائیلی سیهەمی کوڕیدا. بگەڕێوە بۆ: العربني : الدولة البيزنطية، لا٣٠٠.

(٢) فازیلییف : العرب والروم، لا٢٠٢.

(٣) Ostrogorsky : op.cit, p ١٩٧

(٤) موسلمانەکان و (بیالصە)کان.

سەرکردە (بارداس) و (بێروناس) وەکو دوژمنی سەرەکی ناوبان دەرکرد کە ئەرکی هێرشکردنە سەر موسڵمانەکانیان گرتە سەرشان.

لەسالی (٢٤١ك/٨٥٥ز) بێزەنتیەکان هێرشیان کردە سەر (عین زربە) و هەر کەسێکی تێدا بوو بەدیلیان گرت. هەر لەو ساڵەش دیلەکانی هەردوولا، ئالو گۆڕ کرا (١).

لەسالی (٢٤٢ك/٨٥٦ز) بێزەنتیەکان پەلاماری ئەو ناوچانەیانە دا کە دەکەوێتە باکووری عێراق. ئەوە بوو هێرشیان کردە سەر (سمیساط) و ئامەد و ئەفریق، دە هەزار موسڵمانیان بەدیل گرت و پاشان گەڕانەوە بۆ ناو خاکی بێزەنتی. هێزەکانی هاوپەیمانیش راوی نان(٢).ئیمپراتۆر میخائیلی سێیەم بە زۆر زگاری بوو(٣).

ئەم هێرشە چالاکە بە سەرەتایەك دادەنرێ لەماوەی پێکدادانی بەردەوامی نێوان هەردوولا. ئەوجا میری (ملیطة) و(طرطوس)، وەکو کاردانەوەیەك لەسەر هێرشی بێزەنتیەکان بۆ سەر باکووری عێراق، هێرشیان برد بۆ خاکی بێزەنتی.

هەروەها لەسالی (٢٤٤ك/٨٥٨ز) خەلیفە (المتوکل) سوپایەکی رەوانە کرد چووەناو خاکی بێزەنتیەوە و توانی چەندین قەڵا رزگار بکات، گرنگترینیان (سمالق) بوو (٤)

بارگرژی سەرسنوور بەردەوام بوو، جارێك ئەمان پەلاماریان دەدا و جارێك ئەوان، موسڵمانەکان بەسەرکردایەتی عومەری کوڕی عەبدوللا (الاقطع) لەسالی (٢٤٧ك/٨٦١ز) توانیان لە (توقات) بەخەستی سوپای ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بشکێنن. ناوچەی سەر سنووری ئەرمنیاك-یان وێران کرد و سامسون-یان گرت، کە گەورەترین بەندەرەکانی کە بادوکیایە لە سەر دەریای ڕەش(٥).

لەئەنجامی ئەم ڕۆچوونە بۆناو ئاسیای بچووکەوە، کە بەسەرەتای ئامانجەیەکی

---

(١) الطبري :ب٩، ٢٠٢٤.

(٢) عمر دور میری (ملطیة) و (طرسوس) و رابەری (بیالصة)مکان.

(٣) Bury:hist of eastern empire,p.٢٧٩

(٤) الطبري ب ٩ ٤ ٢١٠.

(٥) Bury:op.cit.p ٢٨٢

ترسناك دادەنرێ بۆ سەر ئیمپراتۆریەت، ئیمپراتۆر بەرپەرچی دانەوە. لەشکرێکی گەورەی ئامادە کرد بە سەرکردایەتی (بترونـاس) بۆ بەرەنگاربونـەوەی موسڵمانەکان کە لەپەنجا هەزار جەنگاوەر پێکهـاتبوو. بەهۆی نابەرامبـەری لەنێوان هـەردوو هێز، عومەری کوڕی عەبدوڵڵا ئامۆژگاریەکی وەرگرت لەسوپا سالارەکانی کە ناوچەکە بەجێ بهێڵێ و نەکەوێتە شەڕ لەگەڵ دوژمنـدا کـەوا ژمارەیـان زۆرتـرە. مـیری موسڵمان ئـەم ئامۆژگاریەی رەت کردەوە و بڕیاری دا بەرەنگاری لەشکری بێزەنتی ببێتەوە.

ئەوە بوو هەردوو سوپا لە (یۆرێن) کە دەکەوێتە نێوان دەریاچەی تاتـا و رووبـاری هالیس، بەیەك گەیشتن، بترونـاس سوپای ئیسلامی لەهەموو لایەکەوە گەمارۆدا، بەپێی پلانێکی سەربازی داڕێژراو، عومـەر ویستی لەناوەڕاستی لەشکری بێـزەنتی رێگایـەك بدۆزێتـەوە و پێـدا بـچێ تـا ئـەم ئابلۆقـە سـەربازیە بـشکێنێ، بـەڵام نـەیتوانی، پـاش شەڕکردنێکی ئازایانە کوژرا[1].

سـاڵی دواتـر لەشـەڕی میافـارقین لەسـەروی فـورات، عـەلی کـوڕی یـەحیا مـیری (طرطوس) کوژرا. جا بۆ تۆڵە سەندنەوەی کوشتنی عومەری کوڕی عەبدوڵڵا، دەرچـوو بوو[2].

کوژرانی ئەم دوو سەرکردەیە کاریگەریەکی گەورەی هەبوو لە هەڵگیرساندنی گیانی جیهاد لە دڵی موسڵمانانداد. خەڵکی لە بەغداد و سامەڕا هەستان بـە ڕاپـەڕینی میللـی و هاوار لە مزگەوت و شەقامەکاندا بەرز بووەوە جیهادی رادەگەیاند. [3]

سەرەڕای سەرکەوتنی بێزەنتیەکان، ئـەوا ناوچـە سـنوریەکان گۆڕانکـاری گـەورەی بەسەر نەهات. چونکە موسڵمانەکان چەندین قەڵایان گەڕانەوە بۆ ژێر رکێفـی خۆیـان، پێیان لە کەبادۆکیا ڕۆژهەڵاتی رووباری هالیس، جێگیر کرد[4].

پاش ئەوە، لێشاوی ئیسلامی ڕاوەسـتا، بـەهۆی لەیـەکترازانی دەوڵـەتی خیلافـەتی

---

[1] فازیلیف:لا ۲۲۲-۲۲۳

[2] الطبري:بـ۹، لا ۲٦۱.

[3] هەمان سەرچاوە:لا ۲٦۲-۲٦۳.

[4] Bury:op.cit. p ۲۸۵

عەباسی لەناکامی زالبوونی تورکەکان بەسەر دامودەزگاکانیدا و پەیدابوونی دەولەت گەلێکی سەربەخۆ. بۆیە نەیتوانی موسڵمانەکان لە ژێر دەسەڵاتێکی ناوەندی یەکگرتوو کۆبکاتەوە، لەلایەنی خۆیەوە، دەوڵەتی بێزەنتی سەردەمێکی نوێی لە هێزو فراوانخوازی دەستپێکرد لە سەردەمی خانەوادەی مەقدۆنی کەوا لەنێوان سالانی (٢٥٣-٤٤٨ك/٨٦٧-١٠٥٦ز) حوکمی کرد.

ئیمپراتۆر (باسیل)ی یەکەم، رەوشی تێکچووی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی؛ بەهەلزانی و جموجوڵی سەربازیی دەستپێکرد، قەڵای لوئلوئە کە دەکەوێتە رۆژئاوای چیاکانی تۆرۆس، داگیر کرد، ڕێڕەوە شاخاویەکانیشی داگیر کرد، کاری کرد بۆ لەناو بردنی (بیالصە)کان ئەوە بوو لەسالی (٢٥٨ك/٨٧٢ز) لەنێوان سیواس و (ملطیة) روبەڕویان بووەوە، سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەریاندا بەدەستهێنا و (تەفریق) کە حەشارگەیان بوو خاپوور کردو (خریسۆ خیرۆس)ی رابەریان کۆشت (١) ئەم سەرکەوتنە هانی بێزەنتیەکانیدا بەردەوام بن لەکشانیان بەرەو رۆژهەڵات. سالی دواتر باسیل بەرەو هەرێمی فوڕات کەوتە ڕێ و (سمیساط)و(زبطرة) داگیر کرد، بەڵام لەلای (ملطیة) بە خەستی شکا(٢).

هەرچەندە ئەو، بەم سەرکەوتنە، سنوردارە، رازی بوو، بەڵام توانی بەسەر روبەرێکی فراواندا زاڵبێ کە لوئلوئە و هەموو ئەوەی دەکەوتە نێوان قەیسەریە لەباکووری رۆژئاوادا تا مرعش لەباشووری رۆژهەڵاتی لەخۆدەگرت. ئەم کارەشیدا بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ دادەنرێ لە قۆناغەکانی کشان و پێشکەوتنی ڕێکخراوی ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بۆ سەر سنوورەکانی رۆژهەڵات(٣) جا ئەحمەد کوڕی تۆلۆن کەوا بەڕێوەبردنی ناوچە سنووریەکانی شامی گرتە ئەستۆ، ئەرکی بەرگیری کردن لە ناوچەکانی ئیسلامی گرتە سەرشان و لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ململانێ بوو بە

---

١ Ostroeorsky:op.cit.p ٢١١

٢ I bid

٣ Ostrogorsky:p٢١١ رمضان : سەر چاوەیەکی پێشوو، ٧

مەترسی بۆ بێزەنتیەکان کەوا لە سالی (٢٦٥ك/٨٧٨ز) جەنگیان لەگەڵیا راگرت (١) بەڵام پێکدادان لە نێوان هەردوولا هەر بەردەوام بوو، بەڕیا بوونی ئاژاوە و ناکۆکی لە ناو کۆشکی بێزەنتی بەهۆی کێشەی ژنەکانی ئیمپراتۆر لیو -ی شەشەم، هێشتی ململانێیان لەگەڵ موسڵمانەکاندا قورس و گرانتر بێ. (٢) ئەوە بوو لەچواردە سالی یەکەمدا لە حوکمی لیو-ی شەشەم، بێزەنتیەکان چەندین جار لەلای دەروازەکانی کیلیکیا و لەرۆژئاوایدا دۆڕان ئەمەش دەرفەتی بە موسڵمانەکاندا بە درێژایی کەنارەکان رۆبچنە ناو ئاسیای بچووکەوە (٣)، (نقفور فوکاس) ئەو سەرکردەیەی کە ئیمپراتۆر بەپەلە بانگی کرد، نەیتوانی هێرشی موسڵمانەکان بوەستێنێ، سەرەڕای ئەو سەرکەوتنانەی کە لەسالی (٢٨٧ك/٩٠٠ز) لە (ئەدنە) بەدەستی هێنا(٤).

هەردوو لایان بەردەوام هەر دەرفەتێکیان بۆ بڕەخسایە سودیان لێ وەرئەگرت بۆ هێرشکردنە سەر خاکی ئەوەیتر. ئەوە بوو سەرقاڵبوونی خیلافەت بەجەنگاندنی زەنجەکان و (قرمطی)یەکان، دەرفەتی بە بێزەنتیەکان دا لەسالی (٢٩١ك/٩٠٤ز) هێرش بکەنەسەر ناوچە سنوریەکان، شارە سنوریەکانی شام-یان وێران کرد، ئەوجا موسڵمانەکان ڕوبەڕوویان بوونەوە و (ئیناتاکیە)یان ڕزگار کردو لەسالی (٢٩٤ك/٩٠٧ز) گەیشتنە (قونیە) و خاپوریان کرد. بۆیە ئیمپراتۆر ناچار بوو داوای ئاشتبوونەوەی بکات، دیلەکانی لەگەڵ موسڵمانەکاندا ئاڵو گۆڕ کرد. (٥)

لەسالی (٣٠٣ك/٩١٥ز) بێزەنتیەکان، شۆڕشی ئەلحوسەینی کوڕی حەمدان دژی بنەماڵەی بوەیهی-یان، بەهەلزانی بۆ پەلاماردانی ناوچە سنوریەکانی جەزیرە. ئەوە بوو هێرشیان کردەسەر قەڵای مەنسور و دانیشتوانەکەیان بە دیل گرت، لە (طرسوس) موسڵمانەکانیان شکاند و مرعش-یان کاول کرد(٦).

---

١ الطبري : ب٩ ل٥٤٥.

٢ Cambmed Hist:Iv p١٤٠

٣ Ibid

٤ الطبري : ب ١٠ ل٧٥،٧٦.

٥ ابن الاثير: ب٦ ل١١١، ١٠٩.

٦ همان سەرچاوە: ل١٥٢.

سالی دواتر موسڵمانەکان کاردانەوەیان هەبوو. بەسەرکردایەتی موئنسی خزمەتکار هێرشیان کردەسەر (ملطية) و چەندین قەڵایان ڕزگار کرد، بێزەنتیەکان ناچار بوون لەسالی (٣٠٥ك/٩١٧ز) داوای جەنگڕاگرتن بکەن(١).

بێزەنتیەکان، بە لاواز بوونی خیلافەت لەسەردەمی (المقتدر)دا و دەستەوسانیان لەکۆمەکی کردنی ناوچەکانی سەرسنور بە جەنگاوەر و کەرەستەی جەنگ، ئاگادار بوون، بۆیە ئیمپراتۆر (قسطنطين)ی هەوتەم زاتی کرد و داوای لە دانیشتوانی ناوچەکانی سەر سنور کرد (سەرانە) ڕادەستی خۆی بکەن و هەڕەشەی لێکردن ئەگەر نەیدەن (٢). سەرئەنجام بێزەنتیەکان لە سالی (٣١٤ك/٩٢٦ز) چووەنە ناو (ملطية) پاش ئەوەی خەڵکەکەی بۆ بەغداد هەڵهاتن و هانایان بەردەبەر خیلافەت(٣).

دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی لەسەردەمی میری میرەکاندا (٣٢٤-٣٣٤ك/٩٣٦-٩٤٦ز) حاڵی زۆر باش نەبوو. جا ئەو کاتە دەوڵەتی بێزەنتی لەترسی بولغاری ڕزگاری بوو، بۆیە کەوتە جێبەجێکردنی پلانێکی هێرش ئامێز بۆ ڕۆژهەڵات. سەرکردەی ناوبانگ (یۆحەنا کۆرکواس) ئەرکی جێبەجێکردنی ئەم کارەی گرت ئەستۆ. زیاتر پێکدادانەکان لە ئەرمینیا و بەرزاییەکانی جەزیرە، ڕوویدا(٤).

لەڕاستیدا ئەوەی لەپایتەختی خیلافەت ڕوویدا لە کێشە و ئاژاوە، سەرەڕای هەڕەشە کردنی (قرمطي)یەکان لە عێراق، لایەنێکی گەورەی لە هێزە ئیسلامیەکان شەل کرد و نەیهێشت هیچ کارێکی جەنگی ئەنجام بدات.

ڕەنگە یەکەم سەرکەوتن کە یۆحەنا کۆرکواس بەدەستی هێنابێت، بریتییە لەدەستگرتنی بەسەر (ملطية) کەوا بەردەوام ئامانجێك بوو بۆ هێرشەکانی بێزەنتی، بەهۆی شوێنە ستراتیجیەکەی. بەڵام کۆرکواس هاوتایەکی بۆ پەیدا بوو، ئەوەش (سيف الدولە) ی حەمدانی بوو کەوا سەرکردایەتی کردنی جیهادی ئیسلامی دژی

---

[1] ابن الاثير: ب٦ ١١١٤، ١٠٩.

[2] مسكوية : تجارب الامم، ب ١ ١٤٦.

[3] ابن الاثير: ب٦ ١٨٥، ١٨٢.

[4] Ostrogorsky :p ٢٤٤

بێزەنتیەکانی گرتە ئەستۆ.

لەسالّی (٣٢٧ك/٩٣٩ز) توانی لە هەرێمی بەرزاییەکانی جەزیرە لەنێوان قەلاّی زیاد و قەلاّی سەلام سەرکەوتنێکی بەرچاو بەسەر سەرکردەی بێزەنتیدا بە دەستبێنێ (١) پاشان هێرشی کردەسەر ئەرمینیا و ژمارەیەك لە ئەرمەنەکانی ناچار کرد دان بە دەسەلاّتەکەی بنێن. لە ئەرمینیای بێزەنتی دەرکەوت، لەسالّی (٣٢٩ك/٩٤١ز) ناوچەکانی دەوروبەری (کۆلۆنیا)ی کاولکرد.

ئامانجی (سیف الدولە) ئەوە بوو نەهێڵی دەوڵەتی بێزەنتی دەسەلاّتی خۆی بسەپێنێ بەسەر ئەرمینیادا، ئەو ناوچانەی لێی بگەڕێنێتەوە کە لەموسڵمانەکان لەهەرێمی جەزیرە زەوتی کرد (٢)، بەڵام ئەو ململانێ ناوخۆییەی کە لەپایتەختی خیلافەتدا رووییدا و بووە هۆی پێکدادان لە نێوان حەمدانیەکان و ئەخشیدیەکاندا، نەیهێشت (سیف الدولە) بەردەوام بێ لە هەڵمەتەکانی. کۆرکواس-یش ئەم بارودۆخەی بە هەلزانی و شەڕکردنی دەستپێکردەوە. ئەوە بوو لەسالّی (٣٣٠ك/٩٤٢ز) هێرشی کردە سەر حەلەب، سالّی دواتریش دەستی گرتەسەر میافارقین و ئامەد و دارا و نسیبین و چووەناو ئەرزەن-ەوە، گەمارۆی (رەها)ی دا و (رأس العین)یشی سوتاند لەسالّی (٣٣٣ك/٩٤٤ز) (٣).

بە ماندوو بوون و هەوڵ و تەقەلای ناوبراو خاکی بێزەنتی بەرفراوانتر بووەوە بەرەو رۆژهەلات، بێزەنتیە سام و پلەوپایەی پەیدا کرد لە ئاسیای بچووك، ئەمەش رێگەی خۆشکرد بۆ ئەو هێرشە بەرفراوانەی کە دواتر ئیمپراتۆر نقفور فۆکاس و یۆحەنا زمسکیس دەیکەن. کاتێك دوژمنایەتی نێوان حەمدانیەکان و ئەخشیدیەکان کۆتایی هات، (سیف الدولە) دەستی بەتاڵ بوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی بێزەنتیەکان و جەنگاندنیان.

---

١ Canard,m: Histoirede la Dynastiede Hamdanides de Jazira et de zyrie Ip ٧٤٢

٢ العريني: ٤٠٥٧.

٣ الانطاكي، يحيي بن سعيد : تاريخ الانطاكي، ٤٤٧، ٤١.

سەردەمی عەباسی سێیەم
سەردەمی دەسەڵاتی بوەیهی فارسی٣٣٤ـ٤٤٧ك/٩٤٦ـ١٠٥٥ز

خەلیفەکانی سەردەمی عەباسی سێیەم و ماوەی خیلافەتی هەر یەک لەوان:

ئەبو لقاسم عەبدوللا (المستكفي)	٣٣٣ـ٣٣٤ك/٩٤٤ـ٩٤٦ز
ئەبو لقاسم (الفضل المطيع)	٣٣٤ـ٣٦٣ك/٩٤٦ـ٩٧٤ز
ئەبو بەکر عەبدو لکەریم (الطائع)	٣٦٣ـ٣٨١ك/٩٧٤ـ٩٩١ز
ئەبو لعەباس ئەحمد (القادر)	٣٨١ـ٤٢٢ك/٩٩١ـ١٠٣١ز
ئەبو جەعفەر عەبدوللا (القائم)	٤٢٢ـ٤٦٧ك/١٠٣١ـ١٠٧٥ز

ناوی میرەکانی ئال بوەیهی و ماوەی میرنشینی هەر یەک لەوان: (١)

أ ـ لە فارس

١ـ (عماد الدوله) ئەبو لحەسەن عەلی کوڕی بوەیهی	٣٢٠ـ٣٣٨ك/٩٣٢ـ٩٤٦ز
٢ـ (عضد الدوله) ئەبو شوجاع خەسرەو	٣٣٨ـ٣٧٢ك/٩٤٦ـ٩٨٢ز
٣ـ (شرف الدوله) ئەبو لفەوارس شیرزاد	٣٧٢ـ٣٧٩ك/٩٨٢ـ٩٨٩ز
٤ـ (صمصام الدوله) ئەبو کالیجار مزربان	٣٧٩ـ٣٨٨ك/٩٨٩ـ٩٩٨ز
٥ـ (بها ء الدوله) ئەبو نەسر	٣٨٨ـ٤٠٣ك/٩٩٨ـ١٠١٢ز
٦ـ (سلطان الدوله) ئەبو شوجاع	٤٠٣ـ٤١٥ك/١٠١٢ـ١٠٢١ز
٧ـ (عضد الدوله) ئەبو کالیجار مزربان	٤١٥ـ٤٤٠ك/١٠٢٤ـ١٠٤٨ز
٨ـ (الملك الرحيم) ئەبو نەسر خەسرەو فەیرۆز	٤٤٠ـ٤٤٧ك/١٠٤٨ـ١٠٥٥ز

---

(١) ئەماشای کتێبی (تاريخ إيران بعد الاسلام) بکە ی (عباس إقبال) لا٩٥.٩٣.

ب ـ له عێراق و ئەهواز و کرمان

١ـ (معز الدوله) ئەبو لحوسەین ئەحمەد ٣٢٠ـ٣٥٦ك/٩٣٢ـ٩٦٧ز

٢ـ (عز الدوله) بەختیار ٣٥٦ـ٣٦٧ك/٩٦٧ـ٩٧٧ز

٣ـ (عضد الدولة) ئەبو شوجاع حەسرەو ٣٦٧ـ٣٧٦ك/٩٧٧ـ٩٨٢ز

٤ـ (شرف الدوله) ئەبو لفەوارس شیرزاد ٣٧٢ـ٣٧٩ك/٩٨٢ـ٩٨٩ز

٥ـ (بها ء الدوله) ئەبو نەسر ٣٧٩ـ٤٠٣ك/٩٨٩ـ١٠١٢ز

٦ـ (سلطان الدولة) ئەبو شوجاع ٤٠٣ـ٤١٢ك/١٠١٢ـ١٠٢١ز

٧ـ (مشرف الدوله) ئەبو عەلی ٤١٢ـ٤١٦ك/١٠٢١ـ١٠٢٥ز

٨ـ ئەبو تاهیر (جلال الدوله) ٤١٦ـ٤٣٥ك/١٠٢٥ـ١٠٤٣ز

٩ـ ئەبو کالیجار مزربان ٤٣٥ـ٤٤٠ك/١٠٤٣ـ١٠٤٨ز

١٠ـ (الملك الرحیم) ئەبو نەسر خەسرەو فەیرۆز ٤٤٠ـ٤٤٧ك/١٠٤٨ـ١٠٥٥ز (١)

ج ـ له ڕەی و ئەسفەهان و هەمەدان

١ـ (رکن الدوله) ئەبو عەلی حەسەن ٣٢٠ـ٣٦٦ك/٩٣٢ـ٩٧٦ز

٢ـ (مؤید الدوله) ئەبو مەنسور ٣٦٦ـ٣٧٣ك/٩٧٦ـ٩٨٣ز

٣ـ (فخر الدوله) ئەبو لحەسەن عەلی ٣٦٦ـ٣٨٧ك/٩٨٣ـ٩٩٧ز

٤ـ (شمس الدوله) ئەبو تاهیر (تەنها له هەمەدان) ٣٨٧ـ٤١٢ك/٩٩٧ـ١٠٢١ز

٥ـ (مجد الدوله) ئەبو تالیب روستەم (تەنها له ڕەی) ٣٨٧ـ٤٢٠ك/٩٩٧ـ١٠٢٩ز

٦ـ (سما ء الدوله) ئەبو لحەسەن (تەنها له هەمەدان) ٤١٢ـ٤١٤ك/١٠٢١ـ١٠٢٣ز

بەندی دەیەم

خیلافەتی عەباسی و بوەیهیەکان

دامەزراندنی دەوڵەتی بوەیهی

سەردەمی عەباسی سێیەم کاردانەوەیەکی توندو تیژی بەخۆوە بینی دژی دەسەڵات تورکی کەوا لەسەردەمی عەباسی دووهەمدا بەسەر دامودەزگاکانی خیلافەتی عەباسیدا زاڵبوو بوو. ئەم کاردانەوەش لەلایەن بزوتنەوەیەکی فارسی شیعی زەیدی بوو (١) بۆ ئەوەی بایەخی خۆی، کەوا لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا کەم بووەوە، بگەڕێنێتەوە. ئەم سەردەمە لە دیاردەکانیدا جیاوازە لە سەردەمی عەباسی دووهەمدا لە رووی تیشک خستنەسەر رۆژهەڵات.

بنەماڵەی بوەیهی لەسەرەتاکانی سەدەی چوارەمی کۆچیدا لەسەر شانۆی رووداوەکاندا دەرکەوتن(٢)گەلێ دەوڵەتی سەربەخۆیان لە فارس و ئەهواز و کرمان و ڕەی و ئەسفەهان و هەمەدان دامەزراند. دەسەڵاتی خۆیان سەپاندە سەر عێراق و لەگەڵ خیلافەتی عەباسیدا بەشدار بوون لە بەڕێوەبردنی.

دەسەڵاتی ئەم خانەوادەیە ئەوەندە بەهێزەو بوو تەنانەت سەردەمێك لە سەردەمەکانی خیلافەتی عەباسی بە ناویان ناونرا.

ئەم خانەوادەیە لە باکووڕە و لەوڵاتی دەیلەم –ناوچەیەکە نزیکی دەریای قەزوین– کۆچیان کردووە، لەسەر دەستی برا گەورەی ئەو سێ برا بوەیهیە ناویان دەرکردەوە، عەلی کوڕی شوجاعی کوڕی بوەیهی، کەوا (مرداویجی زیاری) (٣) وڵاتی کەرەجی (٤)

---

١ جێی ئاماژەیە کە بوەیهیەکان بە ڕەچەڵەك فارس نین، بەڵکو ئەو دەیلەمی یانەن کەوا لە باشووری دەریای قەزوین نیشتەجێن. دەشێ تێکەڵەیەك بن لە ئێرانی و تورك وچەند گەلێکی تر. ناوچەکەیان پێکهاتووە لە بەشە شاخاویەکانی جیلان کە لەلای باشوورەوە ویلایەتی قەزوین سنووردێتی و لەلای ڕۆژهەڵاتەوە ناوچەی جالوس

٢ دقرباڕة هٰذهِ مَرجعِ دقرکَرتني خانَزادةِ بوَيهي، بطَرِيوة بز : مسكوية : ب ١ل، ٢٧٥-٢٧٩.

٣ دامَزرِيَنَرِ دولَتي زياري سَر بەخۆ لة (طبرستان) لة سالي ٣١٦ك.

٤ کەرەج: شارێکیە لە نێوان هەمەدان و ئیسفەهان لە ناوەڕاستی ڕێگادا. یاقوت : ب ٤، ٤٤٦ل. بگەڕێوە بۆ مسکویە : ب١ ٢٧٧.

پێ سپارد.

وادیارە عەلی خەیالی جیابوونەوە و فراوانخوازی لەسەر حیسابی دراوسێکانی کرد بوو، سەرەڕای ئاواتە سیاسیەکانی کە زوو بۆی هاتەدی، چونکە زۆری پێنەچوو لەم دەڤەرە پشتی قایم بوو و بە سیاسەتی باشی، خەڵکی کردە لایەنگری خۆی، بەهۆی توانایی سەربازی و کارگێڕی و بەخشندەیی و جوان مامەڵە کردنی لەگەڵ شوێنکەوتووانیدا، توانی سوپایەکی بە هێز پێکبهێنێ کە بە ماوەیەکی کورت زۆربەی ولاتی فارسی پێگرت. شاری شیرازی کرد بە مەڵبەندێك بۆ حوکمڕانی [1]. عەلی بە رووکەش ئەم ولاتانەی بە ناوی خەلیفەی عەباسیەوە دەگرت، بەڵام ئەو بەنیاز بوو دەوڵەتێکی تایبەت بۆ خۆی دامەزرێنێ، چونکە خیلافەت لەرووی سیاسی و سەربازیەوە لاواز بوو و نەیدەتوانی دەست لەم ناوچانە وەردا بۆ کۆنترۆلکردنی باروبۆخی [2] جا ئەویش ئەمەی بەهەلزانی. پاشان ناردی بۆ خەلیفە (الراضي) داوای لێکرد دان بە دەسەلاتەکەی بنێ [3] ئەمەش شتێکی ئاسایبە، چونکە پێویست بوو لەلایەنی خیلافەتەوە دڵنیا بێ لەبەر ئەوەی ئەو یەکێك لە ویلایەتەکانی بە زۆرداری زەوت کردوە، بۆیە ویستی حوکمڕانیەکەی شەرعیەت وەرگرێ. ئەمەش هاتەدی[4].

پاشان کاریکرد بۆ بەدەستهێنانی رەزامەندی مرداویج، ئەوە بوو پێشنیازی کرد بچێتە ژێر فەرمانی و ئەو ولاتانەی کە بەدەستەوەیەتی سەربە ئەو بێ و تێدا وتار بۆ ئەو بخوێنرێ. بێگومان مرداویج—یش بەم پێشنیازە خۆشحاڵ بوو، وە (ئەرەجان)ی پێ سپارد، عەلی—ش هەستا بە ناردنی حەسەنی برای بۆ لای وەکو بارمتەیەك [5] بۆ ئەوەی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی بۆ مسۆگەر بکات.

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان عەلی و خیلافەتی عەباسی لەم ماوەیەدا، ئەوە کورت بووەوە سەر ئەو دانپێنانەی کە خەلیفە ناردی بۆی، بەڵام خیلافەت ویستی

---

[1] ابن الاثیر ب ٢٣٤، ٢٣٥،٦.

[2] إقبال:لا ٤٠٠.

[3] ابن الاثیر ب ٦، لا ٢٣٥.

[4] ابن الاثیر: ب ٦، لا ٢٣٥.

[5] همان سەرچاوە :لا ٢٣٩

سامی خۆی بگەڕێنێتەوە، ئەوە بوو سوپایەکی ڕەوانە کرد گەیشتە نزیکی فارس، بەڵام لە سالی (٣٢٣ك/٩٣٥ز) لە شەڕی (ئەرەجان) بەڕێڕەوی دراوەوە(١) و عەلی-ش پێی لەو ناوچەیە جێگیرکرد و دەوڵەتەکەی دامەزراند، دیارە هەلومەرجی سیاسی لەبەرژەوندی بوەیهیەکاندا بوو، چونکە لەسالی (٣٢٣ك/٩٣٥ز) مرداویج کوژرا، عەلی-ش سوودی لەم دەرفەتە وەرگرت و زاڵبوو بەسەر وڵاتی شامدا کەوا لەژێر دەسەڵاتی (شمکیری زیاری) بوو برای مرداویج. وە جەسەنی برای، کەوا پاش کوژرانی مرداویج هەڵهات، ڕەوانەی عێراقی عەجەم کرد، ئەوە بوو زاڵبوو بە سەر ئەسفەهان و وەری و هەمەدان و کەرەج و وڵاتەکانی تری عێراقی عەجەم، وە ئەبو (الفضل)ی کوڕی ئەلعەمید کرد بە وەزیری خۆی (٢).

پاش ئەوە، عەلی کوڕی بوەیهی چاوی بڕییە مسۆگەرکردنی سنووری ئەو هەرێمانە کە دەستی بەسەرداگرت، سیاسەتەکەی وای دەخوازی پێش ئەوەی بچێتە ناو عێراق، کەوا جێی سەرنجی بوو، دەست بەسەر کرمان و ئەهوازدا بگرێ، چونکە ئەم دوو هەرێمە ڕێڕەوێکی سروشتین بۆ هەر هێرشێکی چاوەڕوان نەکراو لە هەرێمی فارسەوە ێ لەلای ڕۆژهەڵاتەوە و ێ لەلای باکوورەوە.

بوەیهی، ئەحمەدی برای لە سەرووی هێزێکی سەربازیەوە ڕەوانە کرد، لەسالی (٣٢٤ك/٩٣٦ز) لەپاش شەڕی (القنطرة) کرمانی گرت (٣) و خستیە پاڵ دەسەڵاتی بنەماڵەی بوەیهی، پاشان ئەهوازیشی خستە ژێر رکیفی خۆی(٤).

لەبەرامبەر ئەم گۆڕانکاریە سیاسی و سەربازیەدا خیلافەتی عەباسی دەستەوسان نەوەستا. بۆیە ململانێی بوەیهی - زیاریی، بەهەڵزانی و وێستی ئەهواز بگەڕێنێتەوە، ئەوە بوو بە سەرکردایەتی (بجکم) هێزێکی ڕەوانە کرد بۆ هێنانەوەی و دەرکردنی بوەیهیەکان لەناوی. ناوبراو لەلای سنووری ئەهواز کە نزیکی عێراقە ڕاوەستا چاوەڕێی

---

١ ئەم سوپایە بە سەرکردایەتی یاقوت بوو.

٢ ابن خلكان: ب٢، لا١١٨.

٣ ابن الاثير: ب ٦لا٢٥٥،٢٥٦.

٤ هەمان سەرچاوە: لا٢٦٣-٢٦٤.

هـەلێکی دەکـرد بـچێتەناو. بـەڵام سـەرکردەی عەباسـی لـە ژێـر فـشاری رووداوە سـەربازیەکان پـاش ئـەوەی بوەیهیـەکان سـەرکەوتن، ناچـار بـوو پاشەکـشێ بکـات. لەئەنجامی ئەمەش ئەهواز کەوتە دەسـتی بنەماڵـەی بوەیـە-ەوە، کەواخـستیانە پـاڵ موڵکەکانی تریان(۱).

لـەئاکامی ئـەم گۆڕانکاریانـە، بنەماڵـەی بـویهی بـەپێی ئاواتـە فراوانخوازیـەکانیان بەهێزەوە بوون، هاتنەخوارەوەیان لە ئەهوازەوە بۆ ناو عێـراق بـووە کـارێکی ئاسـان، کەوتنە چاودێری کردنی رووداوەکان لە پایتەختی خیلافەتدا بـۆ ئـەوەی دەرفـەتێکیان بۆ بڕەخسێ و بچنەناوی(۲).

ڕەوشی عێراق شڵەژا بوو، ئەوەش بە هۆی ناکۆکی نێوان کۆڕی رائق والی بەسـرە و میرەکان لەلایەکەوە، نێوان ئەبو عەبدوڵڵا لبەریدی والی پێشووی ئـەهواز کـە لـە ترسی هێزەکانی خیلافەتەوە هەڵهاتووە لە لایەکی دیکەوە، ئەوە بوو پـەنای بردەبـەر عەلی کۆڕی بوەیهی و تەماحی پێکرد بچێتەناو عێراقەوە. لەلایەکی دیکەوە، خیلافـەت کەوتبووەوە ژێر دەسەڵاتی تورکەکان، نەیدەتوانی ڕەوشـی عێـراق سـەقامگیر بکـات. خـەڵکیش هەسـتی بـەم بۆشـاییە سیاسـیە و شکـستخواردنی مـیری میرەکـان کـرد. هـەروەها دارایـی گـشتی دەوڵـەت تێکـچوو و گەنجینـەکانی خیلافـەت بـەتاڵ بـوو، خەلیفەکانیش بە هۆی زاڵبوونی تورکـەکان و چاوچنۆکیانەوە کەوتنـە تەنگەشـەیەکی داراییەوە.

جا خەڵکیش بە ئاوات بوو ئەم هێزە تازەیـە کـە لـە نزیکیانـەوە سـەری هەڵداوە و لێهاتوویی خـۆی سـەلماند، لـەم پاشـاگەردانیە رزگاریـان بکـات، هـەروەها هەندێ لـە سەرکردە دوورخراوەکاندا بە تـەما بـوون ئـەم هێـزە بوەیهیـە گەشـەکردوە بێبەشـیان نەکات لەوەی کە پێشتر بێبەشی بـوون لێـی. سـەرئەنجام خەلیفـە (المتقـی) ئـارەزووی کرد داوا یارمەتی لە بوەیهیەکان بکات بۆ ئەوەی سنووری بۆ ململانێی ناوخۆی نێـوان میرەکان دانێ، بەتایبەتی پاش ئەوەی پەیوەندی نێوان خۆی و تۆزان تێکـچوو. ئـەوە

---

۱ هەمان سەرچاوە.

۲ محمود و الشریف : ل ۵۱۲.

بـوو خەلیفـە، ئەحمـەدی کـوڕی بـوەیهی بانگهێـشت کـرد و داوای لێکـرد بێتـە نـاو بەغدادەوە، هەروەها هەندێ سەرکردەی تریش بۆ هەمان مەبەست رێککەوتن لەگەڵیا. لەسـاڵی(٣٣٢ك/٩٤٤ز) بـەرەو بەغـداد کەوتـەڕێ و لەسـاڵی (٣٣٤ك/٩٤٥ز) پـاش دەرچوونی تورکەکان لەناوی، چووە ناوبەوە، خەلیفە (المستکفی) بە گەرمی پێشوازی لێکـرد و دیـاری پێـشکەش کـرد و وەکـو مـیری میرەکـان دایمەزراند، نازنـاوی (معـز الدولە)ی پێ بەخشی و نازناوی (عماد الدولە)ی لـە عـەلی بـرای نـا، هـەروەها نازنـاوی (رکـن الدولـە)ی لـە حەسـەنی بـرای نـا(١). لـە پاشـان ئـەم نازنـاوە مەزنانـە بـووە ناولێنانێکی ئاسایی بۆ میرە بوەیهیەکان.

ئابەم شێوەیە بوەیهیەکان گەلێ میرنشینی (وراپی)یان لە فارس و عێراق و ئـەهواز و کرمـان و ڕەی و هەمـەدان و ئەسـفەهاندا دامەزراند کـە تـا سـاڵی (٤٤٧ك/١٠٥٥ز) مایـەوە.، جـا ئـەم سیـستەمە (وراپـی)یـە بـووە هـۆی دەسـتەبەرکردنی جۆرێـك لـە سەقامگیری سیاسی لە دەوڵەتی عەباسیدا، کە لـەکاتی خۆیـدا بوەیهیـەکان کاروبـاری دەوڵەتیان کۆنترۆڵ کرد بوو و بەشێوەیەکی ڕەهـا هەڵسوکەوتیان دەکـرد. بـەڵام ئـەم سـەقامگیریە هەندی جار پەشێویی و ئاژاوە تێکـەڵی دەبـوو لـە ئـەنجامی ململانێـی مەزهەبی بە هۆی شیعەتگەری خانەوادەی بوەیهی.

پەیوەندی خیلافەتی عەباسی بە بوەیهیەکان

وا چاوەڕوانکراو بوو، بوەیهیەکان بەسەپاندنی دەسەڵاتیان سـەقامگیری و یـەکێتی بۆ هەرێمەکانی خیلافەت بگەڕێننەوە، جۆش و خرۆشی سەربازەکانیان کـپ بکەنـەوە، دەرفەت بدەنە خیلافەت ئەرك و بەرپرسیارێتی خۆیان دەستپێبکەن و نەهێڵن ئاژاوەی مەزهەبی بەرپا بێ. بەڵام ئەمانە نەهاتنەدی، چونکە ئـەوان بـەگیانێکی دژ بـە خەلیفـە عەباسیەکان کەوا مەزهەبیان جیاواز بوو لەوان، چوونە نـاو بەغدادەوە. (معـز الدولـە) پـاش ئـەوەی کـە چـووەناو بەغـدادەوە و باردۆخەکـەی کـۆنترۆڵ کـرد، بـیری وابـوو

---

[1] ابن الاثیر: ب٦، لا٢٩٢، ٢٢٩٥، ٢١٤،٢٦٣، ٢٩٦.

خیلافەتی عەباسی هەڵوەشێنێتەوە و خیلافەتی شیعی لە باتی دامەزرێنێ و یەکێك لە رابەرەکانی شیعەی زەیدی دانێ لەسەری (١) و دەیتوانی ئەو کارە بکات. بەڵام پاش راوێژکردن بە هاوەڵەکانی وازی لەو بیرۆکەیە هێنا، چونکە گۆڕانکاریەکی ئاوەها جیهانی ئیسلامی تووشی لەرینەوەیەکی توند دەکات سەرەڕای تێکدانی حوکمی بوەیهی. ئەوجا شیعەی عێراق کەوا (معز الدوله) هەوڵیدا بۆ لای خۆی رایان بکێشێ، لەسەر مەزهەبی ئیمامی بوون، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە دامەزراندی خەلیفەی زەیدی بەراورد بەخەلیفە عەباسی وەکو یەکن لە دیدەیاندا. لە بەر ئەوەش (معز الدوله) بە بۆچوونی سیاسی زیرەکانەی خۆی پێی باش خیلافەتی عەباسی بهێڵتەوە، بە پێی ئەو بنەمایەکی زەیدی کە دەڵێت: ((ئیمامەتی باش رەوایە لەگەڵ بوونی باشتر)). لەسەر ئەم بنەمایەش کە رێبازی زەیدی داینناوە و لەسەر بنەمای بەرژەوەندی سیاسی رێی دا وەلائی خۆی بۆ خەلیفەیەکی سونی بنوێنێ(٢) بەڵام سیاسەتێکی پەپرەو کرد هەوڵیدا دەسەڵاتەکەی سنووردار بکات لە بەرامبەر بەهێز کردنی دەسەڵاتی خۆی.

سەردەمی بوەیهی لەرووی ماوەی حوکمکردنی خەلیفەکاندا تارادەیەك سەقامگیریەکی سیاسی بەخۆوە بینی. چونکە خەلیفەکانی، سالانێکی زۆر حوکمیان دەکرد پێش ئەوەی لەسەرکار لابرێن. بۆ نموونە، خەلیفە (المطیع) بۆ ماوەی ٢٩سالێ حوکمی کرد (٣٣٤ــ٣٦٣ك/٩٤٦ــ٩٧٤ز)، (الطائع)یش ١٨سالێ (٣٦٣ـ٣٨١ك/٩٧٤ـ٩٩١ز)، (ئەلقادر) پش ٤١سالێ (٣٨١ـ٤٢٢ك/٩٩١ـ١٠٣١ز). رەنگە ئەمە هۆکارەکەی ئەوە بێت، پۆستی میری میرەکان -کەوا بوەیهیەکان گرتبوویانە دەست- هەموو شتێکی بەدەستەوە بوو، لەسایەیدا بەرەها هەڵسوکەوتیان دەکرد لەعێراق بەرامبەر بە بەردەوام کەمکردنەوەی دەسەڵاتی خەلیفە کەوا جگە لە هێمایەك هیچی تر نەبوو کەسێك رکابەری لەسەر بکات، کاری ئەو تەنها شەرعیەتدان بوو بە

---

(١) (معز الدوله) راوێژی بە هاوەڵەکانی کرد لە دامەزراندنی ئەبو لحسەن موحەمەدی کوڕی یەحیای زەیدی.

(٢) ابن الاثیر: ب٦، ٣١٥ز، بگەڕێوە پەراوێزی ژمارە٢ل٣١٥ـ٣١٦.

کارەکانی ئەوان.

مێژوونووسان زۆریان باس لەوە دەکەن کە بنەماڵەی بوەیهی، خەلیفە عەباسیەکانیان سووك و رسوا کردوە و دەسەڵاتیان لێ سەندون، هەندێ جار، خۆیان رانەگرتووە لە دەستدرێژی کردنە سەریان، لە سەردەمیاندا خیلافەت سامی خۆی لە دەستداوە و لاواز بۆتەوە، خەلیفە بۆتە گاڵتەی دەستیان و جگە لەهێمایەکی ئایینی هیچیتر نەبووە، بەشی لە دەسەڵاتدا تەنها ناوی بوو، دەسەڵاتی راستەقینە لە دەوڵەتدا بە دەستی میری بوەیهی بوو (١).

لەراستیدا بنەماڵەی بوەیهی هۆکاری راستەوخۆی لاواز بوونی خیلافەتی عەباسی و لە دەستدانی سامی، نەبوون، ئەوان ئەم لاوازیەیانە لە سەردەمی پێش خۆیان بۆ مابووەوە، کە خەلیفە لەمیانەیدا هەموو تایبەتمەندیەکانی وەکو سەرچاوەی یەکەم بۆ دەسەڵات لە دەوڵەتدا، لەدەستدا(٢).

ئیتر، دەتوانین بڵێین کە بنەماڵەی بوەیهی کە پۆستی میری میرەکانیان گرتە دەست، هیچ لە دەسەڵات و بەرپرسیارێتی ئەو کەسەیانە نەگۆڕی کە ئەم پۆستە دەگرێتە دەست، لەوانەیە کردنی پۆستی میری میرەکان بە (وراپی) لە بنەماڵەکەیاندا تاکە گۆڕانکاریەك بێ کە کردبێتیان، بەڵکو مامەڵە کردنیان لەگەڵ خەلیفەکاندا وەکو ئەوانەی پێشی خۆیان بوو.

رەنگە بارودۆخی خیلافەت لە سەردەمیاندا، باشتر بوبێت لەوەی لەسەردەمی دەسەڵاتی تورکی، ئەوەش بە هۆی سەقامگیر بوونی دەسەڵات بۆ بنەماڵەی بوەیهی، ئەمەش خەلیفەکانی لەو کێشانە دوورخستەوە کە پێشتر لەئەنجامی ململانێی سەرکردە و میری میرەکاندا تووشی دەبوون و کەوا هۆکارێکی راستەوخۆ بوو بۆ زوو لەسەر کار لابردنیان و دەستدرێژی کردنە سەریان. بەڵکو میرە بوەیهیەکان سوود

---

١ محمود و الشريف:لا ٥٢٤.

٢ البيهقي : الاثار الباقية عن القرون الخالية، ١٣٢٧. ابن الاثير: ب ٦، ٣١٥٧. حسن ابراهيم حسن : تاريخ الاسلام... سەرچاوەیەکی پێشوو ب٣ ٤١٧.
Arhold : The caliphate: p ٦٨

بوون لەسەر ئەوەی لە بەرامبەر خەلکدا گوێڕایەڵی و لایەنگری خۆیان بۆ پلەو پایەی خەلیفە عەباسیەکان بنوێنن، بەهۆی ئەو دەسەلاتە ئاینیەی کە لەنێوان موسڵمانانداهەیان بوو کەوا ئەو سەرۆکی باڵای کۆمەڵگەی ئیسلامییە (١).

جا کاتێك ململانێ لەسەر دەسەلات کۆتایی هات و پۆستی میری میرەکان بووبە (وراپی) لە بنەماڵەی بەویهدا، هیچ هۆکارێك نەما بۆ تەنگەڵچنین بە خەلیفە (٢).

لەلایەنی خۆیەوە، خەلیفە بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بە شێوەیەکی فەرمی بە میری بوەیهی راسپارد، ئەمەش شەرعیەتی بە کاروبار و رەفتارەکانیان بەخشی.

ئەوەی راستی بێ میرە بوەیهیەکان دەستیان وەرنەدا لەهەڵبژاردنی خەلیفە و لابردنی لەپۆستی خیلافەت جگە لە دووجار نەبێ(٣). یەکەمجاریان لەسالی (٣٣٤ك/٩٤٥ز) بوو واتە راستەوخۆ پاش چوونە ناویان بۆ شاری بەغداد. ئەوە بوو (معز الدوله) ی بوەیهی خەلیفە (المستکفی)ی دەستگیری کرد و لەخیلافەت لایبرد و بەیعەتی بە (المطیع) دا (٤)، زیاتر میری بوەیهی بەهۆی دوو هۆکارەوە، سیاسی و ئایینی، ئەم ڕێگەیەی لەگەڵ خەلیفەدا گرتەبەر (٥).

سەبارەت بە هۆکاری سیاسی، ئەوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەلیفە (المستکفی) نامەی بۆ (ناصر الدوله) ی حەمدانی دەنارد لەکاتی ململانێ سەربازیەکەیدا لەگەڵ (معز الدوله) لە موسڵ، تێیدا ئاگاداری دەکردەوە بە نهێنی و جموجوڵی سەربازیی سوپای بوەیهی (٦).

سەبارەت بە هۆکاری ئایین، ئەوا خەلیفە هەستا بەدەستگیرکردنی سەرۆکی شیعەکان کەوا فەتوادان لە بەغداد لە ئەستۆیدا بوو، زەبوونی کرد لە بەردەم (معز الدولە). ئەمیش دڵگرانبوو چونکە شیعە بوو. بۆیە ا(لمستکفی) کەوا بێ ڕێزیی

---

١ العبادي : ١٦٣ز

٢ الزهراني: ٢٤ز.

٣ الزهراني :٢٤ز.

٤ المسعودي: ب٤ ٢٧٦ز.

٥ الزهراني :٢٤ز

٦ المسعودي: ب ٤ ٢٧٦ز.

بەرامبەر مەزهەبەکەی نواند، لەسەر کار لابرد([1]).

سەبارەت بە دووەەم جاری دەستێوەردانی بوەیهیەکان لەلابردنی خەلیفەی عەباسی، ئەو لەسالی (٣٨١ك/٩٩١ز) بوو، کاتێك (بهاء الدوله) خەلیفە (الطائع) ی لابرد و (القادر)ی لەسەر تەختی خیلافەت دانا([2]).

(السیوطي)یش هۆی ئەم کارە دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە خەلیفە (ئەبو لحەسەنی کوڕی ئەلموعلیم)ی دەستگیر کردوە و زیندانی کردوە، ناو برایش یەکێکە لە کەسە نزیکەکان لە(بهاء الدوله)، ئەم کارەش (بهاء الدوله) ی هەراسان کرد و بەلایەوە ناخۆش بوو، بۆیە خەلیفەی دەستگیر کرد ولایبرد و سەروەت و سامانی و هەرچی لەناو کۆشکی خیلافەتدا بوو زەوتی کرد([3]).

بەڵام زیاتر کێشەی دارایی لە پێشی ئەم رووداوە بووە. چەنکە (بهاء الدوله) کەوتە تەنگەشەیەکی دارایییەوە و سەربازەکان هەڵچوون لێی، (ئەبو لحەسەنی کوڕی ئەلموعەلم)یش بیرۆکەی دەستگیرکردنی خەلیفە و زەوتکردنی سامانەکانی بۆ رازاندەوە([4]).

سەبارەت بە خەرجیاتی خەلیفە، ئەوا میری میران بۆ ئەو خەرجیانە داشکانێکیان دانا کە ناو دەنرێ بە (جیاع المستخلصه – داشکانی پوخت) ([5]) سەبارەت بە بنەماڵەی بوەیهی، ئەوا مووچەیەکیان بۆ خەلیفە (المستکفی) تایبەتکرد کە بریتی بوو لە بڕی پێنج هەزار درهەم ([6])، بەڵام وادیارە ئەو وای بینی کە ئەمە ناگونجێ، چونکە پارەکە لەوانەیە دوابکەوێ، بۆیە لەپاش رزگار کردنی بەسرە لەسالی (٣٣٦ك/٩٤٧ز) (جیاع مستخلصه)ی خستە سەری وەکو بەخشیشێك لەسەر موچەکەی ([7]) بەڵام

---

[1] مسکویة : ب٢ ل٨٦. ابن الاثیر: ب٦ل٣١٥.

[2] ابن عمراني : الابنا ' في تاریخ الخلفا ' : ل١٤٨.

[3] السیوطي : ل١٧٢. کوڕی ئەلموعلیم فەقیی نیمامی بوو.

[4] ابن الاثیر: ب٧ ل١٤٧. بڕاوردي بکة لةطةلّ (الانطاکي)دا کة واباسي دةکات طواية(بهاء الدولة) خةليفة (الطائع)ي بة بيّ تاوان لةسةر کار لابردوة.ل٢٢١.

[5] الصولي: ل١٣١،١٤٥.

[6] ابن الاثیر: ب٦، ل٣١٤.

[7] ابن الاثیر: ب٦، ل٣١٤.

بەردەوام سەروەت و سامانی خەلیفە ئەگەری زەوتکردنی هەبوو.

میرە بوەیهیەکان هەندێ ئاکاریان هەبوو کە نیشانەی بەهێزی و جیاوازیان بوو لە میر و سەرکردەکانی پێش خۆیان، لەوانەش:

– نەریت وابوو خەلیفە کە میرێکی دامزاردبایە، دەبوو ئەو میرە بهاتایە بۆ کوڕی خەلیفە، ئەمیش بازنە و ملوانکەی دەکردە ملی و شمشێرێکی دەکرد بە قەدیا و ئالایەکی لە زیو گیراوی رادەست دەکرد و پەیمانێکی بۆ دەنووسی بەو میرنشینە یاخود ئەو ویلایەتەی کە وەری دەگرت(۱). بەڵام لەسەردەمی بوەیهیەکاندا لەسالی (۳٦۷ك/۹۷۷ز) ئەم نەریتە گۆڕانکاری بەسەردا هات، ئەوە بوو میر (عضد الدولە) لەگەڵ ژمارەیەك لە سەرباز و پیاوماقوڵ و دادپرس و کەسی پلەداردا هات بۆ کۆشکی خیلافەت، خەلیفە (الطائع) پێش کۆمەڵێ دیاری سوڵتانی پێشکەش کرد، دوو ئالاشی رادەست کرد یەکێکیان لە زیو گیراو بوو لەسەرمایەی میرەکان، ئەوەی دیکەش لە زێڕ گیراو بوو لەسەرمایەی جێنشینەکان. نازناوی (تاج الملە)ی لێنا سەرەڕای نازناوی (عضدالدولة). ئەوجا پەیمانێکی بۆ نووسی کە بەئامادەبوونی خۆی، خوێندرایەوە (۲) جا پێشتر نەریتی وا نەبوو، بەڵکو پەیماننامەکان لەبەردەمی خەلیفەکاندا رادەستی والیەکان دەکرا، کە هەر کەسێك لەوان وەری بگرتایە پێی دەوت، ((ئەمە پەیمانی منە بۆ تۆ، جا کاری پێ بکە)) (۳). ئەم نەریتە، واتە سپاردنی دوو ئالاکە و خوێندنەوەی پەیماننامەی میرنشینێتی لەبەردەم خەلیفە، بوو بە مافێك لە مافەکانی میرە بوەیهیەکان کەوا لەپاش (عضدالدولة) یەك لە دوای یەك دەسەڵاتیان گرتە دەست.

– بوەیهیەکان ئاکارێکی تریان هەبوو، ئەوەش لێدانی دەهۆڵ بوو لە بەردەم ماڵەکانیان وەکو ئاگادار کردنەوەیەك بۆ هاتنی کاتی نوێژ، جا ئەم نەریتە گرنگترین دیاردەی سەروەری عەباسی بوو، واتە لێدانی دەهۆڵ پێنج جار لەکاتی نوێژەکاندا لە بەردەم ماڵی خەلیفە. کەسیش ئەم تایبەتمەندییەی نەبوو، تەنانەت

---

[۱] الزهراني :٦٦.

[۲] ابن الجوزي : المنتظم: ب٧ ٨٧. السيوطي: ٤٠٧.

[۳] ابن الجوزي: هەمان سەرچاوە.

جێنشینەکانیش([1]).

میرە بوەیهیەکان هەر لەسەردەمی (معزالدولە)وە هەوڵیاندا ئەم نەریتەیانە هەبێ بەڵام سەرنەکەوتن. تاوەکو (عضد الدولە) لە سالی (٣٢٧ك/٩٧٧ز) کاروباری عێراقی گرتە دەست و داوای لە خەلیفە (الطائع) کرد مافی دەهۆڵ لێدان لە بەردەم مالی پێ بدا، ئەویش رێیدا رۆژانە سێ جار لێی بدرێ لە کاتەکانی بەیانی و ئێوارە و شێواندا ([2]) وادیارە ئەو ناکۆکیەی کە لە نێوان ئەم دوو پیاوە پەیدا بوو لەکاتی ململانێی نێوان بنەماڵەی بوەیهی و تورکەکاندا، پاڵنەرێك بوو بۆ ئەوەی خەلیفە ئەم تایبەتمەندیەی پێ بدا، بەمەبەستی باشکردنی پەیوەندیی لەگەڵیا ([3]).

دواتر ئەم تایبەتمەندیە بووبە مافێك لە مافەکانی میرە بوەیهیەکان. هەموو رۆژێك سێ جار لە بەردەم مالیاندا دەهۆڵی لێ دەدرا. تا ئەو کاتەی کە (سلطان الدولە) لە سالی (٤٠٣ك/١٠١٢ز) دەسەڵاتی گرتە دەست، فەرمانیدا رۆژانە پێنج جار لە بەردەم مالیدا دەهۆڵی لێبدرێ بە بێ ئەوەی مۆڵەت لە خەلیفە وەرگرێ([4]).

(جلال الدولە)ش لە سالی(٤١٨ك/١٠٢٧ز) وەك ئەوی کرد، هەرچەندە خەلیفە سەرەتا ناڕەزایی خۆی دەربڕی لەسەر ئەم کارە، بەڵام دوایی لە ژێر فشار ناچار بوو رازی بێ([5]).

– سەبارەت بە وتار و دراو، ئەوا نەریت وابوو لەسەر هەموو دوانگەکان لە ویلایەتەکاندا وتار بۆ خەلیفە و میری میرەکان بخوێنرێ، جگە لە بەغداد کەوا تەنها بۆ خەلیفە وتاری تیا دەخوێنرا، بەڵام لەپاش سالی (٣٦٨ك/٩٧٨ز) خەلیفە (الطائع) فەرمانیدا لەسەر دوانگەکانی بەغداد لەپاش خەلیفە وتار بۆ (عضدالدولە)ش بخوێنرێ ([6]). سەبارەت بە نوسینی ناوی میری میرەکانی بوەیهی لەسەر دراو، ئەوا دابونەرێتێك

---

[1] هەمان سەرچاوەی پێشوو : ل٩٢٧ و بـ٨، ل٣٠٧.

[2] ابن الاثير: ب٧، ل٩٠،٩١.

[3] الزهراني :ل٢٤٧.

[4] ابن الجوزي: ب ٨، ل٣٠٧.

[5] هەمان سەرچاوە.

[6] هەمان سەرچاوە.

بوو هەر لەمێژەوە مابووەوە[1].

– بوەیهیەکان ئاکارێکی تریان هەبوو، نازناو لێنان. ئەوەی راستیش بێ ناو لێنانی ئەمانە بە (ملك شاه) و نازناوی تر دەگەڕێتەوە بۆ توانای سەربازیان و هەستی نەتەوەیی فارسیان ئەوەش بە زیندوو کردنەوەی کەلتووری دێرینی فارس[2].

ئەوە بوو لە سالی (٣٥١ك/٩٦٢ز) خەلیفە (المطیع) نازناوی (عضدالدولة)ی لە میر (شوجاع فەناخەسرەو)، نا[3]، لەسالی (٣٥٥ك/٩٦٦ز) نازناوی (موید الدولە) نرا لە ئەحمەدی کوڕی بوەیهی[4]، نازناوی (عز الدولە) لە میر بەختیار نرا[5]، لە سالی (٣٦٤ك/٩٧٥ز) نازناوی (فجر الدولە) لە ئەبو لحەسەن عەلی کوڕی (رکن الدولە) نرا[6].

وادیارە خەلیفە بەخۆی نازناوی بۆ میری بوەیهی هەڵدەبژارد، پێویست بوو لەسەر ئەمیش پەسەندی بکات و ناڕەزایی دەرنەبڕێ[7]. بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند، چونکە لەسالی (٣٦٩ك/٩٧٩ز) هوە میری بوەیهی بە ئارەزووی خۆی نازناوی بۆ خۆی هەڵدەبژارد و پاشان ڕەزامەندی خەلیفە لەسەری بەدەست ئەهێنا.

ئەوە بوو (عجدالدولە) کاتێك لەسالی (٣٦٩ك/٩٧٩ز) هات بۆ بەغداد، داوای لە خەلیفە کرد نازناوی (تاج المله)ی بۆ زیاد بکات، خەلیفەش ڕازی بوو و نازناوەکەی پێ بەخشی[8].کاتێك پشتیان قایم بوو، بوەیهیەکان زیادەڕەویان کرد لە مەزنکردنی خۆیان لەمیانەی نازناوەکان. ئەوە بوو (عضدالدولة) نازناوی (ملك الملوك)ی لەخۆی نا واتە (شاهنشاه)، خەلیفە ناڕازی بوو لەسەر ئەوە، ئەبو کالیجار نازناوی (ملك الامه)ی

---

[1] محمود و الشریف.

[2] الزهرانی: لا ٢٢.

[3] مسکویه:ب٢، ١٩٢. ابن الاثیر:ب٧ لا ٥.

[4] هەمان سەرچاوە:لا ٢٢١.

[5] ابن الاثیر:ب٧، لا ٢١-٢٢.

[6] ابن الاثیر:ب٧، لا ٦٥ پەراوێزی ژمارە١.

[7] الزهرانی:لا ٢٨.

[8] ابن الجوزي: ب٧، لا ٩٨.

لەخۆی نا [1] واتە (شای گەل). لەسالی (٤٢٩ك/١٠٣٨ز) (جلال الدولە) نازناوی (شاهنشاه الاعظم)ی بۆ خۆی زیادکرد ئەوەش بە رەزامەندی خەلیفە و وتاریشی بەوە بۆ خوێندەوە لەسەر دوانگەکاندا. خەلکیش نکۆلیان لێکرد و خشتی سووریان لە وتار بێژەکاندا گرت، بەهۆی ئەوەوە ئازاوە و ئاشووبێکی گەورە بەرپا بوو[2].

لەسالی (٤٤٠ك/١٠٤٨ز) میر خەسرەو فەیرۆز نازناوی (الملك الرحیم)ی لەخۆی نا. جا سەرەتا خەلیفە رازی نەبوو ئەم نازناوەی پێبدا، پاشان ناچار کرا رازی بێ[3].

کۆتایی بوەیهیەکان

باروبۆخی بوەیهیەکان لەپاش مردنی (بهاء الدولە) لەسالی (٤٠٣ك/١٠١٢ز) شلەژا، ڕەنگە هۆی ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ:

– ململانێی کوڕەکانی. چونکە ناوماڵی بوەیهی بنچینەیەکی جێگیری نەبوو بۆ فەرمانڕەوایەتی. بۆیە تاکەکانی تاکۆکی کەوتە نێوانیاندا و یەکگرتوویی خۆیان نەپاراست و بەشێك لەچۆست و چالاکیان لەدەستدا. ئەوە بوو هەر یەك لە کوڕەکانی (بهاء الدولە) دەستی گرت بەسەر ناوچەیەك ی (سلطان الدولە) لە شیراز جێگیر بوو، پۆستی میری میرەکانی لە بەغداد سپارد بە (مشرف الدولە) ی برای، هەروەها (جلال الدولە) ی برای کرد بە فەرمانڕەوای ناوچەی بەسرە، ئەبو لفەوارس لە کرمان[4]. جا هەرێك لەمان بە تەما بوو بە ناوچەکەی ژێر دەسەڵاتی، جیابێتەوە و تەماحی دەکرد ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی براکەیدایە زەوتی بکات، تاوەکو دووبەرەکی کەوتە ناو خانەوادەکەیاندا.

– بوەیهیەکان لەسەردەمی (معز الدولە) پشتیان بە تورکەکان بەست. زۆرینەیانی کرد بەسەربازی خۆیان، هەندێکیشیان گەیشتە پۆستی سەرۆکایەتی. هەرچەندە دەسەڵات لەدەستی بوەیهیەکانە مایەوە، بەڵام سەربازە تورکەکان بەردەوام بەهێزتر

---

[1] هەمان سەرچاوە : ل ١١٣-١١٤.

[2] ابن کثیر : ب١٢، ل ٤٣. ئەم باسی وتەی قادر و دادپرسەکانی کردوە دەربارەی ئەم نازناوانە

[3] ابن الاثیر:ب٨،ل٤٨.

[4] ابن الاثیر:ب٧، ل٢٦٨.

دەبوون لەژێر دەسەلاتی دواکەوتووی بوەیهی لەپاش (عضدالدوله)، بوون بە هێزێکی گالتەپێنەکراو، جا تورکەکان لەناو سوپادا (یەکەی سوارچاکیان) پێك ئەهێنا و بوەیهیەکانیش (پیادە).

شتێکی ئاسایی بوو کە لەسایەی ئەم بارودۆخەدا رکابەری لەنێوان هەردوولا پەیدا بێ، ئەمەش کێشەی زۆری بۆ بوەیهیەکان دروست کرد، چونکە زۆرجار بووە هۆی هەڵگیرساندنی شۆڕش و بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ، جا سەربازە تورکەکانیش درێغیان نەدەکرد لە تاڵانکردن تەنانەت پایتەختیش هەندێ جار، هەروەها تاڵانکردنی کۆشکی میرەکانیشیان، داوای زیادکردنی مووچەیان دەکرد و قەرەبووی زیاتر.

لەبەر ئەوەی توانایان نەبوو ئەم گرفتانە چارەسەر بکە و پێداویستی سەربازەکانیان دابین بکەن، بوەیهیەکان سیاسەتێکی نوێیان گرتەبەر کە بریتی بوو لە دەرکەوتنی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی، ئەوەش سیستەمی بەخشین. ئەوە بوو، لە بەرامبەر خزمەتەکانیان، گوندیان پێ ئەبەخشین. جا ئەم بەخشینەش "کاتی" بوو، واتە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو لەبەر مسۆگەرکردنی ژیانی سەربازەکان، ئەمەش وای لە سەربازەکان کرد بایەخی پێ نەدەن چونکە دەیانزانی کە پاش ماوەیەکی کورت گوندەکانیان لێ دەستێننەوە، لەئەنجامدا گوندەکان کاولی رووی تێکرد و لە رووی ئابوورییەوە تێکچوو بە شێوەیەك، گەنجینەی بوەیهی پێی کاریگەر بوو سەرەڕای گەنجینەی گشتی خیلافەت.

- بوەیهیەکان خۆیان لە چوارچێوەی دەسەلاتەکەیان گیردا. هاوکات ئەوەی کە لەناوچەکانی تری جیهانی ئیسلامی رووی دەدا پشتگوێ خست و بەشداریان تیا نەکرد، ئەمەش دەرفەتیدا میرنشینی دیکە دابمەزرێ، ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆ. وەکو (عەقیلی)یەکان لە باکووری عێراق و هەندێ لە ناوچەکانی جەزیرە، (نەمیری)یەکان لە حەران و رەها و رقە، (مەروانی)یەکان لە دیاربەکر و میافارقین و هیتریش. ئەمەش بووە هۆی پێکدادان لە نێوان بوەیهیەکان و نێوان ئەم هێزە پەیدا بووانە.

- لەسەر ئاستی دەرەکی، ئەوا بوەیهیەکان بایەخیان بە گەشەکردنی هێزی بێزەنتی لە سەردەمی خانەوادەی مەقدۆنیدا نەدا، هەروەها بە تەمای وڵاتی شام

نەبوون، کەوا هەندێ جار ململانێیەکی تووندی بە خۆوە دەبینی لە نێوان تۆڵۆنبەکان و ئەخشیدیەکاندا لەلایەکەوە، لە نێوان خیلافەتی عەباسی و دەوڵەتی حەمدانی لەلایەکی دیکەوە.

– سەبارەت بە رۆژهەڵات، ئەوا بەشداریان نەکرد لەگەڵ سامانی و غەزنەویەکاندا لە بەرگریکردن لە ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ هند و تورکە بتپەرستەکان. زیاتر ناکۆکیە ناوخۆییەکانی ناو خانەوادەکەیان نەیهێشت گرنگی بە کاروباری دەرەکی بدەن یان سوورین لەسەر ئەوەی رۆڵێکی کاریگەریان هەبێ لە جیهانی ئیسلامیدا.

دەوڵەتی بوەیهی لە عێراق و فارسدا لەژێر چەپۆکی سەلجوقیەکان روخا، (الملك الرحیم) لەسالی (٤٤٧ك/١٠٥٥ز)، دیل کرا، کاتێك (طغرلبك)ی سەلجوقی چووە ناو بەغدادەوە.

سەردەمی عەباسی چوارەم

سەردەمی دەسەلاتی سەلجوقی تورکی٤٤٧-٥٥٦ك/١٠٥٥-١٢٥٨ز

خیفەکانی سەردەمی عەباسی چوارەم و ماوەی خیلافەتی هەر یەک لەوان:

ئەبو جەعفەر عەبدوللا (القائم)	٤٢٢-٤٦٧ك/١٠٣١-١٠٧٥ز
ئەبو لقاسم محمد (المقتدی)	٤٦٧-٤٨٧ك/١٠٧٥-١٠٩٤ز
ئەبو لعەباس ئەحمەد (المستظهر)	٤٨٧-٥١٢ك/١٠٩٤-١١١٨ز
ئەبو مەنسور (الفضل المسترشد)	٥١٢-٥٢٩ك/١١١٨-١١٣٥ز
ئەبو جەعفەری مەنسور (الراشد)	٥٢٩-٥٣٠ك/١١٣٥-١١٣٦ز
ئەبو عەبدوللا موحەمەد (المقتفی)	٥٣٠-٥٥٥ك/١١٣٦-١١٦٠ز
ئەبو (المظفر) یوسف (المستنجد)	٥٥٥-٥٦٦ك/١١٦٠-١١٧٠ز
ئەبوموحەممەد ئەلحەسەن (المستضیئ)	٥٦٦-٥٧٥ك/١١٧٠-١١٨٠ز
ئەبو لعەباس ئەحمەد (الناصر)	٥٧٥-٦٢٢ك/١١٨٠-١٢٢٥ز
ئەبو (نصر)موحەمەد (الظاهر)	٦٢٢-٦٢٣ك/١٢٢٥-١٢٢٦ز
ئەبو جەعفەری مەنسور (المستنصر)	٦٢٣-٦٤٠ك/١٢٢٦-١٢٤٢ز
ئەبو ئەحمەد عەبدوللا (المستعصم)	٦٤٠-٦٥٦ك/١٢٤٢-١٢٥٨ز

سەردەمی تورکە سەلجوقیەکان

سەلجوقیە مەزنەکان لە خۆراسان و ئێران

١ـ رکن الدوله أبوطالب طغرلبك ٤٢٩ـ٤٥٥ك/١٠٣٧ـ١٠٦٣ز

٢ـ (عضد الدوله) ئەبو شوجاع ئەلئەب ئەرسەلان ٤٥٥ـ٤٦٥ك/١٠٦٣ـ١٠٧٢ز

٣ـ (معز الدوله) ئەبو لفەتح مولکشاهی یەکەم ٤٦٥ـ٤٨٥ك/١٠٧٢ـ١٠٩٢ز

٤ـ (ناصر الدین) مەحمود ٤٨٥ـ٤٨٧ك/١٠٩٢ـ١٠٩٤ز

٥ـ (رکن الدوله) ئەبو (المضفر) برکیاروق ٤٨٧ـ٤٩٨ك/١٠٩٤ـ١١٠٤ز

٦ـ (جلال الدوله) مولکشاهی دووهەم ٤٩٨ك / ١١٠٤ز

٧ـ (غیاث الدین) ئەبو شوجاع موحەمەد ٤٩٨ـ٥١١ك/١١٠٤ـ١١١٧ز

٨ـ (معزالدوله) ئەبو (الحارث) سنجەر ٥١١ـ٥٥٢ك/١١١٧ـ١١٥٧ز

سەلجوقیەکانی عێراق

١ـ (مغیث الدین) مەحمود ٥١١–٥٢٥ك/١١١٧–١١٣١ز

٢ـ (غیاث الدین) داوود ٥٢٥–٥٢٦ك/١١٣١–١١٣٢ز

٣ـ (رکن الدین) ئەبو ثالیب (طغرل)ی دووهەم ٥٢٦–٥٢٩ك/١١٣٢–١١٣٥ز

٤ـ (غیاث الدین) ئەبو لفەتح مەسعود ٥٢٩–٥٤٧ك/١١٣٥–١١٥٢ز

٥ـ (معز الدین) ئەبو لفەتح مولکشاهی دووهەم ٥٤٧ك/١١٥٢ز

٦ـ (غیاث الدین) ئەبو شوجاع موحەمەدی دووهەم ٥٤٨–٥٥٤ك/١١٣٥–١١٥٩ز

٧ـ (غیاث الدین) ئەبو شوجاع سولەیمان شاه ٥٥٤–٥٥٦ك/١١٥٩–١١٦١ز

٨ـ (رکن الدین) ئەبو (المضفر) ئەرسەلان شاه ٥٥٦–٥٧١ك/١١٦١–١١٧٥ز

٩ـ (رکن الدین) ئەبو ثالیب (طغرل)ی سێیەم ٥٧١–٥٩٠ك/١١٧٥–١١٩٤ز

بەندی یانزەهەمین

کۆتایی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی

خیلافەتی عەباسی و تورکە سەلجوقیەکان

دامەزراندنی دەوڵەتی سەلجوقی

بە دامەزراندنی دەوڵەتی تورکە سەلجوقیەکان، سەردەمێکی نوێی گرنگ لە مێژووی خیلافەت و ئیسلامدا سەری هەڵدا. جا کاتێك لە سەرەتای سەدەی یانزەهەمینی زایینی لە رۆژهەڵاتدا دەرکەوتن، خەلیفە هیچ دەسەڵاتێکی راستەقینەی نەبوو و دەولەتی خیلافەتی عەباسی پارچە پارچە بوو بوو.

ئەوە بوو ئەمەویەکان لەئەندەلوس جێگیر بووبوون، هەروەها عوبەیدیەکانیش لە میسرو باکووری ئەفریقیا، بەغدادیش هیچ رێگە چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی هەموو ئەمانە لە ناو بەرێ.

سەبارەت بە باکووری سوریا و جەزیرەی فورات، ئەوا بینیمان چۆن کەوتنە دەستی گەلێ رابەری شۆڕشگێری عەرەب کە هەندێکیان توانیان دەوڵەتێکی بەهێز دامەزرێنن. ئەوجا فارس و ناوچەکانی دوای رووبار ئەوا بنەماڵەی بوەیهی دابەشیان کرد یاخود چەند فەرمانڕەوایەك گرتیانە دەست کەهەر یەکێکیان چاوەڕێی دەرفەتێك بوو رکابەرەکەی لە ناوبەرێ، تاوەکو پەشێوی سیاسی و سەربازی سەرتاسەری وڵاتی گرتەو. وتاری مەزهەب گەری سونەو شیعە زیادی کرد بە شێوەیەك ئەوەی تەماشای دەوڵەتی ئیسلامیی بکردایە، دەیوت دوا دواییەتی.

ئەمە بوو حاڵی خیلافەتی ئیسلامی کاتێك میرنشینی سەلجوقی لە سەر شانۆی سیاسی دەرکەوت.

سەلجوقیەکان سەربە هۆزی (قنق)ی غەزی تورکین، دەگەڕێنەوە بۆ باپیرەیەك ئەویش سەلجوقی کوڕی (دەقاق)ە (١). ماڵەکانیان لەبیابانە بەرفراوان و پێ

---

١ الحسيني، صدرالدين بن علي :اخبار الدوله السلجوقيه ٢٧-٣.المستوفي:تاريخ گزيده :لا ٤٣٤ خواند امير:حبيب

دەشتەکاندا بووە کە لە چینەوە تاوەکو رۆخەکانی دەریای خەزر دریژ بۆتەوە [1] مەزهەبی سوننیان لەخۆ گرت، بە جۆش و خرۆشەوە پشتگیریان کرد. لەسالّی (٣٧٥ك/٩٨٥ن)لە نیشتمانە رەسەنەکەی خۆیانەوە بۆ ولاّتی دوای رووبار و خۆراسان کۆچیان کرد، ئەوەش بەهۆی باری ئابووری خراپەوە لەم ناوچە بیابانییەدا یاخود بەهۆی ئەو شەڕانەی کە لەنێو هۆزە جیاجیاکاندا رووی دەدا، ئەوە بوو روبەڕوی غەزنەویەکان بوونەوە کەوا ناوچەکەیان کۆنترۆڵ کردبوو، دەریان کردن.

لەسالّی (٤٣١ك/١٠٤٠ن) سولّتانی سەلجوقی (طغرلبك) پاش سەرکەوتنی بە سەر سولّتان مەسعودی غەزنەوی لە شەڕی دانەدانقان[2]، دەولّەتێکی لە خۆراسان دامەزراند. خەلیفەی عەباسیش (القائم) سالّی دواتر وەکو سولّتانێك دانی پێنا[3].

سەلجوقیەکان بەردەوامبوون لە سیاسەتی فراوانخوازیان لە فارسدا لەچوارچێوەی دانپێنانی خیلافەتی عەباسی، بە مەبەستی لەناوبردنی هێزی بوەیهیەکان و ڕێخۆشکردن بۆ فراوانکردنی دەسەلاّتیان لەعێراق. ئەوەبوو لەسالّی (٤٣٢ك/١٠٤١ن) دەستیان گرتەسەر (ڕەی) [4]سالّی دواتر چوونە ناو جرجان و (طبرستان)ەوە [5]، لەسالّی (٤٤٢ك/١٠٥٠ن) سولّتان (طغرلبك) ئەسفەهانی داگیر کرد و کردی بە پایتەختی خۆی[6]، پاشان دوای چوار سالّ هەرێمی ئازەربێنجان–یشی هێنایە ژێر رکێفی خۆی [7].

ئابەم شێوەیە دەولّەتی سەلجوقیە مەزنەکان لە خۆراسان و فارس–دا، دامەزرا، لەشکرەکەیان لە ئامادەکارییەکی تەواودا بوو بۆ چوونە ناو عێراق ەوە.

السير ب ١٢ ٤٧٩.

[1] قامبرى ارمينيوس: تاريخ بخارى :لا ١٢٧.

[2] داندانقان دەکەوێتە نێوان سەرخەس و مرو.

[3] الراوندي ابو بكر محمد بن علي: راحة الصدور و اية السرور في تاريخ الدولة السلجوقية:لا ١٦٨-١٦٩.

[4] الحسيني: لا ١٠١.

[5] ابن الاثير: ب٨ لا ٣٠١.

[6] هەمان سەرچاوە.

[7] ابن العبري: ابوالفرج جمال الدين : تاريخ الزمان، لا ٩٠١.

ڕەوشی ناو بەغداد پێش کشانی سەلجوقیەکان بەرەو ڕۆژئاوا

ڕەوشی ناو بەغداد، ئەو کاتەدا، شلۆق و ناڕام بوو، بەمەش ڕێگە خۆش بوو لە بەردەم سەلجوقیەکان، چوونە ناوی، بەوەش عێراقیان خستەپاڵ دەوڵەتەکەی خۆیان کە لە خۆراسان و ئێران دایان مەرزاند. ئەمەش بەهۆی ناکۆکی ناو خانەوادەی بوەیهی. کەوا ململانێ و ڕکابەری لەنێوان میرە بوەیهیەکاندا پەیدا بوو لەلایەکەوە، لە نێوان خۆیان و سەربازەکاندا لەلایەکی دیکەوە، هەروەها ناڕاوە و ناشوب لە ناو سەربازەکاندا بڵاو بووەوە(١)

لەسالی (٤٢٤ك/١٠٣٣ز) بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕکابەری لەنێوان (جلال الدولە)ی بوەیهی و نێوان ئەبو کالیجاری برازای پەیدا بوو، وتار بۆ ئەم خوێنرایەوە لە بەغداد(٢).شارەکە بووە گۆڕەپانێک بۆ ناڕاوە گێڕی و ململانێی مەزهەبی و خانەوادەیی. کاتێک لەسالی (٤٣٥ك/١٠٤٤ز) (جلال الدولە) مرد، (الملك العزیز)ی کوڕی نەیتوانی ماوەیەکی زۆر دەسەلات بپارێزێ، ئەمەش پاڵنەرێک بوو بۆ ئەوەی کالیجار پێی لە دەسەلاتدا بچەسپێنێ، لە سالی (٤٣٦ك/١٠٤٥ز) لە بەغداد جێگیر بێ. (٣)

لەئاکامی ڕکابەری ناو خانەوادەکەیاندا و بەهۆی شۆڕشی بەردەوامی سەربازەکان، ناڕامی کەوتە ناو بەغدادەوە. خەلیفەی عەباسیش هەستی بەم پەرتەوازەیی و پاشا گەردانیەی کرد، بینی کە دەوڵەتی بوەیهی توانای نیە ڕەوشەکە لە عێراق سەقامگیر بکات.

چوونە ناوەوەی سەلجوقیەکان بۆ بەغداد

کاتێک سەلجوقیە مەزنەکان نزیکی عێراق بوونەوە، ئەبو (الحارث) ئەرسەلانی بساسیری، کە یەکێکە لە سەرکردە تورکە شیعەکانی بنەماڵەی بوەیهی، بەغداد و دەوروبەری کۆنترۆڵ کرد بوو و دەسەلاتێکی گەورەی هەبوو بەشێوەیەک لەسەر

---

١ سرور، محمد جمال الدین: سیاسة الفاطمیین الخارجیة، ١٧٩.

٢ ابن الاثیر: ب ٥٨.

٣ ابن الاثیر: ب ٥٨.

دوانگەکانی عێراق و ئەهواز وتاری بۆ دەخوێنرا.

وەزای لێهات هەر یەک لە خەلیفەی عەباسی و شای بوەیهی نەیاندەتوانی بەبێ ڕەزامەندی ئەوهیچ بڕیارێك بدەن کە پەیوەندی بە کاروباری دەوڵەتەوە هەبێت. جا ئەم سەرکردەیە مەترسیەکی ڕاستەقینە بوو لەسەرخیلافەتی عەباسی و دەوڵەتی بوەیهی.

سەبارەت بە مەترسی لەسەر خیلافەتی عەباسی، ئەوا لەسالّی (٤٤٦ك/ز١٠٥٤) ڕوونبوەوە، کاتێك ناکۆکی کەوتە نێوان خۆی و خەلیفە ئەلقائم، کەوای لێکرد ڕوو لە (فاطمي)یەکان بکات و داوای یارمەتیان لێبکات. ([1])

سەبارەت بە مەترسی لەسەر دەوڵەتی بوەیهی، ئەوا لەو ناکۆکیە ڕوون بووەوە کە لەنێوان خۆی (الملك الرحيم)ی بوەیهی ڕوویدا، ئەمەش هەڕەشەی لەدەسەلاّتی بوەیهیەکان دەکرد لە عێراق پاش لەناوچوونی لەئێران لەسەر دەستی سەلجوقیەکان.

لەم کەشە نالەبارەدا، هەر لایەنێك و بۆ بەرژەوەندی خۆی هەوڵی دەدا. سەبارەت بە خەلیفە کەوا متمانەی نەمابوو بە دەوروبەرەکەی، وای بینی پەیوەندی کردن بە هێزی سەرکەوتوو لە بەرژەوەندی ئەودایە، بەتایبەتی ئەم هێزە سونی مەزهەبەو ڕێز لە خیلافەت دەگرێ و وەلائی هەیە بۆی. ئەوە بوو داوای یارمەتی لە سوڵتانی سەلجوقی (طغرلبك) کرد، دژی بساسیری ([2]).

سوڵتانیش ئەمەی بەهەلزانی و بە سوپاکەی بەرەو بەغداد کەوتەڕێ، لە سالّی (٤٤٧ك/١٠٥٥ز) چووە ناوی. خەلیفەش وەکو سوڵتانێك لەسەر هەموو ئەو ناوچانەی کە لە ژێر دەستی بوو دانی پێنا، فەرمانیدا لە وتار ناوی بهێنرێ ([3]).

ئا بەم شێوەیە عێراق چووە ناو بازنەی دەسەلاّتی سەلجوقیە مەزنەکان.

---

[1] ابن الاثير: ب ٨، ٢٧٨.

[2] الحسيني : لا ١٨٧.

[3] ابن الاثير: ب ٨، ٢٧٧.

پەیوەندی نێوان خیلافەتی عەباسی و سوڵتانی سەلجوقی

(طغرلبك) سیانزە مانگ لە بەغداد نیشتەجێ بوو، لەم ماوەیەدا کاریان کرد بۆ پاڵپشتی کردنی دەسەڵاتی سەلجوقی لە پایتەختی خیلافەت و پتەوکردنی پەیوەندی سەلجوقیەکان بە خەلیفەوە. هەروەها خیلافەتیش لەلایەنی خۆیەوە کاری کرد بۆ بەهێز کردنی رایەڵەکانی لەگەڵ ئەم هێزە تازەیە. ئەوە بوو خەلیفە ئەلقائم، (ئەرسەلان خاتوون خەدیجە)ی کرد بەهاوسەری خۆی، کچی داوود جغری بەگ، برای (طغرلبك)، لەساڵی (٤٤٨ك/١٠٥٦ز) [١]، بەمەش، نزیکبوونەوەیەك لەنێوان ماڵی عەباسی و سەلجوقی دروست بوو، دەسەڵاتی سەلجوقیەکان لەعێراق سەقامگیر بوو [٢].لە ناوەڕاستی ئەم سەرکەوتنانەی کە (طغرلبك) بە دەستی هێنا، بساسیری، لە بارەگا تازەکەی (ئەلڕەحبە) هەستا بە چەند کودەتایەکی سەربازی و سیاسی بەمەبەستی دەرکردنی سەلجوقیەکان لە بەغداد.

لەسەرئاستی سەربازی، سەرکەوت لە داگیر کردنی موسڵ، پاش ئەوەی سەلجوقیەکانی شکاند لە نزیکی شەنگال لەساڵی (٤٤٨ك/١٠٥٦ز)، کەوتە خۆسازکردن بۆ چوونە ناوەوەی بەغداد [٣]. لە سەر ئاستی سیاسی، چونی بۆ رێزی (فاطمي)یەکان ڕاگەیاند، وتاری بۆ خەلیفەی (فاطمي) خوێند کەوا دیاریی بۆ نارد، ئەمەش بووە هۆی پەشێویەکی مەزهەبی توند [٤].

لەم کاتەدا، (طغرلبك) بەدەستی چەندین ئاستەنگی ناوخۆییەوە دەینالاند، کە ناچاری کرد لەساڵی (٤٤٩ك/١٠٥٧ز) لە بەغداد دەرچێ و بەرەو موسڵ بکەوێتە ڕێ تا سنوربك بۆ ئەو کێشانە دانێ کە بساسیری دژی وروژاند بووی، ئەوە بوو دیاریەکری خستەژێر رکێفی خۆی [٥]، پاشان گەڕایەوە بۆ بەغداد، خەلیفەش بە خۆشحاڵیەوە

---

[١] البنداري، الفتح بن علي بن محمد : اختصار تاريخ دولة آل سلجوق. للامام عماد الدين محمد الاصفهاني : ل ١٣.
[٢] محمود و الشريف : سەرچاوە یەکی پێشوو ل ٥٦٢.

[٣] ابن الاثير: ب ٧٧٨.
[٤] ابن الاثير: ب ٨٢٧٨، ٧٧.
[٥] هەمان سەرچاوە: ل٧٧.

پێشوازی لێکرد و نازناوی ((ملك المشرق والمغرب))ی لێنا[1] وانە ((شـای رۆژهـەلات و رۆژئاوا)) ئەم نازناوەش نیشانەی ئەوەیە کە خەلیفە دانی نا بۆ (طغرلبك) بەو ولاتانەی کـە لـە رۆژهەلاتـدا لـەژێر دەسـەلاتێتی، رێگـەی پێـدا رۆژئـاوا لـە(فـاطمي) یـەکان، بستێنیتەوە[2].

پاشان ئەوە رووبدا کە (طغرلبك) تووشـی گرفتێکـی تـازە بـوو، ئـەوەش ئیـبراهیم (ئەینال)ی برای لە ولاتی شاخ لێی یاخی بوو. بۆیە ناچار بـوو جـارێکی تـر لـە بەغـداد دەرچێ بۆ سەرکوتکردنی ئەم یاخی بووانە. بـساسیر-یش ئەمـەی بەهـەلزانی، وە لـە (مانگی - ذي القعده - سالی ٤٥٠ك/مـانگی کـانونی یەکـەم سـالی ١٠٥٨ز)دا چـووە نـاو بەغدادەوە و بۆ ماوەی یەك سالی رەبەق بۆ خەلیفەی (فاطمي) وتـاری خوێنـدەوە[3]، خەلیفەش ناچار بوو دەرچێ بۆ (عانە) [4]، پـەنای بـرد بـۆ قورەیـشی کـوڕی بـەدران. کەوتە نامە نێری لەگەڵ (طغرلبك) داوای یارمەتی لێدەکرد[5].

وادیارە خیلافەتی(فاطمي)، بـەپێی پێویست بـەهێز نـەبوو تـا کۆمـەکی بـساسیری بکات و دەستکەوتەکانی بپارێزێت، هەروەها وادیارە زۆر متمانـەی بـەم پیـاوە نـەبوو، لەبەر ئەوەش، نەجولا بۆ فریاکەوتنی، جێهێشت بەتەنیا روبەڕوی هەڵوێستەکە بێتـەوە لە بەردەم هێزی سوڵتان کەوا هێنـدەی پێنەچـوو گەڕایـەوە بـۆ عێراق، پـاش ئـەوەی یاخی بوونی براکەی دامرکاندەوە. بساسیریش ناچـار بـوو لـە بەغـداد دەرچـێ چـونکە نەیتوانی لەبەردەم سوپای سەلجوقی بوەستێ، پاشان لە سالی (٤٥١ك/١٠٥٩ز) کوژرا.

(طغرلبك) پاش ئەوەی چووە ناو بەغدادەوە، داوای لە خەلیفە کرد بگەڕێتـەوە بـۆ پایتەختەکەی و لە نەهرەوان پێشوازی لێکرد و خۆشحالی خۆی دەربڕی بە هاتنـەوەی

---

[1] هەمان سەرچاوە : ل ٨٠.

[2] محمود و الشريف : ل٥٦٣.

[3] البنداری : ل١٨٤. الحسيني:ل١٩٧.

[4] (عانە): شارێکی ناسراوە لە نێوان نەلرقەو (هیت)، سەر بە جەزیرەیە. نزیکی فورات. نزیکی (حديثة الفرات) یاخود (حديثة النورة). الحموي: ب٤ ل ٧٢.

[5] ابن العبری :ل ١٠٤.

([1]). بەوەش لە عێراقدا پرسەکە بۆلای سەلجوقیەکان لەنگەری گرت، بوونە دیاردەیەکی نوێ لە ژیانی خیلافەتی عەباسیدا. جا بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستیان بەرامبەر بە خیلافەت لە هەڵوبستی بوەیهیەکان جیاواز بوو، ئەوان رێزیان لەخیلافەت دەگرت، چونکە دیندار بوون ئەم رێزەش لە بیروباوەڕو پەروەردەیان لەسەر مەزهەبی سونی، هەڵقوڵاوە.

لەلایەکی ترەوە، سەلجوقیەکان توانیان سەر لەنوێ رۆژهەڵاتی ئیسلامی لە ژێر ئالای خۆیان یەک بخەنەوە و بەرفراوانی بکەن، لە رۆژئاوایێ ئاسیاوە تا سنوری بوسفۆر، ئەوەش لە رێگای جیهاد کردن دژی دەوڵەتی بێزەنتی، توانیان زۆربەی وڵات بستێننەوە.

پەیوەندی نێوان خیلافەتی عەباسی و سوڵتانی سەلجوقی نزیکەی هەژدە ساڵ بەباشی بەردەوام بوو لەو ساتەی کە (طغرلبك) دامەزراندنی دەوڵەتەکەی لە خۆراساندا راگەیاند. زیاتر ئەو هەلومەرجی سیاسیەی کە باس کرا، وایکرد پەیوەندییان پتەو بێ.

بەڵام بە هۆی هەوڵدانی (طغرلبك) بۆ پاوانەکردنی هەموو دەسەڵاتەکان لە عێراقدا تەنانەت ئەوەی کە پەیوەندی بە خەلیفەشەوە هەبوو، ناکۆکی کەوتە نێوان هەردوولا، سەرەڕای ئەوەی کە دەرامەتی دارایی عێراقی بۆ گەنجینەی سەلجوقی هەڵدەگرت. جا پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ پایتەختەکەی -ڕەی -، کارمەندێکی سەلجوقی کە ناوی (ئەلعەمید)ی لێنا وەکو جێگری خۆی لە بەغداد دانا ([2]).

هەروەها کارمەندێکی لەژێر فەرمانی ناوبراو بۆ پاراستنی ئاسایش دانا کە ناسراو بوو بە (الشحنه) ([3]) جا دەسەڵاتێکی گەورەی هەبوو تەنانەت بە سەر خەلیفەشدا. هێزێکی سەربازی بۆ پارێزگاری کردنی تێدا بەجێهێشت، چەند شارێکی تایبەتکرد بۆ کەسە تایبەتەکانی خۆی([4]) ئا بەم شێوەیە خەلیفەی عەباسی بەتەواوەتی بێ

---

[1] ابن عمرانی : لا ١٦١.

[2] ابن الاثیر:ب ٨ لا ٨٧.

[3] هەمان سەرچاوە :لا ٨٩.

[4] هەمان سەرچاوە :لا ٧٢، ٨٩.

دەسەلات بوو، جێگرەکانی سولتان زالبوون بەسەر دەسەلاتدا.

ئەوەی کە کارەکەی خەستر کرد، هەوڵدانی سولتان بۆ بەستنەوەی هەردوو مالی عەباسی و سەلجوقی بە ژن و ژنخوازی. ئەوە بوو کچی خەلیفەی هێنا، بەم کارەش سنووری دابونەریتی خیلافەتی عەباسی بەزاند، ئەمە تەماحێکە پێشتر کەس هەوڵی بۆ نەدابوو. (١)

وادیارە ئەم هەنگاوە هۆکارێك بۆ پاڵپشتی کردنی دەسەلاتە سیاسیەکەی بە رایەڵێکی ئەدەبی بەهێز لەگەڵ خیلافەتی عەباسیدا.بەڵام زیاتر سەلجوقیەکان تەماحی پۆستی خیلافەتیان کرد، ئەگەرچی یەکێك لە مەرجەکانیان نەبوو ئەوەش (نسب) بوو واتە رەچەڵەك، چونکە ئەوان عەجەم بوون. جا بیرکردنەوەی (طغرلبك) جێگیربوو لەسەر هێنانی کچی خەلیفە بەئومێدی ئەوەی کوڕێکی لێ بخاتەوە شەرعیەتی رەچەڵەکی هەبێ و بەپاڵپشتی سەلجوقیەکاندا بگەیەتە تەختی خیلافەت(٢).

کاردانەوەیەکی نەرێنی هەبوو لە سەر ئەم پرسە، ئەوە بوو خەلیفە ئەلقائم جارس لەمە و داوای لێبوردنی لە سولتان کرد، بەڵام سولتان رازی نەبوو، ئەویش ناچار بوو داواکەی پەسەند بکات و لەسالی (٤٥٥ك/١٠٦٢ز) کچەکەیدا بە شوو(٣). جا کاتێك سولتانەشینی سەلجوقیە مەزنەکان کەوتە دەستی ئەلپ ئەرسەلان لەسالی (٤٥٥ك/١٠٧٣ز)، بارودۆخەکە هەروەکو خۆی مایەوە، دەسەلاتداری سولتان و بێ دەسەلاتی خەلیفە. ئەوە بوو لەسالی (٤٥٨ك/١٠٦٦ز)، سولتان، مەلکشای کوڕی کرد بەجێنشینی خۆی و فەرمانیدا لە سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە حوکمی دەکات وتاری بۆ بخوێنرێتەوە بە بەغدادیشەوە، بێ ئەوەی پرس بە خەلیفە بکات لەو دامەزراندنە و لەو وتارە. بە فەرمی پێی نەوت تا سالی (٤٦٤ك/١٠٧٢ز)، واتە پاش شەش سالّ (٤). هەروەها سولتان لە هەمان سالّدا (ئەبو لەلا موحەممەدی کوڕی ئەلحوسەین)ی کرد بە وەزیر بەبێ پرس بە خەلیفە بکات، کەوا ئەم هەڵسوکەوتەی پێناخۆش بوو، بە

---

١ البنداري:لا ٢١

٢ امين، حسين: تاريخ العراق في العصر السلجوقي لا١٣٥-٣٦.

٣ الحسيني :لا ٢١.

٤ ابن الاثير:ب ٨ لا١١١، ١٠٣.

دەستێوەردان لە کاروباری تایبەتی خیلافەت داینا و رازی نەبوو لەسەری([1]).

خەلیفە، لە سەردەمی سوڵتان مەلکشاە تووشی سووکایەتی پێکردنی زۆر بوو، هەندێ لەجێگرەکانی سوڵتان زاتیان کرد هاوبەشی بکەن لەهەندێ دیاردەی ژیانی تایبەت بە خۆیدا. (سعد الدولە) کوهرائین، بەرپرسی پۆلیسی بەغداد، بە زۆری زۆرداریەکی لە بەردەم مالی خۆی دەهۆڵی لێدا([2]).

لە دوا دوایی حوکمڕانی ئەم سوڵتانەدا، پەیوەندی لەنێوان خۆی و خەلیفە خراپتر بوو، تاوەکو بڕیاریدا لە بەغداد دەری بکات و پایتەختی خیلافەت بگوازێتەوە بۆ ئەسفەهان، بۆ ئەوەی رێگە بۆ دامەزراندنی کچەزاکەی وەکو خەلیفەیەکیش بکات([3]) بەڵام قەدەر چاوەڕوانی سوڵتان بوو. خەلیفەش لەلابردنی رزگاری بوو([4]).

لەپاش مردنی مەلکشاە لەسالی(٤٨٥ك/١٠٩٢ز) دەوڵەتی سەلجوقیە مەزنەکان بەهۆی ئەو ململانێی نێوان کوڕەکانی، تووشی دووبەرەکی ولاوازی بوو([5]). جا ئەوەش رەنگی دایەوە سەر خیلافەتی عەباسی کەوا بەپێی بەرژەوەندی خۆی کاری دەکرد تا لەتەوقی سەلجوقیەکان رزگاری بێ. ئەوە بوو هەندێ جار رۆڵی تەماشاکەری دەبینی لەم ململانێ یانەدا، هەندێ جاریش هەر جارێك دانی بە هێزێك دەنا، جاروبارێش دانی بە دوو کەس لە یەك کاتدا دەنا، یاخود بە سەرکەتووەکەیان، بۆ ئەوەی هێزە سەلجوقیەکان بەگژ یەك بدا.

خەلیفە (المسترشد) و خەلیفەکانی پاشیشی ئەم دەرفەتەیانە قۆستەوە، کەوتنە هێنانەوەی دەسەلات بۆ خیلافەت([6])، دوورکەوتنەوەی سەلجوقیە مەزنەکان لە بەغداد زیاتر یارمەتی دان لەسەر ئەم کارە، چونکە خەلیفە لە ژێر دەسەلاتی راستەوخۆی سوڵتانی سەلجوقی نەما، جا ئەم خەلیفەش هەنگاوی باشی نا لەم رێگەیەدا، بەڵام لە

---

[1] البنداري: لا٤٥.

[2] البنداري: لا٥٥.

[3] ابن الاثير:ب ٨ لا

[4] ابن عمراني: لا. ابن خلكان: ب لا.

[5] یەکێك لە دەرئەنجامەکانی ئەم ناکۆکیە ئەوە بوو سوڵتان مەحمودی کوڕی مەلکشاە حوکمی عێراقی جیاکردەوە، بەوەش دەوڵەتی سەلجوقیەکانی عێراقی دامەزراند، کەوا لە دەوڵەتی سەلجوقیە مەزنەکان جیا بووەوە. کە لە خوراسان و ئێران حوکمی دەکرد.

[6] Arnold: The Caliphate: p ٨٠

کۆنابیـدا بـووە قوربـانی هەوڵەکـەی [1] پاشـان (المقتفـی) لەسـاڵە کۆنابیـەکانی حوکمڕانیدا، گۆڕانی بارودۆخی سیاسی دژ بە بەرژەوەندی سەلجوقیەکانی بە هەلزانی، توانی بەشێکی زۆر لەو ئامانجە بـەدیبێنی. کـەوا (المسترشد) سـەرنەکەوت لـە بـەدی هێنانی.

لەسالی (٥٣٦ك/١١٤١ز)، سوڵتان سنجەر، کە دوایـن سـوڵتانی سـەلجوقیە مەزنەکانـە، لەبـەردەم (قـەراختائی)یەکانـدا دۆڕا. هـەروەها لەسـالی (٥٤١ك/١١٤٦ز) نـاکۆکی خانەوادەیی لە خۆراسان و عێراق دەستی پێکردەوە.

ئەمەو لە کاتێکدا خەلیفە خەریکی بەهێز کردنـی ناوەنـدی خیلافـەت بـوو لـە رووی سەربازیەوە. ئەوە بوو فـەرمانی کرد بـە خـەڵکی. چـەکەکان کۆبکەنـەوە و کەنـدڕ لـە دەوروبەری بەغداد هەڵکەنن و پەرژینەکانی نۆژەن کردەوە [2].

سـاڵی (٥٤٣ك/١١٤٨ز) بەسـەرەتایەکی راسـتەقینە دادەنـرێ بـۆ بوژانـەوەی خیلافەتی عەباسی، ئەمەش لـە ئـەنجامی دەستەوسانی سـوڵتان مەسـعود سـەلجوقی فەرمانڕەوای عێراق لە ملکەچ کردنی میرەکانی دەوروبەری کەوا دژی ڕاپەڕین، ئەمەش دەرفەتێکی بە خەلیفەدا دەوڵەت ڕاپەڕێنێ.

جا کاتێك سوڵتان مەسعود لەسـاڵی (٥٤٧ك/١١٥٢ز) کۆچـی دوایـی کـرد، دەوڵەتی سەلجوقی لە عێراق کۆڵەکەیەکی سەرەکی لەدەستدا، بۆیـە لاواز بـووەوە و پەشـێوی کەوتە ناوی، لە ئاکامدا بەرە بەرە دەسەلاتی سـەلجوقی لـە عێراقـدا کـەم بـووەوە تـا ئەوەی بە تەواوەتی نەما.

یەکەم شت کە خەلیفە (المقتفی) لـەپاش مردنـی سـوڵتان مەسـعود، ئـەنجامی دا، بریتی بوو لە زەوتکردنی مولکەکانی (شحنه – هێزی پاراستنی ئاسایشی ناو شـاری بەغـداد)، ئـەو کارمەندانـەی لابـرد کـە سـوڵتان دایمەزرانـدبوون و کارمەنـدی متمانـە پێکراوی لە باتیان دانا [3]، پاشـان سـوپایەکی ئامـادە کـرد و شـەڕی پێکـردن لەگـەڵ

---

[1] خەلیفە ئەلموستڕشد ویستی سوود لەو ململانێیە وەربگرێ کە لە نێوان سوڵتان (طغرل)ی کوڕی موحەممەد و سوڵتان مەسعودی برای بەرپا بوو. دەربارەی ئەم ڕووداوانە بگەڕێوە بۆ ابن الاثیر: ب٨ ل٣٤٥.٣٤٩.

[2] ابن الاثیر: ب٨ ل٣٥٢.

[3] ابن الاثیر: ب ٩ل٣١٧٩.٣٢.

(شحنه)ی بەغداد–دا و شکاندنی و حلە و کوفە و واست–ی لێ سەندەوە ([1]).

خەلیفە سیاسەتی لێدانی هێزە سەلجوقیەکان بەبەکدا، گرتەبەر بۆ ئەوەی سوود لە دووبەرەکی میرەکانی ناوماڵی سەلجوقی وەرگرێ، ئەوە بوو لەساڵی (٥٥١ك/١١٥٦ز) سولەیمان شاهی کوڕی مەحمود کرد بە سوڵتان لەسەر عێراق، هەروەها مەلکشاهی برای کرد بە جێنشین.، پاشان بۆ جەنگاندنی سوڵتان موحەممەدی دووهەم رەوانەی کردن ([2]).

رەوشی دەوڵەتی سەلجوقیەکان لە عێراقدا لەپاش مردنی موحەممەدی دووهەم لەساڵی (٥٥٤ك/١١٥٩ز) خراپتر بوو، جێنشینەکانی هەوڵیاندا دەسەڵاتی پێشوویان بگەڕێننەوە، بەڵام دووچاری بەرهەڵستی بەهێزی خەلیفەکان بوونەوە، مێژوونوسی سەلجوقی (البنداری) گوزارشت لەم هەوێستە شڵەژاوە دەکات دەڵێت: ((ترس کەوتە دڵیانەوە لە بەغداد و لە داگیر کردنی ئاومێد بوون، بۆیە نە شاە رووی تێکرد و نە سوڵتان کەوتەڕێ بۆی)) ([3]).

خەباتی خەلیفەکان لە پێناو دەرباز بوون لە کۆت وبەندی سەلجوقی هەر بەردەوام بوو تائەوەی لەسەردەمی خەلیفە (الناصر) بە تەواوەتی سەربەخۆ بوون و دەسەڵاتی خەلیفە گەیشتە لوتکە. دەسەڵاتی سەلجوقی لە عێراق و رۆژئاوای فارس لەناوچوو، بەڵام هەوڵەکانی خیلافەت بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی بەسەر فارسدا سەرنەکەوت، هەرچەندە توانی ئەهواز بگەڕێنێتەوە.

بە کوشتنی سوڵتان سنجەر لەسەر دەستی (غەز)ەکان دەوڵەتی سەلجوقیە مەزنەکان لەساڵی(٥٥٢ك/١٥٧ز) لەناوچوو، لەکاتێکدا بە کوشتنی سوڵتان(طغرل)ی سێیەم لەسەر دەستی (علا الدین) یشی خەوارزمشاە دەوڵەتی سەلجوقیەکان لە عێراقدا لەناوچوو([4]). لەئاکامی ئەم گۆڕانکاریە، دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی چووە ناو ماوەی سەربەخۆیی راستەقینە کە تاوەکو ساڵی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز) بەردەوام بوو ([5]).

---

[1] هەمان سەرچاوە: ل٣٢٢.

[2] الراوندي : ل٣٨٢. ابن الاثير: هەمان سەرچاوە:ل٤٨٧.

[3] البنداري : ل٢٦٨.

[4] ابن الاثير:ب ٩ل٢٥٥،٢٢٠.

[5] الزهراني : سەرچاوەیەکی پێشوو : ل٦٧.

قۆناغی کۆتایی له حوکمی دەوڵەتی خیلافەتیٔ عەباسی
٥٩٠-٦٥٦ك/١١٩٤-١١٥٨ز

دەوڵەتی ئەتابەگی - شاهەکان - مەغۆلەکان

لەناکامی لاواز بوونی سەلجوقیەکان لە دوا دوایی سەردەمەکەیاندا دەوڵەت گەلێکی سەربەخۆ لەچوار چێوەی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیدا دامەزرا، ناسران بە دەوڵەتەکانی ئەتابەگی، کە رەگو ڕیشەیەکی تورکیان هەیە. (ئەتابەگ: وشەیەکی تورکیە لە دوو وشە پێکهاتووە: ئەتا: پەروەردیار، بەگ: میر، واتە: پەروەردیاری میر).

ئەتابەگەکان لە کۆشک و تەلاری سەلجوقیەکاندا پێگەیین، ئەوەش چونکە سەلجوقیەکان سیستەمێکیان داهێنا لەسەر کڕینی کۆیلە تورکەکان هەستا بوو، ئەوجا دەیانکردنە ناو کۆشک و تەلاری سوڵتانەکاندا بۆ خزمەتکاری، بەتایبەتی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، سەرەڕای گرتنە دەستی کاری گشتی.

ئەمانە پۆستی ئیداری و سەربازی گەورەیان گرتە دەست تەنانەت گەیشتنە پۆستەکانی سەرۆکایەتی، جا بەڕابوونی ململانێی ناوماڵی سەلجوقی لەپاش مردنی سوڵتان مەلکشاهی یەکەم-یان بە هەلزانی بۆ سەپاندنی دەسەڵاتیان بە سەر ئەو ناوچانەی کە لە ژێر حوکمڕانی خۆیاندا بوو. کەوتنە پێشبڕکێ لەناوی خۆیاندا هەر یەکێکیان دەیویست فراوانخوازی لەسەر حیسابی ئەوەی یتر بکات. بەوەش ململانێیەکی ئەتابەگی ناوخۆیی بەڕابوو هاوشێوەی ململانێی ناوخۆیی سەلجوقیەکان.

ناوبانگترین دەوڵەتەکانی ئەتابەگی: کیفا و ماردین و دیمەشق و دانشمەند و موسڵ و جەزیرە و ئازەربێنجان و فارس.

لە تەنیشتیان چەند دەوڵەتێکی دیکە دامەزرا، ئەوەش چونکە سوڵتانە سەلجوقیەکان جێگریان دانا لەو هەرێمانەی کە لە ژێر دەسەڵاتیاندا بوو، جا ئەم

جێگرانه، هەرێمەکانیان زەوتکرد و جیایان کردەوە و کوڕەکانیان کرد بەمیراتگری خۆیان، ئەوە بوو نازناوی (شاهەکان)یان لەخۆیان نا. ناوبانگترینی ئەم شاهانە: شاهەکانی خەواریزم و شاهەکانی ئەرمینیا.

ئا بەم شێوەیە دەوڵەتەکانی ئەتابەگی و شاهەکانی خەواریزم، مووڵکی سەلجوقیەکانیان بۆ مایەوە، ئەمەش رێی خۆشکرد بۆ سەرهەڵدانی قۆناغێك تیایدا خەلیفە عەباسیەکان سەربەست بن و هەموو دەسەڵاتەکانیان بگەڕێننەوە، هەروەها ئەم لاوازی و دووبەرەکیە دەرفەتی بۆ رۆژئاوای ئۆرپی رەخەساند جەنگی (صلیبی – خاچپەرستەکان) دژی وڵاتە ئیسلامی لە هەرێمەکانی وڵاتی دوای رووبار و فارس وعێراق دەستپێبکاتەوە، لەلایەکی دیکەوە، ئەوا بوو بەغدادیان وێرانکرد و دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیان لەناو برد.

جا لەبەر ئەوەی روخاندنی ئەم دەوڵەتە لەسەر دەستی ئەم مەغۆلانە بوو، ئەوا دەبێ کورتە باسێکی مێژووی ئەم گەلە بکەین پێش باسکردنی هەلومەرجی روخاندنی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی.

پێگەیشتنی مەغۆلەکان

ئەوەی راستی بێ دەرچوونی مەغۆلەکان لە نیشتیمانی رەسەنی خۆیان کە لەناوەڕاستی ئاسیادایە، بەرەو جیهانی ئیسلامی، نیشانەی ئاستێکی بەرزە لە پەیوەندیەکانیان بە دەوڵەتی خەواریزمی. هەر ئەوەندە گزنگی سەدەی حەوتەمی کۆچی دەرکەوت، جیهانی ئیسلامی بەگورپەاتنی لەشکرەکانی مەغۆلی بەخۆوە بینی لە باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیاوە بە شێوەی کۆمەڵێ کۆمەڵی لەیەك نزیك و لەیەك دوور، کاریگەری نزیك و دووری هەبوو لە رووەکانی سیاسی و ئابووری و ئایینی و رۆشنبیری.

مەغۆلەکان جگە لە کۆمەڵێ هۆزی رەوند هیچی تر نەبوون، لە بانی مەنغۆلیا باکووری بیابانی غوبی پێگەیین. لەسەر زێ یەکانی رووباری ئامور ژیان، زاڵبوون بەسەر ئەو ناوچانەی کە دەکەونە نێوان دەریاچەی بایکاڵ لە رۆژئاواوە و چیاکانی

کانکان لەسەر سنوری مەنشوریا لە رۆژهەلاتەوە(۱).

لەنێوان تاکەکانی مەغۆلدا (ئیموجین) هەڵکەوت کەوا هۆزە مەغۆلیەکان بەرابەری هەڵیان بژارد، ناوی (جەنگیزخان)ی هەڵبژارد واتە (گەردن کەچکەری خەڵکی). ئەوە بوو ئیمپراتۆریەتیەکی بەرفراوانی دامەزراند لە چینەوە بەرەو رۆژهەلات درێژ بووەوە تاوەکو سنووری عێراق و دەریای خەزر و وڵاتی روس بەرەو رۆژئاوا، وڵاتی هند بەرەو باشوور.

هەلومەرجی فراوانخوازی مەغۆل بەرەو رووی جیهانی ئیسلامی

ئا لەم کاتەدا، خەواریزمیەکان جێی سەلجوقیەکانیان گرتەوە لە حوکمڕانی ناوچەکانی رۆژهەلات لە جیهانی ئیسلامیدا، لە وڵاتی دوای رووبار و خۆراسان و ئێران، رابەرەکانیان کەوتنە دەستێوەردان لە کاروباری خیلافەتی عەباسی تا ئەوەی بڕیاریاندا بەغداد، داگیر بکەن (۲).

ئەوە بوو عەلائەدین موحەممەدی خەوارزمشاە کە وا جێی (تکشی) باوکی گرتەوە، تەماحی هەبوو ئەم خواستە بەدی بهێنێ و دەسەلات لەدەستی خەلیفەی عەباسی (الناصر) بستێنێتەوە (۳).بەڵام لە ژێر فشاری مەغۆلی کەوا کەوتنە دامالینی وڵاتەکەی، سەرەڕای تەنگ پێهەڵچنینی میرەکان بۆی، ناچار بوو پاشەکشێ بکات (۴)

لەئەنجامی ناکۆکی نێوان خۆی و خەلیفە، ئەمیان داوای پاڵپشتی مەغۆلەکانی کرد بۆ ئەوەی سوڵتانی خەواریزمی خەریک بکەن تا شەڕێ لەکۆڵ خۆی بکاتەوە و لە عێراق دووری بخاتەوە (۵). ئەوە بوو نوسراوێکی بۆ جەنگیز خان نارد هانی دەدا بۆ

---

۱ الجويني: عگا ملك: تاريخ قاهر العالم ب ۱ لا ٦٠.

۲ هەمان سەرچاوە:ب ۲ لا ۲۹-۳۰.

۳ ئەم سوڵتانە پێی لە دامەزراندنی خیلافەتی عەلەوی دەگردەوە لە جێی خیلافەتی عەباسی. جێی باسە ئەو شیعە مەزهەب بوو. دەربارەی هۆکارەکانی تەماحکردنی سوڵتانی خەواریزمی لە بەغداد بگەڕێوە بۆ: محمد عبدالباسط عبدالهادي محمد : الشرق السلامي من ظهور السلاجقة حتي زوال دولة الخلافة العباسية.لا ۱۳۵-۱۳٦.

۴ إلبان: لا ۲۲۲.۲۲۳.

۵ ابن الاثير:ب ۹لا۳٦۱.

ولاتە ئیسلامیەکان بێ و بەڵێنی پێدا هاوکاری بکات لە لێدانی خەوارزمیەکاندا (١).

بەڵام وێڕای گەیشتنی ئەم نامەیە بۆ مەغۆلەکان، ئەوا هۆکاری هێرشی جەنگیزخان نەبوو بۆ سەر دەوڵەتی خەوارزمی. چونکە ئەو کاتەی کە نامەکەی خەلیفە گەیشت، رابەری مەغۆلی ولاتێکی زۆری داگیر کردبوو و بەرەو رۆژئاوا فراوانی کردبوو بەجۆرێك سنووری ولاتەکەی نزیکی سنووری ولاتی خەوارزم بووەوە، توانی پەیماننامەیەکی بارزگانی لەگەڵ خەوارزمیەکاندا مۆر بکات. لەبەر ئەوەش هیچ بایەخێکی بەنامەکەی خەلیفە نەدا(٢).

وادیارە کارەساتەکە بەڕێوە بوو، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ یەکێك لەم نێردە بازرگانیانە، کاتێك جەنگیز خان کاروانێکی بازرگانی بۆ رۆژئاوای ئاسیا نارد بۆ بازرگانی کردن لە بازارەکانی خەوارزم. جا کاتێك گەیشتە شاری (ئەوتران) کە دەکەوێتە سەر رووباری سیحون. ئەینالێ خان، فەرمانڕەوای شارەکە، دەستی بەسەرا گرت و هەموو تاکەکانی کوشت و کەلوپەلەکەی تالانکرد(٣).

جەنگیزخان نەیتوانی چاوپۆشی لەم کارە بکات، بەتایبەتی پاش ئەوەی کە سوڵتان داوای رادەستکردنی فەرمانڕەوای شاری (ئەوتران) رەتکردەوە. بۆیە لەشکرێکی بێ شوماری ئامادە کرد و هێرشی کردە سەر خاکی خەوارزم. لەسالی (٦١٧ك/١٢٢٠ز) هەرێمی دوای رووباری گرت و پایتەختی خەوارزم بە دەستێوە روخا(٤).

عەلائەدین-پش هەڵهات (لە ترسی مەغۆلەکاندا، کەوا خۆراسانیان گرت) و لەبەکێ لە دوورگەکانی دەریای قەزوین لەسالی (٦١٨ك/١٢٢١ز) کۆچی دوایی کرد (٥). لەسالی(٦١٩ك/١٢٢٢ز) جەنگیز خان هەرێمەکانی رۆژئاوای بەجێهێشت پاش ئەوەی

---

١ Lamb. H: Jengkis khan: p ١١٦

٢ Curtih :The Mongols :p.٩٩.

٣ النسوي : سيرة جلال الدين منكبرتي: ٨٦.

٤ بەسەر هاتەکانی روخانی ولاتی دوای رووبار لەلای (الجويني) بخوێنەوە: ب ١ ل ١١٠-١٣٥.

٥ النسوي: ٢٣.

کـه دەسـەلاتی مـەغۆل لـه هـەردوو هـەرێمی دوای رووبـار و خۆراسـان بەشـێوەیەکی تەواوەتی چەسپا(١).

روخانی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی

مەغۆلەکان، پاش مردنی جەنگیز خـان لەسـاڵی (٦٢٣ك/١٢٢٧ز)، لـه چوارچێوەی سیاسـەتێکی فراوانخوازیـدا، کـشانیان بـەرەو ناوچـەکانی رۆژئـاوای ئاسـیادا دەستپێکردەوە، ئـەوە بـوو مـەنگۆ خـان کـەوا بـووە رابـەری مەغۆلـەکان لـه سـاڵی (٦٤٦ك/١٢٢٨ز)، سەرکردایەتی هەڵمەتێك بە (هۆلاکۆ)ی برای سپارد بۆ سـەر فـارس، تەمێی کرد ئەو وڵاتانەی کە لە عێراق درێژ بۆتەوە تاوەکو ئەو پەڕی میسر بخاتـە ژێر رکێفی خۆی. پەیوەندی لەگـەڵ خیلافـەتی عەباسیدا لـەم چوارچـێوەیە دیاری کـرد: ئەگەر گوێڕایەڵی کرد و دۆستایەتی خۆی نواند ئـەوا هیـچی لـێ نـەکات، بـەڵام ئەگـەر یاخی بوو و گوێڕایەڵی نەکرد، ئەوا دەبێ لەناوی ببات. تا نەبێتـە تەگەرەیـەك لـە رێـی کشانی مەغۆلەکاندا(٢).

لەلایەنی خۆیەوە، هۆلاکۆ پلانێکی سەربازی دانا، کـه یەکـەم جـار ئیـسماعیلیەکان لەناو ببات، پاشان هێرش بکاتە سەر ناوچەکانی رۆژئاوا تا دەگاتـە میـسر لـه قۆنـاغی دووهەمـدا. جـا پـاش ئـەوەی ئامـانجی یەکـەمی هێنایـەدی کەوتـە ڕێ بـۆ هێنانـەدیی ئامانجی دووهەمی.

ڕەوشـی نـاو بەغـداد، لـەو کاتـەدا، زۆر خـراپ بـوو، ئـەوە بـوو خەلیفـەی عەباسـی (المستعصم) ناسراو بوو بە جدی نەبوونی لە بەڕێوە بردنی کاروباری گشتی (٣)، خۆی بـۆ ڕووبەڕوبونـەوەی کـشانی مەغۆلـەکان ئامـادە نـەکرد، چـونکە پێـی وابـوو دەتـوانێ فێڵیان لێبکات و لە بـەردەم مەترسیان خـۆی ڕاگـرێ (٤). هـەروەها ئـەو کاتـە لایەنـە

---

[1] العريني : السيدالباز: المغول ١٤٢.

[2] رشيد الدين جامع التواريخ، تاريخ المغول في إيران: ب٢ ٢٢٦.٢٢٧.

[3] ابن الطقطقا: الفخري في الاداب السلطانية: ٣٣٢.

[4] الصياد، فؤاد عبدالمعطي: المغول في التاريخ. ٢٥٢.

بەهێزەکان لە بەغداد زیاتر بوون و ناکۆکی کەوتە نێوانیان بەهۆی هۆکاری سیاسی و مەزهەبی. خەلیفەش دەستەوسان وەستا بوو و نەیدەتوانی سنوورێك بۆ کێشەکان دانێ، لەئەنجامی ئەوەش ئاستی ناکۆکی لەنێوان (موجاهیدەدین ئەیبەك دواتدار)ی بچووك، کە سونی مەزهەب بوو، نێوان (مونەیدەدینی کوڕی ئەلعەلقەمی)، وەزیری (المستعصم)، جا شیعە بوو. ئەمەش کاریگەریەکی خراپی هەبوو لەسەر شێواندنی بارودۆخەکەو لاوازبوونی دەسەلاتی خیلافەت([1]).

زیاتر ناکۆکی نێوان دەسەلاتداران، رەنگدانەوەی هەبوو لەسەر هاوڵاتیان، ئەوە بوو دانیشتوانی بەغداد بەهۆی شەڕی مەزهەبیەوە بوونە دووبەشەوە ([2]) ئەمەش هانی، کوڕی ئەلعەلقەمی وەزیردا، بۆ ئەوەی نامە بۆ مەغۆلەکان بنێرێ و تەماحداریان بکات بێنەناو بەغدادەوە([3]).

ئەوەی راستی بێ، پەیامنێری و دانوستانی نێوان هەردوولا، کاریگەریەکی گەورەی نەبوو لەهاندان یاخود پەشیمان بوونەوە لە هێرش کردنە سەر بەغداد، چونکە داگیرکردنی عێراق لە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی مەغۆلەکاندا بوو.

لەم بارودۆخە تەنگاوەدا، هۆلاکۆ داوای لە خەلیفە کرد کۆمەکی بکات بە سوپایەك بۆ لەناو بردنی پروهی ئیسماعیلی. (المستعصم) راوێژی بە یاریدەرانی کرد، ئەوانیش ئامۆژگاریان کرد ئەم کارە نەکات، چونکە هۆلاکۆ دەیەوێ بەغداد لە بەرگریکار و جەنگاوەر چۆڵ بکات تاکە هێرشی کردە سەری بە ئاسانی داگیری بکات. ئەویش بۆ چوونیانی پەسەند کرد وکۆمەکی هۆلاکۆی نەکرد([4]).

جا کاتێك رابەری مەغۆل لە لەناوبردنی گروپی ئیسماعیلی تەواو بوو، نامەیەکی سەرزەنشت ئامێزی بۆ خەلیفە نارد ناوەرۆکەکەی هەڕەشەو گوڕەشە بوو بە هۆی کۆمەکی نەکردنی. لە راستیدا ئەم نارەزایی دەربڕینە تەنها پەلگرتنێك بوو بۆ داوا

---

[1] صفا، ذبیح الله: تاریخ ادبیات در ایران، ب ۳ ل ۱۲۰۷.

[2] السیوطي: تاریخ الخلفاء : ل ٤٦٥.

[3] هەمان سەرچاوە.

[4] بگەڕێوە بۆ -الرسالةفی فتح بغداد -کە هی -نصیرالدین الطوسي-یە و گەیندراوە بە کتبی - تاریخ قاهر العالم - الجویني ب ۲ ل ۲٦۳.

کردنی دەسەلاتی بەغداد ([1])، داوای لێکرد :

– قەلاکان بڕوخێنێ، وە کەندەکان پڕ بکاتەوە، وڵاتیش رادەستی کورەکەی بکات.

– بێ بۆ دیداری یا خود سوڵەیمان شاهی وەزیر و دواتدار، بنێرێ ([2])

خەلیفەش بە هەڕەشە و گوڕەشەوە داواکەی ڕەتکردەوە، چونکە پێی وابوو ئەوە وا لە هۆلاکۆ دەکات لە بڕیاری داگیر کردنی بەغداد پەشیمان بێتەوە و باش بیر بکاتەوە پێش ئەوەی ئەم هەنگاوە بنێ.

وادیارە خەلیفە هیوادار بوو میرە موسڵمانەکان دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەنەوە، بەڵام هەڵسەنگاندنەکەی هەڵە بوو، چونکە ئەیوبیەکان لەوڵاتی شام و مەمالیکەکان لە میسردا، ئەوەندە گیرۆ گرفتیان هەبوو نەیانتوانی یارمەتی بدەن. ئەتابەگی و تورك و فارسەکانیش لەترسی مەغۆڵەکاندا پاڵپشتیان نەکرد، سەبارەت بە سەلجوقیەکانی ڕۆم ئەوا ملیان بۆ کەچ کردن و چوونە ژێر دەسەلاتیان([3]).

ئا بەم شێوەیە جیهانی ئیسلامی بە ترازاوی دەرکەوت، نەدەبوو خەلیفە ئەم هەڵوێستە تونده بنوێنی لە کاتێکدا پشتیوانیەکی ڕاستەقینەی نەبوو.

جا ئەم هەڵوێستە عەباسیەکان کاریگەریەکی خراپی هەبوو لە ناخی هۆلاکۆدا، ئەمەش وایکرد بەرەو بەغداد بکشێ.

نێردراوانی خەلیفە گەیشتنە لای هۆلاکۆ، کاتێك چاوی بە نامەکەیدا خشاند و بۆی دەرکەوت کە نێردراوەکانی ئازاریان پێگەیشت لە هاوڵاتیانی بەغداد، زۆر توڕە بوو. نێردراوانی (المستعصم) ی گەڕانەوە و نامەیەکی لەگەڵ ناردن کە ئاگادار کردنێکی کۆتایی لەخۆ دەگرت و بە شێوەیەکی توند دارێژرا، بوو ([4]).

کاتێك نێردراوەکان گەڕانەوە بۆ بەغداد و خەلیفە زانی وەڵامی مەغۆلی مانای چیە،

---

[1] الصیاد: لا ۲۵۵.

[2] رشید الدین: جامع التواریخ، سەرچاوەکەی پێشوو ب ۲ لا ۲۷۱.

[3] العزیزی: لا ۲۱۶–۲۱۷.

[4] رشید الدین : جامع التواریخ: ب ۲ لا ۲۷۱.

نامەکەی خستە بەر دەستی گەورە پیاوانی دەولەت تا بزانی بۆچوونیان چیە، ئەوە بوو کوپی ئەلعەلقەمی، وەزیر، پێشنیاری کرد پارەیەکی زۆر و شتی دەگمەن و ناوازە و دیاری بۆ هۆلاکۆ بنێرێ لەگەڵ داوای لێبوردن و دراویش بکاتە ناویەوە (۱)، بەو شێوەیەی کە لە رۆژانی بوەیهی و سەلجوقیەکاندا باو بوو، خەلیفەش ئەم بۆچوونەی پێ پەسەند بوو، بەڵام موجاهیدی کوپی ئەیبکی دواتداری بچووک کەوا سەرکردایەتی هێزی سوپای دەکرد و پاڵپشتی سوننەکانی دەکرد لە بەغداد، بۆچوونی وەزیری رەتکردەوە و سوور بوو لەسەر بەرگریکردن (۲).

ئابەم شێوەیە نامەنێری لە نێوان هەردوولا هیچ کاریگەریەکی نەبوو جگە لەوەی جەنگیان، کرد بە پێویستیەك دەبێ بکرێ(۳)

جا هۆلاکۆ کاتێك دڵنیا بوو لەوەی دەتوانێ بەرەو عێراق بکەوێتەرێ بە بێ ئەوەی تووشی ئاستەنگ بێت و هێزەکانیشی دەتوانن بەغداد داگیر بکەن، دەستی کردە جێبەجێکردنی پلانە جەنگیەکانی کە لەکاتی مانەوەی لە هەمەدان داینابوو، فەرمانیدا لەشکری مەغۆلی بەرەو پایتەختی خیلافەت بجوڵێ. لە (سیانزەی مانگی موحەڕەم سالی ٦٥٦ك/مانگی کانونی دووەم سالی ١٢٥٨ز) گەیشتە لای، گەمارۆیەکی توندوتۆڵیدا و سەربازگەکەی لەرووی دەرەوەی شار لەلای رۆژهەڵاتەوە دانا (٤) خەلیفە کە خۆیی لەم هەڵویستە تەنگاوە بینیەوە، ویستی مەغۆلەکان هێور بکاتەوە و لە تەواوکردنی هێرشەکەیان پەشیمانیان بکاتەوە، بۆیە کۆمەڵێ نێردراوی بە دیاریەوە بۆ لای هۆلاکۆ نارد(٥) بەڵام هۆلاکۆ رازی نەبوو. پلانێکی سەربازیی جێبەجێکرد، کە بەپێی، بەغداد لە بەرگریکارانی چۆڵ بکات پێش ئەوەی سەربازەکانی بچنە ناویەوە. هەستا بە ناردنی (نصیرالدین الطوسي) بۆ لای خەلیفە، فەرمانی پێ دەکات سوپەیمان شاه و دواتر بنێرێ. خەلیفەش ناچار بوو بە گوێی بکات. جا کاتێك گەیشتنە لای،

---

[۱] هەمان سەرچاوە:لا ۲۷۱.

[۲] هەمان سەرچاوە۲ لا ۲۷۱

[۳] حسن، حسن ابراهيم: تاريخ الاسلام السياسي.....، ب ٤ لا ١٥٦.

[٤] ابن العبري :لا ۳۰۷.

[٥] الصياد: ۲٦۲۷.

گەیاندنیەوە بۆ بەغداد بە مەبەستی هێنانی شوێنکەوتووان و هاوەڵەکانیان بە بەهانەی ئەوەی کەوا شار بەدەر دەکرێن بۆ شام و میسر. ئەوە بوو سەربازەکانی بەغداد و ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی لەگەڵیا دەرچوون(١).

کاتێک ئەم کۆمەڵە خەڵکە دەرچوون، هۆلاکۆ فەرمانیدا هەر هەموویان بکوژرێن(٢) لەم کاتەش خەلیفە هەڵوێستی خۆی ئاشکرا کرد و مەیلی کرد رادەستیان بێ، چونکە زانی مەغۆلەکان دێنە ناو بەغدادەوە.

دوو رۆژی پێ نەچوو لە سەر ئەو کردەوە، مەغۆلەکان بە بەڵێنی درۆ هەڵیان خەڵەتاند. ئەوە بوو کوڕی ئەلعەلقەمی لەو پیلانە بەشدار بوو کاتێک خەلیفەی رازی کرد بە خۆپادەست کردن، کەوا ئەمە رێ خۆشکەرێکە بۆ ئاشتی و داوتر هۆلاکۆ و مەغۆلەکان بە گوێرایەڵی بۆ لای دێن(٣).

(ابن کثیر) دەگێڕێتەوە، کەوا کوڕی ئەلعەلقەمی، وەزیر (المستعصم)، بە هۆلاکۆ کۆبووەتەوە لەگەڵ کەسوکار و هاوەڵ و دارودەستەکەیدا، پاشان بە خەلیفەی وت دەرچێ بۆ لای و بچێتە بەردەستی بۆ ئەوەی ئاشتبوونەوە بێتەدی کەوا نیوەی (باج) بۆ هۆلاکۆ بێ و ئەو نیوەکەی تریشی بۆ خەلیفە(٤).

رۆژی یەکشەممە (چواردەی مانگی سەفەر سالی ٦٥٦ك/مانگی شوبات سالی ١٢٥٨ز) خەلیفە لە بەغداد دەرچوو و خۆی و پایتەختەکەی بە بێ مەرج رادەستی مەغۆل کرد، پاش ئەوەی کە هۆلاکۆ بەڵێنی پێدا هیچی لێ نەکات (٥).

ئەوسا سەربازەکانی مەغۆل چوونە ناو شارەوە و بۆ ماوەی هەفتەیەك خەریکی تێکدان بوون، مزگەوتەکانیان روخاند، شتەناوازەو دەگمەنەکانی کۆشکەکانیان تاڵان کرد، ژمارەیەکی زۆر لە کتێبی بە نرخی کتێبخانەکانیان لەناودا، زۆر لە زاناکانیان لەناوبردا، ئیمامی مزگەوتەکان و قورئان لەبەرەکانیان کوشت. قوتابخانەکان دەوامیان

---

١ هەمان سەرچاوە.

٢ جامع التواریخ: ب ٢، ل ٢٩٠٧.

٣ الصیاد: ل ٢٦٣.

٤ ابن کثیر: البدایة و النهایة فی التاریخ : ب١٣، ل ٢٠١.

٥ الصیاد: ل ٢٦٣.

نەما و شارەکە بووبە زەویەکی تەخت([1]).

تەرم لە شەقام و کۆلانەکاندا کەلەک بوو، پاشان دەرد و پەتا بلاوبوو، ئەوەی لە کوشتن رزگاری بوو، کوشتی([2])

ئەم بەسەرهاتانە بە کوشتی خەلیفە (المستعصم) و هەردوو کوڕەکەی ئەبو لەعباس ئەحمەد و ئەبو (الفضائل) عەبدولڕەحمان کۆتایی هات، هەروەها بە دیلگرتنی (موبارەک) کوڕە بچووکەکەی و هەرسێ خوشکەکەی، فاتمە و خەدیجە و مەریەم ([3]).

بە ڕوخانی بەغداد و کوشتنی خەلیفەی عەباسی (المستعصم) دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی کەوا لە پێنج سەدە زیاتری خایاند، کۆتایی هات. ئەوە دەمێنێ بیڵێین کە پۆستی خیلافەت بە چۆڵی مایەوە و هەموو رابەرێکی تەماحکار چاوی تێ دەبڕی. کاتێک سوڵتانی مەمالیکەکان (الظاهر) بێبەرس چووە سەرتەختی پادشایەتی لە میسر، بۆ یەکێک لە تاکەکانی دەوڵەتی عەباسی گەڕا و کردی بە خەلیفە و لە میسر داینا لەسالی(٦٥٩ک/١٢٦١ز).

لە ڕاستیدا سوڵتانی ناوبراو مەبەستی ئەوە بوو شەرعیەت بدا بە دەسەڵاتەکەی خۆی، ئەوەش بەو پێسپاردنەی کە لەخەلیفە بە دەستی کەوت. ئەم بارودۆخە ئاوەها بەردەوام بوو لە میسر تاوەکو لە سالی (٩٢٣ک/١٥١٧ز) سوڵتانی عوسمانی سەلیمی یەکەم هات و ئەم دیاردەیەی کۆتایی پێهێنا.

سوڵتانە عوسمانیەکان پۆستی خیلافەتیان گرتە دەست، لە ئێستابولی پایتەختیانەوە کاروباری جیهانی ئیسلامیان هەلدەسوڕاند تاوەکو سالی (١٩٢٤ز) کاتێک کەمال ئەتاتورک کۆدەتایەکی سەربازی لەسەر خیلافەت کرد.

لەو بەرواردە، جیهانی ئیسلامی تاوەکو ئەمڕۆ، بێ خەلیفەیە.

---

[1] Brown:Literary Hist of Persia:II p ٤٦٣

[2] ابن کثیر:ب١٣، ل٢٠٣٧.

[3] ابن کثیر:ب١٣، ل٢٠٥٥. الطوسي : سەرچاوەیەکی پێشوو : ل٢٧٠.

کۆتایی

دانیشتنی ئەبو لەباسی خوێنرێژ لەسەر تەختی خیلافەت، سەرەتای قۆناغێکی سیاسی نوێ بوولە قۆناغەکانی مێژووی ئیسلامی، تێدا عەباسیەکان دەسەلاتیان گرتەدەست و سیاسەتیان بەکارهێنا، سیستەمی حوکمیش هەر وەکو ئەوەی ئەمەویەکان مایەوە، سیستەمێکی شاهانە و (وراپی)، کە کۆشکەکانی عەباسی پربوو لە دیاردەی خۆشگوزرانی.

بەڵام ئەم سیستەمە رێبازێکی تری گرتەبەر لە رووی پەیوەندیکردنی بە گروپەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامیەوە، پشتی بەست بەو رەگەزە ئیسلامیە ناعەرەبانەی کە تێکەڵی ئەم کۆمەڵگەیە بوون، هەر چەندە پۆستی خیلافەت و زۆر لە پۆستەکانی دیکەی سەرۆکایەتی بەشی عەرەب بوو.

لەئەنجامی ئەمەش سەردەمی عەباسی یەکەم مۆرکی فارسایەتی پێوە دیار بوو لەگەڵ پاراستنی مۆرکی عەربێتی، ئەمەش بووە هۆی ناوێتە بوونێکی "سیاسی" و "شارستانی"، ئاکامی یەکەمەکەی بالادەستی فارسەکان بوو لە هەڵسوراندنی کاروباری دەوڵەت، ئاکامی دووهەمەکەش سەرهەڵدانی رۆشنبیریەتێکی نۆی بوو کە بریتی بوو لە رۆشنبیریەتی فارسی وەکو چوارچێوەیەکی گشتی بۆ رۆشنبیریەتی عەرەبی.

جا ئەبو جەعفەری مەنسور لەسەردەمی خۆیدا کەسی نمونەیی بوو بۆ گرتنەدەستی پۆستی سەرۆکایەتی، بە دامەزرێنەری راستەقینەی دەوڵەتی خیلافە عەباسی دادەنرێ، چونکە بەرهەڵستکاران و یاخی بوون لە دەسەلاتەکەی، لەناوبرد، لە ناوەوەی خانەوادەی عەباسی و دەرەوەشی. هاوکات سنووری دەوڵەتەکەی لەگەڵ دەرەوە پاراست.

وێرای ئەو تەگەرانەی کە عەباسیەکان تووشی بوون، ئەوا توانیان کۆڵەکەی سیستەمێکی نوێ بچەسپێنن. کە هەلومەرجی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پلەوپایە دەوڵەتی ئیسلامی پێویستی پێی بوو، چونکە عەقڵیەتی ئیسلامی وشک نەوەستا لە بەرامبەر گۆڕانکاریە شارستانیەکان کە جیهانی ئیسلامی بەخۆیەوە بینی، بەڵکو

ئاوێنەی بوو و سیستەمێکی گونجاوی لەگەڵ بنەما بالاکانی ئیسلام هێنایە ئاراوە بێ ئەوەی لەو چوارچێوە گشتیەی کە قورئانی پیرۆز وێنای کردوە و سونەتی پێغەمبەر دیاری کردوە، دەربچێ، بەرژەوەندی بالای ئیسلام و بەرژەوەندی گەل لە رووی هەلومەرجی سیاسی و دونیایی و ئاراستەکانی سەردەم یەک بخات، جا کرانەوەی شارستانی بەرووی رۆژهەلات، بەتایبەتی، رۆژئاوا، پەکێک بوو لە هەنگاوە گرنگەکان بۆ گەشەکردن و گۆڕانکاری.

جێنشینێتی یەکێک بوو لەو هەنگاوە گرنگانەی کە عەباسیەکان دایان نا لە پێناو چەسپاندنی پێی خانەوادەکەیان و پاراستنی دەسەلات و بەردەوامبوون لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، لە سایەی بەرهەڵستکاری (طالبی)یەکان بەشێوەیەکی تایبەت، کەوا دڵتەنگ و خەمناک بوون لە دەسەلاتدارێتی بنەماڵەی عەباس و تاکڕەوی کردنیان لە بەڕێوەبردنی، چونکە ئەمان پاڵپشتی شۆڕشی عەباسیان کرد بە ئومێدی ئەوەی دەسەلات بگڕنە دەست، کەوا مافێکی شەرعیە بۆ بنەماڵەی عەلی. بەرهەڵستکاری (طالبی) بە درێژایی سەردەمی عەباسی یەکەم بەچالاکی مایەوە تاوەکو توانی لەسەردەمی عەباسی دووهەم دەوڵەت گەلێکی جیاخواز لە رۆژئاوا و رۆژهەلاتدا دامەزرێنێ، کە جاروبار رکابەری دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی دەکرد و بە مەترسی دادەنرا لەسەر بوونی. خەواریجەکانیش دەوڵەت گەلێکی سەربەخۆیان لە مەغریب دامەزراند. هەروەها عەبدولڕحمان داخلی ئەموی دەوڵەتێکی سەربەخۆی لە ئەندەلوسدا دامەزراند.

هێندەی نەمابوو سەردەمی عەباسی یەکەم تەواو بێ، جیهانی ئیسلامی لە رووی سیاسیەوە دووبەرەکی کەوتە ناوی، لەگەڵ (عوبەیدی)یەکاندا روویدا کەوا تەنانەت دانیان بە خیلافەتی عەباسیش نەنا.

وادیارە هۆی ئەم دیاردەیە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی کەسایەتی خەلیفەکان و فراونبوونی رووبەری دەوڵەت و قورس و گرانی لە پەیوەندی کردن بە بەشەکانیەوە، ئیتر خەلیفەکانیش نەیاندەتوانی چاودێریەکی راستەقینەی فەرمانڕەواکان بکەن لە هەرێمەکاندا، وێڕای سەرهەڵدانی رەگەزە ناعەرەبەکان و جیابوونەوەیان، لە هەوڵێکدا

بۆ زیندوو کردنەوەی شکۆمەندی دێرینیان.

جا دیاردەی جیابوونەوەی سیاسی لە ناوەندی خیلافەت کاریگەری هەبوو. ئەوە بوو سەرەتا مێری میرەکانی تورك دەرکەوت، پاشان فەرمانڕەوای دەوڵەتە جیابووەوەکان لەسەر حیسابی خیلافەت. خەلیفەش هیچ ڕۆڵێکی نەما، هەموو تایبەتمەندیەکانی وەکو سەرچاوەی یەکەمی دەسەڵات لە دەوڵەتدا لە دەستدا، خەلیفەکان (هەندێ جار) دووچاری لەسەر کار لابردن و زەوتکردنی مالّ و سامانیان و کوشتن، بوونەوە.

لاوازی خیلافەت و پەرتەوازە بوونی لە سەردەم عەباسی سێیەمیش هەر بەردەوام بوو. ئەمجارە لە بەردەم دەرکەوتنی هێزی بوەیهیە شیعەکان. بەڵام لە دوادواییەکانی سەردەمی بوەیهی خەلیفەی عەباسی (ئەلقائم) هەلومەرجی تێکچوونی سیاسی کەوا دەسەڵات پێدا تێپەر دەبوو، بە هەلزانی و هەندێ دەسەڵاتی بۆ خۆی گەڕانەوە.

لەم کاتەدا تورکە سەلجوقیەکان سەرکەوتن لە دامەزراندنی دەوڵەتێك بۆ خۆیان لە ڕۆژهەڵاتدا لە پاشماوەی غەزنەوی وبوەیهیەکان، بەرەو عێراق کشان و چوونە ناوی و دەوڵەتی بوەیهیان لەناوبرد و جێیان گرتنەوە لە حوکمڕانیدا. دەستیان بەسەر هەموو دەسەڵاتەکان لە وڵاتدا گرت، بارودۆخی خەلیفەکانیش لەشارنشینی خیلافەتدا بەبێ دەسەڵاتی مایەوە، بەڵام مامەڵەکردنیان لەگەڵ خەلیفەکاندا باشتر بوو بەراورد بە بنەماڵەی بوەیهی، چونکە سونی مەزهەب بوون، ئەوان سوور بوون لەسەر مانەوەی خیلافەتی عەباسی تا لەناوبردنی رکابەرەکانبین لە لایەنگرانی مەزهەبی شیعی ئاسان بکات و پشتگیری سونیەکانی جیهانی ئیسلامیش بە دەست بێنن.

لە کۆتاییەکانی سەردەمی سەلجوقی، سەلجوقیەکان لاواز بوونەوە، پەیوەندی نێوان خەلیفە عەباسیەکان و سوڵتانە سەلجوقیەکان شێوەیەکی تری لەخۆگرت کە بە تەواوەتی جیاواز بوو لە پەیوەندییان لەکاتی یەکڕیزی سەلجوقیەکاندا، خەلیفەکانیش سوود لەم دەرفەتەیانە وەرگرت و کەوتنە کارکردن لەسەر گەڕانەوەی دەسەڵاتی خیلافەت، ئەوەش لە ڕێگەی لەناوبردنی دەسەڵاتی سەلجوقیەکان، ئەوە بوو هەردوولا چوونە ناو ململانێیەکی تووندوتیژ بە هاتنی خەواریزمیەکان پاشان مەغۆلەکان بۆ سەر

هێڵـی سیاسـی کۆتـایی پێهـات. جـا مەغۆلـەکان سـەرکەوتنی سەرسـوڕهێنەریان بەدەستهێنا. دەوڵەتی خەوارزمیان لەناو برد، پاشان بەرەو عێراق کشان لـە هەوڵێکدا بۆ زاڵبوون بەسەر جیهانی ئیسلامیدا، چوونە ناو بەغدادەوە و خەلیفە (المستعصم) یان کوشت و دەوڵەتی خیلافەتی عەباسیان روخاند لەسالی (٦٥٦ك/١٢٥٨ز).

بە روخانی دەوڵەتی خیلافەتی عەباسی عەرەب سـەروەری رەهایـان لـە دەسـتدا و تای تەرازوی رەگەزە ناعەرەبەکان قـورس بـووەوە بەتایبـەتی مەمالیکـەکان و تورکە عوسمانیـەکان کـەوا ئـالای خیلافـەتی ئیـسلامیان هـەڵگرت. بـە نـاوی ئیـسلامەوە سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا.

خیلافەت لە دەوڵەتی بنەماڵـەی عوسمـان بـە (وراثـی) مایـەوە تـا سـالی (١٩٢٤ز) بەردەوام بوو کاتێك کەمال ئەتاتورك رۆڵـی خیلافـەتی نەهێشت. ئـەم پۆسـتەیەش تـا ئەمڕۆمان بە چۆڵی ماوەتەوە.

سەرئەنجام، دەوڵەتی خیلافـەتی عەباسـی کـەوا زیـاتر لـە پێـنج سـەدەی خایاند، سـەرەڕای لایەنـە نەرێنیـەکانی، بـە وێنەیـەکی گەشـاوە دەمێنێتـەوە لـە وێـژدانی موسـڵماندا، لایەڕەیـەکی ڕۆشـن لـە مێـژووە شـکۆدارەکەیدا، کـە شـانازی بـە بەسەرهاتەکانی بکات.

بەپشتیوانی خودا تەواو بوو

ئەم توێژینەوەیە باس لەمیژووی دەوڵەتی خەلافەتی عەباسی دەکات لە ڕووی سیاسییەوە بە شێوەیەکی بابەتیانە، ئەوەی ڕاستی بێت ڕووداوەکانی میژووی دەوڵەتی عەباسی زۆر ئاڵۆزو تێکەڵ وپێکەڵەن وپێکهاتەی سیاسی زۆری هەیە، بۆیە دەوڵەتێکی ئیسلامی بەرفراوانی لێدروستبوو، وە بە تەواوکەری دەوڵەتی خەلافەتی ئەمەوی دادەنرێت، کە چەند لایەنێك ململانێیان لەسەریدەکرد وەکو لایەنی عەرەبی و فارسی و تورکی، پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی و دەمارگیری جیاوازی بەخۆوە بینی لەگەڵ گەشەکردنێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی گرنگ، کە ڕێڕەوو ڕیبازی دیاریکرد، بیروباوەری ئیسلامیش هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرابوو لەدروستبوونی ئەم ڕووداوو ئاوێتەبوونە، چونکە کاریگەرییەکی بنەڕەتی هەبوو لەسەر کۆمەڵگەی ئیسلامی.

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

Cover Design: Harem Osman

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی
چوارچرا
facebook chapxanai chwarchra

نرخ: ٦,٠٠٠ دینار